هەرێمی کوردستان - عێراق
پەرلەمانی
کوردستان - عێراق

# پرۆتۆکۆلەکان

# 82

سالّی/ 2012 – بەرگی هەشتاو دوو

---

چاپی یەکەم/ سالّی 2013

له بڵاوكراوەكانی پەرلەمانی كوردستان - عێراق

ناوی كتێب: پرۆتۆكۆلەكانی ساڵی(2012)ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق
بەرگی: 82
چاپی یەكەم: 2013
تیراژ: 250
پێداچوونەوە: محمد حسن رۆژبەیانی
نەخشەسازی: سنوبر صابر حسن
ئینصات كردن: شرمین خضر، نەورۆز شێرزاد، گزەنگ ابراهیم، دلێر اكرم، بەختیار جمیل، شوان محمد، نەهلە اسعد.
ژمارەی سپاردنی بە كتێبخانەی نیشتمانیی هەرێمی كوردستان:

# پێرِيست


پرۆتۆكۆلی دانیشتنی دەسپێك خولی سێیەمی هەڵبژاردن – چوارشەممە 2012/9/5 ل 5

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (1) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2012/9/11 ل 11

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (2) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2012/9/12 ل 67

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (3) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – دووشەممە 2012/9/17 ل 115

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (4) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2012/9/18 ل 181

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (5) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2012/9/19 ل 245

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (6) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2012/9/24 ل 295

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (7) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2012/9/25 ل 365



# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی دەسپێك**

**چوارشەممە رێکەوتی 5\9\2012**

**خولی سێیەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی دەسپێك

## چوارشەممە ڕێکەوتی 2012/9/5

کاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی 2012/9/5 پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی د.ارسلان بایز اسماعیل سەرۆکی پەرلـەمان و، بـە ئامـادەبوونی بـەڕێز د. حسن محمـد سـورە جێگری سەرۆك و، بەڕێز فرست أحمد عبدالله سکرتێری پەرلەمان, دانیشتنی دەسـپێکی خـولی سـێیەم, سـاڵی (2012) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی نـاوخۆی ژمـارە (1)ی هـەموارکراوی سـاڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی دەسپێك خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کات (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی 2012/9/5 دا بەم شێوەیە بێت:

1- دەقیقەیەك وەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان و عێراق.

2- وتاری بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان - عێراق بەم بۆنەیەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنی ئەمڕۆمان دەست پێ دەکەین، پەرلەمانی کوردستان، خولی سێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی چوارەم، خولی گرێدانی یەکەم، دانیشتنی دەستپێك، ڕۆژی دانیشتن 2012/9/5، بەپێی حوکمی بڕگە (1) لە ماددەی (5) هەر دوو بڕگەی (1، 2) لە مادده (54) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان - عێراق ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەموارکراو بڕیاردرا کاتی کردنەوەی خولی گرێدانی یەکەم، ساڵی چوارەم، خولی هەڵبژاردنی سێیەمی پەرلەمان لە کاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی 2012/9/5دا بێت، بەرنامەی کاری دانیشتنەکە بەم شێوەیە بێت:

1- دەقیقەیەك وەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان و عێراق.

2- وتاری بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان - عێراق بەم بۆنەیەوە.

ئێستاش خاڵی یەکەمی بەنامەری کارمان دەست پێ دەکەین کە دەقیقەیەك بەپێوە بوەستین بۆ گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان و عێراق، ، زۆر سوپاس، فەرموون دانیشن.

بەناوی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان بەخێرهاتنتان دەکەین، ئومێد دەکەین ئەو ماوەیە پشوویەکی باشتان دابێت و لیژنەکانیش کاری باشیان کرد بێت لە ڕووی فیکریشەوە ئیسراحەتێکی باشمان کرد بێت، بۆ ئەوەی لەم خولە کاری باشترو بەرهەمی باشترمان هەبێت لەپێناوی خزمەت کردنی میللەتەکەمان، ئێستاش دێینە سەر خاڵی دووەم لە بەرنامەی کار، ئەویش خوێندنەوەی وتاری سەرۆکایەتی پەرلەمانە.

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

**بـەناوی گـەلی کوردسـتان، دانیشـتنی دەسـتپێکی خـولی یەکـەمی دانیشـتنەکان، لـە سـالێ چـوارەم، لـە خـولی سێیەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دەست پێ دەکەین، بـەناوی سـەرۆکایەتی پەرلـەمانی کوردسـتان پیرۆزبایی دەست پێکردنی خولێکی نوێی دانیشتنەکانی پەرلەمان لە گەلەکەمان و ئێوەی بەرێز دەکەین.**

**وەك لـە وتـاری دەسـت بـەکاربوونمان لـە سـاڵی رابـردوودا ڕامـان گەیانـدبوو، لـە سـەرۆکایەتی پەرلـەمانی کوردستان لەسەر بەرنامەکانی خۆمان بەردەوام دەبین لە پەیڕەو کردنی سیاسەتی کرانـەوەو راوێـژکاری و هەماهـەنگی لەگـەڵ سـەرجەم فراکسـیۆن و پێکهاتـە جیاوازەکـان لـە پەرلـەمانی کوردسـتاندا، بەهـەمان ئاڕاسـتەی کـارکردنیش بـەردەوام دەبـین بـۆ لێـك نزیکخسـتنەوەی بیروبۆچـوونە جیاوازەکـان، لـەنێوان فراکسیۆنەکانی پەرلەمان لەبارەی پرۆژە یاساو بڕیارەکان.**

**ئـەو پـرۆژە یاسـایانەی کـە ڕەهەنـدی نیشـتمانیان هەیـە، کۆڕوکۆبوونـەوەو سـیمیناری تایبـەتیان بـۆ رێـك دەخەین، پەیوەندی بەحزبە سیاسیەکانەوە دەکەین بۆ یەکخستنی هەڵویستەکان و دروستکردنی کۆ دەنگی لەبارەیانەوە.**

**هەر لەو ڕوانگەیەوە لە ماوەی رابردوودا چەند چالاکیەکمان لەو بوارانەی سەرەوە ئەنجامداوە، کـە بەشـێك بـووە لـە سیاسـەتی کرانـەوەی زیـاتری سـەرۆکایەتی بـەڕووی حـزب و لایەنـە سیاسـی و ڕێکخراوەکـانی کۆمەڵی مەدەنی بە مەبەستی هەماهەنگی و ڕاگۆڕینەوەو کاری ڕاوێژکاری لەسەر پرسە گرنگەکان بەگشتی.**

**لەم خولەدا هەوڵ دەدەین، لەو چوارچێوەیەی کە بۆ رۆژنامەنووسان دیاریکراوە، کارئاسانی زیاتر پێشکەش بکـەین، بۆئـەوەی بتـوانن بـە ئاسـانی بگەنـە سەرچـاوەکانی زانیـاری و زیـاتریش دەرگاکـان بـەڕووی رۆژنامەنووساندا بکرێتەوە، هەوڵدەدەین لەم خولەدا گفتوگۆی زیاتر لـە بـارەی یاسـای مـافی بەدەسـتهێنانی زانیاری بکرێت بۆ تەواو کردنی یاساکە.**

**هەروەها بەپێی ڕاگەیاندن و ڕێککەوتنەکان هەوڵئەدەین سەرۆك و ئەندامانی دەستەکانی دیوانی چاودێری دارایی و نەزاهەو دەستەی مافی مرۆڤ دیاری بکرێن، بۆ ئەوەی ئەو دەستانە بەشێوەکی کارا دەست بەکاربن و رۆڵی خۆیان لە بەرەنگاربوونەوەی دیاردەی گەندەڵی و دابینکردنی دادپەروەری زیاتردا ببینن.**

**سەرۆکایەتی پەرلەمان بەردەوام دەبێت لەسەر چوونە دەرەوە لەژێر گومـەزی پەرلـەمان بـۆ نێـو کۆمـەڵانی خەڵك و بەسەرکردنەوەی ناوچە جیاجیاکانی کوردستان، هـەروەها پەیوەندیـەکانمان لەگـەڵ رێکخراوەکـانی کۆمەڵی مەدەنی و ناوەندە زانستی و دامەزراوە رۆشنبیری و ئەکادیمیەکان زیاتر گەشـە پـێ دەدەیـن، بـۆ لـە یەکتر گەیشتن و ڕاگۆرینەوەو سوود وەرگرتن لە تواناکانیان.**

**هەوڵـدەدەین زەمینەسـازی باشـتر دروسـت بکـەین بـۆ لیژنـەکانی پەرلـەمان تـاکو کـاراتر کـار بکـەن، بـۆ چاودێریکردنی وەزارەتەکان و بەدواداچوونی کێشەو داخوازیـەکانی کۆمـەڵانی خـەڵکی کوردسـتان. لـەکاتی پێویستیشدا بانگهێشتی وەزیرە بەڕێزەکان بکرێت بۆ میوانداری و لێپرسینەوە.**

بەڕێزان، لەماوەی پشووی دانیشتنەکانی پەرلەماندا لیژنەی هەموارکردنی پەیڕەوی ناوخۆ بۆ ئامادە کردنی پرۆژەیەکی تازەو هەموارکردنەوەی پەیڕەوەکە دەستیان بەکار کرد، تاوەکو بەشێوەکی پێشکەوتوو هەموار بکرێتەوە کە لەگەڵ ڕۆڵ و ئەرکەکانی ئەم قۆناغەی پەرلەماندا بگونجێت، دیارە هەنگاوی باش چۆتە پێشەوە چەندین برگەو ماددەیان تاوتوێ کردووە، ئێمە دەستخۆشیان لێ دەکەین، هەروەها بۆ چارەسەرکردن و بەدواداچوونی پرسە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵ چەند کۆبوونەوەو سیمینارێك بۆ دامەزراندنی ئەنجومەنی باڵای دانووستان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی لە پەرلەمان بەرێوەچوو، بە بەشداری فراکسیۆن و پێکهاتە جیاوازەکان و شارەزایانی بواری دەستووری و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی، سیمینارێك لەبارەی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان بەرێوەچوو.

هەوڵدەدەین لە ماوەی ئەم خولەدا بەشێوەیەکی تەوافقی لەنێوان گشت فراکسیۆن و پێکهاتە جیاوازەکانی پەرلەمان، هەنگاوی زیاتر بچینە پێشەوە بۆ پرۆژەی دەستووری هەرێم، هەروەها ژمارەیەك پرۆژە یاسای گرنگیش لەبەردەم پەرلەماندا ماون کە پێویستی بە هەماهەنگی و جۆرێك لەتەوافق هەیە لەنێوان فراکسیۆنەکاندا وەك: پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، پرۆژەی دەستوورو دامەزراندنی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان و بودجەی حزب و لایەنە سیاسیەکان و چەند یاسایەکی تریش.

هیوادارین بتوانین ئەم خولە بکەینە خولی هەماهەنگی و هاوکاری زیاتر لەنێوان سەرجەم فراکسیۆنەکان بۆ دەرچوواندنی ئەو پرۆژە یاسانەی کە ماوەیەکە گیریان خواردووە، کاتی ئەوە هاتووە پەسند بکرێن و بکەونە بواری جێبەجێکردنەوە.

داوا لە سەرجەم خوشك و برا پەرلەمانتارە بەڕێزەکان ئەکەین کاتێ داواکاری، یان عەریزەیەکی هاووڵاتیەك وەر ئەگرن، پێش ئەوەی ئاڕاستەی سەرۆکایەتی و لیژنە تایبەتەکان بکرێت خۆیان لێی بکۆڵنەوە کە داواکارییەکە تا چەند یاساییە، ئایا خاوەن داواکە خۆی بەدواداچوونی بۆ کردووە؟ هەروەها پێویستە پەرلەمانتارە بەرێزەکە لە هەنگاوی یەکەمدا خۆی بەدواداچوونی بۆ بکات. هەر کاتێك لە دائیرەیێك گیری خوارد ئیتر دەرفەتی بە دواداچوونی بۆ نەما ئاڕاستەی سەرۆکایەتی بکات. چونکە بەبێ ئەو جۆرە بەدواداچوونانە سەرۆکایەتی و لیژنەکانی پەرلەمان سەرقاڵی ژمارەیەکی زۆر کار ئەبن کە ئەخوازێ بە شێوەیەکی تر کاری لەسەر بکرێت.

جەخت لەسەر سوود وەرگرتن لە شارەزاو ڕاوێژکاران ئەکەینەوە بۆ پرۆژە یاساکان بۆ ئەوەی کاری پەرلەمانتاران ئاسانترو پرۆژەکانیش دەوڵەمەندتر بکرێت.

کاتی پێشکەش کردنی هەر پرۆژە یاسایێك لەلایەن 10 پەرلەمانتاری بەرێز پێویستە بزانرێ تێچووی ئەو پرۆژەیە چەندە؟ چۆن ئەو گوژمەیەی بۆ تەئمین ئەکرێ، ئایا لەم قۆناغەدا سوودی چەندە؟ ئایا حکومەت لە توانایدا هەیە لەم ساڵەدا جێ بەجێی بکات؟

له سەرۆکایەتی پەرلەمان پێمان باشە لەکاتی گفتوگۆکردن لەسەر پرۆژە یاساکان پێشتر دیراسەی تەواو کرابێ و ناوی ئەو پەرلەمانتارانەش بنووسرێت کە ئەیانەوێ قسە لەبارەی خاڵ و بەندەکانی پرۆژەکە بکەن.

حەقە گفتوگۆی لیژنەکان چڕو باشتر بێت و بۆچوونەکان یەکلا بکرێنەوەو لیژنەکان هەماهەنگی زیاتریان لە نێواندا بێت. کاتێ لیژنەکانی پەرلەمان پێشنیارێکی تازە، یان گۆڕانێکی بنەڕەتی لە برگەو ماددەکانی پرۆژەکان ئەکەن هۆکاری ئەو پێشنیارو گۆڕانکارییە دەربخەن و ڕاڤەی بکەن.

سەرۆکایەتی پەرلەمان پێی باشە فراکسیۆنەکانی ناو پەرلەمان زیاتر لەگەڵ یەکتر دانیشن و گفتوگۆ بکەن، بۆ ئەوەی جۆرە توافقێك لەنێوان خۆیان لەسەر پرۆژە یاساو ڕەهەندە نیشتمانیەکان دروست بکەن. ئێمەش هەموو هاوکاری و کار ئاسانیەکیان بۆ ئەکەین.

لە کۆتاییدا هیوادارین هەموولا بەحەماس و گوڕو تینی زیاترەوە ئەرکەکانمان لە داڕشتنی یاساو بڕیارو چاودێری کردنی حکومەت و جێبەجێکردنی یاساکان و بەداواداچوونی کێشەکانی خەڵك ڕاپەرینین.، ئیتر هەرشادو سەرکەوتووبن.

بەم جۆرە دانیشتنی ئەمڕۆمان کۆتایی پێ دەهێنین بۆ دانیشتنی داهاتوو بەخواتان دەسپێرین هەرشادو سەرکەوتوو بن، زۆر سوپاس.

| | | |
|---|---|---|
| فرست احمد عبدالله | د.حسن محمد سوره | د. ارسلان بایز اسماعیل |
| سکرتێری پەرلەمانی | جێگری سەرۆکی پەرلەمانی | سەرۆکی پەرلەمانی |
| کوردستان – عێراق | کوردستان – عێراق | کوردستان - عێراق |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (1)**

**سێ شەممە ڕێکەوتی 11\9\2012**

**خولی سێیەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (1)

## سێ شەممە ڕێكەوتی 2012/9/11

**كاتژمێر ()ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ڕێكەوتی 2012/9/11 پەرلەمانی كوردستان - عێراق بە سەرۆكایەتی د.ارسلان بایز اسماعیل سەرۆكی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز د. حسن محمد سورە جێگری سەرۆك و، بەڕێز فرست أحمد عبداللە سكرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (1)ی خولی سێیەم, ساڵی (2012) ی خۆی بەست.**

**بەرنامەی كار:**

**بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی ژمارەی (1)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە كات (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ڕێكەوتی 2012/9/11 دا بەم شێوەیە بێت:**

**1-خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژە یاسای جێبەجێكردنی بڕیاری ژمارە (222)ی ساڵی 2000ی ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆڕشی هەڵوەشاوە لە هەرێمی كوردستان. كە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشكەش كراوە.**

**2-خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژە یاسای هەمواركردنی یاسای ژمارە (9)ی ساڵی 2008 كە تایبەتە بە پیادەكردنی یاسای بەكرێدانی خانووبەرە ژمارە (78) ساڵی 1979ی هەمواركراو لەهەرێمی كوردستان.**

**3-خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژە یاسای كارو دەستەبەری كۆمەڵایەتی.**

**4-خستنەڕوو وگفتوگۆكردنی پێشنیاری یاسای ئەژماركردنی پلەی زانستی بۆ هەڵگرانی بڕوانامەی ماستەر و دكتۆرا كە لەدەرەوەی وەزارەتی خوێندنی باڵادا خزمەت دەكەن.**

**5-خستنەڕوو وگفتوگۆكردنی پرۆژە یاسای پاراستنی دارستان لەهەرێمی كوردستان.**

**6-خستنەڕوو وگفتوگۆكردنی پێشنیاری یاسای سندوقی هاوكاری كردنی نەخۆشخانەكانی شێرپەنجە و نەخۆشی قورس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

**بەناوی گەلی كوردستان، دانیشتنەكەمان دەكەینەوە، خولی سێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی چوارەم، خولی گرێدانی یەكەم، ژمارەی دانیشتن(1)ڕۆژی دانیشتن(2012/9/11) بەرنامەی كار، بەپێی حوكمەكانی بڕگەی(1)ی ماددەی (20) لەپەیڕەوی ناوخۆی ژمارە(1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی**

**کوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە(1)ی ئاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لەکات 11 ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی 2012/9/11 بەم شێوەیە بێت:**

**1-خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای جێبەجێکردنی بڕیاری ژمارە (222)ی ساڵی 2000ی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی هەڵوەشاوە لە هەرێمی کوردستان. کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە.**

**2-خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای هەمواركردنی یاسای ژمارە (9)ی ساڵی 2008 کە تایبەتە بە پیادەکردنی یاسای بەکرێدانی خانووبەرە ژمارە (78) ساڵی 1979ی هەموارکراو لەهەرێمی کوردستان.**

**3-خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای کارو دەستەبەری کۆمەڵایەتی.**

**4-خستنەڕوو وگفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای ئەژمارکردنی پلەی زانستی بۆ هەڵگرانی بڕوانامەی ماستەر و دکتۆرا کە لەدەرەوەی وەزارەتی خوێندنی باڵادا خزمەت دەکەن.**

**5-خستنەڕوو وگفتوگۆکردنی پرۆژە یاسای پاراستنی دارستان لەهەرێمی کوردستان.**

**6-خستنەڕوو وگفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای سندوقی هاوکاری کردنی نەخۆشخانەکانی شێرپەنجە و نەخۆشی قورس.**

**ئێستا لەخاڵی یەکەمەوە دەست پێ دەکەین، لیژنەی پەیوەندیدار با بفەرموویت بۆ شوێنی خۆی بۆ خوێندنەوەی یەکەمی ئەم پرۆژە یاسایە.**

**کاك عبدالله فەرموو.**

**بەڕێز عبدالله محمد نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**من دوو نوقتەی نیزامیم هەیە، وەکو دوو پرسیار ئاراستەی جەنابتی دەکەم، هیوادارم وەڵامەکەی وەربگرمەوە، یەکەمیان: لەسەر بەرنامەی کارە، ئێمە ساڵی پار 60 پەرلەمانتار پرۆژەیەکمان پێشکەش کردووە، پرۆژەی هەمواری یاسای پەسەندکردنی پرۆژە دەستووری هەرێمی کوردستان، بۆ تا ئێستا ئەم پرۆژەیە ناخرێتە بەرنامەی کارەوە، لەکاتێکدا زیاتر لەنیوەی ئەم پەرلەمانە پەسەندی کردووە، پێشتریش جەنابتان و هەموو لایەنە سیاسیەکان بڕیاریان لەسەر ئەوە داوە کە پرۆژەی دەستوور بگەڕێتەوە، ئەمە**

هیوادارم وەڵامی وەر بگرمەوە، دووەمیان: بەڕێزتان و پەرلەمانتارانی بەڕێز ئاگادارن لە 2011/4/17، بڕیاری ژمارە (2) پەسەند کرا، ئەم بڕیارە لەدەرەوەی پەیڕەوی ناوخۆ بەشێوەیەکی نایاسایی بڵاوکرایەوە، کەمن باوەڕم وایە شاردراوەتەوە، جەنابتان وەکو سەرۆکی پەرلەمان بەڵێنتاندا کە بڵاوی بکەنەوە، کە بڕیارێکی زۆر گرنگە، دەستکەوتی خۆپیشاندەرانەو کۆمەڵێك خاڵی گرنگی تێدایە، لەوانە باسی گەڕانەوەی پرۆژەی دەستوور دەکات، باسی ئەوە دەکات کە ئەو یاسایانەی کە ڕەهەندی نیشتیمانیان هەیە بەتەوافوقی هەموو لایەك پەسەند بکرێت، چەندین خاڵی تری گرنگ، جەنابتان بەڵێنتاندا لەم ماوەیەدا بڵاوی بکەنەوە لەوەقائیعی کوردستان، بەڵام تا ئێستا بڵاو نەکراوەتەوە، هۆکاری بڵاو نەکردنەوەی ئەم بابەتانە چیە؟، چاوەڕێی وەڵامی بەڕێزتانم، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

خۆی لە حەقیقەتدا ئەو قسانەی بەڕێزت نوقتەی نیزامی نەبوون، دەرچوونە لەبەرنامەی کاری ئەمڕۆ، بەڵام هەر جوابت دەدەمەوە، تکا دەکەم لە داهاتوودا خوشك وبرایانی ئەندام پەرلەمان کە نوقتەی نیزامیان دەبێت لەبەرنامەی کار دەرمەچن، چونکە ناچار دەبم ڕاتان بگرم، دەستور، کە خۆت دەڵێیت تەوافوقی نیشتمانی دەوێت، فیعلەن دەیەوێت، ئایا دەستور بهێنینەوە ناو پەرلەمان ئێمە دەتوانین ئەو تەوافوقە نیشتمانیە بکەین؟، واقعیانە قسە بکەن، لەخەیاڵ قسە مەکەن، دەستوور پێویستی بەتەوافوقی دەرەوەی پەرلەمانیش هەیە، پێویستی بەلیژنەیەك هەیە لەسەرجەم حزبە سیاسیەکان پێك بێت، بەڕاشکاوی ڕای دەگەیەنم بۆ سەرجەم میللەتی کورد، هیچ کەسێك موزایەدە بەسەر کەسی تردا نەکات، دەربارەی ئەوەی کە کێ حزبیەو کێ حزبی نیە، هەموو پەرلەمانتارەکان سەر بەحزبێکی سیاسین، کەس موزایەدە بەسەر کەسی تردا نەکات، ئەمە پێویستی بە تەوافوقێکی سیاسی هەیە لەدەرەوەی پەرلەمان، پێویستی بە پێکهێنانی لیژنەیەك هەیە لەسەرجەم حزبە سیاسیەکان کەئەوان نوێنەریان لەناو پەرلەماندایە، ئەگەر تەوافوقیان کرد دەتوانین بە ئاسانی بیهێنینە ناو پەرلەمان و بیڕوێنین، بەڵام کە ئێمە هێنامانەوە ناو پەرلەمان بەبێ تەوافوقێکی سیاسی لەدەرەوەی پەرلەمان، وەك یاساکانی تری لێدێت، کە ئەوەش لە مەسڵەحەتی نیشتمانیدا نیە، لەمەسڵەحەتی نەتەوەیی نیە بە زۆرینەو کەمینە بیکەین، بۆیە دەبێت واقعیانە مەسڵەحەتی میللەتەکەمان ڕەچاو بکەین کە لەدەرەوە محاوەلە بکەین هەموومان

میللەتەکەمان بەقۆناغێکی ناسکدا تێدەپەڕێت بۆ ئەوەی تەوافوقێك لەدەرەوەی پەرلەمان بکەین تا بتوانین ئیقراری مەسەلەکان بکەین، مەسەلەی بڕیاری ژمارە(2)ش ئەوە لەژێر دیراسەدایەو دوایی جوابتان دەدەینەوە بەسەرچاو، ئەمڕۆ خۆتان دەزانن پێش ئەوەی لیژنەی مەعنی خوێندنەوەی یەکەم بۆ ئەو پڕۆژە یاسایە بکات، ئەمڕۆ یادی شۆڕشی ئەیلوولە، کە شۆڕشی سەرجەم کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بووە بەهەموو چین و توێژەکانیەوە، بۆیە ئێمە لێرەوە پیرۆزبایی لەسەرجەم کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دەکەین، دەستخۆشی و سڵاو ورێزی گەرمیش بۆ هەموو ئەو پێشمەرگە قارەمانانە دەنێرین کە کاتی خۆی هەڵگیرسێنەری ئەم شۆڕشە بوون و فیداکارییان کردووە، سەری ڕێزیشمان دادەنوێنین بۆ هەموو شەهیدە سەر بەرزەکان کە لەپێناو شۆڕشی ئەیلوولدا گیانی خۆیان بەخت کردووە، کە قاعیدەیەکیان بۆ ئێمە دانا تا ئێمە بگەینە ئەمڕۆ و لەم پەرلەمانەدا ئەم کۆبوونەوەیە بکەین، جارێکی تریش پیرۆزبایی لەسەرجەم کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دەکەینەوە، فەرموو لیژنەی تایبەت پڕۆژەکە بخوێننەوە.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە بڕگەی(1)ی بەرنامەی کاری ئەمڕۆ، خوێندنەوەی یەکەمی پڕۆژە یاسای جێبەجێکردنی بڕیاری ژمارە (222)ی ساڵی 2000ی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی هەڵوەشاوە لە هەرێمی کوردستان. ئەم پڕۆژەیە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیران پێشکەش کراوە بەزمانی عەرەبی پێشکەش کراوە لە (5)مادده پێك دێت، هۆیەکانی دەرچواندنی یاساکەشی لەگەڵدایە، داوا لەبەڕێزتان دەکەین کەئاراستەی لیژنە پەیوەندیدارەکانی بکەن، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەم پڕۆژە یاسایە، بەپێی تایبەتمەندی خۆی ئاراستەی لیژنەی یاسایی، کۆمەڵایەتی و سەرجەم ئەندامانی بەڕێز دەکرێت. فەرموو بۆ خاڵی دووەم.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵی دووەم لەبەرنامەی کاری ئەمڕۆ بریتیە لە خوێندنەوەی یەکەمی پڕۆژە یاسای هەموارکردنی یاسای ژمارە (9)ی ساڵی 2008 کە تایبەتە بە پیادەکردنی یاسای بەکرێدانی خانووبەرە ژمارە(78)ی ساڵی

1979ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان، جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، ئەم پرۆژەیە بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان هاتووە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە، کە پێشکەشی بەڕێزتانی دەکەم.

بۆ/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان – عێراق

بابەت/ پرۆژە یاسای هەموارکردنی ژمارە(9)ی ساڵی 2008 کە تایبەت بوو بەهەموارکردنی پیادەکردنی یاسای بەکرێدانی خانووبەرە ژمارە(78)ی ساڵی 1979 ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان - عێراق.

ناوی ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە واژوویان کردووە.

1- شلێر محمد نجیب
2- شڤان احمد
3- د. عمر نورەدینی
4- سۆزان شهاب
5- د. بەشیر خلیل
6- اسماعیل محمود
7- کاروان صالح
8- هاژە سلیمان
9- ایوب نعمت (ئارام)
10-سالم تۆما
11-شێردڵ تحسین
12-د. سەروەر عبدالرحمن
13-رازاو محمود
14-هاوڕاز شێخ احمد

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئەم پرۆژەیە بریتیە لە 10 ماددە هەروەها هۆکاری دەرچواندنیشی لەگەڵدایە، تکایە ئاراستەی لیژنە پەیوەندیدارەکانی بکەرەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك برهان، فەرموو.

**بەڕێز برهان رشید حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەمانگی 2009/11 بەمێژووی 2009/12/11 ئێمە پرۆژەیەکمان بۆ تەعدیلی یاسای ئیجار پێشکەش کردووە، تا ئێستا هیچ نەتیجەیەکی نەبووە، نازانم ئەمە تائێستا دەبێت بە سێیەم پرۆژە، پرۆژەی دووەم لەلایەن لیستی کوردستانیەوە بوو بۆ تەئخیری تەنفیزی یاسای نوێی ساڵی 2008 پێشکەشکرا، ئەمە دەبێت بە پرۆژەی سێیەم لەسەر ئەو بابەتە، تا ئێستا پرۆژەی یەکەم لەمانگی 2009/11 لیژنەکان هیچ شتێکیان لەسەری نەکردووە کەبێتەوە سەرۆکایەتی پەرلەمان، تەفسیرێکمان بدەنێ کە ئایا دەمجی دەکەن لەگەڵ پرۆژەی 2009/12/11 کە پێشکەش کراوە، یان پێشوو دوای دەخەن، ئەگەر وابێت ئەمە موخالفی ماددەی 70 و 71ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆرە ڕۆژان، فەرموو.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاستە پرۆژەیەکی تر پێشکەشکراوە بۆ هەموارکردنی ئەم یاسایە، بەڵام لەکاتی ئامادەکردنی ڕاپۆرت لەلایەن لیژنەکانی پەیوەندیدار ئەوانەی کە پرۆژەکەیان ئاراستە کراوە، ئێمە هەوڵ دەدەین هەموو ئەو پرۆژانە دیراسە بکەین، تا بتوانین ڕاپۆرتێکی یەکگرتوو لەسەر ئەو پرۆژانەی کە خوێندنەوەی یەکەمیان بۆ کراوە ئامادە بکەین، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆر سەروەر، فەرموو.

**بەڕێز د. سەروەر عبدالرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەرچەند چووینە بڕگەی دووەم بەس من لەسەر بڕگەی یەکەم قسەم هەبوو، ئەگەر تێبینی بکەین من تێنەگەشتم و لەوانەشە نا تێگەیشتنێك هەبێت بۆ کۆمەڵانی خەڵکیش کاتێك کەگوێ لەوە دەگرن،

نووسـراوه خوێندنـەوەی یەکـەمی پـرۆژه یاسـای ( جێبـەجێکردنی بڕیـاری ژمـاره(222)ی سـاڵی 2000ی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی هەڵوەشاوه لەهەرێمی کوردستان) من نازانم بۆ ئەوەی ڕوونکردنەوەیـەك هـەبێت ئایـا ئێمـە دەمانـەوێت بڕیـارێکی ئەنجومـەنی هەڵوەشـاوه کـە لەسـاڵی 2000 دەرچـووه لەهـەرێمی کوردستان جێبەجێی بکەین، چونکە ئەو بڕیارانەی کـە لـە سـاڵی 1991 بـەدواوه دەرچـوون لەکوردسـتاندا جێبەجێ نەکراون، ئەمە وەك تێبینی، چونکە بەد حاڵی بوونێك هەیە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆره ڕۆژان، فەرموو.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاستە ئەو بڕیاره کە لەلایەن مەجلسی قیادەی سەورەوه دەرچووه، لەساڵی 2000 بە ژمارەی(222) لەبەر ئەوەی لەدوای سەحبی ئیداراتەوه، ئەو بڕیارانە جێبەجێ ناکرێت، ئێستا ئەنجومـەنی وەزیـران خـۆی داوای کـردووه کـە پەرلـەمان، سـوڵتەی ئینفـاز بـدات بـەو بڕیـاره و لەهـەرێمی کوردسـتان جێبـەجێ بکرێـت، کـە پەیوەندی بە ر(رعایە القاصرین) هەیە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

دەربارەی خاڵی دووەم وەك ئەوەی کە خوێندرایەوه، باشە فەرموو کاك کاردۆ.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەڕای بوونی هەموو ئەو پرۆژانەی کـە پێمـان وایـە زەروورەتـی هەیـە، چ زەرورەتێـك هەیـە بـۆ هێنـانی پرۆژەیەکی ئاواو خوێندنەوەی بۆ بکەین، بۆ ئێمە خۆمان پـرۆژه نانووسـین، بـۆ پـرۆژەی ئـەوان جێبـەجێ بکەین، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێ باشە پرۆژەیەك بنووسن، ئێوه لە لیژنەی یاساییین، کوا پرۆژەتان؟ بینووسـن، بەسەرچـاو، دکتـۆره ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوە پێشکەش کراوە، تەنها خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە ئەمڕۆ، دواتر لە لیژنـەکان ڕاو تێبـینی خۆیـان هەبوو بە وەرگرتنی یان وەرنەگرتنی ئەوە دواتر قسەی لەسەر دەکرێت، ئەمڕۆ تـەنها خوێندنـەوەی یەکـەم بوو، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

خاڵی دووەمـی بەرنامـەی کـار بـەپێی تایبەتمەنـدی خـۆی ئاراسـتەی لیژنـەی یاسـایی و سـەرجەم ئەنـدامان دەکرێت و ڕەوانەی حکومەتیش دەکرێت، بۆ خاڵی سێیەم.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی سێیەمی بەرنامەی کاری ئەمڕۆ، خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای کارو دەستەبەری کۆمەڵایـەتی، ئـەم پـرۆژە یاسـایە لەلایـەن ژمـارەی یاسـایی ئەنـدامانی پەرلەمانـەوە پێشکەشـکراوە، ئـەو بەڕێزانـەی کـە واژوویان لەسەر کردووە.

1- کاردۆ محمد
2- عبداللە محمد امین
3- د. احمد وەرتی
4- گۆران ئازاد
5- عبداللە مەلا نوری
6- ایوب نعمت (ئارام)
7- ناسك توفیق
8- پێشەوا توفیق
9- ئاشتی عزیز
10- خلیل عثمان
11- شلێر محمد نجیب

پرۆژەکە لە 33 مادده پێك هاتووە، لەگەڵ هۆیەکانی دەرچوواندنی، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار رشید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماوەیەك پێش ئێستا ئەو پرۆژە یاسایە کە یاسای(39)ی ساڵی 1970ی عێراقە، ئێمە لەم پەرلەمانە بەڕاستی هەموارمان کردو کۆتایی پێهات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

خاڵی سێیەم بەپێی تایبەتمەندی خۆی ئاراستەی لیژنەکانی یاسایی، کۆمەڵایەتی، حکومەت، سەرجەم ئەندامانی بەڕێز دەکرێت، فەرموو بۆ خاڵی چوارەم.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵی چوارەم: خستنەڕوو وگفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای ئەژمارکردنی پلەی زانستی بۆ هەڵگرانی بڕوانامەی ماستەر و دکتۆرا کە لەدەرەوەی وەزارەتی خوێندنی باڵادا خزمەت دەکەن. داوا لەدەستەی سەرۆکایەتی دەکەم، کەداوا لەلیژنەی پەیوەندیدار بکات بۆ ئەوەی ئامادە بن لەسەر مەنەصە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی پەیوەندیدار فەرموو ئامادە بن لەسەر مەنەصە، بەناوی سەرۆکایەتیەوە بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری خوێندنی باڵاو ڕێکخەری نێوان پەرلەمان و حکومەت دەکەین بەخێر بێن، لیژنەی یاسایی فەرموو دەست بکەن بە خوێندنەوەی یاساکە.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرۆژە یاسای ئەژمارکردنی پلەی زانستی بۆ هەڵگرانی بڕوانامەی ماستەر و دکتۆرا کە لەدەرەوەی وەزارەتی خوێندنی باڵادا خزمەت دەکەن

ماددەی یەکەم:

ئـەو ماووەیـەی کـە مامۆسـتای زانکـۆ هـەڵگری بڕوانامـەی ماسـتەر و دکتـۆرا لـە ئەنـدامێتی پەرلـەمانی کوردسـتان – عێراقـدا بەسـەری دەبـات بـە خزمـەتی زانکـۆیی بـەکردار بەمەبەسـتی دامەزرانـدن و بەرزکردنەوەی پلەی زانستی (ترقیە وترفیع) بۆی حساب دەکرێت.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الاولى:

المدة التي تقضيها استاذ الجامعة (حاملة شهادة الماجستير والدكتورا) في عضوية برلمان كوردستان – العراق تحتسب كخدمة جامعية فعلية لاغراض التعيين والترقية العلمية والترفيع.

**بەڕێز . حسن محمد سوره( جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

لیژنـەی پـەروەردەو خوێنـدنی بـاڵا هـیچ تێبینیـەکتان هەیـە لەسـەر ئـەو ماددەیـە، باشـە لیژنـەی دارایـش ڕاپۆرتی هەیە لەسەر ئەم پرۆژە یاسایە، فەرموو ئێوەش وەرنە سەر مەنەصە، فـەرموو  لیژنـەی پـەروەردە ڕاپۆرتەکەتان بخوێننەوە.

**بەڕێز د. عمر محمد امین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

سـەرەتا دەمانـەوێت ئـەوە بڵـێین وەك لیژنـەی پـەروەردەو خوێنـدنی بـاڵا، کـە ئـەم پـرۆژە یاسـایە لـە 2010/11//10 ئاراستەی لیژنەکەمان کراوە، ئێمەش لە 2011/1/4 کۆنووسمان لەسەر ئامادە کـردووە، ئەمەی خوارەوە بیروبۆچوونی لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵایە لەسەر کۆی پرۆژە یاساکە.

سەبارەت بە ماددەی یەکەم: ئێمە پێمان وایە هەم لـەڕووی نـاوەڕۆك و هـەم لـەڕووی شـێوەوە، بـەم شـێوەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە، سەرەڕای ئـەوەی کـە سـەبارەت بەناونیشـانەکەی پێمـان وایـە ناونیشـانەکەی کـورت بکرێتەوە بۆ (ئەژمارکردنی پلەی زانستی و ڕاژەی زانکۆیی)واتە ناوی پرۆژە یاساکە وای لێبکرێت، سەبارەت بە ماددەی یەکەم، بۆ پێناسەی چوارچێوەی یاساکە ئێمـە پێمـان وایـە کـە بـەم شـێوەیە بێـت، ئـەم یاسـایە هـەڵگری بڕوانامـەی ماسـتەرو دکتـۆرا دەگرێتـەوە، کەلـەدەرەوەی وەزارەتـی خوێنـدنی بـاڵاو توێژینـەوەی زانستی هەرێمی کوردستان خزمەتیان کردووەو دەکەن.

سەبارەت بەماددەی دووەم: کە تایبەتە بە پلەی زانستی کە لە ئەصڵی پرۆژە یاساکەدا وا هاتووە کە مامۆستایانی زانکۆ یان هەڵگرانی بڕوانامەی ماستەرو دکتۆرا کە ئەندامی پەرلەمانن، بۆیان حساب بکرێت، ئێمە مەسەلەکەمان گشتاندووە، واتە تەنها حەسرمان نەکردووە لە ئەندامی پەرلەمان، بەڵکو پێمان وایە کە دەبێت هەموو ئەوانە بگرێتەوە کە هەڵگری بڕوانامەی ماستەر و دکتۆران ولەدەرەوەی وەزارەتی خوێندنی باڵا خزمەت دەکەن، ماددەکە بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە( هەڵگرانی بڕوانامەی ماستەرو دکتۆرا کە لەیەکێك لەدامودەزگاکانی هەرێمی کوردستان یان کەرتی تایبەت خزمەت دەکەن مافی پێدان و بەرزکردنەوەی پلەی زانستیان دەبێت، بەگوێرەی ڕێکارە یاساییەکانی بەرزکردنەوەی پلەی زانستی کەلەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا کاری پێ دەکرێت).

سەبارەت بەماددەی سێیەم: کە لەڕاپۆرتی لیژنەی ئێمەدا هاتووە دەربارەی هەڵگرانی بڕوانامەی ماستەر ودکتۆرایە بەم شێوەیەیە(ڕاژەی خزمەتی ئەم کەسانەی خوارەوە لەدەرەوەی وەزارەتی خوێندنی باڵا بەڕاژەی زانکۆیی ئەژمار دەکرێت، بەمەبەستی خانەنشینی، هەڵگرانی بڕوانامەی ماستەرو دکتۆرا کە لەزانکۆیەکی دەرەوەی وڵات خزمەتیان کردووە، هەڵگرانی ماستەر ودکتۆرا کە لەسەردەمی ڕژێمی پێشوو بێبەش کراون لەوەی ببنە مامۆستای زانکۆ یاخود دوور خراونەتەوە لەزانکۆ و پەیمانگاکان، هەڵگرانی ماستەرو دکتۆرا کە خزمەتی پێشمەرگایەتیان هەیە).

سەبارەت بە ماددەی چوارەم: لەڕاپۆرتی لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵا، مامۆستایانی سەر میلاکی وەزارەتی پەروەردە کە هەڵگری ماستەرو دکتۆران، هەمان ماف وجیاوکی ماددیان دەبێت کاهاوشێوەکانیان لەوەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی هەیانە.

سەبارەت بە ماددەکانی تر ئێمە تێبینیمان نیە، تەنها بەرەچاوکردنی گۆڕینی زنجیرەکانیان نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە( جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

لیژنەی یاسایی تکایە ڕاپۆرتی خۆتان بخوێننەوە.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بۆ/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان_عێراق**

**بابەت/ ڕاپۆرت دەربارەی دەقی پرۆژە یاسای (ئەژمارکردنی پلەی زانستی بۆ هەڵگرانی بڕوانامەی ماستەر و دکتۆرا کە لە دەرەوەی وەزارەتی خوێندنی باڵا خزمەت دەکەن**

لێژنەی کاروباری یاسایی ڕۆژی 9 / سەرماوەز / 2711ی کوردی بەرامبەر بە 30 / 11 / 2011 ی زایینی کۆبوونەوە بۆ دیراسەت کردنی پرۆژە یاسای (ئەژمارکردنی پلەی زانستی بۆ هەڵگرانی بڕوانامەی

ماستەر و دکتۆرا کە لە دەرەوەی وەزارەتی خوێندنی باڵا خزمەت دەکەن) لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پێشکەش کراوە و لە دوای خوێندنەوەی یەکەمی لە پەرلەمان لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (12) لە 8/ 11 / 2010 ڕەوانەی لیژنە پەیوەندیدارەکان کراوە. دوای گفتوگۆ و تاوتوێ کردن گەیشتینە ئەم دەرئەنجامەی خوارەوە:

یەکەم: ناونیشانەکە کورت بکرێتەوە بۆ (ئەژمارکردنی پلەی زانستی ڕاژەی زانکۆیی).

دووەم: زیادکردنی ماددەیەك بە زنجیرەی (ماددەی چوارەم) و گۆڕینی زنجیرەی ماددەکان بەو پێیە.

ماددەی یەکەم: پێشنیار دەکەین کە بەم شێوەیەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە:

( ئەم یاساییە هەڵگرانی بڕوانامەی ماستەر و دکتۆرا دەگرێتەوە کە لە دەرەوەی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستنی هەرێمی کوردستان خزمەتییان کردووە و دەکەن).

ماددەی دووەم: پشتگیری ماددەکە دەکەین و پێشنیاری لابردنی دەستەواژەی (بە هەمان شێوەی کارمەندانی) لە دوای دەستەواژەی (پلەی زانستی) و داڕشتنەوەی ماددەکە بەم شێوەیەی خوارەوە:

( هەڵگرانی بڕوانامەی (ماستەرو و دکتۆرا)، کە لە یەکێك لە دام و دەزگا حکومیەکاندا خزمەت دەکەن، لە دەرەوەی وەزارەتی خوێندنی باڵا، مافی بەرزکردنەوەی پلەی زانستیان هەبێ، بە گوێرەی ڕێکارە یاساییەکانی بەرزکردنەوەی پلەی زانستی لە وەزارەتی خوێندنی باڵا).

ماددەی سێیەم: پشتگیری ڕاپۆرتی لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی دەکەین بە زیادکردنی دوو ماددە بە ڕیزبەندی ماددەی (سێیەم) و (چوارەم) بەم شێوەیەی خوارەوە و ڕیزبەندی ماددەکان بگۆڕدرێت:

ماددەی سێیەم: ڕاژەی خزمەتی ئەم کەسانەی خوارەوە لە دەرەوەی وەزارەتی خوێندنی باڵا بە ڕاژەی زانکۆیی ئەژماردەکرێت بە مەبەستی خانەنشینی:

أ- هەڵگرانی ماستەر و دکتۆرا کە لە زانکۆیەکی بڕواپێکراوی دەرەوەی وڵات خزمەتیان کردووە.

ب- هەڵگرانی ماستەر و دکتۆرا کە لە سەردەمی ڕژێمی پێشوو بێ بەش کراون لەوەی ببنە مامۆستای زانکۆ یاخود دوورخراونەتەوە لە زانکۆ و پەیمانگاکان.

ج- هەڵگرانی ماستەر و دکتۆرا کە خزمەتی پێشمەرگایەتیان هەیە.

ماددەی چوارەم:مامۆستایانی سەر بە میلاکی وەزارەتی پەروەردە کە هەڵگری بڕوانامەی ماستەر و دکتۆران هەمان ماف و تایبەتمەندیان دەبێت کە هاوشێوەکانیان لە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی هەیانە).

ماددەی (چوارەم) دەبێتە ماددەی (پێنجەم): تێبینیمان نییە:

کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یا بڕیارێك ناکرێت کە پێچەوانە بێت لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە.

**ماددەی (پێنجەم) دەبێتە ماددەی (شەشەم): تێبینیمان نییە:**

**پێویستە لەسەر ئەنجوومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدراەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکات.**
**ماددەی (شەشەم) دەبێتە ماددەی (حەوتەم): پشتگیری ماددەکە دەکەین وەکو خۆی:**

**ئەم یاسایە لە ڕۆژی بلاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) دا کاری پێ دەکرێت.**

**هۆکاری دەرچوونی ئەم یاسایە**

**بۆ هاندانی بەرزکردنەوەی ئاستی داهێنان و زانستی هەڵگرانی بڕوانامەی خوێندنی بالاَ کە لە هەر ناوەندێك کاربکەن و هێنانەوەی یەکسانی لە نێوان هەڵگرانی بڕوانامەی ماستەر و دکتۆرا لە دەرەوە و ناوەوەی زانکۆ، ئەم یاسایە دەرچوێنرا. سوپاس.**

**بەڕێز حسن محمد سورە( جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

**سوپاس، لیژنەی دارایی تکایە ڕاپۆرتی خۆتان بخوێننەوە، فەرموو.**

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**هەروەکو هاوکارانم لە هەردوو لیژنەی یاسایی و پەروەردە و خوێندنی بالاَ ئاماژەیان پێدا، ئەم پرۆژە یاسایە کە هاتووە، پێش دوو ساڵ لەمەوبەر هاتووە، بەنووسراوی بەڕێوەبەرایەتی پەرلەمان، ك 844، لە 2010/11/10، لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری کۆنووسی خۆی لەسەر ئامادە کردووە، بەس لێرەدا دەمەوێت ئاماژە بەخاڵێك بکەم، ئێمە وەکو لیژنەی دارایی تەنها کارمان لەسەر 6 ماددە یاساییەکە کردووە کە لەپرۆژە یاساکەدا هاتووە، چونکە بەپێی بۆچوونی ئێمە هەندێك لەو زیادانەی کەئێستا هاوکارانم لەهەردوو لیژنە ئاماژەیان پێکرد، هەندێکی ئەگەر ئەوە هەیە بەڕێنمایی چارەسەرکرابێت لەلایەن وەزارەتی خوێندنی بالاوە، جەنابی وەزیریش لێرەیە دەتوانێت ئاماژە بەوە بکات، بێجگە لەوە لەڕاستیدا پاش دوو ساڵ لەدوای هەندێ گۆڕانکاری لە یاساو ڕێنماییەکان، بۆچوونێك هاتووەتە کایەوە کە هەندێك لەهاوەڵانم لە لیژنەی دارایی ئەمڕۆ تێڕوانینمان هەبوو، کە یەکێك لەماددەکان ئێمە وتوومانە لابرێت، ئێستا پاش دووساڵ وپاش ئەو گۆڕانکارییانەی کە لەڕێنماییەکانی خوێندنی بالادا هاتووە، داوا دەکەین وەکو خۆی بمێنێتەوە، وە بۆ تەوسیقیش ئێستا کۆنووسەکەمان دەخوێنمەوە.**

**بۆ /بەرێز سەرۆکایەتی پەرلەمان**

**ب/ کۆنووسی ژمارە (39)**

**بەنووسراوی ژمارە(75) لە 2010/11/24، بۆ بەڕێز سەرۆکایەتی پەرلەمان، لەگەڵ نووسراوماندا کۆنووسی کۆبوونەوەی لیژنەکەمان بەرزدەکەینەوە بۆتان، کە لە بەرواری (2010/11/22) ئەنجامدرا. تکایە بۆ وەرگرتنی و وەلامدانەوەمان.**

**دەقی کۆنووس**

ئاماژە بەنوسراوی بەڕێوەبەرایەتی کاروباری پەرلەمان ژمارە (ك844) لە(2010/11/10) دەربارەی دەقی پرۆژە یاسای (ئەژمارکردنی پلەی زانستی بۆ هەڵگرانی بڕوانامەی ماستەرو دکتۆرا کە لە دەرەوەی وەزارەتی خوێندنی باڵادا خزمەت ئەکەن)، کە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پێشنیار کراوەو، لە دانیشتنی ژمارە (12)ی ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی (2010/11/8)، لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە، لیژنەکەمان بەزۆرینەی ئەندامانی، کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی ئەنجامدا، لە بەرواری (2010/11/22)، وە دوای لێکۆڵینەوە لیژنەکەمان بەزۆرینەی دەنگ گەیشتە ئەم بڕیارانەی خوارەوە:

(1): دەربارەی مادەی یەکەم، ئێمە لە ئەصڵی کۆنووسەکە پێش 2 ساڵ وتوومانە لابرێت، بەڵام وەك پێشتر ئاماژەم پێکرد، لەدەرئەنجامی ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە ڕێنماییەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوە زانستی هاتووەتە کایەوە، لەگەڵ حکومەتدا داوا دەکەین کە ماددەی یەکەم وەك خۆی بمێنێتەوە.

(2): دەربارەی مادەی دووەم، بەم شێوەیەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە:

مادەی دووەم: هەڵگرانی بڕوانامەی ماستەرو دکتۆرا کە پێشتر نازناوی زانستیان هەبووە لەوەزارەتی خوێندنی باڵا، کە لە یەکێك لە دام و دەزگاکانی هەرێمدا خزمەت دەکەن لەدەرەوەی وەزارەتی خوێندنی باڵا، مافی بەرز کردنەوەی پلەی زانستیان هەبێت بەگوێرەی ڕێکارە یاساییەکانی بەرزکردنەوەی پلەی زانستی بەهەمان شێوەی کارمەندانی وەزارەتی خوێندنی باڵا.

(3): دەربارەی مادەکانی (سێیەم، چوارەم، پێنجەم، شەشەم) لە پرۆژەکە، لیژنە ڕەزامەندە لەسەریان و وەکو خۆیان بمێننەوە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە( جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

سوپاس بۆ هەمووولایەك، ئەمە ڕای لیژنەکانە کە لە ئەنجامی دیراسەکردنی چەندین مانگ ئامادەیان کردبوو، ئێستا دێینە سەر ئەصڵی پرۆژەکەو ماددە بە ماددە دەیخوێنینەوە، بۆ ئەوەی گفتوگۆی لەسەر بکەین. ئێستا پرۆژەکە ماددە بە ماددە دەخوێنینەوە بۆ ئەوەی کە بیکەینە موناقەشە، سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**مشروع قانون احتساب الدرجة العلمية لحاملي شهادة (الماجستير والدكتوراه) للذين يخدمون خارج وزارة التعليم العالي**

المادة الاولى: المدة التي يقضيها الاستاذ الجامعي (حملة شهادتي الماجستير والدكتوراه) في عضوية برلمان كوردستان ـ العراق تحتسب كالخدمة الجامعية الفعلية لاغراض التعيين والترقية العلمية والترفيع.

**بەڕێز حسن محمد سورە (جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

به كوردیەكەی، د.ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی یەكەم/ ئەو ماوەیەی كە مامۆستای زانكۆ (هەڵگری بڕوانامەی ماستەر و دكتۆرا) لە ئەندامیەتی پەرلەمانی كوردستان ـ عیراق دا بەسەری دەبات بە خزمەتی زانكۆیی بە كردار بۆ مەبەستی دامەزارندن و بەرز كردنەوەی پلەی زانستی (تەرقیە و تەرفیع) بۆی حساب دەكرێت.

**بەڕێز حسن محمد سورە (جێگری سەرۆكی پەرلەمان):**

ئەو ئەندامانەی كە تێبینیان هەیە فەرموون؟ لیژنەی پەروەردە لەسەر ماددەیەك ڕەئی خۆتان جارێكی تر دووبارە بكەنەوە، د.عمر فەرموو.

**بەڕێز د.عمر حمدامین(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، لەسەر عینوانەكە پێمانوایە كە عینوانەكەی بەم شێوەیەی لێ بێت: یاسای ئەژماركردنی پلەی زانستی و ڕاژەی زانكۆیی، سەبارەت بە ماددەی یەكەم ئێمە پێمان وایە كە چوارچێوەی یاسایەكە فراوان بكرێت هەتاوەكو تەنها ئەوانە نەگرێتەوە كە لە پەرلەمانن، بەڵكو وای لێ بكرێت كە ئەم یاسایە هەڵگرانی بڕوانامەی ماستەر و دكتۆراش بگرێتەوە كە لە دەرەوەی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی هەرێمی كوردستان خزمەتیان كردووە و دەكەن، هەم لە باری پێدانی لەقەبی علمی و هەم لە باری ئەوەش كە هەندێ خزمەت هەیە بۆ مەبەستی خانەنیشینی بۆیان حساب بكرێت.

**بەڕێز حسن محمد سورە (جێگری سەرۆكی پەرلەمان):**

لیژنەی یاسایی، د.ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ناونیشانی یاسایەكە ئێمە پشتگیری لە پێشنیاری لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا دەكەین سەبارەت بە ماددەی یەكەم پشتگیریان لێ دەكەین لەبەرئەوەی تەنها بۆ ئەو كەسانە نەبێت كە بڕوانامەی ماستەر و دكتۆرایان هەیە و ئەندام پەرلەمانن، بۆ ئەوەی هەموو ئەو كەسانە بگرێتەوە كە ئەو دوو جۆرە شەهادەیان هەیە لە هەر دامودەزگایەك تەكلیف بكرێن و پۆستێك وەربگرن كارێكیان پێ ڕاسپێردرێ سوود لەو یاسایە وەربگرن، كە تەنها بۆ بەرزكردنەوەی پلەی زانستیە و سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە (جێگری سەرۆكی پەرلەمان):**

لیژنەی دارایی؟ د.ئاراس فەرموو.

**بەڕێز د.ئاراس حسين محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ ئەو بەشەین كە ئەو یاسایە ئەوانەش بگرێتەوە كە لە پەرلەمان و لە دەزگاكانی دیكەش كار دەكەن، بەس لێرە لەڕاستی دا گرفتی پلەی زانستی هەیە، پلەی زانستی تەنها لە وەزارەتی خوێندنی باڵا هەیە و ئەو كەسانەش دەگرێتەوە كە پێشتر لە وەزارەتی خوێندنی  باڵا پلەی زانیستیان بووە و چوونەتە دەزگایەكی دیكە و دوایی دەگەڕێنەوە وەزارەتی خوێندنی باڵا لە ڕێگەی بەڕێزیشتانەوە ئەگەر بكرێت دواتر بەڕێز وەزیری خوێندنی باڵا ئەو خاڵەمان بۆ ڕوون بكاتەوە؟ سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە (جێگری سەرۆكی پەرلەمان):**

ناوی ئەو ئەندامانەی كە دەیانەوێ قسە بكەن، كاك برهان، د.بشير، م.عمر عبدالعزيز، كاك دانا، كاك جلال، كاك جمال، ئەڤین خان، بێریڤان خان، كاك ئاسۆ، د.ڕێباز، كاك كاردۆ، سیوەیل خان، شلێر خان، كاك شڤان، د.سەروەر، كاك سەردار، سميرە خان، د.صباح، د.احمد، ڕازاو خان، كاك عبدالسلام، ليلى خان، تارا خان، كاك عبدالرحمن، ناسكە خان، كاك برهان فەرموو.

**بەڕێز برهان رشيد حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دەربارەی ماددەی یەكەمی ئەم پرۆژە یاسایە، بەڕاستی ئەوەی كە باسی ئەندامی پەرلەمان دەكات من هەندێ تەعقیب و............ .

**بەڕێز حسن محمد سورە (جێگری سەرۆكی پەرلەمان):**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە پێی پەیڕەوی ناوخۆ كاتێ كە سەرۆكی پەرلەمان لێرە نابێ بەڕێز جێگرەكەی كە بە ئیدارەی جەلسە هەڵدەستێ، دەبێ بوترێ بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.

**بەڕێز حسن محمد سورە (جێگری سەرۆكی پەرلەمان):**

كاك برهان فەرموو.

**بەڕێز برهان رشيد حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من داوای لێ بوردن لە جەنابت دەكەم، بەڵام مەنسەبەكەی جێگری سەرۆكی پەرلەمانە، جێگری سەرۆك جەلسە بەڕێوەبەرێ، .......... .

**بەڕێز حسن محمد سورە (جێگری سەرۆكی پەرلەمان):**

مەبەست مەنسەب نیە، مەبەست سەرۆکی جەلسەکەیە، کاك برهان فەرموو.

**بەڕێز برهان رشید حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوە موشکیلەیەکی جەوهەری نیە بەلامەوە با قسەکانی خۆم بکەم، ببوورە، دەربارەی ماددەی یەکەم کە باسی ئەندامیەتی پەرلەمان دەکات، من هەندێ تەعقیبم هەیە لەسەر ئەوە، باشە ئەمە ئەگەر بە خزمەت و بۆ مەوزوعی دامەزراندن و بەرزکردنەوە تەرقیە و پلەی زانستی بۆ تەرفیع حساب بێت، بۆ خەڵکی تر حساب نەبێ، ئەمە یەکەم، دووەم/ ئەمە ئەوە ئەگەر بۆ هەموو خەڵکیشی حساب بکەی ئەوەی وەکو ئەندامی پەرلەمان کە بۆی حساب بێت، هەیە لە کەرتی تایبەت ئیش دەکات و هەیە لە کەرتی گشتی ئیش دەکات، ئایا دەبێت ئەوەی لە کەرتی گشتی ئیشی کردووە لەگەڵ ئەوەی کە لە کەرتی تایبەت ئیشی کردووە یەك حسابی بۆ بکرێت؟بۆیە نوقتەیەکی ئەساسی تریش هەیە، بۆ مەوزوعی پلەی زانستی، پلەی زانستی بە مومارەسەی میهنەکەی خۆت فێر دەبیت و مومارەسە وەردەگری، ئێستا ئەوەی کە خەریجی قانونە با بەخۆی بڵێ محامی مومارەسەی نەکردبێت ئایا فیعلەن مەحامییە، ئایا بەیانی بگەڕێتەوە بۆ ئەو شوێنەی خۆی مامۆستای جامعەیە و یان مەحامیە ئایا دەتوانێ هیچ لە فێربوونی لائیحە نووسین و لە دفوعات و لە دەعوا زیاتر فێربووە؟ لەبەرئەوە بەڕاستی پلەی زانستیان پەیوەندی بە مومارەسەی عەمەلی و فعلیە لە ئەسنای ئەو وەزیفەیەی کە بە ڕەسمی ئەسڵی وەزیفەکەی خۆتە، بەرزکردنەوەی پلەی خۆتە، پلەی زانیستی بەڕای من شتێکی قورسە و پێویستە لیژنە تایبەتمەندەکان بەدوایدا بچنەوە و پلەی زانستی بەڕای من بە مومارەسەی فعلی دەتوانێ پلەی زانستی وەربگرێ نەوەکو بڵێین هەشت ساڵە وا لە پەرلەمان بوو و گەڕایەوە ئایا ئەوە تەئسیری ئەوەی لێ دەکات کە ئەم زەلامە توانای تەدریس و توانای خۆی بەرز بکاتەوە، من زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز حسن محمد سورە (جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك د.بشیر فەرموو.

**بەڕێز د.بشیر خلیل حداد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە ڕاپۆرتی هەر دوو لیژنەی خوێندنی باڵا و یاسایی دەکەم، لەبەرئەو ماددەیە، بە نیسبەتی ناونیشانەکە پشتگیریان دەکەم کە ناونیشانەکە کورت بکرێتەوە بۆ ( ئەژمارکردنی پلەی زانستی و ڕاژەی زانکۆیی) بە نیسبەتی ماددەی یەکەم منیش ڕاموایە لەم چوارچێوە تەسکە دەربچێت و تەنها بۆ ئەندامانی پەرلەمان نەبێ بەڵکو گشتگیر بکرێت بۆ هەموو ئەوانەی لە دامودەزگاکانی حکومەت کاردەکەن یان لە دامودەزگاکانی کەرتی تایبەتیش کار دەکەین، بەڵام من پێموایە دوو مەرجی بۆ زیاد بکرێت، یەکەمیان بە مەرجێك کە بە پێی ڕێنمایەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا بێ و دووەم/ ئەو لیژنەیەی کەوا پلەی زانستی دەدات دەبێ لیژنەیەك بێت لە وەزارەتی خوێندنی باڵا، نابێ لەو دەزگایەی کە هەڵگری خوێندنەکە لێیەتی

نا، بەڵكو دەبێ لەهەر كوێیەك بێت، ئەوە بكات، دەبێ بگەڕێتەوە بۆ وەزارەتی خوێندنی باڵا ئەوان بە پێی ڕێنماییەكانی خۆیان لیژنەیەك دروست دەكەن بۆ پێدانی نازناوی زانستی و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە (جێگری سەرۆكی پەرلەمان):**

مامۆستا عمر فەرمووو.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من دوو تێبینی شكلیم هەیە، یەكیان باسی ناونیشانەكەیە لەسەر ئەو پێشنیارەی بەڕێز لیژنەی پەروەردە ئەگەر باس لە بڕوانامەی ماستەر و دكتۆرا لەگەڵی باسی ڕاژەشی بۆ زیاد بكەین، دەبێ باسی ئەوە بكەین كە لە دەرەوەی وەزارەتی خوێندنی باڵای تیایە، چونكە ئەگەر وانەبێ ئەوانە تەعمیم دەبێ كە پرۆژە یاسا یان یاسا دەبێ موحەدەد بێت باسی چی دەكەین وەكو تێبینیەك بۆ بەڕێز كاك د.عمر كەباسی كرد، یان دەبێ وای لێ بكەین ئەژماركردنی پلەی زانستی و ڕاژەی زانكۆیی هەڵگرانی بڕوانامەی دەرەوە یان ناو وەزارەتی خوێندنی باڵا، ئەگەر ئەوەی تیا نەبێ كەواتە ئێمە تەعمیمان كرد و لەگەڵ ناوەڕۆكەكەی ناگونجێ، بە نیسبەتی ئەو دەقە عەرەبیەش ئەوەی كە سۆزان خان خوێندیەوە، ئەو تەعبیرەی كە لای ئێمەیە ڕەشنووسە ئەسڵیەكە نازانم گۆڕانێكی تیایە هەر ئەوە دروستە كە لای ئێمەیە نەك بەو شێوەیەی مودەكە پێش بخرێت، بەم شێوەیە فیعلەكە پێش بخرێت لەڕووی داڕشتنی عەرەبیەوە، مادام عەرەبیەكە دەكەینە ئەسڵ، (تحتسب فترة قضاء اساتذة الجامعة حملة شهادة الماجستير والدكتوراه فی عضوية برلمان كوردستان ـ العراق خدمة جامعية فعلية لغرض التعيين والترقية العلمية والترفيع) ئەو داڕشتنە دروست ترە تا ئەو داڕشتنەی كە خوێندرایەوە، نەخێر جەنابت وات نەخوێندەوە، بۆیە من ڕاستی دەكەمەوە ( تحتسب اساتذة الجامعة...... ) جەنابت بەو شێوەیە نەتخوێندەوە.

**بەڕێز حسن محمد سورە (جێگری سەرۆكی پەرلەمان):**

د.دانا فەرموو.

**بەڕێز د.دانا سعید سۆفی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ناونیشانی پرۆژە یاسایەكە منیش بە هەمان شێوە پشتیوانی لەو پێشنیارە دەكەم كە كورت بكرێتەوە ئەوەی كە پێشنیار كرا، هەروەها پشتیوانی لە ناوەڕۆكی با بڵێین پرۆژە یاسایەكە دەكەم، لەبەرئەوەی كە پێموایە ئەو پرۆژە یاسایە دەبێتە هۆی هاندانی ئەوانەی كە لە دەرەوەی با بڵێین وەزارەتی خوێندنی باڵا و زانكۆكان دا كاردەكەن، دووبارە خەریكی كاری توێژینەوە و كاری ئەكادیمین هەرچەندە ئەوەی كە با بڵێین لە زانكۆكان دا كار ناكەن، ئەمە لە كاتێك دا پێویستە، لەبەرئەوەی ئێمە لە كوردستان لەڕاستی دا توێژینەوەی زانستی زۆر كەمە، توێژینەوەی ئەكادیمی زۆر كەمە، جا ئەو با بڵێین ئەو كادیرانەی كە لە دەرەوەی زانكۆكان كار دەكەن، یان لە دەرەوەی وەزارەتی خوێندنی باڵا كار دەكەن پێموایە

کاتیان زیاتر دەوێت بۆ ئەوەی بتوانن خەریکی کاری توێژینەوە بن، بەهەمان شێوەش دەبێتە لێك نزیك کردنەوەی یا بڵێین دوو دونیای جیاواز دونیای ئەکادیمی و دنیای با بڵێن لە دامودەزگاکانی تر کە هەریەکە و ئەوەیەکی ترە، بۆ خۆی لە خۆیدا وا دەکات کە توێژینەوەکان بەشێوەیەکی باشتر و هەروەها زیاتر نزیك تر لە واقع بکرێن و بنووسرێنەوە، بەڵام یەك شت ئەوەی من دەیبینم ئاماژەی پێ نەدراوە یاخود ئەوانەی کە پێشنیاریش کرا باس لەوە دەکرێت کە هەموو دامودەزگاکانی وڵات با بڵێین ئەوانەی کە لە دامودەزگاکانی وڵات ئیش دەکەن، ئەوانە بگرێتەوە، مەسەلەی خزمەتی زانکۆیی و مەسەلەی پلەی زانستی، ئەی ئەوانەی کە لە کەرتی تایبەت ئیش دەکەن، بۆ ئەوانیش نەگرێتەوە، بەڕاستی ئەوە بەڕای من پێویستە مەسەلەی کەرتی تایبەتیش ئیزافە بکرێت و لەزۆر لە وڵاتانی دنیادا بە هەمان شێوەیە، چ کەرتی تایبەت بێت چ کەرتی گشتی بێت بە هەمان شێوە حسابی لەگەڵ دەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە (جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك جلال فەرموو.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵا من پێش قسەکردنەکەم دوو ئیستفسارم هەیە، یەکەمیان مەشروعی قانون، ئایا ئەم پرۆژە یاسایە لەگەڵ یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا و پەروەردە جیاوازی و تەناقوز دروست ناکات؟ ئەمە یاسایەك بێ و ئەویش یاسایەکە کە وای تێ دەگەم لە هەندێ خاڵ دا تەناقوز هەیە، لەبەرئەوە پێشنیار دەکەم ببێ بە پرۆژە بڕیار، دوو/ بەڕاستی تەسائولێکی دیکەم هەیە، ئەندام پەرلەمان کە بوو بە ئەندام پەرلەمان موستەقیل دەبێ لە وەزیفەی، هەر چی خزمەتێك هەیە و هەرچی شوێنێکت دەوێ تۆ موستەقیلی، ئایا ئەوە یاساییە داوای حساب کردنی ئەو خزمەتە بکرێ وەکو ئەندام پەرلەمان؟ هەر ئەو سوئالەم هەیە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە (جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك جمال فەرموو.

**بەڕێزجمال طاهر ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەڵەن من لەوە دەست پێ دەکەم لە سەرەتادا عینوانی پرۆژەکەیە، پرۆژەکە دەڵێ (المشغولی فی الدوائر أو خارج التعليم العالي) ئەوەڵەن ئەوە غەڵەتە، لازمە بیکەنە (احتساب الدرجة العلمية للعاملين فی مؤسسات غير التعليم العالي) ئەمە یەك، ئەم پرۆژە یاسایە ئەگەر بێتو سەیری بکەی تەنها لەقەبی علمی نیە، لەقەبی عیلمی بەدوای دانی لەقەبی علمی تەبیعاتی دارایی دەبێت، ئەگەر بێی ئێستا ئەجری موحازەرەی مامۆستای موساعد یان مودەرس موساعد حساب بکەی فەرقە لەگەڵ مامۆستا و مامۆستا فەرقە لەگەڵ ئوستازی موساعد و ئوستازی موساعد فەرقە لەگەڵ ئوستاز، یەعنی هەر یەك بە شێوەیەکە، دانی ئەم

لەقەبە تەبیعاتی دارایی لەسەر دەکەوێ، ئەمە یەك، دەبووایە ڕەئی حکومەتی لەم بابەتە وەربگرین، چونکە ئەوە تەبیعاتی دارایی دەکرێ، دووەم/ ئەم یاسایە وابزانم مەبەستی ئەوەیە زیاتر (منح حقوق وامتیازات العاملین فی مؤسسات التعلیم العالی لاقرانهم العاملین فی غیر مؤسسات التعلیم العالی) ئەگەر بێتو سەیری پرۆژە بکەین یان بە مەوادەکانی دەبینن ناکۆکیەك پەیدا دەکات لەگەڵ یاسای خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی، (قانون التعلیم العالی والبحث العلمی) ژمارە 10 بۆ ساڵی 2008 بەتایبەتی لەگەڵ مەوادی 19 و 20 و 21 و 22 و 23 بۆ نموونە دەڵێت (یشتمل فی من یعین أو یمنح مدرس ان یتوافر فیە احد الشرطین التالیین، ان یکون حائزاً علی الشهادة العلمیة أو الفنیة......... الخ، ثلاث سنوات مثلاً فی الدراسة الجامعیة) بێت، لازمە ئەوەندە ساڵی هەبێت لە تەدریس کردن لە جامعە، ئەوەی لە موئەسەسەیەکی تر بێت تەدریس ناکات، لەقەبی علمی وەك ئێمە تێ گەیشتووین و ئیشمان کردووە، 15 ساڵ من عەمیدی مەعهەدی دهۆك بووم لەقەبی علمی بەو کەسانە دەدرێت ئەوەی لە موئەسەساتی تەعلیمی عالی ئیش دەکات، بۆیە من پێشنیار دەکەم ئەو پرۆژە ڕەد بکرێت و بکرێت بە شێوەی بڕیارێك بڕیارەکەش ئەوە بێت دانی ماف و ئیمتیازاتی شەهادە بۆ ئەو کەسانەی کە لە دەرەوەی موئەسەساتی تەعلیمی عالی ئیش دەکەن، ئەگەر سەیریش بکەن هەتا ئەوە لەگەڵ قانونی خدمەی جامعی هەیە، قانون خدمەی جامعی فەرقە لەگەڵ قانونی خدمەی مەدەنی، یەعنی ئیشەکە تووشی موشکیلەمان دەکات، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە (جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

سوپاس، ئەڤین خان فەرموو.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر بێتو ئێمە خوێندنەوەیەکی یاسایی بۆ ئەم بابەتە بکەین، من لەگەڵ ڕێزێکی زۆرەوە لیژنەکەی کە ئەم ڕەئیەیان داوە لەسەر ئەم بابەتە، بەڵام ئەگەر خوێندنەوەیەکی یاسایی بۆ ئەم بابەتە بکەین دەبینین تەناقوزێکی زۆر هەیە لەگەڵ ئەم یاسایەی کە ئێستا پێشکەش دەکرێت لەگەڵ یاسای خوێندنی باڵا و توێژنەوەی زانستی، ئەمە لە لایەکەوە خیلافێکی قانونیە لەبەرئەوەی تەناقوز هەیە و دەبێ یەکێکیان لەسەر ئەوەی تر هین بکەین، دووەم خاڵم ئەوەیە وەکو کاك جمال بەڕێزیان باسی کرد دوو خدمە هەیە خدمەی جامعی جیایە لەگەڵ خدمەی ئیداری یاخود ئەو خدمە مەدەنیەی کە مەعمولە لەناو دەوائیر دا کە کاری پێ دەکرێت، بۆ نموونە من لەسەر خۆم میسال دەهێنمەوە، من هەڵگری ماجستیرم، بەڵام دەرسم نەوتووەتەوە، بە چ شێوەیەك من لەقەبی مودەریس موساعیدم دەدەنێ یاخود مودەرەسم دەدەنێ هەرچەندە خزمەتیشم هەیە، لەبەرئەوە خزمەتی ئیداریم هەیە، بەڵام خزمەتی جامعیم نیە، باشە من بە چ مافێك دەڕۆم لەقەبێکی علمی وەردەگرم کە مومارەسەی ئەو کارەم نەکردووە، چونکە بەڕێزان ئەم لەقەبانە کە دراون ئەمە مومارەسەی ئەکادیمیە، ئەگەر مەسەلەی ئیمتیازاتە ودانی حقوقە و دانی

موخەسەساتە و هەندێ شتە بۆ ئەو بەڕێزانەی حەملەی ماجستێر و دكتۆرا ئەوە بابێكی ترە، دەبێ لە پرۆژە بڕیارێك دا یاخود یاسایەك ئیزافەی بكەین بۆ یاسای خوێندنی باڵا بڵێین ئەمانە ئەتوانن ئەم ئیمتیازاتانە و ئەو بڕە پارەیەی كە زیاتر دەدرێت با وەری بگرن، بەڵام غەیری ئەمە بەڕاستی بە فكری من ئەوە دیسانەوە شتێكی نایاساییە و دەبێتە خیلافی یاسا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە (جێگری سەرۆكی پەرلەمان):**

بێریڤان خان فەرموو.

**بەڕێز بێریڤان اسماعیل سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

یەكەم جار بە ناوی پرۆژەكە دەست پێ دەكەم، ناوی پرۆژە یاسایەكە زۆر دوورودرێژە، لە پرۆژەكە گەورەترە، پێویست ناكات پرۆژەیەك ناوی هەبێ و هەموو ناوەڕۆكی پرۆژەكە لەسەر ناوەكەی دەرچێت، چونكە زۆرجار پرۆژەكە دیارە لە ناوەوە، بە نیسبەت ماددەی یەكەم من لەگەڵ ئەوە نیم ئەو ماددەیە داوا دەكەم ئیلغا بكرێت، چونكە زۆر تایبەتە بە پەرلەمان و پەرلەمانتار پێویست ناكات یاسایەك دەربكەین بۆ توێژینەوەی زانستی كە باسی خۆمانی تێدا بێت، ئەگەر پەرلەمان دەیویست ئەو خزمەتەی بۆ حساب بكرێت پێشتر دەیزانی خۆی هەڵنەبژاردبا بۆ پەرلەمان و چووبا خزمەتی خۆی كردبا، خزمەت كردن لە ناو حكومەت و لەناو دەرس گوتنەوە جیاوازە، وەكو خزمەت كردن لەناو پەرلەمان، بۆیە داوا دەكەم ئەو ماددەیە نەبێت كە تایبەت بێت بە پەرلەمانتار، چونكە لە ماددەی دووەم دا ڕوون كراوەتەوە كە هەموو ئەو كەسانە دەگرێتەوە كە لە دەرەوەی خوێندنی باڵا كار دەكەن، لە هەموو دنیا كە دەڵێن وایە بە ڕەئی من وانیە لە هەندەك دنیا وایە كە كاركردن لەناو پەرلەمان بۆی حساب بكرێت.

**بەڕێز حسن محمد سورە (جێگری سەرۆكی پەرلەمان):**

كاك ئاسۆ فەرموو.

**بەڕێز بكر كریم محمد(ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشەكی من لەگەڵ سەر لەبەری ئەو قانونە نیم، پشتگیری لە ڕای خوشكی بەڕێز ئەڤین خان دەكەم، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە (جێگری سەرۆكی پەرلەمان):**

كاك د.ڕێباز فەرموو.

**بەڕێز ڕێباز فتاح محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەگەر ئەو ماددەیە تایبەت بێت بە خزمەت كردن و ئەوەی كە باسكراوە تەرفیع كردن، ئەوە پێویست ناكات تەنها تایبەت بكرێت بەو كەسانەی كە ماستەر و دكتۆرایان هەیە و لە پەیڕەوی ناوخۆش هاتووە،

لەبەرئەوە پێویست ناکات لێرە تیکرار بکرێتەوە، بەڵام ئەگەر ئەوەی پەیوەندی بە بەرزکردنەوەی پلەی زانستییەوە هەیە پێموایە ئەوە هەم نایاسایيە و هەم نازانستیشە، لەبەرئەوەی کەسێك وەك پێشتریش باسیان کرد ئەگەر کەسێك لە میهنەکەی خۆی مومارەسەی نەکردبێت، چۆن دەکرێت پلەی زانستی پێ بدرێت؟، باسی ئەوە دەکرێت کە ئەم کەسە توێژینەوە بکات لە پەرلەمان، ئەو کەسە کە دێت و دەبێتە ئەندامی پەرلەمان، یەکێك لە مەرجەکانی ئەوەیە کە دەبێ تەفەروغ بکات، موستەقیل بێت لە ئیشەکەی خۆی، باشە ئەگەر سەرقاڵی توێژینەوە بێت ئەی کارەکانی خۆی لە پەرلەمان؟ لەبەرئەوە منیش بە هەمان شێوە لەگەڵ ئەومادەدەیە نیم و پێموایە ئەو ماددەیە ئاراستە کردنی پەرلەمانە بە ئاراستەی بەرژەوەندی شەخسی و بەرژەوەندی چەند کەسێکی تایبەتی تیایە و سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە (جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك کاردۆ فەرموو.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەلای منەوە پێوانەکە دەبێ پێوانەیەکی زانستی بێت، پەیوەندی بە خزمەت و هەژمارکردنی خزمەتەوە نەبێت، پشتیوانی بۆچوونەکەی کاك ڕێباز دەکەم و سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە (جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

سیوەیل خان فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسەبتی ئەو پرۆژە یاسایەوە، نەدەبووایە پرۆژە یاسا بێت، لەبەرئەوەی وەزارەتی خوێندنی باڵا یاسای تایبەتی خۆی هەیە، ئەوە یەك، دوو/ دەبووایە ئەو پرۆژە یاسایە ڕێزم هەیە بۆ لیژنەکان، یەعنی ئیلغایان بکردباوە و ڕەدیان بکردباوە، لەبەرچی؟ لەبەرئەوەی ئەوە دەکرا بە ڕێنمایی وەزارەتی خوێندنی باڵا لەگەڵ ئەنجومەنی وەزیران چەند ڕێنماییەکیان دەکردبا بۆ پێدانی پلەی زانستی و بە پێی پلەی زانستیش کە دەدرێتە هەر مامۆستایەك و هەر کەسێك دەبووایە بە پێی مومارەسە بێت و نەك هەروا لە کەرتێك و لە کەرتی گشتی بێت یان تایبەتی بێت لە دامودەزگایەك بێت ئیش بکات، هەمان کاری مامۆستایەکەی زانکۆ ناکات، بەحسی نیە یان لێکۆڵینەوە و شتی وای نیە، کەچی پلەیەکی زانستی پێ دەدرێت، ئەوە یەك، دوو/ ئەگەر ئەو یاسایە ڕەفز نەکراوە، پێم باشە ماددەی یەکەم هەر ڕەفز بکرێتەوە، لەبەرئەوەی ماددەی یەکەم زۆر بە زەقی هاتووە بەرژەوەندی ئەندامانی پەرلەمانی تێدا هەیە، لەدوای تەواو کردنی خزمەتیان، یەعنی ئەوە زۆر زۆر زەقە و زۆر بە قورسیش دەوەستی لەسەر پەرلەمانی کوردستان لەسەرەتا بەرژەوەندی ئەندامانی پەرلەمان لەسەرووی مامۆستایانی تر بێت و سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە (جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

شلێر خان فەرموو.

**بەڕێز شلێر محی الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری لە ڕاپۆرتی پەروەردە و خوێندنی باڵا دەکەم بۆ ماددەی یەکەم و قسەکانم کرا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە (جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك شڤان فەرموو.

**بەڕێز شڤان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری لە ڕاپۆرتی لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا دەکەم، عینوانەکەی منیش پێم باشە دەرەوەی زانکۆ بگرێتەوە بەوەی لە عینوان دا دیار بێت، لە دەرەوەی زانکۆش، بێ گومان دەرەوەی زانکۆ کەرتی تایبەتیش دەگرێتەوە، کەرتی تایبەت دەگرێتەوە بێ ئەوەی ناوی بهێندرێت، دووەم/ من پشتگیری لەوە دەکەم کە ماددەی یەکەم ئەندامانی پەرلەمان نەبێت بۆ ئەوانە کە لە دەرەوەی زانکۆ تەنها ناوی ئەندامی پەرلەمان نەدەن، کە گوتمان ئەوە پێویست بە ناوی ئەندام پەرلەمان ناکات لێرە، من پێموایە ئەم یاسایە تەواوکەری یاسای خوێندنی باڵایە و دەروازەیەکی ترە بۆ پێشخستنی زانست و خزمەت کردنی گەل و وڵات لەسەر ئەساسێکی علمی و پشتگیری لە پرۆژە یاسایەکە دەکەم سەرلەبەری پێویست بە پێداچوونەوەی بەڵگەکان دەکات، من تەنیا مولاحەزەم هەیە، ئەو ماف و ئیمتیازاتی لە خدمەی جامعی بەدەرەجەیەکی علمی دەدرێ، لەڕووی موخەسەسات و ڕەواتبەوە هاوشانی نەبێت، بەڵام لەڕووی تەرقیە و لەڕووی خزمەت کردن وەکو دەڵێن من لە پەرلەمان نەمام و چوومە دائیرەیەك ئێستا لە پەرلەمانم و یەك لە دەزگاکانی خوێندنی باڵا لەو زانکۆ تایبەتانە دەرەجەی علمی ئەگەر دەرەجەی علمی ئەو لەقەبە علمیە بێت بتوانم موشارەکە بکەم، بۆ خزمەت بەرەفز حساب بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە (جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك د.سەوەر فەرموو.

**بەڕێزد.سەروەر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم خۆشە لەوە زیاتر تۆزێك لەسەر ئەو پرۆژە یاسایە قسە بکەن کە گفتوگۆی لەسەر دەکەین، بمبوری بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، یەکەم/ من پشتگیری لە ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی دەکەم و هەروەها لە لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵاش ئێمە ئەو بابەتەمان زیاتر ڕوون کردووەتەوە، بە تایبەتی کە هاتووین و دوو ماددەمان لێك داوەتەوە، مەبەست لەم پرۆژە یاسایە هەموو ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە لە دەرەوەی وەزارەتی خوێندنی باڵادان نەوەکا بەس بۆ پەرلەمان نووسرابێت، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان هەست دەکەم بەلا ڕێیەك دادەبردرێت و باس لەوە دەکرێت کە بۆ ئەندامی پەرلەمان نووسراوە، ئەمە بۆ ئەندامی

پەرلەمان نەنووسراوە، ئێمە لە پەرلەماندا لەو بابەتە دوو جۆر کەسمان هەیە کە بیگرێتەوە، یەکێکیان ئەو کەسانەن و ئەو بەڕێزانەن کە لە پەرلەمانن و پێشتر لەقەبی زانستیان هەبووە، ئەمە حەقێکی موکتەسەبە کەس ناتوانێ لێیان بسێنێتەوە، بە پێی قانون ئەوە بەڕێز وەزیری خوێندنی باڵاش دانیشتووە، دەتوانن مومارەسەی بکەن و دەتوانن پلەی زانستیشیان بەرز بکەنەوە و دەتوانن بەحسیش پێشکەش بکەن، بە پێی ئەو ڕێکارە زانستیانەی کەوا بڕوانامەکەیان پێ وەرگرتووە و بە پێی ئەو ڕێکارە زانستیانەی کەوا لە یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا دا هەیە، بەڵام جۆرێکی ترمان هەیە و هەندێ لەبەڕێزان کە لە پەرلەمانی کوردستانن لەوانەیە لەو سەردەمەی لێرە بێ و پێشتر خوێندکاری ماستەر بووبێ و قوتابی ماستەر بووبێ هاتووە بڕوانامەی بەدەست هێناوە و ئەویش حەقێکی هەیە، بۆ ئەندامی پەرلەمان تاکێکی ئەو کۆمەڵگەیە نیە؟ بۆ ئێمە بێین بەو جۆرە سەیری بکەین، دوای ئەوە ئەگەر سەیری پڕۆژە یاسایەکە بکەین لە پڕۆژە یاسایەکەدا ماددەی دووەم بە هەمان شێوە بە هەموو ئەو کەسانەی تری باس کردووە کە دەیانگرێتەوە لە دەرەوەی وەزارەتی خوێندنی باڵا نەك هەر ئەندامی پەرلەمان، ئەندامی پەرلەمان تاکێکە لەوان، بۆ ئاگاداری بەڕێزیشتان ئەگەر بڵێین ئەمە بۆ ئەندامی پەرلەمانە پێم خۆشە هەموو بەڕێزان پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان بخوێننەوە کە لە ماددەی 29 لە بڕگەی أ دا هاتووە دەڵێت (خزمەتی ئەندام لە پەرلەمان دا بۆ مەبەستی زیادەی ساڵانە و پلە بەرزی و خانەنیشینی دەژمێردرێت) واتە ئەندامی پەرلەمان بۆ خۆی ئەو حسابەی بۆ دەکرێت، پێویست بەوە ناکات ئێمە ناو لەوە بنێین و بڵێین ئەندامی پەرلەمان نووسراوە، ئەندامی پەرلەمان ئەگەر ئەم یاسایەش نەبێ هەر لێی دەردێنین، دەیگرێتەوە و پێویست بەمە ناکات، ئەمە کە نووسراوە بۆ ئەو کەسانە نووسراوە لە دەرەوەی وەزارەتی خوێندنی باڵا بە دوو مەبەست، یەکێکیان مەبەست لێی هاندانی توێژینەوەیە، یەکێك لەو بابەتانەی کەوا لەم وڵاتە دا حسابی بۆ ناکرێت توێژینەوەی زانستیە، هاندانی توێژینەوەیە و هاندانی ئەو کەسانەیە کە توێژەرن و بڕوانامەی ماستەر و دکتۆرایان بە دەست هێناوە، بۆ ئەوەی کاتێك ئەو توێژینەوانە دەکەن لە پاڵ ئەوەدا پێویستە تەشجیعێك هەبێ بۆ ئەوە، ئەمیش ئەوەیە پلەی بەرز بێتەوە، دووەمیان/ بەهێز کردنی دامودەزگاکانە، دامودەزگاکانی تری هەرێمی کوردستان لە وەزارەتەکانی تردا بۆ ئەوەی ئەو خاوەن بڕوانامە بەرزانە بە جێی نەهێڵن و داوا نەکەن کەوا ئەوێ بەجێ بهێڵن و لەو شوێنەدا خزمەت بکەن و لە هەمان کات فشار نەخەنە سەر وەزارەتی خوێندنی باڵا کە داوا دەکەن بەڕێز وەزیری خوێندنی باڵا دانیشتووە و دەزانێ چ فشارێك لەسەر وەزارەتی خوێندنی باڵا هەیە، لە هەندێ پسپۆڕیش لەوانەیە پێویستی پێی هەبێ، بەڵام بۆی نایە، بۆیە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، من داوای ئەوە دەکەم کەوا لێرە ئەگەر کەموکوڕیەك هەیە لەم پڕۆژە یاسایە با بێین چاکی بکەین و بە تایبەت تر ئەوانەی وەزارەتی پەروەردە، ئێمە هەرچەندە ئێستا ئەگەر بێینە سەر ماددەکانی تر لێرە قسەی لەسەر ناکەم و لە ماددەکانی تر قسەی لەسەر دەکەم کەوا بە پێی یاساش ئێمە خۆمان هاتووین یاسا پێشێل دەکەین و زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

كاك سالار محمود فەرمووو.

**بەڕێز سالار محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، لە ڕاستیدا وەکو پرەنسیپ بیرۆکە، بیرۆکەیەکی گرنگە، بەلاًم من ڕام وایە ناوەڕۆکەکەی پڕ نەقوسانیە، هەم پڕۆژەکە هەم ڕاپۆرتی لیژنە بەڕێزەکان، چونکە ئەگەر مەبەستەکە دانی توێژنەوەو لێکۆڵینەوە بێ، من تەسەوڕم وایە تەرکیز لە محتەوای پڕۆژەکە لەسەر ئیمتیازاتە، ئەمە یەکێکە لەو تێبینیە جەوهەریانەی کە لەسەر ئەم بابەتە هەیە، چونکە من ڕام وایە تەدقیقی علمی ئەبێ لەسەر بنەمای تایبەتی خۆی بێ، شێوازی زانستی خۆی هەیە، بەڕێزان ئەوانەی کە هەڵگری بڕوانامەی دکتۆراو ماجستێرن لە پەرلەمان و بۆ خەڵکی کوردستانیش ئەزانن چەند ڕێکارێکی یاسایی هەیە، وەزارەتی خوێندنی بالاً کۆمەڵێك تەعلیماتی تایبەت بەوەی هەیە، بۆیە ئەگەر قسە لەسەر مەسەلەی توێژینەوە هەیە، ئەبێ ئاماژە بە ڕێکارە یاساییەکە بکرێ، هەر لە ماددەی یەکەمەوە، دووەم، من ڕام وایە مەسەلەی تەرفیع بۆ ئەو کەسانەیە کە ئەندامی پەرلەمان یان وەزیرن یان پلەی تایبەتیان هەیە، نەوەك پێویست نیە، بەڵکو یەکێکە لە نەقوسانیەکانی ئەم پڕۆژەیە، چونکە لە ڕووی ماف و ئیمتیازەوە خاوەن پلە تایبەتیەکان ئیستیحقاقاتی خۆیان وەردەگرن، بۆیە ئەبێ ئەگەر مەسەلەکە بابەتی علمیە، هاندانە بۆ توێژینەوە، بۆ دانەبڕاندنی ئەو کەسایەتیانە کە لە مەجالی تر ئیش ئەکەن و ئەیانەوێ دانەبڕێن، ئەیانەوێ دەست بەردار بىن، هەروەها ئەم مافە ئەبێ ئەو کەسانەش بگرێتەوە کە لە دەرەوەی دام و دەزگاکانی هەرێمی کوردستان کار دەکەن، نەوەك تەنیا دەرەوەی وەزارەتی خوێندنی بالاً، چونکە ئێمە بۆ هاندانی مەسەلەی توێژینەوەو لێکۆڵینەوە ئەوەبکەین، خەڵکی کوردستان لەڕووی زانستیەوە بتوانن کاری زانستی بکەن، ئەم بابەتە هاندان هەبێ، بەتایبەتی بۆ کەرتی تایبەت، هەندێ ناوەندی توێژینەوەو لێکۆڵینەوە هەن لە دەرەوەی دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانن، ئەبێ ئەو ماف و ئیمتیازە ئەوانیش بگرێتەوە، نەوەك تەنیا دەرەوەی وەزارەتی خوێندنی بالاً، چونکە ماددەی یەکەم ئاماژەی پێ نەکردووە، ماددەی دووەم یەکلای کردۆتەوە ئەوانە بگرێتەوە کە لە دام و دەزگاکانی هەرێمن لە دەرەوەی وەزارەتی خوێندنی بالاً، ئەبێ ئەو خاڵەش لەبەرچاو بگیرێ، بەتایبەت لە لایەن پەرلەمانتارانی بەڕێزەوە کە وەزارەتی خوێندنی بالاً یەکێکە لەو وەزارەتانەی کە داواکاریەکی زۆر هەیە لە لایەن خەڵکی کوردستانەوە بۆ دامەزراندن لە کەناڵە جیا جیاکان، یان دەزگا جیا جیاکان، لە ڕووی موخەسەسات و مووچە، لە کارمەندێکی ئاساییەوە تاوەکو ئەگاتە پلە بالاًکان لە چاو دام و دەزگاکانی تردا، مووچەو موخەسەساتی زیاتر وەردەگرن، ئەبێ ئەم بابەت بەجۆرێك ڕەچاو بکرێ، ئەمە وەکو بیرۆکە جارێکی تر تەئکید دەکەمەوە، مەسەلەیەکی گرنگە، بەلاًم بەداخەوە ناوەڕۆکی پڕۆژەکە تەرکیزە لەسەر ئیمتیازات، بۆیە سحری ئەسڵی مەسەلەکەی کوشتووە، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سەمیرەخان فەرموو.

**بەڕێز سمیرە عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەست خۆشی لە لیژنەکان دەکەم و پشتگیری ڕاپۆرتەکانیان دەکەم، بەنیسبەت ماددەی یەکەم، من پێموایە هەر زیادە، هەر حەزف بکرێ، بەنیسبەت ئەگەر ماف و حقوق بێ، پێویستە هەموو وەزارەتەکان کە تێیدا ماجستێرو دکتۆرا بگرێتەوە، بۆ نموونە، من مودیری مەعهەدی مەرکەزی بووم چەند ساڵ ئەوەی ماجستێرو دکتۆرای هەبوو ئەگەر ئیمتیازەکان نەیگرتبایەوە هەموویان داوای نەقلیان دەکرد بچنە وەزارەتی تەعلیم عالی، هەروەها لە اعدادیەکان، مودیری کۆمەڵگای فاخیر مێرگەسۆری بووم، چەندەها دکتۆرو ماجستێرمان هەبووە، هەتاوەکو بڕیارێك لە وەزارەتی پەروەردە دەرنەچوو لەوێ جێگیر نەدەبوون، بەردەوام ساڵانە تەقدیمی نەقلیان دەکرد، خۆیان دەیانویست حەسر بکەن لە وەزارەتی تەعلیم عالی، بۆ ئەوەی ئیستیفادە لە کەفائەی ئەو دکتۆرو ماجستێرانە بکەم لە دەوائیرەکانی کە پێویستە، پێویستە ماف و ئیمتیازەکان بیان گرێتەوە، ئەگەر بە نیسبەت لەقەبی زانستی و علمی و ئەو شتانەیە، دەبێ بەرێکار بێ، بە تەعلیمات بێ، لەسەر وەزارەتی تەعلیم عالی چەند بەحسی هەبێ، مەسەلەی خزمەتی هەبێ، مومارەسەی فیعلی بکات، بەشداری وۆرك شۆپ و سیمینارەکان بکات، دەست خۆشی دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.صباح فەرموو.

**بەڕێز د.صباح بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا پشتگیری لە ڕاپۆرتی پەروەردەو خوێندنی باڵا دەکەم، هەروەها لە ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی و لیژنەی دارایی، بەڵام یەکەم پشتگیری ناونیشانەکە کورت بکرێتەوە بەو شێوەیەی کە بەڕێزیان فەرموویان، ئینجا پشتگیری لە محتەوای پرۆژە یاسایەکە دەکەم، بەڵام بەوەی کە ماددەی یەکەم وای لێ بێت کە بەڕێز د.عمر خوێندیەوە، تایبەت نەبێ بە ئەندامانی پەرلەمان، هەموو ئەوانەی کە لە دەرەوەی وەزارەتی خوێندنی باڵان، خزمەت دەکەن، چ کەرتی گشتی بێ چ کەرتی تایبەتی، چ حکومەت بێ چ پەرلەمان بێ، بەڵام پشتگیریەکەم لەبەر چیە، لەبەر ئەوەی ئێستا لۆدێکی زۆر لەسەر وەزارەتی خوێندنی باڵا هەیە، ئەوەی ماجستێرو دکتۆرای هەیە، لەبەر ئەوەی حقوق و ئیمتیازاتی خوێندنی باڵا هەیە، هەوڵ ئەدات لە وەزارەتەکان بچێ بۆ ئەوێ، کە ئەمە بەڕاستی کێشەیەکی گەورەیە، ئێمە ئەتوانین بەم یاسایەو بەم پرۆژەیە ئەگەر ئیقرار بکرێ، حەقێك بۆ حەقداران بگێڕینەوە، چونکە ئەو کەسەی کە ماجستێرو دکتۆرای هەیە لەسەر شەهادەکەی ئەنووسرێ( وهذه الشهادة تخوله الحقوق والامتيازات) بەڵام ئەگەر ئێمە بێین و ئەمە ئیقرار نەکەین، بەشێك لەو حقوق و ئیمتیازاتانەی لێ ئەسەنینەوە کە لە ڕاستیا هەقێکی موکتەسەبە، ئینجا لە لایەکی تر لە وەزارەتەکان ئەمانەوێ لەدام و دەزگاکان تەرویجی ئەوەبدەین کە خەڵك

بچێ بەدوای شەهادەی باڵا، ئەگەر یاسایەکی بەو شێوەیە هەبێ خەڵك بمێنێتەوە هەم وەزارەتەکان تەشجیعی دەکەن، هەم خۆشیان پاڵنەرێکی گەورەیان بۆ دروست دەبێ، باس لەوە دەکرێ کە ئەم پرۆژە یاسایە دژایەتی ئەبێ لەگەڵ یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا، بەپێچەوانەوە، یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا تایبەتە بەو کەسانەی کە مونتەسیبی وەزارەتی خوێندنی باڵان، بەلاّم ئەمە بۆ ئەوانەیە کە لە دەرەوەی وەزارەتی خوێندنی باڵان، کەواتە مەوزوعەکە جیاوازە، بابەتی ئەمان لەگەڵ بابەتی ئەوان جیاوازە، باس لەوە دەکرێ ئەو کەسەی هەقە پلەی زانستیەکەی بەرز بکرێتەوە، مومارەسەی فیعلی بکات، فیعلەن ئەبێ مومارەسەی فیعلی کارەکەی بکات، بەلاّم تەنها ساڵی خزمەت مەرج نیە بۆ بەرز کردنەوەی پلەی زانستی، بوونی توێژینەوەش هەیە، بەپێچەوانەوە ئێمە ڕەخنەمان هەیە لەو تەعلیماتەی کە لە وەزارەتی خوێندنی باڵا دانراوە، بۆ بەرز کردنەوەی پلەی زانستی سەبارەت بە ساڵی خزمەت، ئەگەر ئەوان واز لە ساڵی خزمەت بێنن، ئێمە پێویستیمان بەم یاسایە نیە، چونکە لە زۆر لە وڵاتانی تر مەسەلەی توێژینەوە کراوە بە ئەساس، پێشکەش کردنی توێژینەوە، بۆیە دەبینی گەنجەکانیان زۆر بەئاسانی پلەی زانستی وەرئەگرن، پلەی زانستیان بەرز ئەبێتەوە، بەلاّم ئێمە سێ ساڵمان داناوە لە مودەریس موساعدی بۆ مودەریسی، چوارساڵمان داناوە لە مودەریسی بۆ ئوستاز موساعدی، دوای ئەوە شەش ساڵمان داناوە بۆ پرۆفیسۆری، لە حاڵەتێکدا تەماشا دەکەین بوونی ئەو ساڵانە کۆسپێکی گەورەیە لەبەردەم بەرزبوونەوەی پلەی زانستی، کەسێك ڕەنگە توێژینەوەی زۆریشی هەبێ، بەلاّم ساڵەکانیشی چونکە تەواو نەکردووە، ناتوانێ پلەی زانستی بەرز ببێتەوە، ئێمە خۆمان بەراورد بکەین بە کەنداو وناوەڕاست و باشوور و عیراق، گەنجەکانی ئەوان بە زوویی ئەبن بە پرۆفیسۆرو یاریدەری پرۆفیسۆر، بەلاّم ئەوانەی لای ئێمە لەبەر بوونی ئەو ساڵی خزمەتە هەمیشە کۆسپیان بۆ دروست کراوە، ئێمە هەتا بەراوردیشمان کرد بەو سەفەرە، کە وەکو شاندی پەرلەمان چووین بۆ تورکیا، زۆر بە ئاسانی ئەبن بە پرۆفیسۆر و پرۆفیسۆری یاریدەدەر، لەبەر ئەوەی مەسەلەی ساڵی خزمەتیان زۆر بەهەند وەرنەگرتووە، کەواتە ئەم مەوزوعەش وەزارەتی خوێندنی باڵا ئەتوانێ بە ڕێنمایی چارەسەری بکات، ئەگەر هەستمان کرد کەسێك کێشەیەکی هەیە یان مەرجەکانی تێدانیە، وەزارەتی خوێندنی باڵا مەسەلەکە حەسم ئەکات، بەڵگەیەکی تر بۆ پشتگیری کردن لە ناوەڕۆکی ئەم یاسایە، ئەوەیە ئێمە لە وەزارەتەکانی تریش، وەزارەتی پەروەردە، وەزارەتی ئەوقاف، وەزارەتی تەندروستی، وەزارەتی ناوخۆ دەبینین زۆربەی وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کەرتی تایبەتیش کەسانێکمان هەیە موستەهەقی ئەو حقوق و ئیمتیازاتەن، ئەمە سەبارەت بە پلەی زانستی، یان سەبارەت بە ڕاژەی زانکۆیی، نوقتەیەکی گرنگمان هەیە، کە بەڕاستی داواکاری خەڵکێکی زۆرە کە ئێستا لە زانکۆکان مامۆستان، کاتی خۆی لەساڵی 1980و 1985 ماجستێری وەرگرتووە، بەلاّم لەبەر کوردستانی بوون و وەزعی سیاسی و یان لەبەر پێشمەرگایەتی نەیتوانیوە ئیلتیحاق بکات بە یەکێك لە زانکۆکان یان لە مەعهەدەکانەوە، ئێستا کە دێینە سەر ئەژمار کردنی ڕاژەی زانکۆیی، ڕاژەی زانکۆیی پێویستی نیە، چونکە تەمەنی خەریکە نزیك ببێتەوە بۆ تەقاعود، لێرە هەندێ حقوق و ئیمتیازات بێ بەهرە دەبێ و قازانج

ناكات، بۆیە ئێمە ئەبێ تەوازونێ ڕەچاو بکەین، لەبەینی ئەوانەی کە فعلەن موستەهەقی ئەوەن ڕاژەی زانکۆیان بۆ حیساب بکرێ، پلەی زانستیان بەرز بکرێتەوە، ئەو ساڵانەی خزمەتیان کردووە لە دەرەوەی وەزارەتی خوێندنی باڵا، بۆیان بە ساڵی فیعلی و بە خزمەتی فیعلی حیساب بکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕاستی دەبینم زۆربەی ئەندامان قسە لەسەر عینوانەکەو ماددەی یەکەم و ماددەی دووەمیش بەیەکەوە دەکەن، بۆیە دەبێ هەوڵ بدەن یان ئێستا لەسەر ماددەی یەکەم قسە بکەن، یان کە هاتینە سەر ماددەی دووەم قسەکان تیکراریان نەبێ، زۆر سوپاس، کاك د.احمد فەرموو.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم وەرتی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ ئەوەی قسە لەسەر هەردوو ماددەکە نەکەین، پێشنیار دەکەم ماددەی یەکەم و ماددەی دووەم بکرێن بە یەك، یەعنی ئەوەی تایبەت بە ئەندامانی پەرلەمان لابرێت، تەنها ئەوەی دووەم، چونکە هەموو ئەوانە دەگرێتەوە، چونکە ئەگەر ئێمە جیاوازی بکەین لە حیساب کردنی مابەینی ماوەو خزمەت، لەگەڵ حیساب کردنی یان بەرز کردنەوەی پلەی زانستی، یەعنی دوو شتی لەیەك جیاوازە، وەکو ئەوەی د.صباح باسی کرد، ئەوانەی کە مافی ئەوەیان هەیە حقوق و ئیمتیازاتیان بدرێتێ، لەبەر ئەوەی بەهۆکارێ لە هۆکارەکان نەیان توانیوە یان لە شوێنی تر خزمەت دەکەن، ڕاژەکەیان بۆ بەخزمەت حیساب بکرێ، بەلام بۆ مەسەلەی بەرز کردنەوەی پلەی زانستی بەڕاستی، ئەوەی لە ماددەی دووەمیش لە ئەسڵی پڕۆژەکە هاتووە، کە دوایی ئەڵێت بە گوێرەی ڕێکارە یاسایەکانی بەرز کردنەوەی پلەی زانستی بەهەمان شێوە کارمەندانی وەزارەتی خوێندنی باڵا، ئەوە بەڕێز جەنابی وەزیری خوێندنی باڵاش لێرەیە، کە ڕوونی بکاتەوە بەگوێرەی ڕێنماییەکان یان ڕێکارەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا بۆ بەرز کردنەوە چۆنە ئەو ڕوون کردنەوەمان بۆ بدات، بۆیە من پێمباشە ماددەی یەکەم و ماددەی دووەم بکرێ بە یەك، هەموو هەڵگرانی بڕوانامەی ماستەرو دکتۆرا کە یەکێك لە دام و دەزگا حکومیەکان کار دەکەن، یان لە دەرەوەی وەزارەتی خوێندنی باڵا یان لە کەرتی تایبەت ئەو ماوەیان بۆ حیساب بکرێ، بەڕاستی من پێموایە هێشتا بەرز کردنەوەی پلەی زانستی قسەی زیاتری لەسەر هەیەو با جەنابی وەزیریش ڕوونی بکاتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز ڕازاو خان فەرموو.

**بەڕێز ڕازاو محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە کاتێك کە خوێندنەوەیەك بۆ ئەوە پڕۆژە یاسایە دەکەین، ئامانجمان ئەوەیە وەکو هاوکارانیشمان باسیان کرد، کە ئەو لۆدەی لەسەر وەزارەتی خوێندنی باڵایە یاخود ئێمە ئامانجمان بەرەوپێش بردنی توێژینەوەی زانستیە، هاندانی توێژەرەکانمانە لە هەڵگرانی بڕوانامەی ماستەرو دکتۆرا، بۆئەوەی کە

بتوانین لە ڕێگەی یاسایەك كە هەموو ئەو ماف و ئیمتیازانە بۆ ئەو بەڕێزانە بگەڕێنینەوە ئەبێتە ئامانجیكی باش، لێرەشەوە ئەگەر بێینە سەر بابەتەكەكان من پشتگیری لە پێشنیاری كورت كردنەوەی ناونیشانی پڕۆژەكە دەكەم، بەلاَم لەگەڵ ئیلغا كردنەوەی ماددەی یەكەم دام، چونكە بەڕاستی هەر بەڕێزێك لە وەزارەتی خوێندنی بالاَ كاری كردبێ، ئەگەر هەلگری بڕوانامەی ماستەرو دكتۆراش نەبێ، ئەگەر هەلگری بڕوانامەكەش بێ، ئەزانێ كار كردن لەم وەزارەتە یاخود كە توێژینەوە ئەكرێت كۆمەڵێك ڕێكاری تایبەت بە خۆی هەیە، كۆمەڵێك توێژینەوەی زانستی هەیە، كەناكرێ تۆ بە ماددەیەك لە یاسایەك هەموو ئەو شتانەی ئەبەخشیتە كەسانێك بەوەی كە ئەو مافەیان پێ بدەی، بەتایبەتی بەرز كردنەوەی پلەی زانستی، ئەمە كۆمەڵێك ئیجرائاتی قورسی ئەوێت بە تایبەتی بۆ توێژینەوە، بۆیە من پێشنیاری ئەوە دەكەم كە ماددەی یەكەم ئیلغا بكرێتەوە ، هەرچەند بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان ئاماژەی بەوە كرد كە ئێمە ئەگوازینەوە بۆ باس كردنی ماددەی دووەم، بەڵێ، لەبەر ئەوەی ماددەی دووەم خۆی ڕێگە چارەی داناوە بۆ ئەوەی ئەو كەسانەی كە لە هەر دام و دەزگایەكی حكومیدا كار دەكەن، دەتوانن لە ڕێگەی یاخود بەرز كردنەوەی پلەی زانستیان پێببەخشرێ، لەڕێگەی ئەو ڕیكارە یاساییانەی كە دەست نیشان كراوە، بۆیە من پشتگیری لەو پرۆژە یاسایە دەكەم، بەلاَم لەگەڵ ئەوەدام كە ماددەی یەكەم ئیلغا بكرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز كاك عبدالسلام فەرمووو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ڕاستی من دەست پێ دەكەم بەو پێشنیارەی هەردوو لیژنەكە، ڕاستە ئەگەر ناوێكی ڕەشیقی جوان بێ، بەلاَم بە عەرەبی (قانون احتساب الدرجة العلمية) یان هەژمار كردنی پلەی زانستی، هەتا بۆ زانكۆ و بۆ دەرەوەش یەعنی ناونیشانێكی بێ لایەنە، ئەگەر وابێ ناوەڕۆكەكەی ئەو نیە، چونكە ناوەڕۆكەكەش حیساب دەكرێت، پلەكەش حیساب ئەكرێت بەپێی تەعلیمات و یاسایەكە، بۆیە دەبێ بوترێ بۆ كێ؟، دووەم، حەز ئەكەم بەوە دەست پێ بكەم لە ولاَتانی پێشكەوتوو جیاوازیەكی بنەڕەتی گەورە دەخرێتە نێوان پلەی زانستی یان شەهادە، لە بەینی كارو ئەو كارەی تۆ كە فیعلەن ئەی كەیت، بەسەرمن داهات، پێش ئەوەی شەهادەی جامعی بالاَی ماتماتیكم هەبوو لەنەمسا، چونكە شەهادەم نەبوو نەمتوانی بخوێنم، هەتاوەكو شەهادەكەم پەیدا كرد، بەلاَم من پێناسەی سەندیكای یەكێتی مامۆستایانم هەبوو، لەوێ بەتەسدیق تەرجومەمان كرد، وتیان ئەتوانی دەرس بڵێیەوە، لە قوتابخانەكانی نەمسا، ئەمە باشترین نموونەیە كە بەسەری من هات، مومارەسە كردنی دەرس گوتن شتێكە، شەهادەی جامعی و پلەی وەزیفی شتێكی ترە، تەماشای نموزەجی ئەقلانی بكەین، تەنها لەو تەجروبەی لە ولاَتانی وەكو ئێمە هەیە، بە ئیعتیرافی بەریتانیەكان ئەوە نموزەجی دەوڵەتێكە بۆ دەوڵەتێك موستەعمەری، كە نەخوێندەواری تێیدا لە 70٪یە، بەس بۆ ئەوەیە تەمشیەی ئمور بكەین، ئێمە ئەكەوینە هەڵەیەكی گەورە، بۆیە ڕەجاتان لێ ئەكەم لە

سەرەتاوە تێبینیەکانی ئەم خوشك و برایانە لەو مونتەلەقە بکەن، قەت گاڵتە بە پلەی زانستی نەکەین، بەتایبەتی پرۆفیسۆرو یاریدەدری پرۆفیسۆر، ئەمانە ئەدرێن بەو کەسانەی کە ئیسهامیان هەیە لە تەدریسی جامیعی، من چ شانازی بەوە بکەم شەش ساڵ موەزەف بووم لە جێگایەك و چوار ساڵ لە پەرلەمانێك و دووسێ بەحسم نووسی کە بۆم نەبوو، چونکە من تەعاهدم دابوو کە غەیری ئیشی خۆم نەکەم، بە شیوەیە لە شێوەکان وەکو ئەوەی ڕێزم هەیە بۆیان ئەوانەی کە ئێستا پرۆفیسۆرو یاریدەدەرو ئەچمە زانکۆیەکی ئەهلی بەو پرۆفیسۆرو یاریدەدەرە دەرس ئەڵێمەوە، دەبێ خۆم ڕێز لە خۆم بگرم پێش ئەوەی ڕێز لە زانست بگرم، من لەسەر چ ئەساسێك ئەتوانم وەکو پرۆفیسۆر دەرس بڵێمەوە، بۆیە رەجاتان لێ دەکەم لەو مونتەڵەقە تەماشا بکەین نەك لەهیچ مونتەلەقێکی تر...، هیچ پەیوەندیەك نابینم لەنێوان خیدمەو ئیش کردن و لەنێوان پلەی زانستی، ئەگەر من تەدریسی فیعلی بکەم لە زانکۆ هەموو ئەوانەی کە ئێستا باس کران هەقمە، بحوس تەقدیم بکەم، یەکەمین شت ئەوەیە هۆی ئەم یاسایە ڕەت بکرێتەوە ئەسلەن، ئەگەر مەبەست ئەوەیە پلەی زانستی بدرێتە دەرەجەی علمی، بدرێتە ئەوانەی لە دەرەوەی تەدریس ئیش دەکەن، من داوا دەکەم رەتی بکەینەوە، ئەگەر مەبەستێکی تر هەیە، بۆ ئەوەی ئەوانەی هەڵگری ماجستێرو دکتۆران ئیمتیازاتی ماددیان بکەوێتە دەست، چ لەدەرماڵە چ لە خانەنشینی چ لە ساڵی خزمەت، سەرچاو، بەڵام با بەسەریح بین لەگەڵ یەکتر، با ئیهانەی دەرەجەی علمی نەکەین، پێموایە لەو سیستەمە مووچەیە سەقەتە کە لە عیراق هەیە، لێرە ئەوە دابین کراوە، من دژیمە من هەڵگری ماجستێرم سبەی، دوو سبەی، دوو سبەی ئەبمە دکتۆرا، بەڵام توخوا چ خوا قەبوڵ ئەکات دوو کەس ئیش دەکەن بە دەرەجەیەك لە وەزیفەیەکی موحەدەد مودیرن، یەکێك ماجستێری هەیە، یەکێك بە کەلۆریۆسی هەیە، 75٪دەرماڵە وەردەگرێت، ئیش کردن لەسەر بنەمای زیرەکیەو چەند پێشکەش دەکەی بۆ ئەو فەرمانگەیە، نەوەك لەسەر ئەوەی شەهادەت چەندە، بۆیە جارێکی تر من دەڵێمەوە ئەوەی پلەی زانستی واز لێ بێنن من دژم، با ئیهانەی ئەو دەرەجە گەورەیە نەکەین، دوو، ئەگەر بۆ ئیمتیازاتە وەڵلاهی ئەو ئیمتیازاتەی ئەدرێتە دکتۆراو ماجستێر بەشیانە، سێ، کێشەی گەورەمان کە وشەی دەرەوەی وەزارەتی خوێندنی باڵا هاتووە، من ئەڵێم سبەی کێ ئەڵێت زانکۆکان سەر بە وەزارەتی خوێندنی باڵا ئەبن، کێ ئەڵێت لەم خولە یان لە خولی داهاتوو نیزامێك دەرناکەین کە زانکۆکان ئیداریەن سەر بەوەزارەتی خوێندنی باڵانەبن نەبن، بۆیە وشەی دەرەوەی وەزارەتی خوێندنی باڵا ئەگەر خوانەکات هاتو ئەو یاسایە مایەوە، من پێشنیار دەکەم بنووسن ئەوانەی کە کاری تەدریسی جامعی ناکەن، چونکە مەبەست لەوانەیە، ئێستاش ئەگەر ئەوانەی بەمن نازانم لە فەڕاشەوە تا بگەیتە باڵاترین پلە لە وەزارەتی خوێندنی باڵا ئیش دەکەن مەعاشیان دەبڵە، بۆیە خەڵکەکە هەقێتی، ئەو غەڵەتیەی ئێمە کردمان، ئێمە دەمانەویست هانی تاقاتی علمی و مامۆستا بدەین، لەباتی بچنە دەرەوە بێن لە زانکۆکانمان ئیش بکەن، دەستمان خۆش بێ، شەش سەد دۆلارمان ئەدایێ، بەس مع الاسف هەمان موەزەفە لە حیساباتە، ئەو مەسەلەیەی برادەران باسیان کرد لۆدێکی گەورە لەسەر وەزارەتە، خۆ من ئەزانم فەڕاش و چایەچیش داوا دەکەن، ئەوە هەڵەیەکی گەورە بوو کردمان،

ڕاستە ناتوانین ئەو ئیمتیازە لێیان وەربگرینەوە، بەلاّم ناکرێ ئێمە لەسەر ئەو هەڵەیە هەڵەیەکی تر بینا بکەین، واتە ناو نیشانەکە دەبێ مانایەك بدات، دوو، ڕەجاتان لێ ئەکەم ئەم یاسایە نابێ بەهیچ شێوەیەك قیمەتی دەرەجەی علمی کەم بکەین، سێ ئەگەر مەبەست ئیمتیازاتە، تەقاعود و تەرفیع، لە هەموو قەوانینی تر هەیە، ماوە یەك شتی بچووك بڵێم، من گلەییم لەسەر ئەو دە خوشك و برایە هەیە ئەوەی ئیمزای لەسەر ئەو یاسایە کردووە، من وامزانی لە دەرەوە هاتووە، ئەمویست ببورن ئەو قسەیە ڕەقە، تەمەلوق بوو بۆ ئەندامانی پەرلەمان تاوەکو ئێمە بڵێین ئەها ئەو ئیمتیازە بۆ ئێمەیە با تەوقیعی بکەین، من گلەیم لەو خوشك و برایانەی ئێرە بوو، دەبوایە بەدوورو درێژی تەماشای بکەن، ، دێن سەرەڕای ئەوەش ئەمە دەخەنە ناوی تاوەکو هەموو یاسایەکە لەبیری خەڵك بچێت، ئەگەر ئێوە حیسابتان کرد باسی ئێوە دەکەم داوای لێبوردن دەکەم، لە پرۆتۆکۆل بنووسە.....

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە هێمنی، کاك عبدالسلام لەبابەتەکە دەرنەچی.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من داوای لێبوردن دەکەم حەز دەکەم بنووسی....

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە کاك عبدالسلام، تکایە لەم بابەتە دەرمەچۆ و بچۆ سەر مەوزوعەکە.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من داوای لێبوردن دەکەم کە خەڵك وا تێگەیشتبێ کە من ئەندام پەرلەمان بە سووك دەزانم، مەبەستم ئەوە نەبوو بۆ هیچ حاڵەتێك، من ئەمویست بە کوردیە زەعیفەکەی خۆم، کە کوردیم زەعیفە، باشتێکی تر نەکەین کە خەڵك هان بدرێت دژی ئێمە، وابزانیت ئەندام پەرلەمان یاسا بۆ خۆی دەردەکات، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز لیلی خان فەرموو.

**بەڕێز لیلى امیر عاض:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سەرەتا پشتگیری لە بۆچوونەکانی هەردوو لیژنەی پەروەردەو یاسایی دەکەم، پێموایە بەخشینی ئەو مافە بە هەڵگرانی ماستەرو دکتۆرا لە دەرەوەی وەزارەتی خوێندنی باڵا، هۆکارێك دەبێ لە ڕوویەکەوە هۆکارێك و هاندەرێك دەبێ بۆ ئەوەی توێژینەوەی زانستی هەم لەناوەوەی زانکۆکان و لە دەرەوەی زانکۆکان لە ڕووی چۆنایەتی و چەندایەتیەو بەرەو باشی بڕۆن، هەروەها لە ڕوویەکی ترەوە نزیکیەك لەنێوان زانکۆکان و دام و دەزگاکانی تر دروست دەکات، ئەگەر بێتو ئەو ڕێگەیە بە خاوەنی بڕوانامەی ماستەر و

دكتۆرا بدرێت لە دەرەوەی وەزارەتی خوێندنی باڵا، فاكتەرێك دەبێ زانكۆكان لەكاتی پێویست بتوانن سوود لەو توێژینەوانە وەربگرن، هەروەها لە ڕوویەكی ترەوە ئەو فشارەی كە لەسەر زانكۆ هەیە، كە هەڵگری بڕوانامەكان هەمیشە ڕوو لەزانكۆ دەكەن بۆ دامەزراندن، بێ بەش نەبن لەو مافە ئەو فشارە كەم دەكاتەوە، بە بۆچوونی من بەخشینی ئەو مافە بە هەڵگرانی بڕوانامەی ماستەرو دكتۆرا ئەوەندەی كە پەیوەندی بە ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی هەیە، كەمتر پەیوەندی بە وانە وتنەوە هەیە لە زانكۆكان، هەروەها پێم باشە بۆ چارەسەر كردنی ئەو كێشەیەی هەتاوەكو ئێستا باس كرا لە لایەن ئەندام پەرلەمانە بەڕێزەكانەوە، ماددەی یەكەم و دووەم ئەگەر یەك بخرێت و بكرێتە یەك ماددە، ئەو كێشەیە حەل دەكات، بەتایبەت ئەو مولاحەزەیەی كە لەسەر ئەندام پەرلەمان هەیە، كە ئەگەر ئەو مافە شمولی بكات، من تەسەور دەكەم بوون بە ئەندام پەرلەمان هۆكارێك نیە بۆ ئەوەی ڕێگر بێ ئەندام پەرلەمان بیر نەكاتەوە، یان نووسینی هەبێ، چ بە توێژینەوەی زانستی بێ چ تەئلیفی كتێب بێ، بۆیە مافی سروشتی خۆیەتی بەپێی توانای خۆی توێژینەوەی زانستی هەبوو، مافی تەرقیە كردن بیگرێتەوە، هەروەها خاڵێكی تر كەمن بەپێویستی دەزانم لێرە باسی بكەین، ئەگەر ئەو یاسایە ئیقراری لەسەر بكرێ، پێویستە وەزارەتی خوێندنی باڵا ئەنجومەنێك یان بۆردێكی زانستی هەبێ، بۆ ئەوەی تەقیمی ئەو توێژینەوانە بەشێوەیەكی باش بێ، لەو كاتەی كە ئەو كەسانە توێژینەوە تەقدیم دەكەن، تەقیمەكە زیاتر زانستی بێت، بەپێی توێژینەوەكە قبوڵ بكرێ، تەرقیەی ئەو كەسانە بكرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز تارا خان فەرموو.

**بەڕێز تارا تحسین ئەسعەدی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕاستی ئێمە بەرامبەر بە كارێك وەستاوین هەندێك تێنەگەیشتن هەیە، لەوەی كە بە سوور بوونی ئێمە بۆ تەشجیع كردن و هاندانی توێژینەوە شتێكە كە جێگای دەست خۆشیە، لەهەرسێ لیژنەكە ئەگەر مەبەستەكە ئەوەیە و هەر ئەندامێك كە قسەی كردووە لەو بوارە، بەلاَم حەز ئەكەم ئەوە بڵێم ئەگەر هاندانی توێژینەوە بێ، چارەی تر هەیە؟ ناتواندرێت لێرەدا وەكو پلەی زانستی ببێتە سەبەبێك بۆ ئەوەی هاندانی، تەشجیعی هەرە توێژینەوەیەك بێ، چونكە وەكو د.ئاراس وتی من پشتگیری ئەكەم بەڕاستی، حەزیش ئەكەم لێرەدا دوای بەخێرهاتنی جەنابی وەزیر بۆمان ڕوون بكاتەوە، ئەم پلە زانستیەی دەدرێت تایبەتە بە وەزارەتی تەعلیمی عالی، ئەو پلە زانستیەی كەدەدرێت من لێرەدا خاوەنی سێ بڕوانامەم، بە كەلۆریۆسێك و دوو ماستەرنامەم، لێرە ئەندامی پەرلەمانم، هەر توێژینەوەیەك بكرێ، خۆی تەبیعیەن توێژینەوەكە ڕێگەی خۆی ئەگرێت، من لێرەدا ئەگەر لە دەرەوەی پەرلەمان بێ و یان لە هەر شوێنێك بێ، جیایە وەكو ئیمتیازێك و وەكو شتێك دەدرێت بە خاوەن شەهادەكە، بۆ نموونە، من پێش ئەوەی بێمە پەرلەمانیش لە سانەوی بووم، چونكە پێویستی پێی بوو وەزارەتی پەروەردە منی نەخستە تەعلیمی عالی،

لە پەروەردە دەرسم ئەوتەوە، من نازانم چ شتێ، ڕێکارێك هەیە، سەبەبێك بێ بۆ دەرهێنانی ئێستا و ئەم هەموار کردنە، ئەگەر ماف و ئیمتیازاتێکی تایبەت بێ ئەتوانین بۆ توێژینەوەی عیلمی لە وەزارەتی تەعلیمی عالی داوا بکەین، هەندێ شت زیادە بکرێ وەکو ڕێنمایی، زیاتر تەشجیع کردن، بۆ ئەو توێژینەوانەی کە ئەبێ، ئەگەر ئیحتیسابی دەرەجەی عیلمی بێ، وابزانم ئەگەر یەکێك تەدریسی نەبێ تەفەروغی نادرێتێ لە جامیعە، من نازانم چۆن حیسابی بۆ ئەکرێت لە شوێنێك لە کەرتێکی تایبەت بۆ نموونە، یان لە شوێنێك ئیش ئەکات، یەك دەنگ نە دەرس وتنەوەی هەیە، نە بەحسێکی عیلمی هەیە، نە پەیپەرێکی زیاد کردووە، ئیحتیسابی دەرەجەی عیلمی بەچ پێوەرێك ئەکرێت؟، حەز ئەکەم ڕوون کردنەوەیە بێ لێرەدا ئیلتیباسەکە لەوەیە، ئەمانەوێ چی زیاد بکەین بە هەموار کردنەوەی ئەوە بڕیارەی کە لەبەردەممان دایە، وابزانم وەزارەتی تەعلیمی عالی هەمووی لەناوی هەیە، شتەکان مەوجودن ئەگەر بگەڕێینەوەو بیخوێنینەوە، شتێکی ئەوتۆ نیە کە ئێمە زیادی بکەین، ئەگەر تاوەکو ئێستا مافێك هەیە کە خاوەن شەهادەکە وەری نەگرتووە لە دەرەوەی جامیعە، بتوانین بۆی ئیزافە بکەین، چونکە ماف تا نەسەندرێت نادرێت، خۆی شەهادەکەی وەرگرتووە، دکتۆرای وەرگرتووە، ماستەری وەرگرتووە، ئەبێ جێگەی ڕێز بێ، نەوەك ئێمەیەکەم خاڵ، یەکسەر کردوومانە بە ئەندامی پەرلەمان، ئەندامی پەرلەمان بتەوێ و نەتەوێ خاوەنی شەهادەی دکتۆراو یان ماستەرە، خۆی خاوەنیەتی، ئیتر پێویست ناکات ڕەزامان قورس ئەبێ و ڕەزامان سووك نابێ، باش ئەبین و خراپ ئەبین، ئەوە عیلاقەی نیە، ئیحتیسابی دەرەجەی عیلمی شتێکە وەزارەتی تەعلیمی عالی قەرار دەدات، تۆ تەقدیمی بەحست بکە دەرەجەی عیلمی خۆت وەرئەگری، لە دەرەوەی جامیعە بێ یان لە ژورەوەی جامیعە بێ، حەز دەکەم ڕوونکردنەوەکە لە لایەن جەنابی وەزیر بێ، دەست خۆشی لە هەر لایەك دەکەم کە بە پەرۆشیەوە کاری کردووە، بۆ ئەوەی مافێك زیاد بکرێ بۆ ئەو کەسانەی کە خاوەن شەهادەی ماستەرو دکتۆران لە دەرەوەی تەعلیمی عالی، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك عبدالرحمن فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی منیش هەروا دەست خۆشی لە هەردوو لیژنە دەکەم، لیژنەی پەروەردەو لیژنەی یاسایی، بەڵام من زیاتر قسە لەسەر ئەوە دەکەم کە ئەو پرۆژە زیاتر لەخۆی دەگرێ، لە ماف و ئیمتیازات لەخۆی دەگرێتەوە، ئەمە چۆن ئێمە ئەتوانین پلەی زانستی تەحدید بکەین و بدەین بە کەسێك کە لە بواری خۆی ئیشی نەکردبێ؟، ئەو پلەیە لەحەق و ماف و بەدەستی خۆی بەدەستی نەهێنابێ، مەسەلەن ئێمە لێرە باس لە دەرەوەی وەزارەتی خوێندنی باڵا دەکەین، وەزارەتی خوێندنی باڵا ئەو کەسەی کە لەوێ ئیش دەکات و یان لەوێ تەعین دەکرێت، ئیش بۆ ئەوە دەکات و خزمەتی ئەو وەزارەتە دەکات، دەرس بە خەڵك ئەدات، ئینجا ئەوە بە مافی خۆی ئەچێت و ئەو پلەیە وەرئەگرێت، ئێمە لێرە هەروا یەکسەر ئەڵێین با پلە ئەو کەسەی

که ئێستا دامەزراوە لەدەزگایەکی تری حکومەت، ڕاستە خزمەت بەم گەلە دەکا، بەم میللەتە دەکا، ئێستا لەپەرلەماندا خزمەت بەمیللەت دەکا، بەڵام خزمەت بەو وەزارەتە ناکە، ئەوە وەزارەتە پلە دەداتە خۆ، من وەك پەرلەمانتار ئەو پلەیە نادەمە ئەوە، ئەگەر من بدەم ئەوەی لە وەزارەت ئیش دەکا یان دەرس دەڵێ مامۆستا چۆن ئەمە لێرە بچێت ببێتە یاریدەدەر یان عەمید کە شتێك لەوی بەرزتر؟ یەکسەر لێرە لەوێ بەرزتر دەبێت، لەوێ دەرس دەدا ئەما لێرە ئیمتیازو حقوقێکی تری هەیە کەئەندام پەرلەمانە، ئەمە بەهەموو شێوەیەك دژی زانستییە، دژی یاسایە، دژی هەموو عورف و عادەتێکی دونیایە، ئەمە هەر نابێ، ئەگەر بێین نموونەمان هەیە لەساڵی (92 و 93) زۆر مامۆستا هەبوون، خەریج بوون، بەڵام خۆیان تەعین نەدەکرد، دەچوونە شەریکەیەك یان کۆمپانیایەك ئیشیان دەکرد پێنج، شەش وەرەقەی دۆلاریان وەردەگرت، لەمەکتەبەکان سەد دیناری یان دووسەد دیناریان هەر بەخۆرایی بوو، بەخۆبەخشی ئیشی بۆ دەوڵەت و حکومەت دەکرد کەدەرسی دەدا بەقوتابخانەکان، بەڵام ئایا ئەمە دوای ئەوە پەشیمان بۆوە کەهات خەریکە خۆیان تەعین بکەن، کەتەعین بوون بەبێ ئەوەی بچێتە ریزی ئەو پلەیەی کەلە(92) تەعین بووە، ئێستا لە دوو هەزارو سێ و چوارو پێنج تەعین بووە، ئەکرێ ئەوە لێرە یەکسەر بڵێین ئەویش مامۆستایە بچێتن پلەیە وەربگرێ، ئەمە بەهیچ شێوەیەك نابێ، ئەمە دژی عورف و عادەتە، ئەمە نابێ ئێمە لێرە یەکسەر ئەو قەرارە دەربکەین، ئەمە ناکرێ هەرکەسێ لەجێی خۆی ئیش دەکا و پلە وەردەگرێت بەڕیزبەندی خۆی، بەئیشکردنی خۆی، بەخزمەتکردنی ئەو دائیرەیە، ئینجا ئەبێتە عەمید و یاریدەدەرو ئوستازو ئیتر سەرۆکی هەر شتێك بێت لەوێ لەو جێیە وەردەگرێت، هەتا حاکمی قەزا لەمەحکەمەکان چۆن ئەبێتە قەزایی؟ ئەبێ خزمەتی هەبێ، ئەبێ پلە پلە بچێتە پێش هەتا ئەبێتە قازی، حاکم وەربگرێ ئەمە یەکسەر لێرە بڵێین هەموو شتێك ئەبێ پەرلەمان قەراربدات و ئیمتیاز بدات بەخەڵك، ڕاستە پەرلەمان جێی تەشریعییە، بەڵام ناکرێ ئەمە، ئەمە دژی عورف و عادەتە، ئەمە بەڕای من ئەم پرۆژەیە ڕەت بکرێتەوە لەخۆڕای لەبنەڕەتەوە ئێمە نابێ دەستکاری لە کاروباری وەزارەتەکان بکەین، کاروباری دائیرەکان بکەین، ئەوەی لەسەر فەرزبکەین بڵێین ئەبێ تۆ پلە بدەی بەو برایە لێرە ئەندام پەرلەمانە لەوێ بچێتەوە ببێتە یاریدەدەر یان عەمید یان کەسانێکی تر یان هەرپلەیەکی تر بێتن یان هەرجێیەکی تر بێتن، ئەو وەزارەتە خۆی ڕێنمایی خۆی هەیە، یاسای خۆی هەیە، ئەگەر پێویست بوو دەینێرێت، هەمواری دەکەین، ئەو بڕگەیە کە پێویست بوو ئیزافەی دەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز ناسك خان فەرموو.

**بەڕێز ناسك توفیق عبدالكریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر بکرێ سەرەتا لە عینوانەکەوە دەست پێ بکەین، چونکە وابزانم ئێمە قسە لەسەر عینوان و ماددەی یەکەم دەکەین، عینوانەکە لیژنەی پەروەردە کردوویانە بە هەژمارکردنی پلەی زانستی و ڕاژەی زانکۆیی

ئەم عینوانە لەڕووی تەشریعەوە من پێم وایە ئەوەندەی شارەزابووم ئەو سێ ساڵە تۆزێك تەواو نییە بۆ؟ لەبەر ئەوەی ئێمە یاسایەکی (56) ماددەیمان هەیە بۆیاسای تەعلیم عالی، کەتۆ ئەڵێی هەژمارکردنی پلەی زانستی و ڕاژەی زانکۆیی کەئەننەهو هاتووی تەعدیلێکت لەیاسای ژمارە (10)ی ساڵی 2008، لەبەر ئەوە من پێم وایە ئەبێ عینوانەکە وابێ کە داتناوە ئەصڵی ناوەڕۆکەکەی کە ئەم پڕۆژە یاسایەی بۆ نووسراوە ئەوەی کەئەڵێ بۆ هەڵگرانی بڕوانامە لەدەرەوەی وەزارەتی خوێندنی باڵا، ئەبێ ئەم عینوانە وازح بێ، ناکرێ عینوانە والێبکەین لەبەر ئەوە بەڕاستی من لەگەڵ گۆڕینی عینوانەکە نیم، لەبەر ئەوەی ئەگەر ئەم عینوانە وا لێبکەین کەئەننەهو تەعدیلی یاسایەکمان کردووە کەتەعدیلمان نەکردووە، ئەوە یەك.

دوو/ سەبارەت بەماددەی یەکەمی پڕۆژەکە، ماددەی یەکەمی پڕۆژەکە زۆر لەسەری ناڕۆین کاتێك دێی باس لەئەندامی پەرلەمان دەکەی کە ئەڵێی ئەو ماوەیەی کەمامۆستای زانکۆ، جارێ ئەصڵەن تۆ کەمامۆستای زانکۆ بووی بەدەر لە ئەندامی پەرلەمان، مامۆستای زانکۆ یەعنی هەیئەی تەدریسی زانکۆیە، بەپێی یاسای کە لەماددەی (44) یاسای ژمارە (10)ی 2008 وەزارەتی تەعلیم عالی چارەسەری ئەو قەزیەی کردووە، مامۆستایەك کە ئەندامی هەیئەی تەدریسە بچێتە هەر شوێنێك حیسابی پلەی زانستی و هەموو شتێکی بۆ دەکرێت، بەڵام کە دێتە سەر ئەوەی لە ئەندامییەتی پەرلەمان بەڕاستی من لەگەڵ ڕێزم بۆ هەموو ئەوانەی کە ماجستەرو دکتۆرایان هێنایە لەئەسنای زانکۆ غەریبە بەلامەوە تۆ ئەندامی پەرلەمان بی، بەڵام بچی وەزارەت پلەت بەرزبکاتەوە ئاخر ئەمە باشترین فرسەیە بۆئەوەی وەزارەتێك شت بدا بەتۆ، بەڵام دوایی تۆ چۆن ئەتوانی مەحاسەبەو موتابەعەی بکەی؟ چونکە بەڕاستی ئەمە یەعنی زیاد کردنی شتێك بۆ پەرلەمان کەلەلایەن وەزارەتێکەوە ئەدرێت پێی لەکاتێکدا خۆی موتابەعەی ئەو وەزارەتە دەکا هەرخۆی جێی ملاحەزەیە ئەوە یەك، دوو هەتا ئێستا تەعدیلی یاسای خانەنیشینی پەرلەمان نەکراوە، یەعنی تۆ ئۆتۆماتیکییەن موستەقیلی کەتەواو دەبی خانەنشینی، کەواتە مامۆستای زانکۆبی یان هەرشتێ بی یەك ڕاتبە، ئەگەر بێت و گۆڕا، یاساکە هەموارکرایەوە، کەواتە ئەبێ بۆ هەموو بێ، ئەبێ بۆ منیش کە مامۆستام بەکەلۆریۆسم هەیە بەنموونە هەرحیساب بکرێ، وەکو هەموو ئەوانی تر، لەبەر ئەوە پێم وایە جارێ عینوانەکەش وەکو خۆی بێ، چونکە بەڕاستی ئەم پڕۆژە یاسایە بۆ ئەوانە کراوە کەهەڵگری شەهادەی ماجستێرو دکتۆران لەدەرەوەی وەزارەتی خوێندنی باڵان ئەمە خاڵێك، خاڵێکی تر ساڵ و نیوێك پێش ئێستا لەسەردەومی وەزیری خوێندنی باڵای پێشوودا پرسیارێکم ئاراستە کرد سەبارەت بەو گرفتەی کەهەیە فەرق لەنێوان وەزارەتەکانی ترو وەزارەتی خوێندنی باڵا لۆدێکی زۆری دروست کردووە بۆ وەزارەتی خوێندنی باڵا نەك تەنها لە ماجستێر و دکتۆرا وەکو ئیشارەتیان پێکرد قانونییەك ئەمڕۆ تەخەروج دەکا ئەوەی لە وەزارەتی خوێندنی باڵا دەوام دەکا وەکو شمولی یاسایی دەبڵ مەعاش وەردەگرێ لەکاتێکدا هەمان ڕەفیقەکەی تەبعەن ئەوە شمولی هەموو کەسێك ناکا، دەبێ واستەت هەبێ، لەبەر ئەوە غوبنێك دروست دەکا بۆ هاوئاستەکانی خۆی لە دامودەزگاکانی تر هەمووی ئەڵێ ئەگەر ئەمن واستەم هەبوایە ئێستا دەبڵم وەردەگرت، ئەو هەمان شەهادەی منی هەیە، هەمان خزمەتی منی هەیە، کەچی لەوێ

وەردەگیرێ بەواستەیەك یان بەحەقەكی خۆی، یان بەپێی پێویستی لەوێ دەبڵ وەردەگرێ، كێشەی ئەمە یەعنی ئەم ماجستێرو دكتۆرانەی دەرەوە ئەو لەودا تەواو چارەسەر ناكا، بەڵام تارادەیەك ماف ئەدەی بە ماجستێر و دكتۆرا بۆ ئەوەی بەڕاستی جارێكی تر هەڵنەستمەوە سەبارەت بەعینوانەكەی لەگەڵ ئەصڵی عینوانی پرۆژەكە لەگەڵ گۆڕینیان نیم، ماددەی یەكەم هەر لابدرێ، ئەگەر ئیمتیازات هەبوو پلەی زانستی لێدەر بكرێ، چونكە بەڕاستی پلەی زانستی پەیوەندی بەتەدریسەوە هەیە، زۆر سوپاس

**بەڕێز حسن محمد سورە /جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز لیژنەكان ئەگەر بەناوی خۆیان قسەبكەن، ئەبێ بچنە شوێنی خۆیان و، ئەگەر بەناوی لیژنەكان تەوزحیان هەیە، فەرموو لیژنەی یاسایی، تكایە لەسەرەتاوە ئەوە بڵێین بەهیچ جۆرێك مەجال نادەم وەڵامی هیچ ئەندامێكی پەرلەمان بدرێتەوە، تەنها تەوزیح، فەرموو.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە وەك لێژنەی یاسایی دوو بابەت هەیە بەپێویستی دەزانین روونكردنەوەی لەسەر بدەین، بابەتەكانی دیكە ئەوە لیژنەی پەروەردە كە ئەوان لە لێژنەی مەعنینە روونكردنەوەی خۆیان دەبێ، پرسی یەكەم ئەوەیە باس لە رێكارەكانی بەرزكردنەوەی پلەی زانستی كرا، ئێمە لەلیژنەی یاسایی بەهچ شیوەیەك لەگەڵ هەمواركردنی هیچ رێنمایی و رێسا و یاساكان نین كە باس لەبەرزكردنەوەی پلەی زانستی دەكا، لەهەموو ماددەكان ئەو یاسایە ئەگەر بووە یاسا یان وەكو بڕیار پێشكەشكرا لەهەموو ماددەكان جەخت لەوە دەكەین كەدەبێ بەپێی رێنمایی و رێسای بەرزكردنەوەی پلەی زانستی بێ، پرسی دووەم باس لەتەعاروز كرا لەگەڵ یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵای ژمارە (10)ی ساڵی 2008، بەرێزان یاسا بەش ناكرێ، هەندێك لەو ئەندامە بەرێزانە ئاماژەیان بەهەندێك ماددە كرد ماددەی (19، 20، 21، 22، 24)، بەڵام یاسا بەش بەش ناكرێ ماددەی (44) هەیە، ناسك خان ئاماژەی پێكرد كە لە دوو برگە پێك دێت و، تەنها بەرزكردنەوەی پلەی زانستی مەرج دار نەكردیە بەتەدریس كردن لە زانكۆكان، ماددەكە بەم شێوەیە دەقە عەرەبییەكەم لەبەر دەستە (اولاً/ يحتفظ اعضاء الهيئة التدريسية بمراتبهم العلمية وسائر حقوقهم في هذا القانون والقوانين الاخرى والانظمة والتعليمات الصادرة بموجبها في حالة تنسيبهم او تفروغهم في وظائف خارج الجامعات والهيئات وتعينهم او نقلهم الى الوظائف في مركز الوزارة او مراكز الجامعات والهيئات وتعتبر مدة قيامهم بهذه الوظائف خدمة جامعية فعلية لاغراض الترقية والعلاوة والترفيع والتقاعد.

ثانياً: يحتفظ اعضاء الهيئة التدريسية بحق الترقية العلمية بعد احالته الى التقاعد او في حالة تعينهم او نقلهم الى الوظائف خارج مؤسسات التعليم العالي في حالة توفر الشروط المقررة للترقية دون شرط التدريس)، (واتە تەدریس لە یاساكەش مەرج نییە لەبۆ ئەوەی كەوا داوا بكا پلە زانستییەكەی بەرز بكرێتەوە، ئەو پرۆژە یاسایەی پێشكەش كرایە بەهیچ شێوەیەك باس لە حقوقی ماددی ناكا، یاخود باس لەمووچە ناكا، تەنها بۆ خاوەنی بڕوا نامەی ماجستەر یان دكتۆرا نەبێ لەسەر میلاكی وەزارەتی پەروەدە، بۆیە ئەوانەی

کەپۆست و پلەیان وەرگرتییە پێشتر لەسەر میلاکی وەزارەتی خوێندنی باڵا بووینە مانای ئەوە نییە بەو یاسایە، بەو پڕۆژە یاسایە مووچەیان زیاد دەکرێ یاخود دەرماڵەیەکی زیاتریان پێدەدرێ، نەخێر تەنها لەقەبە زانستییەکەیە ئەویش مەرجەکانی ساڵی خزمەت دەیانگرێتەوە، مەرجەکانی ژمارەی توێژینەوە دەیان گرێتەوە، واتە هەموو ڕێکارە یاساییەکانی بەرزکردنەوەی پلەی زانستی لەسەریان جێبەجێ دەکرێ، تەنها حقوقە مادیەکە لۆ خاوەنی بڕوانامەی باڵای ماجستێر یان دکتۆرا لەسەر میلاکی وەزارەتی پەروەردەیە کە ئێستا ئەوە کێشەیەکە هەمان ئیمتیازات نایانگرێتەوە و، جیاکارییە لەنێوان مووچە تەنها حقوقی ماددی و ئوانە دەگرێتەو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئێمە لەم پەرلەمانە دا لەکاتی بودجەدا ئەم ساڵیش و ساڵی پارو پێراریش بڕە پاریەکمان تەرخانکرد بۆ پڕۆژەی تواناسازی، پڕۆژەی تواناسازی دوو بەشە، بەشێکیان ئەوانەن کە لە وەزارەتی خوێندنی باڵاوە دەڕۆن، بەشێکیان ئەوانەن کە لەوەزارەتەکانەوە دەڕۆن، ئەمانە هەردوو لایان کوڕی ئەم میللەتەن، خەڵکی ئەم میللەتەن، هاووڵاتی ئەو میللەتەن، باشە هەردووکیان پێکەوە دەڕۆن لەچوارچێوەی پڕۆسەیەکدا بەڵام کاتی گەڕانەوەیان، کاتێك کە دەگەڕێنەوە بۆ وڵات هەردوو ئەو دوانە بەمامەڵەی جیاواز مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێ، لەبەر ئەوەی بەشی یەکەم لەسەر وەزارەتی خوێندنی باڵا ڕۆیشتوون، بەشی دووەم لەسەر وەزارەتەکان ڕۆیشتوون، ئەمە جیاکاری نییە لەبەینی یەك چین و توێژە کە پێکەوە ڕۆیشتوون.......

**بەڕێز حسن محمد سورە /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لەسەرەتا باسم کرد هەمووتان باسی ماددەی یەکەم و دووەمتان کرد، لەبەر ئەوەی پەیوەندییەکی زۆری بەیەکەوە هەیە، بۆیە ئێمە ڕێگامان دا یەعنی بەڕاستی تەوزیحەکەش با هەر بەو شێوەیە بێ، فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆیە لەسەرەتای ناوەکەوە ئێمە دەبێ بڵێین بۆ دەرچوان، ڕاستە ئێمە وەکو لیژنەی پەروەردە لەپێش دوو ساڵ کاتێك ئەم ڕاپۆرتەمان نووسیوە، ناوەکەیمان کورتکردۆتەوە، بەڵام ئێمەش ئێستا گەیشتووینەتە ئەو قەناعەتە دەبێ ناوەکەی وەك ئەصڵ بمینێتەوە بۆ ئەوەی تەوزیحی زیاتر بدات، قانونەکە دەربکەوێت کە مەبەست کێیە؟ ئەوانەی کەلەدەرەوەی وەزارەتی خوێندنی باڵان هەڵگری ماجستێر و دکتۆران، بەپێی ڕێکارە یاساییەکان مامۆستایەکی زانکۆ چۆن لەقەبی عیلمی وەردەگرێ؟ چۆن بەرز دەبێتەوە لەقەبە عیلمییەکەی؟ بەهەمان شێوە کەس نەیوتووە لەبەر دەرگای وەزارەتەکەیەوە بوەستێ و بیبەخشێتەوە، پێی

بلێی ئەمە لەقەبی عیلمی بۆتۆ، بەپێی ڕێکارە یاسایەکان ئەوسا کە ئەو یاسایە دەرچوو لیژنەیەك دروست دەبێ وەزارەتی خوێندنی باڵا ئەو لیژنەیە ئەو کارە دەکات کە چۆن بووەو ئەوانەی کە لەناو وەزارەتی خوێندنی باڵادا پلەی زانستییان بەرزدەکرێتەوە بەهەمان شێوە ئەوانەی لەدەرەوەی وەزارەتی خوێندنی باڵان، چونکە جیاوازی لە ماف و ئیمتیازات دا هەیە، هەموو هاووڵاتیەك خیبرەی هەیە، ئەوەی کە ئەکادیمیە و هەڵگری شەهادەی بەرزە، خیبرەیەکی هەیە، حەقی خۆیەتی بەرامبەر بەو خیبرەیەی هەیەتی ماف و ئیمتیازاتی هەبێ، عەیبی تێدا نییە ئەگەر ئێمە بڵێین کەسێك لەدەرەوەی وەزارەتی خوێندنی باڵا دا دەبێ ماف و ئیمتیازاتی هەبێت، ئەوە عەیبە نییە، بەپێی ڕێکارە یاساییەکان وەقەتیش ئێمە لەلیژنەی پەروەردە باسی ئەوەمان نەکردووە لەدەرەوەی ڕێکارە یاساییەکان ئەو تەرقیانە بکرێ، بۆیە دەبێ حیسابی ئەوە بکەین دەرچوانی پرۆسەی تواناسازی لەسەر ئاستی وەزارەتەکان مافی خۆیانە یاسایەك هەبێت و، بەتایبەتی ئێمە ئێستا لەم کاتەدا کێشەیەکمان هەیە لەوەزارەتی پەروەردە هەرچەندە لەماددەی چوارەم لەبڕیارێکمان هەیە لەو پەرلەمانەوە دەرچووە کە یاسای ژمارە (17)ی ساڵی 2000، یاسای یەکەم هەموارکردنەوەی یاسای ژمارە (4)ی ساڵی 1992ی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان یاسا دەرچووە بەیاسا، بەڵام هەتا ئێستا جێ بەجێ ناکرێ بەتەواوەتی لەماددەی چوارەمدا ئەڵێ سێهەم هەڵگرانی بڕوانامەی ماجستەرو دکتۆرا ئەوانەی لە سلکی تەدریس لەسەر میلاکی وەزارەتی پەروەردە کاردەکەن هەموو ماف و ئیمتیازاتێکی هاوشانەکانی خۆیان لەزانکۆکان کاردەکەن هەیە، هەتا ئێستاش جێ بەجێ ناکرێ، بۆیە داوا کارین لەبەڕێزتان لە ئەندامانی پەرلەمان بەو تێڕوانینەوە سەیری ئەم یاسایە بکەن بۆ ئەو خەڵکانەی کە لەدەرەوەی وەزارەتی خوێندنی باڵا شەهادەی باڵایان هەیە، حەقی خۆیانە توێژینەوەی زانستی بکەن و، بڵاوکراوەیان هەبێ، کۆڕ و سمینارایان بۆ ببەستێ، تەرقییەی عیلمیان هەبێ، بەپێی ئەوەی کە لەوەزارەتی خوێندنی باڵا دەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە ئیلتیزام بەکات بکەن بۆ ئەوەی بتوانین یاساکە تێپەڕێنین، فەرموو کاك عمر.

**بەڕێز د. عمر حمد امین (نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئەم پرۆژە یاسایە سێ بابەت ڕێکدەخات، یەکیان پێدانی پلەی زانستی، بەگوێرەی یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا لەسەر سێ بنەما پلەی زانستی دەدرێ و بەرز دەکرێتەوە، یەکەمیان تۆ بڕوانامەت هەبێ، ماجستێر و بۆ سەرەوە، دووەمیان ئینتاجی عیلمیت هەبێ، واتە بەرهەمت هەبێ، باس و توێژینەوەی زانستیت هەبێ لەگەڵ ساڵانی خزمەت، سێیەمیان تۆ تەدریس بکەی، بەڵام بۆ ئەوانەی هەڵگری بڕوانامەی ماجستێرو دکتۆران تەدریس ناکەن دوو بنەمای تریان تێدا هەیە، یەکەمیان ئەوانە بڕوانامەی باڵایان هەیە، ماجستێر و دکتۆرا، دوو: ئینتاجی عیلمیان هەیە، باس و توێژینەوەی زانستی و لێکۆڵینەوەیان هەیە، ئایا ڕەوایە بۆ ئەوانەی هەڵگری بڕوانامەی ماجستێر و دکتۆران تەنها لەبەر

ئەوەی لەیەکێك لەزانکۆکان وانە نالێنەوە، بەلاّم بڕوانامەی بالاّیان هەیە، بەلاّم ئینتاجی عیلمیان هەیە، بەلاّم داهێنانی عیلمیان هەیە، تۆ پلەی زانستیان نەدەیتێ؟ بەدیوەکەی تر دا ئایا ڕەوایە بۆ هەلگرانی بڕوانامەی ماجستێر و دکتۆرا لەیەك ولاّتدا کەهەمووویان هاوولاّتی ئەم هەرێمەن تەنها تایبەت بێ بەوانەی لەزانکۆ دەرس دەلێنەوە؟ ئەمە لەڕاستیدا بەتێروانینی ئێمە ئەم لێك بەستنە لێك بەستنێکی مەنتقی نییە، چونکە لێرەش لە ولاّتانی تری دونیاش هەلگری بڕوانامەی ماجستێر و دکتۆرا هەیە، مامۆستای زانکۆش نییە، ئینتاجی عیلمی، داهێنانی، لێکۆلێنەوەی، توێژینەوەی زانستی زۆر زیاترە لەوەی کە مامۆستای زانکۆیە، من کە خۆم مامۆستای زانکۆ بووم، بۆیە پێدانی پلەی زانستی و تەرقیە کردنی عیلمی ئەوەی کە لەناو ئەو پڕۆژە یاسایە دایە ئەلێرە دایە، سەبارەت بەوەی کە ڕەپتی بە ئەندامی پەرلەمان کرا تەنها مەسەلەکە گەشەکردنە، واتە هینە، تەرقیەی عیلمییە، بەرز کردنەوەی پلەی زانستییە، کە تۆ لەپەرلەمان بی، هەلگری نازناوێکی زانستی بی، یان بڕوانامەی ماجستێر و دکتۆرات هەبێ، ئینتاجی عیلمیت هەبێ، بۆ ڕێگەت پێنەدرێ کە تەرقیە عیلمی بکەی؟ تەرقیەی عیلمی بۆ ئەندامی پەرلەمان یەك فلس زیاد ناکا، کەباسی ئینتیاجاتی عیلمی دەکرێ وانییە، لەم پەرلەمانە بەڕێزە چەندین ئەندامی پەرلەمان هەبوون، خانەنشین بوون یان ئیستیقالەیان کردووە، پڕۆفیسۆر بوون، یاریدەدەری پڕۆفسیۆر بوون، مامۆستای زانکۆ بوون، ئایا کە لێرە خزمەت دەکەن و ئینتاجی عیلمیان هەیە، بۆ دەبێ ڕێگایان پێنەدرێ پلەی زانستیان بەرز بکرێتەوە؟ یان کە دەگەڕێنەوە بۆ زانکۆکانیان هەر لەم دەورەیا چوار ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان ئیستیقالەیان کرد هەموو مامۆستای زانکۆ بوون و لەقەبی عیلمیان هەبوو ئێستا دەچنەوە زانکۆکان، ئایا ناکرێ ئەو لەقەبەیان پێبدرێتەوە؟ یان ئیحتیفاز بەولەقەبەوە بکەن؟ سەبارەت بەئەندامی پەرلەمان با مەسەلەکە تێکەلاّو نەکرێن تەنها ئیمتیازاتێکی مەعنەوییە سەبارەت بە ماندوبوون و جهودێکی عیلمی لەسەر بنەمای پێوەرە یاسایی و زانستییەکان کە ئێمە جەختمان لێکردۆتەوە لەناو پڕۆژە قانونیەکە لەمادەی دووەمدا، باس لەمەسەلەی خزمەتی ئیدارەی و خزمەتی زانکۆیی کرا، لەمەش دا دەبێ هەوڵ بدەین لێکی جیا بکەینەوە، چۆن لێکی جیا بکەینەوە؟ ئێستا لەوەزارەتی خوێندنی بالاّ جەنابی وەزیر لێرەیە، مۆزەفی ئیداری هەیە پلەی زانستی نییە، تەفەروغی عیلمی بۆ حیساب کراوە، لەدەرەوەی وەزارەتی خوێندنی بالاّ لەوێ ئەو مۆزەفە بەڕێزە هەلگری بڕوانامەی ماجستێر و دکتۆراش نییە، بەلاّم لەبەر ئەوەی وەزارەتی خوێندنی بالاّ هەلگری بڕوانامەی ماجستێر و دکتۆرایە، بەلاّم تەفەروغی عیلمی بۆ حیساب ناکرێ، بۆیە ئەلێرە دا دەبێ هەوڵبدەین بەڕاستی ئەمەش تێکەلاّو نەکەین هەریەکە و لەمەساری تەبیعی خۆی حیسابی بۆ بکرین، هەروەها سەبارەت بە مەسەلەی پلە تایبەتییەکانیش، بەڕێزان ئێمە وەزیرمان هەبووە پلەی پڕۆفسیۆر بووە، ئێستا وەزیرمان هەیە دیسان لەقەبی عیلمی هەیە، ئەی بۆ ناکرێ لەکاتێکدا کە ئەو بەردەوامە لە وەزیفەکەی خۆی ئینتاجی عیلمی هەیە، ئیحتیفاز بەم لەقەبە عیلمییەی کە هیچ ئیمتیازاتێکی ماددی بۆ ئەو ناهێنێ، هەر بۆیە لەڕاستیدا ئێمە هەوڵبدەین کە شتەکان وەك خۆی باس بکەین، ئاماژە بەوە درا تەرکیز لەسەر ئیمتیازات کراوە،

بەتەئکید تەرکیز لەسەر ئیمتیازات کراوە، چونکە ئەمن وتم سێ پرس رێکدەخا، ئێستا دێمە سەر دوو بابەتەکەی تریش، ئەوەی پلەی زانستی ئاماژەم پێدا، پلەی زانستی ئیمتیازاتێکی مەعنەوییە بەگوێرەی پلەی پێوەرە زانستی و قانونیەکانیش داوامان کردووە، ئیمتیازاتی دووەم واتە ئەم قانوونە ئیمتیازاتی تێدایە، مەعنەوی و مادیشی تێدایە، بەڵام هەردوو ئیمتیازاتی شەرعی و ڕەوان بەگوێرەی پێوەری قانوونی، پێوەری زانستی، ئەوەی پێوەری زانستی ئاماژەم پێدا، ئیمتیازاتی دووەم ئەوەیە ئێمە هەڵگری بڕوانامەی ماجستێر و دکتۆرامان هەبووە، مامۆستا بووە لەیەکێك لە زانکۆکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا یان تورکیا یان ئێران و ئێستا گەڕاوەتەوە بۆ هەرێمی کوردستان، (10) ساڵ خزمەتی زانکۆیی هەیە لەوێ، بەڵام تا ئێستا ئەم خزمەتەی لێرە بۆ حیساب ناکرێ کەدەگەڕێتەوە لەوێ لێرە دەبێتە مامۆستای زانکۆ، نموونەمان لەلایە هاتووە بۆ لێژنەکەی ئێمە، ئەگەر دەڵێی سەلمێندرا لەزانکۆیەکی باوەڕ پێکراو مامۆستای زانکۆ ببوو لەوێ و (10) ساڵ خزمەتی هەبوو، (5) ساڵ خزمەتی هەبوو کە دێتەوە هەرێمی کوردستان و دەبێت بە مامۆستا، زانکۆ حەقە ئەم ساڵانەی وەکو خزمەت بۆ حیساب بکرێ، ئەمە یەکێك لەساڵانی خزمەت، دووەمیان هەڵگری بڕوانامەی ماجستێر و دکتۆرامان هەبووە، لەسەردەمی ڕژێم و پێش ڕاپەڕین بەهۆی ئینتیمای سیاسییەوە ڕێگای پێنەدراوە ببێت بە مامۆستای زانکۆ، مەحروم کراوە، نێردراوە بۆ دائیرەیەکی تر، نەقلی شوێنێکی تر کراوە، بۆیە دەڵێین ساڵانی خزمەتی ئەویش بەمەبەستی تەقاعودی بخرێتە سەر ساڵانی خزمەتی کە لەرابردوودا ئەمە نەکراوە، سێیەمیان هەڵگری بڕوانامەی ماجستێر و دکتۆرامان هەبووە، پێشمەرگە بووە، کە دێتەوە ئێستا بۆتە مامۆستای زانکۆ یان لە دائیرەیەك خزمەت دەکا، حەقە ئەم خزمەتی پێشمەرگایەتییەی وەکو خزمەت لە چوار چێوەی وەزارەتی خوێندنی باڵادا یان وەزارەتەکەی تردا بەمەبەستی تەقاعودی بۆ حیساب بکرێ، بەس لێرە دا زیاتر وەکو مامۆستای زانکۆیە مەبەستمان کورتی بکەمەوە کاك دکتۆر، باش، باس لەوە کرا کە مومارەسەی میهنە شتێکە، پلەی زانستی شتێکی ترە، لەگەڵ ڕێزدا من پێم وایە دیسان یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵاش ڕەچاوی کردووە بەیەکەوە، تۆ ئەگەر مومارەسەی میهنەی مامۆستای نەکەی بەپێی یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا لەقەبی زانستیت پێنادرێ، ئەو کاتە لەقەبی زانستی پێدەدرێ کە مومارەسەی میهنەی مامۆستایەتی بکەی، بەگوێرەی یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا ئێستا رێك بەم شێوەیە کە ئێمە لەسەر ئەوەش سەرەنجمان هەیە، بەهەر حاڵ کۆمەڵێك سەرەنج و بیر و بۆچوونی تر هەیە، بەڵام سەرۆکایەتی پێمان دەڵێ با کۆتایی پێ بهێنین لە ماددەکانی تردا هەوڵدەدەین روونکردنەوەی زیاتر بدەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

د. ئاراس فەرموو.

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا زۆر بەکورتی دەمەوێ ئاماژە بەوە بکەم کە جیاوازیەکی زۆر هەیە لە بەینی تەرقیەی عیلمی لەگەڵ تەرقیەی وەزیفی لەڕاستیدا، بەپێی ئەو ماددانەی کە د. ڕۆژان ئاماژەی پێدا هەرچەندە من یەکێك نیم لەوانەی کە پڕۆژەکەم تەقدیم کردبێ، ئەگەر ئەو پڕۆژەیە لە چوارچێوەی ئەو ماددە یاسایانە بەشێوەیەکی دیکە دابڕێژرێتەوە زیاتر لە قۆناغی ئێستا ئەو کەسانە ئەگرێتەوە کە پێشتر لە خوێندنی باڵا کاریان کردووە و لەقەبی عیلمییان هەبووە، نازناوی زانستیان هەبووە، بەڵام ئێستا هاتوون لە دەزگایەکی دیکەی دەرەوەی خوێندنی باڵا کاردەکەن، دەکرێ ئەوانە بەپێی ئەو ماددانەی کە لە یاسای خوێندنی باڵا هاتووە، بەپێی ئەو ڕێنمایانەی وەزارەتی خوێندنی باڵا کە بەردەوام بن لەبەرز کردنەوەی پلەی زانستی، چونکە پێشتر خۆیان لەزانکۆ کاریان کردووە، ئەگەری ئەوە هەیە کەوا بگەڕێنەوە زانکۆ یاخود بەردەوام بن لەسەر بەرز کردنەوەی پلەی زانستی، ئەگەر ڕێم پێبدەن پرۆسەی تەرقیەی عیلمی هەروا ئاسان نییە، پرۆسەی تەرقیەی عیلمی دەسپێدەکا بە پێشکەشکردنی داوایەك بۆ بەشێکی زانستی لەکۆلێژێکی موختەس، ئەو بەشە زانستییە ئەنجومەنی هەیە پێدەڵێن ئەنجومەنی بەش، ئەبێ ڕازی بێ لەسەری دواتر لە ئەنجومەنی بەش بەرز بکرێتەوە بۆ ئەنجومەنی کۆلێژ، ئەنجومەنی کۆلێژیش ڕازی بێ لەسەری دواتر ئەنجومەنی کۆلێژیش بەرزی دەکاتەوە بۆ ئەنجومەنی زانکۆ، ئەبێ ئەنجومەنی زانکۆ ڕازی بێ لەسەری ئەو کاتە فەرمانێکی پێدەر دەکرێ کەپێی دەڵێن فەرمانی تەحزیر (پشتگیری) ئەوە کاتە ئەتوانێ بەحسەکە بکا، کە بەحسەکەشی کرد دواتر ئەبێ بڵاو ببێتەوە لەگۆڤارێکی زانستی باوەڕ پێکراو نەك هەر گۆڤارێك، کە لە گۆڤارەکەش بڵاو کرایەوە دواتر هێشتا هەر تەرقیەی پێناکە، چونکە ئێمە ئەو لەقەبانەی کەوا هەمانە لە مامۆستای یاریدەدەرەوە بۆ مامۆستا دواتر لەمامۆستاوە بۆ یاریدەدەری پرۆفسیۆر دواتر لە یاریدەدەری پرۆفسیۆرەوە بۆ پرۆفسیۆر هەمانە، ئەگەر ڕێم پێبدەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان بۆ ڕوونکردنەوە و بەرچاو ڕوونی ئەندامە بەڕێزەکان، بەپێی یاسا هەر بەڕێزێك کە مودەریس موساعیدە واتە مامۆستای یاریدەدەرە جاران دوو ساڵ بوو ئێستا سێ ساڵی ئەوێت لەو ماوەیە دوو توێژینەوەی پێشکەش کردبێ ئەو دو توێژینەوەیە بەو پرۆسەیا ڕۆیشتبێ کە من باسمکرد، ئینجا دواتر دەتوانێ داوایەکی دیکە پێشکەش بکا بۆ بەرز کردنەوەی پلەی زانستی، ئینجا ئەتوانێ داوایەك پێشکەش بکا، دوایی کە ئەو داوایەی پێشکەش دەکا لیژنەیەکی تایبەتی هەیە لە زانکۆ پێدەڵێن لیژنەی تەرقیاتی عیلمی، بەشێوەیەکی نەهێنی ئەو توێژینانە ئەنێرێ بۆ کولی یەکەکیان بۆ دوو یان بۆ سێ هەڵسەنگێنەری زانستی کە پێدەڵێن موقیەمی عیلمی، ئەبێ ئەوان پەسەندی بکەن و بێتەوە ئەو کاتە ئەو فائیلە هەمووی بخرێتەوە بەردەمی ئەنجومەنی لیژنەی تەرقیات بچێتە ئەنجومەنی زانکۆ، ئەنجومەنی زانکۆ ڕازی بێ لەسەری، یەعنی پرۆسەی بەرزکردنەوەی تەرقیەی عیلمی هەروا بابەتێکی ئاسان نییە، بۆیە تەرقییەی عیلمی هەندێ ئەندام پەرلەمانی بەڕێز ئاماژەیان پێدا پەیوەندی بە مومارەسەوە نییە، تەرقیەی وەزیفی پەیوەندی بە مومارەسەوە هەیە، بەڵام تەرقیەی عیلمی پەیوەندی بە پێشکەشکردنی باسەوە هەیە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سوره /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دەمەوێ تێبینیەکتان پێبڵێم دیاره کۆمەڵێك پێشنیار هەیه لەسەر بابەتەکە، لەسەر عینوان، لەسەر ماددەی یەکەم، ئەمە ئیشی لیژنەکانە دواین سیاغەی بکەن و بۆ خوێندنەوەی سێیەم دەنگی لەسەر بدرێ، بەڵام دەمەوێ ئەوەتان پێبڵێم دوای ئەوەی کە بەڕێز جەنابی وەزیر قسە دەکا، کۆمەڵێك ئەندام پەرلەمان داوایان کرد هەر پرۆژەکە رەفز بکرێ، بۆیە ئێمە لە پێشتریش پێشنیاری لەو شێوە کراوە کە ئەگەر حاڵەتی وا هەبوو هەر لەسەرەتاوە ئێمە بیخەینە دەنگدان دوای ئەوەی جەنابی وەزیر قسە دەکا ئەم پێشنیارە دەخەینە دەنگدان بۆ ئەوەی ئایا بەردەوام بین یان پرۆژەکە رەتدەکەنەوە، ئێستا بەڕێز جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز د.علی سعید محمد / وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر زۆر سوپاس، بەڕێزان ئەم پرۆژە یاسایە کە ڕۆژی 2010/11/8 خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە لە پەرلەمانی کوردستان، دواتر بەنووسراوی ژمارە (844) لە 2010/11/10 نێردراوە بۆ چوار لایەن، لیژنەی کاروباری یاسایی، لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری، لیژنەی پەروەردە و فێرکردنی باڵاو توێژینەوەی زانستی، چوارەم گشت ئەندامانی پەرلەمان، نەنێردراوە بۆ وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی کە لایەنی پەیوەندیدارە بۆ تاوتۆکردنی، دواتر لە ڕۆژی 2010/12/29 لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی پەرلەمانی کوردستان لێدوانی لەسەر کردووە، دواتریش لە ڕۆژی 2010/11/20 لیژنەی کاروباری یاسایی لێدوانی لەسەر کردووە، وەڵامی پەرلەمانی کوردستان دراوەتەوە، ئێمە تەنها دوێنێ بۆ یەکەم جار من ئەم نووسراوانەم پێگەیشتووە، بەڵام خۆشبەختانە دوێنێ لەو کاتەدا ئەنجومەنی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لە کۆبوونەوە دابوو بە ئامادە بوونی سەرۆك و ئەندامانی لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵای پەرلەمانی کوردستان کە ئێمە میوانداریمان کردبوون بۆ تاوتۆکردنی هەندێ پرس لە وەزارەتی خوێندنی باڵا، وە بەڕێزیان گوێیان لە بۆچوونی ئەندامانی ئەنجومەنی وەزارەت بوو، هەروەها گفتوگۆی لەبارەوە کرا، دواتر کۆبوونەوەکە لەبەر ئەوەی زۆر درەنگ تەواو بوو 4:30 چوار و نیو کۆتایی پێهات نەمان توانی وەکو کۆ نووسێك بۆچوونی خۆمان دابڕێژین لەسەر ئەم بابەتە و، بە واژووی بەڕێزان ئەندامانی ئەنجومەنی وەزارەتی خوێندنی باڵا پێشکەشی بەڕێزتانی بکەین، بەڵام ئەم تێبینیانە من پێشکەش دەکەم، ئەگەر پێتان پەسەند بوو ئێمە وەکو وەزارەتی خوێندنی باڵا بەکۆ نووسی فەرمی بەواژووی سەرجەم ئەندامان پێشکەشی پەرلەمانی دەکەین دواتر بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی دەقیق ئاماژە بە هەموو بۆ چوونەکانمان بدەین، ئێمە وەکو وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوە ئێستا بە دوو یاسا کاردەکەین، یەکەم : یاسای ژمارە (10)ی ساڵی 2008ی وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە ماددەکانی نۆزدە تا بیست و پێنج ئەو بابەتە دەگرێتەوە، دووەم: یاسای خزمەتی زانکۆیی کە پێی دەڵێن (قانون الخدمة الجامعية في العراق الفيدرالي) ژمارە (23)ی ساڵی 2008، کە بەفەرمانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستانی بەڕێز کاری پێدەکەین و، لە ماددەی یەك ثالثاً: کە تیایدا هاتووە ( يقصد

بموظف الخدمة الجامعية كل موظف يقوم بممارسة التدريس الجامعي والبحث العلمي والاستشارية العلمية والفنية او العمل في ديوان وزارة التعليم العالي والبحث العلمي او مؤسساتها لمن تتوفر فيهم شروط عضو الهيئة التديسية)، بەپێی ئەو دوو یاسایە بەڕێزان فەرمانبەری ڕاژەی زانکۆیی واتە (موظف الخدمة الجامعية ) بریتین لە هەڵگرانی بڕوانامەی ماستەر و دکتۆرا لەسەر میلاکی وەزارەتمان، واتە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی فەرمانبەری ئاسایی دەگرێتەوە، کە خازعن بۆ (قانون الخدمة المدنية) یاسای خزمەتی شارستانی ئەوانی تر کە هەڵگری بڕوانامەی ماستەر و دکتۆران خازعن بۆ قانوی خدمەی جامیعی، کە پێی دەڵێن یاسای خزمەتی زانکۆیی و، ئەو بەڕێزانە دوو شێوەن یەکەم: هەڵگری بڕوانامەی ماستەر نازناوی مامۆستای یاریدەدەر واتە (مدرس مساعد) بە ئینگلیزی (ئەسیستانس لێکچەرەل) وەردەگرێت، دوای ئەوەی کەوا سیمینارێکی بۆ ئەنجام دەدرێت، ئەو کاتە لەقەبی عیلمی واتە نازناوی زانستی پێدەدرێت بە فەرمانێکی زانکۆیی، دووەم: هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا نازناوی مامۆستا واتە (مدرس) بە ئینگلیزی (LECTURAL) وەردەگرێت، دوای ئەوەی هەمان سیمینار پێشکەش دەکات و، لە لایەن لیژنەیەك کە بە فەرمانێکی زانکۆیی پێك دەهێنرێت ئەو لەقەبە عیلمیەی پێ دەدرێت، دوایی لەقەبەکەش بە فەرمانێکی زانکۆیی پێی دەدرێت و، ئەو نازناوە زانستیە دەمێنێت لەگەڵ ئەو بەڕێزە هەتا پلەی زانستی بەرز دەکرێتەوەو، یان خانەنشین دەبێت و، یان کۆچی دوایی دەکات، بە هیچ شێوەیەك هیچ نازناوێکی زانستی ناسێنرێتەوەو نەسێنراوەتەوە لە هیچ ئەندامێکی دەستەی وانە وتنەوە لە هیچ هەڵگرێکی بڕوانامەی ماستەر و دکتۆرا کە پێی بەخشرا، دوای پێدانی ئەو نازناوە بەرز کردنەوەی پلەی زانستی بۆ دەکرێت واتە تەرقییەی علمی پێ دەکرێت بە پێی ڕێنماییەکانی بەرزکردنەوەی پلەی زانستی، کە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی پەسەندی دەکات و بڕیاری لێدەدات نەك زانکۆکان و، پەیڕەو دەکرێت لە سەرجەم زانکۆو دەستە تەکنیکیەکانی هەرێمی کوردستان تا ئێستا، ئەو بەرزکردنەوە پلەی زانستیەش وەکو کاك دکتۆر ئاراس بەڕێزی ئاماژەی پێدا نامەوێت پێدابچمەوە، بە پرۆسەیەکی تایبەت دادەڕوات کە خاڵی یەکەم بریتی بێت لەوەی کەوا ئەو مامۆستایە دەبێت پرۆژەی توێژینەوەکەی پێشکەش بکات بە بەش پەسەند بکرێت، دوایی تەعزید بکرێت لە لایەن ئەنجومەنی زانکۆوە فەرمانی زانکۆیی پێ دەربچێت ئەو کاتە دەست دەکات بە ئەنجامدانی پرۆژەکەو توێژینەوەکە و، دواتر کە بلاّوکرایەوە لە گۆڤارێکی باوەڕپێکراو دیسان دایدەنێت هەتا سەرجەم پێداویستیەکانی تەواو دەکات ئەو سا مامەڵەکەی دەست پێدەکات، کە دیسانەوە جارێکی تر ئەو توێژینەوانە دەنێرن بۆ تەقین و، لە کۆتاییدا لیژنەی بەرزکردنەوەی پلەی زانستی بڕیاری لێدەدات، سەرۆکی زانکۆ پەسەندی دەکات ئەگەر لە مامۆستای یاریدەدەر بۆ مامۆستا بوو یان لە مامۆستا بۆ پرۆفیسۆری یاریدەدەر بوو، بەلاّم پرۆفیسۆری یاریدەدەر بۆ پرۆفیسۆر سەلاحیەتی ئەنجومەنی زانکۆیە نەك سەرۆکی زانکۆ، ئێمە تەبعەن سەبارەت بە هەڵگرانی بڕوانامەی ماستەرو دکتۆرا لە دەرەوەی وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی، ئەنجومەنی وەزارەتمان کە بەرزترین دەسەڵاتی زانستی وەزارەتە لە سێ کۆبوونەوەی جیادا ئەم بابەتەی تاوتوێ

کـردووە، جـاری یەکـەم لـە کۆبوونــەوەی ئەنجومــەنی ژمــارە (13)ی ڕۆژی 2011/6/30، دوای ئــەوەی داواکاریمـان ئاراسـتە کرابـوو لەلایـەن وەزارەتـی پـەروەردە و ئـەو قافـەوە، جـاری دووەم لـە کۆبوونــەوەی ئەنجومەنی وەزارەت ژمارە (11)ی ڕۆژی 2012/7/18، جاری سێیەم لە کۆبوونـەوەی ئەنجومـەنی ژمـارە (13)ی ڕۆژی 2012/8/26، بەلاّم لەلایەن پەرلەمانی بەڕێزەوە، لەلایەن جەنابتانەوە تا ئێستا بە فـەرمی داوامان لێنەکراوە ڕای خۆمان دەربڕین، لە هەرسێ کۆبوونەوەکەدا بڕیاری ئەنجومەنی وەزارەتی خوێنـدنی بالاّو توێژینەوەی زانستی بەم شێوەیەی لای خوارەوەیە:

هەلگرانی بڕوانامـەی ماسـتەرو دکتـۆرا لـە دەرەوەی وەزارەتـی خوێنـدنی بـالاّو توێژینـەوەی زانسـتی، ئێمـە پێمان چاکە سەرجەم ئەو ماف و دەستکەوت و دەرمالاّنەی کە دەدرێت بـە مامۆسـتایانی سـەر بـە وەزارەتـی خوێندنی بالاّ بدرێت بەوانیش جگە لە نازناوی زانستی، دوو: ئێمـە پێمـان چـاکە کـە سیسـتەمێکی تایبـەت دابنرێت بۆ پێدانی جۆرێك لە نازناو، بە لەقەبی عیلمی دەوترێت نازناو، جۆرێـك لـە نازنـاو بـە هـەلگرانی بڕوانامــەی ماسـتەرو دکتـۆرا لـە دەرەوەی وەزارەتـی خوێنـدنی بـالاّو توێژینـەوەی زانسـتی بـدرێت، مـن نموونەتان بۆ دەهێنمەوە لە عیراق کاتی خۆی موئەسەسەیەك هەبوو پێیان دەگوت (مؤسسة البحث العلمي) هەلگرانی بڕوانامەی بە کالۆریۆس و ماستەر و دکتۆرا لەوێ کاریان دەکرد، پلەی زانستیان نازنـاوی زانسـتی نەك پلەی زانستیان بۆ داڕێـژرابوو بـۆ نموونـە یاریـدەدەری توێـژەر واتـە( مساعد باحث)، دوای پێشکەش کردنی توێژینەوەی زانستی ئەو ناونیشانە بەرز دەکرایەوە ئەو نازناوە بۆ (باحث) توێژەر دوایێ بۆ (باحث اقدم) هەتا دوایی، لە وەزارەتی تەندروستی بۆ نموونە پزیشك کە بەکالۆریۆس وەردەگرێت بڕگەکانی یاسای پلە بەندی پزیشکی جێبەجێ دەکـات (قـانون التـدرج الطبـی) پێـی دەوترێـت پزیشـکی خـولاو هـەتا دوایـی، دوایی کە ماستەرو دکتۆرای وەرگرت لەقەبی ئیختساسی وەردەگرێت، دوایی لەقەبی ئیستشاری وەردەگرێت، لەبەرئـەوە دەکرێـت لەسـەرجەم وەزارەتـەکانی تـری حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان سیسـتەم وەیـان نازنـاو دابنرێت، لەبەرئەوەی بە بۆچوونی ئەنجومەنی وەزارەتی خوێنـدنی بـالاّو توێژینـەوەی زانسـتی و، بـە پێـی یاسای وەزارەتی خوێندنی بالاّو توێژینەوەی زانستی و، یاسای خزمەتی زانکۆیی بە پێی ئـەو یاسـایانە ئـەم سیستەمە تایبەتە بەو بەڕێزانەی کەوا لەسەر میلاکی وەزارەتی خوێندنی بالاّو توێژینەوەی زانستین، بەلاّم بەردەوام بوونی ئەو نازناوە زانستیە کاتێك کە دەبێت وەزارەتی خوێندنی بالاّو توێژینـەوەی زانسـتی وەکـو ئاماژەم پێکرد هیچ کاتێك نە نازناوێکی سەندووەتەوە نە ئەیسەنێتەوە یەك، کاتێك کە هەلگری نازنـاوێکی زانستی تەنسیب دەکرێت ئیعارەی خەدەماتی بۆ دەکرێت دەگوازێتەوە دەبێتـە ئەنـدامی پەرلـەمانی بـەڕێز، لە هەر لایەکی تر ئیش بکات و، تەنانەت کە خانەنشین دەکرێت بۆی هەیـە بـەردەوام بێـت لـە ئەنجامـدانی توێژینەوەی زانستی دوای ئەوەی توێژینەوەکەی تۆماردەکات لەگەلّ بەشی زانستی مـەعنی پەیوەندیـدار و، ئەگـەر مەرجـەکانی بەرزکردنـەوەی پلـەی زانسـتی تێـدا بـوو بـەپێی ڕێکـارە یاسـایەکان و ڕێنماییـەکانی بەرزکردنـەوەی پلـەی زانسـتی، پلـەی زانسـتی بـەرز دەکرێتـەوە، ئێمـە ئێسـتا هەمانـە خانەنشـینە و پلـەی زانسـتی بـەرز کراوەتـەوەو بەردەوامییشـین لـەوە و، ئێمـە ئێسـتا بڕیارێکمـان بەدەسـتەوەیە کـە لەمـەودوا

هەڵگرانی بڕوانامەی ماستەر و دکتۆرا کە لە زانکۆ ئەهلیەکان کاردەکەن بۆ ئەوانیش ئێمە لە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی بەرزکردنەوەی پلەی زانستیان بۆ ئەنجام بدەین، بەڵام ئەو پرۆسەیە دەبێت لەلایەن زانکۆ حکومیەکانەوە ئەنجام بدرێت نەك لەلایەن زانکۆ ئەهلیەکانەوە ئەنجام بدرێت، بۆ پاراستنی ڕەسانەی عیلمی، وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی ئامادەیە بۆ هاوکاری و هاوئاهەنگی لەڕووی کاری ڕاوێژکاری دەست نیشانکردنی نوێنەر و لیژنە پەیوەندیدارەکان کردنەوەی خول هەتا دوایی لە هەر بوارێك پێویست بێت، بۆئەوەی کەوا ئەو سیستەمەی کەوا هەر وەزارەتێکی بەدەر لە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی پیادەی دەکات و بڕیاری لێدەدات، ئێمە هاوکار دەبین بۆ جێبەجێ کردنی، بەڵام سیستەمی مامۆستای یاریدەدەر، مامۆستا، پرۆفیسۆری یاریدەدەر، پرۆفیسۆر سیستەمێکە تایبەتە بە وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی، عیلاقەی هەیە، پەیوەندیدارە بە وانەوتنەوە، بە توێژینەوەی زانستی، بە پرۆسەی زانست خوازی بەردەوام، بە ئامادەبوون لە کۆنفرانسی زانستی، لە کۆنگرەی زانستی هەتا دوایی، بەڵام وەکو وتم پێدانی نازناوی زانستی جیایە و، بەرزکردنەوەی پلەی زانستی مەسەلەیەکی ترە، ئێمە ئەوەی کەوا پلەی زانستی لە زانکۆیەك لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان پێبەخشرا بێت ئامادەین کەوا پلەی زانستی بەرز بکەینەوە ڕێگەی پێبدەین توێژینەوە تۆمار بکات لەگەڵ بەشە زانستیەکان و ئەنجامی بدات و، ئەگەر مەرجەکانی بەرز کردنەوەی پلەی زانستی تێدا بوو، بەردەوام بێت لەو پرۆسەیەو پلەی زانستیشی بەرز بکرێتەوە، سەبارەت بەو تێبینیەی کە وترا تەدریسی لێدەر دەکرێت، ئەوە ئەوانە دەگرێتەوە کە خۆیان لە پێشدا نازناوی زانستیان هەبووە، بەڵام ئیعارەی خەدەمات، تەنسیب، نەقل کراون یان خانەنشین بوون، ئێمە بەڵێ بەردەوام دەبین لەوەی کەوا ئەگەر ئەو بەڕێزە مەرجەکانی بەرزکردنەوەی پلەی زانستی تێدا بوو کاری پێویستی بۆ ئەنجام دەدەین، بەڵام ئەگەر یەکێك پلەی زانستی نەبوو لە ئەساسدا و، لە وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی دانەمەزرا بوو، ئێمە ئەوە بە سیستەمی پلەی زانستی بە سیستەمێك دادەنێین تایبەتە بە وەزارەتەکەمان، سەبارەت بە ئەژمارکردنی ئەو بابڵێین خزمەتەی کەوا لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان بەڕێزێك لە زانکۆیەکی باوەڕ پێکراو هەی بێت، بەڕێزان من پرسیارێك دەکەم ئەگەر هاتو هاووڵاتیەکی ئینگلیز بڕوانامەی دکتۆرای وەرگرت، بەڵام ئێستا دوای مانگێك چوو بۆ ئوستراليا، چوو بۆ ئەمەریکا، چوو بۆ ئەوروپا، (20) ساڵ لەوێ لە زانکۆیەکی باوەڕپێکراو کاری کردو پلەی زانستی بەرز کرایەوە، کە هاتەوە بۆ ئینگلتەرا بۆ وڵاتەکەی خۆی، ئایا هەموو ئەو ماوەیەی بۆ حیساب دەکەن، بە خزمەت بۆ تەقاعودی؟ نەخێر، بەڵام ئێمە ئەو خزمەتەی کە ئەو بەڕێزە، ئەو ئەزموونەی کە هەیەتی لە زانکۆیەکی باوەڕپێکراو لە وڵاتێکی تر پێویستە بە هەند وەربگیرێت، بۆ تەعین کردنی، بۆ دامەزراندنی، هەروەها بۆ پێدانی پلەی زانستی ئێمە هەمانە مامۆستامان هەیە بۆ نموونە لە زانکۆی سلێمانی کە خۆم سەرۆکی ئەو زانکۆیە بووم، لە دەرەوەی وڵات، لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان، لە ئەوروپا گەڕاوەتەوە دکتۆرای هەبووە دامان نەمەزراندووە بە پلەی مامۆستا، کە دەبێت دایبمەزرێنین بە پێی یاسا یەکسەر دامانمەزراندووە بە پلەی

پرۆفیسۆری یاریدەدەر بۆ؟ ئەو ئەزموونەی کە هەیەتی لە ڕووی زانستیەوە بە نەزەری ئیعتیبار وەرمان گرتووە، ڕێگەشمان پێداوە کە یەکسەر دوای تەعینی ئەگەر توێژینەوە هەبێت با مامەڵە پێشکەش بکات بۆ بەرزکردنەوەی پلەی زانستی بۆ پرۆفیسۆر، بۆ نموونە دکتۆر اومید عمر عثمان کە ئێستا ڕاگری کۆلێژی پزیشکی ڤێتەرنەریە هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا بوو هاتەوە یەکسەر تەعینمان کرد بە (استاذ مساعد) بە پرۆفیسۆری یاریدەدەر نەك بە مامۆستا و، دوای چەند مانگێکیش بە پرۆسەی بەپێی ڕێکارەکانی بەرزکردنەوەی پلەی زانستی تەرقیەی کرد بۆ پرفیسۆری، لەبەرئەوە بەڵێ ئێمە ئەو ئەزموونەی کە هەڵگرێکی بڕوانامەی ماستەر و دکتۆرا هەی بێت لە زانکۆیەکی باوەڕپێکراوی دەرەوەی وڵات بە هەندی وەردەگرین، بۆ ئەژمار کردنی پلەی زانستیەکەی، بەلأم نەك بۆ خزمەتی وەزیفی و خانەنشینی کە ئەو لە وڵاتێکی تر خزمەتی کردووە، ئێمە لێرە بۆی حیساب بکەین، ئەوەش ئەو بڕیارە بڕیاری سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانە، بەلأم ئێمەش دەست خۆشی لێدەکەین، ئەنجومەنی وەزارەتی خوێندنی باڵا بە کورتی بە یاسایی نازانێت، کە نازناوی زانستی ببەخشێت بەو بەڕێزانەی کە لە دەرەوەی وەزارەتمان کاردەکەن لەبەر جیاوازی سیستەمی یاسایی کارکردنی کارمەندانی وەزارەتمان لەگەڵ وەزارەتەکانی تر و، بەڕێزیان یاسای خزمەتی شارستانی (قانون الخدمة المدنية) دەیانگرێتەوە، بەلأم ئەگەر سەرۆکایەتی پەرلەمانی بەڕێز پێی چاکە ئێمە بۆچوونەکانمان بە شێوەیەکی ورد و دەقیق داڕێژین بە کۆنووسێك واژوو بکرێت لەلایەن سەرجەم ئەندامانی ئەنجومەنی وەزارەتەوە لەگەڵ ئەگەر تەحەفوزێك هەبێت یان بۆچوونێکی تایبەت، ئێمە ئامادەین ئەوە پێشکەش بکەین، بەلأم ئەوانەی کە من پێشکەشی بەڕێزتانم کرد بریتین لە پوختەی ئەو بۆچوونانەی کە دوێنێ تاوتوێ کراو و، لە هەردوو کۆبوونەوەی پێشتر تاوتوێی داواکاری بەڕێزان وەزارەتی پەروەردەو وەزارەتی ئەوقاف داواکاریمان بۆ هاتووە کاتی خۆی و، بە نووسراوی فەرمی وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی پێش من وەڵامی ئەو وەزارەتە پەیوەندیدارانەی داوەتەوە بە ڕازی نەبوونمان پەسەندنەکردنی داواکاریەکان، زۆر زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ماوەی (2) سەعات و بیست و پێنج دەقیقەیە لەسەر ئەو بابەتە قسە دەکەین، پێشم وایە حەقی خۆمان پێداوە، بۆیە ئێستا دێمە سەر دەنگدان لەسەر ئەوەی ئەم یاسایە، (2) کەس تەئیدی یاساکە بکات، (2) کەسیش لەو کەسانە بن قسە بکەن کە یاساکە ڕەت دەکەنەوە. ئێستا (2) کەس لەوانەی کەوا دەیانەوێت بەردەوام بن کێن؟ بۆئەوەی ناوەکانیان بنووسین، ئەوانەی کە دەیانەوێت یاساکە بەردەوام بێت (دکتۆر عمر و ناسکە خان)، (2) کەسیش ئەوانەی کە ڕەتی دەکەنەوە، یەکێکیش لەوانەی کە لە ناوەڕاستە، جارێ (2) کەس لەوانەی کە ڕەتی دەکەنەوە دەمەوێت بزانم کێن؟ ( کاك جمال و کاك عبدالسلام)، کاك کاردۆش وەکو دەڵێت من لە ناوەڕاستم، کاك کاردۆ فەرموو.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس بۆ ڕوونکردنەوەکەی وەزیری بەڕێز، بەڵام پشتی بە یاسایەك بەست کە یاسای خزمەتی زانکۆییە لە کوردستان ئینفاز نەکراوە، بە بڕیاری حکومەتی کوردستان کە ئەوە نایاساییە ئەوە یەکیان، دوو: من بۆ ڕوونکردنەوەکەم بە پێویست زانی ئێمە لە لیژنەی یاسایی زۆر موناقەشەی ئەوەمان کرد، ئێمەو کەسانێك کە خاوەنی ماجستێر و بڕوانامەی ماجستێر و دکتۆران وتمان حەقە ئەوانەی کە لە دەرەوەی خوێندنی باڵا یان لە زانکۆن لە دەرەوەن خاوەن داهێنانن، پێشکەوتنیان هەیە بە پێی توێژینەوە ئەوانە بێبەش نەکرێن لەو مافە، بەڵام ئەوە ڕەبت نەکرێتەوە بە تەدریس فەرق دەکات تۆ بڵێی ئەوە دەیکەمە خزمەتی، یەعنی زۆرجاران ئێمە کە بیخەیتە ڕەبتی بکەی بە زانکۆ و تەدریس، بە مەسەلەی ماددی نەء وتمان وەکو دکتۆر وەزیری بەڕێز بەخۆی ئیشارەتی کرد وتی برادەرێك لە دەرەوە هاتووەتەوە کە ئێمە ئەو پلەیەمان داوەتێ، یەعنی ئێمە وتمان لەهەر مەجالێك خۆ شەرت نیە هەموو دوکتۆرا و ماجستێرێك بەس بچێتە زانکۆ، یەعنی ماجستێر و دکتۆراش دەمینێتەوە لە دەرەوەو داهێنانیشی هەیە، یەعنی لە مەجالی زانستی، بەڵام پێویستە لەم مەجالە حەقی بدرێتێ، پلەی بدرێتێ شەرت نیە پلەی تەدریسی بدرێتێ، من باوەڕم وایە دەبێت پەرلەمان چارەسەری ئەم کێشەیە بکات، ئەو مافە ڕێکخات چۆنی ڕێك دەخات ئەمە دەکەوینە موناقەشە، بۆیە وتم فەرقەکە جیاوازە لە بەینی ئەوەی ڕەتی بکەمەوە یان تەئیدی بکەم، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

قسەکانی کاك کاردۆ وەکو نوقتەیەکی نیزامی حیساب دەکەین، کاك دکتۆر سەروەریش ئەگەر نوقتەیەکی نیزامیت هەیە، فەرموو.

**بەڕێز د. سەروەر عبدالرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەست دەکەم زۆر شت وترا بەدحاڵی بوونەك هەیە، من کە یەکێکم لەوانەی ئیمزای ئەو پرۆژە یاسایەم کردووە قسەم هەیە لەسەر ئەوە دەمەوێت بەرگری لێبکەم، تکا دەکەم لێرە دا ڕێگام پێبدە بەرگری لێبکەم نەوەکا لە دەرەوە قسە بکەم تکا دەکەم، چونکە پێشێلکاری یاسا هەیە ئەوەتا کۆمەڵێك یاسای تر.........

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دکتۆر سەروەر تەوقیعت کردووە، مەجالیشت پێدرا بە تەواوی دیفاعت لێکردووە، حەز دەکەی من ئێستا قسەکانی تۆ هەمووی بڵێمەوە، بەڵام ئێستا دەمانەوێت بۆ (عام)، بۆ گشتی نەك ڕەئیەکی تایبەتی بۆ گشتی (2) کەس تەوزیحێکی مەوزوعیانە بدات لەسەر تەئید کردن، (2) کەسیش تەوزیحێکی مەوزوعیانە بدات لەسەر ڕەت کردنەوەکەی، بۆیە داوادەکەم دابنیشی، تکایە دابنیشە، تکایە بەپێی چ ماددەیەکی پەیڕەو نیزامیە؟ فەرموو.

**بەڕێز د. سەروەر عبدالرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

قسەكەم لەوە نیزامیـە كـە جـەنابت دەڵێـی ڕەئـی خـۆت دا، ئێمـە لەسـەر یـەك مـاددە مـن ڕەئـیم دا، ئێستا سەرجەم یاساكە دەیەوێت ڕەت بكرێتەوە زۆر شتی تری تێدایە تەنها ئەوە نیە، تـەنها ئـەو بابەتـە نیـە كـە باسی لێوە كرایە، ئێمە دێـین هـەموو ئـەوانی تـریش ڕەت دەكەینـەوە، تكا دەكـەم، سوپاسـت دەكـەم ئەگـەر ڕێگام بدەی، ئەگەر ڕێگاشم نەدەی هەر سوپاس بۆ جەنابت.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ سەرۆكی پەرلەمان:**

من داوام كرد (2) نەفەر دیفاعی لێ بكات، دووانیش ڕەتی بكاتەوە، ئەگەر لەوانەی كە دیفـاعی لـێ دەكـەن، كەسێك حەقی خۆی دەدات بە كاك دكتۆر سـەروەر مـانعم نیـە، بـەڵام لـە (2)كـەس زیـاتر مـەجال نـادەین، (كاك دكتۆر عمر و ناسكە خان) دەیكەینە (3) كەس كاك دكتـۆر سـەروەر فـەرمووو، یـەكێكیش لەوانـەی كـە ڕەتی دەكەنەوە، ئەڤین خان، ئێستا كاك دكتۆر عمر فەرمووو، تكایە هـیچ كـەس لـە 3 دەقیقـە زیـاتر قسـەی ناكـات، تكایـە بابەتەكـە كـورت بكەنـەوە هـەر یـەكی 3 دەقیقـە دوای 3 دەقیقـە مایـك قـەتع دەبێـت، بـۆ ئاگاداریتان.

**بەڕێز د. عمر حمدامین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بـەڕێزان ئەنـدامانی پەرلـەمان، ئـەم پـرۆژە یاسایە بۆیـە پێشـێلكراوە یەكـەمیان فـەراغێكی قـانونی هەیـە، دووەمیـان ئیشـكالیەتێكی قـانونی هەیـە، سـێیەمیان پێشـێلكردنی یاسـا هەیـە، بۆیـە پێشـكەش كـراوە پێشێلكردنی یاساكە ئەمە یاسای وەزارەتی پەروەردە ژمـارە (17) سـاڵی 2000 مـاددەی چـوارەم بڕگـە سـێ دەڵێـت هـەڵگرانی بڕوانامـەی ماسـتەر و دكتـۆرا، ئەوانـەی لـە سـلكی تـەدریس لەسـەر میلاكـی وەزارەتـی پەروەردە كار دەكەن، هەموو ماف و ئیمتیازاتێكی هاوشانەكانی خۆیان لە زانكۆكان كاردەكەن هەیە، هەموو حقوق و ئیمتیازاتێك، بەمەسەلەی نازناوی عیلمیشەوە، بەڵام وەزارەتی خوێندنی باڵای بەڕێز بـە بڕیارێـك ئیعترافی پێناكات، بە بڕیار دەڵێت ئێمە ئیعترافیان پێناكەین، بەڕێزان ئەوەتە بە نـەس هەیـە، هـی خۆیـان ئیعترافی پێدەكـەن، بـەڵام هی وەزارەتـەكانی تـر ئیعترافـی پێناكـەن لـە زمنـی یـەك حكومـەت دا ئـەم یاسا بەڕێزەش لە پەرلەمان دەرچووە، ئەوە پێشێلكردنی قانونەكە ئیشكالیەتی قانونەكـە لـەوە دایـە بـەگوێرەی ئەو بڕیارەی وەزارەتی خوێندنی بـاڵای بـەڕێز، هـەر كەسـێك مامۆسـتا نـەبێت لـە وەزارەتـی خوێنـدنی بـاڵا شایستەی ئـەوە نیـە پلـەی زانسـتی پێبـدرێت، بـە ڕەئـی ئێمـە ئـا لێـرەدا ئیشكالیەتی قـانونی لەچـی دایـە؟ ئیشكالیەتی قانونی لەوەدایە من ماستەر وەردەگرم سیمینارێك دەكەم لە وەزارەتی خوێنـدنی بـاڵا، نازنـاوی زانستی یاریدەدەری مامۆستام پێدەدەن، تەنها پاشی (2) مانگ دەبم بە مودیر عـام هـەتا هەتایـە ئیحتیفـاز بە لەقەبی عیلمیەوە دەكەم، بەڵام لە وەزارەتی پەروەردەم دكتـۆرام هەیـە، ئینتـاجی عیلمـیم هەیـە، دەیـان باس و لیكۆڵینەوەی زانستیم هەیە، چونكە لـە ئەسـاس لـەوێ پـێم نـەدراوە بـە حـەیاتی نازنـاوی زانسـتیم پێنادەن، ئەوە ئیشكالیەتی قانونیە یان نا بەڕێزان؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

ناسكە خان فەرموو.

**بەڕێز ناسك توفیق عبدالكریم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من دیارە كە قسەم كرد، قسەم لەسەر عنوان و ماددەی یەكەم كرد، بۆیە حەزم كرد ئێستا لە تەئیدە دەست هەڵبرم، چونكە بەڕاستی من تـەواو لەگـەڵ عنـوانی پـرۆژەكـەم، ئێمـە كێشـەمان هەیـە لـەوەی كـە خـەڵكێك هەڵگری بڕوانامەی ماستەر و دكتۆرایە لـە وەزارەتـەكانی تـر خزمـەت دەكـەن، ئـەو حقوقـەیان نیـە كـە لـە وەزارەتی خوێندنی باڵا، هەتا من دەڵێم دەبوو وەزیری دارایی یان وەزیری پلان دانان لێرە بوونایە، چونكە باس لە كۆمەڵێك خەڵك دەكات كە سەر بە وەزارەتی خوێندنی باڵا نین، یەعنی من بۆیە دەڵێم ئەم ماددەی یەكەمە ئیشكالێكی دروست كرد زۆربەی قسەكان بە ئیتـاری ئـەوە دەڕۆیشـت كـە پـرۆژەكـە ڕەت بكرێتـەوە، ئەگینا ئەصڵی عنوانەكە و ماددەكانی تر حقوق دەگەڕێـتەوە بۆ كۆمـەڵێك خـەڵك ئـەوە یـەك، دوو: لۆگێـك لەسەر وەزارەتی خوێندنی باڵا هەیە كەم دەبێتەوە، ئەو خەڵكەی تریش لە وەزارەتەكانی تر بە ڕەغبەتێكی ترەوە خزمەتی خۆیان دەكـەن، چـونكە ئیحساس دەكـەن مافـەكانیان پـارێزراوە، سـێ: زۆربـەی ئـەو پـرۆژە یاسایانەی پێشوو تریش كە زۆرجار زۆرینـە ڕەتـی دەكـردەوە، ئیشـكال لـەوە دایـە كـە لـە كێشـەی خەڵكـەوە دەنووسرێت، بۆیە من حەز ناكەم ئێستا لەبەرئەوەی سەیری ناوەكـانم كـرد لەگـەڵ ڕەت كرنـەوە بـووم بـۆ؟ چـونكە دەزانم ئـەم پرۆژەیـە لـە نەتیجـەی كێشـەی خەڵكـەوە نووسـراوە یـان ئـەوەتا دەبێـت دیسـان مـادام یاسایەك هەیە پێشێل دەكرێت، كە ئەوە تەنها بۆ وەزارەتی پەروەردەیە ئـەو حەقـەش كـە مەسـەلەن باسـی ئەوە دەكات ئەگەر یەكێك لە وەزارەتی پەروەردە بوو با هەموو مافەكانی بۆ ئەوە بێت وەزارەتی خوێنـدنی بـاڵا مافەكـەی نـاداتێ، ئـەوەش تـەنها بـاس لـە وەزارەتـی پـەروەردە دەكـات، یـەعنی هێشـتا ئـەوەش حـەلی وەزارەتەكان ناكات، هێشتا ئەوەش حەلی حەمەلەی شەهادەی ماستەر و دكتۆرا لـە وەزارەتـەكانی تـر ناكـات، لەبەرئەوە من پێموایە ئەوە ماددەی یەكەمە هەمووماني ئیزعاج كـرد بـەو نەفەسـە قسـەی لەسـەر بكـەین، چونكە باسی پەرلەمانتار بوو یەك، دوو باسی مامۆستای زانكۆ دەكـات دەڵێـت ئـەو ماوەیـەی كـە مامۆسـتای زانكۆ كە ئەوە لە ماددەی (44)ی یاسای خوێندنی باڵا حـەل كـراوە، بۆیـە مـن وتم مـاددەی یەكـەم زیادەیـە لەبەرئەوەی شمولی ئەندام پەرلەمان دەكات، دووەم مـاددەی (44) حـەلی مامۆسـتای زانكـۆی كـردووە، بـەڵام ئەصڵی پرۆژەكە زۆر گرینگە، بۆیە من لەگەڵیم تەئیدی دەكەم بمێنێتەوە.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز كاك د. سەروەر فەرموو.

**بەڕێز د. سەروەر عبدالرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئەم پرۆژە یاسایە کە داڕێژرایە سێ مەبەستی تێدایە، دوو مەبەستە دەکرێت بە دوو لقیش، یەکێکیان ئەژمارکردنی پلەی زانستی، یەکێکی تر حیسابی خزمەتی زانکۆیی، ئەوەی تریشیان کێشەی وەزارەتی پەروەردەیە بەتایبەتی، من وێرای پشتگیریم لەو قسانەی برای بەڕێزم کاك دکتۆر عمر کردی، ئایا پلەی زانستی ئەوەی بەڕێز وەزیری خوێندنی باڵا ئیشارەتی پێدا لەو یاسایەدا کە لە ماددەی (44)ەمە ئەمە تەنها ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە لەنێو وەزارەتی خوێندنی باڵا دابوون، بۆ نموونە کە دەچێتە دەرەوە لەوانەیە یەك مانگ لەو وەزارەتە کاربکات پاشان دەچێتە دەرەوە تا هەتایە ئەو حیسابەی بۆ دەکرێت، بەس ئەی مامۆستایەکی تر کە لە دەرەوەیە بەحسی هەیە هەمان بابەتی هەیە، بە هەمان ڕێکار دەڕوات بۆ ئەو حیسابەی بۆ نەکرێت، بەڕێزان ئەگەر مەسەلەکە ئەندامی پەرلەمانە، ئەندامی پەرلەمان تاکێکە لەوانە، وەکو باسمان کرد ئێمە لە پەیڕەوی ناوخۆش دا حەقێکی هەیە، حەقی موکتەسەبە ئەوانەی کە هاتوونەتە ئێرە، هیچ موخەسەساتێك هینێکی ماددی تێدا نیە، بەڵام ئەوەی کەوا من دەمەوێت لێرە دا پرسیار بکەم لەو بابەتە، ئایا کێشەی ئەو هەموو مامۆستایەی کەوا هەمانە ئێستا بەتایبەت لە وەزارەتی پەروەردە ساڵی ئێستا نزیکەی زیاد لە 400 مامۆستا هەیە کە بڕوانامەی ماستەریان هەیە، لە ساڵی پاردا 427 کەس چوون بۆ خوێندنی ماستەر، لەم ساڵ 176 مامۆستا چوون جگە لەوەی کەوا زیاد لە 1580 کەس لە تواناسازی وەکو سۆزان خان ئیشارەتی پێدا چوون لەوانی تر، ئایا کە دەگەڕێنەوە بۆچی حەقیان نەبێ ئەو ئیمتیازاتانەیان پێببەخشرێت؟ بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، بەڕێز وەزیری خوێندنی باڵا لە وەڵام دا قسەیەکی کرد وتی ئەنجومەنی وەزارەتمان ڕازی نیە بەوەی پێی وایە کارێکی نایاساییە، ئەگەر بێت و پلەی زانستی بەو کەسانە ببەخشرێتن، بەڵام من پرسیار لە بەڕێزت دەکەم؟، پرسیار لە سەرجەم ئەندامانی پەرلەمان دەکەم؟ پرسیار لە جەنابی وەزیر دەکەم؟ ئەو یاسایە کەوا کە ئەنجومەنی وەزارەت بێت یاسا پێشێل بکات؟، کێ بەرپرسە بەرامبەر جێبەجێ کردنی یاسا و لێپێچانەوەی؟، وەکو ئەوەی برای بەڕێزم کاك دکتۆر عمر ئەمە لە ماددەی چوارەمە لە یاسای هەمواری وەزارەتی پەروەردە کە ساڵی 2000 دەرچووە، یاسای ژمارە (7)ی ساڵی (2000) کە بە نەسی دەڵێت پێویستە هەموو ماف و ئیمتیازاتێکیان پێبدرێت ئەو مامۆستایانەی لە وەزارەتی پەروەردە کار دەکەن و، هەڵگری بڕوانامەی ماستەر و دکتۆران، کێ بەرپرسە بەرامبەر بەوە لە کێ لێپرسینەوە دەکات کاتێك یاسا پێشێل دەکرێت؟، جگە لەمە ئێمە پابەندین بە کۆمەڵێك لە یاساکانی وەزارەت، یاساکانی کە لە ئەنجومەنی فیدراڵ دەردەچێتن، ئەنجومەنی عیراق بەهەمان شێوە لە یاسای ژمارە (22)ی ساڵی 2011، کە لە یاسای پێشتریش دا هەبووە، ئەوەتا لە ماددەی (27) دا هاتووە جەخت دەکاتەوە لەسەر یاسای ژمارە (40)ی ساڵی 88 لەسەر یاسای (23)ی ساڵی 2008 و، هەمان یاسای (22)ی ساڵی 2011 هەمان ماف و ئیمتیازاتی پێداوە، بەڕێزان ئێمە باسدەکەین دەڵێین پێویست سەرجەم ماف و ئیمتیازات و دەرماڵەکان لەنێوان کارمەندان و فەرمانبەرانی هەرێم، جگە لە پلە تایبەتەکان لەگەڵ ناوەند دا هەبێت. لێرەدا پەیوەست نیم بەو یاسایانەوە، دوا خاڵم بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، بەشەکەی تری باس دەکەم کە لەو یاسایەدا هەیە،**

ئێمە داوای ئەوەمان کردووە مەسەلەی ناونیشانەکیمان گۆڕی کە دەڵێ خزمەتی زانکۆیی، بەڕێزان ئەمە لیستی ناوی ئەو سەدان مامۆستایەیە کە هەبوون کە پێشتر ڕێگەیان پێ نەدراوە بەشێکیان ڕێگەیان پێ نەدراوە لەلایەن ڕژێمی عیراقەوە بەهۆی پێشمەرگایەتیەوە و بەهۆی سیاسەتەوە نەیانهێشتووە بچنە ناو زانکۆ، دە ساڵ و پانزە ساڵ و بیست ساڵ خزمەتیان هەبووە بە بڕوا نامەی ماستەر و دکتۆرا لە دەرەوەی زانکۆ، دووەمیان ئەو کەسانەن کەوا ڕێگەیان پێ نەدراوە بخوێنن بەهرەو توانایان هەبووە، بەڵام بیست ساڵ و سی ساڵ خزمەتیان هەیە لە دەرەوەی زانکۆ ئەمەش بۆئەوەیە بۆیان حساب بکرێت ئێمە لێرە دا ڕوونمان کردووەتەوە بۆیە تکا دەکەم بۆ ئەوەی ئەو کێشەیە چارەسەر بکەین و کێشەی مامۆستایانی پەروەردە و کێشەی ئەوانەی کەوا لە دەرەوەی وەزارەتی خوێندنی باڵا دا مەسەلەی بەحس و توێژینەوە هان بدرێن و دامودەزگاکان بەهێز بکرێت، ئەو فشارە زۆرەشی هەیە هیوادارم کەوا ڕەد نەکرێتەوە و بەڕێزان پشتگیری لێ بکەن، ئەگەر کەموکوڕیەکی تێدایە با لێرەدا چاکی بکەین و سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە ( جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

سێ بەڕێز لە ئەندامانی پەرلەمان دیفاعیان لێی کرد ئێستا ئەو سێ بەڕێزە لە ئەندامانیپەرلەمان کە دەیانەوێ یاسایەکە ڕەد بکرێتەوە و قسە بکەن، کاك جمال فەرموو.

**بەڕێز جمال طاهر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

عیبرەت لە دەرچواندنی هەر یاسایەك خزمەت کردنە یان ئاسان کردنی کارێکە، ئەگەر بێتو سەیری ئەم بابەتە بکەین و ئەو یاسایە بکەین، من پشتگیری ئەوە دەکەم ڕەد بکرێت، خاڵی یەکەم بۆچی ڕەد بکرێتەوە؟ دەڵێ (احتساب الدرجە العلمیە) ئەگەر بێتو بڕواتیش مەفروزە بڵێین نە (احتساب) (منح اللقب العلمی) ئەمە یەك، ئیحتساب جیایە و مەنح جیایە، چونکە مەنح تازە پێی دەدەی، بەڵام ئیحتساب ئەوەیە کە پێش ئێستا هەیە، ئەمە خاڵی یەکەم، خاڵی دووەم/ وەك هەمووومان دەزانین ئەمە چەندە لەو پەرلەمانە پرۆژەیەکی وا نابێت بێتە گەشەکردن و دەرباز کرن و تێ پەڕاندن بێ وەزارەی مەعنی، باش گوێمان لە جەنابی وەزیر بوو کە ڕوونکردنەوەیان دیار بوو وەزارەت خۆیان بەدڵیان نیە ئەو بابەتە بەم شێوەیە بڕوات لە یاسای خوێندنی باڵا ئەو کێشانە هەموو چارەسەر کراون، بۆیە من نابینم ئەگەر بێتو ئەم یاسایەش دەربچێت یان بەردەوام بن لەسەر ئەو بابەتە من دەبینم کێشەیەکی گەورە بۆ خوێندنی باڵا دروست دەکات، هەروەها ئەگەر بێتو باسی خزمەت بکەین خزمەتی وەزیفی جودایە و خزمەت لە تەعلیمات جیایە، خزمەت لە موئەسەساتی عیلمی جیایە، هەر وەزیفەیەك دەلیلی تەوسیف هەیە، وەزیفەی مودەرس تەوسیف کریە، وەزیفەی مودەرسی موساعد تەوسیف هەیە، لە حکومەت و لە وەزارەت و هەر وەزارەتێك و هەر وەزیفەیەك دەلیلی تەوسیفی وەزائیف هەیە، بۆیە دانی ئەو لەقەبانە بۆ ئەو کەسانەیە کە میهنەی تەدریس ئەکەن، ئەگەر حیکمەت ئەوە بێت، ئەوە قانون مەزموونی کریە لە ماددەی 44 دەڵێت ئەگەر هاتو نەقڵ بوو ئیحتفاز پێوە دەکرێت، مانای ئەوە نیە لێی دەستێندرێت، بۆیە من نابینم یاسایەکە

بـە شـێوەیەك دەردەچـێت چارەسـەری کێشـەکە دەکـات، پێموایـە ئەگـەر یاسـایەکە بـەم شـێوەیە دەربچـێت ئیحتماله کێشەی بۆمان دروست بێت و زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سوره (جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام بەرواری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من له قسەکانی پێشووش لەگەڵ ئەوە بووم ئەم یاسایە ڕەد بکرێت، ئێستا بـە کـورتی دەیڵـێم لەبـەر 3 هـۆ، یەکێك ئەگەر ئێستا ئێمە حاڵەتێکمان هەبێت کە وەزارەت یان هەر لایەنێك یاسایەك جێ بەجێ ناکات، یان ڕێنمایی دەردەکات کـە پێچـەوانەی یاسـایەکە کـە ئـەم مافانـە یـان ئـەم ئامانجانـەی کـە پـرۆژە یاسـایەی کـە هەیەتی لەوێ ڕێگای لێ دەگریت و ڕێگا دروستەکە ئەوە نیە ئێمـە یاسـایەکی تـر دەربکـەین و پاشـان بڵـێین بـوون بـە دوو یاسـا پێشـێل دەکـرێن و جـێ بـەجێ نـەکرێن، ڕێگایەکـە ئـەم پەرلەمانەیـە بـە کـاری خـۆی هەڵسـێت، بـانگی وەزیـر و ئـەو لایەنـە بکـات و ناچـاریان بکـات یاسـایەکە جـێ بـەجێ بکـەن، ئەمـە هـۆی سەرەکیە، ئەگەر ئەوە بێت، چونکە یاسا هەیە و جێ بەجێ ناکرێت، مـن دەڵـێم داعـی نیـە یاسـا دەرچـێت، دووەمیان/بـەڕەسمی داوا لـە بـەڕێزتان بکـەن بـۆ ئـەم خوشـك و برایانـە د.ڕۆژان بـە پەلـە مـاددەی 44 ی خوێندەوە لە یاسای خدمە، ماددەی 44 خوشك و برایان داوام کـرد جـاری دووەم بخوێنـدرێت یـەك/ مـافی وەرگرتنی دەرەجەی عیلمی دیار دەکات، دوو/ مـافی پاراسـتنی لـە دەسـت نـەدانی دەرەجـەی عیلمـی دەکـات ئەگەر هاتو لە زانکۆش دەرچوو، دووەمیان/ مافی ئەوەش بۆ ئەوەی دەرەجەی عیلمی وەربگریت، تەرقیـەی علمی ئەگەر دەرچوو لە جامعە، لە بڕگەی (ب) تێدایـە، ئەگـەر هـەدەفی دەرکردنـی ئـەم یاسـایە دانـی ئـەو مافەیـە یـەعنی دەرەجـە عیلمیەکـەی لـە دەسـت نەچـیت و حـەقی هـەبێت بـۆ تەرقیـە، چـونکە خـۆی دەرەجەیەکی عیلمی هەبوو ئیش بکات هەرچەندە لە دەرەوەی جامعەیـە، بڕگـەی 2 حـەقی دەداتـێ، ئەمـە دوو، سێیەم/ بەڕاستی هـەموو موبـەرەرەکانی تـر دەدۆزرێتـەوە لـەو خولـە، یـەعنی یـەك موبـەررمان مـاوە ڕەنگە بڵێین ئەدی خەڵکی وەکو منی ئێستای کە منـی بچووك کـە قسـە دەکـەم ماسـتەرم هەیـە و دەمـەوێ وەکو ئەندام پەرلەمان دەرەجەی عیلمی وەربگرم، رجاتان لێ دەکەم ئەو ڕێگایـە نەکەینـەوە، ڕاسـتە هەنـدێ خوشك و برا دەڵێن، هەر هیچ نابێت دەرەجەی عیلمیم پرۆفیسۆر و یاریـدەدەری پرۆفیسـۆر بـە تـەدریس، من دەڵێم ڕێز لەوانە بگرین، ئەو نیشانە بۆ ئەو کەسانە کە دەرس دەڵێن بـۆ تەڵەبـەی جامعـە و دیراسـاتی علمی، بۆیە ئەگەر مەبەست ئەوەی سێیەم رجاتان لێ دەکەم قبوڵی نەکـەن، ئەگـەر مەبەسـت هـەردوو هـۆی ئەوە بێت، ڕێگای تری هەیە یاسایەك هەیە و دەقە، داعی نیـە ئـەم یاسـایە دەربچـێت و ساڵانە وەکو ئـەو

یاسایانەی کە پێشێل دەکرێت و ڕێنماییەکە جێ بەجێ دەکرێت واتە داعی نیە یاسایەك دەربکەین، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە (جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

ئەڤین خان فەرموو.

**بەڕێز ئەڤین عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوای ئەوەی کە کۆمەڵێك ئەندامی پەرلەمان لەگەڵ ئەوە بووین کەوا ئەم یاسایە ڕەد بکرێتەوە بە تایبەتی ئێستا کە جەنابی وەزیر لێرەیە و ڕەئی ئەنجومەنەکەی ئەوانی خوێندەوە و دیارە پشتگیریەکی گەورە بوو بۆ ئەم ڕەئیەی ئێمە، ئەگەر بێتو سەیری یاسایەکە بکەین، هەموو یاسایەك کە دەردەکرێت نیەتی موشەرع یەکێکە لە ئەرکانەکانی ئەم یاسایە، چونکە نیەتی موشەریع دەبێت بۆ دانانی هەر یاسایەك هۆکارێکی هەبێت، بۆیە دەبینین ئەگەر یەك موشەریع لە تەشریع کردنی ئەم یاسایە و ئەم پرۆژە یاسایە ئەوەیە بێ کە یاسایەکە بۆ وەزارەتی لە یاسای خوێندنی باڵا و وەزارەتی پەروەردەی تەخویل کردووە کە ئەو لەقەبە وەربگرن، ئێمەش لەگەڵ ئەوە باین ئەوان تەدریس دەکەن، خۆی کە دەڵێ مودەرس بەو کەسە دەوترێ ئەو لەقەبە بە ئەوە دەدرێت کە مومارەسەی تەدریس دەکات، فیعلەن مامۆستایەکی ئایینی و مامۆستایەك لە فوتابخانەیەك حەمەلەی شەهادەی دکتۆرایە و ماستەرە کە کارەکەی خۆی دەکات، موستەحەقی ئەوەیە لەبەرئەوەی ئەو بەو ڕێگایانەی کە بەڕێز وەزیر باسی کردو کاك ئاراسی بەڕێز باسی کرد، ئەگەر بەو ڕێکارانە بڕوا و مومارەسەی تەدریسیش بکات، هەڵبەتە ئەو سێ مەرجەی کە کاك دکتۆر باسی کرد، لەو کەسە تەوفیر دەبێت کە شەهادە و تەدریسە، بەڵام ئەگەر منێکی شەهادەیەکی دکتۆرام هەیە و ماستەرم هەیە لە بوارێکی تایبەتی دا بۆ نموونە لەبواری هەندەسە هەمە، بەڵام لە دائیرەیەك دا من مومارەسەی ئیشێکی ئیداری دەکەم، بەڵام دکتۆرام هەیە ئەوە بە چ حەقێك من دەتوانم خزمەتیشم هەبێ، بەڵام لەقەبی مودەریس یاخود ئوستازی موساعد وەربگرم، ئەمە یەك، جێ بەجێ نەکردنی یاسا ئەوە پاساو نیە ونیەتی موشەریع دیاری ناکات کەوا بۆ ئەم یاسایە، ئێمە پرۆژەیەکی تر تەقدیم بکەین و لێرە ئێمە دەتوانین ڕێکاری تر بگرین و دەتوانین لیژنە لەناو پەرلەمانیش دا بۆ ناو هۆڵی پەرلەمانیش بەڕێز وەزیر بانگ بکەین لێی بپرسینەوە بۆچی ئەو یاسایە وەکو خۆی جێ بەجێ ناکات، ئەمە ڕێکارە تەندروستەکەیە، نەك ئێمە پرۆژە یاسایەکی بۆ دروست بکەین، بۆیە ئیحتسابی ئەگەر خدمە بکەین ئەوە بە تەعلیمات چارەسەر بکەین، ئێمە دەتوانین بە تەعلیمات ئەو ئیمتیازاتانەی کە دەمانەوێ بە تایبەتی ئەو ماشائلاً ئەو تەلەبانەی کە ئێستا لێشاوێك چوونەتە دەرەوە و دێنەوە، هەڵبەتە هەموو وەزارەتەکە بۆ خۆی کۆمەڵێك ئیختساساتی دیاری کردووە خەڵك بە پێی ئەو ئیختساساتانە ئەوانە دەکات بۆ ئەوەی ماجستێر یان دکتۆرا، ئەوانە کە هاتنەوە هەڵبەتە خزمەت دەکەن لەو تەعەهودیشیان نووسیوە و دەبێ خزمەت لەو وەزارەتەی خۆیان بکەن، بە پێی ئەوە ماستەرە و ئەو ئیختساسەی مەعنای نیە من لێرە کە ئەو ڕۆیشتووە دکتۆرا و

**ماستەری هێناوەتەوە لە بواری زراعەیە، من لێرە لەقەبی مودەریس و مودەرس موساعیدی بدەمێ کە ئەو لە وەزارەتەکەی منە وەکو موهەندسێکی زراعی کار دەکات، ئەمە یەك، دەبێ تەعلیمات چارەسەر بکرێت، ئەویش ئەنجومەنی وەزیران یاخود پەرلەمانی بەڕێز دەتوانن بڕیارێك دەربکەن و تەتبیقی بکەن، ئەگەر خدمەی مەدەنی سەیر بکەین لەقەبێك هەیە بەناوی باحث و موساعیدی باحث، بەڕێز وەزیریش باسی کرد، فعلەن ئەو لەقەبە لە خزمەتی مەدەنیەتە و ئێمە بەشێکین لە جێ بەجێ کاری ئەو یاسایە، ئەو یاسایە لێرەش جێ بەجێ دەکرێت و دەتوانین ئێمە سوود لەو....... .**

**بەڕێز حسن محمد سورە (جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

**سێ دەقە بوو، کاتت تەواو بوو، هەر ئۆتۆماتیکی قەتع دەبێت، بەڕێز جەنابی وەزیر ئاخر قسەی خۆت بکە، فەرموو.**

**بەڕێز د.علی سعید محمد / وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**تەنها یەك، دوو خاڵ دەمەوێ جەختی لەسەر بکەمەوە، یەکەم/ ئێمە وەکو ئەنجومەنی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی داواکارین کەوا سەرجەم هەڵگرانی بڕوانامەی ماستەر و دکتۆرا و لە دەرەوەی وەزارەتی خوێندنی باڵا هەمان ماف و دەسکەوتەکانی و دەرماڵەکانیان پێ ببەخشرێ و بە بێ ئەوەی کەوا لەقەبی عیلمی وەربگرێت، خاڵی دووەم/ بەڕێز جەنابی کاك د.عمر فەرمووی وشەیەکی هێنە کە گوایە هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا و ماستەر بۆ شایستەی ئەوە نەبێت، ئێمە ناڵێین شایستە، ئێمە دەڵێین ناکرێت، لەبەرئەوەی ئەو سیستمە تایبەتە بە وەزارەتی خوێندنی باڵا، نەمان وتووە و ناڵێین شایستەی ئەوە نیە، سێیەم/ پێم چاکە سیستمێکی تایبەت هاوشێوەی سیستمی نازناوە زانستیەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا سیستمێکی تایبەت بە عینوان دابین بکرێت بۆ وەزارەتەکانی تر و بۆ هەڵگرانی ماستەر و دکتۆرا و ئەگەر پەرلەمانی بەڕێز کاکە ئێمە کۆنووسێك پێشکەش بکەین، بە دەقیقی ئامادەین، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز حسن محمد سورە (جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

**ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو یاسایە ڕەد بکرێتەوە، دەستی بەرز بکاتەوە؟ 27 کەس لەگەڵ ئەوەیە کە ڕەد بکرێتەوە، کێ لەگەڵ دانیە؟ یەعنی ڕەد کردنەوە نیە و یەعنی بەردەوام بوونە؟ لەسەر یاسایەکە بەردەوام دەبین، لێرە دانیشتنی ئەمڕ ۆ کۆتایی پێ دێنین تا سبەی سەعات 11 ی پێش نیوەڕۆ، زۆر سوپاس.**

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **د.حسن محمد سورە** | **د. ارسلان بایز اسماعیل** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (2)**

**چوار شەممە رێکەوتی 12\9\2012**

**خولی سێیەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (2)

## چوار شەممە ڕێكەوتی 2012/9/12

**كاتـژمێر (11)ی پـێش نیـوەڕۆی ڕۆژی چوارشـەممە ڕێكـەوتی 2012/9/12 پەرلـەمانی كوردسـتان - عێراق بە سەرۆكایەتی د.ارسلان بایز اسماعیل سەرۆكی پەرلەمان و، بـە ئامـادەبوونی بـەڕێز د. حسـن محمـد سوره جێگـری سـەرۆك و، بـەڕێز فرسـت أحمـد عبـدالله سـكرتێری پەرلـەمان, دانیشـتنی ژمـاره (2)ی خـولی سێیەم, ساڵی (2012) ی خۆی بەست.**

**بەرنامەی كار:**

**بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی نـاوخۆی ژمـاره (1)ی هـەمواركراوی سـاڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق, دەسـتەی سـەرۆكایەتی پەرلـەمان بڕیـاری درا دانیشـتنی ژمـارەی (2)ی خـولی سـێیەمی هەڵبـژاردن لـە كـات (11)ی پـێش نیـوەڕۆی ڕۆژی چـوار شـەممە ڕێكـەوتی 2012/9/12 دا بـەم شێوەیە بێت:**

**1- بەردەوامبوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆكردنی پێشنیاری یاسای ئەژمار كردنی پلەی زانستی بۆ هەلگرانی بڕوانامەی ماستەرو دكتۆرا، كە لە دەرەوەی وەزارەتی خوێندنی باڵادا خزمەت دەكەن.**

**2- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژە یاسای پاراستنی دارستان لە هەرێمی كوردستان.**

**3- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پێشنیاری یاسای سندووقی هاوكاری كردنی نەخۆشخانەكانی شێرپەنجەو نەخۆشی قورس.**

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

**بەناوی گەلی كوردستان، دانیشتنی ئەمڕۆمان دەست پێ دەكەین، پەرلەمانی كوردستان، خولی سێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی چوارەم، خولی گرێدانی یەكەم، ژمارەی دانیشتن (2)، ڕۆژی دانیشتن 2012/9/12، بەرنامەی كار:**

**بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژماره (1)ی هەموار كراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق، دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژماره (2)ی ئاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە كاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی چوار شەممە ڕێكەوتی 2012/9/12دا بەم شێوەیە بێت:**

1- بەردەوامبوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای ئەژمار کردنی پلەی زانستی بۆ هەلگرانی بڕوانامەی ماستەرو دکتۆرا، کە لە دەرەوەی وەزارەتی خوێندنی بالآدا خزمەت دەکەن.

2- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسای پاراستنی دارستان لە هەرێمی کوردستان.

3- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پێشنیاری یاسای سندووقی هاوکاری کردنی نەخۆشخانەکانی شێرپەنجەو نەخۆشی قورس.

ئێستا داوا لە لیژنە تایبەتمەندەکان دەکەین، لیژنەی یاسایی و لیژنەی پەروەردەو خوێندنی بالآو لیژنەی دارایی بۆ بەردوامبوون لەسەر خالّی یەکەم ئەویش بەردەوامبوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای ئەژمار کردنی پلەی زانستی بۆ هەلگرانی بڕوانامەی ماستەرو دکتۆرا، کە لە دەرەوەی وەزارەتی خوێندنی بالآدا خزمەت دەکەن، داوا لە لیژنە تایبەتمەندەکان دەکەین بێنە سەر سەکۆی لیژنەکان، ئێستاش بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان ناوی ئەو پەرلەمانتارە بەڕێزانە دەخوێنێتەوە کە ئامادە نەبوونە، یان مۆڵەتیان هەیە، فەرموو.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ناوی ئەندامانی پەرلەمان لەدانیشتنی ژمارە (1)ی ئاسایی لە 2012/9/11 مۆڵەت بوون، یان ئامادە نەبوون، هەموو ئەم بەڕێزانە مۆڵەت بوون، بۆیە تەنها ناوەکانیان دەخوێنینەوە.

1- احمد سليمان عبدالله(بلال).

2- اسماعيل محمود عبدالله.

3- ايوب نعمت قادر(ئارام).

4- پەیمان عزالدين عبدالرحمن.

5- پەیمان عبدالكريم عبدالقادر.

6- سەرگوڵ رضا حسن.

7- شێردڵ تحسين محمد.

8- صبيحە احمد مصطفى.

9- عبدالله محمود سان.

10- عمر صديق محمد.

11- عونى كمال سعيد بەزاز.

12- فرمان عزالدين محمود.

13- كاروان صالح احمد.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری خوێندنی باڵاو ڕێکخەری نێوان حکومەتی هەرێم و پەرلەمان دەکەین بەخێر بێن، هەروەکو بەڕێزتان دوێنێ گفتوگۆتان کرد لەسەر ئەو پرۆژە یاسایە، من ئومێدی ئەوەم دەکرد بەڕاستی دوێنێ تەواو بوو بێت، بەڵام دیارە تەواو نەبووە، بۆیە ئێستا بەردەوام دەبین لەسەر ماددەکانی ئەو پرۆژە یاسایە، بەڵام هەروەکو دوێنێ تەحدیدتان کردووە لە کاتی گفتوگۆیەکاندا پەرلەمانتارێکی بەڕێز حەقی هەیە سێ دەقیقە قسە بکات، چونکە دوێنێ سێ سەعات قسە کراوە لەسەر تەنیا یەك ماددە موناقەشە کراوە، ئەویش تەواو نەبووە، بۆیە حەقە موڕاعاتی وەزعەکە بکرێت و هەر پەرلەمانتارێکی بەڕێز سێ دەقیقە قسە دەکات، بفەرموون لیژنەی یاسایی، یان لیژنەی خوێندنی باڵا بەردەوام بن لەسەر ماددەکان.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی یەکەم گفتوگۆی لەسەر تەواو کرا، ئێستا دێینە سەر ماددەی دووەم لە ئەسڵی پرۆژەکە.

ماددەی دووەم: هەڵگرانی بڕوانامەی ماستەر یان دکتۆرا کە لە یەکێك لە دامودەزگا حکومیەکاندا خزمەت دەکەن لە دەرەوەی وەزارەتی خوێندنی باڵا مافی بەرزکردنەوەی پلەی زانستیان هەبێت بەگوێرەی ڕێکارە یاساییەکانی بەرزکردنەوەی پلەی زانستی بە هەمان شێوەی کارمەندانی وەزارەتی خوێندنی باڵا.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بە عەرەبیەکەی تکایە.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثانية:

حملة شهادتي الماجستير والدكتوراه الذين يعملون في احدى المؤسسات الحكومية خارج وزارة التعليم العالي يحق لهم ترقية درجتهم العلمية وفق الطرق القانونية للترقية العلمية اسوة بمنتسبي وزارة التعليم العالي.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

موناقەشە تەواو کراوە، ئەی چۆن چووینە سەر ماددەی دووەم سیوەیل خان؟ بەڵێ فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەگشتی باسی پرۆژەکەمان کرد، بەس ماددەی یەکەم یەکلا نەبۆوە، بەس لەوە یەکلا بۆوە کە ئێمە موناقەشەی بکەین و پرۆژەکە ئیلغا نەبێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**سەرەتا ناو و ماددەی یەكەم عەرز كرا لە ئەنجامی گفتوگۆی ئەندامانی بەڕێزدا لەبەر ئەوەی كۆمەڵێك هەڵستان باسیان لەوە كرد كە ئەم قانونە پێویست ناكات هەبێت خرایە دەنگدانەوە، یەعنی ناوەكەو ماددەی یەكەم تەواو بوو، ئێستا ماددەی دووەمە، كە هەردووكیشی لەكاتی گفتوگۆیەكاندا تێكەولأیەكی یەكجار زۆر هەبوو، سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەپێی ئەو ناوانەی كە لەلای منیش هەیە، دوێنێ (23) كەس قسەیان لەسەر ماددەی یەك كردووە، فەرموو دكتۆر سەروەر.**

**بەڕێز د.سەروەر عبدالرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**دوێنێ سەبارەت بە ناوەكەش و ماددەی یەك كرا، ئەمە خوێندنەوەی دووەمە، لە خوێندنەوەی سێیەمدا دەنگی لەسەر دەدرێت، بەلأم لێرەدا تەرحێك هەیە لەلایەن هەردوو لیژنەی بەڕێز، لیژنەی خوێندنی باڵاو لیژنەی یاسایی كەوا ئەو تەرحە كراوە بەجۆرێكی تر دابڕێژرێتەوە، ئەو كاتەی كە هاتینە سەر دەنگدان ئەو داڕشتنەی كەوا ئەوان كردوویانە لە لیژنەكان هەموو ئەندامانی پەرلەمانیش لەسەر ئەوە موتەفیق بووین، كە ئەوەی لە پرۆژەكە هەیە رەد بكرێتەوە بەو شێوازە دابڕێژرێت ئەو كاتە بە دەنگدان یەكلا دەكرێتەوە، واتا كۆتایی پێهاتووەو دەنگدان بۆ دانیشتنی پاشترە، سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**فەرموو دكتۆر عومەر.**

**بەڕێز د.عمر حمدامین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

**گفتوگۆی دوێنێ لەسەر ناونیشان و ماددەی یەكەم بوو، لە ئەسنای موناقەشەو ئەوانە تەرحێك هاتە پێشەوە كە ئەم ماددەیە رەنگە هەر لەم یاسایە، لەم پرۆژەیە پێویست نەكات، بۆیە لەگەڵ ئەوەی كە بیروبۆچوون لەسەر ناونیشانی پرۆژە یاساكەو هەروەها لەسەر ماددەی یەكەم خرایە روو، ئەم تەرحەش هاتە پێشەوە كە پرۆژەكە ئیلغا بكرێتەوە، بەلأم خرایە دەنگدانەوە كە پرۆژەكە گفتوگۆی لەسەر بەردەوام بێت، بۆیە گفتوگۆ لەسەر ناونیشان و ماددەی یەكەم كراوە، جگە لەوەی وەكو هەردوو لیژنە ئێمە دامانڕشتۆتەوەو سەرنجمان هەیە، پێشنیارو بیروبۆچوون و سەرنجەكانی ئەو بەڕێزانەی كە موناقەشەیان لەسەر كردووە لەلای ئێمە تۆمار كراوە، دوای ئەوەی گفتوگۆ لەسەر پرۆژەكە تەواو دەبێت، ئێمە جارێكی تر صیاغەی دەكەینەوە، بۆ ئەوەی لە خوێندنەوەی سێیەمدا دەنگی لەسەر بدرێت، سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کەواتە ماددەی دووەمیش موناقەشەی لەسەر کراوەو دەنگدانەکەش دەمێنێتەوە جەلسەی داهاتوو، بەس ماددەی یەکەم موناقەشە کراوە؟ واتا ماددەی دووەم موناقەشە نەکراوە، باشە ئەوە ماددەی دووەم خوێندرایەوە بەکوردی و عەرەبیەکەی، فەرموو لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەك لیژنەی یاسایی تێبینیەکمان لەسەر ماددەی دووەمیش ئەوەیە لە ریزی کۆتایی (بە هەمان شێوەی کارمەندانی) ئەو رستەیە هەڵبگرێت، ماددەکە دابڕێژرێتەوە دوای هەڵگرتنی ئەو رستەیە لەناو ماددەی دووەم، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی خوێندنی باڵا.

**بەڕێز د.عمر حمدامين خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

رەئی لیژنەی ئێمە ئەو کات وا بووە کە (هەڵگرانی بڕوانامەی ماستەر یان دکتۆرا کە لە یەکێك لە دامودەزگاکانی هەرێمی کوردستان، یان کەرتی تایبەت خزمەت دەکەن مافی پێدان و بەرز کردنەوەی پلەی زانستیان دەبێت بەگوێرەی رێکارە یاساییەکانی بەرز کردنەوەی پلەی زانستی کە لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا کاری پێ دەکرێت).

واتا ئێمە تەنها ئەو کەسانەی کە هەڵگری بڕوانامەی ماستەرو دکتۆران و لەناو دامودەزگاکانی حکومەتدا کار دەکەن ئەوان نەگرێتەوە، هەندێك کەسی تریش هەن کە لە دەرەوەی دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێم کار دەکەن، بەڵام بەگوێرەی ئەو رێکارە یاساییانەی کە لەلایەن وەزارەتی خوێندی باڵاوە پەیڕەو دەکرێ، واتا ئێمە کە دەڵێین ئەم مافە بدرێت، بەڵام بەگوێرەی ئەو پێوەرە یاسایی و زانستیانەی کە لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵاوە پەیڕەو دەکرێن و بەهەمان شێوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی.

**بەڕێز د.ئاراس حسين محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

رەئی لیژنەی دارایی لەوە خۆی دەبینێتەوە بەنیسبەت ئەو تەرقیە علمیەی کە دەکرێت تەنها ئەوانە بگرێتەوە کە پێشتر نازناوی زانستیان هەبووەو لە زانکۆ بوون و دوایی ئیحتیفاز بەو نازناوەوە دەکەن کە

چوونەتە دەزگاکانی دەرەوەی زانکۆ، کە بتوانن بە هەمان پرۆسەی بەرز کردنەوەی پلەی زانستی لە ڕێگەی بەشی زانستیەوە بتوانن کاری بەرز کردنەوەی پلەی زانستی بکەن، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر.

**بەڕێز د.علی سعید محمد/ وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە بۆچوونی دوێنێ ڕوونمان کردەوە کەوا ئەو بەڕێزانەی پێشتر وەکو کاک دکتۆر ئاراس فەرمووی پێشتر پلەی زانستیان بە دەست هێناوە، دوای ئەوەی کەوا دەگوازرێنەوە بۆ دامودەزگایەکی حکومی، یان پەرلەمانی کوردستان، کەرتی تایبەتیش بێت، ئەو پلە زانستیە دەمێنێتەوەو بۆی هەیە ئەو بەڕێزە بەپێی ڕێکارەکانی بەرزکردنەوەی پلەی زانستی داوای بەرز کردنەوەی پلەکەی بکات و بەردەوام بێت لە پرۆسەی بەرز کردنەوەی پلەی زانستی، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە دەیەوێت ناوی خۆی بنووسێت؟ ئەم بەڕێزانە ناویان نووسراوە (برهان رشید، دکتۆر بەشیر، عەزیمە خان، سیوەیل خان، کاک جەمال، دکتۆر ئەحمەد، کاک سالار، دکتۆر سەروەر، کاک شڤان، ئەڤین خان، پەیمان خان)، ماوەی قسە کردنتان سێ دەقیقەیە، فەرموو کاک بورهان.

**بەڕێز برهان رشید حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوێنێ لە موناقەشەی ماددەی یەکدا زۆر باسی پلەی زانستیمان کرد، ئێستاش جەنابی وەزیر کە خۆی دەڵێت ڕێکاری یاسایی هەیە ئەوانەی لە دەرەوەی جامیعەن دەتوانن بەو ڕێکارە تەقدیمی بکەن پلەی زانستیان بەرز بکرێتەوە، لەبەر ئەوە من ئەو ماددەیە بە زیاد دەزانم، چونکە پێشتر خۆیان ڕێکاری یاساییان هەیەو بەو شێوەیە لەسەری ئیش کراوە، پلەی زانستی شتێك نییە بەبێ مومارەسەو بەبێ ئەوەی وەزارەتی خوێندنی باڵا ئەو کەسە بپاڵاوێت پلەی زانستی بدرێتێ، سوپاست دەکەم.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، دکتۆر بەشیر فەرموو.

**بەڕێز د.بشیر خلیل حداد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر ئەوەی پێش ئەوەی بچێتە دامودەزگایەکی دیکە نازناوی زانستی هەبوو بێت و ئینجا شمولی ئەوان بکات، ئەوە ئێستا ئیشی پێ دەکرێت و کاری پێ دەکرێت، کەواتە ئەوە تەحصیل حاصلەو پێویست ناکات

ئەو شتانە بكرێت، بۆیە من لێرە پشتگیری لە ڕەئیەكەی لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵا دەكەم، كەوا ئەوانەی لە دەرەوەی خوێندنی باڵا بگرێتەوە پێش ئەوەی كەوا نازناوی زانستیان بەدەست هێناوە كەی بە دەستی هێناوە؟ مادام ئێمە جەخت لەسەر ئەوە دەكەینەوە كە بەپێی ڕێنماییەكانی وەزارەتی خوێندنی باڵا بێت، كەواتە هیچ شتێك بە دەر نییە لە یاساو لە ڕێنماییەكان، بۆیە لە هەموو خاڵەكان جەخت لەسەر ئەوە كراوەتەوە، لە هەموو حاڵەتێكدا پێش یان پاش وەرگرتنی نازناوی زانستی بەپێی ڕێنماییەكانی تەرقیەی عیلمی وەزارەتی خوێندنی باڵا دەبێت، كەواتە كێشە لێرە چیە؟ كێشەمان نامێنێت، بۆیە ڕەئیەكەی ئەوان لەلای من پەسندە، هەروەها پێشنیاریش دەكەم لەبەر ئەوەی ماددەی یەك و ماددەی دوو زۆر لەیەكچوونیان تێدا هەیەو زۆر بە یەك دەچن، ئەو دوو ماددەیە لێك بدرێن و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، عەزیمە خان فەرموو.

**بەڕێز عظيمة نجم الدين حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە لە ماددەی دووەم هەڵگرانی بڕوانامەی ماستەرو دكتۆرا لە یەكێك لە دامودەزگاكانی حكومەتدا خزمەت دەكەن لە دەرەوەی وەزارەتی خوێندنی باڵا مافی بەرزكردنەوەی هەیە، دیارە ئەوەی كە مەهامی سەرەكیە لە پرۆژە یاساكە ئەمەیە، گەورەترین كێشە كە ئێستا لەنێوان ئەوانەی كە بڵێین ماستەرو دكتۆرایان هەیە گرفتێك دروست بووە لەنێوان وەزارەتی پەروەردەو وەزارەتی خوێندنی باڵا، جاران كە ماستەر یان دكتۆرایان دەهێنا یەكسەر ئەو كەسە نازناوی زانستی دەدرایەو لیژنە هەبوو، بەڵام ئێستا لیژنەیەك نییە بۆ ئەوانەی كە پلەی زانستی، یان نازناوی زانستی بدرێتە دەرچووان، یان ئەوانەی كە ماستەرو دكتۆرایان هەیە، ئەوە ئیمتیازەكانیشیان لێ وەرگیراوەتەوە، ئەو ئیمتیازاتانەی، یاهەن ئەو تەفەروغەی عیلمی بوونە، تەفەروغی جامیعی بوونە هەموو ئەو ئیمتیازاتانەی وەریانگرتووە ئێستا لەبەر ئەوەی كە لەقەبی زانستیان پێ نەدراوە، نازناوی زانستیان نییە ئەو ئیمتیازاتانەیان لێ وەردەگیرێتەوە، لێرەیە چارەسەر وەزارەتی خوێندنی باڵا ئێمە لە كۆبوونەوەكاندا باسمان كردووە دەڵێت ئێمە غەیری ئەوانەی كە لە وەزارەتی خوێندنی باڵایە، ئێمە ناتوانین نازناوی زانستی بدەینە ئەوانەی كە ماستەرو دكتۆرایان هەیە لە وەزارەتی پەروەردە، ئایا ئەمانەی كە ماستەرو دكتۆرایان هەیە وەكو جاران نییە تەنها ماستەرو دكتۆرا یەكسەر بچێت بۆ جامیعە ببێت بە مامۆستاو لە زانكۆیەك پلە بەرزكردنەوەو نازناوی زانستی وەربگرێت، ئێمە ئێستا لەو بڕوایەین كە وەزارەتی پەروەردە بەپێی ئەو عەقدەی كە ئەو كەسانەی دەینێرێت بۆ خوێندن، عەقدێكی پێ ئەكات كە لەچوارچیوەی وەزارەتی پەروەردە بمێنێتەوە، نایدات بە وەزارەتی خوێندنی باڵا تا ئەو نازناوە زانستیەی بداتێ، لێرەدا من پێم وایە پێویستیمان بە سستمێكی نوێ هەیە، ئەگەر وەزارەتی خوێندنی باڵا لەچوارچێوەی وەزارەتی خوێندنی باڵادا نازناوی زانستی نەدات بەوانەی كە لەوەزارەتی پەروەردەن یان لەوەزارەتەكانی ترن، ئێمە لە پرۆسەی تواناسازیدا دەیان ماستەرو

دکتۆرامان لەدەرەوەیە، ئەوانە دەگەڕێنەوە، چۆن حسابیان بۆ دەکرێت،؟ چۆن پلەیان بەرز دەکرێتەوە؟، چۆن سبەینێ بەحس دەکەن لەچوارچێوەی ئیشی خۆیان لە وەزارەتەکاندا؟، یەعنی وەزارەتی خوێندنی باڵا ئەوەی لەچوارچێوەی وەزارەتدا نەبێت بۆی نەکات، ئەوە لەم حاڵەتەدا پێویستە چارەسەرێك بدۆزرێتەوە بۆ هەلگرانی بڕوانامەی ماستەر ودکتۆرا بە سستمێکی جیاواز، ئەوەی کە وەزارەتی خوێندنی باڵا نایکات ئەڵێت من پلەی زانستی لەچوارچێوەی وەزارەتدا دەکەم، بەڵام ئێستا پێویستیمان بە سستمێکی ترە لەداهاتوودا، لەبەر ئەوەی وەزارەتەکان هەلگرانی بڕوانامەی ماستەر و دکتۆرا نادەن بە وەزارەتی خوێندنی باڵا، وەزارەتی خوێندنی باڵاش ئامادە نیە لیژنە دروست بکات و نازناوی زانستی بدات بەوانەی وەزارەتەکانی تر، ئەمە کێشەکەیە بەسەراحەت لەنێوان هەردوو وەزارەت، هیواداریـن ڕێگا چارەیەك هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، سیوەیل خان، فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ئەو ماددەیە من پشتیوانی لە ڕاپۆرتی لیژنەی پەروەردە دەکەم، کە کەرتی تایبەتیش بگرێتەوە، ئەوە خاڵی یەك، خاڵی دووەم: ماددەی یەکەم زۆرینەی ئەندامان پێشنیاریان کرد کە ئیلغا بکرێت و دەمج بکرێت، لەگەل ماددەی دووەم کە زۆر باشە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك جمال، فەرموو.

**بەڕێز جمال طاهر ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر سەیری ئەم ماددەیە بکەین کێشەیەکمان بۆ دەردەکەوێت، دەڵێت (لحملة شهادة الماجستير و الدكتوراة، ان يكون لهم الحق في الترقية) مانای ئەوەیە، کە پێش ئێستا نازناویان وەرگرتووە، تەنها پرۆسەی تەرقیە دەبێت، ئەگەر بێیت و بەم شێوەیە سەیری بکەین، ناکۆکیەك دروست دەبێت لەنێوان ماددەی 44 خاڵی دووەم، (ثانياً: يحتفظ اعضاء الهيئة التدرسية بحق الترقية العلمية) ئەوە لەناو یاسای خوێندنی باڵادا هەیە، (بعد احالته على التقاعد او في حالة تعينه ونقله ........... الى اخ) مانای ئەوەیە کە ئەمە تەحصیل حاصلە موحتەفەزە بە حەقی خۆی، لێرە کێشەیەك هەیە، ئیحتیمالە ئەم پەرلەمانە بەڕێزە تا ئێستا لەیەکی جیا نەکردۆتەوە، مەبدەئی لە ناونیشانی پرۆژەکەیە، پرۆژەی ئیحتیسابی دەرەجەی عیلمی نیە، پرۆژەی مەنحی لەقەبی عیلمیە، بۆیە ئەگەر بێت و ئەم بابەتە وابڕوات، ئەم یاسایە پەسەند بکرێت من پێم باشە ئەم ماددەیە بەم شێوەیە دابڕژرێتەوە،( يمنح حملة شهادة الماجستير والدكتوراة العاملين في احدى دوائر الدولة، خارج التعليم العالي والبحث العلمي) یان (لقب العلمي) ئەوەی پێ بدرێت( ويكون لهم الحق في

الترقية العلمية، أسوة بأقرانهم في التعليم العالي) ئەوە ئێستا بەپێی زەوابت پەیڕەو دەکرێت وکاری پێ دەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز /سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، دکتۆر احمد، فەرموو.

**بەڕێز د. احمد ابراهیم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دوێنی پێشنیارم کرد کە هەر ماددەی یەکەم و دووەم بکرێن بەیەك، جگە لەوە لێرەدا من هەست دەکەم کە تەناقوزێك هەبێت، لەوەی کە ئەڵێت (ئەوانەی هەڵگری بڕوانامەی ماستەر و دکتۆران، کە لە هەرشوێنێك لەدامودەزگا حکومیەکان خزمەت دەکەن، لەدەرەوەی وەزارەتی خوێندنی باڵا، مافی بەرزکردنەوەی پلەی زانستیان هەبێت، بەگوێرەی ڕێکارە یاساییەکانی بەرزکردنەوەی پلەی زانستی لەوەزارەتی خوێندنی باڵا، بەس وەزیری خوێندنی باڵا دوێنێ ڕایگەیاند کە ئەوانەی لەدەرەوەی وەزارەتی خوێندنی باڵان، ناتواندرێت ئەو پلە زانستیەیان بدرێتێ، کە لێرەش دەڵێین بەگوێرەی ئەو ڕێکارە یاساییانەی کە لەوەزارەتی خوێندنی باڵادا هەن، ئایا ئەمە تەناقوزێك دروست ناکات لەوەی کە ئەوان ناتوانن غەیری ئەوانەی کە لەوەزارەتن پلەی زانستیان بدەنێ، لێرەش دەڵێت بە پێی ئەو ڕێکارە یاساییانەی کەلەوەزارەتی خوێندنی باڵا پەیڕەو دەکرێت، بۆیە پێویستی بەجواب دانەوە هەیە، بۆ ئەوەی تەناقوز دروست نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك سالار، فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ڕام وایە ئەم ماددەیە ڕۆحی یاساکەیە، چونکە دەرفەت دەبەخشێت بەو کەسانەی کەلەدەرەوەی وەزارەتی خوێندنی باڵان کە پلەی زانستیان پێ بدرێت، هەروەها دەرفەتێکە بۆ ئەوانەی کە جگە لەدامودەزگاکانی حکومەت کار دەکەن و لەکەرتی تایبەتیشن، تەشجیع بکرێن بۆ توێژینەوەو لێکۆڵینەوە، ئەمە دەرفەتێکی باشە، بەڵام لێرەدا تێبینیەك هەیە بەشێوەیەکی گشتی ئەو ڕێنماییانەی کە دەردەکرێن پێویستە، ڕۆحی یاساکە نەکوژن لەڕاستیدا، چونکە وەزارەتی خوێندنی باڵا لەماوەی ڕابردوودا چەند تەعلیماتێکی دەرکردووە سەبارەت بەم بابەتانە، هەندێکجار موتەناقز بوون، من پرسیار لە بەڕێز وەزیری خوێندنی باڵا دەکەم، چۆن بتوانین زەمانی ئەوە بکەین ئەوەی لێرە یاسا دانەران مەتڵەبیانە ئەو ڕۆحە نەکوژرێت، چونکە بۆ نموونە من بەپێی نووسراوێك کە لەمانگی 7 ئاراستەی بەڕێز سەرۆکایەتی پەرلەمان

و ليژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵام کردووە، کۆمەڵێك لە خوێندکاری کورد کە چوونەتە زانکۆی جینانی لوبنانی و بە پێی نووسراوی وەزارەتی خوێندنی باڵای هەرێمی کوردستان، و نووسراوی وەزارەتی خوێندنی باڵای عێراق، و لە ڕیزبەندی (یونسکۆ)ش دا بۆ زانکۆکان لە باشەکاندا ناوی هاتووە، بەڵام دوای ئەوەی کە تەواویان کردووە چوونە موراجەعەی وەزارەتی خوێندنی باڵایان کردووە، بە نووسراوێکی تر پێیان وتراوە ئەوە لە ئاست نزمەکانە، بۆ ئەوەی ئەوانەی کە لەو مەسائیلە هەوڵ ئەدەن بگەنە ئەوەی کە پلەی زانستی بەدەست بهێنن، ڕێنماییەکان موتەناقز نەبن لەگەڵ ڕۆحی یاساکاندا، ئومێد ئەکەین ئەمە وەکو خۆی بچەسپێ و پشتگیری بۆچوونەکەی وەزارەتی خوێندنی باڵاش ئەکەم، زۆر سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان**

فەرموو د.سەروەر

**بەڕێز د.سەروەر عبدالرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی من پشتگیری لە هەردوو ڕای لیژنەی پەروەردە و لیژنەی یاسایی دەکەم لەو بابەتە، بەڵام ئێمە شتێك ئەگەر ڕوونی بکەینەوە بۆ ئەوەی خراپ حاڵی بوونێك نەبێت، لێرەدا مەبەستی ئێمە لە دەرکردنی ئەم یاسایە بەخشینەوەی لەقەبی عیلمی نیە، بیبەخشینەوە بە ئارەزوو، دەڵێین بە پێی یاسا و ڕێنماییەکان، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، جیاوازیەکە ئەوەیە بە پێی ئەو ڕێنماییانەی کە پێشتر هەبووە، ئەو یاسایەی کە پێشتر هەیە، تەنیا ئەوانەیە کە لە نێو چوارچێوەی وەزارەتی خوێندنی باڵادان، دەڵی بە پێی ڕێکارە زانستیەکان، بەڵام ئەگەر بە پێی هەمان ڕێکار بێت کە ڕێنمایی بۆ دەربچێت، یان بە پێی هەمان ڕێنمایی بێت و تووشی ئیشکالێك دەبینەوە، بۆیە من پێشنیاری ئەوە ئەکەم، بەڕێزان دەزانن لە لیژنەی هاوبەش، داوا بکەین ڕێنمایی تایبەت بۆ ئەوە دەربچێت، لەو ماددەیە داوا دەکەین جێگای دەکەینەوە یان لە شوێنیکی تر، چونکە یەك خاڵ هەیە جیاوازی ئەکاتن لە نێوان ئەوانەی کە بەڕێز وەزیر باسی ئەکات، و برای بەڕێزم کاك (جمال) باسی کرد، جیاوازیەکە لەوە دایە، ئەوان تەدریس ئەکەن، ئەمە تەدریس نیە، بەڵام لێرەشدا ئەبن بە سێ بەش، بەشێکیان لەوانە کە تەدریس ئەکەن بە هەمان مەرجی خزمەت، مەرجی توێژینەوەیان هەیە، بەڵام تەدریسە، تەدریسەکە ئەوانەی سلکی پەروەردە، وەزارەتی پەروەردە تەدریسیشیان هەیە، جا چۆن حیساب ئەکری؟ ئەمە پێویستی بە ڕێنماییە، دوو، ئەوانەی لە وەزارەتەمانی تردان، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئێمە پێویستە ئەزموون لە شوێنی تریش وەرگرین، ئێمە تاقیبمان کردووە بە پێی ئەوەی کە لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا هەیە، بۆ نموونە لە سوید، بۆ نموونە لە ئەڵمانیا، بۆ نموونە لە نەمسا، لەم وڵاتانەدا، ئەو حاڵەتانەی کەوا لە دەرەوەی ئەوەن بە مەرجێك لە هەندێك لەو وڵاتانەدا نیوەی نیسابیان هەبێت، نیوەی نیساب چیە؟ نیوەی نیساب واتە لە یەکێك لە پەیمانگاکان، زاکۆکان، یان پەروەردە دا وانە بڵێنەوە، نیوەی نیساب، و یاخود کۆڕ و سیمینار و خولی زانستی بگێڕن، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئەو کەسانەی کەوا لەو شوێنانەدان پێویستە کە ئەو نازناوەیان

پێ دەبەخشرێت بەڵام كارێك بكەن، بۆ نموونە ئایا لە وەزارەتی كۆمەڵایەتی پێویست بەوە نیە سیمیناری زانستی بكرێت؟ ئایا پێویستی بەوە نیە خول بكرێتەوە؟ ئایا لە وەزارەتی شارەوانی پێویست نیە؟ لە دەستەی ژینگە، لە دەستەی مافی مرۆڤ، لە هەموو شوێنەكان، واتە لێرەدا دەكرێ بڵێین ڕێنمایی تایبەت بۆ ئەوانە دەردەچێت، شتێكی لەو بابەتە جێگەی بكرێتەوە بۆ ئەوەی دوای یاساكە دەربكەین بە ڕێنمایی، ڕێگەیان لێ نەگیرێت وەكو برای بەرێزم كاكە (سالار) باسی كرد، هیچ كەسێك سوود مەند نەبێت تیایدا، و سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك شڤان.

**بەڕێز شڤان احمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پشتگیری لە ڕای هەردوو لیژنەی هاوبەشی یاسایی و لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا ئەكەم، منیش هاوڕام لەگەڵ ئەوەی كە ئەو دوو ماددە تەوحید بكرێ چونكە زۆر نزیكی یەكن، و هاوڕام لەگەڵ ئەوەی كە قیتاعی خاصی بۆ ئیزافە بكرێتن، و من پێم وایە ئەوەی كە جەنابی وەزیر باسی كرد لەو ڕۆژەوە كە ئەو یاسایە دەرچووە غوبنێك لەسەر ئەو شەهاداتی دەرسەیە لە دەرەوەی زانكۆ، و ئەم یاسایە ئەو غوبنە هەڵدەگرێتن، كە مافی پلەی زانستی خۆیان هەبێتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو ئەڤین خان.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە من دوێنێش ڕەئی خۆم دەربڕیوە كەوا من لەگەڵ ئەو پرۆژە یاسایە نیم، لەبەر ئەوەی ئەبینم ئەم پرۆژە یاسایە بە شێوەیەك لە شێوەكان تەناقوزێكی هەیە لەگەڵ یاسای وەزارەتی خوێندی باڵا، بۆیە ئەگەر بمانەوێ چارەسەریەك بۆ ئەم حاڵەتە بدۆزینەوە بەڕەئی من ماددەی (2)، (3) تێكەڵ بكرێن و ئەو مەرجە دابنرێت كەوا هەركەسێم لە هەر وەزارەتێك حاملی شەهادەبێتن و بەحسی هەبێت، بتوانێت بحوس تەقدیم بكات، و ئەو شروتانەی كەوا وەزارەت دایناوە، یاخود ئەنجومەنی خوێندنی باڵا ڕازیە بەو مەسەلەی كەوا مەنحی لەقەب بكرێت، بەڵام مەرجی تەدریس وتنی لەگەڵ بێت، بۆ نموونە لە هەر وەزارەتێكدا هەركەسێك كە شەهادەی هەیە، و بەحسی هەیە، ئەگەر دەرس ئەڵێتەوە ئەو مەرجە بیگرێتەوە بتوانرێت لەقەبی مودەریسی بدرێتێ، چونكە ناتوانرێ یەكێك مومارەسەی تەدریس ناكات تۆ لەقەبی مودەریس و ئوستاز و ئوستاز موساعیدی بدەیتێ، بۆیە ئەبێ مەرجی تەدریسی یەكێك بێت لەو مەرجانەی كەوا بۆ هەركەسێك لە هەر وەزارەتێك حاملی شەهادەی دكتۆرا و ماجستێر بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو پەیمان خان.

**پەیمان عزالدین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش هاوڕام لەگەڵ بیروبۆچوونەكانی لیژنەی پەروەردە، و دەمەوێ لێرە ئەوە ئیزافە بكەم كەوا لەو خولە ئەوە سێ ساڵە بڕە پارەیەكی زۆر تەرخان دەكرێت بۆ پەرەپێدانی توانای مرۆیی، بۆ چیە؟ بۆ بەرز كردنەوەی ئاستی زانستیە، بۆ خوێندنی ماجستێر و دكتۆرایە، ئێمە لەكاتێدا كە خۆمان ئەو كارە هاندەدەین، ئێستا بێین بەخۆمان لەو یاسایە ئەو كەسانە بێبەش بكەین لەو ماف و ئیمتیازاتانەی كە ئەوانە هەوڵی بۆ دەدەن، كەواتە ئەو ئەركەی ئەوان لەسەریانە جێ بەجێی دەكەن بەرامبەر چی بەرامبەر مافێك كە دەبێ بە یاسا هەم لە وەزارەتی خوێندنی باڵا، هەمیش لە حكومەتی هەرێم جێگەی بكرێتەوە، پێیان بدرێت، یەعنی ئەوە مافێكی ڕەوای خۆیەتی ئەو كەسە، هەر بۆ نموونە منیش هاوڕام لەگەڵ بیروبۆچوونەكانی كاك (د.سەروەر) و (عظیمة) خان، ولاّتی فلەندا بۆ بەرز كردنەوەی ئاستی خوێندن بڕوانامەی  سەرەتایی كردە دكتۆرا تا ئاستی خوێندن بەرز بكاتەوە لە قوتابخانەكان، كەواتە ئەو دكتۆرایانە هەڵگری بڕوا نامەی دكتۆران و پیشەی مامۆستایش دەكەن، ئەمە زۆر كارێكی ڕەوایە ئەگەر ولاّتان بیكەن، بێگومان ئەمەش دەكرێ ئێستا ئێمە خەریكین یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا كە گۆڕانكاری بە گوێرەی ئەو ڕیفۆرمەی كە بەڕێز د.دلاوەر دەستی پێ كردبوو دووبارە دادەڕێژینەوە، یاساكە هێشتان دەنگی لەسەر نەدرایە، دەتوانین لەو یاسایە شوێنی بكەینەوە، و هەم لە یاسای وەزارەتی پەروەردەش دەتوانین شوێنی بكەینەوە، و دەكرێ حكومەتی هەرێمیش بە ڕێكاری یاسایی ئەو كارە جێ بەجێ بكات، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك حەمە سعید.

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بێگومان من پشتگیری ڕاپۆرتی لیژنەكان ئەكەم، و بە تایبەتی ڕاپۆرتی لیژنەی خوێندنی باڵان و ماددەی (1)ن (2) منیش پێم وایە ئەبێت دەمج بكرێت، یان ماددەی (1) لابدرێت، لە حاڵەتی لابردنی دا ئەبێ لە ماددەی (2) دا جێگای ئەو خزمەتی وەزیفی ناكات ئەبێ ئەوەی تێبكرێت، ئەوە خاڵێك، خاڵی دووەم، لە ڕاپۆرتی لیژتەی خوێندنی باڵا چەند خاڵێكیان زیاد كردووە باسی حیساب كردنی كەرتی تایبەت و ئەو پێشمەرگەی ئەوانەی سەردەمی ڕژێم، من زۆر بە شتێكی ئیجابی ئەزانم، جێی دەست خۆشیە ئەو جێگا بكرێتەوە، خاڵێكی تر دوێنێ بەڕێز وەزیری خوێندنی باڵا باسێكی كرد لەم ماددەدا، پێویستە ئەو ئیشكالە

حەل بكرێت، ئەویش وتی ئەو كەسانەی كە خۆیان لە هەیئەی تەدریسی جامیعەدان كاتێك كە دەچن بۆ دائیرەیەكی تر ئیعتیادی پلەی زانستیان بۆ بەرز دەكرێتەوە بە پێی ڕێكارە زانستیەكان، بەڵام ئەگەر لە ئەساسدا لە هەیئەی تەدریسیدا نەبێتن وا تەخەروجی كردبێت و یەكسەر چوبێت بۆ دەزگایەكی تر و بۆ وەزارەتێكی تر، ئەوە بۆی حیساب ناكرێت، چۆن ئەوە لەو ماددەدا جێی ئەكرێتەوە؟ جەماعەتی لیژنەی خوێندنی باڵا و یاسایی جێی ئەوە بكەنەوە و سوپاس

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی خوێندنی باڵا هیچ تێبینیتان نیە؟، فەرموو.

**بەڕێز د. عمر حمد امین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز د. ارسلان بایز سەرۆكی پەرلەمان.**

دوای گفتوگۆ لەسەر ماددەی دووەم تێبینیمان كرد كە داواكاری هەیە بۆ یەكخستن و ئاوێتە كردن، یان دەمج كردنی ماددەی (1 و 2)، ئێمەش پێمان وایە كە لە كاتی صیاغەكردن و داڕشتنی بۆ دەنگدان وا باشترە وا بكرێت، باسی ئەوە كرا كە ڕێنمایی تایبەت هەبێت، ئێمەش لەگەڵ ئەوەین بەڕاستی، جا دەكرێ بەشێكی مەرجەكان و ڕێنماییەكان لەناو قانونەكەدا بێت و پاشان بە بڕگەیەكیش بڵێین ڕێنمایی تایبەتی بۆ دەردەكرێت، ئێمەش بە پێویستی دەزانین بۆ ئەوەی ئیتاری قانونەكە دیاری بكرێ، هەروەها چۆن جێ بەجێ دەكرێت، سەبارەت بە مەسەلەی تەدریس لە ڕاستیدا بەشێك لەوانەی تەدریس دەكەن هەم لە موئەسەساتی سەر بە وەزارەتی خوێندنی باڵا نین، ئاماژەش بەوە درا كە لەهەندێ وڵات گەیشتۆتە ئەو ڕادەیەی كە دكتۆرای هەیەو لە قۆناغی بنەڕەتی دەرس دەڵێتەوە، نازناوی زانستیشی هەیەو مافی ئەوەشی هەیە كە تەرقیەی عیلمی بكات، بۆیە مەسەلەی شەرتی تەدریس گرنگە، بەڵام هەر یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵاش جەختی لەسەر ئەوە كردۆتەوە كە یەكێك هەیئەی تەدریسی هەبێ و نازناوی زانستی هەبێ، پاشان لە وەزارەتی خوێندنی باڵا نەمێنێ، ئیحتیفاز بە لەقەبەكەی و پاشان بە تەرقیەی علمیشەوە دەكات، كەواتە ئەوانە بەخۆیان یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا ڕێگەی داوە ئەگەر یەكێك لە هەیئەی تەدریسی بێ و نازناوی زانستی بێ، پاشان لەوێ نەمێنێت و لە یەكێك لە دام و دەزگاكانی تر خزمەت بكات، هەم ئیحتیفاز بە لەقەبی علمیەوە دەكات، هەمیش بە تەرقیەوە دەكات، لە داڕشتنەوەی ماددەكەش ئەوەی لای ئێمە هەیە، ئەوەمان جیا كردۆتەوە، ئەوەی برای بەڕێزم كاك جمال باسی كرد دروستە، بەڵام ئێمە جەختمان لەسەر ئەوە كردۆتەوە كە هەم مەنحی نازناو بكرێ، پێدان بكرێ لە ڕاپۆرتەكەدا، لە ڕاپۆرتی ئێمەدا گۆڕانكاریمان تێدا كردووە، دەڵێین پێدان و بەرز كردنەوە، واتە هەردووكی، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز /سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێمە پێمان باشە لیژنەی موختەس بۆچوونە جیاوازەكان كۆبكاتەوە، لەكاتی داڕشتنەوەی موراعاتیان بكات، شەرت نیە هەموو وەڵامی پرسیارەكانیان بدرێتەوە، فەرموو سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من هەرە یەك تەعقیبم هەیە لەسەر قسەكەی بەڕێز كاك سالار، فیعلەن ئەگەر هاتو ڕێنماییەكان هەمان ڕێنمایی پێشوو بێ، كەواتە ئێمە هیچمان نەكردووە، ئەو یاسایە هەر بۆ ئەوە دەركراوە، جارێكی تر ئەوەی كە لە وەزارەتی خوێندنی باڵا هاتووە تەنها ئەوانە ئەگرێتەوە، ئەگەر ئەوە وەكو خۆی بمێنێتەوە، كەواتە ئەو چوار، پێنج هەزار كەسەی بۆ تواناسازی ڕۆیشتوون بەتایبەتی دوو هەزار كەسێكیان كە لە وەزارەتەكانەوە ڕۆیشتوون، دەبێ نەقلی خەدەمات بكەن و بچنە وەزارەتی خوێندنی باڵا، ماوەیەك لەوێ بمێننەوە ئینجا بچنەوە وەزارەتەكەی خۆیان، بەس بۆ ئەوەی بتوانن تەرقیەی عیلمی بكەن، بۆیە ئێمە بۆ ڕێ گرتن لەو بابەتە، بۆ ئەوەی بتوانین ئەوانەی لە دەرەوەی وەزارەتن بە ڕێنمایی جیاواز، بەلاّم هی عیلمی بتواندرێت ئەوانیش لەقەبیان بەرز بكرێ، بۆچوونەكە تەواوەو دەست خۆشیت لێ دەكەم.

**بەڕێز د.ارسلان بایز /سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر ئەگەر تێبینیت هەیە، فەرموو.

**بەڕێز د.علی سعید/وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من دووبارە بۆچوونی ئەنجومەنی وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژنەوەی زانستی كە بریتیە لە 11 سەرۆكی زانكۆ، دوو سەرۆكی دەستەی خوێندنی تەكنیكی، سێ ڕاوێژكاری خوێندنی باڵا، ئەو ئەنجومەنە بەڕێزە لە سێ دانیشتنی جیاواز بۆچوونی خۆی گەلاّڵە كردووە، كە من دوێنێ ئەو بۆچوونەم پێشكەش كرد بە پەرلەمانی كوردستانی بەڕێز، ئەویش وەكو لای خوارەوەیە، یەكەم، ئەنجومەنی وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی پێی چاكە دەبێ تەواوی ئەو ماف و دەستكەوتە ماددیانەی كە دەدرێت بە هەڵگرانی بڕوانامەی ماستەرو دكتۆرا، لە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی بدرێت، بە هەڵگرانی بڕوانامەی ماستەرو دكتۆرا لە دەرەوەی وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژنەوەی زانستی، واتە ئێستا مامۆستایەك هەڵگری بڕوانامەی ماستەر یان دكتۆرا لە وەزارەتی خوێندنی باڵا مووچەكەی بریتیە لە یەكەم، مووچەی بنەڕەت، دووەم، دەرماڵەی بڕوانامە، سێیەم، دەرماڵەی خۆتەرخان كردنی زانكۆیی، دەكرێت هەمان ئەو سێ بڕگەیە بدرێت بەهەڵگرانی بڕوانامەی ماستەرو دكتۆرا لە دەرەوەی وەزارەتی خوێندنی باڵا، مووچەی بنەڕەتی دكتۆراو ماستەریان پێ بدرێت، دەرماڵەی بڕوانامەیان پێ بدرێت، دەرماڵەی خۆ تەرخان كردنیان پێ بدرێت لەو دام و دەزگایانەی كە كاری لێ دەكەن، بەم شێوەیە هیچ جیاوازی و نا عەدالیەتیەك نامێنێ، لە ڕووی دەستكەوتە ماددیەكانەوە، لەنێوان هەڵگرانی بڕوانامەی ماستەرو دكتۆرا لە وەزارەتی خوێندنی باڵاو لەدەرەوەی وەزارەتی خوێندنی باڵا، خاڵی دووەم، وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی پێی چاكە ئەگەر سیستەمێكی جیاواز لە نازناوی زانستی، مامۆستای یاریدەدەر، مامۆستا، پرۆفیسۆری یاریدەدەر، پرۆفیسۆر دابندرێت بۆ هەڵگرانی بڕوانامەی ماستەرو دكتۆرا لە دەرەوەی وەزارەتی خوێندنی باڵا، بەو شێوەیە لەو لایەنە مەعنەویەش بێ بەش ناكرێن، نموونەم

هێنایەوە دوێنێ وتم لە حکومەتی عیراق جاران (هيئة البحث العلمی) هەبوو، ئەو (هيئة البحث العلمی)یە نازناوی دابین کردبوو بۆ بەکالۆریۆس و ماستەرو دکتۆرا، وەکو یاریدەدەری توێژەر، توێژەر، توێژەری پێشکەوتوو.....هتد، دەکرێ سیستەمێکی جیاواز لە سیستەمی پلەی زانستی وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی، شان بەشانی سەرجەم دەستکەوتە ماددیەکان و دەرماڵەکان دابین بکرێ بۆ ئەو بەڕێزانە لەدەرەوەی وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژنەوەی زانستی، خاڵی سێهەم، ئەنجومەنی وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی بۆچوونی وایە کە پێدانی نازناوی زانستی، لەقەبی عیلمی پرۆفیسۆر تەنها بۆ ئەوانە بێ کە لە دام و دەزگاکانی وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی کار دەکەن، خاڵی چوارەم، دەکرێ ئەو بەڕێزانەی کە نێردراون بۆ بەرنامەی تواناسازی، بەو مەبەستە نێردراون کە لەو بەرنامەیە هاتنەوە لەو وەزارەت و دام و دەزگایانە خزمەت بکەن، دەکرێ وەکو وتم هەمان دەستکەوتە ماددیەکان و ئەو لایەنە مەعنەویەش چارەسەر بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز /سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پشتگیری لەو پێشنیارە دەکەین کە جەنابی وەزیر پێشنیاری کرد سەبارەت بە بوونی سیستەمێکی تایبەت بۆ هەڵگرانی بڕوانامەی ماستەرو دکتۆرا کە لە دەرەوەی میلاکی وەزارەتی خوێندنی باڵا، ئەوەش دەکرێ بە ماددە لەو پڕۆژەیە، ئەگەر بووە پڕۆژە بڕیار بەماددەیەك جێگەی بۆ بکەینەوە، هەیکەلیەتی بۆ دابندرێت ئەو کێشەیە چارەسەر دەبێ، هەروەها پشتگیری لە پێشنیاری دەمج کردنی ماددەی یەکەم و دووەم دەکەین، بەمەرجێك جەخت کردن لەسەر ڕەچاو کردنی ڕێکارە یاساییەکانی پلەی زانستی کە لە یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا ژمارە (10) ساڵی 2008 دیاری کراوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز /سەرۆکی پەرلەمان:**

د.ئاراس ئەگەر تێبینیەکت هەبێ؟ فەرموو.

**بەڕێز د.ئاراس حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ڕاستی منیش پشتگیری قسەکانی جەنابی وەزیر دەکەم، پێشتریش چەند خاڵێکم هەبوو، دەربارەی ئەو بەڕێزانەی کە هەڵگری بڕوانامەی باڵان لە دەزگاکان بە دوو شێوە ئەتواندرێ یاسایەك گەلاڵە بکرێ، ئەتواندرێت ئیمتیازاتیان بدرێتێ لە مووچەی بنەڕەت، لەگەڵ شەهادە لەگەڵ خۆ تەرخان کردن بۆ توێژینەوەی زانستی، لە لایەکی ترەوە ئەگەر هاتو بەپێی قانونی خدمەی مەدەنی لەسەر وەزیفەکانیان مانەوە، یاخود هەر ئەوانە دەتوانرێ وەکو جەنابی وەزیر فەرمووی، هەر هەیە لە میلاکی ئێمەش لە هەرێمی کوردستان هەمانە، باحیس و موساعد باحیس و باحیس ئەقدەم و ڕەئیسی باحسین، بەو شێوەیە

بمێننەوە، هەمان ئیمتیازاتیان بدرێتێ، بەس یەك هەقیقەتی تریش هەیە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، لە ڕاستی لەقەبی تەدریسی یان لەقەبی عیلمی دەدرێ بەو کەسانەی تەدریسیان هەیە لە مەراکزی تەدریس، ئەو لەقەبەش یەکسەر نادرێ بە یەکێك کە شەهادەی دکتۆرا یان ماستەریان هەیە لە زانکۆ، لیژنەیەکی تایبەت هەیە پێی ئەڵێن لیژنەی سەلاحیەتی تەدریس، ئەبێ لەو لیژنەیە دەربچێت ئینجا ئەوکاتە نازناوی زانستی پێ ئەدرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز /سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا ئەم ماددەیەش گفتوگۆی لەسەر تەواو بوو، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی سێیەم، بەڵام پێش ئەو ماددەیە لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵا پێشنیاری زیادکردنی دوو ماددەیان کردووە، ئەگەر دەرفەتیان پێ بدەین.

**بەڕێز د.ارسلان بایز /سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموون.

**بەڕێز د.عمر حمدامین نورەدینی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی سێیەم وەکو لە ڕاپۆرتی لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵا هاتووە، ڕاژەی خزمەتی ئەم کەسانەی خوارەوە لەدەرەوەی وەزارەتی خوێندنی باڵا بە ڕاژەی زانکۆیی هەژمار دەکرێت بە مەبەستی خانەنشینی، هەڵگرانی ماستەرو دکتۆرا کە لە زانکۆیەکی بڕواپێ کراوی دەرەوەی وڵات خزمەتیان کردووە، هەڵگرانی ماستەرو دکتۆرا کە لە سەردەمی ڕژێم بێ بەش کراون لەوەی ببنە مامۆستای زانکۆ، یاخود دوور خراونەتەوە لە زانکۆ و پەیمانگاکان، هەڵگرانی ماستەرو دکتۆرا کە خزمەتی پێشمەرگایەتیان هەیە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز /سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ببورن ئەم دەقە لە نەسی ئەسڵی یاسایەکە دەقی ترە ماددەی سێهەم، ئەوەی بە عەرەبی نیە لەبەر ئەوەی لە ڕاپۆرتەکە تەنها کاردەکەین لەسەر ئەو ماددەی سێهەمەی کەلە ڕاپۆرتی لیژنەی پەروەردەدا هاتووە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز /سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی فەرموون.

**بەڕێز د.ئاراس حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

له ڕاستیدا ئەو بۆچوونە من پێمباشە کە ڕای هەموو ئەندامانی لەسەر بێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز /سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پشتگیری لە ڕاپۆرتی لیژنەی پەروەردە دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز /سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر.

**بەڕێز د.علی سعید/وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم باشە ئەگەر هەڵگری بڕوانامەی ماستەر یان دکتۆرا لە زانکۆیەکی باوەڕپێکراو لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان کاری کرد، بۆی هەژمار بکرێ، بۆ مەبەستی زانستی و بۆ بەرز کردنەوەی پلەی زانستی، بەڵام نەوەك بۆ خانەنشینی.

**بەڕێز د.ارسلان بایز /سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟، د.سەروەر، سیوەیل عثمان، بورهان رشید، جەلال علی، سالار محمود، نەژاد عزیز، عبدالرحمن حسین، تارا ئەسعەدی، د.بشیر خلیل، حەمە سعید حەمە علی، ئەم بەڕێزانە ناویان نووسراوە، فەرموو د.سەروەر.

**بەڕێز د.سەروەر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەس بۆ ڕوون کردنەوەو قسە لەسەر کردن، ئەمە کە زیاد کراوە مەبەست چیە لە زیاد کردنی؟، بۆ ئەوەی هەمووومان کۆك بین لەسەر ئەوە، ئەگەر مافێکی ڕەوایە بەڕاستی هەقە دەنگی لەسەر بدەین و پەسەندی بکەین، ئێمە کۆمەڵێك خەڵکمان هەیە، بەخۆتان دەزانن زانکۆ لەلای ئێمە لە ساڵی 1992وە لە دوای ڕاپەڕینەوە دروست بووە، ڕاستە پێشتر ئێمە زانکۆی سلێمانیمان هەبووە، زانکۆی سەلاحەدینمان هەبووە، بەلاّم لە لایەن ڕژێمی پێشوو ئەوانە قوفل کرابوون و قەتیس کرابوون، بەلاّم کۆمەڵێك مامۆستامان هەیە، پێشتر بڕوانامەی ماستەرو دکتۆرایان بەدەست هێناوە، بەلاّم ڕێگەیان نەداون بچنە ناو زانکۆ و خزمەت بکەن، ئەمە لیستی ئەو مامۆستایانەیە لامانە کەوا لە زانکۆی سلێمانی و هەندێکیان لە زانکۆی هەولێر، لە زانکۆکانی تریش کە پێمان گەیشتوون، دە ساڵ، پانزە ساڵ یان چەندین ساڵی تر کە خزمەتیان هەیە ڕێگەیان نەداون، ئەمە بۆیان بە خزمەتی زانکۆیی حیساب ناکرێ کەوا مافی خۆیانە ئەو بەڕێزانە ئەگەر بهاتبایە ڕژێمی ڕووخاوی پێشوو ڕێگەی بدابان، دەچوونە ناو زانکۆ، بەلاّم کە بۆیان حیساب ناکرێ لێرە تەمەنیشیان بەسەردەچێ، کاتێك کە خانەنشین دەکرێن ئەوانە بێ بەش دەبن لەو ماف و ئیمتیازاتانە،

دووەمیان، ئەو کەسانەی کە پێشمەرگە بوون بڕوانامەی ماستەری وەرگرتووە، دکتۆرای وەرگرتووە پاشان بۆتە پێشمەرگە، یاخود خزمەتی پێشمەرگەیاتی خۆتان دەزانن بۆ خانەنشینی، بۆ مەسائیلی تریش حیساب دەکرێ، بەڵام لێرەدا ئێمە داوا دەکەین وەکو ڕێزێك لەو کەسانە، بەمەبەستی خانەنشینی تەنها، تەنها ئەمە نەوك بۆ شتی تر، بەخزمەتی زانکۆیی حیساب بکرێ، چونکە لێرە بەدحالی بوونێك هەیە، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، خزمەتی زانکۆیی بابەتێکەو خزمەتی تر شتێکە بۆ مەبەستی خانەنشینی، خاڵێکی تر ئەوانەی کە لە زانکۆکانی تر و یاخود دوورخرابوونەوە، یان ئەوانیش بە خزمەت بۆیان حیساب بکرێ بەمەرجێك بەڵگەیان هەبێ، من دەمەوێ دووخاڵی تر ئیزافە بکەم، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، یەکێك ئەوانەی کە زیندانی سیاسی بوون، ڕاستە ئێمە یاسایەکمان هەیە دەڵێ بەخزمەت بۆی حیساب بکرێ، بەڵام بەخزمەتی مەدەنی بۆی حیساب دەکرێ نەوەك ئەمە ، خاڵێکی تریش کەسانێك هەبوون کە ڕێگەیان پێ نەدراوە، بۆ نموونە کەسێك هەیە لەنێو زانکۆدا دە ساڵ خزمەتی زانکۆی هەیە، بەڵام بیست ساڵ یان سی ساڵ خزمەتی هەیە لە پەروەردە، ئەمەش ئەگەر سیغەیەکی بۆ ببیندرێتەوە، دووساڵ بەساڵێك حیساب دەکرێ، سێ ساڵ بە ساڵێك حیساب دەکرێ، جۆرە سیغەیەکیان بۆ ببیننەوە سوودمەند بن لەیاساکە، سوپاس بۆ بەڕێزتان.

**بەڕێز د.ارسلان بایز /سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵام کاك دکتۆر ئەوانەی کە شەهادەی دکتۆرایان نەبووبێ، خزمەتەکەی پێشتریان بۆ ئەوە بۆ حیساب ناکرێ بۆ تەرقیەی علمی، یان ئەوانەی کە پێشمەرگە بووبن نەوەك هەر بۆ خزمەتی وەزیفی حیساب دەکرێ، بەڵام بۆ تەرقیەی عیلمی نابێ حیساب بکرێ خۆت دەزانی، بەڵێ.

**بەڕێز د.سەروەر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە تەنها دەڵێین بەمەبەستی خانەنشین، تەنها خانەنشین با بۆ مەبەستەکانی تر حیساب نەکرێ.

**بەڕێز د.ارسلان بایز /سەرۆکی پەرلەمان:**

سیوەیل خان فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەتی ئەو ماددەیەو ئەو بڕگانەی کە هاتوون، بەنیسبەتی ئەوانەی کە لەسەردەمی ڕژێمی بەعس یان ئەوانەی کە پێشمەرگە بوونە، ئێمە لە ساڵی 1991 حیزبی بەعس ڕژێمی بەعس نەماوە، بڕواناکەم یەك کەس هەبێ مامۆستابێ کاتی خۆی ئەگەر شەهادەی ماستەرو دکتۆرای هەبێ، یان ئەگەر لە شاخ بوبێ یان ئەگەر ڕژێمی بەعس مەجالی ئەوەی نەدابێتێ ببێتە مامۆستا، ئەکیدم لە سەدا ملیۆن ماوەی ئەو بیست و یەك ساڵە خزمەتی خۆی هینایەتەوە، لەوانەیە بە زیادیشەوە هینابێتیەوە، ئێستا دووبارە خزمەتی بۆ بینیەوە ئاخر وابزانم هیچ مەعقولیەتی تێدانیە، پێش ئەوەی د.سەروەر قسان بکات، ئەوە ڕەئیەکەی من

بوو، بەڵام ئەگەر د.سەروەر بەڵگەی هەیەو مامۆستا هەیە دوای بیست و یەك ساڵ خزمەتی نەهێنایەتەوە یان بۆیان حیساب نەکردووە، ئەوە هەق وایە حیسابی بۆ بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز /سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك برهان فەرمووو.

**بەڕێز برهان رشید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من دەربارەی سێی موزافە، دوو تەحەفوزم هەیە، یەكەمیان/ ئەوەی كە باسی پێشمەرگە دەكات بەڕاستی ئەمە زوڵم لە پێشمەرگە دەكات، لەبەرئەوەی پێشمەرگەی پێش ڕاپەرین كە خزمەتی هەیە وەكو من لە قانون دا ئیشم كردبێت، بە دوو ساڵ بۆی حسابە، تۆ بۆ لێرە دەیهێنێتەوە و دەیكەی بە یەك ساڵ، خزمەتی پێش ڕاپەڕین بە دوو ساڵ خزمەت حسابە بۆ ئەسبابی تەقاعودی، بۆ خانەنیشینی، لێرە تۆ حەقێكی دەخۆی ئەگەر بیهێنیتەوە و بڵێی بەو شێوەیە، لەبەرئەوەی بە قانونەكانی پێشوو بە دوو ساڵ بۆی حساب بووە، دووەم/ دەربارەی بڕگەی یەكەمی ئەم ماددەی سێیەمە، دەڵێ ئەوانەی هەڵگرانی ماستەر و دكتۆرا كەلە زانكۆیەكی بڕواپێكراوی دەرەوەی وڵات خزمەتیان كردووە، ئێ كاكە لە هەموو دونیایا حقوق بەرامبەر واجباتە، من حقوقی چی بدەم بە تۆ كە تۆ واجباتت لە وڵاتی مندا جێ بەجێ نەكردووە، تۆ خزمەتی میللەتی منت نەكردووە، من بۆ خانەنیشینیت بۆ حساب بكەم؟، وەزیر ڕاست دەكات بۆ تەرقیم و ئەوانە حەقیەتی، بەڵام كە خەڵك دەبێ 20 ساڵ و 30 ساڵ لەوێ خزمەتی كردبێت خزمەتی وڵاتی منی نەكردبێت و گەنجی منی پێ نەگەیاندبێت، من خانەنیشینی و پارەی زیادی چی بدەمێ ؟ سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز /سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك جلال فەرمووو.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من بۆ ئیزافەی قسەكانی كاك بورهان كەسێ 20 ساڵ خزمەتی لە دەرەوەی وڵات هەبێ، بە تەئكید لەوێ خانەنیشین بووەو دێتەوە ئێرەش ئیش ئەكا، ئەوە یەك، دوو/ ئەمەی كە ناونراوە لە وەزارەتی خوێندنی باڵا هەیە و مەسەلە مەعاش و موخەسەساتە، ئەگەر بڕیار بدەین ئەمە ڕەئی خۆمە سووریشم لەسەری، بڕیار بدەین ماستەر و دكتۆرای هەیە، ئیمتیازات و موخەسەساتی وەكو خوێندنی باڵا بێ، سبەینێ هەرچی حقوقیی دائیرەكانی دیكە هەیە دەڵێن ئەو ئیمتیازات و سەلاحیەتەم هەیە و موخەسەساتەم هەیە، هەرچی موهەندسی زراعی هەیە لەدەوری خوێندنی باڵا هەیە داوا دەكات، هەموو خاوەن شەهادەكانی دیكەش، لەبەرئەوە بەڕاستی حەقە وردتر ئەو بڕگەیەی كە وتیان ئەو ماددەیە جیا بكرێتەوە، چونكە بەڕاستی وەكو بڵێی خارج خزمەتی هەیە و بۆی حساب دەكەم یان ئەو كەسانەی پێشمەرگە بوون بیست ساڵە

سیوەیل خان 20 ساڵە ئێمە حکومـەتین و خـەڵك تـەعین دەکـەین و ملیۆنێـك و سـێ سـەد هـەزار مـەعاش خۆرمان هەیە و گوایە ئەم خەڵکانە لە کوێ بوون؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز /سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سالار فەرمووو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستی دا سەبارەت بەم ماددەیە بە شێوەیەکی گشتی تریش بۆ یاسایەکە موستەڵحێك هەیە بۆ هـەڵگرانی بڕوانامە بە تایبـەتی بڕوانامـەی دکتـۆراو ماجستێر، دەسـتەواژەیەکی تـر بـەدوای دا دێـت هاوشـێوەکانیان، ئێستا هەرێمی کوردستان لەڕووی زانستیەوە بەڕووی زانکۆکانی جیهانـدا کراوەتـەوە لەڕاسـتی دا، هەنـدێك هەڵگرانی خاوەن بڕوانامە هەن بەناو ناوترێن، هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرایە یـان ماجستێرە، بـەڵام کاتێـك لیژنەیـەکی زانسـتی لـە وەزارەتـی خوێنـدنی بـاڵا یـان هـەر موئەسەسـەیەکی تـەعلیمی تـر تەعـدیلی ئـەو شـەهادەیە دەکـات هاوشـێوەی دکتۆرایـە یـان هاوشـێوەی ماجسـتێرە، بـۆ لەقـەبی عیلمـی یـان بـۆ هـەر ئیمتیـازاتێکی تـری بەتایبـەتی مـن تـەرکیزم لەسـەر ئیمتیـازی مەعنەویـە لـەڕووی عیلمیـەوە و بـۆ ئـەم یاسایەش تەرکیزە لەسـەر ئیهتمـام دان بـە گەشـە کردنـی زانسـتی لـەڕووی لێکۆڵینـەوە و توێژینـەوەوە، بـۆ یاساکە ئەم دەستەواژەیە لەبەرچاو بگیردرێت، چونکە هەنـدێك خـەڵکمان هـەن لـە ساڵی 70 ەکـان و 60 ەکانەوە ڕۆیشـتوونەتە دەرەوە، لـە زانکۆکـان و ناوەنـدە ئەکادیمیـەکانی دنیـا خوێندوویانـە و شـەهادەکانیان بزەبـت نـاوی دکتـۆرا نیـە، ماجسـتێر نیـە، بـەڵکو وەکـو بڕوانامەیەکـە دبلـۆمی یەکـە و دووە و هـەر بڕوانامەیەکی ترە کە تەعدیل دەکرێتەوە هاوشێوەی ئەوەیە و بـۆ ئـەوەی ئـەوانیش لـەو چوارچێوەیە بـێ بەش نەبن و سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د.ارسلان بایز /سەرۆکی پەرلەمان:**

ئـاخر کـاك سـالار ئەوانـەی کـە دێنـەوە، هـەر شـەهادەیەکی هێناوەتـەوە پێشـی بچێتە وەزیفەکـەی دەبـێ تـەعادولی شـەهادەکەیان بکـەن، ئەگـەر تـەعادولی شـەهادەکەیان نـەکردبێ چۆنە؟؟ نـاکرێ دەبـێ تـەعادولی شەهادەکە بکرێ، کە تەعادولی نەکەی دیارە ئنەیەك لەسەر شەهادەکەی هەیە، کاك سالار فەرمووو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆچوونەکەی جەنابتان دروستە، بەڵام بێ گومان لەڕووی قانونیەوە لەوانەیە ئەو کەسـانە تووشـی ئەشـکال ببن یان بێ بەری بن، لەخۆوە نیـە یاسـای خزمـەتی جـامعی پەرلـەمانی عـیراق ژمـارە 23 ی سـاڵی 2008 لەگەڵ ناوهێنانی بڕوانامەی دکتۆرا و ماسـتەر ئـەو دەسـتەواژەی دوای ئەوانیشـی بـەکارهێناوە و سوپاسـتان دەکەم.

**بەڕێز د.ارسلان بایز /سەرۆکی پەرلەمان:**

كاك نەژاد فەرموو.

**بەڕێز نەژاد عزيز سورمێ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منيش لەگەڵ ڕەئيەكەی جەنابی وەزيرم بەڕاستی ئەوانەی كە لە دەرەوە بيل فيعل برادەرێكی تريش باسی كرد، كاك برهان بوو، ئێ باشی كرد، بەڕاستی ئەوانە خزمەتی وڵاتی تر دەكەن، لە هەموو وڵاتێك وايە، كابرايەك خزمەتی وڵاتێكی تر بكات بۆ خانەنيشنی بكەم؟، يەعنی ئەوە حەقيقەتێكە، ئەوەی كاك جلال وتی بەڕاستی كە تەرحی كرد من بە تەواوی لەگەڵی دامە، ئەوەی كە باس دەكرێت لۆد لەسەر وەزارەتی خوێندنی باڵا هەيە، هەموو مەوزوعەكە موخەسەسات و ئەوانەيە، ئەو لۆدە نامێنێ پاش دەرچوونی ئەو بڕيارە يان ئەو قانونە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز /سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عبدالرحمن فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن حسين:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕاستی من هەر دوێنێش قسەم كردو سەرتاسەری لەگەڵ ئەم پرۆژە نيمە، هەمووی ڕەد دەكەمەوە لەسەرەوە تا خوارەوە، چونكە ئەگەر ئێمە پێويستيمان پێيە هەندێك هەنە لەناو هەرێمی كوردستان مەغدورن و با ئێمە بڕيارێك دەربكەين لە پەرلەمان بۆ وەزارەتی خوێندنی باڵا كە ئەم كەسانە لە وەزارەتی پەروەردە يان لە جێگايەكی تر حسابی وەكو ماف و ئيمتيازاتی پێ بدرێت وەكو ئەوانی تر، بەڵام وەكو پلەی زانستی هەر من دوێنێش گوتم ئێستاش دەڵێمەوە و هەر لە سەر ئەم ڕەئيە موسيڕم، جەريمەيەكی زانستيە ئێمە دەيكەين، كەسێك لە دەرەوەی خوێندنی باڵا ئيش بكات و لێرەش پلەيەكی زانستی پێ بدەين و بيكەنە ياريدەردەری مامۆستا و ياريدەردەری جامعە و ياريدەدەری پرۆفيسۆر و نازانم چی ئەمە هەر جەريمەيە، بەڕاستی بە نيسبەتی ماددەی سێيەم ئەوەی كە دەڵێت لە هەڵگرانی ماستەر كاك برهانيش ئيشارەتی پێيدا، ئەو برايە لە دەرەوە دكتۆرای هێناوە سەرچاوم، كوردە شانازی پێ دەكەين لەوانەيە بە كورديش زۆرجار لە ناو جاميعە قسەی كردبێت ناوی كوردی گەياندبێتە خەڵك و خزمەتێكی كوردی كردبێت، بەڵام ئێمەلە ساڵی 1992 و 1993 پێويستمان بە مامۆستا بوو بە ماستەر بوو لە عەرەبەكان دەمانهێنا زەويمان پێ دەدا و خانوو و مەعاشێكی باشمان پێ دەدا بەس بۆمان دوو قسە و دوو دەرس بڵێتەوە لە جامعە و لە زانكۆيەك لە سلێمانی و هەولێر و دهۆك ئەوان لە كوێ بوون؟ كەچی بۆ ئەو مامۆستايە نەدەهاتە ئێرە كە هەموو شتێكمان پێی دەدا و ئێستاش ئيمتيازاتی باشتر و پلەی باشتر و پێ دەدا و لەوانەيە باشترين ئيشی خزمەتی خەڵكی خۆی بكردبا زياتری هەيە، بۆ ئەو برايە لەوێ پير ببێ و ببێتە هەشتا ساڵ و حەفتا ساڵی كە ناتوانێ لەوێ دەرس بڵێتەوە بێتەوە ئێرە ئێمە دووبارە تەقاعودی بكەين، ئەوە چيە هەر بە ڕەحممان ئيش كردووە، بە باوەڕێمان ئيش كردووە، لەبەرئەوە وەزعی ئەوهايە،

ئەمە قەت نابێ دەبێ بە یاسا ئیش بکەین، دەبێ لەمەودوا یاسا سەروەر بێ و یاسا ڕێنماییمان پێ بدات، بە نیسبەتی بڕگەی $2$ کە دەڵێ ئەوانەی لەسەردەمی ڕژێم ڕێگەی پێ نەدابێ، ئەگەر یەکێك هەبێ ئەوە زۆر موستەحەقە، بەڵام من باوەڕم نیە ئێستا مابێ وەکو سیوەیل خان وتی بیست ساڵە هەموو کەسێك مافی خۆی وەرگرتووە و هەموو کەسێك و هەرکەسێکی پێویست بوو بێت ئێمە پێویستیمان پێ بووە ئەو کاتە، یەعنی بیست ساڵە پێویستیمان پێ بوو لە کوێ بوو، لە کوێ خۆی شاردووەتەوە تا ئێستا؟ بۆ نەهاتووە ببێتە مامۆستا و بچێتە جامعە؟، یان یێ پێشمەرگە دیسا مافێکی زیاتر لە جێگەیەکی تر پێدراوە و حەقێکی خۆیەتی و ئەوەی لە پێشمەرگایەتی بووە بە خزمەت بۆی حساب کراوە و دووجار لێرە مافی دەخورێ من لەگەڵ ئەوەش نیمە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز /سەرۆکی پەرلەمان:**

تارا خان فەرموو.

**بەڕێز تارا عبدالرزاق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاستی من دوو شت دەمەوێ ئاماژە پێ بکەم، یەکەم شت ئەم زەرورەتەی کەوا هەموومان بە پەرۆشیەوە بۆ چەند حاڵەتێکی کە بووە بڵێین پێشێلکاریەك بۆ ئەو کەسانەی کە خاوەنی شەهادەن و ئەژماری ئەو لەقەبە علمیەیان بۆ نەکراوە، لە نێوان ئەوە، دووەم شت، ئەو کەسەی کە لە ئینتفازەوە و $21$ ساڵە کە دکتۆراکەشی تەواو کردووە بۆ نموونە $25$ ساڵ بووە، واتە تەقریبی $50$ ساڵە ئەسڵەن خۆی، ئەبێ چی بێت ئەم تەقاعودیەی کە ئینتزاری بکات و چ ساڵانێکە کە بۆی حساب دەکرێت؟ من نازانم لێرە جەنابی وەزیر شەرحی ئەوەی کرد کە ئێمە وەکو ئەوانەی لە دەرەوە ژیاون و دێنەوە ناو وڵات ئێمە حسابی ناکەین ساڵانی خزمەتیان، هەروەکو بەڕێزیشی فەرمووی، لیجانی تایبەت هەیە بۆ تەعادولی شەهادەکان، ئەو کەسەی کە چووەتە دەرەوە هەموو کەسێك بۆ ستیك خواردن نەچووەتە دەرەوە، مومکینە زۆر جار هەیە لە ڕاکردنی حزبی بەعس چووەتە ئەوێ و وای لێ هاتووە لەوێ شەهادەکەی خۆی وەرگرێت و ئەمجارە بێتەوە لە وڵاتەکەی خزمەت بکات، ئێمە ئێستا زۆر لە بەغداوە عەرەبەکان هاتوون لێرە جامعەکانیان گرتووە و هەموو ئیمتیازاتییێکیان دەدەینێ، ئەی ئەگەر کوردەکەی خۆمان چووەتە دەرەوە و دێتەوە بەس بە مەرجێك خزمەت بکاتەوە لێرە تیای مابێ عمرەکەی، چونکە ئەگەر لە ئینتفازەوە ڕۆیشت بێت ئەسڵەن عمرەکەی خۆی $65$ ساڵ تەقاعود دەبێ، واتە دانانی لەقەبەکە من حەزدەکەم چ ڕێنماییەك هەیە بۆ ئەو کەسانە و بۆ تەعادولی شەهادات دەکرێت وا ئیقتراح دەکەم ئەوانەی کە لە تەنمیەی بەشەری ئیش دەکەن و لە دەرێ ئەزموونێکی جوانیان هەیە با ئێمە فۆبیامان نەبێ یانیش وەکو هەر کەسێك چووە دەرەوە، یەعنی حەز ناکات لەناو وڵات دا بژی با ئێمە عیلمەکەی بکڕینەوە، با ئەو ئەزموونەی کە کردوویەتی بکەین لە کوردی خۆمان دا با زیاتر تەتویری پێ بکەین، ئەوانەی لە تەنمیەی بەشەری ئیش دەکەن، لە تەعادولی شەهادات هەژمار بکرێت هەتا ئەگەر ئەزموونی دە ساڵیان هەیە لەوێ بێتەوە ئێرە وەکو یارمەتی

دانێ بۆ ئەوەی بێت لێرە ئیستفادەی لێ بکرێ و خراپ نیە ئەگەر ئەو تەوەرە جێگای خۆی بکاتەوە من پێم باشە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز /سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك د.بشیر فەرموو.

**بەڕێز د.بشیر خلیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێڕای پشتیگیریم لە ڕاپۆرتەکەی لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا، پشتگیری لە ڕایەکەی کاك د.سەروەر دەکەم، بەڕاستی ئەوانەی کەلە دەرەوە دێنەوە و خاوەن بڕوانامەن تەنها بۆ ئەو کەسانە بێت کە بە هۆی سیاسیەوە تا ئێستا نەیانتوانیوە مافەکانی خۆیان وەربگرن، تەنها ئەوان بێت ئەوانی تر نەبێ و تەنها بۆ خانەنیشینیش بێت لەگەڵ حساب کردنی شەهادەکانیان، جەنابی وەزیر ئاماژەی بەوەدا کە بۆ قبوڵ کردن و پێدانی ماف بەوانە پێویستە ئەو بڕوانامەیەی کە دێننەوە لە زانکۆیەکی باوەڕ پێکراو بێت، معیار چیە بۆ ئەو زانکۆیەی کە باوەڕپێکراوە، ئەمە وشەیەکی مەتاتیە، ئێمە لە زانست دا لە وەزارەتی خوێندنی باڵا دوو معیار هەیە، بەڵام بەداخەوە هەندێ جار کار بەو دوو معیارەش ناکرێ، معیاری یەکەم ئەوەیە (گایرێك) هەیە معیارێك دەلیلی یونسکۆیە کە ناوی جامعاتەکانی تیایە ئەوانەی کە موعتەرەفن، یانیش ئەوەی کە عزو و ئەندام بێت لە ئیتحادی جامعاتی عالەمی، ئەویش بەم شێوەیە، بەڵام جاری واهەیە، جامعە هەیە لەم دووانەش ناوی هەیە و لە ڕیزبەندی پێشەوەی کاك سالاریش باسی کرد، بەڵام لە وەزارەتی خوێندنی باڵا بە زانکۆی لاواز ئەژمار دەکرێت و مافی ئەوانە دەفەوتێ کە لەوێ بڕوانامە دێننەوە، بەڵگەشم لەسەر ئەوە ئەوەیە کە پێش یەکگرتنی ئیدارەکەی هەولێر و سلێمانی هەندێك بڕوانامە لە سلێمانی تەعدیل کران، هەندێك لە هەولێر تەعدیل کران، کە یەکیان گرتەوە ئەوانەی کە لە سلێمانی تەعدیل کرابن بە نەفسی ڕێنمایی ئێرە نەبوون، ڕێنماییەکان جیاواز بوون، بەڵام ئەمە هەموویان باوەڕیان پێ کرا و حساب کران، کە ئێستا بەعزێك لەوان نایەتەوە، کەواتە نیوەیان باوەڕپێکران و نیوەشیان تەعدیل نەکراونەتەوە، ئەمە بەڕاستی غوبنێکی زۆرە، بۆیە من پشتگیری لەوە دەکەم کە ڕێنمایی تازە دەربچێت بە سیستمێکی تازە ئەمانە هەمووی چارەسەر بکرێ و ئەو شتە وا نەمێنێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز /سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك حەمە سعید فەرموو.

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەست خۆشی دەکەم بۆ زیاد کردنی ئەم ماددەیە، من پێموایە ئەم ماددەیە بکرێ بە دوو بڕگە، بڕگەی یەکەم ئەژمارکردنی پلەی زانستی بۆ هەڵگرانی ماستەر و دکتۆرا کە لە زانکۆیەکی باوەڕپێکراو دەرەوەی وڵات خزمەتیان کردووە، ئەوە بڕگەی یەکەم بێ، بڕگەی دووەم/ ڕاژەی خزمەتی ئەم کەسانەی خوارەوە لە دەرەوە وەزارەتی خوێندنی باڵا ڕاژەی زانکۆیی ئەژمار دەکرێ بە مەبەستی خوێندنی باڵا، ئەو کاتە ببێ بە باڵا هەڵگرانی ماستەر و دکتۆرا لەسەردەمی ڕژێم بێ بەش کراون، گوایە کەسێك 87 تەخەروجی کردووە، بێ بەش کراوە، دوایی لە 94 و 96 کراوە بە زانکۆ ئەو فەترەیەی یەعنی لەڕۆژی دەرچوونەکەی تا ڕۆژی ئەوەی کە ئەبێ بە مامۆستای زانکۆ لە هەرێم دا ڕۆژێ چوار، پێنج ساڵێکی ئەو پێنج ساڵەی بۆ ئەژمار بکرێ مەبەستەکە ئەوەیە، مەبەستەکە ئەوە نیە، سیوەیل خان باسی کرد، کە کەسێك نیە تەعین نەبووە، ڕاستە هەمووی لەوە دەچێ ببێتە مامۆستا، تەخەروجەکەی چەند ساڵێکی فەوتاوە، ماوەی فەوتاوە، موعالەجەی دەکەین، خاڵێکی تر هەڵگرانی ماستەر و دکتۆرا کە خزمەتی پێشمەرگە و زیندانی سیاسی و هاوشێوەکانیان ئەوە بەمەرجێك کە مەرجێکی تیا بێ یەعنی زەرەمەند بێ خزمەتەکەی، مەسەلەن وەکو وتیان پێشمەرگە ئەوەی کاك برهان وتی دوو ساڵی بۆ خزمەتی ئێرە ئێستا بە یەك ساڵ بە مەرجێك زەرەمەند نەبن لە ئەژمارکردنی خزمەتەکەی، ئەوە چارەسەرێکی بکەن، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز /سەرۆکی پەرلەمان:**

عظیمة خان فەرموو.

**بەڕێز عظیمة نجم الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس قسەکانی من کرا، و پشتگیری قسەکانی (سیوەیل) خان و کاك (برهان) دەکەم.

**بەڕێز د.ارسلان بایز /سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامان، ئێمە بۆیە ئەو ماددەیەمان داناوە، لەبەر ئەوەی خەلەلێك هەیە، بە پێی یاسای خدمەی جامیعی لەماددەی (12) دا لە یەکەمیاندا ئەڵێ (ئەبێ ئەو کەسەی سوود مەندبێ لەو یاسایەی تەقاعودە دەبێ کە خدمەی جامیعی هەبێ، کەمتر نەبی لە (25) ساڵ تەمەنی)، من ئەیهێنمەوە بەر چاوتان، مامۆستامان هەیە ماجستێری هەیە، دکتۆراشی هەیە، کاتی خۆی نەفی کرا بۆ سەماوە و بۆ جنوب، نەیانهێشت بە ماجستێرەکەی، بە دکتۆراکەی، بتوانێ تەعین بێت لە وەزارەتی خوێندنی باڵا، دوای ڕاپەڕین هاتۆتەوە بۆ هەرێمی کوردستان هەتاکو بزانێ چی بەسەر هاتووە، کە وەختێك گەیشتۆتە ئەوەی بێتەوە ئێرە (10)، ساڵە تەعین بووە لە جامیعەی سلێمانی، ئەم کابرایە کاتی خۆی مەحروم کراوە لەوەی بچێتە زانکۆ دەرس بڵێتەوە، لەبەر ئەسبابی سیاسی، لەبەر کورد بوون، ئێستاش تەقریبەن (10) ساڵە لە زانکۆ

دەرس ئەڵێتەوە و مەحرومیشە، و ئەو فەترەی کە نەفی کراوە بۆ ئەوێ لە دائیرەیەکی ئیعتیادیدا دانراوە لەوێ، (10) ساڵە هاتۆتەوە، و عومریشی گەورە بووە، لەبەر ئەسبابی سیاسیش نەیانهێشتووە دەرس بڵێتەوە، ماجستێر و دکتۆراشی هەبووە، باشە ئەمیش لە یاساکەدا ئەڵێ (25)ساڵی فیعلی، یەعنی ئەبێ (25) ساڵ لە زانکۆدا دەرسی وتبێتەوە، ئەمە چۆن چارەسەر ئەکەین ئەگەر بە نەصی قانونی چارەسەر نەکرێ؟ ئەگەر نەڵێین ئێمە حاڵەتێکی تایبەتمان هەبووە لە وڵاتەکەماندا، کاتێك کە یاسا دائەنێی دەبێ بگونجێ لەگەڵ ئەو حاڵەتە تایبەتیە، و موعالەجەی هەموو ئەو حاڵەتانە بکات، هاووڵاتیە، مافی خۆیەتی، ئێمە ناڵێین کەسێك (80) ساڵ عومریەتی لەدەرەوەی وڵات دەرسی وتۆتەوە، تەقاعودە لەوێ، هیچ پێویستی بە تەقاعودی ئەم وڵاتە نیە، لەوێ بە مەعاشی باشن کە عومری (80) ساڵ بێت بە مەعاشی باشیش تەقاعود دەبێت، خۆ وەکو ئەو پارەی ئێرە نیە، ئێمە باسی ئەوە ناکەین، بەڵام باسی خەڵکانێك ئەکەین ئەوانە سەروەتن بۆ وڵاتی ئێمە، دەبێ تەشجیعیان بکەین بە هەموو شێوەیەك بۆ گەڕانەوە، ئەگەر (5) ساڵ لە وڵاتێکی دەرەوە دەرسی وتۆتەوە عیلمی زیاد کردووە، تەرقیەی کردووە، ئێستا ئێمە سوودی لێ ئەبینین لە زانکۆکانی خۆماندا، بۆ ئەو (5)، (6) ساڵە، بۆ ئەو (10) ساڵە، بۆی حیساب بکەین بڵێین ئەگەر سبەی ڕۆژێ تەقاعود بوو بە مەعاشێك کە کەرامەتی بپارێزرێ، ئێمە لێرە ئەنواع تەعلیقی لێ بدەین، ئێمە یاسا دا ئەنێین بۆ موعالەجە کردنی ئەو حاڵەتانەی کە ئێمە ئەزانین وەکو لیژنەی پەروەردە نەقصی تێدایە لەناو قانونەکانی ئێمە، و لەگەڵ وەزع و واقیعی ئێمەشدا ئەبێ بگونجێ، و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز /سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عمر.

**بەڕێز د.عمر حمد امین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، لە ڕاستی دا ئەم پێشنیارەی ئێمە بۆ زیاد کردنی ئەم ماددەیە، لە ئەنجامی کۆمەڵێك حاڵەتی واقیعی و داواکاری ئەوتۆ بوو کە ئێمە ئەو داواکاریانەمان بینی، بە فیعلی هەیە لە هەرێمی کوردستان، لەگەڵ ئەو مامۆستا بەڕێزانە کۆبووینەوە، یاسای خزمەتی زانکۆیی کە لە پەرلەمانی عێراقی دەرچووە و لێرە ئیشی پێ دەکرێت، هەر مامۆستایەکی بەڕێزی زانکۆ ئەگەر (25) ساڵ خزمەتی لەناو زانکۆ نەبێت، خانەنشین ناکرێ، بۆ نموونە، بەڕێزێك تەمەنی (25) ساڵە، (20) ساڵ خزمەتی پێشمەرگایەتی هەیە ئەوە (45) ساڵ، خزمەتەکەشی بۆ حیساب کراوە بۆ مووچە و سەر مووچە، (20) ساڵ خزمەتی زانکۆیشی هەیە دەبێتە (65) ساڵ، تەمەنی دەگاتە تەمەنی تەقاعودی، بەڵام چونکە خزمەتی زانکۆیی (25) ساڵ نیە تەقاعود ناکرێت، سەیرکە ئیشکالیەتە قانونیەکە لەکوێدایە؟ بەڵام ئەگەر بڵێین بە مەبەستی خانەنشینی بۆ ئەوەی ئەو خزمەتەی بۆ حیساب بکرێ، ئەوە ئەوکات تەقاعود دەبێ، لە لایەك تەمەنی دەگاتە تەمەنی تەقاعودی، بەڵام لە لایەکەوە چونکە خزمەتی زانکۆیی کەمترە لە (25) ساڵ تەقاعود ناکرێ، تەقاعود ناکرێ بە مامۆستای زانکۆ بەو حەق و ئیمتیازاتەی کە هەیەتی، ئەگەر

لەگەڵ ئەو بەرێزانە دانیشین یەك موعاناتی گەورەیان هەیە، بۆیە ئەم یاسایە (2) ساڵ لەمەو پێش پێشکەش کراوە و ڕاپۆرتیشمان لەسەر ئامادە کردووە، دوای ئەوە ئێمە چیمان کرد؟ بەرێزان ئاگایان لێیە، لەگەڵ لیژنەی تەعلیمی عالی لە پەرلەمانی عێراق کۆبووینەوە، ئەم بۆچوونەمان دا بەئەوان، چونکە ئەوان لە پەرلەمانی عێراقی پرۆژەیەکیان هەبوو بۆ تەعدیل کردنی قانونی خزمەتی زانکۆیی، ئەوان تەعدیلیان کردووە بە صیغەیەکی زۆر باشیش، ئێمە ڕاپۆرتیشمان لەسەر ئامادە کردووە بۆ ئەوەی لێرە جێ بەجێ بکرێت، ئەوان عیلاجەکەیان بەم شێوەیە کردووە، ئەگەر مامۆستایەکی بەرێزی زانکۆ تەمەنی گەیشتبێتە تەمەنی تەقاعودی، و خزمەتی زانکۆیی تەنها (10) ساڵ بێت، ئەوە تەقاعود دەبێ، بۆیە ئەگەر ئێمە ئەم ماددەیەمان دووبارە داڕشتەوە لە جیاتی ئەم صیغەیەی کە ئێستا هاتووە ئەم صیغەیە داخیل بکەین، هەموو ئیشکالیەتەکان چارەسەر دەبێت، ئەوان (25) ساڵ خزمەتی فیعلی زانکۆیان دوای ئەوەی کە قانونەکەیان تەعدیل کردووە، کردوویانەتە (10) ساڵ، بۆیە لەوێ چارەسەر کراوە، و دەکرێ ئێمە سوود لەو پێشنیارانەی ئەوان وەربگرین، کە ئەمە صیاغەمان کردەووە بەم شێوەیە صیاغەی بکەین، هەموو حاڵەتەکان چارەسەر دەبن، ئەو مامۆستا بەرێزانەی کە لە دەرەوە خزمەت دەکەن، بەرێزان ئێمە هەندێك نموونەی زیندوومان هەیە لە هەرێمی کوردستان، کە ئەگەر زەروور بێت ناوەکانیان دەخوێنینەوە، ئەگەرنا حەزناکەین ناویان بهێنین، مامۆستا بووە، لە یەکێك لە زانکۆکانی وڵاتانی عەرەبی، یان لە زانکۆکانی مەسەلەن دەرەوە، چووە خزمەتی کردووە، خزمەتی مێژووی کوردی کردووە، خزمەتی زمان و ئەدەبی کوردی کردووە، (10) ساڵ لەو زانکۆیە خزمەتی کردووە، بەڵام خزمەتەکەی پەیوەندی بە گەل و نیشتیمانەکەی خۆیەوە هەبووە، ئەگەر دێتەوە ئێرە ببێت بە مامۆستای زانکۆ لە زانکۆیەکی دانپێنراوی ئەو تۆ کە هەموومان دەزانین، بۆ ئەو (10) ساڵە خزمەتەی لەوێ ناوی بە خزمەت حیساب بکرێ؟ نموونەی زیندوومان لە لایە کە ئەم حاڵەتەشمان هەیە لە ڕاستی دا، ئەدی ئەم (10) ساڵ خزمەتەی بۆ کوێ چوو؟ چۆن سوودی لێ وەربگرێت؟ ئەمە لە لایەك، لە لایەکی ترەوە ڕەنگە ئەو مەجالەی کە ئەو لە بواری زانستی خزمەتی تێدا کردووە بوارێك بێت پەیوەندی بە بوارێکی عیلمیەوە هەبێت کە هەموومان پێویستیمان پێی هەبێت، مامۆستایەکی کورد هەیە لە یەکێك لە زانکۆکانی ئەڵمانیا ئیبداعی کردووە لە ئیکتیشاف کردنی دۆمبەلاندا، کە بێتەوە لێرە خزمەت بکات ئەو خزمەتەی زانکۆیەی کە لەوێ هەیەتی بۆ لێرە بۆی حیساب ناکرێ؟ بۆیە ئێمە هەر سوورین لەسەر ئەوەی کە پێشنیارمان کردووە، بە زەروریش دەزانین ڕۆڵی ئەم ڕوون کردنەوانەش، بەڵام بە دڵنیایشەوە بیروبۆچوونەکانی ئێوە لەکاتی صیاغەدا خزمەت بە دەوڵەمەند کردنی ئەم ماددەیە دەکا و لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەرێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

دەزانن عیلم عیلمە، عیلاقەی بە پێشمەرگایەتیەوە نیە، ئەوەی بۆتە پێشمەرگە، شەرەفی پێشمەرگایەتی خۆی هەڵبژاردووە، نابێ بڵێ من بوومەتە پێشمەرگە و ئەبێ لە بوارە عیلمیەکەش بۆم حیساب بکرێ بەڕاستی، یەعنی کاکە ئەوە لە مستەوای عیلمی دادەبەزێنێ ئەوە، بەهەرحاڵ دوای خۆتان قرار لەسەر

مەسەلەكان بدەن، بەلاّم نابێ مەسەلەی عیلم تێكەلاّوی هەندێك مەسائیلی پێشمەرگایەتی و مەسائیلی تری وەكو زیندان و ئەو شتانە بكرێت بەڕاستی، بۆ خانەنشینی قەیناكە، بەلاّم بۆ عیلمی ئەبێ دەرەجە عیلمیەكەشی پێ بدرێ ئەوە (10) ساڵ پێشمەرگە بووە، نازانم ئەوە لە ڕووی عیلمیەوە چۆن تەعامولی بكەین بەڕاستی، خانەنشینیەكەی بدەنێ قەیناكە، بەلاّم بۆ تەرقیە عیلمیەكە نابێ ئاخر، فەرموو سۆزان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەمان وتووە بۆ تەرقیە، زۆر بە ڕوون و ئاشكرا وتوومانە ڕاژەی خزمەتی ئەم كەسانە لە دەرەوەی وەزارەتی خوێندنی بالاّ بە ڕاژەی زانكۆیی هەژمار دەكرێ بە مەبەستی خانەنشینی، زۆر واضحە، یەعنی نەمانوتووە لە ڕێگەی عیلمەوە ئێمە بتوانین یان لە ڕووی زانستیەوە ئێمە هینی بكەین، نەخێر، تەنها بۆ مەبەستی خانەنشینی وتوومانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز /سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو ڕۆژان خان.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە پشتگیری لە ماددەكە ئەكەین، بەلاّم بە شێوەیەك دا بڕێژرێتەوە كە ڕەچاوی تێبینی ئەو ئەندامانە بكرێت، كە ڕوون بكرێتەوە بۆ چ مەبەستێك هەژمار كردنی ئەو سالاّنەی خزمەت بكرێتن، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز /سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو د. ئاراس.

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دوای ئەو ڕوون كردنەوانە ئێمەش پشتگیری لە دەقی ئەو ماددەیە ئەكەین، و ئەو كێشەیە چەند جارێكیش ڕوو بە ڕووی ئێمە بۆتەوە، و ئەتوانم بڵێم لە 30٪ بۆ 40٪ مامۆستایانی زانكۆكانی هەرێمی كوردستان ئەو كێشەیان هەیە، بەس نازانم لێرە لە ڕووی یاساییەوە ئەكرێ ئەو ماددەیە لەم پرۆژە یاسایە جێگای بكرێتەوە؟ یان ڕاوەستین تا یاسای تەعلیمی عالی ئەوەی بەغدا دەرئەچێت و ئێمە ئینفازی بكەین، ئەگەر هاتو ئێمە ئەوەمان ئینفاز كرد، ئێمە لەو كێشەیە نەجاتمان ئەبێت، ئەو دوو مەوزوعە تێكەلاّو ناكرێت، بەلاّم ئەوەی كە باسیان كرد، چ بە هەموار كردن بێت لە یاسای خوێندنی بالاّ، چ بە ئینفاز كردنی یاسای خوێندنی بالاّی عێراق بێت، كە دەرئەچێت و زۆرجاریش ئێمە ئینفازی ئەكەین، ئەبێ ئەو كێشەیە چارسەر بكرێن كێشەیەكە وەكو وتم لە 30٪ بۆ لە 40٪ ی مامۆستایانی هەرێمی كوردستان تووشیان بووە، و لەكاتی تەقاعود بووندا بە پێی قانونی جامیعی تەقاعودی تەقاعود نابن، و سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز /سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز د.علی سعید محمد:وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە هەڵگرانی بڕوانامەی دکتۆرا و ماجستێر، کە پێشتر لەسەر میلاکی زانکۆی سلێمانی و صەلاحەدین بوون، و لەکاتی ڕژێمدا گواستراوەنەتەوە بۆ زانکۆکانی عێراق، یان دامودەزگاکانی عێراق، لە دەرەوەی وەزارەتی خوێندنی باڵا، ئێمە پشتگیری لەوە دەکەین ئەو ڕاژەیان بۆ هەژمار کرێ، ڕاژەی خزمەتی زانکۆیی، بۆ نموونە (30) خانەنشینی، بەڵام ئەو بەڕێزانەی لە زانکۆکانی دەرەوەی عێراق خزمەتیان کردووە، ئێمە دەڵێین بۆیان هەژمار بکرێت بە مەبەستی بەرز کردنەووەی پلەی زانستی نەك خانەنشینی، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

ماددەی چوارەم:

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەلایەن لیژنەی پەروەردە پێشنیاری ماددە کرایە بە ڕیزبەندی ماددەی چوارەم.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوەی لە نەصی ماددەکە ئەو ماددەیە نیە، ئەوەی ڕاپۆرتەکە دەخوێنمەوە:

ماددەی چوارەم:

(مامۆستایانی سەر میلاکی وەزارەتی پەروەردە کە هەڵگری ماستەر و دکتۆران هەمان ماف و جیاوگی ماددیان دەبێت کە هاوشێوەکانیان لە وەزارەتی خوێنددنی باڵا و توێژینەوەی زانستی هەیانە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز /سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە ماددەکە دەکەین و هیچ تێبینیەکمان نیە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز /سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی-وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە ماددەکە ئەکەین لە چوارچێوەیەکی یاسایی کە لەگەڵ ڕێنمایەکانی خوێندنی باڵا دا بگونجێ.

**بەڕێز د.ارسلان بایز- سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە؟ (هاوڕاز خۆشناو، صباح بەرزنجی، احمد وەرتی، سەروەر عبدالرحمن، جمال طاهر، شلێر محی الدین، بشیر خلیل، پەیمان عبدالکریم، ڕێباز فتاح، تارا ئەسعەدی، لانە احمد)

**هاوڕاز شێخ احمد حمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئێمە پێشتر باسمان لەوە کرد جگە لە وەزارەتی خوێندنی باڵا هەموو ئەوانەی تر بگرێتەوە، ئەو مامۆستایانە، یان ئەو پلە ماستێر و زانکۆیانەی کە لە دەرەوەی خوێندنی باڵان، باسەکە وابوو، ئێستا ئەو ماددەی چوار تایبەت کرا بە وەزارەتی پەروەردە، لە ڕاستی دا هەمان پلەش کە تەدریسیش دەکەن لە وەزارەتی ئەوقاف هەیە، لە وەزارەتی تەندروستیش هەیە، لە وەزارەتەکانی تریش لەوانەیە هەبێت، لە وەزارەتی ناوخۆش لەوانەیە هەبێت، لەبەر ئەوە ئەمە تایبەت نەکرێ بە وەزارەتی پەروەردە، لەبەر ئەوە ئەم پلەو ئیمتیازاتانە با تایبەت نەکرێ بە وەزارەتی پەروەردە، کە تا ئێستاش خوێندنی باڵا ئەم پلانەی هەیە، دواتر ئێستا ئەگەر بمانەوێ شتێك بکەین یەعنی هەمان کێشەمان جارێکی تر دروست کردووە، وەزارەت بە وەزارەت ئێمە ئیشی بۆ ئەکەین، بەڕاستی هەموو ئەو پلانەی کە لە دەرەوەی وەزارەتی خوێندنی باڵان پێویستە بیانگرێتەوە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل / سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك صباح فەرموو.

**بەڕێزد.صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا یەکێك لە ئامانجەکانی ئەم پڕۆژە یاسایە ئەوەیە کە ڕێز لە وانە بێژان بگیرێ ئەوانەی کەهەڵگری بڕوانامەی ماجستێر و دکتۆران لەهەر وەزارەتێك بێ، بەڵێ وەزارەتی پەروەردە زیاتر لە وەزارەتەکانی تر دوای وەزارەتی خوێندنی باڵا پێویستی بەوە هەیە کە ئاوڕیان لێ بدرێتەوە، بەڵام لە وەزارەتی ئەوقاف، وەزارەتی تەندروستی، وەزارەتی ناوخۆ، یان وەزارەتەکانی دیکەش مومکینە کەسانێك هەبن بەهەمان مواسەفات وشایەستەی ئەوەیان هەبێ کە هەم پلەی زانستی، هەم ماف و ئیمتیازاتی شەهادەکانیان وەربگرن، بۆیە من پشتگیری لەوە دەکەم حەصر نەبێ لەوەزارەتی پەروەردە، وەزارەتی پەروەردە بە دەرەجەی یەکەم دەگەرێتەوە، چونکە قەدری موتەیەقەنە لەمەوزوعەکە، بەڵام وەزارەتەکانی

دیکەش دوایی داوا دەکەن لێمان هەمان حقوق و ئیمتیازاتی هەبێ وەکو لەشەهادەکانیاندا نووسراوە، ئەمەش تەئکیدی ئەوە دەکا (قم للمعلم وفیه تبجیلا - كاد المعلم ان یكون رسولا)، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل / سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك احمد فەرموو.

**بەڕێز د. احمد ابراهیم علی (وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتیوانی لە ڕای هەردوو هاوکارانم د. صباح و هاوراز خان دەکەم، کە ئەو ماددەیە تایبەت نەکرێ تەنها بە مامۆستایانی سەر میلاکی وەزارەتی پەروەردە، چونکە دوێنێ جەنابی وەزیر هەرخۆشی ئاماژەی دا کە ئێستا داواکاری وەزارەتی پەروەردەو وەزارەتی ئەوقافیان لایە کە داوای ئەوە دەکەن کە ئەو ماف و ئیمتیازانە بەهەمان شێوەی هاوشێوەکانیان لەوەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی بەوانیش بدرێ، بۆیە بەڕاستی من پێم باشە ماددەکە بەم شێوەیە بی مامۆستایانی سەر بە میلاکی وەزارەتی پەروەردە و وەزارەتەکانی تر کە هەڵگری ماجستێر و دکتۆران هەمان ماف و جیاوکی مادیان هەبێت کە هاوشێوەکانیان لەوەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی هەیانە، چونکە ئێستا بە فیعلی وەزارەتی پەروەردە وە بەتایبەتی وەزارەتی ئەوقاف مامۆستایان هەیە، یەعنی هەڵگری بڕوانامەی ماجستێر و دکتۆران دەرس دەڵێنەوە، ئیتر بۆچی ئێمە لەو مافانە بێ بەشیان بکەین؟ داوا دەکەم ئەوانیش بخرێنە ناو ماددەکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل / سەرۆکی پەرلەمان:**

د. سەروەر فەرموو.

**بەڕێز د. سەروەر عبدالرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری تەواوی ئەو ماددەیە دەکەم کەوا بەڕاستی ماددەیەکی تایبەت بۆ مامۆستایانی سەر بەوەزارەتی پەروەردە هەبێت، لەبەر ئەم هۆکارانە:

یەك/ ئێمە دوو ڕۆژە گفتوگۆی ئەم پڕۆژە یاسایە دەکەین، بیانووی ڕەت کردنەوە ئەوەیە کە دەڵێن ڕەت بکرێتەوە تەنها یەك شتە ئەویش مەسەلەی حیسابکردنی پلەی زانستییە، چونکە ئەوانە لە چەمکی تەدریس نین، بەڵام خۆ مامۆستایانی وەزارەتی پەروەردە ئەم مەرجەشیان تێدایە، دەرس دەڵێنەوە، بەحس پێشکەش دەکەن، خزمەت دەکەن، تەدریس ئەمە خاڵێکیان، واتەجیان لەهەموو ئەوانی تر.

خاڵی دوو/ بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئێمە بەیاسا پێشتر بەیاسایەك لەو پەرلەمانە دەرچووە ئەوانە ئەو مافەیان پێدراوە، زەحمەت نەبێ من دوێنێش ئەو پرسیارەم کرد لە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان و لە جەنابی وەزیر و لە پەرلەمانتاران کەس نەبوو وەڵامم بداتەوە، ئەم یاسایە کە پێشکەش دەکرێ لەو پەرلەمانە

دەرچووە هۆكارەكەی چییە جێ بەجێ ناكرێ؟ من لە بەڕێزت دەپرسم، ئەوەتا لەیاسای ژمارە (17)ی ساڵی 2000 دا كەیاسای وەزارەتی پەروەردەیە بە دەقی سەریح لەماددەی چوارەم دا هاتووە دەڵێ هەلگرانی بڕوانامەی ماجستێر و دكتۆرا ئەوانەی لە مەسلەكی تەدریس لەسەر میلاكی وەزارەتی پەروەردە كار دەكەن، هەمان ماف و ئیمتیازاتێكی هاوشانەكانی خۆیان دەبێ كە لە زانكۆكان دا هەن، بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان ئەمە لێرە یاسایە، لەوێشدا هاتووە جێ بەجێ ناكرێ، ئێمە كە هاتووین یاسایەك دەردەكەین لەو جۆرە من پشتگیری تەواوی هەروەكو ئەوەی پێشتریش بۆ جێ بەجێكردنی یاسا ماددەی تایبەتمان لەناو یاسادا دانابوو، ئەگەر بیانوو ئەوە بێت جەنابی وەزیر وەڵامم بداتەوە بڵێ ئێمە هەموو ئیمتیازاتێكی مادی و بابەتی تریان پێدەدەین، بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان ئەم قسەیە قسەی وەزیری دارایی دەبێ پێمان بڵێ ئیمتیازتی مادی بەو كەسانە دەدەم لە دەرەوەی وەزارەتی خوێندنی باڵا دان، ئەم قسەیە قسەی سەرۆكی حكومەت بێت، من پرسیار دەكەم چۆن بەڕێز وەزیری خوێندنی باڵا چ ئیمتیازێكی ماددی دی دەدات بە مامۆستایەك كە لەدەرەوەی وەزارەتەكەی خۆیەتی؟ یەك شت هەیە ئەو پێیبدا تەنها پلەی زانستییە، كە لە دەستەڵاتی ئەو دایە ئەو دەتوانێ پێیبدا ئەویش بە پێی یاسا، واتە لێرەدا من لەگەڵ ئەوەدام بەپێی ئەو یاسایەی كە هەیە وە جگە لەمە بەهەمان شێوە زۆرترین ژمارەی مامۆستا كە لە (1000) تێدەپەڕێ ئێستا هەزار و چەند مامۆستایە لە وەزارەتی خوێندنی باڵادا وە لەهەمان كات دواقسەم لەماددەی (27)ی دوا یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵای ناوەندی حكومەتی فیدراڵیش دا هاتووەكە یاسای ژمارە (22)ی ساڵی 2011 بە هەمان شێوە بەدەقی سەریح هەمان دان پێدانەدراوی هەیە، هەمان ماف و ئیمتیازاتە، ماف و ئیمتیازاتیش تەنها لە ماددی دا خۆی نابینێتەوە، مەعنەویشی تێدایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل / سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك جمال فەرموو.

**بەڕێز جمال طاهر ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەگەر بێت و سەیری عینوانی پڕۆژە بكەین یان ناونیشانی پڕۆژە، ئەمن وا دەبینم هێنانی ئەم ماددەیە شتێكی زیادە، ئیبداعی نییە، چونكە ئەم قانونە ئەوانە دەگرێتەوە لەخاریجی تەعلیم عالی ئیش دەكەن، بۆیە دەبینم ئەو ماددە پێویستە لابدرێت، هەر داعی نەكرێت، نابێ ئێمە خسوسیەت بەشوێنێك بدەین، چونكە ئێمە ئەگەر بێت و لەقەبی عیلمی بدەین راستە شەهادە هەیە، لەقەبی عیلمی هەیە، شەهادە موخەسەساتی خۆی هەیە، تەعامولی خۆی هەیە، لەقەبی عیلمیش تەعامولی خۆی هەیە، ئەگەر هاتو خاوەنی شەهادە بوو، لەقەبی عیلمیمان دایێ( ئۆلرێدی ئاند دایرێكترێ) هەر ئیمتیازێكی ماددی بێ پاش پێدانی لەقەب ئەو ئیمتیازاتە ماددیانە وەردەگرن بۆ نموونە ئەتۆ مامۆستای یاریدەدەر بی، ئەگەر بێی مەحازەرە بڵێی ئەجری وانە، كرێی وانە گۆتن ئەوەندەیە، ئەگەر مامۆستا بی، ئەوەندەیە، ئەگەر مامۆستای یاریدەدەر بی، ئەوەندەیە، ئەگەر لەماجستێر تەدریس بكەی بەشێوەیەكی ترە، بۆیە ئەمن

نـابینم لێـره خسوسـیەك بـدەن بـە وەزارەتـی پـەروەردە، وەزارەتـەكانی تـر ئیهمـال بكـات، چـونكە ئەصـڵی قانونەكە خاریجی تەعلیم عالییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل / سەرۆكی پەرلەمان:**

شلێر خان فەرموو.

**بەڕێز شلێر محی الدین صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من بە تەواوی پشتگیری ئەو ماددەیە دەكەم، ماددەی چوارەم مامۆستایانی سەر میلاكی وەزارەتی پەروەردە، چونكە ئێمە هەردەم هەوڵمان داوە پرۆسەی پەروەردە بە پێش بێخین، یەك لە هۆكارەكـانی پـێش كـەوتنی پرۆسەی پەروەردە ئەوەیە بوونی مامۆستای بەتوانا و كارا، خاوەن بڕوانامەی بەرز، ئەو مامۆسـتایانەی كـە لەسەر میلاكی وەزارەتی پەروەردەن بڕوانامەی دكتۆرایـان هەیـە، بـە فیعلـی ممارەسـەی تـەدریس دەكـەن، موهیم ممارەسەی تەدریس دەكەن، ئەگەر لەوەزارەتی تەعلیم عالی یان لە پەروەردە ممارەسەی میهنەكە دەكەن، بەفیعلی دەبنە هۆی پێشكەوتنی پرۆسەی پەروەردە، ئەوە مافەكی ڕەوای خۆیانە بەبێ ئەوەی هیچ ئەو مافە وەربگرن، هەروەها ئەوە مانای ئەوە نییە ئەو ماددەیە ئەوانەی كە لەوەزارەتەكانی ترن و خـاوەن بڕوانامە ئەوان بێ بەش دەبن، ئەوانیش مەسەلەن لـە وەزارەتـی پیشەسـازی فەرمانبـەرێك هەیـە، خـاوەنی بڕوانامەی دكتۆرایە، چەندەها توێژینەوە و داهێنانی هەیە لەپسپۆڕیەكەی خۆی، ئەو داهێنانەی بۆتە هۆی ئـەوەی وەزارەتەكـەی خـۆی بـە پـێش بێخـی ئـەوە ببێتـە پێوەرێـك بـۆی كـەوا بتـوانێ لەقـەبی عیلمـیش وەربگرێ، هەموو ماف و ئیمتیازیش وەربگرێ، بەڵام هەندێك هەنە مەسەلەن مودیر عامە، دكتۆرای هەیـە لـە فیزیـا، بـەڵام ئیشـی كـارگێڕی دەكـا، ئـەوە دەبـێ ئـیلا ئـەویش توێژینەوەیـەكی هـەبێ كـە ئـەو هـیچ لەپسپۆڕیەكەی خۆی هیچ توێژینەوەیەكی نەبێ یان هیچ پەیوەندی بەو دائیرەیە نەبێ كە ئەو دكتۆرایـەی هەیە و سوودێكی لێ وەربگیرێ، بۆیە دەبێ پێوەرێك هەبێ بۆ ئەوانە، یەعنی جیاوازیەك هەبێ ئەو پێوەرە چۆن ئەو لەقەبەی پێبدرێ؟، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل / سەرۆكی پەرلەمان:**

د.بشیر فەرموو.

**بەڕێز د. بشیر خلیل توفیق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەگەر تەماشای ئەو ماددەیە بكەین مەفهومی ئەو ماددەیە لە مەنتوقی ماددەی یـەك و دوو دا هەیـە، بۆیـە پێویست ناكا وەزارەتێك بەتەنیا جیا بكرێتەوە لەوانی دیكە، چونكە ئەوەی لە وەزارەتـی پـەروەردە ئـەنجام دەدرێ لەوانە وتنەوە لە وەزارەتەكانی دیكە هەیە، وەكو هاوكـارانم فـەرموویان لـەوەزارەتی ئـەوقاف هەیـە، لەوەزارەتی كاروباری كۆمەڵایەتی هەیە، لەوەزارەتەكانی دیكە دا هەیە، بۆیە ئەو ئیمتیازاتانەی كەوا دەدرێ

بە وانەی کە لە خاریجی وەزارەتی خوێندنی باڵان چ لە پەروەردە چ لە ئەوقافیش هەیە بیانگرێتەوە، بەتایبەت کە ئێمە سیستەمێکمان هەیە، سیستەمی وانە وتنەوە لە پەیمانگا زانستییەکان، ئەم سیستەمە لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەرچووە، مافی بەوان داوە کەوا ئەو مامۆستایانەی کەوا لە پەیمانگاکانی وەزارەتی ئەوقاف دەرس دەڵێنەوە هەمان ماف و ئیمتیازاتی مامۆستایەکانی وەزارەتی پەروەردەیان هەبێ، ئەگەر مامۆستایانی وەزارەتی پەروەردە هەمان مافیان هەبێ کەواتە ئەمانەش دیسان هەمان مافیان دەبێ، بۆیە داوا دەکەین یان ئەو ماددەیە لەگەڵ ماددەی یەکەم تێکەڵ بکرێ یان ئەگەر مایەوە ئەوانی دیکە لە وەزارەتی ئەوقاف دان ئەوانیش شمول بکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل / سەرۆکی پەرلەمان:**

پەیمتن خان فەرمووم.

**بەڕێز پەیمان عبدالکریم عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێڕای پشتگیری کردنی تەواوم بۆ ئەو ماددەیە، بەڵام پیشەی مامۆستایی تەنها، ئێمە بەر لەئێستا باسی ئەوەمان کرد کە هەموو هەڵگرانی بڕوانامە دەبێ ئەو مافانەیان پێبدرێ، سەر بەچ وەزارەتێك بن لەچ وەزارەتێك ئیش بکەن؟ بەڵام ئەگەر بێینە سەر پیشەی مامۆستایەتی تەنها ئەوە مەحسور نییە پیشەی مامۆستایی لەسەر وەزارەتی پەروەردە، چونکە ئێمە کۆمەڵێ قوتابخانە و پەیمانگامان هەیە، لە هەر یەك لەوەزارەتەکانی کاروباری کۆمەڵایەتی، ئەوقاف و کاروباری ئاینی، هەروەها وەزارەتی تەندروستی لێرە وەزارەتی ناوخۆ لەوانەیە لە داهاتوو دا پەیمانگا و قوتابخانەی تریشمان لە وەزارەتەکانی دیکە هەبێتن بەگوێرەی ئەو پسپۆریانەی کە هەرێمی کوردستان پێویستی دەبێ، بۆیە هەر یەك لە هەڵگری ئەو بڕوانامانە لە هەر وەزارەتێك ئەو کارانە ئەنجام بدەن، مافی خۆیانە کە ئەو مافانەیان بۆ دابین بکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل / سەرۆکی پەرلەمان:**

د. ڕێباز فەرمووم.

**بەڕێز ڕێباز فتاح محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم وایە ئەم ماددەیە تەنها تایبەتە بە ماف و ئیمتیازاتی مادیەوە، چونکە ئەگەر مەسەلەکە بەرز کردنەوەی پلەی زانستی و عیلمییەکە بێ پێشتر لەسەر بنەمای پێشنیارەکەی وەزیری خوێندنی باڵا ڕێککەوتین، لەسەر ئەوەی کە سیستەمێکی دیکە دروست بکەین، ئەو کێشەیە چارەسەر بکەین، بەڵام سەبارەت بە ماف و ئیمتیازات من پێم وانییە وەزارەتی پەروەردە لەوەزارەتێکی تر موهیم تر بێت تا ئێمە ئەو ئیمتیازاتانە بەوە بدەین، بەڵام بە وەزارەتێکی تری نەدەین، تەسەوڕ دەکەم مۆدێلەك لەناو پەرلەمان داهاتووە من لە لیژنەی تەندروستیم لەبەر ئەوەی کە خۆم دکتۆرم پڕۆژەیەك تەقدیم دەکەم لەبەر

بەرژەوەندی دکتۆرەکان، لەبەر ئەوەی یەکێکی تر مامۆستایە لەبەر مامۆستاکان، بەڵام ئەوە ئەبێ بەکۆی سیستەمەکە ئەگەر کێشەمان لەوەزارەتێك هەیە، ئەزمەمان لە شوێنێك دا هەیە، ئەمانەوێ ئەو ئەزمەیە چارەسەر بکەین، ئەوە کێشە نییە ئێمە ئیهتیمام بەو لایەنانە بدەین، بەڵام ئێمە کەممان نییە لە پۆلیس و ئاسایش دێین یاسایەك پێشکەش دەکەین بۆ ئەوەی ئیمتیازێکی زیاتری پێبدەین، کەممان نییە لەمامۆستا، خۆ ئێمە ئەزمەی مامۆستامان نییە تاوەکو ئێستا ئەم ئیمتیازاتە بە وەزارەتی تەربییە بدەین بە وەزارەتەکی دیکەی نەدەین، بەدەر لەوەش تەنها جەخت کردنەوە لە ماجستێر و دکتۆرا بۆ؟ خۆ تەنها ئەوە ماجستێر و دکتۆرا نییە کە غەدری لێکراوە لەوەزارەتی خوێندنی باڵا ئیمتیازێکی زیاتری هەیە و شوێنێکی تری نییە، بەکالۆریۆسێکیش وایە، من بە کالۆریۆسێکەم، دکتۆرم ئەگەر لەسەر وەزارەتی تەندروستی بم لە 45٪ شەهادە وەردەگرم، ئەگەر لەسەر وەزارەتی خوێندنی باڵا بم لە 200٪ وەردەگرم، خۆ بەکالۆریۆسەکەش غەدری لێکراوە، یەعنی بۆچی تەنیا ئەمە حەصری بکەین لەوەی ئەگەر ماجستێر و دکتۆرا بێ ئیمتیازاتی هەیە لە خوێندنی باڵا بەهەمان شێوە ئەبێ لە وەزارەتێکی تریش هەیبێ، بەڵام بەکالۆریۆسەکە نەیبێ؟ ئەگەر ئەمانەوێ چارەسەری بکەین دەبێ کۆی سیستەمەکە چارەسەربکەین نەك تەنها لەبەر ئەوەی تەنها کێشەی یەك شوێن هاتۆتە لای ئێمە بەس بیر لەچارەسەری ئەوە بکەینەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل / سەرۆکی پەرلەمان:**

تارا خان فەرموو.

**بەڕێز تارا تحسین یاسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی ئەم هەڵگری شەهادەی ماجستێر و دکتۆرا لە زۆر وڵاتان هەیە، ئەچێ لە سەرەتایی دەس دەڵێتەوە یان لە ناوەندی دەرس دەڵێتەوە موهیم شەهادەکەی وەرگرتووە و خزمەتەکەی بەشەهادەکەی دەکا، تەدریس زۆر فەرقی هەیە لەگەڵ شوێنی تر، لە هەر شوێنێکی تر ئەبێت ئەوە شتێکە وەکو ئیمتیازات وەکو تەدریس ماندووبوونی مامۆستایەکی زانکۆ یان مامۆستایەك لەهەر شوێنێك زۆر جیاوازە، لەبەر ئەوە بوونی ئەو فەقەرەیە و باسکردنی من نازانم لە ساڵی 2000 وەکو کاك سەروەر فەرمووی ئەمە وارید بوو، ئەصڵەن ئیمتیازاتەکان مەوجودە لە پەروەردە، نازانم بۆ لێرە دیسان باسکرایتەوە کە لە پەروەردە هەمان ئیمتیازاتی هەیە؟ من خۆم دیسانەوە دوێنێش وتمەوە سێ بڕوانامەم هەبووە لە ناوەندیش دەرسم گۆتیتەوە هەمان ئیمتیازاتی خوێندنی باڵام وەرگرتووە، من نازانم ئێستا ئەگەر گۆڕنکارییەك بووە و وەستاندراوە لەشارێك وەستێندراوە بۆنموونە لەسلێمانی وەستێندراوە لە هەولێر نەوەستاوە لەوانەیە، حەز دەکەم دکتۆر بۆمان روون بکاتەوە، ئەگەر وەستاوە، لەوەزارەتی پەروەردە یان لە هەرشوێنێك لەدەرەوەی خوێندنی باڵا ئیمتیازاتی ئەوانەی هەڵگری شەهادەکە با بگەڕێتەوە، خاڵە گرینگەکە ئەوەیە ئێمە دەمانەوێ لەم سێیەم خاڵە تەئکیدی لەسەر بکەینەوە، لەوەڵامی جەنابی وەزیر دەرئەکەوێ، چونکە

ئەوەی دەیزانم مەوجودە ئیمتیازات هەیە، چونکە تۆ کە شەهادەکەت وەردەگری لەگەڵتە ئیمتیازاتەکە لەهەر شوێنێ بێ، شەرت نییە تەنها لە خوێندنی باڵا بێ، حەزیش دەکەم ئاخر خاڵ هیچ وڵاتێك لەگەڵ وڵاتەکەی تر موقارەنە ناکرێ بەتایبەتی خوێندنی باڵا ئێمە دەزانین لە شوێنێکی وەکو ئەمەریکا لە هەر شوێنێك ئەصڵەن لەهەر شار و ولایەتێك شتێکی تایبەتی خۆی هەیە، کوردستانیش وەکو شوێنێك تایبەت مەندی خۆمان هەیە، با ئێمە بەو سیستەمە نوێیەی کە لێرە دا باسکرا ئەو شتانەی کە پێشێلکراوە بتوانین دەستە بەری بکەین لەروویەکی یاساییەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل / سەرۆکی پەرلەمان:**

لانا خان فەرموو.

**بەڕێز لانا احمد چەلەبی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبیعی ئەمن بەنیسبەت ئەو ماددەیە پشتگیری دەکەم، بەس لێرە پرسیارەکم هەیە لە بەڕێز وەزیری خوێندنی باڵا دەپرسم، پرسیارەکەشم ئەوەیە بەنیسبەت مامۆستای زانکۆ یەعنی تەفەروغی عیلمی هەیە، مامۆستای زانکۆی مولزەم دەکرێ لەبەیانی دەوام بکاتن هەتا چوار و پێنجی ئێوارێ تەفەروغ عیلمی هەیە، یەعنی ئەمن لێرە بەس دەمەوێ بزانم ئەمن لەگەڵ ئەوەیمە تەبیعی بەنیسبەت وەزارەتی پەروەردەی بەس شمولی وەزارەتی پەروەردەی نەکا، هەموو وەزارەتەکان ئەوەی کە شەهادەی ماجستێر و دکتۆرای هەیە حەقی خۆیتی یەعنی هەموو حقوقی مادی و ئیمتیازاتی هەبێ وەکی مامۆستای وەکی ئەو شەخسەی کە ماجستێر و دکتۆرای هەیە بەس لەجامیعەی کە تەدریسی دەڵێ، بەس ئەمن لێرە دەمەوێ عەدالەتەکەی بزانم بەنیسبەت مامۆستای جامیعەی تەفەروغ عیلمی هەیە، لۆیە ڕاتبەکەشی کە بەدەبڵ لۆ حیساب دەکرێ، لەبەیانی هەتا سەعات پێنجی ئێوارێ دەبێ دەوام بکا، بەس کە ئەمن مەسەلەن بۆ نموونە شەهادەی ماجستێرم هەیە، دکتۆرام هەیە لە تەربییەی دەرسی دەڵێمەوە، دەچم لە سەعات (8)ی هەتا (12:30) نیوەڕۆ دەوام دەکەم، یەعنی پرسیارەکەم ئەوەیە لە بەڕێز وەزیری (تعلیم العالی) بە چ شێوەیەك ئەو عەدالەتە تەتبیق دەبێتن، تا ئەو ماف و ئیمتیازاتانە بیانگرێتەوە؟، بەس کو لێرە دا تەعامولی لەگەڵ دەکرێت؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز /سەرۆکی پەرلەمان:**

وەڵڵاهی ئێمە داوا دەکەین لە لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵا، بە ماددە (44)ی یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا دا بچنەوە و، هەروەها ئەو هەموارکردنەی کە لە وەزارەتی پەروەردە کراوە دواین هەموار کردنە بەوەش دابچنەوە دوایی، لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا ئەگەر تێبینیەکتان هەبێت؟ نەك وەڵام دانەوە، فەرموو.

**بەڕێز د. عمر حمدامین خدر (نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕوونکردنەوەمان هەیە بۆئەوەی زیاتر تیشك بخەینە سەر ماددەکە، کە بۆ ئەوە بەو شێوەیە هاتووە، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئێستا لە چوارچێوەی وەزارەتی پەروەردەدا بە سەدان مامۆستا هەیە هەڵگری بڕوانامەی ماستەر و دکتۆران، بەتایبەتی ماستەر لەوانەی کە ئەم چەند ساڵەش نێردراون بە سەدان ئێستا لە دەرەوە دەخوێنن، ئەمانە لە مەسەلەی پێدانی حقوق و ئیمتیازاتی ماددی گرفتیان هەیە، بەشێکیان مەسەلەن حیساب کراوە دەرماڵەی بڕوانامەیان پێدراوە و، لەقەبی عیلمیشیان پێدراوە، بەڵام ئێستا پێیان نادرێت، نەك پێیان نادرێت، ئێستا بەشێکیان داواکاریمان لە لایە ئەو دەرماڵەی کە پێیان داون یان ئەو حەقە ماددیەی کە پێیان داون ئێستا لێیان دەستێننەوە، ئەمە بەڕاستی ئیشکالیەتێکە بۆ ئەوان لە حاڵەتێکدا دەبینی ئەگەر مامۆستایەك لە زمنی وەزارەتی پەروەردە، ئەگەر ماستەر دەهێنێت، دکتۆرا دەهێنێت، ئەگەر ئەو حقوق و ئیمتیازاتە ماددیەی هەبێت تەشجیع دەبێت، بۆئەوەی لە وەزارەتی پەروەردە بمینێتەوە، لە یەکێك لە قوتابخانەکان خزمەت بکات، لە ئاییندەش دا هەڵگری ئەو بڕوانامانە لە وەزارەتی پەروەردە زۆر ببێت تەئسیری لەسەر ئیشکالیەتی چارەسەرکردنی گرفتی ئەوەی کە پێی دەوترێت میحوەری مامۆستا لەناو سیستەمی پەروەردە دا هەیە، تا ئەم هەڵگری بڕوانامانە زۆر بن، ئێمە هەوڵ دەدەین کە گرفتی مامۆستامان کەمتر بێتەوە لە ڕووی نەوعیەتەوە مەبەستم ئەوەیە، بۆیە جەخت زیاتر لەسەر مەسەلەن وەزارەتی پەروەردە کراوە، بەڵام لەڕاستیشدا ئەگەر بڕوانامەی تر هەبێت، خاوەن بڕوانامەی تر هەبێت، مامۆستا بێت، مومارسەی میهنەی مامۆستایەتی بکات، لە چوارچێوەی وەزارەتەکانی تردا، ئەوە پێویستە ئەوانیش مەحروم نەبن و جارێکی تر ئێمە بە ماددەکە دا دەچینەوەو، پێویستی بەوە هەیە لەژێر ڕۆشنایی ئەو تێبینیانەی کە هەن سەر لەبەری قانونەکە سیاغە بکرێتەوەو، بەشێوەیەك دابڕێژرێتەوە کە ئامانجەکانی تەحدید بکات.

**بەڕێز د.ارسلان بایز /سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئیزافەتەن بۆ قسەکانی بەڕێز دکتۆر عمر نورەدینی، زیاتر لە (120) مامۆستا لە چەمچەماڵ لەماوەی پێشوودا، کە سەردانیان کردووین نوێنەرایەتیەکەیان، هەتاوەکو ئەمساڵ ئەو دەرماڵەیان وەرگرتووە، بە یەك تەعلیمات هاتووەتە سەریان دەڵێت دەبێت کۆی دەرماڵەکان هەر ئەو مانگەش بیدەنەوە پارەکەی، یەعنی ئەوەندە تەعجیزی دەبێت، باشە ئەی ئەوانی تر کە وەریانگرتووە قسمێکیان بەڵێ بەردەوام دەبن، بەڵام قسمێکیان وەکو چۆن بێیت دەستە بژێری بکەیت، ئێوە ئەوەی لە ساڵی ئەوەندەوە ئەو دەرماڵەیە وەردەگرن لە ساڵی (2011)وەیە یان لە (2010)وەیە، ئێوە مەشموول نابن هی ئەوانیان هەڵوەشاندووەتەوە و، پێیان وتوون هەر ئێستا دەبێت پارەکەی بە کاملی بدەنەوە، ئێمە ئیشکالمان لەوە دا هەیە چ ئەو تەعلیماتانەی دەردەچێت ئیستیناد ناکات بۆ سەر نەصی یاساکە، بۆیە کە جەنابتان باس لەوە

دەكەن تەئكيد بكەنەوە بزەبت لە ماددەی چوارەمی ئەو تەعديلاتەی كە هاتووە بۆ ياسای وەزارەتی پەروەردە ژمارە (17)ی ساڵی (2000)، لە سێيەم دا هاتووە دەڵێت هەڵگرانی بڕوانامەی ماجستێر و دكتۆرا ئەوانەی لە سلكی تەدريس لەسەر ميلاكی وەزارەتی پەروەردە كاردەكەن، هەموو ماف و ئيمتيازاتێكی هاوشانەكانی خۆيان هەيە كە لە زانكۆكان كاردەكەن، ئەوە هەيە بە نەصی ياسايی، بەڵام نەصی ياساييەكە بە تەعليماتێك بۆ قسمێك جێبەجێ كراوەو تازە ڕۆيشتووە، بۆ قسمێكيش ئەمساڵ لەساڵی (2012)يە ئيلغا كراوەتەوە، هەموو پارەكەشيان لێداوە كردوونەتەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بايز /سەرۆكی پەرلەمان:**

ئاخر، بەڵام تەعليمات قانون چۆن لەغو دەكات؟ ئاخر نابێت، دەبێت ئێوە، كە ئێوە لە ليژنەی تەعليم عالی و پەروەردە بن دەبێت بەدواداچوونی بۆ بكەن و قبوڵی نەكەن، چۆن تەعليمات قانون لەغو دەكات، ناكرێت؟ ليژنەی ياسايی فەرموو.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەيی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هيچ تێبينيەكمان لەسەر ماددەكە نيە.

**بەڕێز د.ارسلان بايز /سەرۆكی پەرلەمان:**

ليژنەی دارايی فەرموو.

**بەڕێز د. ئاراس حسين محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە ڕاستيدا چەند بيروبۆچوونێكی نوێ هاتە كايەوە، بەڕای من ئەگەر بكرێت جارێكی تر هەروەك جەنابی سەرۆكی ليژنەی خوێندنی باڵاش ئاماژەی پێدا، داڕشتنەوەی ماددەكە بەس نازانم تا چەند ياساييە لەكاتی داڕشتنەوە، ئەگەر نوێنەری تەربيەش لەوێ بێت يان بەڕێز وەزيری تەربيە لەوێ بێت، تا ئەو كێشانە ڕووبەڕووی ئەويش بێتەوە نەك هەر بەڕێز وەزيری خوێندنی باڵا بۆ سەر لەنوێ داڕشتنەوەی، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز /سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی وەزير ئەگەر تێبينيەكت هەبێت؟ فەرموو.

**بەڕێز د. علی سعيد محمد/ وەزيری خوێندنی باڵا و توێژينەوەی زانستی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من كە دەڵێم سەرجەم ماف و دەستكەوتە مادديەكانی پێ بدرێت، ئەو بەڕێزانەی هەڵگری بڕوانامەی ماستەر و دكتۆران لە دەرەوەی وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژينەوەی زانستی، من ناڵێم ئێمە پێيان بدەين، دەزانم ئەوە نە ئەركی ئێمەيەو، نە مافی ئێمەيە، ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ بڕياری سەرۆكايەتی ئەنجومەنی وەزيران و بەڕێز وەزيری دارايی، بەڵام دەڵێم ئێمە پشتگيری لەوە دەكەين، كە تەواوی ئەو ماف و دەستكەوتە ماددييانەی كەوا هەڵگری بڕوانامەی ماستەر و دكتۆران لە وەزارەتەكەمان پێيان بەخشرا،

ببەخشرێت بە هەڵگرانی ماستەرو دکتۆرا لە سەرجەم دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێم لە دەرەوەی وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی، ئێمە تەنها دەڵێین نازناوی زانستی بەشێوەیەکی تر دابڕێژرێت بۆ ئەو بەڕێزانە کە دەستەواژەکانی مامۆستای یاریدەدەر، مامۆستا، پرۆفیسۆری یاریدەدەر، پرۆفیسۆر نەگرێتەوەو، سەبارەت بە وەزارەتی پەروەردە و ئەو دەرماڵەیە کە وەستاوە ئەوە بەڕاستی ئێمە ئاگامان لێ نیە، لەبەرئەوەی ئەو بەڕێزانە لەسەر میلاکی وەزارەتی پەروەردەن، وەڵام لە وەزارەتی دارایی و وەزارەتی پەروەردەیە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز /سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی چوارەم لە ئەصڵی پڕۆژەکە، کە دەبێتە ماددەی پێنجەم:

کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیار ناکرێت، کە پێچەوانە بێت لەگەڵ حوکمەکانی ئەو یاسایە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز /سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دکتۆرە پێش ئەوە، (المادة الثالثة) کە دەبێتە (الرابعة):

یکون لوزیر التعلیم العالي من هذه الناحیة صلاحیة اصدار التعلیمات اللازمة بذلك) لە ئەصڵی پڕۆژەکە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز /سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د.رۆژان.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەزارەتی خوێندنی باڵا لەم بارەیەوە دەسەڵاتی دەرکردنی ڕێنمایی پێویستی هەیە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز /سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێوە هیچ تێبینیەکتان هەیە لەسەر ئەوە؟، لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵا فەرموو.

**بەڕێز د. عمر حمدامین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕەنگە ئێمە لەکاتی داڕشتنەوەی قانونەکە، پێمان وایە بڵێین لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتە پەیوەندیدارەکانە، کە ڕێنمایی پێویست بۆ جێبەجێ کردنی ئەم قانونە دەربکەن، بەم شێوەیە سیاغە

بكرێتەوە، لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتە پەیوەندیدارەكانە، بۆ بە ئاسان جێبەجێ كردنی ئەم یاسایە ڕێنمایی پێویست دەربكەن.

**بەڕێز د.ارسلان بایز /سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمەش پشتگیری لەوە دەكەین كە ڕێنمایی دەركرێت، بۆ ئاسانكاری جێبەجێ كردنی یاساكە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز /سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی فەرموو.

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمەش پشتگیری لێ دەكەین لە هەمان بۆچوون.

**بەڕێز د.ارسلان بایز /سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ تێبینی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە؟ تەنیا یەك كەس عظیمة خان فەرموو.

**بەڕێز عظیمة نجم الدین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوەی مایەی نیگەرانیە ئەمڕۆ لەناو پەرلەمان دا، پرۆژە یاسایەكە كە خۆی یاسا هەبێت، یاسای وەزارەتی پەروەردە كە هەموو ماف و ئیمتیازێكی دابێتە ئەو مامۆستایانەی كە بڵێن مۆڵەتی خوێندنیان هەبوو، یان ئەو ئیمتیازانەی كە دراوە پێیان و ئێستا لێیان وەردەگیرێتەوە، بە یاسا رێك خراوە یاسای وەزارەتی پەروەردە، كەچی ئێستا لە لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا و خۆشمان دەزانین كە ئەو مامۆستایانەش چەندین جار پەیوەندیان كردووە بە لیژنەی پەروەردەی پەرلەمان، بە وەزارەتی پەروەردە، بە داراییشەوە كەس گوێی لێنەگرتن و كێشەكەی چارەسەر نەكردن و، حەقی ئەوە نیە وەزیری پەروەردە كە لایەنی پەیوەندیدارە بە ڕاگرتنی ئەم یاسایەوە، یان بەجێبەجێ نەكردنی ئەو یاسایە و، هەروەها دەركردنی تەعلیماتێك بۆئەوەی كە ئەم یاسایە ڕێگری دروست بكات لەوەی كە كێشەیەك دروست بكات و، یاسایەكی تازە لە پەرلەمانە، كۆمەڵێك ئەندام پەرلەمان كاتی خۆیان بكوژن و موناقەشە لەسەر یاسایەك بكەن، لەسەر شتێك بكەن كە یاسایە و هەیە و جێبەجێ نەكراوە بە تەعلیمات گۆڕاوە، بۆیە من لێرەوە داوا دەكەم حەقە وەزیری پەروەردە بەكۆی ئەندامانی پەرلەمان بۆچی ئەو تەعلیماتەت گۆڕیوە كە یاسای هەیە؟ ڕاگرتنی ماف و ئیمتیازاتی ئەو كەسانەی كە هەڵگری بڕوانامەی ماستەرو دكتۆران، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز /سەرۆكی پەرلەمان:**

توخوا ئەوە ئەم ماددەیە بوو عظیمة خان؟ توخوا، توخوا، ئاخر نابێت خوشکی من، عەزیزی من ناکرێت تۆ ماددەیەك کە تێپەڕیوە، نوقتەی نیزامی داوا دەکەی یان قسە دەکەی بچیە سەر ماددە ڕابردووەکە، باشە، فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یاساکە بە ئەمری وەزیری پەروەردە ڕانەگیراوە، بە تەعلیماتێك لە وەزارەتی داراییەوە ڕاگیراوە و، تەعمیم کراوە، بەبێ ئەوەی بچێتە وەزارەتی پەروەردە تەعمیم کراوە، بەسەر هەموو بەڕێوەبەرایەتیەکانی پەروەردەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز /سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵام ئێمە داوا دەکەین لیژنەی دارایی و لیژنەی تەربیە و تەعلیم عالی بەدواداچوون بۆ ئەو مەسەلەیە بکەن، چونکە ئەمە ناحەقیەکی گەورەیە بەڕاستی، فەرموو کاك دکتۆر.

**بەڕێز د. عمر حمدامین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئەوەی پەیوەندی بە مامۆستایانی وەزارەتی پەروەردەوە هەیە دوو حەقە، حەقێکی مەعنەوی کە ئەمە مەسەلەی نازناوی زانستیەکەیەتی، کە ئەمە بە بڕیارێکی ئەنجومەنی وەزارەتی خوێندنی باڵا وەکو ئاماژەمان پێداوە، کە ئەوە وەستێندراوە ئەوان ئیعتڕافی پێناکەن، حەقە ماددیەکەشیان پەیوەندی زیاتر وەکو سۆزان خان باسی کرد، کە ڕێنماییەك و تەعلیماتێك لە وەزارەتی دارایی هەیە، ئێمە بەدواداچوونمان بۆ کردووە، لە ڕاستیدا سەرتان نایەشێنین بەوە لە حاڵەتی ئەوەش دان کە ئیعادە نەزەڕ بکەن، بۆئەوەی حەقە ماددیەکەیان بۆ بگێڕنەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز /سەرۆکی پەرلەمان:**

من دڵنیاتان دەکەمەوە بەدواداچوون بۆ ئەو مەسەلەیە دەکەین، ئەگەر پێویستی کرد وەزیری دارایی و وەزیری پەروەردەش بانگهێشتی ئێرە دەکەین، لەسەر ئەو موخالەفەیە کە موخالەفەی قانون دەکەن، بۆ ئەو ماددەیە جەنابی وەزیر تۆ مولاحەزەیەکت هەبوو؟.

**بەڕێز د. علی سعید محمد/ وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس، هیچ تێبینیەکم نیە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز /سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی چوارەم لە ئەصڵی پرۆژەکە کە دەبێتە ماددەی پێنجەم، کار بە هیچ دەقەکی یاسایی یا بڕیار ناکرێت کە پێچەوانە بێت لەگەڵ حوکمەکانی ئەو یاسایە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز /سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الرابعة:

لايعمل بأي نص قانوني او قرار، يتعارض مع احكام هذا القانون.

**بەڕێز د.ارسلان بایز /سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی تێبینیتان هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پشتگیری ماددەکە دەکەین و، هیچ تێبینیمان نیە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز /سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا، فەرموو.

**بەڕێز د. عمر حمدامین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هیچ تێبینیمان نیە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز /سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی، جەنابی وەزیر، کەس تێبینی هەیە؟ فەرموون ماددەکەی تر بخوێننەوە.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی پێنجەم کە دەبێتە ماددەی شەشەم لە پرۆژەکە، پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان، حوکمەکانی ئەو یاسایە جێبەجێ بکەن.

**بەڕێز د.ارسلان بایز /سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی خوێندنی باڵا، فەرموو.

**بەڕێز د.عمر حمدامین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیمان نیە لەسەر ئەو ماددەیە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز /سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی تێبینیتان هەیە؟

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نەخێر.

**بەڕێز د.ارسلان بایز /سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی، جەنابی وەزیر؟ فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز د. علی سعید محمد/ وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر ئەو نازناوانەی پرۆفیسۆر، پرۆفیسۆری یاریدەدەر، بەو شێوەیە بوو، دەبێت وەزارەتمان ڕێنمایی پێ دەربکات، بەڵام دەبێت ئەگەر شێوازێکی تر بوو لە سیستەمێکی تر بوو، دەکرێت وەزارەتەکانی تر رێکاری بۆ دەربکەن، یان ڕێنمایی بۆ دابنێن.

**بەڕێز د.ارسلان بایز /سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە؟ کەس تێبینی نیە، فەرموو بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی شەشەم کە دەبێتە ماددەی حەفتەم، ئەم یاسایە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی وەقائیعی کوردستان دا کاری پێ دەکرێت.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة السادسة:

ینفذ هذا القانون اعتبارا من تاریخ نشره في الجریدة الرسمیة (وقائع کوردستان).

**بەڕێز د.ارسلان بایز /سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری ماددەکە دەکەین و تێبینیمان نیە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز /سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی فەرموو.

**بەڕێز د. ئاراس حسين محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری ماددەکە دەکەین، ماددەیەکی پرۆتۆکۆلیە و، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز /سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز د. علی سعید محمد/ وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە ماددەکە دەکەین.

**بەڕێز د.ارسلان بایز /سەرۆکی پەرلەمان:**

کەس تێبینی هەیە؟ کەس تێبینی نیە، فەرموو.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی هۆیەکانی دەرچوونی ئەم یاسایە، لەبەرئەوەی لەگەڵ پرۆژەکە دا ئامادە نەکرا بوو، ئێمە پێشنیار دەکەین کەوا هۆکاری دەرچوونی ئەو یاسایە بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە، بۆ هاندانی بەرز کردنەوەی ئاستی داهێنان و زانستی هەڵگرانی بڕوانامەی خوێندنی باڵا، کە لە هەر ناوەندێك کار بکەن و هێنانەوەی یەکسانی لە نێوان هەڵگرانی بڕوانامەی ماستەر و دکتۆرا، لە دەرەوەو ناوەوی زانکۆ ئەم یاسایە دەرچووێنرا.

**بەڕێز د.ارسلان بایز /سەرۆکی پەرلەمان:**

بە عەرەبی هەتانە؟ فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

الاسباب الموجبة

لاصدار هذا القانون تشجيعاً لرفع مستوى الابداع والعلمي لحملة شهادات الدراسات العليا حيثما يخدمون واعادة المساوات بين حملة شهادتي الماجستير والدكتوراه داخل الجامعة وخارجها فقط شرع هذا القانون.

**بەڕێز د.ارسلان بایز /سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا.

**بەڕێز د. عمر حمدامين خدر(نورەدین):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئێمە پێمان باشە و پشتگیری لەوە دەکەین، کە ئەسبابی موجیبە بۆ یاساکە هەبێت، لەگەڵ ئەوەی کە ڕەنگە پێویستی بەوە بکات جارێکی تر سیاغەی بکەینەوە و دایبڕێژینەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز /سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پێشنیاری ئەوەمان کردیە، کە ئەو هۆکاری دەرچوونی ئەو یاسایە بەو شێوەیە دابڕێژرێتەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز /سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی فەرموو.

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لاریمان نیە ئەگەر هاتو داڕشتنەوەی مادده یاسایەکان لەگەڵ ئەسبابی موجەبە گونجا.

**بەڕێز د.ارسلان بایز /سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز د. علی سعید محمد/ وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز لیژنە پەیوەندیدارەکان ئەو بابەتە جێبەجێ دەکەن.

**بەڕێز د.ارسلان بایز /سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە؟ (2) کەس تێبینیان هەیە ( کاك جمال و کاك عبدالرحمن)، فەرموو کاك جمال.

**بەڕێز جمال طاهر ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

(تشجیعاً لرفع مستوى الابداع والعلمي لحملة شهادات الدراسات العليا حيثما يخدمون واعادة المساوات) مانای ئەوەیە دووبارە گەڕانەوەی مساواتەکە، کە پێش ئێستا مساوات هەبوو، بەڵام ئەوە نەماوە ئیعادە بکرێت، من پێم باشترە بڵێم (تحقيق المساواة بين حملة شهادة الماجستير والدكتوراه) نەك تەنها (داخل الجامعة) لە ئەصڵ دا دەڵێتن، بڵێن (الدكتوراه العاملين في مؤسسات التعليم العالي و خارجها فقد شرع هذا القانون).

**بەڕێز د.ارسلان بایز /سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عبدالرحمن فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن حسین ابابکر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم وایە ئەمە شتەکە تەواو بووە، ئەو پرۆژە هەر پێویست ناکات، چونکە ئەمە بەدواداچوونی بۆ بکەن لیژنە پەروەردە و لیژنەی دارایی بچنە لای هەر دوو وەزیرە بەڕێزەکان، ئەو یاسایانەی کە جێبەجێ

**نەكراون، جێبەجێ بكەن، ئەم یاسایە هەر زیادە بۆچی دەریدەكەن؟ یەعنی هەردوو یاسای هەنە، با بەدواداچوونی بۆ بكەن، ئەگەر ئێمە بێین دەبێت موحاسەبەی ئەو دوو لیژنەیە بكەین، بۆ ئەو مافی ئەو كەسانەی خواردووە كە ئێستا مەجبوور بووین لێرە یاسایەك دەربكەین، من پێم وایە ئەو یاسایە هەر زیادەو با بەدواداچوونی بۆ بكەن و ئیشەكە جێبەجێ بكەن، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز /سەرۆكی پەرلەمان:**

**فەرموو كاك سالار.**

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، لە ڕاستیدا بۆ ئیدارە دانی جەلسەكە، جەنابی سەرۆكی پەرلەمان ماددەیەك كە تێپەڕی و قسەی لەسەر كراو، هەموو شتەكانی تەواو بوو گونجاو نیە هەموو جارێك موداخەلە بكرێت و بچینەوە سەر ئەوە، دەبێت ڕێز لە ئیرادەی زۆرینە بگیرێت، كە دەنگی داوە دەبێت ئەو یاسایە موناقەشە بكرێت و، دواجاریش دەنگدانی گشتی كە ئایا پەسەند دەكرێت یان نا؟، بەلاّم هەمووو جارێك تیكرار بكرێتەوەو، ئەم یاسایە پێویست ناكات هەبێت و نابێت هەبێت، گونجاو نیە هەبێت، ئەمە پێشێلكردنی مافی ئەوانی ترە، سوپاست دەكەم.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز /سەرۆكی پەرلەمان:**

**ئەم پرۆژە یاسایە موناقەشەی تەواوكرا، هەموو بەڕێزەكان بیرو بۆچوونی خۆیان دا، دەمێنێتەوە سەر ئەوەی كە سیاغە بكرێتەوە، بڕگەو ماددەكانی سیاغە بكرێتەوە، بۆئەوەی لە دەرفەتێكی داهاتوو دەنگی لەسەر بدرێت، بەم جۆرە دانیشتنی ئەمڕۆ كۆتایی پێدێنین تا سەعات (11)ی ڕۆژی دووشەمەی داهاتوو بەخواتان دەسپێرین، هەربژین.**

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **د.حسن محمد سورە** | **د. ارسلان بایز اسماعیل** |
| **سكرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆكی پەرلەمانی** | **سەرۆكی پەرلەمانی** |
| **كوردستان – عێراق** | **كوردستان – عێراق** | **كوردستان - عێراق** |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (3)**

**دووشەممە رێکەوتی 17\9\2012**

# خولی سێیەمی هەڵبژاردن

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (3)

## دوو شەممە رێکەوتی 2012/9/17

کاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی دووشەممە رێکەوتی 2012/9/17 پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی د.ارسلان بایز اسماعیل سەرۆکی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز د. حسن محمد سورە جێگری سەرۆك و، بەڕێز فرست أحمد عبداللە سکرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (3)ی خولی سێیەم, سالی (2012) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی برگە (1)ی ماددە (20) لە پەیرەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی سالی 1992ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بریاری درا دانیشتنی ژمارەی (3)ی خولی سێیەمی هەلبژاردن لە کات (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی دوو شەممە رێکەوتی 2012/9/17 دا بەم شێوەیە بێت:

1-دەنگدان لەسەر یاسای هەژمار کردنی پلەی زانستی بۆ هەلگرانی بڕوانامەی ماستەر و دکتۆرا، کە لەدەرەوەی وەزارەتی خوێندنی بالآدا خزمەت دەکەن.

2-خستنە ڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسای پاراستنی دارستان لە هەرێمی کوردستان.

3-خستنە ڕوو و گفتوگۆ کردنی پێشنیاری یاسای سندوقی هاوکاری نەخۆشیەکانی شێرپەنجە و نەخۆشی قورس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنی ئەمرۆمان دەست پێ دەکەین، پەرلەمانی کوردستان، خولی سێیەمی هەلبژاردن، سالی چوارەم، خولی گرێدانی یەکەم، ژمارەی دانیشتن (3)، رۆژی دانیشتن 2012/9/17، بەرنامەی کار، بە پێی حوکمەکانی برگە یەکی ماددە (20) لە پەیرەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار کراوی سالی 1992 ی پەرلەمانی کوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بریاری دا بەرنامەی

**كـارى دانيشـتنى ژمـاره (3)ى ئاسـايى خـولى سـێيەمى هەڵبـژاردن لـەكات (11)ى پـێش نيـوەڕۆى ڕۆژى دووشەممە، ڕێكەوتى 2012/9/17 بەم شێوەيە بێت:**

**1-دەنگـدان لەسـەر ياسـاى هـەژمار كردنـى پلـەى زانسـتى بـۆ هـەڵگرانى بڕوانامـەى ماسـتەر و دكتـۆرا، كـە لەدەرەوەى وەزارەتى خوێندنى باڵادا خزمەت دەكەن.**

**2-خستنە ڕوو و گفتوگۆ كردنى پرۆژە ياساى پاراستنى دارستان لە هەرێمى كوردستان.**

**3-خستنە ڕوو و گفتوگۆ كردنى پێشنيارى ياساى سندوقى هاوكـارى نەخۆشـيەكانى شـێرپەنجە و نەخۆشـى قورس.**

**ئێسـتاش بـەرێز جێگـرى سـەرۆكى پەرلـەمان نـاوى ئـەو پەرلـەمانتارە بەرێزانـە دەخوێنێتـەوە كـە مۆڵـەت دراون، فەرموو.**

**بەڕێز حسن محمد سورە-جێگرى سەرۆكى پەرلەمان:**

**ناوى ئەو ئەندامانەى لە دانيشتنى ژمارە (2)ى ئاسايى لە 2012/9/12 مۆڵەت دراون يان ئامادە نەبوون.**

**1-اسماعيل سعيد محمود-مۆڵەت**

**2-اسماعيل محمود عبدالله-ئامادە نەبوو**

**3-بێريڤان اسماعيل سەرهەنگ-مۆڵەت**

**4-پەيمان عزالدين-مۆڵەت**

**5-حمديە معروف-مۆڵەت**

**6-سالم تۆما-مۆڵەت**

**7-سمير سليم-مۆڵەت**

**8-سەرگوڵ رضا حسن-ئامادە نەبوو**

**9-شەونم محمد غريب-مۆڵەت**

**10-شێردڵ تحسين-مۆڵەت**

**11-صبيحە احمد-مۆڵەت**

**12-عبدالقادر اكرام-مۆڵەت**

**13-عبدالله محمود محمد-ئامادە نەبوو**

**14-عمر عبدالرحمن على-مۆڵەت**

**15-عمر صديق محمد-مۆڵەت**

**16-عونى كمال سعيد-مۆڵەت**

**17-فەرمان عزالدين-مۆڵەت**

**18-ڤيان عبدالرحيم-مۆڵەت**

**19-كاروان صالح-مۆڵەت**

20-گۆران ئازاد-ئامادە نەبوو

21-نیشتیمان مرشد-مۆڵەت

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**ئێستاش دێینە سەر جێ بەجێ کردنی بەرنامەی کار:**

**خاڵی یەکەم، دەنگدان لەسەر پێشنیاری یاسای هەژمار کردنی پلەی زانستی بۆ هەڵگرانی بڕوانامەی ماستەر و دکتۆرا کە لە دەرەوەی وەزارەتی خوێندنی باڵا خزمەتیان کردووە، لیژنەکانی یاسایی و لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا با بفەرموون بۆ شوێنی خۆیان، بەخێرهاتنی بەڕێزان جەنابی وەزیری خوێندنی باڵا و وەزیری کشتوکاڵ و ڕێکخەری نێوانی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەفدی یاوەری ئەکەین، بەخێر بێن، فەرموو لیژنەی یاسایی دەست پێ بکەن.**

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**دوای ئەوەی لە دوو دانیشتنی پەرلەمان گفتوگۆ لەسەر بەندەکان و بڕگەی پرۆژە یاسای هەژمار کردنی پلەی زانستی بۆ هەڵگرانی بڕوانامەی ماستەر و دکتۆرا کە لە دەرەوەی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی کرا، ئێمە هەردوو لیژنە، لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا، و لیژنەی یاسایی کۆبوونەوەیەکی هاوبەشمان کرد، بەئامادە بوونی هەردوو بەڕێز وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و وەزیری پەروەردە، لە دوای ئەو دانیشتنە وەرگرتنی تێبینی و ڕاو بۆچوونی ئەندامانی پەرلەمان، ئێمە پرۆژەکەمان بەو شێوەیە داڕشتەوە:**

**بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان**

**بابەت/ ڕاپۆرتی هاوبەش**

**لیژنەی کاروباری یاسایی و لیژنەی پەروەردە و فێرکردنی باڵا و توێژینەوەی زانستی بە ئامادە بوونی هەردوو بەڕێز وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، و وەزیری پەروەردە، لە ڕۆژی 2012/9/16 کۆبوونەوە بۆ دیراسە کردنی پرۆژە یاسای هەژمار کردنی پلەی زانستی بۆ هەڵگرانی بڕوانامەی ماستەر و دکتۆرا کە لە دەرەوەی وەزارەتی خوێندنی باڵادا خزمەتیان کردووە، ئەو پرۆژەیە لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پێشکەش کرابوو لە دوای خوێندنەوەی یەکەمی لە پەرلەمان، لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (12) لە 2010/11/8ڕاوانەی لیژنە پەیوەندیدارەکان کرا، دوای گفتوگۆ و تاوتوێکردن گەیشتنە ئەم دەرئەنجامانەی خوارەوە:**

**ماددەی یەکەم بەو شێوەیە دابڕێژرێتەوە:**

**(هەڵگری بڕوانامەی ماستەر یان دکتۆرا هاوشێوەکانیان کە لەکەرتی تایبەت یان لە یەکێك لە دامودەزگا ڕەسمیەکانی هەرێمی کوردستان لە دەرەوەی وەزارەتی خوێندنی باڵادا کار ئەکەن، مافی پێدان و بەرز کردنەوەی نازناوی زانستیان هەیە بە گوێرەی حوکمەکانی ئەم یاسایە)**

**ماددەی دووەم:**

**پێدان و بەرز کردنەوەی پلەی زانستی بە پێی سیستەمێکی تایبەت دەبێت کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیران دەردەچێت، بۆ هەموو ئەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە.**

**ماددەی سێیەم:**

**بۆ ئەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە دەرماڵەی نازناوی زانسیان پێ دەدرێت بە پێی ڕێنماییەکی تایبەت کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەردەچێت.**

**ماددەی چوارەم:**

**دەبێت ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بکەن.**

**ماددەی پێنجەم:**

**ئەم یاسایە دوای بلاۆکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی وەقائیعی کوردستان جێ بەجێ دەکرێت.**

**هۆکارەکانی دەرچوونی ئەم یاسایە:**

**بە مەبەستی هاندان و پەرەپێدان و توێژینەوەی زانستی بۆ هەڵگرانی بڕوانامەی ماستەر یان دکتۆرا لە هەرێمی کوردستان، دابین کردنی مافەکانیان بە شێوەیکی دادپەروەرانە ئەم یاسایە دەرچوێنرا.**

**سۆزان شهاب نوری:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**الى/ رئاسة برلمان كوردستان-العراق**

**م/ تقرير مشترك**

**عقدت لجنة الشؤون القانونية و لجنة التربية و التعليم و البحث العلمي بحضور وزير التربية و وزير التعليم العالي والبحث العلمي بتاريخ 26/ گەلاوێژ 2712 كوردي المصادف ليوم 2012/9/16 ميلادي لدراسة مشروع قانون (احتساب الدرجة العلمية لحاملي شهادة الماجستير و الدكتوراه الذين يخدمون خارج وزارة التعليم العالي و البحث العلمي) المقدم من قبل العدد القانوني لاعضاء البرلمان و المحال الى لجنتنا واللجان المعنية بعد القراءة الاولى له في البرلمان بجلسته الاعتيادية المرقمة (12) في 2010/11/18، بعد المناقشة و المداولة تمت صياغة مشروع القانون بالشكل الاتي:**

**المادة الاولى:**

**لحامل الماجستير او الدكتوراه او ما يعادلهما في القطاع الخاص او في وزارة التربية او احدى الوزارات او المؤسسات الرسمية في اقليم كوردستان الذين يخدمون خارج وزارة التعليم العالي والبحث العلمي حق منح اللقب العلمي والترقية العلمية وفق احكام هذا القانون.**

**المادة الثانية:**

**منح اللقب العلمي والترقية العلمية يكون وفق نظام خاص يصدر من مجلس الوزراء للمشمولين باحكام هذا القانون.**

المادة الثالثة:

يستحق المشمولين باحكام هذا القانون مخصصات اللقب العلمي وفق التعليمات الخاصة تصدر من مجلس الوزراء.

المادة الرابعة:

على المجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون.

المادة الخامسة:

ينفذ هذا القانون اعتبارا من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان)

**الاسباب الموجبة**

بغية تشجيع و تطوير الابداع والبحث العلمي لحملة شهادة الماجستير والدكتوراه في اقليم كوردستان و ضمان حقوقهم بشكل عادل، شرع هذا القانون.

راجين التفضل بالاطلاع و عرض التقرير على البرلمان للمناقشة و ابداء الراي المناسب بشانه و التصويت.

**مع التقدير**

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو ماددەی (1) بخوێنەوە.

**بەڕێز د.عمر حمدامين خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ناونیشانی پرۆژە یاساكە دوای گفتوگۆ پێمان باشە بەو شێوەیەی خوارەوە بێت:

(پێدان و بەرز كردنەوەی پلەی زانستی بۆ هەڵگرانی بڕوانامەی ماستەر یان دكتۆرا كە لە دەرەوەی وەزارەتی خوێندنی باڵا خزمەت دەكەن).

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منح وترقية اللقب العلمي لحملة شهادة الماجستير والدكتوراه المشمولين خارج وزارة التعليم العالي.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك جمال.

**بەڕێز جمال طاهر ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەگەر بێین  وەك برادەران ئێستا خوێندیانەوە نازانم مەعنای ناداتن، (منح و ترقیه اللقب العلمی) لەقەبی علمی تەرقیە نابتن، (منح اللقب العلمی والترقیه العلمیه لحامل الماجستیر والدکتوراه العاملین فی المؤسسات خارج التعلیم العالي).

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو د. ڕۆژان.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوەی لە ڕاپۆرتەكە هاتیە (احتساب الدرجه العلمیه) یە، بەس ئەو ناوە لەبەر ئەوەی ناوەڕۆكەكە لەسەر ڕۆشنایی تێبینی و پێشنیاری پەرلەمانتاران ناوەڕۆكەكە گۆڕایە، بۆیە ڕایەك هەبوو كەوا ئەو ناونیشانە دەلالەت لەسەر ناوەڕۆكی یاسایەكە ناكات، بۆیە لیژنەی پەروەردە پێشنیاری ئەوەی كرد كە پێدان و بەرز كردنەوەی پلەی زانستی بێت، ناونیشانەكە بەو شێوەیە بگۆڕدرێت، تا ئێستاش كۆمەڵێك پێشنیار هەیە دەنگدانی لەسەر نەكراوە.

**بەڕێز د.علی سعید -وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێشنیاز ئەكەم كە بەم شێوەیەی لای خوارەوە بێت ئەگەر بۆم هەبێت، (پێدانی نازناوی زانستی، و بەرز كردنەوەی پلەی زانستی، یەكەم ئەوە نازناوە، دووەمیش، بەرز كردنەوەی پلەیە، بە عەرەبیش (منح اللقب العلمی والترقیه - الدرجه العلمیه)، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ناونیشانی یاساكە بەو شێوەمان داڕشتەوە، (قانون منح اللقب العلمي والترقیة الدرجة العلمیة لحاملي شهادة الماجستیر او الدكتوراه خارج وزارة التعلیم العالي).

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو د. عمر.

**بەڕێز د.عمر حمد امین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**به كورديەكەی دەبێتە (یاسای پێدان و بەرز كردنەوەی پلەی زانستی بۆ هەڵگرانی بڕوانامەی ماستەر یان دكتۆرا كە لە دەرەوەی وەزارەتی خوێندنی باڵا خزمەت دەكەن.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك صباح.

**بەڕێز د.صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**به پێی ئەوەی كە لە عەرەبیەكەدا خوێندرایەوە، یاسای پێدانی نازناوی زانستی و بەرز كردنەوەی پلەی زانستی بۆ هەڵگرانی بڕوانامەی ماستەر و دكتۆرا لە دەرەوەی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك عبدالسلام.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صدیق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**وابزانم كوردیەكە دروستە لوغەویەن لە عەرەبیەكە، بە عەرەبیەكە دووجار نووسراوە مەنح دەرەجە، بەس دەبوایە یەكجار بێت وەكو كوردیەكە ،كوردیەكە زۆر جوان بوو، سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك جمال.

**بەڕێز جمال طاهر ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**(منح اللقب العلمی والترقیه العلمیه)، نابێت (الدرجه العلمیه)، ترقیەی علمی مەعنای ئۆتۆماتیكیەن دەرەجەی عیلمی بەرز ئەبێتەوە، بۆیە ئەوە كار پێكراوە، ئەوە ئیشمان كردیە، مەیدانیەن، واقیعی ئیشمان پێ كردیە، تەرقیە لە ئەصڵدا مەعنای بەرز كردنەوەی دەرەجەیە، (الترقیه الدرجه العلمیه) ناكرێتن، بۆیە من پێشنیار دەكەم ببیتە (منح اللقب العلمی و الترقیه العلمیه) ئەگەر لەقەبت دا ئۆتۆماتیكیەن تەرقیە دێتن، سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئاخیر صیاغە بە عەرەبی ( قانون منح اللقب والترقیة العلمیة لحملة شهادة الماجستیر و الدکتوراه العاملین خارج مؤسسات التعلیم العالي).**

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك صباح.

**بەڕێز د.صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**یاسای پێدانی نازناوی زانستی و بەرز کردنەوەی زانستی بۆ هەڵگرانی بڕوانامەی ماستەر و دکتۆرا کە لە دەرەوەی دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا خزمەت دەکەن.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**ئەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە بۆ ئەو یاسایە کێ لەگەڵ دایە؟ تکایە دەست بەرز بکاتەوە،**

**کێ لەگەڵ دا نیە؟ (10) کەس لەگەڵ دا نیە، بە زۆرینەی دەنگ پەسند کرا، فەرموو بۆ ماددەی یەکەم.**

**المادة الاولى:**

**لحامل الماجستیر او الدکتوراه او ما یعادلهما في القطاع الخاص او في وزارة التربیة او احدى الوزارات او المؤسسات الرسمیة في اقلیم کوردستان الذین یخدمون خارج وزارة التعلیم العالي والبحث العلمي حق الحصول اللقب العلمي والترقیة العلمیة وفق احکام هذا القانون.**

**بەڕێز د.صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**(هەڵگری بڕوانامەی ماستەر یان دکتۆرا یان هاوشێوەکانیان کە لەکەرتی تایبەت یان لە یەکێك لە دامودەزگا ڕەسمیەکانی هەرێمی کوردستان لە دەرەوەی وەزارەتی خوێندنی باڵا کار ئەکەن، مافی پێدان و بەرز کردنەوەی نازناوی زانستیان هەیە بە گوێرەی حوکمەکانی ئەم یاسایە).**

**بەڕێز د.ارسلان بایز- سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز سکرتێری پەرلەمان لەسەر صیاغەکەی کێ تێبینی هەیە با بفەرموێ.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله-سکرتێری پەرلەمان.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بە ڕەئی من کۆ کردنەوەی ئەوانەی لە قیتاعی خاص ئیش ئەکەن و لە دەوائیری ڕەسمی کار ئەکەن، بە یەك فەقەرە ناحیەی صیاغەی عیلمی قانونی غەلەتە، لازمە دوو ماددە بن، یان لازمە دوو فەقەرە بن لە**

زمنی ماددەیەك، ئەوە یەك، نوقتەی دووەم، یان غەلەتی دووەم تەصلیحیان کرد بە خۆیان، (حق منح اللقب العلمی والترقیه) مەعنای ئەوە حامیلی شەهادە تەرقیەکە و لەقەبەکە به غەیری خۆیتی، مەفروزە بڵێ (الحق في منحه اللقب العلمی) بەس بەخۆیان دروستیان کرد (حق الحصول اللقب العلمی والترقیه)، زۆر سوپاس

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەکو کاك (فرست) ئاماژەی پێدا، لەسەر صیاغە کردنەوەی یاساکە، لە کاتی کۆبوونەوەی لیژنەکەش ئەو مولاحەزەیەم دا کە لێرە (لحامل الماجستیر) بە شێوەی تاك هاتووە، پاشان دەڵێ (الذین یخدمون، وزارة التعلیم العالي)، لەوێ بۆتە کۆ، یەعنی یان ئەبێت بڵێی (لحاملی) بە (یا)، (لحاملی الماجستیر و الدکتوراه) هەتا لە کوردیەکەش هەروای لێ هاتووە، بە کوردیەکە ئەڵێ، (هەڵگری بڕوانامەی، دوایی ئەڵێ ئەوانەی کار دەکەن مافی بەرز کردنەوەیان هەیە) بۆیە دەبێ ئەوە چاك بکرێتەوە، دووەمیش، من پێم باشە (في القطاع الخاص) لە دوای (وزارة التربیة او احدی الوزارات الرسمیة) بێت، چونکە لە ئەصڵدا ئەم پرۆژە یاسایە بۆ ئەوانە بووە کە کێشەیان هەیە لە وەزارەتی تەربیە و وەزارەتەکانی تر، یەعنی قیتاعی خاصەکە بکەوێتە دوای وەزارەتەکان و موئەسەساتی ڕەسمی، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێستا پێم باشە بەڕێز سکرتێری پەرلەمان ئەو صیاغەی کە پێشنیاری کرد بیخوێنێتەوە بۆ ئەوەی بزانین لیژنەی قانونی و لیژنەی خوێندنی بالاّ دەڵێن چی؟ فەرموو

**بەڕێز فرست احمد عبدالله-سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الاولى:

1- لحامل شهادة الماجستیر او الدکتوراه او ما یعادلهما العامل في الدوائر و المؤسسات الرسمیة في اقلیم کوردستان و دوائر و مؤسسات وزارة التعلیم العالي والبحث العلمي الحق في منحه اللقب العلمي والترقیة العلمیة وفق احکام هذا القانون او الحق في الحصول على اللقب العلمي والترقیة العلمیة وفق احکام هذا القانون.

2- لحامل شهادة الدکتوراه او الماجستیر العامل لدى القطاع الخاص الحق في منحه اللقب العلمي او الحق في الحصول اللقب العلمي و الترقیة العلمیة وفق احکام هذا القانون.

ببتە دوو فەقەرە بەو شێوەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عمر.

**بەڕێز د. عمر حمد امین خدر (نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆكیی پەرلەمان.**

**مەبدەئیەن ماددەی یەكەم بەو شێوەیەی جەنابی سكرتێری پەرلەمان كە كردوویەتیە دوو بڕگە كارێكی باشە، بەس لەسەر بڕگەی یەكەم كە دەڵێ (في الدوائر والمؤسسات الرسمية لحكومة اقليم كوردستان) بە ڕەئی من هەندێك موئەسەساتی ڕەسمی هەن هی حكومەتی هەرێمی كورستان نین، بۆ نموونە پەرلەمان، سەرۆكایەتی هەرێم، بۆیە دەبێ بڵێین (في الدوائر والمؤسسات الرسمية في اقليم كوردستان) (الحكومه)ی لێ لابدەین.**

**بەڕێز عبداسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**(للعاملين خارج وزارت التعليم العالى..) هەمووی ئەگرێتەوە، (في القطاع الخاص والعام)، ئەگەر بكرێ.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆكی پەرلەمان.**

**بە عەرەبیەكەی بیخوێنەوە دەیكەینە ئەساس  ئەوجا تەرجومە كوردیەكەی بكەن.**

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ماددەی یەكەم پێشنیار كرایە بكرێتە دوو بڕگە:**

**المادة الاولى:**

**1-لحامل شهادة الماجستير او الدكتوراه او ما يعادلهما العامل في الدوائر و المؤسسات الرسمية في اقليم كوردستان خارج دوائر و مؤسسات وزارة التعليم العالي والبحث العلمي الحق في منحه اللقب العلمي والترقية العلمية وفق احكام هذا القانون.**

**2- لحامل شهادة الدكتوراه او الماجستير العامل لدى القطاع الخاص الحق في منحه اللقب العلمي و الترقية العلمية وفق احكام هذا القانون.**

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**لەبڕگەی دووەم (او يعادلهما)ی نەوتووە، بڵێین. بۆ كەرتی خاصیش ئەوانەی هەڵگری شەهادەی ماجستێر یان دكتۆرا یان هاوتاكانیان.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**فەرموو د. رۆژان.**

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر احمد:**

**ڕاستە وشەی (او مايعادلهما) لە بڕگەی دووەمیش زیاد دەكەین.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دوا صیاغەی بخوێنەوە.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

1-لحامل شهادة الماجستير او الدكتوراه او ما يعادلهما العامل في الدوائر و المؤسسات الرسمية في اقليم كوردستان خارج دوائر و مؤسسات وزارة التعليم العالي والبحث العلمي الحق الحصول على اللقب العلمي والترقية العلمية وفق احكام هذا القانون.

2- لحامل شهادة الماجستير او الدكتوراه او مايعادلهما العامل لدى القطاع الخاص الحق الحصول على اللقب العلمي و الترقية العلمية وفق احكام هذا القانون.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی (1) بەو شێوەیەی کە داڕێژراوە دوایی ئەیکەینە ئەساس بۆ تەرجومە کوردیەکەشی، کێ لەگەڵ دایە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟ کێ لەگەڵ دا نیە؟ (6) کەس لەگەڵ دا نیە، بە زۆرینەی دەنگ پەسند کرا، فەرموو بۆ ماددەیەکی تر.

ماددەی دووەم:

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی دووەم بە پێی ئەو ڕاپۆرتە هاوبەشە:

المادة الثانية:

منح القب العلمي والترقية العلمية يكون وفق نظام خاص يصدر من مجلس الوزراء للمشمولين باحكام هذا القانون.

ماددەی دووەم:

پێدان و بەرز کردنەوەی پلەی زانستی بە پێی سیستەمێکی تایبەت دەبێت کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیران دەردەچێت، بۆ هەموو ئەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاک عمر.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مادام لە ماددەی (1) کردمان بە (حق الحصول) ئەو (ملح)ە بکرێتە (حق الحصول على اللقب العلمی).

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د. احمد.

**بەڕێز د.احمد ابراهيم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە کۆبوونەوەی هاوبەش لەسەر ئەو ماددەیە وامان گفتوگۆ لەسەر کرد کە یان ڕێنمایی بێت، یان ئەو پەیڕەوەی کە دەرئەکرێت هەردوو وەزارەتی تەربیە و وەزارەتی خوێندنی بالآ ئامادەی بکەن، و پاشان مەجلیس وزەرا پەسەندی بکات، بۆیە لێرە ماددەکە کراوەتە، ئەوە فەقەت مەجلیسی وزەرا دەری ئەکات.زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك خورشید.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەلاّ هەر ئەوەبوو (حق الحصول) ئێستا باسمان کرد، ئێستا مەنحەکە بگەڕێنەوە (حق الحصول) یەعنی صیغەکەش باش نیە، لازمە ئیعادەی صیغەکەش بکرێتن، بە عەرەبیەکەی بەقوەت نیە، جارێکی تر ئیعادەی بکەین، چونکە ئەو مەعنایە نادات ئەوەی لە خاڵی یەکەمدا هاتووە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو سیوەیل خان.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ماددەی (2)، (3) ناوی مەجلیس وزەرا هاتیە، وابزانم پەیوەندی بە وەزارەتی خوێندنی بالآوە هەیە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عبدالسلام.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مەنح لێرە بزەبت جێگایەتی، چونکە لە لایەن مەجلیس وزەرایە، دووەمیان لە لایەن ئەنجومەنی وەزیران دەرچێت، ئەگەر بڵێم بە ئیقتیراحی ئەو ئەبێت، بەلاّم ئایا ئەو ماددە زەرووریە؟ بۆ لە ماددەی (4) (بنظام)؟ .

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د. عمر.

**بەڕێز د.عمر حمد امین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بەوەی كە بە نیزام دەردەچێت، دیارە نیزام لە دەستەلأتی ئەنجومەنی وەزیرانە، بێگومانیش وەكو عورفێكی لێ هاتووە لێرە كە سەبارەت بە بابەتێك كە سیستەمی لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەردەچێت، وەزارەتە پەیوەندیدارەكان بەشداری دەكەن لە ئامادە كردنی نیزامەكە، بۆیە ئەمە تەحصیل حاصلە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو د. صباح.

**بەڕێز د.صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

كاتێك كە بە ماددەیەك ئەوترێت كە ئەبێ بە سیستەمێكی تایبەت لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەربچێت، لێرە ئەنجومەنی وەزیران مولزەم ئەبێت بەوەی كە ئەو سیستەمە دەربكات، بۆیە بوونی ماددەكە زەرووریە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو د. رۆژان.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە (حق الحصول ) یان (منح اللقب العلمی) ڕاستە لە ماددەی یەكەم كردمانە (حق الحصول)، لەبەر ئەوەی باسی ئەو كەسەمان دەكرد كە هەلگری بڕوانامەی ماستەرە یان دكتۆرا یان شەهادەیەك، بڕوانامەكی هاوشێوە، بەلأم لێرە باسی ئەو كەسە ناكەین كە بڕوانامەكی هەیە، باسی ئەو لایانانە ئەكەین كە لەقەبە عیلمیەكەی پێ دەداتن، بۆیە دوو بابەتی جیاوازە، لێرە ناكرێتە (حق الحصول)ن بە مەنح ئەمێنێتەوە، لەبەر ئەوەی باسی ئەو لایەنە ئەكەین كە لەقەبە عیلمیەكە، نازناوە زانستیەكەیە پێی دەبەخشێ بەو كەسەی كە ئەو مەرجانەی تێدایە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی كاك فرسەت فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله-سكرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تەئیدی قسەكانی دكتۆرە ڕۆژان ئەكەم.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز د.علی سعید-وەزیری خوێندنی بالأ و توێژینەوەی زانستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**من پێشنیاز ئەکەم کە لەجیاتی سیستەمێکی تایبەت، بوترێ بە سیستەمێك و نازناوی تایبەت، بۆ ئەوەی دەستەواژەکان جیا بێت، سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**فەرموو سۆزان خان.**

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**پێویست ناکات بڵێی نازناوی تایبەت، چونکە تۆ کە سیستەمت دەرکرد لە ناو ئەو سیستەمەدا دەڵێی ئەو کەسەی کە لە دەرەوەی وەزارەتی خوێندنی باڵایە کە تەرقیە ئەکات بەم پلانە فلاَن نازناوی ئەدەیتێ، بۆیە ئێمە جێمان هێشتووە بۆ سیستەمەکە، بۆ ئەوەی موناقەشاتی لەسەر بکرێت، لەسەر ئەساسێکی عیلمی دوێنێش باسمان کرد لەناو کۆبوونەوەکە، هینی وەزارەتی پەروەردە جیاوازە لەگەڵ وەزارەتەکانی تر، بۆیە ئێمە لێرەوە بە جەنابی وەزیر دەڵێین ئەوە بۆ ئێوەمان بەجێ هێشتووە، کە نازناوی تایبەت دابنێن بۆ ئەوانەی لە دەرەوەی وەزارەتی خوێندنی باڵان، سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**کاك برهان فەرموو.**

**بەڕێز برهان رشید حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**قسەکانی جەنابی وەزیر زۆر زۆر تەواون، من پشتگیری دەکەم ئەوە حەقە بدرێت بە خۆیان، لەبەرئەوەی تاوەکو ئەو تێکەڵ و پێکەڵیە دروست نەبێت و وردەکاریەکان بدرێت بە ئەوان، ئەوان باشتر دەیزانن، من گوێم لە ڕەئیەکەی جەنابی گرت، ڕەئیەکی زۆر عیلمی دەقیقە، سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**د. عمر فەرموو.**

**بەڕێز د. عمر حمدامین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، لەڕاستیدا کە لێرە لەم ماددەیەدا باسی سیستەمێکی تایبەت دەکات، کەواتە پێدانی نازناوی زانستی تایبەتە، هەروەها بەشێوەی نیزامێکی تایبەت، بێگومانیش بیروبۆچوونی وەزارەتی خوێندنی باڵا بە نەزەری ئیعتیبار وەردەگیرێت و لە ئامادەکرنی سیستەمەکەیە، بەلاَم حزوریان دەوێت،**

**بۆیە کە دەوترێت سیستەمی تایبەت واتە بۆ پێدانی لەقەبێکی عیلمی تایبەتە، کە جیایە لەوەی لە وەزارەتی خوێندنی بالاْ هەیە، سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**دکتۆرە ڕۆژان تێبینیت هەبوو؟ فەرموو.**

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**سەبارەت بەو ماددەیە ئێمە تەنها مەبەستمان ئەوەیە، کە سیستەمێکی تایبەت هەبێت، بۆ بەرزکردنەوەی پلەی زانستی بۆ هەڵگرانی بڕوانامەی ماستەر و دکتۆراو هاوشێوەکانیان، ئەوانەی کە لە دەرەوەی میلاکی وەزارەتی خوێندنی بالاْن، لەو سیستەمە تایبەتە دەتوانن مەبەستیان چیە، وردەکاریەکان لەوێ باس بکەن، ئەو وردەکاریانە لەناو یاسا باس ناکرێت، سیستەمی تایبەت واتە لەقەبی تایبەت بەو کەسانە بێت کەوا حوکمەکانی یاسا دەیانگرێتەوە، سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**لیژنەی یاسایی و خوێندنی بالاْ دوا سیاغەتان، فەرموو.**

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەکە بەو شێوەیە دابڕێژرێتەوە:**

**المادة الثانية:**

**(على مجلس الوزراء اصدار نظام خاص لمنح اللقب العلمي والترقية العلمية تنفيذاً لاحكام هذا القانون).**

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بە کوردیەکەی هەتانە؟ باشە، دەتوانی بیکەیتە کوردی دکتۆرە، فەرموو.**

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڵێ ئەوە دەقە عەرەبیەکەم لەبەر دەستە دەیکەمە کوردی،**

**ماددەی دووەم:**

**پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران سیستەمێکی تایبەت دەربکات بۆ پێدانی بەخشینی پلەی زانستی و نازناوی زانستی و بەرزکردنەوەی زانستی بۆ جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەو یاسایە.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەو شێوەیەی کە دوا سیاغە خوێنرایەوە، تکایە کێ لەگەڵ دایە دەست بەرز کاتەوە؟ کێ لەگەڵ دانیە؟** (5) **کەس لەگەڵ دانیە بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، فەرموو بۆ ماددەیەکی تر.**

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة الثالثة:**

**يستحق المشمولين باحكام هذا القانون مخصصات اللقب العلمي وفق تعليمات خاصة تصدر من مجلس الوزراء.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بە کوردیەکەی فەرموو.**

**بەڕێز د. عمر حمدامین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی سێیەم:**

**بۆئەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیان گرێتەوە دەرماڵەی نازناوی زانستیان پێ دەدرێت بەپێی ڕێنماییەکی تایبەتی کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەردەچێت.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**فەرموو مامۆستا عمر.**

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**( يستحق المشمولين) ئەو ماددەیە سیاغەکەی غەلەتە، دەبێت (المشمولون) بێت نەك (المشمولين)، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**کاك خورشید فەرموو.**

**بەڕێزخورشید احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بە ڕەئی من ئیمتیازات باشترە لە موخەصەصات، ئیحتیمالە شتی تر هەبێت، نەك تەنها موخەصەصات ئیمتیازاتی تر هەیە، ئیمتیازات باشترە لە موخەصەصات و شامیل تریشە، سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**سۆزان خان فەرموو.**

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بۆئەوەی بەو شێوەیەی کە کاك خورشید باسی کرد، تەنها باسی موخەصەصات نەکرێت، دەبێت بوترێت (حقوق وامتیازات) کەواتە ئێستا (يستحق المشمولون بأحكام هذا القانون حقوق وامتيازات اللقب العلمي وفق تعليمات خاصة تصدر من مجلس الوزراء).**

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی سکرتێری پەرلەمان، تێبینی هەیە؟

**بەڕێز فرست احمد/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

موخەصەصات موستەلەحێکی موحەددەدە، کە لە دەوائیری ڕسمی بەکار دێتن لە ناحیەی قانونی، (قطاع خاص) ئەو وشەیە بەکار ناهێنن، بۆیەش ناتوانین ئیلزامیان بکەین بە موخەصەصات، چونکە ئیشکردن لە(قطاع خاص) نەتیجەی عەقدێکە لە بەینی خاوەنی ئیش و حاملی شەهادەی دکتۆرا یان ماجستێر، ئەو دەتوانێت شەرتی خۆی لەسەر فەرز بکات، ئەگەر بەکالۆریۆس هەبێتن بە 1000 دۆلاری ئیش بکات، ئەگەر دکتۆرا هەبێت بە 1300 ئیش بکات، بەخۆی ئەو فەرقە دەخاتە سەر ئجوری خۆی، نەکو ئێمە کەلیمەی موخەصەصات بۆ (قطاع خاص) بەکار بێنین، چونکە ئەوە خاصە بە دەوائیری ڕسمی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵی یەکەم: کە ویستم بڵێم جەنابی سکرتێری پەرلەمان وتی، ڕاست دەکات، (قطاع خاص) تەعلیمات و یەعنی گرێبەستە، دووەمیان : دەمێنێت ئایا موخەصەصات بێت یان حقوق وئمتیازات بێت؟ بەڕاستی هەردووکی سەقەتە بەتەنێ هی من قانونی نیە، حەز دەکەم کاك فرسەت ئەو ئەگەر بڵێی (مخصصات اللقب العلمي) مەنحی ئەوان (مشمولون)، واتە شتێك هەیە ناوی (مخصصات اللقب العلمية) دەڵێی ئەوانەش مەشمول دەبن پێی، ئەگەر وتت (حقوق امتيازات اللقب العلمي) مەعنا وێ هەیە و، دەتەوێت ئەمانەش مەشمول بن پێی بە پێی تەعلیماتێك، بۆیە تەسەوری شەخسی من ئەصڵەن دەقیق نیە، یەك: ئەوەی کەرتی تایبەت، دووەم: هەندێك پلەی تایبەت هەیە ڕاتبەکەی مەقتوعە مەعقول نیە پلە تایبەتێك، یەعنی هیچ عیلاقەی بە لەقەبی عیلمی و شت نیە، مەقتوعە ڕاتبەکەی، ئەوانەی خوارەوە وتم لەسەر شەهادەکە یەعنی دیارە ئەمە گۆڕانکاریەکی گەورە دەکرێتە سیستەمی مووچەکان، دەبێت لەوە زیاتر ئەو ماددەیە یان فراوانتر بێت یان بە سیستەمێکی فراوان تر بێت، بۆیە تەسەور دەکەم ئەگەر نەبێتیش، ببورە با تەواو بکەم سۆزان خان، ڕەجات لێدەکەم، تەسەلسولی بیرکردنم لێ تێك مەدەن ڕەجات لێدەکەم، پێشنیارەکەی من ئەوەیە چونکە ئەو هەموو ئیشکالیەتەی تێدایە نابێت تەتبیقی بکەی لەسەر کەرتی تایبەت، موخەصەصات وجودی نیە تا بڵێی مەشمول بێت، ئیمتیازات وجودی نیە دەبێت تەعلیماتەکان تەعریف بکات، ئەنجومەنی وەزیران بۆی هەیە لەهەر کاتێك ویستی ڕێنمایی دەربکات، تۆ ئیلزامت کردووە نیزامێك دەرکات، بە تەسەوری من ئەم ماددەیە زیادە و، بەتایبەتی بەوشێوەیە ئیرباکە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆر عمر فەرموو.

**بەڕێز د. عمر حمدامین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا هەم دەرماڵە تیدا بێت، هەمیش كەرتی تایبەت بگرێتەوە باشە، بۆ؟ مامۆستایەك هەیە هەڵگری بڕوانامەی ماستەرە لە یەكێك لە قوتابخانەكانی كەرتی تایبەت دا وانە دەڵێتەوە، لەقەبی عیلمیشی پێدەدرێت، تۆ دەبێت ئەم جیهەتەی كە خاوەنی ئەو قوتابخانەیە ئیلزام بكەی بەوەی كە موخەصەصاتی لەقەبی عیلمی بداتێ، بۆ نموونە ئێستا پەیمانگامان هەیە، پەیمانگای كۆمپیوتەری ئەهلی (5) ساڵە، لەوێ مامۆستا هەیە كە ماستەری هەیە و لەوێ دەرس دەڵێتەوە، تۆ دەبێت ئەو لایانەی كە خاوەنی ئەم مەشروعەیە واتە وەكو كەرتی تایبەت ئیلزامی بكەی كە دەرماڵەیەكی زانستی هەبوو بیداتێ، یان یەكێكی تر مەسەلەن دكتۆرایەو لە كۆمپانیایەك كار دەكات و، لەقەبی عیلمی دەدرێتێ بە گوێرەی ئەو قانونە، بۆیە لەڕاستیدا پێویستە كەرتی تایبەتیش ئیلزام بكەین، بەوەی كە ئەگەر بڕیارمان دا ئەگەر دەرماڵەی عیلمی بەوانە بدرێت، دەبێت ئەوان بیدەن، لەلایەكی تریشەوە سەبارەت بە دەرماڵە، لە قانونی هەمواركردنی قانونی خدمەی جامیعی عیراقی بە نەص هاتووە، كە دەرماڵە دەدرێت بە ئەوانەی خاوەنی نازناوی زانستین و نسبەتەكەشی دیاری كردووە، واتە لە قانون دا هاتووە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێستا لە ئەرزی واقیعدا سێ گروپ خەڵكمان هەیە، كە هەرسێكیان من وەكو نموونە دەیهێنمەوە لە وەزارەتی پەروەردە كار دەكەن، گروپێكیان لە ڕۆژی وەرگرتنی فەرمانی زانكۆییەوە موخەصەصاتی لەقەبی عیلمیان بۆ سەرف دەكرێت، گروپێكیشیان وەریان گرت و حكومەت بە بڕیارێك پارەكەی لێ سەندوونەوەتەوە، گروپێكیشیان هەتا ئێستا لە ڕۆژی دەرچوونی فەرمانی زانكۆییەوە هیچ جۆرە موخەصەصاتێكیان بۆ سەرف ناكرێت، ئەمە چۆن چارەسەر بكەین؟ ئەگەر نەیێن لە ماددەیەكی یاسایی بڵێین ئەنجومەنی وەزیران بەتایبەت بۆ ئەم یاسایە، ئەو دەرماڵەی كە ئەو گروپانە دەگرێتەوە دەبێت مەشمولیان بكات، موخەصەصاتێكی بڕێكی تایبەتیان بۆ دیاری بكات ئەمە خاڵی یەكەم، خاڵی دووەم: من لە بابەتی كەرتی تایبەت دا هەردوو ( وجهة نظر)ەكە ڕاستە، وجهة نظركەی كاك عبدالسلام، چونكە لە كەرتی تایبەت دا بە دەرماڵەو شتەوە دیاری ناكرێت بڕی مووچەكە، بە پاكیجێك دەڵێت تۆ ئەگەر بێیت لەلای ئێمە كار بكەی ئەوەندە دەبێت پاكیجەكەت، بەلاَم لەهەمان كاتیش دا ئێمە شتێكی تریشمان هەیە لە وەزارەتی پەروەردە، قوتابخانەی ئەهلی، پەیمانگای ئەهلیمان هەیە، كە ئەوانە هەندێكیان مامۆستای موعارن، هەندێكیشیان یەعنی تەنسیب پێكراون ڕۆیشتوونەتە ئەو قوتابخانە ئەهلی و پەیمانگا ئەهلیانە، هەندێكیشیان بە تەعین بوون، تۆ دەبێت كە یاسات دارشت ئەوەشت لەبەر چاو بێت هەندێك لەوانە

مونەسەبن لەلایەن وەزارەتەکەی خۆتەوە دەچنە لای ئەو شوێنە ئەهلیە کاردەکەن، بۆیە ئەگەر ئەو ماددەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە دەستکاری نەکرێت زیاتر ئەو خەڵکانەی کە لەویان سوودمەند دەبن، ئەوسا دەشمێنێتەوە بۆ خاوەنی کەرتی تایبەتەکە دەڵێت من مولزەم نیم بەو برگەیە، من جێبەجێی ناکەم، ئیتیفاق دەکەم لەگەڵت لەسەر یەك برە پارەی دیاریکراو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

عظیمة خان فەرموو.

**بەڕێز عظیمة نجم الدین حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە لە ماددەی سێیەم، لە ماددەی یەکەم خۆی دیاریکراوە کە کەرتی تایبەت و هەموو ئەوانەی کە لە وەزارەتی پەروەردە و دامودەزگا ڕسمیەکانی تر، بەلاَم لێرەیە ئەوانەی کە حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە دەرماڵەی نازناوی زانستیان پێ دەدرێت، بەلاَم هەمان ماف و ئیمتیازیان ئەدرێتێ، مافەکەی ئەوەیە کە نازناوی زانستی و ئیمتیازەکەشی موخەصەصاتەکەیەتی، چ پێویست دەکات ناوی بنێین دەرماڵەی زانستی یان ئەوە؟، بەلاَم ئێمە دەتوانین بڵێین هەمان ماف و ئیمتیازیان دەدرێتێ، وەکو ئەوەی کە لە یاسای وەزارەتی پەروەردە دا هاتووە هەلگرانی بروانامەی ماستەر و دکتۆرا هەمان ماف و ئیمتیازیان دەدرێتێ، بەلاَم بە سیستەمەکەی تر ئەو ئەنجومەنە دروستی دەکات لە ئاخیری دا، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەڤین خان فەرموو.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من نازانم واتێدەگەم کەوا لێرە دا تێکەڵ بوونێك دروست بووە لەلای ئێمە، لەبیرمان نەچێت لە وەزارەتی مالیە تەعلیماتێك کە لە حکومەتی ئیتیحادیەوە هاتووە، سەبارەت بە هەموو دەرماڵەکان، کە باسی دەرماڵەی ماجستێرو دکتۆرا دەکات، بۆ ماجستێر 75٪)ی داناوە، بۆ دکتۆرا (100٪) موخەصەصاتی داناوە، ئەمە هی شەهادەکەیە، بەلاَم ئەو موخەصەصاتەی کە ئێستا بەڕێزان باسی دەکەن هی لەقەبەکەیە کە تەفەروغی وابزانم عیلمی پێ دەوترێت، حەسەب ئەوەی کە دیاریکراوە لە یاسای خوێندنی بالاَ، ئەم تەفەروغە عیلمیە (100٪) دیسان بۆ ئەوانەی کەوا دەرس دەڵێنەوە، بۆیە بەڕاستی ئێمە لێرەدا غەدرێك دەکەین، ئەگەر بێت و ئێمە ئەصڵەن بەپێی یاساکانیش بۆمان نیە ئێمە فەرزی مالی بکەینە سەر (قطاع خاص)، بەوەی کەوا دەرماڵە یاخود بۆ خەڵکێك کە عەقدی لەگەڵ دەکات، بەهۆی ئەوەی کە هەلگری ماستەرە یان دکتۆرا، ئەمە خۆی دەبێتە خیلافی قانون، بۆیە بۆ (قطاع خاص) ناتوانین دیاری بکەین، دوو: ناتوانین ناوی بنێین موخەصەصات، لەبەرئەوەی خۆی ئەصڵەن موخەصەصات لە قانون و تەعلیماتی

ئیداریە هاتووە، ئەم دوو خاڵە ئەگەر ئێمە ڕەچاوی نەکەین ئێستا لێرەیە باسی موخەصەصات بکەین، بەتایبەتی بۆ کەرتی تایبەت و بۆ کەرتی عامیش، ئێمە لێرەیە تووشی گرفتێکی قانونی دەبین، دژایەتی دەکەین لەگەڵ ئەو تەعلیمات و یاسایانەی کە ئێستا کاری پێ دەکرێت لە وەزارەتی مالیە یان هەموو دەوائیرەکانی حکومەت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شوان فەرموو.

**بەڕێز شوان عبدالکریم جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کۆمەڵێك جیاوازی زۆر هەیە لەنێوان ئەو یاسایانەی کە کەرتی گشتی کاری پێ دەکات و، ئەوەی کەرتی تایبەت کاری پێ دەکات و، ئەو جیاوازیە لە هەموو دونیاشدا بەڕاستی زۆر لەبەر چاوە، شتێك نیە بڵێی بەدوایە بۆی بگەڕێین، یەکێك لەو جیاوازیە مەسەلەی مووچەو دەرماڵەیە، لە وڵاتی ئێمەش کەرتی تایبەت ئیش بە یاساکانی کەرتی گشتی ناکات، یاسای خۆی هەیە و، ئەوەی کە حکومەت یاسای دەرکردووە بۆ ڕێکخستنی کەرتی تایبەت، بەڵام دیاری نەکردووە مووچە چەند دەدات بەو کارمەندەی کاری لا دەکات بە عەقد و موخەصەصاتی چەند دەداتێ؟، تکام وایە لەم خاڵەیە بە دیقەت بن و، بەتایبەتی بەڕێزە یاسا ناسەکان زیاتر هەوڵ بدەن بگەنە سیغەیەك کە دوایی عەیب دار نەبێ، چونکە ئێمە ئەصڵی یاساکە هەموومان کۆمەڵێك تێبینیمان لەسەری هەبوو بە بەڕێز وەزیریشەوە، با ئەمەش نەبێتە خاڵێکی زەعیف تر لە یاساکە، هیوادارم یەعنی بەدیقەت لەسەر ئەم خاڵە ئیش بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاخر هەر ئەو موداخەلە و موداخەلە کاری و شتانە تەواو نەبوو، فەرموو دکتۆر عمر.

**بەڕێز د. عمر حمدامین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە موخەصەصاتی لەقەبی عیلمی، لە ڕاستیدا ئەوە قانونی هەموارکردنی یەکەمی قانونی خدمەی جامیعی عیراقی ژمارە (23)ی ساڵی (2008)، ئەمە قانونە لە پەرلەمانی عیراقی دەرچووە لێرەش جێبەجێ دەکرێت، لە ماددەیەك دا بە وازیحی هاتووە، دەڵێت هەر فەرمانبەرێك کە بەردەوامە لە خزمەت موخەصەصاتی لەقەبی عیلمی بەگوێرەی ئەو نیسبەتە پێ دەدرێت، لە (15٪) دەدرێتە مودەریس موساعید، لە (25٪) دەدرێتە مودەریس، لە (35٪) دەدرێتە استاذ موساعید، لە (50٪) دەدرێتە پرۆفیسۆر، ئەمە بە قانون هاتووە و وازیحە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆرە.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئێمە لە ماددەی یەکی ئەو پرۆژە یاسایە، دەنگمان بۆئەوە دا کە ماددەکە بۆ دوو بڕگە، واتە کەرتی گشتی و کەرتی تایبەتمان لێك جودا کردەوە، ئێستاش وا باس لە دەرماڵە دەکەین، دەرماڵەکە تەنها ئەوانە بگرێتەوە کە لە بڕگەی یەکەمی ماددەی یەك دەنگمان بۆ دا، لە ماددەی یەك تەنها ئەوانە بگرێتەوە کە لە دامودەزگا حکومیەکان کاردەکەن، لە دەرەوەی میلاکی وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی، (يستحق المشمولون بأحكام المادة الاولى اولاً من هذا القانون مخصصات اللقب العلمي).**

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**عەرەبیەکە دەکەینە ئەساس، کێ لەگەڵ دایە؟ تکایە دەست بەرز بکاتەوە، کەس لەگەڵ دانیە؟ فەرموو بیخوێنەوە.**

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**لیژنەی پەروەردە داوا دەکات ڕستەیەك زیاد ببێت (يستحق المشمولون بأحكام المادة الاولى اولاً من هذا القانون مخصصات اللقب العلمي وفق النظام الذى يصدر من مجلس الوزراء).**

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**کێ لەگەڵ دایە؟ کێ لەگەڵ دانیە؟ (2) کەس لەگەڵ دانیە بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، فەرموو بۆ ماددەیەکی تر.**

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة الرابعة:**

**على مجلس الوزراء و الجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**فەرموو بە کوردیەکەی.**

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنانی پەیوەندیدارە حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**کێ لەگەڵ دایە؟ کێ لەگەڵ دانیە؟ (2) کەس لەگەڵ دانیە بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، فەرموو بۆ ماددەیەکی تر.**

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**المادة الخامسة:**

**ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية( وقائع كوردستان).**

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**كێ لەگەڵ دایە؟ كێ لەگەڵ دانیە؟ (1) كەس لەگەڵ دانیە، بە زۆرینەی دەنگ پەسەند كرا، فەرموو بۆ ئەسبابی موجەبە.**

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**الاسباب الموجبة**

**بغية تشجيع و تطوير الابداع و البحث العلمي لحملة شهادة الماجستير او الدكتوراة في اقليم كوردستان و ضمان حقوقهم بشكل عادل، شرع هذا القانون).**

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**بە كوردیەكەی فەرموو.**

**بەڕێز د. صباح محمد نجيب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**هۆكارەكانی دەرچواندنی ئەم یاسایە**

**بە مەبەستی هاندان و پەرەپێدانی داهێنان و توێژینەوەی زانستی بۆ هەڵگرانی بڕوانامەی ماجستێر و دكتۆرا لە هەرێمی كوردستان و دابین كردنی مافەكانیان بەشێوەیەكی دادپەروەرانە، ئەم یاسایە دەرچوێنرا.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**فەرموو كاك عبدالسلام.**

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صدیق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ئەم ئەسباب موجەبە ئێستا ئێمە چوار ماددەمان پەسەند كرد، پێنج ماددە هیچ عیلاقەتی بەو نەسە نیە، یەك، هیچ بابەتێك، ماددەیەك ناڵێت چۆن هانی عەمەلەی ماجستێر و دكتۆرا كرد كە بە بەحسی عیلمی تەرقیە دەكەن؟، دوو: هیچ عەدالەتێكی تێدانیە، ئەو مامۆستایانەی لە زانكۆكانی ئەهلی دەرس دەڵێن و خەریكی وتنەوەی دەرسن، بەحس و ڕاپۆرت پێشكەش دەكەن، ئەم یاسایە نایانگرێتەوە، بەلاَم ئەوانەی كە لە تەربیە ئیش ناكەن و، ئەوانەی دەرسدان ناكەن دەرەجەی عیلمی دەدەیتێ، بۆیە عەدالەتی تێدا نیە، بۆیە ڕەجاتان لێدەكەم ئەم نەسە بگۆڕن و بیگونجێنن لەگەڵ ئەوەی مەبەستتان بوو، بۆئەوەی ئەوانەی**

ماجستێر و دکتۆرایان هەیە و کاری تەدریس ناکەن، موخەصەصات و ئیمتیازات وەرگرن ئەم یاسایە دەرچوێنرا، بۆئەوە دەرچووە بۆ هیچی تر دەرچووە؟، حەقیانە دەرەجە وەرگرن، حەقیانە موخەصەصات وەرگرن، هیچ شتێکی تر لەو یاسایە نیە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە ئەو یاسایە بۆئەوە نیە بێین ئەفزەلیەت بدەین بە فیئەیەك بەسەر فیئەیەکی تر، یان ڕەنج و ماندوو بوونی مامۆستایانی زانکۆ و شێوازی تەرقیە کردنەکەی کە خۆیان هەنە بەپێی ئەو ئسوسەی ئەوان هەیانە، ئێمە بێین بەرامبەر بەوان کۆمەڵە خەڵکێك بەبێ ئەوەی هیچ بکات لەقەب بکەین، ئێمە گفتوگۆمان کردووە و، بگرە ئیتیفاقیشمان کردووە لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە و وەزارەتی خوێندنی باڵا، لە دەرکردنی ئەو نیزامەیە، ئسوسی تەرقیە چۆنە لە وەزارەتی خوێندنی باڵا بە هەمان شێوە بۆئەوانەی کە لە دەرەوەی وەزارەتی خوێندنی باڵان، بەمەرجێك لەقەبەکەی کە دەدرێتی لەقەبێکی جیاواز بێت لەگەڵ ئەو لەقەبە نابێت بەو لەقەبەی کە لە وەزارەتی خوێندنی باڵا دا هەیە، ئێمە ڕێز لە ماندوو بوونی ئەکادیمیانی کوردستان دەگرین و، دەزانین ئەوان چ موستەحەقاتێکیان هەیە و چۆن پلەیان بەرز دەکرێتەوەو بە چ شێوەیەکە؟ بەڵام ئەوەی کە لە دەرەوەی وەزارەتی خوێندنی باڵایە و هەڵگری بڕوانامەی باڵایە ئەویش مافی خۆیەتی دەرفەتێکی بۆ بکەیتەوە، دەرگایەکی بۆ بکەیتەوە بۆ بەرزکردنەوەی پلەکەی و تەقدیم کردن و هاندان بۆ پێشکەش کردنی توێژینەوەی زانستی، بەبێ توێژینەوەی زانستی تەرقیات ناکرێت لە ئێستاوە، بۆئەوەی لەلای هەموان ڕوون بێت و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز سکرتێری پەرلەمان چەند تێبینیەکی هەیە؟ با بفەرموێت.

**بەڕێز فرست احمد/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە ڕەئی من هەکا جوملەی موختەلیف دیراسات اقلیم کوردستان ئیزافە بکرێت، ئەوە دیار دەبێت لەسەر هەموو ئاستەك تەشجیعی ئەوان دەکرێت و بەو شکلە بێت (بغية تشجيع و تطوير الابداع و البحث العلمي لحملة شهادة الماجستير او الدكتورا في مختلف دوائر و مؤسسات اقليم كوردستان و ضمان حقوقهم بشكل عادل، شرع هذا القانون).

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆر عمر فەرموو.

**بەڕێز د. عمر حمدامین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پشتیوانی لەو دووبارە داڕشتنەوەی بەو شێوەیەی، کە بەڕێز کاك فرست کردی پشتیوانی لێدەکەین، چونکە لە ڕاستیدا ئەگەر سەیر بکەین ئێمە لە هەرێمی کوردستان هەڵگری بڕوانامەی ماستەر یان دکتۆرامان هەبووە، بەشێکیان نازناوی زانستی و تەرقیەی عیلمیان هەیە و ئەو مافەیان هەبووە، بەلاَم بەشێکیان نەیان بووە، کەواتە ناعەدالەتی هەبووە یان ناهاوسەنگی هەبووە بە نیسبەت دەربڕینێکی تر، ئێمە ویستوومانە لەڕاستیدا بە لەبەر چاوگرتنی ئەم خسوسیەتەی کە بۆ هەڵگرانی بڕوانامەی ماستەر و دکتۆرا لە زانکۆکان هەیە و، پێویستە ئەم خسوسیەتە تایبەتەیان هەبێت، بەلاَم خەڵکانێکی تریش هەن خاوەنی هەمان بڕوانامەی بالاَ و ئینتاجی عیلمیان هەیە و شروتیان تێدا هەیە، با ئەوانیش بێبەش نەبن لەو مافە و لە فۆڕمێکی تایبەت بێت و لە ناوەڕۆکێکی تایبەت دا کە جیا بێت لە وەزارەتی خوێندنی بالاَ ئەم مافە بۆ ئەوانیش مسۆگەر بکەین، بێگومان مسۆگەر کردنی ئەو مافە لە لایەکەوە هاوسەنگی دەگەڕێتەوە، بێگومان تەشجیعێکیش دەبێت بۆ ئەوەی کە ئەوان بەردەوام بن، لە ئینتاجی عیلمی، لە داهێنانی عیلمی، چونکە حقوق و ئیمتیازاتی مەعنەوی و ماددیان بۆ مسۆگەر دەکرێت بە گوێرەی ئەم یاسایە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە دوا سیاغەی ئەسبابی موجەبە بخوێننەوە.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بغية تشجيع و تطوير الابداع و البحث العلمي لحملة شهادة الماجستير او الدكتورا في اقليم كوردستان و ضمان حقوقهم بشكل عادل، شرع هذا القانون.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەسبابی موجەبە و سەرجەم یاساکە دەخرێنە دەنگەوە کێ لەگەڵ دایە؟ تکایە دەست بەرز بکاتەوە، کێ لەگەڵ دانیە؟ (7) کەس لەگەڵ دانیە بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، پیرۆزبایی لە هەموو ئەو مامۆستایانە دەکەین کە خاوەنی شەهادەی ماستەر و دکتۆران، چ ئەوانەی زانکۆ ڕسمیەکان، چ لە ئەوانەی زانکۆ ئەهلیەکان یان ئەوانەی کە لە قیتاعی خاص ئیش دەکەن، پیرۆزباییان لێ دەکەین کە ئەم قانونەیان بۆ ئیقرار کرا لە پەرلەمان و ئومێد دەکەین لە هەموو لایەك سوودمەند بن و ئەوانەی کە لە خزمەتی میللەتەکەمان دادەبن، زۆر سوپاس بۆ تەواو بوونی ئەم یاسایە، ئێستا دێینە سەر خاڵی دووەم، جەنابی وەزیر ئەگەر قسەیەکت هەبێت؟ فەرموو جەنابی وەزیری خوێندنی بالاَ.

**بەڕێز وەزیر د. علی سعید محمد/ وەزیری خوێندن بالاَ و توێژینەوەی زانستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**سوپاس و پێزانینی خۆم ئاراستەی سەرجەم لیژنە پەیوەندیدارەکان و سەرجەم ئەندامە بەڕێزەکانی پەرلەمانی کوردستان دەکەم، داواکارم کە لە ڕۆژی یەکەم دا ئەو تێبینیانەی کە خستمە بەردەمی ئەندامانی بەڕێز، داڕێژراوە بە شێوەی نووسراوێك لێم وەرگرن بۆ ئەرشیفی پەرلەمانی کوردستان، ئەگەر مومکین بێت.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**هەموو ئەو قسانەی کە جەنابت و سەرجەم پەرلەمانتارە بەڕێزەکان کردیان، لەو دوو، سێ ڕۆژەی ڕابردوو قسەیان کردووەو ڕای جیاوازیان داوە یان ڕای وەك یەکیان داوە هەموو لە پرۆتۆکۆلی پەرلەمان تۆمار کراوە لە ئایندەدا حەتمەن چاپ دەکرێت و دەخرێتە بەردەستی هەموو خوێنەرانی کوردستان، دەست خۆشیش لە پەرلەمانتارە بەڕێزەکان دەکەین، کە لەو چەند ڕۆژەی ڕابردوو ماندوو بوون، ئێستا دێینە سەر خاڵی دووەم: خاڵی خستنەڕوو گفتوگۆکردنی پرۆژە یاسای پاراستنی دارستان لە هەرێمی کوردستان، ئێمە سوپاسی لیژنەی پێشوو دەکەین، خوێندنی بالاً کە ئیشەکەیان تەواو بوو، ئێستا لیژنەی تایبەت بە خاڵی دووەم لەگەڵ لیژنەی یاسایی بفەرموون بۆ سەکۆی لیژنەکان، لیژنەی تەندروستی، لیژنەی کشتوکاڵ با بفەرموێت.**

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**پرۆژە یاسای پاراستنی دارستان ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی، بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان، ڕاپۆرت سەبارەت بە پرۆژە یاسای پاراستنی دارستان، لیژنەی کاروباری یاسایی ڕۆژی 19/خەرمانان/2712ی کوردی بەرامبەر 2012/7/30ی زایینی کۆبوونەوە بۆ تاوتوێ کردنی پرۆژە یاسای پاراستنی دارستان، کە لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران پێشکەش کرا بوو، دوای خوێندنەوەی یەکەمی لە پەرلەمان، لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (4) ڕۆژی 2011/10/3 بۆ لیژنەکەمان نێردرا، دوای گفتوگۆ و تاوتوێ کردن لیژنەکەمان گەیشتە ئەمانەی خوارەوە:**

**1- لیژنە لەڕووی مەبدەئیەوە پشتگیری لە پرۆژەکە دەکات.**

**2- پرۆژەکە هەندێك هەڵەی زمانەوانی و چاپی تێدایە لە ڕووی ڕیزبەندی ماددەو برگەو ناوەڕۆکەکەی، هەروەك لەکاتی خوێندنەوە دا دەردەکەوێت، لیژنە پێشنیاز دەکات کە چاك بکرێتەوە.**

**3- لیژنە پێشنیاز دەکات پێشەکی و دەست پێکەکەی بگۆڕدرێت بۆ ئەو پێشەکیەی کە پەرلەمان دایناوە، چونکە ئەو پێشەکیە بۆ سەرۆکایەتی هەرێمە نەك بۆ پەرلەمان.**

**سەبارەت بە ماددەی یەکەم داڕشتنی پێشەکی ماددەکە بەو شێوەیە دەبێت:**

مەبەست لەو دەستەواژەو دەربڕینانەی خوارەوە ئەوەیە کە ماناکانی بەرمبەریان، بەرامبەریان دیاریکراوە بۆ مەبەستی ئەو یاسایە، سەبارەت بە بڕگەی یەکەم و دووەم و سێیەم و چوارەم هیچ تێبینیەکی لەسەری نیە، سەبارەت بە بڕگەی پێنجەم: پێشنیار دەکەین داڕشتنەکەی بەو شێوەیەی خوارەوە بێت:
بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پاراستنی دارستان و ژینگە لە هەرێمدا، بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی سەر بە وەزارەتی ناوخۆ، کە ئەرکی پاراستنی دارستان و بەروبوومەکانی پێ سپێردراوە، سەبارەت بە بڕگەی شەشەم: پێشنیار دەکەین بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە: پۆلیسی دارستان هەموو پۆلیسێك، ئەفسەرێك کە سەر بە بەڕێوەبەرایەتی پاراستنی دارستان و ژینگە بێت، سەبارەت بە بڕگەی حەفتەم: پشتگیری ڕای لیژنەی کشتوکاڵ دەکەین، کە داڕشتنەکەی بەو شێوەیە بێت: یەکگرتنەکی ژیانی تەواوە لە نەمامەکان و پاوان و پووش و پەلاش و چیلکە و باقی ڕوەکەکانی تر پێکدێ، هەروەها ئاژەڵی کێوی و ئاوی و زیندەوەرە وردیلەکان، چ ئەوانەی کە بەخۆرسك دەڕوێن یان ئەوانەی دەستکردن، بڕگەکانی هەشتەم تا چواردەم هیچ تێبینی لەسەر نییە، بڕگەی پانزدەم لیژنە پێشنیار دەکا بەم شێوەیە دابڕێژێتەوە (مەر و مالات هەموو جۆرە ئاژەڵێکی بەخێوکراو یان ماڵی)، بڕگەی شازدەم هیچ تێبینی لەسەر نییە، ماددەی دووەم: سەبارەت بە بڕگەی یەکەم پێشنیار دەکەین بەم شێوەیە دابڕێژێ (ڕێکخستن و بەڕێوەبردن و پاراستنی دارستان و چاککردن و زیادکردنی ڕووبەر و پارێزگاری لەجێگیری و هاوسەنگییە سروشتییەکەی و درێژە پێدانی)، بڕگەی دووەم هیچ تێبینی لەسەر نییە، بڕگەی سێیەم پشتگیری لە پێشنیاری لیژنەی کشتوکاڵ دەکەین، کە بەم شێوەیە دابڕێژێتەوە ( پاراستنی دارستان وەکو سامانەکی نەتەوەیی و نیشتیمانی و پارێزگاری لە جۆرە سروشتیە گونجاوەکانی و چاککردنی و هەوڵدان بۆ مانەوەی بنچینە بۆ ماوەکانی لەکوردستاندا)، بڕگەی چوارەم پێشنیار دەکەین دابڕێژێتەوە بەم شێوەیە ( پارێزگاری کردن لەجوانی سروشتی و ژینگەی و بەدەستهێنانی ناوچەی گەشتیاری و ڕابواردن بەمەبەستی هاندان و بووژانەوەی جوولەی گەشتیاری لەهەرێمدا)، پێشنیاری زیادکردنی بڕگەیەك دەکەین بە ریزبەندی بڕگەی پێنچەم بەم شێوەیە ( رووپێوکردن و رووماڵکردنی دارستانەکان بە مەبەستی دارشتنی بەرنامە بۆپەرەپێدان و پارێزگاری کردنیان بەهاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان، سەبارەت بە ماددەی سێیەم بڕگەی یەکەم، هیچ تێبینی لەسەر نییە، بڕگەی دووەم وشەی بەندی یەکەم لە ناوەرۆك دا بگۆڕدێ و بکرێتە بڕگەی یەکەم، هەروەها لەهەر ماددەیەکی تردا هاتبێ بە هەمان شێوە بگۆڕدرێ، چونکە ئەوەی باوە لە دابەشکردنی وشەکان بڕگە بەکاردێ، داڕشتنەکەشی بەم شێوەیە بێ (تەرخانکردنی ئەو زەویانەی کە لەبڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە دا هاتوون بەگوێرەی یاسا)، بڕگەی سێیەم هیچ تێبینی لەسەر نییە، بڕگەی چوارەم لیژنە پێشنیار دەکات بڕگەی چوارەم بکرێتە ماددەیەکی سەربەخۆ، ریزبەندی ماددەکان بگۆردرێن، بڕگەی چوارەم بکرێتە ماددەی سەربەخۆ، زەوییەکانی دارستان و پاوان ئەوانەی تەوسییە نەکراون بە ناوی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوەوە تۆمار بکرێن، سەبارەت بەماددەی چوارەم، یەك: دەستەواژەی سامانی نەتەوەیی بخرێتە پاش وشەی هەرێم، دوو: داڕشتنی بڕگەی یەکەم بەم شێوەیە

بێ، (نابێ خاوەنداریەتی زەوییەکانی دارستان بگوازرێتەوە بۆ هیچ کەسێك و لایەنێك، ئەگەر هاتو بۆ پرۆژەیەکی ستراتیژی نەبوو کە نەتواندرێ ئەم پرۆژەیە بگوازرێتەوە شوێنی تری گونجاو بۆ جێ بەجێکردنی، ئەمەش بەبڕیاری ئەنجومەنی وەزیران دەبێ و دەبێ پاساویشی تێدا دیاری بکرێ، سەبارەت بەبڕگەی دووەم، خاڵی سێ وشەی دامەزراوە بکرێ بەشوێنەکانی خزمەتگوزاری و بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە ( دروستکردنی شوێنی خزمەتگوزاری گشتی یان تایبەت لەناو زەوییەکانی دارستان دا بە شێوەی کاتی یان بەردەوام، سەبارەت بە هەمان بڕگە، بڕگەی دووەم خاڵی هەشت، بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە ( لەوەڕاندن لەناو شوێنەکانی نەمام تازە)، سەبارەت بە ماددەی پێنجەم ڕستەی (بۆ هیچ کەسێك نییە بچێتە ناویەوە لابدرێ) ، لەکۆتایی پێشەکی ماددەکەدا، سەبارەت بە ماددەی شەش و حەوت و هەشت و نۆ، هیچ تێبینی لەسەر نییە، سەبارەت بە ماددەی دەیەم، تەنها دەستەواژەی فەرمانگەکانی دەوڵەت بگۆڕدرێ بۆ فەرمانگەکانی هەرێم، ماددەی یازدە و دوانزدە و سیانزدە، تێبینی لەسەر نییە، ماددەی چواردەم لەدەقە عەرەبییەکە (غیاب الشمس) بکرێ بە (غروب الشمس)، خۆر ئاوا بوون تەنیا ئەو دەستەواژەیە بگۆردرێ، ماددەی پازدەم تێبینی لەسەر نییە، ماددەی شانزدەم، لیژنە پێشنیار دەکا ڕەت بکرێتەوە، چونکە پێچەوانەی دەستوور و یاساکان و بنەماکانی مافی مرۆڤە، ماددەی حەڤدە و هەژدە و نۆزدە و بیست، هیچ تێبینی لەسەر نییە، بیست و یەك وشەی دەست درێژی بکرێتە زێدە ڕۆیی، ماددەی بیست و دوو و بیست و سێ، هیچ تێبینی لەسەر نییە، ماددەی بیست و چوار، خاڵی یەك یاخود بڕگەی یەکەم تێبینی لەسەر نییە، بڕگە دوو پشتگیری ڕای لیژنەی کشتوکاڵ دەکەین کە بڕگەیەك بەریزبەندی پێنجەم زیاد بکرێ، سەبارەت بەماددەی بیست و پێنج، پشتگیری پێشنیارەکەی لیژنەی کشتوکاڵ دەکەین بەزیادکردنی بڕگەیەك بۆماددەکە و بڕگەی یەك، بکرێتە بڕگەی یەکەم لەماددەکە، دەقی ماددەکە بکرێتە بڕگەکانی دووەم و سێیەم، وەزارەت دەبێ کەل و پەل و پێداویستی میکانیکی و هی دەستی و بەرەنگار بوونەوە و کوژانەوەی ئاگر دەستەبەر بکات و چاودێری و بەرەنگار بوونەوەی ئاگر لەو شوێنانە دروست بکات کە دارستانەکەی تێدا زۆر چڕە، سەبارەت بەماددەی بیست و شەش هیچ تێبینی لەسەر نییە، تەنها لەڕووی داڕشتنەوە، سزای گرتنی لەسێ مانگ کەمتر نەبێ وە لەساڵێك زیاتر نەبێ یان بەغەرامەیەك کەمتر نەبێ لە (250) هەزار دینار و زیاتر نەبێ لە (3) ملیۆن دینار، ئەو سزایە دەسەپێ بەسەر هەرکەسێك کە سەرپێچی حوکمەکانی یەك و دوو و چوار و پێنج، شەش، حەوت، هەشت،ی بڕگەی دووەمی ماددەی چوارەمی ئەو یاسایەی کرد، خاڵی دووەمی ماددەی بیست و شەش سزای گرتن لە ساڵێك کەمتر نەبێ و لە دوو ساڵ زیاتر نەبێ یان بەغەرامەیەك کەمتر نەبێ لە (5) ملیۆن دینار و زیاتر نەبێ لە (10) ملیۆن دینار، یان بە هەردوو سزاکە سزادەدرێ، هەرکەسێ سەرپێچی لە خاڵی سێ، نۆ، دە،ی بڕگەی دووەمی خاڵی چوارەمی ئەو یاسایە کرد، ماددەی بیست و حەوت پێشنیار دەکەین بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە (سزای گرتن ماوەی لەسێ مانگ کەمتر نەبێ و لەساڵێك زیاتر نەبێ، یان غەرامە لە (2) ملیۆن کەمتر نەبێ، بەسەر هەرکەسێ دەسەپێندرێ یەکەم: هەرکەسێك هەر درەختێکی دارستانە بەتەمەنەکان یان دار لقەکانی بڕیەوە، یان

روەکە کێوییە سروشتییەکان، ئەوانەی لەبەردەم هەڕەشەی لەناوچوون دان یان زێدەڕۆیی کردە سەریان بە هەر شێوەیەك لە شێوەیەکان، دووەم هەرکەسێك ببێتە مایەی ئاگر کەوتنەوە لە دارستانەکان و زەوییە دارستانییەکان و دارستانە پارێزراوەکان و شوێنەکانی خۆپارێزی و پاوان، لەئەنجامی کەمتەرخەمی و پشتگوێخستن، ناچار دەکرێ کە قەرەبووی ئەو زیانانەش بکاتەوە کە روویان داوە بەگوێرەی یاسا پیادە کراوەکان، سەبارەت بەماددەی بیست و هەشت تەنها لەرووی داڕشتنەوە سزایەکە دابڕێژرێتەوە، باس لە سزا دەکا، (سزای گرتن کەمتر نەبێ لە مانگێك و زیاتر نەبێ لەسێ مانگ یان غەرامە لە(500) هەزار دینار کەمتر نەبێ، هەرکەسێك کە لەبڕگەکانی سەرەوەی ئاماژە پێکراو ئەو جۆرە کارانەی ئەنجامدا، ماددەی بیست و نۆ، سی، سی و یەك، سی و دوو، سی وسێ، تێبینی لەسەر نییە، ماددەی سی و چوار بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە ( وەزیر ڕێنمایی پێویست دەربکات، دەبێ وەزیر ڕێنمایی پێویست دەربکات بۆ ئاسانکاری جێ بەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایانە، ماددەی سی و پێنج لێژنە پێشنیار دەکات کە ماددەکە لابدرێت، ڕەتی دەکەینەوە، چونکە ئەم یاسایە لەعێراقدا بەپێی ماددەی بیست و شەشی یاسای دارستان و باخەکان، ژمارە (30)ی سالّی 2009 ڕەت کرایتەوە، هەروەها لێژنە پێشنیاز دەکا دوو ماددە زیاد بکرێ بۆ پرۆژەکە، ماددەیەك بەو شێوەیە بێ (کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیار ناکرێ کە پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت، ماددەکەی تریش لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکانە حوکمەکانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بکەن، سەبارەت بەماددەی سی و شەش بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە ( ئەم یاسایە لە رۆژی بلاّوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی وەقائعی کوردستان جێ بەجێ بکرێت)، سەبارەت بە هۆیە پێویستییەکانی دەرچوونی ئەم یاسایە لیژنە پیشنیار دەکات کە ئەم یاسایانەی لەهەرێمی کوردستاندا بەرکارن سەبارەت بە دارستانەکان لەگەلّ پێویستییەکانی پارستنی دارستانەکاندا ناگونجێن بەمەبەستی رێکخستنی ئیداری و پاراستن و پارێزگاری و چاککردنی دارستانەکان و زیادکردنی رووبەری سەوزایی و بەشداری کردن لە چاککردنی ژینگە و بەدەستهێنانی شوێنی گەشتیاری کە لەکاتی ئێستادا بۆتە پێویستییەکانی ژیان و بۆخۆ گونجاندن لەگەلّ بارودۆخ و سیاسەتی دارستان کە پێویستە پەیڕەو بکرێ بۆ پاراستنی دارستانەکان وەکو سامانی نەتەوەیی و نیشتیمانی پارێزگاری لە جۆرە سروشتە گونجاوەکان لەگەلّ ژینگەی ئێمە، مانەوەی بنچینەی بۆ ماوەییەکان لەکوردستاندا ئەم یاسایە دەرچوێندرا، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك جلال.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئێمەش ڕاو بۆچوونی خۆمان هەیە سەبارەت بەلیژنەی کشتوکالّ و ئاودیری، ئەمەش دەقی نووسراوەکەمانە کە بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانمان بەرز کردۆتەوە، نیشانە بەنووسراوی سەرۆکایەتی پەرلەمان ژمارە (1234) لە 2011/10/5 لیژنەکەمان کۆبوونەوەی خۆی ئەنجامدا بە ئامادەبوونی

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان کە لەهاوپێچدا واژوو کراوە، تێبینی و ڕای خۆمان تێدا دیاری کردووە و هاوپێچ لەگەڵ نووسراوماندا دەینێرینە لای بەڕێزتان بۆ کاری پێویست، تکایە لەگەڵ ڕێزدا، ئێستا دەقی تێبینی و مولاحەزەکان دەخوێنینەوە:

**یاسای ژمارە ( ) ساڵی 2011 دەروازەی یەکەم**

**پێناسە و ئامانجەکان.**

**بەشی یەکەم**

**پێناسەکان**

بەنیسبەت خاڵی (1 و 2 و 3 و 4) تێبینیمان نییە کە یاساکە وەکو خۆی بمینێتەوە کە هاتووە.

پێنجەم: بەڕێوەبەرایەتی پۆلیس و دارستان کەراسپێردراوە بەپاراستنی دارستان و بەروبوومەکانی پێکهاتەکان، وای لێبێ.

شەشەم: تێبینیمان نییە، لیژنە پێشنیاری ئەوەی خوارەوە دەکات بۆ حەوتەم ( دارستان یەکەیەکی ژیانی تەواوکارە کە پێك دێت لەدار و درەخت و پووش و پەلاش و گژوگیا و ڕووەکی دیکە و ئاژەڵی کێوی و ئاوی و زەیندەوەری ورد جا سروشتی بێت یان دەستکرد کە گەشەیان کردبێت).

ماددەی هەشتەم: تێبینیمان نییە، بۆ ماددەی نۆیەم لیژنە پێشنیاری ئەوەی خوارەوە دەکات، دارستانی تایبەت بریتیە لەو دارستانانەی کە لەلایەن کەسانی ئاسایی یان مەعنەوی یەوە دروست کرابن کە موڵکایەتی یان مافی بەکاربردنیان بۆ ئەو کەسانە دەگەڕێتەوە یان زەوییە بەردەڵانییەکان کە کشتوکاڵیان تێدا ناکرێت.

دەیەم: زەوی دارستان ئەوزەوویانەیە کە بەدارو درەختی ڕووەکی سروشتی و لەوەڕگا داپۆشرابن، بەنیسبەت ماددەی یانزدە و دوانزدە و سێزدە و چواردە و پانزدە و شانزدە، تێبینیمان لەسەر نییە.

**بەشی دووەم**

**ئامانجەکان**

ماددەی دوو: لیژنەکەمان پێشنیاری ئەوەی خوارەوە دەکات:

ئامانجی ئەو یاسایە ئەمانەی خوارەوەیە:

یەکەم: پاراستنی ئارامی ژینگەی بالانسی سروشتی، چاککردنی دارستانەکان و زیاد کردنی رووبەرەکانی.

دووەم: بەشداری کردن لە:

1- چاككردنی ژینگـه و فـەراهەم كردنـی شـوێنێكی پـارێزراو بۆگیانلەبـەر و پەلـەوەرە كێوییـەكان و پاراستنی هەمە جۆرە ژینگە.

2- فـەراهەم كردنـی هەنـدێ كەرسـتەی پێویسـت بـۆ پیشەسـازی، ئـەوەش بەچـالاكردنی وەبـەرهێنان لەسەرچاوە دارستانییەكان.

3- كەم كردنەوەی داروخانی خاك و ڕامالێینی ئەمـەش سەرچـاوەی هەڕەشـەن بـۆ ئاوڕێـژی رووبـار و دەریاچەكان بۆ خەزێنی ئاو بۆ پاراستنی سەرچاوە ئاوییەكان كە شـادەماری ژیـانن بـۆ دانیشـتوانی كوردستان.

سێیەم: پاراستنی دارستانەكان كەسامانی نەتەوەیی و نیشتیمانییە، هەروەها پاراستنی جـۆرە خۆرسـكەكانی كە گونجاون و چاككردنیان و هێشتنەوەی خۆرسك و ڕەچەڵەكردنی لە هەرێم.

چوارەم: هێشتنەوەی جوانی ئیزافە بكرێ،

بەشی سێیەم

كار پێكردن

ماددەی سێیەم

یەكەم و دووەم و سێیەم و چوارەم تێبینی نییە.

دەروازەی دوەم

ڕێ و شوێنی پاراستنی دارستان و ڕێكخستنی لایەنەكان و سوودمەند بوونیان

بەشی یەكەم

ڕێ و شوێنی پاراستنی دارستان

ماددەی چوارەم: دارستانەكانی هـەرێم، ئەمـە ئیزافـە بكرێـت دارسـتانەكانی هـەرێم سـامانێكی نەتـەوەیی و نیشـتیمانییە، (1 و 2 و 3 و 4) تێبـینی لەسـەر نییـە، پێـنج ئـەو ئیزافەیـەی بـۆ بكـرێ (سـووككردن و هەڵپاچینی دار و درەخت)، (6 و 7 و8 و9) تێبینی لەسەر نییە، دە: دامەزراندنی پڕۆژەی بەرد هەڵكەندن و دەرهێنان و گواستنەوەی لە ناوچە دارستانییەكان یان هەڵكەندنی زەوییەكەی تا دوای ئەم عیبارەتەی بـۆ ئیزافـە بكـرێ، لیژنەكـەمان پێشـنیار دەكـا لـە ( 11 )لـەكاتی وەرگرتنـی موافەقاتی یاسـای كـار پێكـراو بـۆ دروست كردنی پڕۆژەیـەك لەناوچـە دارسـتانییەكان، پێویسـتە لەسـەر لایـەنی تایبەتمەنـد لـە 30٪ ی دارو درەختەكان بهێڵێتەوە بەلایەنی كەمەوە، ماددەی پێنج و شەش تێبینمان نییە.

بەشی دووەم

سوود وەرگرتن لەدارستانەكان

یەكەم: سوود وەرگرتن لەگشت دار و كۆتەرە وشكەكان كەبەكاردێت لەپیشەسازییە خۆ جێیەكاندا.

دووەم: لەوەڕاندنی مالآت باشتر وایـە ژمـارەی بـزن كـەم بكرێتـەوە لـە ئیزافەكـەدا، لـەدووەم تێبـینی هەیـە، لەماددەی (8 و 9)ش تێبینیمان هەیە.

**ماددەی دە**

**یەکەم: وەزیر بۆی هەیە وەرز و ڕۆژی دارچاندن دیاری بکات لەساڵدا.**

**دووەم: بۆ بەڕێوەبەریەتی گشتی هەیە نەمام بەخۆڕایی دابەش بکات بەشارەوانییەکان و ڕێکخراوەکان و فەرمانگەکانی دەوڵەت، بۆ هەستان بەهەڵمەتی دار چاندن لەبۆنە نیشتیمانییە میللەکاندا.**

**بەشی سێیەم**

**وەبەرهێنان لەدارستاندا**

**ماددەی یانزدە: تێبینیمان نییە.**

**ماددەی دوانزدە: ڕێگە بەخاوەن دارستانی تایبەت دەدرێت بەپێی ئەو مەرج و پێوەرە هونەریانەی وەزارەت دیاری دەکات بۆ وەبەرهێنانی دارستانەکان بەهەڵپاچین و سووککردنی یان گۆڕینی داری دارستانەکان بە دار و درەختی بەردای گونجاو بەو مەرجەی مۆڵەتی یاسایی لە وەزارەت وەربگرن.**

**ماددەی سێزدە: تێبینیمان نییە، دووەم بڕینەوەی دار و درەختی ناو باخچەی ماڵان، هەروەها دارەکان بەر بەستی یا ملکەچ دەبێ بە مۆڵەتی یاسایی بێ بەرامبەر، ماددەی (15 و 16 و 17 و 18 و19 و20) تێبینیمان نییە، ماددەی (21) نابێت دەست درێژی لە بەکارهێنانی زەوی دارستان بکرێت، بە فەرێدانی پاشماوە و پاشەڕۆی ڕەق و شل یان تیشکدەر یان هەرماددەیەکی تر کە زەرەر مەند بن، ماددەی (22 و23) تێبینیمان نییە، لە دەروازەی چوارەمدا خۆ پاراستن لەئاگر کەوتنەوە و ڕێگە لێگرتنی بۆ ئیزافە بکرێ، بەشی یەکەم لەخۆ پاراستن لەئاگرکەوتنەوە ماددەی (24) تێبینی نییە، ماددەی (25) یەکەم و دووەم تێبینی نییە، لیژنە پێشنیار دەکات بۆ سێیەم، لەسەر وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان پێویستە بەفەراهەم کردنی پێداویستی ئاگر کوژانەوەی میکانیکی یان دەستی لەگەڵ پێداویستییەکانی تر بۆ ئاگر کوژانەوە، هەروەها دروست کردنی پەیژە یان ئامرازی ئاگر کوژانەوە بۆ چاودێری ئاگر کوژانەوە لەو ناوچانەی دارستان و لەوەرگاکان بڕی بەرزە یان مامناوەندییە، دەروازەی پێنجەم حوکمەکانی یاسا ماددەی (26 و27 و28 و29 و30 و31) تێبینی نییە، ماددەی (23) لیژنە پێشنیار دەکات مەعامەلەی زەوتکەر بۆ زەوی دارستانی میری ملکەچە بە یاسا کار پێکراوەکان، ماددەی (34 و35) تێبیینیمان نییە، لەسەر پاساوی یاساکانیش یەك مولاحەزەمان هەیە ئەویش کە لەلاپەڕەیەك دایە، یەك کەلیمەیە، ئەگەرنا لەگەڵ هۆی دەرچوونی یاساکەین کە لەوەزارەت و ئەنجومەنی وەزیرانەوە هاتووە، لەگەڵ مولاحەزەی ئەوەی هەندێ هەڵەی چاپ و ئەوە هەیە لەتەقریرەکە کەنووسراوە لەکاتی خوێندنەوە چاکیان دەکەین، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**فەرموو تارا خان.**

**بەڕێز تارا عبدالرزاق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**لیژنـەی کاروبـاری تەندروسـتی و ژینگـە چـەند تێبینیـەکمان هـەبوو لەسـەر ئـەم یاسـایە، ئێسـتا دەقـی ڕاپۆرتەکە دەیخوێنمەوە**

**بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان – عێراق**

**بابەت/ ڕاپۆرت**

**لیژنـەی کاروبـاری تەندروسـتی و ژینگـە لـە ڕۆژی چوارشـەممە ڕێکـەوتی 2011/12/28 کۆبـۆوە، کـە لەکۆنووسـی ژمـارە (48)ی لیژنـەمان ئامـاژەی پێکـراوە بـە ژمـارە (103) لـە 2011/12/29 ئاراسـتەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کراوە بۆ دیراسـەت کردنـی پـڕۆژە یاسای پاراسـتنی دارسـتان لەهـەرێمی کردسـتانی عێراق، کە لەلایەن سـەرۆکایەتی ئەنجومـەنی وەزیرانـی حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتانەوە پێشـنیار کـراوە، لەدانیشتنی ژمارە (4)ی ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی 2011/10/3 پەرلەمانی کوردستان خوێندنـەوەی بـۆ کـراوە، بەنووسـراوی ژمـارە (1234) لـە 2011/10/5 ئاراسـتەی لیژنـە کـراوە، ئەمـەی خـوارەوە ڕای لیژنەمانە لەسەری: دەربارەی مـاددەی یەکـەم بڕگـەکانی یەکـەم تـا نۆیـەم هـیچ تێبینیـەك نییـە لەسـەری، بڕگەی دەیەم دابڕێژێتەوە وەك ئەوەی کە لە ڕاپۆرتی کشتوکاڵ و ئاودێری دا هاتووە، دەیەم: زەوی دارستان ئەو زەوییـە کـە دار و درەختـی دارسـتان و ڕووەکی سروشـتی لێـدەڕوێت و بەلـەوەڕگا داپۆشـرابن، بڕگـەی یازدە تا شازدەم هیچ تێبینیەك نییە لەسەری، دەربارەی ماددەی دووەم ئەم تێبینیانـەمان هەیـە لەسـەری، بڕگەی دووەم بەم شـێوەیە دابڕێژێتـەوە: یەکـەم/ چاککردنی ژینگـە و فـەراهەم کردنـی شـوێنی پـارێزراو و نەهێشتنی بەبیابان بوون و هۆکارەکانی داروخانی خاك و ڕامالّین.**

**دووەم/ دابین کردنی هەندێ کەرەستەی خاو کە لەپیشەسازی پێویستی پێیەتی، بڕگەی سێیەم وەك خـۆی، بڕگەی چوارەم دابڕێژێتەوە بەم شێوەیە (دابین کردنی ناوچەی گەشـتیاری و حەوانـەوە)، بڕگـەی پێنجـەم زیاد بکرێ بەم شێوەیەی کە لە ڕاپۆرتی لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری دا هاتووە، پێنجەم هێشتنەوەی جوانی دەربارەی ماددەی سێیەم بڕگەی یەکەم و دووەم و سێیەم و چوارەم هیچ تێبینیەك نییـە لەسـەری، بڕگـەی پێنجەم زیادبکرێت بەم شێوەیە (الغابات المحمية المحظورة) دەربارەی مـاددەی چـوارەم، یەکـەم بـەم شـێوەیە دابڕێژێتەوە ( نابێ موڵکایەتی زەوی دارستان بۆ هیچ کەس و لایەنێك بگوازرێتەوە مەگـەر بـۆ پـڕۆژەیـەکی ستراتیژی ئەوتۆ بێت کە نەتواندرێت جێگایەکی لەباری تری بۆ بدۆزرێتەوە، لەم حاڵەتەدا تەنها بـەبڕیاری ئەنجومەنی وەزیران دەبێت و دوای وەرگرتنـی ڕەزامەنـدی سـەرۆکایەتی هـەرێمی)، بـە عەرەبییەکەشـی (لا يجوز نقل ملكية اراضي الغابات لاي شخص او جهة مـالم يكـن للمشـروع اسـتراتجية يتعـذر ايجـاد موقـع اخـر اكثر ملائمة لتنفيذه، في هذه الحالة يكون بقرار من مجلس الوزراء بعد موافقة رئاسة اقليم كوردستان).**

**دووەم بەم شێوەیە دابڕێژێتەوە (نابێ هیچ هەڵس و کەوت و ئەم چالاکیانەی خوارەوە ئەنجام بدرێت تەنها لە چوار چێوەی دەستەڵاتێکی سنووورداری مەرجدار بەکارکردن لە چوارچێوەی بەرژەوەنـدی گشـتی و زیـان نەگەیاندن بە دارستان و بەڕەزامەندی وەزیر دەبێت، بەعەرەبییەکەشی (لايجوز القيـام بـاي مـن التصـرفات**

والنشاطات الاتية الا ضمن الصلاحيات المحدودة المشروطة بالعمل ضمن اطار المصلحة العامة وعدم الاضرار بالغابات بموافقة الوزير).

دەربارەی ماددەی (5، 6، 7، 8، 9) هیچ تێبینیەکمان نییە لەسەری، دەربارەی ماددەی دەیەم: یەکەم بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە( وەزیر بۆی هەیە وەرز و ڕۆژ و دارچاندن دیاری بکات لەساڵدا، بەعەرەبیەکەی ( اولا: للوزير تحديد فصل وايام التشجير خلال السنة)، دەربارەی ماددەی یازدەم تاوەکو کۆتایی ماددەی بیست و شەش هیچ تێبینیەك نییە لەسەری، دەربارەی ماددەی بیست و حەوت (سزادان توند بکرێت ماوەی بەندکردنە زیاد بکرێت، یان غەرامە زیاد بکرێت، یان هەردووکیان زیاد بکرێن، دەربارەی ماددەی بیست و هەشت، بڕگەی دووەم بەقەرەبوو کردنەوەیەکی گونجاو ( بالتعويض المناسب) دیاری بکرێت بەچی؟ دەربارەی ماددەی (29 و 30) هیچ تێبینیەك نییە لەسەری، دەربارەی (31) بڕگەی دووەم ئەم بڕگەیەی خوارەوە بخرێتە سەر یان بە بڕگەیەکی جیاواز زیاد بکرێت لەسەر ماددەکە، ڕووەکەکانی ماددەی هۆشبەر بەپێی یاسای نەهێشتنی مادده هۆشبەرەکان مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت. بەعەرەبییەکەی ( النباتات المخدرة تسرى عليها قانون مكافحه المواد المخدره)، دەربارەی ماددەی (32 و 33 و34 و35 و36) هیچ تێبینییەك نییە لەسەری، دەربارەی هۆیەکانی دەرچوون (الاسباب الموجبة) هیچ تێبینیەك نییە لەسەری، لەگەڵ ڕێزمان دا.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی مادده، مادده بیخوێنەوە، بۆ ئەوەی موناقەشەی لەسەر بکرێ، فەرموو.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قانون حماية الغابات لاقليم كوردستان_العراق

**الباب الاول**

**التعاريف والاهداف والسريان**

**الفصل الاول**

**التعاريف**

المادة (1):

يقصد بالتعابير و المصطلحات الاتية لاغراض هدا القانون المعانى المبنية ازاء كل منها:

اولا - الوزارة: وزارة الزراعة والموارد المائية فى اقليم كوردستان _ العراق.

ثانيا - الوزير: وزير الزراعة والموارد المائية في اقليم كوردستان _ العراق.

ثالثا - المديرية العامة: المديرية العامة للبستنة والغابات و المراعي.

رابعا - المدير العام: المدير العام للبستنة والغابات والمراعي.

خامسا - مديرية شرطة الغابات: مدير الشرطة المكلفة بحماية الغابات و منتجاتها.

سادسا - شرطى الغابات: كل شرطى او ضابط ينتسب الي مديرية شرطة الغابات.

سابعا - الغابات: هي الوحدة الحياتية المتكاملة التى تتكون من الاشجار و الشجيرات و الاعشاب والادغال و النباتات الاخرى و الحيوانات البرية و المائية و الاحياء الدقيقة سواء اكانت نابتة بصورة طبيعية او اصطناعية.

ثامنا - الغابات الاميرية( غابات الاقليم): هي الغابات بنوعيها ( الطبيعية و الاصطناعية ) و اراضي الغابات العائدة ملكيتها للاقليم سواء اكان عليها حق الانتفاع للغير ام لم يكن.

(كو نووسرايه ئەوها دەيخوێنمەوە، چونكه هەڵەى چاپ و زمانەوانى زۆر تێدايە، ببورن) تاسعا - الغابات الخاصة: هي الغابات المنشاة من قبل اشخاص طبيعين او معنويين و التي تعود ملكيتها اويعود حق التصرف فيها لهولاء الاشخاص.

عاشرا - اراضي الغابات: هي الاراضي التي تنمو عليها اشجار الغابات والشجيرات و النباتات الطبيعية و التي كانت مكسوة بالغابات.

حادي عشر - نتاج الغابة: كل مادة في الغابات ثابتة او منقولة كالخشب الصناعي و خشب الوقود وفحم الخشب و الراتنج والعفص و الاصماغ و المواد الدباغية و الثمار و البذور و الجذور و الالياف و اللحاء و العسل و من السماء و الدبال و التراب والصخور و الاعشاب و النباتات الطبيعية والفطر بانواعه و لحوم وفراء الحيوانات البرية و الطيور و البيض والازهار و ابصال الزينة و غيرها من المنتجات.

ثاني عشر - الشجرة: كل نبت ذي ساق خشبي بجميع ادوار نموه.

ثالثة عشر – الخشب: هي الاشجار بجميع ادوار نموها قائمة كانت ام ساقطة باي شكل و لاية غابة.

رابعة عشر – المشتل: الارض المخصصة لانتاج وتربية الاشجار و شجيرات الغابات والمشاجر.

خامسة عشر – المواشي: كل الحيوانات الرعوية الداجنة كالثيران و البقر والماعز و الصخول و الجاموس و الخيل و الامهار والحمير و الاغنام والخراف وغيرها.

سادسة عشر – الراعي: كل شخص يتولي رعي المواشي بجميع انواعها.

**بەڕێز د.ارسلان بايز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك عمر.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی یەكەم مەبەست لەو دەستە واژەو زاراوانەی دادێن، واتا دیاری كراوەكانی بەرامبەریانە بۆ مەبەستی ئەم یاسایە:

یەكەم - وەزارەت : وەزارەتی كشتوكاڵ و سەرچاوەكانی ئاو لەهەرێمی كوردستان_عێراق.

دووەم- وەزیر: وەزیری كشتوكاڵ و سەرچاوەكانی ئاو لەهەرێمی كوردستان_عێراق.

سێیەم- بەڕێوەبەرایەتی گشتی: بەڕێوەبەرایەتی گشتی باغداری و دارستان، پاوان.

چوارەم- بەڕێوبەری گشتی: بەڕێوبەری گشتی باغداری و دارستان، پاوان.

پێنجەم- بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی دارستان: بەڕێوەبەرایەتی پۆلیس، پۆلیس کەراسپێردراوە بە پاراستنی دارستان و بەروبوومەکانی.

شەشەم- پۆلیسی دارستان: هەر پۆلیسێك یان هەر ئەفسەرێك سەر بە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی دارستان بێت.

حەوتەم- دارستان: بریتییە لە یەکەیەکی ژیانی تەواو کار کە پێك دێ لە دارو درەخت و پووش و پەلاش و گژوگیا و رووەکی دیکە و ئاژەڵی کێوی و ئاوی و زیندەوەری ورد جا یا بەسروشتی یا بەدەستکرد گەشەیان کردبێت.

هەشتەم- دارستانی میری (دارستانی هەرێم): بریتییە لە دارستان بە هەردوو جۆریەوە (سروشتی و دەستکرد) زەوی و دارستان کە موڵکی هەرێمە جا مافی سوود لێوەرگرتنیان لەلایەن کەسێك یان لەسەر کەسێك هەبێت یان نا.

نۆیەم- دارستانی تایبەت: بریتییە لەو دارستانەی لەلایەن کەسانی ئاسایی یان مەعنەوییەوە دروست کرابن، موڵکایەتی یان مافی بەکاربردنیان بۆ ئەو کەسانە دەگەڕێتەوە.

دەیەم- زەوی دارستان: ئەو زەوییانەی کە داری دارستان و درەخت و رووەکی سروشتییان لێ دەڕوێت کەپێشتر بەدارستان داپۆشرابن.

یانزدە- بەری دارستان: هەر ماددەیەك لەدارستان جێگیر بێ یا گوازراوە وەکو تەختەی پیشەسازی و تەختەی سووتەمەنی و خەڵوزی تەختە و راتنج و مازو و کەتیرە و کەرەستەی پێستە خۆشکردن، بەر و تۆ و ڕگ و ڕیشاڵ و توێکڵە دار و هەنگوین و گەزۆ و پاشماوەی گەڵا و گوڵ و بەرد و گژوگیا و رووەکی سروشتی و قارچك بە هەموو جۆرە کانییەوە، گۆشت و پێستی ئاژەڵی کێوی و باڵندە و هێلکە و ماسی و گوڵ و پیازی جوانی و بەروبوومی دیکە.

دوانزدەم- دار: هەموو رووەکێکە قەدی هەبێ بەهەموو قۆناغەکانی گەشەکردنیەوە.

سێزدە- تەختە: دارە بەهەموو قۆناغەکانی گەشەکردنییەوە چ راوەستاو بێ یان کەوتبێ بەهەر شێوەیەك و بۆ هەموو مەبەستێك.

چواردەم- نەمامگە: زەوی تەرخانکراو بۆ بەرهەمهێنان و پەروەردەکردنی دارو درەختی دارستان و دارستانی دەستکرد(مشاجر).

پازدە- ماڵات: هەموو ئاژەڵێکی لەوەڕاندنی ماڵی وەك گاو مانگا و بزن و گیسك و گامێش و ئەسپ و مایین و گوێدرێژ و مەر و بەرخ و هی دیکە.

شازدە- شوان: ئەو کەسەی ماڵات دەلەوەڕێنێت بە هەموو جۆرەکانییەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی تێبینیتان، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە وەكو لیژنەی یاسایی تێبینی و ڕاو سەرەنجمان لەسەر ماددەی یەك بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

صياغة مقدمة المادة كالاتي:

يقصد بالتعابير و المصطلحات الاتية المعانى المبينة ازاءها لاغراض هذا القانون:

بالنسبة للفقرات (اولا وثانيا و ثالثا و رابعا): لا توجد عليها اية ملاحظة.

الفقرة (خامسا): نقترح صياغتها بالشكل الاتي:

مديرية شرطة حماية الغابات و البيئة في الاقليم: مديرية الشرطة التابعة لوزارة الداخلية و المكلفة بحماية الغابات و منتجاتها.

الفقرة (سادسا): تقترح صياغتها كالاتي:

شرطي الغابات: كل شرطي او ضباط ينتسب الى مديرية شرطة حماية الغابات و البيئة.

سابعا: نؤيد رأي لجنة الزراعة وصياغتها كالاتي:

الغابة: هي الوحدة الحياتية المتكاملة التي تتكون من الاشجار و الشجيرات و المراعي و الاعشاب و الادغال و النباتات الاخرى والحيوانات البرية و المائية و الاحياء الدقيقة سواءا كانت نابتة بصور طبيعية او اصطناعية.

الفقرات من (ثامنا الى رابع عشر): لا توجد عليها اية ملاحظة:

الفقرة (خامس عشر): تقترح اللجنة صياغتها كالاتي:

المواشي: كل الحيوانات الداجنة والاليفة.

الفقرة (سادس عشر): لا توجد عليها اية ملاحظة، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی كشتوكاڵ.

**بەڕێز جلال على:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منيش بەعەرەبی دەیخوێنمەوە بۆ ئەوەی تۆ بەكوردی....

التعاريف ولاهداف والسريان

والتعاريف المادة (1): (اولا و ثانيا و ثالثا و رابعا) لايوجد عليها ملاحظة.

خامسا: اقتراح للجنة يكون كالاتي:

مدير شرطة الغابات: مديرية الشرطة المكلفة لحماية الغابات و مكوناتها و منتجاتها.

سادسا: لايوجد ملاحظة.

سابعا: اقتراح اللجنة يكون كالاتي:

هي الوحدة الحياتية المتكاملة التي تتكون من الاشجار و الشجيرات و المراعي و الاعشاب و الادغال و النباتات الاخرى والحيوانات البرية و المائية و الاحياء الدقيقة بصورة طبيعية او اصطناعية.

ثامنا: لايوجد ملاحظة.

تاسعا: اقتراح اللجنة يكون كالاتي:

الغابات الخاصة: هي الغابات المنشاة من قبل اشخاص طبيعين او معنوين و التي تعود ملكيتها او حق التصرف فيها لهؤلاء الاشخاص او في الاراضي الصخرية الغير القابلة للزراعة.

عاشرا: اقتراح اللجنة يكون كالاتي:

اراضي الغابات هي الاراضي التي تنمو عليها الاشجار و الغابات و الشجرات و المراعي و النباتات الطبيعية.

الحادي عشر : لايوجد ملاحظة.

الثاني عشر : لايوجد ملاحظة.

الثالث عشر : لايوجد ملاحظة.

الرابع عشر : لايوجد ملاحظة.

الخامس عشر: لايوجد ملاحظة.

السادس عشر : لايوجد ملاحظة.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی تەندروستی و ژینگە فەرموون.

**بەڕێز تارا عبدالرزاق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاپۆرتەکەی ئێمە بە زمانی کوردییە، بە زمانی کوردی دەیخوێنمەوە.

ماددەی یەکەم: بڕگەی یەکەم تا نۆیەم هیچ تێبینیەك نییە لەسەری، لەبڕگەی دەیەم دابڕێژێتەوە وەك ئەوەی کە لەڕاپۆرتی لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری دا هاتووە.

دەیەم- زەوی دارستان: ئەو زەوییانەیە کە دارو درەختی دارستان و ڕووەکی سروشتی لێدەڕوێت و بە لەوەڕگا داپۆشرابن، لە بڕگەی یازدە تا شازدە هیچ تێبینیەك نییە لەسەری.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر تێبینیت، ببورە جەنابی وەزیر با ئەوە کوردییەکەی بخوێنێتەوە.

**بەڕێز زکیە سید صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنەکەمان بەنیسبەت خاڵی یەکەم و دووەم و سێیەم و چوارەم تێبینی نییە، بۆ خاڵی پێنجەم بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی دارستان کە ڕاسپێردراوە بە پاراستنی دارستان و بەروبوومە کانی و پێکهاتەکان، لەخاڵی شەشەم تێبینیمان نییە، بۆ حەوتەم پێشنیار دەکەین یەکەیەکی ژیانی تەواوکارە کە پێك دێت لە

دار و درەخت و لەوەڕگا و پووش و گژوگیا و ڕووەکی دیکە و ئاژەڵی کێوی و ئاوی و زیندەوەری ورد جا سروشتی بێت یان دەستکرد، کە گەشەیان کردبێت، خاڵی هەشتەم تێبینیمان نیە، خاڵی نۆیەم دارستانی تایبەت بریتیە لەو دارستانانەی کە لە لایەن کەسانی ئاسایی یان مەعنەوی دروست کراون، کە مۆڵکیەت یان مافی بەکاربردنیان بۆ ئەو کەسانە دەگەڕێتەوە یان ئەو زەویانەی بەردەڵانین کە کشتوکاڵیان تیا ناکرێ، دەیان زەوی دارستان ئەو زەویانەیە کە بە دار و درەخت و ڕووەکی سروشتی و لەوەڕگا داپۆشراون و 11 و 12 و 13 و 14 و 15 و 16 تێبینیمان نیە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز سیروان بابان (وەزیری کشتوکاڵ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ئەوەڵدا قانونەکە حەز دەکەم پێشنیار بکەن کە ناوەکەی ببێ بە (قانون حماية وادارة الغابات) لە جیاتی (قانون حمايه الغابات)، چونکە زۆربەی ئیشەکانی ناوی باسی ئیدارە دەکات، لە ژێر (سابعا) کە نەسە عەرەبیەکەم پێیە کە دەڵێ (بصورة طبيعية أو اصطناعية) حەز دەکەم لە پێش ئیستناعیەکە لە عەرەبیەکە کە (کمشاجر) بنووسرێ دەبێ (بصورة طبيعية أو مشاجر اصطناعية)، (ثالث عشر) کە تەعریفی خەشەب دەکات و دەڵێت و حەز دەکەین بەو شێوەیە بێت: (الخشب/ هى مادة الاجار الرئيسة بجميع ادوار نموها))، رابع عشر: الاغراض المخصة لانتاج وتربية شتلات اشجار و شجيرات الغابات) مەشاجرەکە لابەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە بۆ موناقەشە کردن؟ ئەم بەڕێزانە ناویان نووسراوە ، م.عمر، بەفرین خان، هاژە خان، کاک جمال، بێریڤان خان، د.بشیر، کاک عبداللە حمدامین، کاک دڵشاد، سیوەیل خان، م.کاوە، کاک شوان، شلێر خان، کاک صباح بیت اللە، کاک عبدالرحمن، کاک قادر حسن، کاک فاضل، شەونم خان، مامۆستا عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستی دا ئەم پرۆژە یاسایە ئیختساسی من نیە، بەس من دوو، سێ تێبینی زمانەوانیم هەیە ئەگەر ئیجازە ببێ، یەکێکیان بە نیسبەت ناوەکە لە عەرەبیەکە ناو نراوە (حمايە الغابات) کوردیەکە ناونراوە (پاراستنی دارستان)، تەبعەن دارستان بە تەئکید وەرگێڕانی غابات نیە، چونکە ئەگەر قەرار بێ غابە بکەینە کوردی یان دەبێ بڵێین بێشە یان دەبێ بڵێن جەنگەڵ، ڕەنگە وشەی جەنگەڵەکە دەستەواژەیەك و ئیحایەکی جوان ناگەیەنێ، لەبەرئەوە یاساکە ئەو یاسای عیراقیش ناونراوە (حمايە المشاجر والغابات) لێرە لە عەرەبیەکە و لە کوردیەکەش خۆیان پاراستووە لە وشەی دارستان، من پێم باشە یاسایەکە یان ناوبنرێ

و عەینی ئەوەی عیراق یان ناوی بنێینن (قانون حمایه البساتین و المشاجر) چونکە ئێمە لە کوردستان دا ئەگەر بە هەڵە نەچووبم ئێمە بێشە و جەنگەڵ و غابەشمان نیە لە کوردستان دا، شەرت نیە ئێمە دەقێك بێنین و ئیتر دەبێ واقعی ژینگەیی کوردستانمان لەبەرچاو بێت ئایا لە کوردستان دا بەو مەفهومەی کە هەیە عیلمیەن بۆ غابە غابەمان هەیە؟ یەعنی جەنگەڵ و بێشەمان هەیە؟ ئەوە بۆ ئیختساسیەکان بەجێ دەهێڵم، بەڵام ئەگەر هەر قەرار بێ داینێین ئێمە ناوەکە بگۆڕین بە وشەی بێستان یان باخ و دارستانەکان، چونکە باخ و دارستانمان هەیە، کە ڕەنگە دارستان مەقسودەکە ئەوە بێ کە ئیستناعیە و دروست دەکرێت، باخ و بێستانەکانیش ئیتر هەمووی بگرێتەوە، بە هەرحاڵ من وادەزانم غابەمان نیە و ئەوە تێبینی یەکەممە، بە نیسبەت وەرگێڕانی وەزارەتەکەش ئەوەی کاك عمر خوێندیەوە، هەمووی بە هەڵە دەبینم، وەزارەتی ئێمە ناوی (وزاره الزراعه والموارد المائیه) دەبێتە وەزارەتی (کشتوکاڵ و سەرچاوە ئاویەکان یان داهاتە ئاویەکان) دەقیق تریشە لەسەرچاوە ئاویەکان، نەك سەرچاوەکانی ئاو، چونکە وەزارەتەکە ناوی وەزارەتی مەسادری میاه نیە، (المصادر المائیه) یان (الموارد المائیه) لەبەرئەوە یان دەبێ بکرێتە سەرچاوە ئاویەکان، یان دەبێ بکرێتە داهاتە ئاویەکان، وەزارەتی کشتوکاڵ و داهاتە ئاویەکان، چونکە لە سێ، چوار شوێن دا دووبارە بووەتەوە و با ئەو هەڵەیەمان بەسەر دا نەچێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەفرین خان فەرموو.

**بەڕێز بەفرین حسین خلیفە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئەوەی جێگەی ئاماژە بۆ کردنە من لە زاراوەکان من یەك، دوو تێبینیم هەیە، لە دوای ماددەی 5 بەدواوە زۆر وشەی ناوچەی پاراستن یان دارستانی پارێزراو هاتووە، بەڵام لە زاراوەکان نەهاتووەتە پێناسە کردن، هەرچەندە لە ماددەی 5 باس کراوە، بەڵام باشتر وایە لەنێو زارەووەکان دا ئەو دوو وشەیە و ئەو دوو دەستەواژەیە بێتە پێناسە کردن، خاڵێکی دیکە دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگەیە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، زۆرێك لە ئامانجەکانی ئەو رستەیە لەگەڵ ناوەڕۆکی ئەو یاسایە یەك دەگرێتەوە، بۆیە باشتروایە بەشێك لە بەرپرسیاریەتی ئەم یاسایە لە ئەستۆی وەزارەت یان با بڵێین بەڕێوبەرایەتی گشتی باخداری و پۆلیسی دارستانە، بەشێك لەو ئەرکە بسپێردرێ بە دەستەی پاراستن و چاك کردنی ژینگە بەو پێیەی کە هەم لە ئامانج و ناوەڕۆکەوە لە یەکەوە نزیکن و هەمیش مەبەست لەو پاراستن و چاککردنی ژینگە و بە تایبەت لە بابەتە مەترسیدارەکان و جوان کردنی ژینگە، بۆیە واباشترە لە پێناسەکان ناوی ئەو دەستیەش بهێندرێت و بەرپرسیاریەتێکی پێ بدرێت، خاڵی تر دیارە ماڵات هاتووەتە پێناسە کردن، بەڵام ئاژەڵە کێویەکان لە یاد کراوەو ئێمە دەزانین ڕۆژانە دەبینین ئاژەڵە کێویەکان ڕووبەڕووی مەترسی لەناو چوون دەبنەوە بە تایبەتی ئەوانەی کە لە ڕووی ڕاوشکارەوە بەکاردەهێندرێت و بەر ئەو مەترسیە کەوتوون بۆیە باشتر وایە هەم سزا دابندرێت و هەم لە دوای ماڵات

ئاژەڵە کێویەکان پێناسەی بۆ بکرێت و دەست نیشان بکرێ، چونکە لە ناوەڕۆکی یاسایەکە دا چەند جارێك ئاژەڵی کێوی هاتووە و باشتر وایە وەکو دەستەواژە و وەکو زاراوەیەك پێناسەی بۆ بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هاژە خان فەرموو.

**بەڕێز هاژە سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێڕای پشتگیری کردنمان بۆ ئەو پرۆژە یاسایە، چونکە بەڕاستی زۆر گرنگە کە ئێمە یاسایەکمان هەبێ بۆ پاراستنی دارستانەکان، بە مەبەستی زیاتر پاراستنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان دا من تێبینیم لەسەر پێناسەکان لەوەیە کە زۆر یەعنی زۆر شتەکان پێناسە کراون دەتوانین ئێمە کورتیان بکەینەوە و ئەویش بە ئەوەی کە دەمجیان بکەین، لەوانە حەوتەم و هەشتەم و نۆیەم دەتوانین کە دەمج بکرێت، حەوتەم دارستان من تێبینیم لەسەر ئەوەش هەیە کە بریتیە لە یەکە، من پێموایە یەکە، یەعنی دەستەواژەیەکی گونجاو نیە بۆ دارستان، چونکە دارستان پێك دێت لە مەساحەیەك لە زەوی، بۆیە من پێموایە کە یەکە گونجاو نابێ بۆ دارستان، ئەگەر بیکەینە مەساحەیەك کە لە زەوی ئەو شتانە لەخۆ دەگرێت، هەشتەم و نۆیەمی لەگەڵ دەمج بکەین بەوەی کە دارستانی میری و تایبەتیش دەگرێتەوە، دارستانی میری و تایبەت ئەوە خۆی دیارە، یەعنی میری ئەوە سەر بە حکومەتە و تایبەتەکانیش ئەوەی کە سەر بە خەڵکە و یان بە کەرتی تایبەتە، ئەوەی دەیەم ئەگەر ئێمە لێرە باسی بکەین و بیکەینە مەساحەیەك لە زەوی و ئەو زەوی دارستانەش پێویست ناکات کە هەبێ لە پێناسەکە دا، چونکە لە دارستانەکە تەعریفی دەکەین بە زەوی، دەربارەی 15 ماڵات واباشە باڵندەشی لەگەڵ دابێت، چونکە لە زۆربەی لە ناو یاسایەکە دا باڵندەش هاتووە، بۆیە وا پێویست دەکات ماڵات و باڵندە بێت، لە خاڵی 15 و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك جمال فەرموو.

**بەڕێز جمال طاهر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی من تەئکید لەسەر عینوانی پرۆژەکە دەکەم، ئەگەر بێتو سەیری مەشروعەکە بکەین دوو عینوانمان لەبەردەستە، لە پێشەکی دەڵێت (قانون حمایە الغابات) لە خوارەوە نووسراوە (قانون حمایە الغابات لاقلیم کوردستان – العراق) ئەوە دوو عینوانە، عینوانی یەکەم، سیفەتی ئیتلاقە، یەعنی (الغابات) بە گشتی تەحدید نەکریە، هی دووەم هاتیە و تەحدید کریە، من پێم باشە ئەگەر بێتو مولاحەزەی جەنابی وەزیریش بدەین، قانونەکە بەم ناوە بێت (قانون حمایە وادارات غابات اقلیم کوردستان – العراق) دەبێت و یەعنی سیفەتی خسوسیەت بە ئیقلیمی کوردستان دەدرێت (حمایە واداره غابات اقلیم کوردستان ـ العراق، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بێریڤان خان فەرموو.

**بەڕێز بێریڤان سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر دڵخۆشم بەوەی پرۆژەیە یاسایەك هەبێ بەناوی دارستان، بەڵام بە نیسبەت ناوەکەی داوا دەکەم ناوی ئەو پرۆژەیە تەنها یاسای دارستان بێت، چونکە سامانێکی نەتەوەییە وەکو یاسای نەوت و غاز و یاسای هاتوچۆ پێویست ناکات وشەی پاراستنی لەگەڵ بێت، چونکە ئەو دارستانانەی کە سروشتین وخۆیان هەنە، هەر بە پێی ئەو یاسایە دەتوانین بیپارێزین، بەڵام ئەو دارستانانەی کە نیە و دەستکردە هێشتا دروستمان نەکردووە چۆن بیپارێزین، لە هەموو ئەو وڵاتانەی کە دارستانی لێیە و چووم سەردانیم کردووە و یەعنی دیتوومە ناوی یاساکەیان تەنها یاسای دارستانە، بۆیە پاراستن وشەیەکی زیادە لەگەڵی بێت، ئێمە لەگەڵ هەموو یاسایەك دائیمەن پاراستنی بەکاردێنین، بۆ ناوی یاسایەکە وا دووررودرێژ بێت، هەتا ئەو پۆلیسەی کە دارستان دەپارێزێ پێی دەڵێن پۆلیسی دارستان، پێی ناڵێن پۆلیسی پاراستنی دارستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د.بشیر فەرموو.

**بەڕێز د.بشیر خلیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

موقەدیمە و مەنتوقی ماددەی یەکەم کە جەنابی وەزیر پێی باش بوو ئیدارەشی بۆ زیاد بکرێت، من پێم وایە هەر مەسەلەکە لە زمانی عەرەبی دا دوو موزاف بەیەکەوە نایەت و نابێ قانون حمایە و ادارە، بەڵکو ڕاست ترە وایە بڵێین (قانون حمایە الغابات وادارتها) ئیدارەتەکە بکەوێتە دواوە، لە مەنتوقی ماددەکە دیسانەوە ئەوە ناوی قانونەکە بوو، ئەوە کە باسم کرد ئێستا، مەنتوقی ماددەی یەکەم، (يقصد بالتعابير و المصطلحات الاتية المعاني المبينة ازاءها لاغراض هذا القانون) لە هەموو یاسایەکانی دیکە، وابزانم وا هاتووە، (يقصد بالتعابير والمصطلحات الاتية لاغراض هذا القانون و يقصد بالتعابير والمصطلحات)، یەکەم جار وا خوێندرایەوە، ئەگەر وابکرێت باشترە (المعاني المبينة ازاءها) بکەوێتە دوای باشترە، لە فەقەرەی (سابعا) کە تەعریفەکە دەکات دەڵێ (وحده الحياه المتكامله) هەتا دەگاتە (والاعشاب والادغال والنباتات الاخرى والحيوانات البرية والمائية والاحياء الدقيقة سواءا كانت نابتة بشرط الطبيعية أو الاصطناعية) من دەپرسم ئایا حەیواناتی بەری بە سورەی ئیستناعی نابت دەکات؟ ناکرێ، کەواتە (بصورة طبيعية أو اططناعية) بخرێتە دوای نەباتاتی ئوخرا لە ئەخیریش بڵێین (والحيوانات البرية والمائية وألاحياء الدقيقة) یەعنی ئیستناعیەکە ئەو حەیواناتانە نەگرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عبدالله فەرموو.

**بەڕێز عبدالله محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پابەندم بە ئیمزایەکەم کە لەلیژنـەی یاساییەوە کردوومـە، روخسـەتیان لێ دەخـوازم و ڕەئیـەکم هەیـە لەسەر ناوەکە، ناوەکە من لەگەڵ ئەوە دانیم ناوی ئیداری، لەبەرئەوەی ئیداریە وەسیلەیە، نەك نـاو، بـەڵکو باشتروایە گەشەپێدانی لەگەڵ بێت، پەرەپێدانە و تەنمیە و حیمایەی غابات و تەنمیەی غابات و حیمایـەت، لەبەرئەوەی ئێمە لـە هۆیـەکانی دەرچوون دا باسـی ئـەوەمان کـردووە مەسـاحەکەی زیـاد بکرێـت، حیمایـە زیاتر لەڕووی زمانەوانیەوە بۆ ئەوەیە کە شتێك بەو حەجمەی کە هەیەتی کەم نەکرێت یـاخود نەفـەوتێ، بەڵام ئێمە لە کوردستان هەدەفی ئەوەمان هەیە و لە قانونەکەش دا هەدەفەکە موەجەهە بەرەو ئەوەی کـە مەساحەکەی زیاد بکرێت، لەبەرئەوە باشترواية ناوەکەی وشەی تەنمیەی بۆ زیاد بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دڵشاد فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بۆ ئەم یاسایە من پرسیارێکم لـە بـەڕێزان لیژنـەی یاسـایی هەیـە، ئێمـە بڕیـاری ژمـارە 3 ی 2009 ی یاسای غابات و مەشاجری عیراقیمان هەیە و لەگـەڵ یاسـایەکەی هـەرێمی کوردسـتان موقارەنـەمان کـردووە شتێکی وا جیاواز نیە، پرسیارەکە ئەوەیە، ئێمە بە مەرجێك عیراقیش بەشێکە لەوەی کە ئیتفاقیـەی دەولی و لە ئومەمی موتەحیدە کە ئیمزای کردووە، بۆ پاراستنی بیئە و ژینگە، بۆیە عیراق وەك دەوڵەت پابەنـدە بەو ڕێنماییانەی کە لـە ئاسـتی دەولی و ئومـەمی موتـەحیـدە دەرئەچـن بـۆ پاراسـتنی ژینگـە و بیئـە، بۆیـە پێموایە، ئێمە ئێستا یاسایەکی تر دەردەکەین و یاسایەکی ترمان لەبەردەست دایە، پرسـیارەکەم ئەوەیـە لـە بەڕێزان لیژنەی یاسایی، ناکرێ ئینفازی یاسای ژمارە 30 عیراقی بکرێ لە باتی ئەم یاسایە؟ کە ئەم یاسـایە جیاوازیەکی وای نیە لەگەڵ یاساکانی تردا و زۆر شتی لەیەکتر دەچـێ و زۆر جـار مـن موقارەنـەم کـردووە، ئەو ماددانەی کە لە یاسا عیراقیەکە هاتووە زیاتر پابەندی بنەما دەولیەکانی پێوەیە، بۆ نموونە کاتێـك کـە شوان یان مەڕ و ماڵات لە شوێنێکی سووتاو دەلەوەڕێ لە یاسا دەوڵەتیەکان دا زۆرینـەی دەوڵەت دە ساڵی بـۆ دانـاوە کـە تـا دە سـاڵ نـابێ بلـەوەڕێ، بـەڵام لەمـەی هـەرێمی کوردسـتان دا بـۆی دانـەنراوە، بـۆ نموونـە پێچـەوانەی یاسـا عیراقیەکـە پابەنـد بـوونێکی گـەورەتری تیـا بـێ و مەسـەلەی بیئـە و مەسـەلەی غابـات مەسەلەیەکی ناوچەیی بچووك نیە، مەسەلەیەکی جیهانیە، ئەوە ئێمە لەگـەڵ عـەرەب و عـیراق یـەك بیئـە تەئسـیرمان لەسـەر یـەکتری هەیـە و لەگـەڵ ناوچـەکەش دا، بۆیـە مـن پێشـنیار دەکـەم بـۆ ئـەوە هـەم کـاتی پەرلەمان، هەم ئەگەر پێیان باش بێت، پێشـنیازی ئـەو پرسـیارە دەکـەم ئینفـازی یاسـای ژمـارە 3ی 2009 بکەین، بۆ ئەوەی ئینفاز بکرێ لە هەرێمی کوردستانەوە ئالیەتەکەی بەڕێنمایی لە وەزارەتی مەعنیەوە جێ بـەجێ بکـرێ، ئـەوە تـەنها پێشـنیارە، بـۆ مەسـەلەی ناوەکەشـی ئەگـەر مایـەوە یاسـایەکە پێموایـە ناوەکـەی

معیارێکی گشتیمان هەیە لە جیهاندا کە بەکاردێت، یاسای خدمەی غابات بەکاردێت، یاسای غابات و مەشاجر بەکاردێت، ئەو کۆمەڵە بۆیە پاشگری کەی بۆ دائەنرێ جۆرێك لە یاساکە بڵێین مانای یاسایەکە مانا گشتیەکەی لەدەست دەدا، زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سیوەیل خان فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەتی ئەو ماددەیە، با بڵێین بڕگەی 2 نووسراوە، وەزیر: وەزیری کشتوکاڵ و ئاودێری و سەرچاوەکانی ئاو لە هەرێمی کوردستان ئەگەر ڕەش بکرێتەوە، پێم باشە، لەبەرئەوەی دووجار ناوی هەرێم هاتووە، یەك لە ناونیشانی یاسایەکە، دوو/ لە وەزارەتی کشتوکاڵ، واتە ئەگەر هی وەزیری تەنها ناوی وەزیرەکە بێت، وابزانم باشترە، بڕگەی 7 نووسراوە دارستان لە دوای گژوگیا ڕووەکی دیکە وئاژەڵی کێوی ئەگەر بنووسرێ ئاژەڵ و باڵندەی کێوی باشترە، باڵندەشی تێدا بێ پێم باشە، بە نیسبەت 15 پێناسەی ماڵات لێرە کراوە، زۆر بەدرێژی دیاری کردووە، یەعنی گا و مەڕو ماڵات و گیسك و بزن نازانم چی و چی واتە هاوڕام لەگەڵ لیژنەی یاسایی، مەڕو ماڵات هەموو جۆرە ئاژەڵێکی بەخێوکراو یان ماڵی بگرێتەوە، باڵندەش دەگرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د.ڕۆژان پرسیاری کاك دڵشاد وەڵامی هەبوو؟، فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، پرسیارێك ئاراستەی لیژنەی یاسایی کرا کە بە ئینفازی یاسای عیراقی، ئینفاز کردنی هەر یاسایەکی عیراقی پێویستی بەوە هەیە کە پرۆژە یاسایەك پێشکەش بکرێت، یان لە لایەن حکومەتەوە یان لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانیپەرلەمان و دواتر خوێندنەوەی یەکەمی بۆ بکرێ و هەمان ڕێکاری هەر پرۆژە یاسایەك، ئێستا ئەو پرۆژە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە و ڕاستە ئێمەش تێبینی ئەوەمان کردووە، بڕگە و بەندەکانی هەندێکی لە یاسای عیراقی دەرچێت، بەڵام پرۆژەیە و بە پێی ڕێکارە یاساییەکان خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە و ئاڕاستەی لیژنەکان کراوە و هیچ لیژنەیەکیش داوای ڕەت کردنەوەی نەکردووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك جلال فەرموو.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

عەفو ئەگەر ڕێگەم بدەن من وەڵامم هەیە بۆ کاك دڵشاد، بە نیسبەتی قانونی عیراقیەوە، حەز دەکەم کاك دڵشاد مولاحەزەی ئەوە بکات بە هیچ جۆرێك لە خوارووی عیراق و ناوەڕاستی عیراق غاباتی تەبیعی نیە، کە لە کوردستان دا نزیکەی یەك ملیۆن هێکتار غاباتی تەبیعی و مەراعی تەبیعی هەیە، یەك داری تەبیعیش لە خواروونییە، مەگەر شوجەیرات هەبێ، لەبەرئەوە زۆری فەرقە ئەم قانونەی هەرێمی کوردستان لەگەڵ قانونی عیراقی دا، زۆر وردەکاری هەیە بۆ پاراستنی غاباتی تەبیعی کە هەمانە و لە عیراق دا نیە، لەبەرئەوە پێویست دەکات ئەم یاسایە لە کوردستان دا هەموار بکرێ، لەبەرئەوەی تەبیعەتی تۆبۆگۆافی و تەبیعەتی نەباتی و هەتا ئەحیائی نەباتی و حەیوانیش لەگەڵ وەسەت و جنوب دا جیایە و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا کاوە فەرموو.

**بەڕێز کاوە محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی یەکەم زیاتر پێناسەیە، بۆیە تۆزێك دەبێ وردتر سەیری بکەین، لە بڕگەی 7 و 10 لەوەڕگا هاتووە، لەوەڕگا و پووش و گژوگیا، بە قەناعەتی من لەوەڕگا زیادە و پووش و گژوگیا بەسە، خۆی پووش و گژوگیا لەوەڕگاش دەگرێتەوە، ئەگەر لەوەڕگای تێدا نەبێ لە ماددەی 7 و 10 هەمان شتە، چونکە تەعریفە، پووش و گژوگیا بێت پێموایە باشترە، بڕگەی 9 دیسانەوە هەر پێناسەیە، لە نیهایەتی بڕگەکە باسی ئەوە دەکات بۆ ئەو کەسانە دەگەڕێتەوە کە زەویە بەردەڵانەکانیان کە کشتوکاڵیان تیا ناکرێت، ئەو زەویانەی کە کشتوکاڵی تیا ناکرێ و بەردەڵانە و لەو پێناسەیە جێگای نابێتەوە، لەبەرئەوەی ئەو غاباتەی کە بووەتە غابات کراوە، ئیتر بەردەڵان بێ و بەردەڵان نەبێت، لێرە وەکو ئەوەیە داوای مۆڵەت و ڕێگەپێدان بکات، لێرە پێموایە وەکو تەعریف لێرە جێی نابێتەوە، بۆیە پێموایە ئەو دوو، سێ وشەی ئەخیری زەوی بەردەڵان کە بە کەڵکی کشتوکاڵ نایەت زیادە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شوان فەرموو.

**بەڕێز شوان کریم کابان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سێ تێبینیم هەیە، یەکەم/ پشتگیری لەو ڕایەی بەڕێز وەزیری کشتوکاڵ دەکەم لەسەرناوەکەی، جا یان ئیدارەی بۆ ئیزافە بکرێ یان تەنمیەی غابات وەکو کاك عبدالله گوتی، ئەگەر تەنمیە بێت باشترە، ئەوەش یەکلا بکرێتەوە بەڕاستی ئەو یاسایە (فی اقلیم کوردستان یان لاقلیم کوردستان)ە ئەگەر (فی اقلیم

کوردستان) بێ دەگەڕێتەوە بۆ قانونەکە، ئەگەر (لاقلیم کوردستان) بێ مەبەستمان دارستانەکانە، لەبەرئەوە باشتر وایە (لاقلیم کوردستان) بێ لە تەسمیەکە، دووەم/ من لەبۆ 7 لە پێناسەکان دا پشتگیری ئەو تەعریفە دەکەم کە لیژنەی کشتوکاڵ داینـاوە، بەڵام لە تەرجەمەی عەرەبی بۆ کوردیەکە یەك، دوو هەڵەی وردی تیایە لەوانەیە تێبینان نەکردبێ، لە عەرەبیەکە موعەرەفە، یەعنی ناسراوە کە دەڵێ (هی الوحده الحیاتیه المتکامله) ئەوە ناسراوە لەوێ، لە کوردیەکە نەناسراوە، دەڵێ ( یەکەیەکی ژیانیە) ئەوە یەك، لەبەرئەوە پێویست وایە بکرێ بە ( ئەو یەکە ژیانیەیە) لە کوردیەکە نووسراوە (تەواکار) تەواوکار موکەمیلە، موتەکامل نیە، موتەکامل تەواوە و باشتروایە ئەگەر ئێمە پشت بە کوردیەکە ببەستین ئەوە موعالەجە بکەین بۆ ئەوەی تووشی هەڵە نەبین، بە نیسبەتی تێبینی سێیەمەوە ئەوەیە کە ئێمە ئێستا لە هەرێمی کوردستان ناشناڵ پارکمان دیاری کردووە کە مەنتیقەی سەکرانە، بڵێین پارکی میللی یان پارکی نیشتمانی، پێویست دەکات بەڕاستی لە پێناسەکان دا هەبێ بۆ ئەوەش بچێتە ناو یاسایەکەوە و وەکو پێویست گرنگی خۆی پێ بدرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

شلێر خان فەرموو.

**بەڕێز شلێر محی الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەتی ئەم ماددەیە لە 9 دا (الغابات الخاصة: هی الغابات المنشئة من قبل اشخاص الطبیعین أو المعنویین والتی تعود ملکیتها) پێم باشە (أو حیازتها أو یعود حق التصرف فیها لهؤلاء الاشخاص) خەڵکێکی زۆر چاوەڕێی ئەم یاسایە دەکەن، ئێمە تەجاوزاتی زۆرمان بینی لە غابات دا، لەبەرئەوە کە بوو بە واقعی حال دەبێ قانون یاسایەکە بەڕاستی شتێکی بۆ بکەی کە ئەو خەڵکە ئیتر ئەوەندە بە موتەجاوز دانەنرێن، دوو شت هەیە ئێمە لەم یاسایە بۆ باسی نەکراوە لە تەعاریف دا باس نەکراوە، یەکێك لەوانە ئاگربڕە کە بەڕاستی لە یاسای زۆر لە دەوڵەتانی دراوسێ تیایەتی کە دەتوانی پێی بڵێی ئەو مەساحەیەیە لەو زەویانەی کە نەباتاتی تیا لادەبرێت بۆ ئەوەی ئینتشاری ئەو سووتاندنە مەنع بکات، ئەوە زۆر گرنگە هەتا وەختێ کە حەریقێك ڕوو دەدات سەیر دەکەی کەس خۆی بە مەسئول دانانێ، لەبەرئەوە ئەگەر ئێمە ئەو ختوتی ناری یان ئاگربڕ دابنێین ئەوە کارێکی باشە، دوای ئەوە یەك تەعبیری تر بۆ مەعابر وەکو ڕاڕاو نەوەکو ڕۆژێ لەڕۆژان ئەو شوێنانە یان تروقی موروری سەریع بێت یان سکەیەکی حەدیدی پیا بڕوات، لەبەرئەوە هەتا بۆ حەیواناتیش کە دەلەوەڕێت مەعابری خۆی هەبێت، ئەگەر ئەو پێناسانە ختوتی یەعنی هێنی ئاگربڕ و ئەوەش زیاد بکرێت، ئەو حیازەیەش لەگەڵ مولکیەتەکە هەبێ، کێشەی زۆرمان بۆ حەل دەکات و سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك صباح فەرموو.

**بەڕێز صباح بیت الله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**من سەرەتا مولاحەزەم لەسەر پێناسەی ئەم یاسایەیە کە دەڵێ (قانون حمایه الغابات) مـن پێشنیار دەکەم (قانون حمایه الغابات و المشاجر) بێت، ئەوەشی بۆ ئیزافە بکرێت، دەربارەی ماددەی 7 کە پێناسەی غابەیـە من پشتگیری لە سیاغەی لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری دەکەم کە بەو شێوەیە باسیان کردووە و بەو شێوەیە دووبارە سیاغەی بکرێتەوە، هەروەها ئەوەی تریش ئیزافە بکرێ، (ثامنا/ المشاجر) کـە تـەعریفی مەشاجر بەو شێوەیە بکرێت (هی المساحات المجریـة الصـناعیة بالاشجار الملائمـة السـریعة النمـو وقصـیرة العمـر)، لـە (عاشرا/ اراضی الغابات هي الاراضی التـی تنمـو علیها اشجار الغابـات والشجیرات (المراعـی) یشـی بـۆ ئیزافـە بکرێت، داوا دەکەم لـە پاشـی (سـادس عشـر، سابع عشـر)ی بـۆ ئیزافـە بکرێـت، (اراضـی المشـاجر) (الاراضـی الزراعیة التی تلائم لانشاء مشاجر النقیة أو مختلطة) سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**کاك عبدالرحمن فەرموو.**

**بەڕێز عبدالرحمن حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**لەڕاستی لەگەڵ ئەوەم ناوەکە ببێتە ئیدارەی دارستانی هەرێمی کوردستان، بە نیسبەتی ئەم پڕۆژەیە بەڕێز سەرۆکی پەرلـەمان بـە ڕای مـن بـۆ ئێمـە ئـەگەر ئێمـە دەرچوێنرا بۆمـان مەشـاکلی زۆر لـەدوای دێـت، بـۆ نموونە مەسەلەن، ئێمەلە کوردستان دارستان نیە کە دارستانێکی سەر بە کەسێك نـەبێ، لـە هـەر جێیـەکی کوردستان دێیەکی لەسەرە، ئەو زەویانـە هـەمووی دابـەش کـراون لەسـەر خـاوەنی ئـەو دێیانـە، هـەر کـەس دەزانێ حدودەکەی لێرە بۆ ئێرە هی کەسێکە، چ دار بێ و چ بـەرد بـێ و چ خـاك بێـت، چ هـەر شـتێکی تـر بێت، دابەش کراوە، یەعنی چ ئـاوەدانی بـێ چ وشـکی بێـت، هـەموو دەیـزانین، ئـیتر ئێمـە لێـرە ئـەو پـڕۆژە دابڕێژین ئێستا لە کوردستان کێشەیەکی تر هەیە، نایەڵن 26...30، مەرێکە بە چ بەخێوی بکەن؟ یـەعنی ئەمە کێشەیە بۆ خەڵکی لەناو دێیە، دێیەکان گەشەی نەکردووە، ئەوە کێشەیەکی سەرەکیە بۆ ئـەوان، دوای ئەوە ئەم پڕۆژەیە ئەگەر دایڕێژینـەوە یـەعنی جـێ بـەجێ بکـرێ بـەڕەئی مـن کێشـەیەکی زۆر گەورەیـە و هەڵەیە بۆ ئەو خەڵکەی هەڵدەستێ، مەسەلەن ئەو ئەرزانە لە هەموو جێیەکی هەر وایە، دەبێ تـاپۆ بکـرێ لەسـەر ئـەو خەڵکانـە هـەموویان عـەردی خۆیـان دەزانـن، بـەڵام دەبـێ ئـەم ئیـدارەی دارسـتانە بـە گـوێرەی دارستان جێ بەجێ دەکرێ، ئەگەر دار نەبڕێ ساڵانە وشك دەبێ، چار، پێنج سـاڵ وشـك دەبـێ و دەکەوێـتە ئەرزی، ئەگەر بیبڕێ نۆژەن دەبێ و تازە دەبێ و گەورە دەبێ و قوەت دەکا و سـاڵ بـە سـاڵ نموەکـەی زیـاتر دەبـێ، ئەمـە لێـرە بـەڕەئی مـن ئـەم پڕۆژەیـە دەبـێ دارسـتانی تایبـەت لـە دارسـتانی یـەعنی وەکـو بڵـێین حکومەت دروستی کـردووە جیـا بکەینـەوە، دارسـتانی حکومـەت دەبـێ حیمایـەی بکـرێ و حکومـەت دابنـێ دارستانەکە، ئەمە شتێکی زۆر باشە و جوانی دەداتە کوردستان، هەوایەکەی جوان دەبێ و بەڵام ئەمـەی کـە**

ئێمە قسە لەسەری دەکەین، ئەم دارستانانە لە شاخە و لە دێیە و لە کوردستان هەموو دێیەك بۆ ئێمە بەڕەئی من کێشە دروست دەبێ و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاهەنگ خان فەرموو.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەئیدی بەڕێز وەزیر دەکەم کە دەڵێ ئیدارە بۆ وشەی ئەو قانونە زیاد بکرێت، چونکە ئیدارە بە تەبیعەتی خۆی تایتڵی هەر مەشروعەکی یان هەر قانونەکی شتێکی زۆر موهیمە بۆ ئیش کردن لەسەری، کە ئێمە دەڵێین غابات هەتا ئێستا و یان زراعەت سێکتەر و قتاعی زراعی لە وڵاتی ئێمە ئیهمال کراوە و بەرهەمهێنانی لەسەر نابێت ئەو تەتەوری نەکردووە بەو مەعنایەی پێویست کە خۆمان دەمانەوێ، ئەو تایتڵە ئەگەر بگۆڕی ئیدارەکە حەتمەن وەزیفەی ئەو قانونەش دەگۆڕێ، بەرهەمهێنانی مەشاریعی دێتە سەر، ئەو تایتڵەی کە ئیدارەکەی بۆ ئیزافە بکرێ، زۆر زۆر موهیمە، لە نوقتەی 5 یش ئەوەی کە دەڵێ شورتەی حیمایەی غابات، شورتەی حیمایەی غابات عادەتەن لە هەموو دنیا وەزائیفی خۆی هەیە، ئەو فەقەرەیە ئەو قانونە سیغەیەکی کەمە، ئەگەر خسوسیەتێکی بدرێتێ، ئەوەی کە لە لیژنەی یاسایش هاتووە و کە دەڵێ تابع بە وەزارەتی داخلیە بن، موحالە ئەو دوو وەزیفەیە لێك بدرێ، چونکە سایکۆلۆجیەت و ئیش و ڕەنگ و سەیارە و هەتا هەڵگرتنی سیلاح، هەتا ڕەنگی جل و بەرگی شورتەی غابات زۆری فەرقە لەگەڵ سیستم و سایکۆلۆجیەتی ئیشی وەزارەتی داخلیە، بۆیە لە فەقەرەی 5 من ئەو فەقەرە لە قانونەکە و لە ئەسڵی قانونەکە بە کورتی دەزانم و دەبێ خسوسیەتێکی خاس بدرێتە پۆلیسی غابات و ئەو ئیدارەیە زیاد بکرێ، چونکە ئیدارە ئەو تایتڵە زۆر موهیمە بۆ تەتویر و بۆ ئیش کردن لەسەری موستەقبەلەن، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك قادر فەرموو.

**بەڕێز قادر حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەم یاسایە من سەرەتا پشتگیری دەکەم، چونکە بەڕاستی پاراستنی ژینگە و دارستان و سروشت لە ژیانی هەر کۆمەڵێك دا ڕوکنێکی زۆر ئەساسە، سەبارەت بە ماددەی یەکەم بە تەسەوری من پێناسەی ناوەڕۆکی یاسایەکە دەکات، پێناسەی جۆری دارستان و ڕووەك و ژینگە دەکات بە پێویستی دەزانم کە

ئاماژەیەك بە ناشناڵ پارك بكرێت كە چەند ساڵێكە هەوڵی بۆ دەدرێت لە سنووری سەكران و تاكو هەڵگورد لە مەرحەلەی یەكەم، تەئیدی ڕەئی برای هاوكارم كاك شوان دەكەم، چەندین ووَرك شۆپی بۆ كراوە، لە مەیدانیشەوە چەندین سەردانی كراوە، فەحسی زەوی و زارو دارو درەختەكانیشی كراوە، تەنسیقیش لەگەڵ وڵاتانی ئەوروپی و وڵاتانی عەرەبی كراوە لەم ڕووەوە، چەند ڕۆژی ڕابردوو خۆشبەختانە ووَرك شۆپێكی زۆر گرنگ لە سەنتەری قەزای چۆمان لەم بارەیەوە كراوە، كە هەموو ئەو پسپۆڕانە لە ناوەوەو لە دەرەوە بەشداریان تیا كرد، خەریكە لەمەراحلی كۆتاییە بۆ ئەوەی كە لە لایەن نەتەوە یەكگرتووەكانەوە ئەمە بە ڕەسمی بە ناشنال پارك بناسرێ، ئەو كاتیش كە ناسرا هەتا پاراستنیشی لە ڕووی ماددی و مەعنەویەوە لە ئەستۆی ئەوان دەبێ، بە تەسەوری من نەوەك هەر لە ڕووی سروشتی لە ڕووی سیاسیش كاریگەریەكی ئەرێی لەسەر هەرێمەكەمان دەبێ، تەسەور دەكەم بێجگە لەوە بۆردێكی هەیە ئەو ناشناڵ پاركە، چەندین كەسایەتی شارەزاو پسپۆڕو چالاك وان لە بواری ژینگە پارێزی لە خۆ دەگرێت، پڕۆژەیەكیشیان ئامادە كردووە، لەو ڕۆژانە قەرارە بدرێتە سەرۆكایەتی پەرلەمان و حكومەتی هەرێمیش، من پرسیارێك ئاراستەی جەنابی وەزیر دەكەم، تا چەند لەم بابەتە ئاگادارە پێشنیاریش دەكەم كە ئەم بابەتە لەم پڕۆژەیەدا ئاماژەیەكی پێ بكرێت، جێگای بكرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك فاضل فەرموو.

**بەڕێز فاضل محمد قادر(بەشارەتی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لە ماددەی یەك تێبینیم لەسەر دوو بڕگە هەیە، بڕگەی نۆ و لەگەڵ بڕگەی یانزە، باس لە مەسەلەی ژینگە دەكات، لە بڕگەی نۆ هاتووە دەڵێ دارستانانی تایبەت بریتیە لەو دارستانانەی كە لە لایەن كەسانی ئاسایی یان مەعنەوی دروست كرابن، موڵكایەتیان مافی بەكار بردنیان بۆ ئەو كەسانە دەگەڕێتەوە، من هەر چەندە لەكاتی موناقەشە كردنی ئەم قسە كردنەی ئەندامانی بەڕێز لە ژوورەوە نەبووم، تەنها گوێم لە چەند قسەیەكی كاك عبدالرحمن بوو، لێرە یەك نوقتە هەیە، پێویستە بەڕاستی وەكو ئەڵێ سنوور بەندی بۆ بكرێ، بە تەئكید لە كوردستان پێموانیە هیچ جێگایەك هەبێ كە دەستی موڵكایەتی خەڵكی نەخرابێتە سەر، بۆیە مەسەلەی دارستان یەكێكە لەو خاڵە زۆر گرنگانەی كە عیلاقەی بە جوانی و ژینگە و بە ڕازاندنەوەی وڵات هەیە، بۆیە بە بڕوای من دارستانەكانی كوێستانەكان زیاتر كە لەخوا بەزیاد بێ كوردستان دارستانێكی زۆر باشی هەیە، من پێشنیار دەكەم ئەو دارستانانە حكومەتی هەرێمی كوردستان موڵكایەتی بخاتەسەر، پاشان بە مۆڵەت لە لایەن هاووڵاتیانەوە بەكاربێت بەپێی پێویست، یان كە زیان بە دارستانەكان نەگەیەنێ، كە ئەمە پێموایە باشترە لەوەی كە بەو شكلە، چونكە لێرە هەر لە بڕگەیەكی تری ئەو خاڵەدا سنوور نایەڵێ كە پارێزگاری لە دارستان بكرێ، چونكە ئەڵێت مافی بەكاربردنی هەیە، ئەگەر نەبێتە موڵكی دەوڵەت و بە ئیجازەی حكومەت بەكارنەهێندرێت، بەڕاستیەكەی سنوور وەكو ئەو ساڵانەی

ڕابردوو زیانێکی گەورە بەدارستانەکان دەگەیەنـدرێت، بۆیـە داوا کـارم حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان ئـەو ناوچانەی کە دارستانن، چونکە هەمووومان دەزانین لە گوندەکان پێی دەڵێن قەدەغە، یەعنی ئەو قەدەغانـە بەکاردێن، ساڵانە ئەیبڕن و بەکاری دێنن بۆ مەڕو ماڵات، بەڵام ئەگەر حکومەت کردی بە موڵکی خۆی و بـە ئیجـازە خـەڵك تـوانی سـوودی لێ وەربگرێـت، هـەم خـەڵك سـوود دەبینـێ و زیـانیش بـە دارسـتانەکان ناگەیەندرێت، لە بڕگەی پانزەشدا باس لەو زیندەوەرانەی یان لەو گیانلەبەرانە دەکات کە سوود لـە پـووش و پەڵاش دەبینن، بەڵام لێرە بـە بـڕوای مـن بـە تـەواوەتی ئیشارەتی بـە هـەموو ئـەو گیانلەبەرانـە نـەداوە، چونکە یەکێك لەوانە مەسەلەی باڵندە کە هەمووومان دەزانین شتێکی زۆر عەجیبە لەهـەر کوێیـەکی دونیـا کـە هـەبێ، بـەڵام بەداخـەوە سـاڵانە بـەهۆی سـووتاندنی دارسـتانەکان و کـەژو کێوەکـان لـە کوردسـتان، بـە هەزارەها گیانلەبەری کێوی دەسووتێ، لە مارو باڵنـدە، بۆیـە ڕاسـتیەکەی دەبـێ حکومـەتی کوردسـتان ڕێ و شوێنی....، هەر کەس مەزرەعەی خۆی هەیە گیانەوەری ماڵی لەو مەزرەعەیە سوود وەردەگـرێ، گیانـەوەرە کێویەکانیش لەناو دارستانە گشتیەکان حەیاتیان پارێزراوە نە ئەسووتێن نـە ڕەنجیشیان بـە زایـەع دەچـێ، بۆیـە هیـوادارم ئـەو دوو مولاحەزەیـەی کـە مـن دام حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان لەبەرچـاوی بگرێـت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەگەرچی هیچی بۆنەماوەتەوە، بەڵام شەونم خان فەرموو.

**بەڕێز شەونم محمد غریب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ئەمەوێ لە بیدایەت لە ناونیشانەکەوە دەست پێ بکەم، ئێمە کاتێ باسـی غابـە ئەکـەین، واتـە دارسـتان، دارستان بەبێ ئەو حەیوان و ئاژەڵ و باڵندانـەی کـە تیایـدا وابـزانم وەسـفێکی تایبـەتی نـامێنێ، بـێ بنـەما دەرئەچێت ئەگەر ئەو شتانەی لەگەڵ نەبێ، من پێم باشە هەر لە ناونیشـانەکەوە بگۆڕێـت، (قـانون حمایـة الغابات لاقلیم کوردستان) بکرێت بە (قانون حماية الغابات والحياة البرية) حـەیاتی بـەری بـە حـەیوانات بـە تیور هەتاوەکو بە حەشەراتی کە لـە نـاو دارسـتانەکانیش ئەگرێتـەوە، بەنیسـبەتی مـاددەی یەکـەم، بڕگـەی سێهەم، (المديرية العامة للبستنة والغابات والمراعي) من پێم باشە ئەگەر ئەو ناونیشانەمان گۆڕی ئەمە ببـێ (المديرية عامة للغابـة والحيـاة البريـة) پێنجـەم (مديريـة شـرطة الغابـات/ مديريـة الشـرطة المكلفـة بحمايـة الغابات ومنتجاتها)، (بحماية الغابـات والبريـة ومنتجاتها) چونکە بەتـەنیا شـورتەی غابـات ئیشـی ئـەوە نیـە ئاگای لە درەختەکان بێ، ئەی ئەو حەیواناتەی کە لەناو دارستانەکان بـە بەرچـاومانەوە ڕۆژانـە ئـەکوژرێن، ڕاوچیەکان ئەیان کوژن دەبێ ئەمان داکۆکیـان لێ بکـەن، فیعلـەن ئێسـتاش دیفـاع لـەوە ئەکـەن و داکـۆکی لێ ئەکـەن، بـەڵام پێویسـتە ئـەوە بکرێـت بـە قـانون، (الغابـات الخاصـة) بڕگـەی نـۆ، غابـاتی خاسـە بەڕاسـتی تەعریفەکەی لێرە وازح نیە، لە لایـەن خەڵکێکـەوە غابـاتی خـاس دروسـت ئـەکرێت لەناوچـەیەکە کـە ئـەو ناوچـەیە حـەیاتی بـەڕی تیایـەو غاباتیشـی تیایـە، دەبـێ شـەرت و شـروت دابنـدرێت بـۆ ئـەو بابەتـە وەها

نەڕوات، چونكە ئێمە خۆمان ئەزانین لە كوردستان دەرگا كردنـەوەی دەرگایـەكی ئـاوا، بڕگـەی قـانونی ئـاوا دەرگا ئەكاتەوە بۆ خەڵك كە بە ئارەزووی خۆیان لە دارستانەكان، لە شاخەكان، دەستكاری ئەرزو دەسـتكاری تەبعـەت بكـەن، هـەتاوەكو زۆرجـار دێتەسـەر ئـەوەی كـە زۆر جێگـە ئەسـووتێندرێت، بـۆ ئـەوەی ئـەرزی لێ دروست بكرێت، ئەرزەكە بكرێت بە زراعەت، یاخود بكرێت بە باخێك لەو ناوەڕاستە، لەبەر ئەوە بەڕاسـتی ئەبێ شەرت و شروتێكی تایبەتی بۆ دابنـدرێت، بنووسـرێ (حسب التعليمـات الـتي تصـدرها وزارة الزراعـة) یاخود ئەنجومەنی وەزیران ئەبێ لێرە شەرتێكی بۆ دابندرێت، (دهـام اراضـی غابـات) لەگـەڵ تەعریفەكـەی خۆی پێویستە ئیزافەیەكی بۆ بكرێت لە ئەخیر(وتعيش عليهـا الحيوانـات البريـة) چـونكە تـەعریفی غابـات گژو گیاو شوجەیراتی تیایە (وتعيش عليها الحيوانات البرية) بڕگەی سێزدە تـەعریفی خەشـەب، (اشـجار بجميع ادوار نموها قائمة او سـاقطة)، پـێم باشـە ئـەو تەعریفـە بـەم شـێوەیەی لـێ بێـت (هـي المـادة النباتيـة طبيعية ناتجة من الاشجار وبجميع ادوار نموها قائمة ام كان ساقطة وباي شكل ولای غاية تستعمل) لێـرە لـە دوو جێگا باسی لە ماددەی پانزە و شانزە باسی (مواشی) كراوە لەگەڵ (راعي) بەڵام لـە هـەمان كاتـدا باسـی (مرعی) نـەكراوە، مـەرعا جێگایـەكی زۆر گرنگـە كـە ئـەبێ دەستنیشـان بكرێـت، مـەرعا مواسـەفاتی چـیە؟ لەكوێ بۆچی بەكاردێت؟، چونكە ئێمە خۆمـان دەزانـین لـە دێهاتـەكانی كوردسـتان كـەكاتێك حەیواناتـەكان بەڕەڵلا ئەكرێت، جاری وا هەیە بەشەو ناهێندرێنەوە، یەعنی هەموو غاباتەكان ئەو نەباتە تەبیعیانەی كە تیایەتی، ئەو نەباتە توبیانەی كە لەناو غاباتەكە بەڕاستی بكەوێتە بەردەم ئەو حەیواناتانە، زۆربەی زۆری كۆتایی پێ دێت، لەبەر ئەوەی تەعریفی مەرعا زۆر گرنگە لێرە دەسـت نیشـانی بكرێـت، بڕگەیـەكی تـریش كە هاوڕێكانم باسیان لەسەر كرد، لەسەر غاباتی خاسە ئەمیری، بەڕاستی لـە كوردسـتان ئێمـە ئەگـەر سـەیر بكەین لە دێهاتەكان، چوار دەوری دێهاتەكان دابەش كراوە، مـوڵكی خـاوەن دێهاتەكانـە، خـەڵكی دێهاتەكانـە، ئایا ئەو غاباتە خاسانە دروست ئەكرێت خەڵكی دێهاتەكان ئەیفرۆشێتەوە بەو خەڵكە، لەبەر ئەوە ئەمە بە تەواوەتی تەئكید لەسەر ئەمە دەكەمـەوە ئـەبێ تـەعلیماتێكی زۆر تونـدی بـۆ دابنـدرێت، چـونكە بەڕاسـتی ئەگەر وانەبێ ئێمە بەتامای غابات نـەبین لـە كوردسـتان، پشـتیگری هاوڕێكانیشـم ئەكـەم لـە تەعریفـەكان، تەعریفی ناشناڵ پارك ئـەبێت، بەڕاسـتی ئـەوەش حاڵـەتێكی زۆر گرنگـە لـە كوردسـتان، ئێسـتاش سـەرەتای دەست پێ كردنەكەی و ئیش كردن تیایە دەستی پێ كردووە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنە هاوبەشەكان نەك وەڵامدانەوە ئەگەر، فەرموو كاك كاردۆ.

**بەڕێز كاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

كاك دڵشاد پێشنیارێكی كرد، ئێمە ئێستا لە ماددەی یەكەمین، كاتی خۆشـی ئێمـە سـەبارەت بـەو یاسـایە لـە لیژنـەی یاسـایی، بـرادەران لێـرەن موناقشـەی ئـەوەمان كـرد بەڕاسـتی ئـەوەی عـیراق زۆر باشـەو پێویسـتە ئینفاز بكرێت، هیچ جیاوازی نیە، ئەگەر جیاوازیـەك هەیـە، بـرادەران دەڵـێن یاسـاكەی ئێمـە تایبەتمەنـدی

هەیە، با ئەو پێشنیارە بکەن لەکاتی ئینفازەکە هەمواری بکەین، ئەم هەموو کات کوشتنە ئەو هەموو موناقەشەیە ئێمە ئێستا لە ماددەی یەکین، بۆچی بۆ یاسایەك بکەین کە لەئاستی عیراق هەیە، باشتریشە، دەتوانین ئەو بنەما نێودەوڵەتیەکانیشی تیایە، بۆ بێین موناقەشەیەکی چەند ڕۆژە بکەین بۆ یاسایەك کە هەر دووبارە کردنەوەی ئەوەی عیراقە، بەخرابتر نەوەك چاکتر، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د. رۆژان.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

باسی ئەوەمان کرد کە ئەو پرۆژەیە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیران پێشکەش کراوە، ئینفازی قانونەکی عیراقی پێویست بەوەیە کە پرۆژە یاسایەك پێشکەش بکرێ، بەپێی ڕێکارە یاساییەکانی ناوخۆی پەرلەمان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی کشتوکاڵ دەڵێن چی؟.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەگەڵ ڕێزم بۆ پێشنیارەکەی کاك کاردۆ، واتێئەگەم سێ ساڵە وەزارەتی کشتوکاڵ یاساکانی عیراقی، یاساکانی دەوروبەر، یاساکانی کە کاری پێ ئەکرێت، لە زۆربەی وڵاتەکانی دەرو دراوسێدا دیراسەی ئەکەن بۆ ئەوەی بەڕاستی فۆرمەلەی یاسایەك بکەن بۆ هەرێمی کوردستان، من قەناعەتم وایە ئەو یاسایەی کە جەنابتان ئەیڵێن من بینیومە و مەعنیەکان لە وەزارەتی کشتوکاڵیش بینیویانە، ئەو کەسانەی کە لە غاباتیش چەندین ساڵ ئیشیان کردووە، کە ئێستا خانەنشینن، دکتۆرایان هەیە، یان ماستەریان هەیە، من یەکێك لەوانەی کە پرسم پێ کردوون دکتۆراو ماستەرەکانی جامیعەکانی دهۆکیش و سەلاحەدین و سلێمانی، کە زۆریان لا گرنگ بووە، زۆر ستراتیژی بووە کە ئەم یاسایە لە پەرلەمانی کوردستان هەموار بکرێ، جیاوازی زۆرە لەگەڵ یاساکەی لەعیراق باس کرا، لەگەڵ ڕێزم.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك دڵشاد خۆت پێشنیارت کرد، فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد حسین قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ، من پێشنیارم کرد، من پێم خۆشە لیژنەی کشتوکاڵ کە پێی وایە جیاوازی هەیە، پێم خۆشە کە جیاوازیەکانی زۆر گرنگ بەلای ئێمەو بۆ هەرێمی کورستان بۆمان دیاری بکات، بزانین کامەیە

جیاوازیەکان، بە پێچەوانەوە من هەندێ شت هەیە حەز ئەکەم تەوزیحی بکەم، لە هەموو دونیا لە یاسای غابات چەند مانگێك مەنعی حەریق دەکات لە مەنتیقەی غابات، ئەسلەن لە یاساکەی کوردستان تیای نیە، زۆر جار لە هەندێ ولآت لە یەکی تەمووز دەست پێ ئەکات تا 9/1، ئەمە لە یاساکەی کوردستان تیای نیە، بەپێچەوانەوە یاساکە زۆر نزیکە لە یەك، ئەگەر شتێکی ئیزافەی تیایە بۆ هەرێمی کوردستان تایبەتمەندیەکە دیاری ئەکات لە ناو یاساکە، بۆمان دیاری بکەن بۆ ئەوەی ئێمەش بگەینە ئەو ڕایەی کە پێویستە موناقەشە بەردەوام بکەین، یان ئەوەتا بڵێین گفتوگۆکان زۆر نەکوژێ لەکاتەکانی پەرلەمان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر ڕەئی چیە؟، فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز د.سیروان بابان/ وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوە ئاویەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێگەیشتنەکەی ئێمە ئەوەیە کە بەڕاستی تایبەتمەندی خۆمان هەیە، ئێمە غاباتی تەبیعیمان هەیە کە لە عیراق نیە، کێشەی مەراعیمان هەیە، کێشەی ئەوانەی کە مەڕو مالآت دێتە ئێرە کە ناچێتە خوارەوە، ئەمە هەمووی ئەبێ بە قانون تەنزیم بکرێ، دەربارەی ئاگرو حەرائیق ئەوە بەشێکە ئێمە پێشنیاری خۆمان هەیە، کە ئەچینە ناو ماددەکان یەك بە یەك، ئێمە داوا ئەکەین بۆئەوەی ئیزافە بکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی کشتوکاڵ بزانین جەنابت ئاخیر ڕەئی.

**بەڕێز جلال علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

من بەعام لەگەڵ مولاحەزەکان ئەوەی ئەو خوشك و برایانە وتیانە ئەوە جواب درایەوە و پاساوی نەبوو، بەلآم بەعام لەسەر ناونانی یاساکە ڕەئی هەبوو کە هەر یاسای دارستان بێ، ڕەئی هەیە کە یاسای دارستان و ئیدارە کردنی بێ لەگەڵ پارێزگاری کردنی، ئەوە ئەتوانین کە هەر سێ لیژنەکە دانیشتین لەگەڵ ڕەئی خوشك و برا پەرلەمانتارەکان ڕەئیەکان سابت بکەین، بۆ ئەوەی دەنگی لەسەر بدرێت، بۆ ئەوەی چ ناوێکی لێ بندرێت، بەلآم بەعام بانەڵێین لەهەموو دونیا، لە زۆر ولآتاندا کە ئەڵێی یاسا، یاسای دارستانە، چونکە مولاحەزاتەکانی تر لەماددەکانا دێت، ئەو مولاحەزەیەی کە وترا لە کوردستان غابات نیە، لە کوردستان غاباتی تەبیعی هەیە، زیاتر لە یەك ملیۆن هێکتار غاباتی تەبیعی هەیە، بێجگە لە چەند ملیۆن هێکتاری مەراعی تەبیعی، ئەوە مولاحەزەیە، بەنیسبەتی ئەوەی کە وتیان وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو غەڵەتە، وا تێدەگەم لە عیراقیش وەزارەتی کشتوکاڵ و مەواردی مائیە لەبەر ئەوەی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوە، بەنیسبەت مالآتەوە کە هەقە زۆر ناو وتراوە، من بۆخۆم لەگەڵ ڕەئی لیژنەی یاسایم کە بوترێ، هەندێ مولاحەزاتی تر هەیە دەربارەی احیائی مائی کە د.بشیر باسی کرد، هەندێ شت هەیە

لەوانەیە لە دارستان ئیحیائی مائی پێویست بکات تۆ زیادی بکەی ، لەبەر ئەوە یاساکە جیای نەکردۆتەوە ناتوانی بۆی زیاد بکەی، باسی ئاژەڵ و باڵندەی کێوی کرا، ئەوە لەمولاحەزەکانی تر و لە ماددەکانی تر هەمووی باس کراوە، باسی مەسەلەی ئاگر بڕو مەسەلەی حەرائق کراوە، ئەوە لە یەکێك لەماددەکانی کە داوامان کردووە ئیزافە بکرێ، داوا دەکەین ئەوە مەسەلەی ئاگر بڕو حەرائیقەش ئیزافە بکرێ، مەسەلەی ناشناڵ پارکیش ئەتوانین بەزەوی دارستان ئیزافە بکەین، ئەوە مولاحەزەیەکی باشە، بەنیسبەتی غاباتی تەبیعی کە ئەڵێن بۆ ئەشخاس و یان هینی مەعنەوی یان کەسێکی بە تەنیا کردبێتی، هەندێ غابات هەیە، غاباتی وەقفە، یان غاباتی یەکی ترە، لەبەر ئەوە ئەوانە هی مەعنەویە، هەندێ غاباتیش هەیە بەڕاستی خەڵك ئیشی تیا کردووە، لە زەمەنێکی زۆرەوە لەوانەیە لە دەیان ساڵەوە تاپۆی خۆی هەبێ، ئەرازی هەرچی زەویەك غابات بێ یان کشتوکاڵی بێ، کە تاپۆی هەبوو سەر بە وەزارەتی عەدلە، ئێمە ناتوانین ئەو تاپۆیانە بسڕینەوە، چونکە بە یاسا دانراوە و سەر بە وەزارەتی عەدلە، ئەوە ئەبێ هەقی خۆی بدرێتێ، بەلاّم وەکو یاساکە بەعام تەتبیق ئەبێ بەسەر غاباتی خاسەش و بەنیسبەتی غاباتی عامەشەوە، حەز ئەکەم مولاحەزەیەکی تر بدەم، ئەگەر کوردستان بە حدود تەحدید نەکراوە، بڵێین دەملیۆن هێکتارو زەوی بێ، لە 67٪ زەویەکانی ئێمە بەردەلاّنی و غابات و مەراعیە، یەعنی 33٪ ئەمێنێتەوە بۆ ئەرازی زراعی، من مولاحەزەکانم هەر ئەوەندە بوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر هیچ تێبینیت هەیە، یان بچینە سەر ماددەیەکی تر.

**بەڕێز د.سیروان بابان/ وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوە ئاویەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، ئێستا قانونەکەی عیراقم بینیوە، ڕاستە چەند ئۆڤەر لاپیشی تیایە بەس ئەوەی ئێمە ئەمانەوێ ئیزافەی بکەینە سەری، بەڕاستی ئێستاکە باسی ئەهدافەکان دەکەین وەلەو نەگەیشتینەتە ئەوێ، ئێمە ئەمانەوێ بیکەینە( 18:00) لەوێ بەڕاستی باسی فەیەزانی نەکردووە، دوای کێشەیەکی گەورە کە ئێستا بەرامبەر غابات هەیە، پێی ئەڵێن (فرانك مینتەیشن) تەفتیت، کە بەڕاستی لەناو ئەو قانونە هەر باس نەکراوە، بەشێکی تر کە وا خەتەرێکی زۆرە لەسەر غابات و ئەو ئاژەڵ و ئەو زیندەوەرانەی کە لەناوی ئەژین، ئەوەیە کە تەفتیت کرا، ئێستا هەموو عالەمەکە ئەچن، ئەگەر تەفتیتیش کرا، ئەبێ مەمەرات هەبێ بۆ ئەوەی جین پوڵەکە زۆر هینی تێنەکەوێ، ئەمانەوێ ئەمە هەمووی بخەینە ناو قانونەکەی خۆمان کە لە قانونەکەی بەغدا نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

چونکە قانونێکی بەدیل نیە ئێستا، ئەگەر ئێمە ئەوە رەفز بکەینەوە ئەو موناقەیە، ئەبێ مەشروعێکی بەدیل هەبێ، فەرموو کاك فرست.

**بەڕێز فرست احمد/سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کاك دڵشاد داوای ئەوە ئـەكات ڕەفـزی ئـەو پـڕۆژەیـە بكرێـت، ئینفـازی قـانونی عیراقـی بكرێـت، ئێمـە وەكـو سەرۆكایەتی ناتوانین ئیلزامی ئەندامان بكەین بۆ ئەوەی ئەو پـڕۆژەیە پێشكەش بكەین، ڕەئـی مـن ئەوەیـە تووشی فەراغەك نەبین، هەروەختەك پڕۆژەكە هات ئەگەر پەلەی لێ بكـەن پـێش موناقەشـەی ئـەو قانونـە تـەواو ببێ، ئەو وەختە پێشنیاری كاك دڵشاد بخەنـە دەنگدان كـە ئـەو پـڕۆژەیـە ڕەفـز بكرێتـەوە یـان ڕەفـز نەكرێتەوە، ئەما ئێستا رەفز بكرێتەوە پڕۆژەكە وجودی نیە، وابزانم تووشی خەلەلەك ئەبین.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

گەشە خان فەرموو.

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەم بابەتە كە ئێمە ئەو قانونە ڕەفز بكەین و قانونی عیراقـی دەقـاو دەق هەیـە، ئێمـە لـە كاتێـك هەرێمێكی فیدراڵین، دەسەڵاتی تەشریعیمان هەیە بەپێی دەستووری عیراقی، هەتا ئەو یاسـایەی كـە هەشـە ئێمـە پێویسـتە یاسـای تایبـەتی خۆمـان هـەبێ، بـۆ ئێمـە دەسـەڵاتی خۆمـان بەكارنـەهێنین؟، لەبـەر ئـەوە پێویستە بەبێ ئەوەی كە كاك جلال فەرمووی تایبەتمەنـدێتی عـەواملی كـە لـەو یاسـایە پێویسـتە، هـەموو یاسـاكان پێویسـتە، ئێمـە هـەوڵ بـدەین یاسـای تایبـەتمان هـەبێ بـۆ كوردسـتان، مـادام دەسـەڵاتمان هەیـە بـا بەكاری بهێنین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خۆی مەسەلەكە ئەوەنیە كە ئێمە قانون دەردەكەین یان دەرناكەین، ئەو برادەرانە دەڵێن ئـەو قانونـەی كـە لە عـیراق هەیـە زۆر لـەوەی خۆمـان نزیكـە، ئیكتیفـا دەكات بـە واقعـی كوردسـتانیش، بـۆ ئـەوەی ئینفـازی بكەین، زیاتریش پابەندە بە تەعلیماتە دەولیەكەوە، فەرموو سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ تاكە یەك ئەنـدام ئـەو تەرحـەی كـردووە، دوو كەسـی كـە پشـتگیری نـەكردووە، دوو كەسیش بێ، ئەبێ سێ كەس بێ، ئێمە دائیمەن كردوومانە بە عادەتی و بووە بە عورف لەم پەرلەمانە سـێ كەس ئەو داوایەی كردووە، ئەمە خاڵی یەكـەم، خـاڵی دووەم، فـەرقێكی زۆر جەوهـەری لـە یاسـا عیراقیەكـە هەیە، شورتەی دارستانی نیە، لە هەرێمی كوردسـتان شـورتەی دارسـتانمان هەیـە، ئـەم شـورتەی دارسـتانانە دەبینین ڕۆژانە چ حاڵەتێكیان هەیە كە ڕاوی ئەو كەسانە ئەكەن كە ڕاو كەرن، تەعەداشیان لێ دەكرێت، خۆ دەبێت تۆ لە چوارەچێوەی یاسایەك بتوانی دیاری بكەی كە ئەرك و كارەكـانی ئـەوان چـیە؟، خـاڵی سـێهەم، ئێمـە مـەحمیاتی تـەبیعیمان هەیـە، قـۆپی قـەراغ لـە زەمـانی مەلەكیـەوە مـەحمی تەبیعیـە، بـڕۆ بزانـە چ

تەجاوزاتێکی لەسەر کراوە، ئەی ناکرێ ئەم سەروەتە قەومیە تۆ بێنی لە چوارچێوەی یاسایەك خاسە تایبەتە بە خۆتەوە، بێیت ڕێکی بخەیت، بۆ ئیلا دەبێ نەفاز بە یاسایەك بکەی کە لە عیراق هەیە، ڕەچاوی ئەو خاڵانەی نەکردووە کە لە هەرێمی کوردستان هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هاوڕاز خان فەرموو.

**بەڕێز هاوڕاز خۆشناو:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش بەڕاستی لە دوای ئەوەی کە تەماشای یاسای ژمارە (30) ی 2009 م کرد، هەمان یاسایە، یەعنی من هەر ماددەی دووت بۆ بخوێنمەوە جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، هەمووی وەکو خۆی تەرجومە کردووە، تەنها دوو خاڵی لێ لاداوە، دوو خاڵەکەش یەکێکیان دەڵێ (توفير فرص العمل والقضاء على البطالة) خاڵی دووەمی کە لێی لاداوە (تشجيع الاستثمار الزراعی) با من شتێك بڵێم بەڕاستی ئەوەی عیراقیەو بە ئەوە تەرجومە کراوە، ئەگەر شتێکی لێ کەم کرابێ، یان ناوێکی لێ گۆڕدرابێ، لەگەڵ ئەوەی کە ئێمە یاسای ژمارە (8) ی ساڵی 2008 مان هەیە، ئەوەی بەڕێزان زۆر تەئکیدی لەسەر دەکەنەوە، ئێمە کێشەیەکمان هەیە لە هەرێمی کوردستان کە بوونی یاسایەکی زۆرمان هەیە، یاسای ژمارە (8) ساڵی 2008، بەڕاستی من زۆر تر بینیم ئەوەی جەختی لەسەر دەکرێتەوە، ئایا ئەوە یاسای ژمارە (8) ساڵی 2008 مان کە بەڕاستی نەچۆتە بواری جێبەجێ کردن و جێبەجێ ناکرێ؟، ئێمە ئەگەر ئەو یاسای ژمارە (8)ی ساڵی 2008 ە هەموو ئەوەی کە باسی باڵندەو باسی بەڕیەکەش دەکات، باسی دارستانیش دەکات هەموو ئەوانەی تێدایە بەشێوەیەك لە شێوەکان، من لەگەڵ ئەوەدام کە یاسایەك هەبێ بۆ حیمایەی دارستان، بەڵام ئەمە یاسایەکی عیراقیەو هاتیە لێرە نەقل کراوە، منیش لەگەڵ ئەوەدام بەڕاستی ئەو یاسایە ڕەفز بکرێتەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پەیمان خان فەرموو.

**بەڕێز پەیمان عزالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکەم، من پێموابێ فەرقێکی جەوهەری لە بەینی ئەم دوو ڕەئیە نیە، ئەوەی کە قانونەکەی عیراق ئینفاز بکرێ بە هەمواری چەند خاڵێکەوە، کە بە خسوسیەتی ئێمەیە، لەگەڵ ئەوەی کە ئەیانەوێ ئەو یاسایە وەکو خۆی گفتوگۆی لەسەر بکرێ، چونکە لە نەتیجە نیەتی هەردوو لا پاراستنی دارستانە کە بۆخۆی لە قانونەکەی عیراقیش وایە، دووەم، من پێموایە ئەو پێشنیارە زیاتر لەو هاتووە کە ئێمە سابیقەیەکی تری لەو جۆرەمان هەیە، کە ئێمە هەرێمی کوردستانین و هەقی دەرکردنی یاساشمان هەیە، بەڵام ئێمە لە خولی گرێدانەکانی پێشوو تر یاسایی خزمەت و خانەنشینی هێزەکانی ناوخۆ وەکو خۆی ئینفازمان کرد بە هەموار کردنی چەند بڕگەیەك، ئەم هەموو وەختەمان بە هەموو یاساکە وە نەبرد، کە لیژنەی یاسایی بۆ

خۆشیان ئامادەیان کردبوو ڕاپۆرتەکە، ڕەئیەکەی ئەوانیش وابوو کە قانونەکە ئینفاز بکرێتەوە، هەندێ ڕەئی جیاوازی ئەندامانی پەرلەمان هەبوو، بە چەند خاڵێك هەموار کرا، چەند ماددەیەك هەموار کرانەوە، کەواتە نیەتی ئەساسی ئەوەیە مادام قانونەکە هەدەفی حیمایەی غاباتە، ئێمە بۆ گێڕانەوەی وەخت فریا بکەوین لەو چەند مانگە کەمەی داهاتوو کە هەمانە، زۆرترین یاسای کەڵەکە بوو کە هەمانە، پڕۆژەی کەڵەکە بوو هەمانە تەواوی بکەین، ئەمە بە تەنیا بۆ گێڕانەوەی وەقتە، سێهەم، بە منەوە بوو بە چوار کەس کە پێشنیاز ئەکەین کە پەیڕەوی ناوخۆ وەکو خۆی جێبەجێ بکرێت، ئەو پێشنیازەش بخرێتە دەنگدانەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د.عمر فەرموو.

**بەڕێز د.عمر حمدامین نورەدینی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ڕاستیدا هەر دوو پڕۆژەکە شتی هاوبەشیان تیایە ئەمە هەقیقەتە، بەڵام خسوسیەتێکیشی پێ دراوە، تایبەتمەندێتی لە هەرێمی کوردستان لەناو یاساکەدا وەکو بەڕێزان باسیان کرد، لەهەندێ خاڵ خۆی دەبینێتەوە، بەلأم ئەگەر سەیری ڕێڕەوی قانونی مامەڵە کردن لەگەڵ ئەو پڕۆژە یاسایە بکەین، ئەمە حکومەت ناردوویەتی، لە سەرۆکایەتی داخیلی بەرنامەی کار کراوە و خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە، لیژنە پەیوەندیدارەکان گفتوگۆیان لەسەر کردووە، چەندین کۆڕو کۆبوونەوەی لەسەر کراوە، بیرو بۆچوونی وەزارەت وەرگیراوە، جارێکی تر داخیلی بەرنامەی کار کراوەتەوە، ئێستا پرۆسەی گفتوگۆ دەستی پێ کردووە لەسەری، ئەمەی کە بەڕێزان پێشنیاریان کرد دەکرا، بەس لەو حاڵەتەدا کەهەردوو لیژنەی بەڕێز ڕاپۆرتیان ئامادە دەکرد، لیژنە پەیوەندیدارەکان پێشنیارێکی هاوبەشیان بکردایە، ئەو کات بیان وتبایە ئێمە لەگەڵ ئەوەین کە عیراقیەکە تەنفیز بکرێ ببێتە بەدیلی ئەو پرۆژەیە، وارد بوو، بەس لە ئێستادا داخیلی گفتوگۆ بووین، وەستاندن و گەڕاندنەوەی لە پەیڕەوی ناوخۆش تۆزێك تەناقوزی تیابێ، لە لایەکی تریشەوە ڕاستە هەندێ نموونەی تریشمان هەیە، جگە لەوەی کە خانە نشینی هێزەکانی ناوخۆ، بەلأم هێزەکانی ناوخۆش بە ڕەئی من پێویست بوو کە ئێمە سیمایەك و تایبەتمەندێتی خۆمانی پێ بدەین، بۆ؟، لەبەر ئەوەی یەکسەر جێبەجێمان کرد بە تەعدیلێکی بەسیتەوە، ئێستا جارێکی تر پڕۆژە پێشکەش کراوەتەوە بۆ ئەوەی تەعدیلی بکەینەوە، لەبەر ئەوەی بەڕاستی بەشێوەیەکی تێرو تەسەل گفتوگۆمان نەکرد لێرە لە هۆڵی پەرلەمان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شوان فەرموو.

**بەڕێز شوان عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێموایە دوو ڕەئی هەیە ئەوە بە دەنگدان یەکلایی ئەکرێتەوە، لەسەر ئەوە قسە نابێ بکرێت کە پڕۆژەی عیراق نەفاز بکرێ یان نا، چونکە ئەوە دەبێ بە پڕۆژە یاسا پێشکەش بکرێ، خوێندنەوەی یەکەمی بۆ بکرێت، دوای خوێندنەوەی دووەم، دەبێ لە خوێندنەوەی یەکەم یەکلا بکرێتەوە کە نەفاز بکرێ یان نا، ئێستا دوو ڕەئی هەیە، دەکرێ بۆ ئەوەی کە وەختیش نەڕوات و جەنابیشتان مەشغول نەبن بەوەوە بخرێتە دەنگدانەوە، بەردەوام بین، یان بەردەوام نەبین؟، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك فرسەت.

**بەڕێز فرست احمد/سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیارەکی وازح و سەریح هاتووە، کو پڕۆژەکە ڕەفز بکرێت، مەوزوعی بەردەوام بین و بەردەوام نەبین باشە بە دەنگدان وای لێهات کە بەردەوام نەبین، مەسیری مەشروعەکە چی لێدێت، تەئجیل دەکرێت؟، یەعنی مانای ئەوەیە نە ڕەفزە، ناکرێ موعەلەق ئەمێنێتەوە، بە ڕەئی من مەوزوعی ڕەفز هەر ئەندامێك بۆی هەیە ئەو پێشنیارە بکات لەهەر مەرحەلەیەکی موناقەشە، ئێمە وەکو سەرۆکایەتی ناتوانین موسادەرەی مافی ئەندامێك بکەین، کو داوای ڕەفز ئەکات، فەرموون ئێوە موافق بن، خۆ هیچی تێدانیە ئەو زۆر ئیعتیادیە، ئەما هەرکە بڵێین مەرحەلەیەکی موناقەشە تێپەر بووە، لیژنەکان ڕاپۆرتی خۆیان تەقدیم کردووە، لەناحیەی قانونی ئەوە هیچ بنەمایەکی نیە، ئەندام پەرلەمان ئەتوانێت لە تەسویتی نیهائی ئەوەی لەسەر قانون دێتە کرن، فیعلەن هەندێك لە ئەندامان موافق نابن لەسەر تەسویتی نیهائی، یەعنی مانانی ئەوەیە کە داوای رەفزی پڕۆژەکە دەکەن، لە هەر مەرحەلەیەك ئەندام پەرلەمان ئەتوانێت داوای ئەو پێشنیارە بکات، وەکی تر برادەران ئەگەر لەگەڵ نەبن ئەغلەبیە، ئەوە هەقە ڕەفزی ئەو موقتەرەحە بکەن، شتێکی زۆر ئیعتیادی و سروشتیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا شتەکە وازحە، فەرموو سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ئەسنای موناقەشە کە تەرحێك هاتووە دوو کەس کردوویەتی، بە نوقتەی نیزام ئەوە پێی ناوترێ پشتگیری، بە نوقتەی نیزام خەڵك ناتوانێ بڵێ من داوا دەکەم، خۆمان هەمووومان باش ئەزانین نوقتەی نیزام یەعنی پێچەوانەی پەیڕەوی ناوخۆ کارێکت کردبێ، نوقتەی نیزام ئێستا لێرە دەربڕینی ڕایە، نوقتەی نیزام پێشنیاری تازەیە، ئاخر ئەمەی کە ئەکرێت لە دەرەوەی پەیڕەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا چوار کەس چەند کەس داوای کردووە ئەم پرۆژەیە رەفز بکرێت، دوایی پرۆژەیەکی تر تەقدیم بکرێت، ئێستا دوایی ئەوان دەتوانن بیکەن بۆ خۆیان، پرۆژەیەکی تر تەقدیم بکرێت بۆ ئینفاز کردنی ئەو قانونەی کە لە عێراقدا هەیە، کەواتە دوو رەئی جیاواز هەیە رەئیەك دوورترە کە دەڵێت رەفز بکرێت، کێ دەیەوێت ئەو پرۆژەیەی کە ئێستا موناقەشەی دەکەین رەفز بکرێت تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ کاکە هەر ئەوەیە، فەرموو کاك عبدالله.

**بەڕێز عبدالله محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم باشە دانیشتنی ئەمڕۆ تەئجیل بکرێت تا بەیانی پرۆژەکە ئامادە دەکرێت، بۆ ئەوەی ئەم حزوری پرۆژەکە مەوجود بێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاکە شتەکە وازیحە، برادەران شتەکە وازیحە رەئیەك دەڵێت ئەو پرۆژەیە رەفز بکرێت، دەتوانن دوایی تەبعەن ئەوە ئارەزووی خۆیانە پرۆژەیەك تەقدیم بکەن بۆ ئینفاز کردنی ئەو قانونەی کە لە عێراقدا هەیە، دوایی خۆیان دەتوانن تەقدیمی بکەن، نەك رەبت بکرێت، فەرموو.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە با نەچینە ناو جەدەلێك کە هیچ نەتیجەیەکی نییە، ئەگینا ئێستا قانون هەیە لە عێراقدا ئینفازیش دەکرێت بەبێ ئەوەی بە پەرلەمانیش داچوو بێت، قانونی مەجلیسی خدمەی جامیعی خۆ ئینفاز دەکرێت و بە پەرلەمانیشدا نەهاتووە، ئێمە قسە لەسەر چ دەکەین دەڵێین ئایا ئەو پرسیارە لە خۆمان بکەین ئێمە موناقەشەی چەند رۆژە بکەین بۆ یاسایەك کە هەمان ناوەڕۆك و ئامانجی هەیە، یاسایەکی حازر هەیە، ئەگەر ئیزافەیەکیش هەبێت لەسەر تایبەتمەندی کوردستان بیکەین لەسەر ئەو نیەتە وا بکەین، یان ئیدامە بەو یاسایە بدەین چەند رۆژێکی تر خەریك بین دەریچووێنین کە کاتی پەرلەمان دانیشتن دەکوژێت، جگە لەوە بەڕاستی بۆ پەرلەمانتاریش نییە رێ و شوێن بۆ ئەندامانی پەرلەمان دادەنێت، حەقی ئەوەت هەیە ئەمە نوقتەی نیزامە، ئەمە نوقتەی نیزام نییە، ئەمە چیە؟

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا ئێمە چۆن حەسمی ئەم مەسەلەیە دەکەین؟ دەبێت ئێمە خاڵێکمان هەبێت بۆ ئەوەی یەکلایی بکەینەوە، فەرموو کاك دکتۆر ئەحمەد.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

خۆی لەڕاستیدا ئەوە دەكرێت بە دەنگدان یەكلا بكرێتەوە وەكو جەنابت باست كرد، بەڵام ئێمە ئەگەر ئەو ڕێو شوێنانەش بگرینەبەر كە جارێكی تر ئەو پرۆژەیە پێشكەش بكرێت بۆ ئینفاز دەبێت خوێندنەوەی یەكەمی بۆ بكرێت، پاشان دەبێت لیژنەكان دیسان راپۆرت ئامادە بكەن و هەندێك گۆڕانكاری لەناو یاساكە بكەن بەپێی تایبەتمەندی هەرێمی كوردستان، ئەو پرۆژەی كە ئێستا هەیەو ئێمە موناقەشەی دەكەین هەندێك گۆڕانكاری تێدا كراوە لەڕاستیدا لەگەڵ عێراقیەكە جیاوازی هەیە، لیژنەكانیش هەندێكیان پێشنیاریان كردووەو ئیزافاتیان كردووە بەپێی تایبەتمەندی هەرێمی كوردستان، كە پێموایە لە یاساكەی عێراقیدا ئەوانە نین، یەعنی تا ئەو ئیجرائاتانەی ئێمە دەیكەین كە پرۆژەیەكی تر پێشكەش بكرێت، پێموایە ئەو پرۆژەیە ئێمە دەتوانین موناقەشەی بكەین و تەواویش ببین، بۆیە من رەئیم وایە موناقەشەكە بەردەوام بێت، بەڵام دەتوانین بۆ ئەو پەرلەمانتارە بەڕێزانە بخەیە دەنگدانەوە، بۆ ئەوەی حەسم بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

پەیمان خان فەرموو.

**بەڕێز پەیمان عزالدین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێستا لەسەر پرسیارەكەی بەڕێزتان دوو رەئی هەیە، یەكێكیان/ ئەوەیە كە قانونی عێراقی ئینفاز بكەین بە هەندێك تەعدیلاتەوە، یاخود بەردەوام بین لەسەر ئەمە، تەواو، ئەو دوو رەئیەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێمە ناتوانین ئەوە بڵێین، چونكە ئەو قانونەی بۆ ئینفازەكە لەبەردەستمان نییە، تەقدیم نەكراوە، ئینفازی قانونی عێراقی لەبەردەستمان نییە تا بڵێین ئەمە رەفز دەكەین ئەوی دەكەینە ماددەی بەدیل، ئەوەی ئێستا هەیە، ئەوەی لەبەردەستمانە رەفز بێت، یان كاری لەسەر بكەین، دوایی خۆتان ئێوە ئازادن تەقدیمی دەكەن، تەقدیمی ناكەن مەوزوعێكی ترە، ناتوانین بە یەكەوە رەبتیان بكەین، فەرموو ئەڤین خان.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وابزانم ئێمە لە سندووقەكانماندا بەرنامەی كار دیاری كراوە، ئێمە لە هۆڵی پەرلەماندا تەنها دەتوانین ئێستا كار بكەین، یاخود ئەوەی كە لەم هۆڵە ئەو جەدەلە دەكرێت لەسەر بەرنامەی كاری ئیشەكانمان ئەمڕۆ دەیكەین، بۆیە بە خوێندنەوەی ئێمە بۆ بەرنامەی كار خاڵی دووەم دەڵێت گفتوگۆ كردن لەسەر ئەم پرۆژە یاسایە، نەگوتراوە ئێمە تەعدیلی، یاخود نەفازی یاسایەكی تر بكەین، باشە من بەش بەحاڵی خۆم

یاساكەی عێراقم نەخوێندۆتەوە، وابزانم لە 90٪ی برادەرانیش یاساكەی عێراقیان نەخوێندۆتەوە، چۆن نەفازی دەدەینێ؟ ئەمە یەك.

خاڵی دوو/ ئێمە بەپێی یاسا ناتوانین نەفازی یاسایەك بكەین ئێستا ئێمە چۆن بڵێی وجودی نییە، یاخود وەكو پرۆژە لەبەردەستماندا نییە، تەنها و تەنها ئێمە بەردەوامی لەسەر گفتوگۆكردنە، دەتوانین وەكو بەڕێزت ئاماژەت پێ كرد دەتوانرێت بخرێتە دەنگدانەوە، ئەم پرۆژە یاسایە یان رەفز بكرێت، یان بەردەوام بین لەسەری، وەئیلا ئێستا لەم حاڵەتەدا، لەم دانیشتنەدا ئێمە بۆمان نییە بەپێی یاساكان نەفاز بدەینە ئەو پرۆژە یاسایەی كە لە عێراقدا هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك دڵشاد تۆ خاوەنی ئیقتیراحەكەی، دەتوانین یەك شت بخەینە دەنگدانەوە ئەویش رەفزی ئەم موناقەشەی ئەم پرۆژەیە بكرێت، یان نەكرێت؟ بەڵێ فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد حسین قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێ دەچێت پێشنیارەكە لەبەر ئەوەی بۆ هاوكارانم لە ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان تازە بێت، بۆیە من پێموایە فورسەتێك بدەین بە برادەرانی ئەندامانی پەرلەمان بۆ ئەوەی یاسا عێراقیەكە بخوێننەوە، بۆ ئەوەی هاوتاكەی بكەن، من رەئیم وایە هەروەكو چۆن هاوكارانم گوتیان هەندێكیان نەیانخوێندۆتەوە یاسا عێراقیەكە، بۆیە رەنگە بە قسەكان وا تێ بگەن ئەوەی عێراقیەكە جیاوازترە لەمە، بۆ ئەوەی تێگەیشتنێكی گشتی دروست بێت لە دانیشتنێكی تردا لە گفتوگۆدا ئەم مەوزوعە بخەینە دەنگدانەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

تەواو، ئێمە دەیخەینە دەنگدانەوە، كێ دەڵێت ئەم پرۆژەیەی كە لەبەردەستماندایە موناقەشەی دەكەین رەفز بكرێت، پەیوەندی بە هیچ شتێكی ترەوە نەبێت؟ فەرموو كاك فرسەت.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله/ سكرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

موقتەرەحی كاك دڵشاد موعەلەق بوو لەسەر شەرتێك ئینفازی قانونی عێراقی، ئەگەر كاك دڵشاد موسیڕ بێت لەسەر ئەو رەبتەی نێوان رەفزەكە لەگەڵ شەرتی نەفازی قانونی عێراقی، بە رەئی من نابێت بخرێتە دەنگدانەوە، بەڵام ئەگەر لە یەك جیاوازیان بكەین، مەجەرەد رەفز، چونكە هی تر ئێمە ناتوانین تەحقیقی بكەین، ئەوە مەربوتە لەسەر ئیرادەی ئەندامان، ئەگەر رەفزەكە بە تەنیا بێت بە رەئی من سەرۆكایەتی

دەتوانێت بیخاتە دەنگدانەوە، بەڵام ئەگەر موعەلەق بێت لەسەر شەرتی پێشکەش کردنی پرۆژەیەك بۆ ئینفازی قانونی عێراقی بەو شەرتە، ئێمە ناتوانین پێشنیاری رەفزەکە بخەینە دەنگدانەوە، لەگەڵ رێزم.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەتەوێت رەبتی بکەین بە قانونی عێراقیەوە، ئەوە نابێت، ناخرێتە دەنگدانەوە، کەواتە بەردەوام بین لەسەر موناقەشەی خۆمان، باشە، یەعنی دەکات تۆ سەحبی رەئیەکەی خۆت کرد، باشە، فەرموون بۆ ماددەی دووەم.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەشی دووەم**

**ئامانجەکان**

ماددەی (2):

ئامانجی ئەم یاسایە ئەمانەی خوارەوەیە:

یەکەم: رێکخستنی کارگێڕی و پاراستن و نۆژەنکردنەوەو چاك کردنی دارستان و زیاد کردنی رووبەرەکەی.

دووەم: بەشداری کردن لە:

1-چاك کردنی ژینگەو نەهێشتنی بە بیابان بوون و هۆکارەکانی داماڵین.

2- دابین کردنی هەندێ کەرەستەی سەرەتایی کە پیشەسازی پێویستی پێیەتی.

3- هاندانی وەبەرهێنانی کشتوکاڵی.

سێیەم: پاراستنی کەلەپووری کشتوکاڵی و چەشنەکانی کشتوکاڵ و سەرچاوە بۆ ماوەییەکانیان لە کوردستاندا.

چوارەم: دابین کردنی ناوچەی گەشتوگوزاری و خوشگوزەرانی.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بە عەرەبیش تکایە.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**الفصل الثاني**

**الاهداف**

**المادة الثانية:**

**يهدف هذا القانون الى ما يأتي:**

**اولاً: تنظيم ادارة وحماية وصيانة وتحسين الغابات وزيادة مساحتها.**

**ثانياً: المساهمة في:**

1- **تحسين البيئة ومكافحة التصحر وعوامل التعرية.**

2- **توفير بعض المواد الاولية التي تتطلبها الصناعة.**

3- **تشجيع الاستثمار الزراعي.**

**ثالثاً: حماية التراث الزراعي والاصناف الزراعية ومواردها الوراثية في كوردستان.**

**رابعاً: توفير المناطق السياحية والترفيهية.**

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**زەكیە خان فەرمووبە كوردی بخوێنەوە.**

**بەڕێز زكیە سید صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بەشی دووەم**

**ئامانجەكان**

**ماددەی (2):**

**ئامانجی ئەم یاسایە ئەمانەی خوارەوەیە:**

**یەكەم: ڕێكخستنی كارگێڕی و پاراستن و نۆژەنكردنەوەو چاك كردنی دارستان و زیاد كردنی ڕووبەرەكەی.**

**دووەم: بەشداری كردن لە:**

1-**چاك كردنی ژینگەو نەهێشتنی بە بیابان بوون و هۆكارەكانی داماڵین.**

2- **دابین كردنی هەندێ كەرەستەی سەرەتایی كە پیشەسازی پێویستی پێیەتی.**

3- **هاندانی وەبەرهێنانی كشتوكاڵی.**

**سێیەم: پاراستنی كەلەپووری كشتوكاڵی و چەشنەكانی كشتوكاڵ و سەرچاوە بۆ ماوەییەكانیان لە كوردستاندا.**

**چوارەم: دابین كردنی ناوچەی گەشتوگوزاری و خۆشگوزەرانی.**

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**لیژنەی یاسایی ئێوە تێبینیتان هەیە؟**

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی دووەم، ئێمە لەسەر بڕگەی یەکەم تێبینیمان هەیە کە بەشێوەیەك دابڕێژرێتەوە بەم شێوەیە:

(ڕێکخستن و بەڕێوەبردن و پاراستنی دارستان و چاککردن و زیاد کردنی رووبەری و پارێزگاری لە جێگیری و هاوسەنگیە سروشتیەکەی و درێژە پێدانی)، بەم شێوەیەی لێ بێت.

بڕگەی دووەم هیچ تێبینیمان لەسەر نییە.

بڕگەی سێیەم وەکو ئەو پێشنیارەی لەلایەن لیژنەی کشتوکاڵ کراوە پشتگیری لەوە دەکەین کە بەو شێوەیەی ئەوان پێشنیاریان کردووە دابڕێژرێتەوە.

بڕگەی چوارەمیش پارێزگاری کردن لە جوانی سروشتی و ژینگەیی و بەدەستهێنانی ناوچەی گەشتیاریی و خوشگوزەرانی بە مەبەستی هاندان و بووژاندنەوەی جووڵەی گەشتیاریی لە هەرێمدا، بەو شێوەیە دابڕێژرێتەوە.

هەروەها بڕگەیەك زیاد بکرێت بە ریزبەندی بڕگەی پێنجەم (روو پێو کردن و رووماڵکردنی دارستانەکان بە مەبەستی داڕشتنی بەرنامە بۆ پەرەپێدان و پارێزگار کردنیان بە هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان)، ئەو بڕگەیە زیاد بکرێت ببێتە ریزبەندی بڕگەی پێنجەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی تەندروستی فەرموو.

**بەڕێز د.تارا عبدالرزاق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی ماددەی دووەم ئەم تێبینیانەمان هەیە لەسەری:

بڕگەی دوو بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە:

(1-چاککردنی ژینگەو فەراهەم کردنی شوێنی پارێزراو و نەهێشتنی بە بیابان بوون و هۆکارەکانی داڕووخانی خاك و رامالێن.

2- دابین کردنی هەندێ کەرەستەی خاو کە پیشەسازی پێویستی پێیەتی.

3- وەك خۆی.

بڕگەی سێیەم: وەك خۆی.

بڕگەی چوارەم دابڕێژرێتەوە بەم شێوەیە:

(دابین کردنی ناوچەی گەشتیاری و حەوانەوە).

بڕگەی پێنجەم زیاد بکرێت بەو شێوەیەی کە لە راپۆرتی لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێریدا هاتووە.

پێنجەم: هێشتنەوەی جوانی.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی کشتوکاڵ.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیەکانی لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری، لیژنەکەمان پێشنیاری ئەمانەی خوارەوە دەکات، ئامانجی ئەم یاسایە ئەمانەی خوارەوەیە:

یەکەم/ پاراستنی ئارامی ژینگەیی و بالأنسی سروشتی، چاك کردنی دارستانەکان، زیاد کردنی رووبەرەکانی.

دووەم/ بەشداری کردن لە:

1- چاك کردنی ژینگە، فەراهەم کردنی شوێنێکی پارێزراو بۆ گیانلەبەرو پەلەوەرە کێویەکان و پاراستنی هەمە جۆری ژینگەیی.

2- فەراهەم کردنی هەندێك کەرەسەی پێویست بۆ پیشەسازیەکان، ئەوەش بە چالاك کردنی وەبەرهێنان لەسەرچاوە دارستانیەکان.

3- کەم کردنەوەی دارووخانی خاك و رامالینی، ئەمەش سەرچاوەی هەڕەشەن بۆ ئاوڕێژی رووبارو دەریاچەکان، خەزێنی ئاو بۆ پاراستنی سەرچاوە ئاوییەکان، کە شادەماری ژیانن بۆ دانیشتوانی کوردستان.

سێیەم/ پاراستنی دارستانەکان کە سامانی نەتەوەیی و نیشتمانە، هەروەها پاراستنی جۆرە خۆرسکەکانی کە گونجاون و، چاك کردنیان و، هێشتنەوەی خۆرسکە رەچەڵەکدارەکان لە هەرێم.

چوارەم/ ئیزافەی دوو بڕگە، کە هێشتنەوەی جوانی بۆ ناوچە خۆشگوزەرانیەکان.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز سیروان بابان/ وەزیری کشتوکاڵ و ئاودێری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، لە ژێر (ثانیاً)، (1- تحسين البيئة وتقليل عوامل التصحر والتعرية والفيضانات وحماية المياه الجوفية)، چونکە وامان بۆ بکات.

دووەم هیچ گۆڕانکاری لەسەر نییە.

(3- تشجيع الاستثمار الزراعي) بۆی زیادە بکەین (في مجال الغابات).

لە ژێر سێیەم (ثالثاً: حماية التراث الزراعي والاصناف الزراعية) بۆی زیاد بکەین (النباتية الاصلية)ئەو نەباتانەی کەوا لە کوردستاندا دەردەچن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە ناوی دەنووسین؟ ئەم خوشك و برا بەڕێزانە ناویان نووسراوە ڕێزداران (کاك دلێر محمود، گەشە خان، کاك فازل، کاك صباح، سیوەیل خان، مامۆستا کاوە، کاك جەمال، بێریڤان خان، پەروین خان، تارا خان، شەونم خان، دکتۆر ئەحمەد) دانیشتنی ئەمڕۆمان کۆتایی پێ دەهێنین تا بەیانی سەعات (11) بەخواتان دەسپێرین هەربژین.

فرست احمد عبدالله
سكرتێری پەرلەمانی
كوردستان – عێراق

د.حسن محمد سوره
جێگری سەرۆكی پەرلەمانی
كوردستان – عێراق

د. ارسلان بایز اسماعیل
سەرۆكی پەرلەمانی
كوردستان - عێراق

# پەرلەمانی كوردستان - عێراق

**پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (4)**

## سێ شەممە رێکەوتی 18\9\2012

## خولی سێیەمی هەڵبژاردن

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (4)

## سێ شەممە ڕێکەوتی 2012/9/18

کاتـژمێر (11)ی پـێش نیـوەڕۆی ڕۆژی سـێ شـەممە ڕێکـەوتی 2012/9/18 پەرلـەمانی کوردسـتان - عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز د. حسن محمد سورە جێگری سەرۆك و، بەڕێز فرست أحمد عبـدالله سـکرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (4)ی خولی سێیەم, ساڵی (2012) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی نـاوخۆی ژمـارە (1)ی هـەموارکراوی سـاڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق, دەسـتەی سـەرۆکایەتی پەرلـەمان بڕیـاری درا دانیشـتنی ژمـارەی (4)ی خـولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کات (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی 2012/9/18 دا بەم شێوەیە بێت:

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان. دانیشتنی ئەمڕۆمان دەکەینەوە، خولی سیەمی هەڵبژاردن، ساڵی چوارەم، خولی گرێدانی یەکەم ژمارەی دانیشتن(4) ڕۆژی دانیشتن 2012/9/18.

بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1) هەموار کراوی ساڵی 1992 ی پەرلەمانی کوردستانی عیراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (4) ئاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن، لەکات (11) پێش نیوەڕۆ ڕێکەوتی 2012/9/18 بەم شێوەیە بێت:

1-بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو وگفتوگۆ کردنی پڕۆژە یاسای پاراستنی دارستان لە هەرێمی کوردستان.

**2-خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پێشنیاری یاسای سندوقی هاوکاری کردنی نەخۆشیەکانی شێرپەنجەو نەخۆشی قورس.**

**بەخێرهاتنی گەرمی وەزیری کشتوکاڵ و مامۆستا (سعد) و وەفدی یاوەری دەکەین، ناوی ئەندامانی پەرلەمان لەدانیشتنی ژمارە (2) ی ئاسایی لە 2012/9/17 مۆڵەت پێدرابوون یان ئامادە نەبوون ئەمانەن:**

| | |
|---|---|
| **اسماعیل سعید** | **مۆڵەت** |
| **سالم تۆما کاکۆ** | **مۆڵەت** |
| **سەردار رشید** | **ئامادەنەبووە** |
| **شڤان احمد** | **مۆڵەت** |
| **شێردڵ تحسین** | **مۆڵەت** |
| **صبیحە احمد** | **مۆڵەت** |
| **عمر صدیق** | **مۆڵەت** |
| **نەسرین جمال** | **مۆڵەت** |
| **نیشتیمان مرشد** | **مۆڵەت** |

**داوا لە لیژنەی یاسایی و لیژنە پەیوەندیدارەکان دەکەین، بێن بۆ ئێرە، خاڵی یەکەمی بەرنامەی کار:**

**-بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو وگفتوگۆ کردنی پڕۆژە یاسایی پاراستنی دارستان لە هەرێمی کوردستان.**

**دیارە گەیشتینە ماددەی دوو، کۆمەڵێك بەڕێز ناوی خۆیان نووسی بوو بۆ قسە کردن لەسەر ماددەی دووی پڕۆژە یاسای دارستان، بەڕێز کاك دلێر فەرمووو.**

**بەڕێز دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەنیسبەتی ماددەی دووی ئەم یاسایە من چەند تێبینیەکم لەسەری هەیە، بڕگەی یەکەمیان بەم شێوەیە ئیزافە بکرێ و دابڕێژرێتەوە، ڕێکخستنی کارگێڕی و پاراستن و نۆژەنکردنەوە و چاککردنی دارستان، زیاد کردنی ڕووبەرەکەی و پارێزگاری کردن لە هاوسەنگیە سروشتیەکەی، درێژە پێدانی بەردەوام، بە گوێرەی بڕگەی سێهەمیش، من پشتگیری لە راپۆرتی لیژنەی کشتوکاڵ و یاسایی دەکەم کە بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە، پاراستنی دارستان وەکو سامانێکی نەتەوەیی و نیشتیمانی پارێزگاری لە جۆرە سروشتی و گونجاوەکانی و چاککردنی، هەوڵدان بۆ مانەوەی بنچینەییە بۆماوەکانی لە کوردستاندا، بە گوێرەی بڕگەی چوارەمیشەوە ئەوەی کە هەیە، من پێموایە کە فراوانتر بکرێ، چونکە هەموومان ئەزانین کوردستان وڵاتێکی دڵ فرێن و جوانە دیمەنەکەی، سروشتێکی جوانی هەیە، شوێنی گەرمیان و کوێستانی هەیە، بەشێوەیەکە ئەگەر بێتو کوردستان حکومەت هاوکاری بکات، خەڵکیش خۆی هەوڵ بدات ئەتوانێ ناوچەی گەشتیاری زۆر جوان و بەهێزی تیا دروست بکرێ لەناوچەکە، کە سەرنجی وڵاتانی چوار دەور بەتایبەتی**

ئەو وڵاتانەی کە لێمان نزیکن، ئەو وڵاتانەی کەنداو ڕابکێشێ بۆ کودستان، هەر بۆ ئەم مەبەستەش ئەمە ئەبێتە هۆی گەشە کردنی ئابووری، چونکە کەرتی گەشتیاری چەند گەشەی کرد، ئابووری ئەو وڵاتە گەشە ئەکات، وەکو چۆن کەرتەکانی تر گەشە بکەن ئابووری گەشە ئەکات، ئەمە خۆی لەخۆیدا ئەبێتە دۆزینەوەی هەلی کار، بەتایبەتی ئەمڕۆ لەکوردستاندا، لەبەر ئەوە من وای بەباش ئەزانم خاڵی چوارەم، بڵێین بڕگەی چوارەم بەم شێوەیە نەبێت، بە شێوەیەکی تر دابڕێژرێتەوە کە هەیە، پارێزگاری کردن لە جوانی و ژینگەیی و بەدەست هێنانی زیاتری ناوچەی گەشتیاری و ڕابواردن بە شێوەیەکی هاوچەرخ، تا ببێتە هۆی بووژاندنەوەی کەرتی گەشتیاری و ئابووری لە هەرێمی کوردستان، منیش لەگەڵ زیاد کردنی بڕگەیەکی ترم کە لیژنەی یاسایی و کشتوکاڵ ئاماژەیان پێی کردووە، کە دەڵێت، ڕووپێو کردن و ڕوومال کردنی دارستانەکان بەمەبەستی داڕشتنی بەرنامە بۆ پەرەپێدان و پارێزگاری کردنیان بە هاوکاری و هەماهەنگی لایەنە پەیوەندیدارەکان، لە هەمان کاتدا بەنیسبەتی لیژنەی کشتوکاڵەوە، بەتایبەتی سەرۆکی لیژنەکەو لیژنەکە شارەزان، بڕگەیەکی تریان ئیزافە کردووە، لەگەڵ ئیزافەکانی ئەوانیشم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز گەشە خان فەرموو.

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من قسەم لەسەر بڕگە دووی ئەم ماددەیە هەیە، کە موساهەمەکان زیاد بکەین لەکاتێکدا کە دارستان دەپارێزین، مەبەست لە چاککردنی ژینگە، ڕێگە گرتنە لە بیابان بوون و عەواملی تەعریە، گلدانەوەی ئاو، وابزانم بەڕێز وەزیر دوێنێش ئاماژەی پێدا کە دەبێتەهۆی زیاد کردنی ئاوی ژێر زەوی، ڕێ گرتن لە با، پاراستنی ژیانی زیندەوەرانی هەمە چەشنی کە وەکو وتمان دارستان بە تەنها پێك نەهاتووە لە دارەکان، بەڵکو لەو بوونەوەرانەی کە لە دارەکانیش ئەژین، لەبەر ئەوە ئەو سێ خاڵەی بۆ زیاد بکرێ باشە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك فاضل فەرموو.

**بەڕێز فاضل محمد قادر بەشارەتی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی دوو باسی چاککردنی ژینگە و نەهێشتنی بە بیابان بوون دەکرێت، بەڕاستی ئەوەی کە من مولاحەزەم هەیەو نیشانی دەدەم، هەتاوەکو ئێستا وەکو شێوەیەکی بەرنامە ڕێژی، بەرنامەیەك نیە بۆ ڕزگار بوونی کوردستان لە بیابان بوون، چونکە لە ساڵانی ڕابردووش لەم پرۆژەیەشدا هاتووە، کە چۆن ئیهتیمام بە کەلەپووری کشتوکاڵی بدرێت، بەڕاستی ئەوەی کە زۆر زۆر گرنگە، کوردستان لە بیابان بوون ڕزگار دەکات، مەسەلەی دروست بوونی بەنداوە، کە بەنداو ئەوە چەند ساڵە باسی لێوە دەکرێت، هەتاوەکو

ئێستا وەکو پێویست ڕاستە لە هەندێ شوێن کاری سەرەتایی لێ کراوە، بەڵام بەڕاستی تاوەکو ئێستا نەچۆتە بواری جێبەجێ کردنێك کە جوتیاران و خەڵکی کوردستان دڵی پێ خۆش بێ، ئەمە زۆر زەروورە، لە برگەی دووشدا هەرچەندە خوشکی بەڕێزم باسی کرد، دابین کردنی هەندێ کەرەستەی سەرەتایی و پیشەسازی پێویستی پێیەتی، ئەمە بەڕاستی دابین کردنی کەرەستە دوو لایەنی هەیە، نازانم هەردوو لایەنەکە بۆ دابین کردنی یان تەنها لایەنێکی، ئەویش لایەنی دابین کردنی کەرەستەی زەبت کردنی ئەو ئاگرانەی کە لە کوردستان ساڵانە دەکەوێتەوە، بە هەزارەها دۆنم دارستان و پووش و پاوان دەسووتێن، لەگەڵ ئەو گیانەوەرانەی کە لەناو کوێستانەکانن، بە هیچ شێوەیەك زەبت ناکرێ، لەبەر ئەوەی نە جادەی بۆ ڕۆیشتووە، نە کەرەستەی زەبت کردنی ئاگرەکان هەیە، نەتوانراوە ئەمساڵ تەنها لە یەك میحوەری هەڵجەوە هەژدە هەزار دۆنم دارستان و پووش و پاوان سووتاوە، من ئەوەم ئاگا لێیە، لەناوچەکانی تریش دەبینم کە بەشێوەیەکی زۆر ئاگر دەکەوێتەوەو پووش و پاوان دەسووتێ، بنە دەوەنێك بە دە، پانزە ساڵ دێتە بەرهەم ئەوەی کە تۆ بیبینی و دیمەنێك لە کوردستان دروست بکات، بەڵام لە کون فەیەکونیکا بە هەزارەها دۆنم دەسووتێ و هیچ کەرەستەیەکی زەبت کردنی ئەو ئاگرانە نیە کە نەیەڵێ ئەو هەموو پووش و پاوان و دەوەنانە بسووتێن، لایەنێکی تر مەسەلەی دابین کردنی کەرەستەی کشتوکاڵی، بەڕاستی هەتاوەکو ئێستا نابینین وەکو پێویست کەرەستەی کشتوکاڵی درابێ بە جوتیارەکان، بۆ ئەوەی بتوانن بەرووبوومی جوتیاری کە بەرووبوومی جوتیاری کۆمەڵێك گرنگی هەیە، یەکێك لەوانە کوردستان لە بیابان بوون ڕزگار دەکات، سەوزاییەکی جوان بە کوردستان دەبەخشێ، لایەنێکی تر سوودی جوتیاران لە دابین کردنی کەرەستەی جوتیاری، بەعەکسەوە ئەو کەرەستانەی کە حکومەت دەیدات، پێموایە گرانترە کە لەبازاڕی ڕەش دەفرۆشرێت، بۆیە بەڕاستی ئەگەر ئێمە بمانەوێ کەرەستەی کشتوکاڵی بۆ جوتیار دابین بکەین، کوردستان لە بیابان بوون ڕزگار بکەین، ئێمە زۆر لە پرۆژەکانی....، زۆر کولفە دابین کراوە بۆ زۆر پێداویستی بەڵام بە هەقیقەت ئەوەی کە زۆر پێویستە، چونکە بەرووبوومی جوتیاری یان کشتوکاڵ یەکێکە لە دەستکەوتە زۆر مەزنەکان، لە هەر کوێیەکی دونیا، یەعنی بەداخەوە ئێمە لە وڵاتێکی کشتوکاڵی تاوەکو ئێستاش سەوزەو خیارو تەماتە لە سوریاو ئێران و فلاّن و فیسانەوە بۆمان دێت، کە ساڵی ڕابردوو بەعامی جوتیارانی کوردستان گلەیی و گازندەیان لەوە هەبوو بەرووبوومەکەیان لە لایەنی حکومەتەوە وەرناگیرێ، لە سەرەتای ساڵەوە بازاڕەکانی هەرێمی کوردستان پڕ ئەبێ لە هەناری میسری و سوری، ئەمە کەواتە حیساب نەکردنە بۆ بەرووبوومی جوتیاری، ئاخیر خاڵم ئەوەی کە پێویستە ئیشارەتی پێ بکەم، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، بەڕاستی من پێشنیار دەکەم لە مەسەلەی دابین کردنی شوێنی گەشتیاری، پێویستە ئەو هەموو ئوتێل و ڕێستورانتانەی لەناو شارەکان دروست دەکرێ، بگوازرێتەوە بۆ سەر چیاکان، مەسەلەن ئەگەر لەسەر چیای سەفین چەند ئوتێلێك هەبێ، پێموایە دیمەنێکی زۆر جوانتر هەم بە هەرێم ببەخشێ، گەشتیارانیش دەچن بۆ ئەو شوێنە، ئەگەر ئوتێلێك لەسەر چیای حەسەن بەگ دروست بکرێ، لەکوێ شوێنی وا دەست ئەکەوێ بۆ حەوانەوەو بۆ پشوو دانی خەڵك و لەزەت کردن لە شوێنی گەشتیاری،

پێشنیار دەکەم هەندێك لەو شوێنانە بگوازرێتەوە بۆ سەر چیاو شوێنە دارستانەکان لە هەرێمی کوردستان، دیمەنێکی جوان بە وڵاتیش ئەبەخشێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە ئیلتیزام بە کاتەوە بکەن، لە بابەتەکەش دەرنەچن، بەڕێز کاك صباح بیت الله.

**بەڕێز صباح بیت الله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ماددەی دووەم، من پێشنیار دەکەم کە ماددەکە هەمووی بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە، المادة الثانية (تتحقق اهداف القانون بالوسائل الاتية:

اولاً: دعم وزارة الزراعة والموارد المائية للغابات والمشاجر وانشاء المشاجر الصناعية ودعم الموجود واحجامها من خلال:

أ/ الاشراف الفني.

ب- توفير الشتول.

ثانياً: توفير الحمايه للغابات والمشاجر.

ثالثاً: اجراء المسح والجرد للغابات.

رابعاً: توفير فرص العمل والقضاء على البطالة.

خامساً: توفير المناطق السياحية والوسائل الترفيهية) سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز سیوەیل خان فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ئەو ماددەیە، ئەگەر وشەی ڕابواردن لاببەین لەناو ئەو داڕشتنە، چونکە وشەی ڕابواردن زۆر مەعنای دیکە دەدات، بەو شێوەیە بیخوێنینەوە، دابین کردنی ناوچەی گەشت و گوزاری بەمەبەستی بووژانەوەی جووڵەی گەشتیاری لە هەرێمدا، پشتیوانی لە ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی دەکەم، بڕگەیەکیان زیاد کردووە ئەویش ڕووپێو کردن و ڕوومالٚ کردنی دارستانەکان، بەمەبەستی داڕشتنی بەرنامە....هتد، با درێژەی پێ نەدەم، پشتیوانی لەو ڕەئیە دەکەم ئەگەر زیاد بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز مامۆستا کاوە فەرموو.

**بەڕێز کاوە محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

به قەناعەتی من ماددەی دووەم بە هەر چوار بڕگەکەوە، هەرسێ لقی بڕگەی دوو بە عەرەبیەکەی زۆر ڕێك و پێکە، بێ کەم و کوڕیە، بە مورەکەزی مانای تەواوە، ئەگەر تەرجومەیەکی باشی کوردی بکرێ هیچ کێشەیەکی نیە، بۆیە من هەر تەعدیلێك لەسەر ئەو بڕگەیە بە زیادی دەزانم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك جمال طاهر فەرموو.

**بەڕێز جمال طاهر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مولاحەزەم تەنها (اولاً: تنظيم ادارة وحماية وصيانة وتحسين الغابات وزيادة مساحتها) علمیەن نابێ تەنزیم پێشی ئیدارە بێ، چونکە ئیدارە خۆی لە ئەسڵدا دەستەواژەیەکی فرەوانترە لە تەنزیم و تەختیت و......هتد، بۆیە من دەبینم ئەگەر بکرێ کەلیمەی تەنزیم لابدرێت، بە باشتر دەبینم ئەگەر ئەوەلەن بکرێ بە (اتباع الاساليب العلمية في ادارة الغابات) چونکە ئەو کاتە کەلیمەی (ادارة الغابات) سیانە و تەحسین و زیاد کردنەوەی مەساحاتی خۆی دەگرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز بێریڤان خان فەرموو.

**بەڕێز بێریڤان سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

داوام کردبوو ناوی یاساکە ببێتە یاسای دارستان، ئەگەر هاتو لەوە سەرکەوتوو بووین، دەتوانم ئەو وەختە ئامانجەکان دیاری بکەم، ئەویش ئامانجەکان ئەوەیە، یەکەم ئامانج ئەوەیە پاراستنی دارستانە، دووەمیش، چونکە کە ئامانجەکان دەخوێنمەوە زۆر تێکەڵە حەز دەکەم دیاری بکرێ، یەکەم پاراستنی دارستان و زیاد کردنی ڕووبەری دارستان و گرنگیدانە بە سروشت، بەهێز کردنی گەشەی دارستان، دڵنیا بوونە لە بەرهەمی دارستان، هەروەها دابین کردنی ناوچەی گەشت و گوزارو بەدیهێنانی دیمەنی سروشتی، پاراستنی ئارامی و کۆمەڵایەتیشە، ئابووریە، هەروەها هاندانی وەبەرهێنانی کشتوکاڵیە، لێرە باسمان کردووە دەڵێین هاندانی وەبەرهێنانی کشتوکاڵیە، بەڵام لای من بەدیهێنانی پیشەسازیشە، چونکە زۆر لە دارستانەکان دەتوانین سوودی لێ وەربگرین بۆ پیشەسازی، ئەمە چۆن دەڵێین وەبەرهێنانی کشتوکاڵیە، دەبێ بە هەمان شێوە وەبەرهێنانی پیشەسازیش بیخەینە ناو، چونکە مادام وەکو سامانە سوود لەو دارانە وەردەگرین، هەروەها پارێزگاری کردنەو بەهێز کردنی جۆری دارستانە لە بارەی بیۆلۆجی دارستانەوە، چونکە مانەوەی ئەو دارە ئێمە دەبێ بیپارێزین، یاسایەکمان هەبێ بۆ ئەوەی جۆری ئەو دارە بمێنێت، بۆ کەلتورمان و بۆ گەشە کردنی، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز پەروین خان فەرمووو.

**بەڕێز پەروین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت خاڵی یەکەم من پێم باشە بەو شێوەیە دابڕێژرێتەوە، ڕێکخستن و دابین کردنی پانتایی و سەوزایی زیاتر بەمەبەستی دروست کردنی دارستان و نەهێشتنی بیابان و پاراستنی بالأنسی سروشتی، بەنیسبەت خاڵی چوارەم، من پێم باشە بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە، زیاد کردن و نۆژەن کردنی ناوچەی گەشت و گوزاری بەشێوەیەکی هاوچەرخ، بە مەبەستی خۆش گوزەرانی، ئەگەر بێتو سەیری کوردستان بکەین، دیارە ناوچەی گەشت و گوزارمان هەیە، بەڵام بەم شێوەیە گرنگی پێ نەدراوە، بۆیە ئێستا ئەگەر موتابەعەمان کردبێ، ئەمساڵ گەشتیارێکی زۆر ڕووی لە هەرێمی کوردستان کرد، بەڵام بەهۆی کەمی گرنگی پێدان بەو شوێنانەی گەشت و گوزار دیارە گلەییی زۆریان هەبووە لەو شوێنانە، هەروەها شوێنی گەشت و گوزارمان زۆرە، بەڵام دیارە ئەو شوێنانەش وەکو پێویست گرنگیان پێ نەدراوە، بۆیە بە زیاد کردنی ئەو شوێنە گەشت و گوزاریانە، دیارە هەرێمی کوردستان لە بیابان بوون دەپارێزێ، پانتای سەوزایی زیاتر دەکات لە هەرێمی کوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز تار خان فەرمووو.

**بەڕێز تارا تحسین ئەسعەدی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز قسەکانم کرا، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز شەونم خان فەرمووو.

**بەڕێز شەونم محمد غریب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من لەلایەن هاوڕێکانم کرا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.احمد فەرمووو.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم وەرتی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی دووەم، بڕگەی سێهەم، پاراستنی کەلەپووری کشتوکاڵی و چەشنەکانی کشتوکاڵی، پێشنیار دەکەم پاراستنەکە ببێتە پارێزگاری، عەرەبیەکە ببێتە ( المحافظة على التراث الزراعی) چونکە مادام قسە لەسەر کەلەپووری کشتوکاڵیە، پارێزگاری کردنی باشترە لە پاراستنی، سەبارەت بە بڕگەی

چوارەم، دابین کردنی ناوچەی گەشتیاری و گەشت و گوزاری، ڕابواردنەکە یان تەرفیهیەکە لە عەرەبی لابرێت تکایە، چونکە ناوچەی گەشت و گوزاری تەرفیهیش لەخۆی دەگرێت، ئیتر پێویست ناکات تەرفیهیەکەی تێیدابێ، یان زیاد بکرێ، پشتیوانی لە ڕای لیژنەی یاسایی دەکەم کە بڕگەی پێنجەمی بۆ زیاد بکرێ کە ڕوو پێو کردن و ڕوومالْ کردنی دارستانەکان بە مەبەستی دارشتنی بەرنامە بۆ پەرەپێدان و ڕزگار کردنیان بە هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان، هەروەها پشتیوانی لە ڕاپۆرتی لیژنەی کشتوکاڵیش دەکەم کە پاراستنی سەرچاوە ئاوییەکانیان بۆ زیاد کردووە، چونکە ڕاستی پاراستنی سەرچاوە ئاوییەکان زۆر زۆر گرنگە، بەشێکی گرنگە لە پارێزگاری کردن و پاراستنی دارستانەکانمان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز سیروان بابان/ وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کێشەیەکی جیهانی ئێستا ڕاستی، تەغەیوراتی مەناخی و ئیحتیباس حەراریە، سەبەبە رەئیسیەکەی ئەوەیە کە کاربۆنێکی زۆر هەیە لەناو جەو، زۆر موئەسەسەراتی عالەمی کراوە کە هەوڵ دەدەن ئەم کاربۆنە کەم بکەنەوە، یەکێك لەو شێوەیەی کەکاربۆن کەم بکرێتەوە، ئەوەیە کە غابات دروست دەکەین، پێی ئەڵێن (کاربۆن سینگ) لەبەر ئەوە حەز دەکەم ئەگەر بکرێت، لە پێشنیارەکان نوقتەیەکی تر بخرێتە ناو ئەهدافەکان، بڵێ (تقليل تأثيرات التغيرات المناخية والاحتباس الحراري في كوردستان) سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز لیژنەکان بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**الفصل الثالث**

**السريان**

**المادة الثالثة:**

**اولاً: يسرى هذا القانون على غابات الاقليم الاميرية والاراضي التي تمت تسجيلها للنفع العام وكذلك التي سيتم تسجيلها اضافة الى الاراضي الخالية من الغابات في المناطق النائية او التي يمكن ان تنشأ عليها الغابات.**

**ثانياً: تعين الاراضي الواردة في البند اولاً من هذه المادة بقرار من الوزير.**

ثالثاً: تسرى احكام هذا القانون على الغابات الخاصة من النواحي الفنية والادارية.

رابعاً: تسجل اراضي الغابات والمراعي التي لم يتم تسويتها بأسم وزارة الزراعة والموارد المائية.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بە كوردیەكەش بخوێننەوە.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

## بەشی سێیەم

## كار پێكردن

ماددەی سێ:

یەكەم: ئەم یاسایە جێبەجێ دەكرێت لەسەر دارستانی هەرێم لە (ئەمیری) وئەو زەویانەی بۆ سوودی گشتی ڕوواندراون یان دواتر دەڕوێندرێت لەگەڵ ئەو زەویانەی دارستانیان تیا نیە، لەناوچە دارستانیەكان، یان ئەوانەی كەدەتواندرێت دارستانیان تیادا دروست بكرێ.

دووەم: دەست نیشان كردنی ئەو زەویانەی كە لە بڕگەی یەكەمی ئەم ماددەیە هاتووە بە بڕیاری وەزیر دەبێت.

سێیەم: حوكمەكانی ئەم یاسایە جێبەجێ دەكرێت لە ڕووی تەكنیكی و كارگێڕییەوە بەسەر دارستانی تایبەتدا.

چوارەم: زەویەكانی دارستان و لەوەڕگاكان كە كاری ڕێكاری بۆ نەكراوە بەناوی وەزارەتی كشتوكاڵ و سەرچاوەكانی ئاوەوە تۆمار دەكرێن.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا لیژنەكان یەك بەیەك ڕەئی خۆیان بڵێن، سەرەتا لیژنەی كشتوكاڵ.

**بەڕێز زكیە سید صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەنیسبەت یەكەم و دووەم و سێیەم و چوارەم هیچ تێبینیەكمان نیە.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی تەندروستی فەرموو.

**بەڕێز تارا عبدالرزاق محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دەربارەی بڕگەی یەكەم و دووەم و سێیەم و چوارەم هیچ تێبینیەكمان نیە، تەنها بڕگەی پێنجەم زیاد بكرێ، كە بەم شێوەیە بێ، ( الغابات المحمية المحضورة) سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

دیارە سەماعەکەت دروست نەبوو، ئەگەر جارێکی تر بیخوێنیەوە.

**بەڕێز تارا عبدالرزاق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی بڕگەی یەکەم و دووەم و سێیەم و چوارەم هیچ تێبینیەکمان نیە، تەنها بڕگەیەك زیاد بکرێت، پێنجەم ( الغابات المحمية المحضورة).

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە لیژنەی یاسایی تێبینیمان لەسەر بڕگەی یەکەم و سێیەم نیە، تەنها لەسەر دووەم و چوارەم، سەبارەت بە بڕگەی دووەم، وشەی بەندەکە هاتووە بکرێتە بڕگە، ئەوەی کە لە کۆتایی بڕگەکە هاتووە، بە بڕیاری وەزیر، ئێمە لەگەڵ ئەوە دانەبووین کە وەزیر بڕیار لەسەر ئەو بابەتە بدات، بەپێی یاسا بێ، واتە ( القرار من الوزير) بگۆڕدرێت، (وفق احكام القانون) سەبارەت بە بڕگەی چوارەم، لەبەر ئەوەی ناوەڕۆکی بڕگەکە باس لە سەرەیانی قانونەکە ناکات، ئەو لایەنانەی کە قانونەکە دەیانگرێتەوە، بۆیە پێمان باشە پێشنیاری ئەوە دەکەین بڕگەی چوارەم ببێتە ماددەیەکی سەربەخۆ، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا ناوی ئەو ئەندامە بەڕێزانە دەنووسین کە تێبینیان لەسەر ئەم ماددەیە هەیە، کوێستان محمد، دڵشاد حسین، سۆزان شهاب، ئارام قادر، د.احمد وەرتی، حەمە سعید حەمە علی، بیلال سلیمان، سیوەیل عثمان، کاوە محمدامین، قادر احمد، قادر حسن، شلێر محمد نجیب، صباح بیت الله، عبدالرحمن حسین، فاضل بەشارەتی، تارا ئەسعدی، ئەو بەڕێزانە ناویان نووسیوە، بەڵێ کوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تێبینیەکەم لەسەر بڕگەی چوارە، کە باسی ئەوە ئەکات دارستان و لەوەڕگاکان تۆمار بکرێ بەناوی وەزارەتی کشتوکاڵەوە، ئەوەی کە تەسویە نەکراوە، ئێمە هەموومان ئەزانین زۆربەی ناوچەکانی کوردستان تا ئێستا نە تەسویە کراون، نە تاپۆ کراون، بەلاّم پشتاو پشت ئەم لەوەڕگایانە هی ئەو گوندیانەیە، ئێستا تۆ ئەمەی لێ زەوت ئەکەی تاپۆی ئەکەی لەسەر وەزارەت، کەواتە ئێمەین گوندەکان حەسر ئەکەین، لەوەڕگاکان نایەڵین ئەیخەینە سەر وەزارەت، هەروەکو چۆن کاك فاضل باسی کرد کە تا ئێستا سەوزەو میوەمان لە دەرەوە بۆ هاتووە، لەمەو دوا ئەبێ گۆشتیش لە دەرەوە بێنین، ئیتر ئەو ئاژەڵداریەی کە هەیە، ئەو ئاژەڵداریەش نامێنێ، وەکو چۆن لە کەرتی کشتوکاڵ شکستمان خوارد، لەوەش بە هەمان شێوە، بۆیە

من پێموایە ئەو بڕگەیە ئەبێ مەسائیلی لەوەڕگای لێ دەربهێندرێت، تەنها دارستانەکان تۆمار بکرێ بەناوی وەزارەتەوە، لەوەڕگاکان کە پشتاو پشتی هی گوندیەکانە بۆ خۆیان بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاک دڵشاد فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد حسین قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی سێ بڕگەی (1) (يسري هذا القانون على غابات الاقليم) بەس خۆی لە تەعریفەکە غاباتی ئەمیریە، وە غاباتی خاسە هەیە، پێموایە (الغابات الاميريه والخاصه) بۆی زیاد بکرێ، دووەم، یاسای غابات لە هەموو شوێنێك کۆمەڵێك ئیستیسنائاتی تیایە، ئەو کاتە لە تەعریفەکەش، بۆ نموونە، لە یاسای عیراقی، بۆیە باسی ئەکەم پێدەچێ لە کوردستانیش بشێت ئەوە، (حدائق والمتنزهات داخل حدود البلديات) ئەوەی لێ ئیستیسنا کراوە، بەستنی ڤیتاعی خاسی لێ ئیستیسنا کراوە، لەگەڵ دارو غاباتی ناو قەبرەستان و جێگا موقەدەسەکان، ئەوانە ئیستیسنا کراوە، یا ئەو دارو دارستانانەی کە مەساحەیان لە پێنج دۆنم زیاتر نیە، بەڕاستی ئەمە لە یاسا عیراقیەکە هەیە، بەشێك لە یاسای لوبنانیش هەیە، پێموایە ئیستیسنائاتێك ئێمە ئەگەر بزانین لەگەڵ هەرێمی کوردستان ئەگونجێ پارێزگاری لەهەندێ خسوسیات بکەین، بەتایبەتی باخچەو باخەکانی ناو شارەوانیەکان و ئەو دارو دارستانانەی کە لە قەبرەستانەکان و شوێنە پیرۆزەکانن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، من پێشەکی پشتگیری لەو زیاد کردنەی لیژنەی تەندروستی دەکەم، هەروەها پشتگیری لەو پێشنیارەی لیژنەی یاسایی دەکەم، بەڵام چەند ئیقتیراح و دوو ئیزافەم هەیە، ئیزافەی یەکەم، سەبارەت بە لەوەڕگاکانە، ئەویش بێنین بەجۆرێك دایبڕێژینەوە، چونکە ئێمە هەتاوەکو ئێستا هەندێ ناوچەمان هەیە تەسویەی بۆ نەکراوە، ئەمە دەبێتە کێشە، ئەوانەی دوورە دەستن تەسویەیان بۆ نەکراوە، بۆیە کاتێ باسی لەوەڕگاکان دەکەین، لەوەڕگای تایبەت هەیە هی ئەشخاسە، کە لە ناو حدودی دێکە دایە، هەیە دوورە دست ترە، لەبەر ئەوە ئەمە ئەبێ چارەسەر بکرێ، چونکە ناکرێ جوتیار لە لەوەڕگاش مەحرومی بکەیت و بیخەیتە سەر حکومەت، ئەمەش دەبێتە جۆرێك لە کەم کردنەوەی گەڕانەوەی خەڵك بۆ دێکان، بۆیە ئەو لەوەڕگایانەی کە تایبەتن بە لەوەڕگای تایبەت، ئەبێت تاپۆ بکرێ لەسەر ئەو خەڵکانەی کە خۆیان چەندین ساڵە لە باب و باپیرانیانەوە ئەوێ لەوەڕگای ئەوانەو پاوانی ئەوانە، ئەوەی کە لە دەرەوەی حدودی بەلەدیەکەیە ئەوە عایدی حکومەت بێ، هیچ کێشەیەکی ئەوتۆی تیا

نابێ، بۆ ئەوەی پێشیشی بخات، بۆ ئەوەی حکومەت بتوانێ گەورەتری بکات، ئیهتیمامی پێ بدات، هەروەها ئێمە شتێکی تریشمان هەیە، لەناو تەسمیمی ئەساس لە ماستەرپلانی هەندێ شار غابات دەکەوێتە خودی ناو شارەکە خۆیەوە، ئەمە چۆن چارەسەر دەکەین؟، ئەمە دەبێ چی لێ بکەین؟، ئەویش بێگومان دەبێ بگەڕێتەوە مولکیەتەکەی بۆ وەزارەتی زراعە، بۆ ئەوەی هەر هیچ نەبێ لە فەوتان ڕزگاری بکات، کە دارەکانی ببڕێتەوە و خانوو و هینی لەسەر دروست بکرێ، غاباتی ناو خودی شارەکە، دەبێ زیاتر پەرەی پێ بدرێ، گەورەتر بکرێ، موحافەزە بکرێ، بۆیە من ئیقتیراح دەکەم خاڵی پێنجەم ئیزافە بکرێ( يتم تسجيل اراضى الغابات التى تقع ضمن التصميم الاساسى في المدن لصالح وزارة الزراعة والموارد المائية) ئەوسا موحافەزە لەسەر ئەو غاباتانە ئەکرێت، پەرەی پێ ئەدات، لە لەناوچوون دەیپارێزێ، من ئەم دوو پێشنیارەم هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك ئارام فەرموو.

**بەڕێز ايوب نعمت(ئارام):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەکەم بڕگەی دوو و چوار لابرێت لەم ماددەیە، چونکە ئەم ماددەیە باس لە چوار چێوەی جێبەجێ کردنی یاساکە دەکات، بەڵام بڕگەی دوو و چوار باس لە ڕێکارێك دەکات کە چۆنیەتی چارەسەر کردنی تەسویەی غابات و زەویەکانە، کە وەك هاوکارانم باسیان کرد کە چەندین ساڵە ئەو کێشە ماوەتەوە، هەرچەندە لیژنەی تاپۆ و تەسویە دانراوە، بۆ چەندین ساڵیش ئەو لیژنانە هەر بوون، بەڵام کارێکی ئەوتۆیان نەکردووە، تەنها چەند زەویەکی دیاری کراویان تاپۆ کردووە، لەبەرئەوە من پێم باشە ئەو دوو بڕگەیە هەر لابرێ، چونکە پەیوەست نیە بە یاساکەشەوە، یاسایەکە باس لە چارەسەر کردنی تەسویە و کێشەی زەوی و زار ناکات، بەڵکو باس لە پاراستنی دارستان دەکات، لەبەرئەوە پێم باشە ئەو دوو بڕگەیە لابدرێت، چونکە ئەوە کێشەیەکی زۆر زۆر قوڵ بۆ حکومەتیش و هاووڵاتیانیش دروست دەکات و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە (جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك ئەحمەد فەرموو.

**بەڕێز د.احمد ابراهيم على(وەرتى):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بڕگەی 4 تێبینم هەیە و پێم باشە ئەگەر جەنابی وەزیر ڕوون کردنەوە بدات لەسەر زەویەکانی دارستان و لەوەرگاکان کاری ڕێکاری بۆ نەکراوە، بەناوی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی

ئاوەوە تۆمار نەکراوە، ئەمە بەشێوەیەکی گشتی هاتووە، ئایا ئەم تۆمارکردنە چۆن دەبێ، چونکە ئێمە دەزانین کە زۆر زەوی دارستان هەیە کە کاتی خۆی تەسویە نەکراوە و تۆمار نەکراوە، هەندێ ناوچە هەبووە کە سەردەمی ڕژێم ناوچەی موحەڕەمە و قەدەغە کراو بوون بەهۆی شۆڕشەوە ناونرابوون، ئەوانە زەویان تەسویە نەکراوە و زۆر دارستان هەیە، لەبەرئەوە ئەوانە ئەو ڕێکارە چۆن تەواو دەکەن و وەزارەتی کشتوکاڵ ئەو زەویانە تۆمار دەکات؟ من پێم باشە ئەو ماددەیە بەو شێوەیە دابڕێژرێتەوە و هەندێ ئیستسنای بۆ بکرێ، وەکو ئەوەی کاک دڵشادیش ئاماژەی پێدا لە قانونە عیراقیەکەش دا هاتووە، ئەم یاسایە جێ بەجێ دەکرێت لەسەر هەموو دارستانەکان کە لە ماددەی یەکەم دا هاتوون، واتە ئەوانەی کە پێناسەمان کردن لە ماددەی یەکەم، ئەمانەی خوارەوە ئیستسنا دەکرێن، یەکەم/ دارستان و باخچە و پارکەکانی کە دەکەونە سنووری شارەوانیەکان، دووەم/ باخ و باخات و بێستانە تایبەتەکان و گۆڕستانەکان، مزگەوت و شوێنە پیرۆزەکان، سێیەم/ هەموو ئەو جۆرە دارستان و باخچانەی کە لەسەر زەوی تایبەتی کەسەکان ڕوواون، ناکەونە سنووری دارستانە پارێزراوەکان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە (جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

کاک حەمە سعید فەرموو.

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سەبارەت بە بڕگەی 2 تێبینیم ئەوەیە، ڕاستە بەندەکە بکرێ بە بڕگە، بەڵام ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی دەڵێ بە قانون، خۆی ئەمە قانونە و دەبێ قانونێکی تر دەربکەین بۆ ئەوەی ئەرازیەکان دیاری بکەین، ئێستا ئەمە لە تەعریفەکە دیاری کراوە (اراضی الامیریة)، ئەو ئەرزەکانی تریش کە لە بەندی یەکەم دا فەقەرەی یەکەم دیاری کراوە، دیارە کە دەڵێ ئەوانەی کە  تەسجیل نەکراون یان ئەوانەی خاڵین، واتە تەعین کراون، من پێم باشە قەرار بێ، قەرارەکە لەوەزیرەوە نەبێ لە وەزارەتەوە بێ، ئەوە خاڵی یەکەم، خاڵی دووەم/ منیش لەگەڵ ئەو ڕایەی کاک د.احمد و کاک دڵشادم، هەروەها ئەگەر بڕگەی 4 بمێنێتەوە، پێم باشە بڕگەی 4 باسی سێ شت دەکات، (أراضی الغابات یان المراعی یان التی لم یتم تسویتها) بەس غاباتەکە بمێنێتەوە، مەراعی و ئەوەی تر نەمێنێتەوە، چونکە ئەوە کێشە دروست دەکات بۆ هاووڵاتیان و بۆ بەروبوومی ئاژەڵی و ئاژەڵداری و حەیوان، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە (جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

داوا لە لیژنەکان دەکەین ئەو پێشنیارانە لای خۆیان تەسجیل بکەن، کاک بلال فەرموو.

**بەڕێز احمد سلیمان (بلال):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵا من پێشەکی پشتیوانی لە پێشنیارەکەی برای بەڕێزم کاک ئارام دەکەم بە لابردنی بڕگەی 4 و 5 چونکە پەیوەندی بە یاساکەوە نیە بەڕاستی، سەبارەت بە بڕگەی 4یش بە تایبەتی، بەڕاستی ئێمە

بەردەوام باس لەوە دەکەین کە جوتیار و کشتوکاڵ برەوی پێ بدرێت، بەڵام بەداخەوە لە یاساکانمان دا بە پێچەوانەی ئەوەوە کار دەکەین، لەسەردەمی ڕژێمی تاغوتی زۆربەی زۆری زەویەکانی هەرێمی کوردستان لەسەر حکومەت تاپۆ دەکرا، وابوو کە خەڵکی هەرێمی کوردستان نەبێتە خاوەنی موڵك، بەڵام ئێستاش بە پێی ئەم یاسایە دووبارە بەڕاستی ئێمە ئەو سیاسەتەی ئەوان جێ بەجێ دەکەین، بۆیە من بە هەموو شێوەیەك دژایەتی بڕگەی 4 دەکەم کە ئەم زەویانە ئەو مەرعا و ئەو لەوەڕگایانە بخرێتە سەر حکومەت، پێویستە ئەم لەوەڕگایانە وەکو خۆی بمێنێتەوە، لەوەڕگای گشتین، ئەگەر خرانە سەر حکومەت یان ئەو شوێنانەی تەسویە نەکراون، زۆر شوێن هەیە لە باب و باپیرو ئەولاد و ئەژدادیانەوە بۆیان بەجێ ماوە، تازە تەسویە نەکراوە ئێستا تۆ دەیخەیە سەر حکومەت، ئەی ئەو هاووڵاتیە وئەو جوتیارە چی بکات؟ بەڕاستی ئەمە غەدرێکی گەورەیە دەکرێت، بۆیە من پێموایە ئەمە نابێ جێ بەجێ بکرێت، ئەم بڕگەیە بە تەئکید دەبێ لابرێ، داواش دەکەین لە جەنابی وەزیری کشتوکاڵ ڕوونکردنەوەی زیاترمان بداتێ و بزانین مەبەستی ئەگەر مەبەستێکی هەیە لێرە یان ئەو زەویانە کامانەن کە ئەو مەبەستیانە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە (جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

خۆی لەڕاستی مەوزوعی مەرعا ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ باگراوندی جوتیاری خۆمان بە شوێنێك دەڵێن کە هی هەموو خەڵکەکەیە، یەعنی هی یەك کەس نیە، لەبەرئەوە ناکرێ لەسەر کەسێك تاپۆ بکرێت، بۆ ئەوەش تەسەروفی تیا نەکرێ، لێرە واکراوە کە عەلەئەساس لەسەر وەزارەتی زراعە بێ بۆ ئەوەی دیسانەوە بۆ هەموو خەڵك بێ و دیسانەوە ئەمە زیاتر وەکو باستان کرد من تەئیدی ئەوە دەکەم کە جەنابی وەزیر دوایی لەسەر ئەوە تەوزیح بدات، بەس دوای قسە کردنی ئەندامەکان، سیوەیل خان فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەتی ئەو ماددەیە تەنها تێبینیەکم لەسەر بڕگەی2 هەیە، دەست نیشان کردنی ئەو زەویانە کە لە بڕگەی 1 ی ئەم ماددەیە هاتووە بە بڕیاری وەزیر دەبێت ئەگەر بە پێی یاسا بێت باشترە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە (جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

مامۆستا کاوە فەرموو.

**بەڕێز کاوە محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵا من لەو ماددەی 3 بڕگەی 2 پێم باشە لەجیاتی (تعین الاراضی الواردة) بکرێتە (تخصیص الاراضی الواردة فی البند الاول) تەخسیس تۆزێ دەقیق ترە بە قەناعەتی من، بڕگەی 4 بڕگەیەکی موهیمە، بۆیە منیش تەئیدی لیژنەی یاسایی دەکەم ببێتە ماددەیەکی سەربەخۆ زۆر لەگەڵ عینوانی سەرەوە ناگونجێت،

ئەگەر ببێـتە ماددەیەکی سەربەخۆ بڕگەیەکی گرنگیشە ببێتە ماددەیەکی سەربەخۆ و پشتگیری لە لیژنەی یاسایی دەکەم و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە (جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

کاک قادر فەرموو.

**بەڕێز قادر حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

حکومەتی هەرێم یەکێ لە ئیشەکانی لە چەند ساڵی ڕابردوودا ئاوەدانکردنەوەی دێهاتەکان بووە، بە پێدانی سلفەی عەقار و ڕاکێشانی ڕێگاوبان و کردنەوەی خوێندنگا و بنکەی تەندروستی، لە ماددەی 4 ی ئەم یاسایەدا هاتووە کە لە بەشی کوردیەکەی دا دەڵێ (تاپۆ کردنی زەیەکانی دراستان و پاوان و ئەوانەی تەرفیە نەکراون بەناوی وەزارەتی کشتوکاڵەوە) من دەپرسم کاتێ ئەم ماددەیە جێ بەجێ دەکرێ ئەم یاسایە جێ بەجێ دەکرێ، جوتیار لە لادێکاندا جگە لە خانووەکەی خاوەنی هیچ شتێك نابێ، بۆیە لە لادێکان زۆربەمان خەڵکی لادێین، دوو جۆر پاوان هەیە، پاوانێك هەیە و موڵکی خاسە، موڵکەی ماڵێکە، هەر هاووڵاتیەك لەلادێ بژی پاوانێکی خاس بەخۆی هەیە لە چوارچێوەی سنووری گوندەکەی خۆی دا، ئەمە موڵکێکە پشتاوپشت لە باب و باپیرانیەوە بۆی بەجێ ماوە، لەوەڕگای گشتی گوندەکەش هەیە، لەبەینی دێیەك بۆ دێیەکی دیکە، خارجی ئەمانە ناوچەیەکی تری فراوانیش هەیە کە ئەمە موڵکی گشتی عامی بەینی هەموو گوندەکانە، بۆیە بەبڕوای من هەرگیز ناکرێ لە لادێ کاندا بە پێی یاسا پاوانی خاس یان مەرعای گشتی گوندێك تسویە بکرێ بەناوی وەزارەتەوە، بۆیە پێویستە پاوانە خاسەکە لەسەر هاووڵاتیەکە خۆی بە پێی ماددەیەکی یاسایی تەنزیم بکرێ و لەوەڕگای گشتی گوندەکەش لەسەر خودی گوندەکە، بۆ ئەوەی حدودی هەر گوندێك لەوەڕگایەکی دیاری کراوی خۆی هەبێ، لە نێو پاوانی خاس دا دارەبەن هەیە کە بنێشتی لێ دروست دەکرێت، ڕەزی تریشی لێیە، ڕەزی بادەم و بایەم و ئەو شتانەی لێیە کە ئەو شتانە کەوتووەتە ناو پاوەنە خاسەکەوە، ئەمە موڵکی گشتی نیە، موڵکی گوندیش نیە، لەهەر گوندێك هاووڵاتیەك لە ماڵێك پاوانێکی خاس بە خۆی هەیە، بۆیە من پێشنیار دەکەم وەك سەرجەم لە هاوکارانم، ئەمانەی باسی لابردنی ماددەی 4 ی ئەم پرۆژە یاسایە دەکات، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە (جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

شلێرخان فەرموو.

**بەڕێز شلێر محی الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەتی ماددەی 3 بڕگەی 4ی لیژنەی یاسایی باسی قانونێك دەکات، بە نیسبەت قانونی ژمارە 32ی ساڵی 2007 کە لە ماددەی یەکەم کە دوایی تەعدیلی قانونی رەقەم 9 ساڵی 1975 وابزانم بڕگەی 2 باسی حەقی (کل من ادعی بحق تصرف ارض امیریة زراعیة التی لم تجری أو لم تنتهی تسویتها) یەعنی لەو

كاته كه پەرلەمان قەرارێکی دەرکردووە بۆ ئەو زەویانەی كه تەسويەی تيا نەکراوه، ئەمە دەبێ بە كێشەيەکی گەورە با ئێمە قانونێك دەرنەکەين كه بەڕاستی جێ بەجێ نەکرێ، بەڕەئی من ئەو سەرەيانە بۆ ئەو غاباتە بێ كه يەعنی تەحسيلێ حاسڵە، هەر هينی حکومەتە خۆی، دوايی كه تەسويەی ئەو زەويانەی تر کرا دەتوانێ ئەوەی كه بەشی حکومەت بێ و يان بکرێ بەناوی وەزارەتی زراعەوە، كێشەيەکی گەورە ئێستا حاليەن لە شاری سلێمانی دا پرۆژەيەکی گەشتياری لە شاخی قەيوان دەکرێ، ئەو موستەسمرە دەڵێ من لە باب و باپيرمەوە شاخی قەيوان هی منە، هەتا بەڕێوبەری گشتی بەستەنە زۆر ديفاعی لە زەويەكە کرد كه وتی بە شێوەيەك درەختی تيايە و چل ساڵ و پەنجا ساڵ زياتر تەمەنيەتی بە چ حەقێك تۆ ئەچی ئەم هەموو درەختە لا ببەيت و بڵێی من هی باوباپيرمە؟، لەبەرئەوە، ئەوە بە پێی ئەو ياسايە بکرێ و ياسای 32 ی ساڵی 2007 وەزير خۆی بتوانێ بەڕاستی كێشەيەکی گەورەيەو پێويستە زۆر كاری لەسەر بکرێ، زۆ سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سوره (جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

كاك صباح فەرموو.

**بەڕێز صباح بيت الله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نيسبەتی ماددەی 3 (ثانيا/ تعيين الاراضى الواردة فى البند اولا) بە ڕەئی من بکرێتە (تخصص الاراضى الواردة فى الفقرة اولا) خاڵی چوارەم من پشتگيری لە پێشنياری ليژنەی ياسايی دەکەم كه ئەم خاڵە بکرێت بە ماددەيەکی تايبەت.

**بەڕێز حسن محمد سوره (جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

كاك عبدالرحمن فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن حسين:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی بە نيسبەت بڕگەی 3 سەبارەت بەم ماددەيە كه دەڵێ دارستانی تايبەت، مەسەلەن دارستانی تايبەت زۆر شت دەگرێتەوە لە خەڵك، خەڵك مەسەلەن ئەسپينداری چەند بووە، بەيانی ئەو ئەسپيندارە ببڕێ، ئەم ياسايە كه دەربچێ و بچێت بڵێ بۆ ئەو ئەسپيندارە بڕيە غاباتە، يان دارێکی چاندووە بە كەڵك دێت بۆ خۆی بەيانی ئەم ياسايە دەربچێ بڵێت دارێك ببڕێ بۆ خۆی چەند ئيستفادەی لێ دەكات، ئەم تايبەتە لێرە دەبێ تەشخيس بکرێ، دوێنێش باسی کرد، بە نيسبەت بڕگەی 4 بەڕاستی لەوەڕگا، يەعنی لەوەڕگا زۆر شتێکی يەعنی موهيمە بۆ ئێمە لە كوردستان كه ئێمە هەموومان دەزانين چەندان ساڵ پێش ئێستا لە كاتی مەليك دا زەمانی مەليك ئێمە لە دێی ئێمە جێگايەك هەيە دەڵێن كانيە لەسەر حدودی توركيا دەكەوێتە مابەينی ئاشوتێ و ئاروشێ، ئەو خەڵكەی لەوێ بووبێ دەزانێ، يان دەچنە كيكەلە، كيكەلە

هەر لەسەر حدودی تورکیایە، لە دوای مانگی 5 بۆ مانگی 6 تا مانگی و 9 و 10 و 11 لەوێ دەمێنن، لەوەڕگا و مەڕەکە هەمووی دەبەنە ئەوێ و جێگایەکی هەیە فراوانە هەمووی لەوەڕگایە و هەمووی گیایە و سەوزە و تا مانگی 11 سەوز دەمێنێ، ئەو لەوەڕگایەی ئێستا تاپۆ بکەن لەسەر وەزارەتی زراعە بەیانی ئەگەر ببێتە یەکێکی تر یان کەسێکی تر، ئەمە موشکیلە دروست دەکات، چۆن ئێمە قبولٚ دەکەین 200 ساڵ لەوێ لەوەڕگای ئێمە لەوێ بوویە و لەوێ هەڵسوکەوتی کردووە و ژیانی بردووەتە سەر، ئێستا وەزارەتی زراعە هەروا بە ئاسانی لەسەر ناوی خۆی تاپۆی بکات و بدات بە کەرتی تایبەت و یان بیفرۆشی و پارەی بەرامبەری وەربگرن، بەڕاستی ئەم لەوەڕگایە زۆر کێشە و موشکیلەی لەدوای خۆی دێنێ، یەعنی ئەمە وادەکات کە بەیانی خەڵك نەتوانێ مەڕ بەخێو بکات، یان لە دێیەکی مەسەلەن لەوەڕگای خۆی و جێی خۆی هەیە، هەموو کەسێك قتعە و جێی تایبەتی خۆی هەیە دوو سەد ساڵە لەسەریە، ئێستا ئاوا بە ئاسانی بەڕای من ئەو بڕگەی 4 هەر لاببڕێ و نەمێنێ، چونکە لەوەڕگا زۆر خەتەرە، هەموو جێیەکی کوردستان دیاری کراوە، هەموو پارچەیەك لە کوردستان دیاری کراوە، سەد ساڵە و دوو سەد ساڵ پێش ئێستا ئێستا عورفێك هاتووە لە باب و باپیرمانەوە لەسەری ماوین و ئەوە هی ئەوەیە و ئەوە هی ئەوەیە و هەمووی دەست نیشان کراوە و پیاوێکی گەورە لەو دێیە دەزانێ پارچە پارچە هی کێیە و هی کێ نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە (جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك فاضل فەرموو.

**بەڕێز فاضل بەشارەتی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر لەسەر ماددەی 3 پێشنیار دەکەم ڕوونکردنەوەی زیاتر لەو ماددەیە لە ناوەڕۆکی پرۆژەکە بدرێت بە سوودەکانی دارستان چیە، چونکە بەوەی دارستان هەر تەنها بۆ هاووڵاتیان ڕوون بکرێتەوە ئەوە نیە کە بە دارستان بکرێ، چونکە دەزانین دارستان چەند سوودی هەیە لە تەختە و لە ئاردی دار و لەوەی کە دەیان مەوادی لێ دروست دەکرێ کە ئەمە بەڕاستیەکەی کە ئێمە دەبینە خاوەنی سامانێکی نەتەوەیی و سروشتی ئەمە بەڕاستی زۆر زەرورە و ڕوونکردنەوەی زیاتر و تەوزیحی زیاتر لەناو پرۆژەکە هەبێ، من پێشنیار دەکەم کە حکومەت زیاتر مولزەم بکرێ بە جیا کردنەوەی سنووری ئەرزی زراعی و ئەرزی دارستان، چونکە تا ئێستا جگە لە سنووری شارەوانی شارەکان جیا کردنەوەی ئەرزی دارستان و ئەرزی زراعی لە کوردستان نیە، مەسەلەن من بۆ نموونە دەڵێم بە هەزارەها دۆنم ئەرز لە گەرمیان هەیەو نە ئەرزی زراعیە و نە کراوە بە دارستان، ئەمە حکومەت بەڕاستی پێویستە و باشترین سەرچاوەی ئاویش لە گەرمیان هەیە کە هەم چەمی ئاوە سپیە و هەم ئاوی سیروانە، بەڵام دەتوانم بڵێم وشك ترین و بیابان ترین شوێنیش لە کوردستان گەرمیانە، ئەمە بەڕاستی پێویستە حکومەت هەڵسێ بە سەیر کردن و ڕەچاوی کردنی ئەو

ناوچانە، هەم سوود لێی ببینێ و هەم لە ئەرزی کە دەکرێ بە دارستان و ئەرزە زراعیەکانیشی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە (جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

کاک قادر فەرموو.

**بەڕێز قادر حسن قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە پێی تێبینی خۆم، ئەم ماددەیە جێگەی لێرە نابێتەوە بە تایبەتی بڕگەی یەکەم و سێیەمی، بۆیە پێشنیار دەکەم بگوازرێتەوە بۆ حوکمە کۆتاییەکان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە (جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

تارا خان فەرموو.

**بەڕێز تارا ئەسعەدی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیازی ئەوە دەکەم کە بڕگەی یەکەم لەگەڵ هی سێیەم ئەگەر بکرێ بەم شێوەیە (تسری احکام هذا القانون على الغابات الخاصة والغابات الاميرية بالاضافة الى المناطق التى يمكن انشاء الغابات عليها)، واتە کورت کردنەوەی بۆ بکرێ کە هەردووکی مەبەستی سەرەیانەکەیە لەسەر چی؟ سەرەیانەکە ئەو قانونە، ئەم دووە بکرێت بە یەك، لە فەقەرە 2 کە دەڵێ (تعين الاراضى الواردة فى البند الاول من هذه المادة بقرار من الوزير) بکرێتە (من الوزارة)، کە هەرچەندە وەزیر دیسان حاڵی وەزارەتەکەیە، بەڵام (من الوزارة)، چوارەم/ بۆ مەوزوعی ئەو تەسویەیە من لەگەڵ ئەو هاوکارانەم هاوڕام بە تایبەتی لەگەڵ شلێر خان کە مەوزوعی تەسویە کردن پێویستی بە زیاتر ڕوون کردنەوە هەیە و ئەگەر بزانین کە ئێمە قانونێك دەردێنین بۆ ئەوەی کێشە و گرفتەکانمان کەم ببێتەوە، وابزانم مەوزوعی ئەوەی کە ئەم لەوەڕگایانە کارکردن لەسەری چۆن ئێمە پێش ئەوەی تەسویە بکرێت، ئێمە یەکسەر هەمووی بکەین بەناوی وەزارەتەوە و ئەوە تێ گەیشتنێك مومکینە زیاتر پێویست بێ بۆ ڕوونکردنەوە، داوا دەکەم لە جەنابی وەزیر ئەم فەقەرەیە زیاتر ڕوون بکاتەوە، یان هەر ئەسڵەن ئەو فەقەرەیە لابرێ و بە ماددەیەکی تر پشتگیری لە لیژنەی یاسایی دەکەم کە ئەوە بە ماددەیەکی بەجودا بێتە خواراوە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە (جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

کاک جلال دەستت بڵند کرد نازانم ڕوون کردنەوەیەکت هەیە؟ نەك وەڵام، بەڵێ فەرموو.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، هەندێ ڕوونکردنەوەی پێویست هەیە، وەلەو جەنابی وەزیر لێرەیە، بەڵام من بۆ یارمەتی دان ئەو ڕوونکردنانە دەدەم، هەر بۆ ئاگاداری بەڕێزتان هەر لە ساڵی 30 یەکانەوە کە

تەسویەی ئەرازی زراعی و سەخەری کراوە لە هەرێمی کوردستان، بە پێی ئەو تەسویە و تەسویەکانی دواتریش سەروو 65 هەموو ئەرازی زراعی هەرێمی کوردستان 67٪ و شتێکی ئەرازی سەخەریە، ئەرازی سەخەریش بە ئەمیری حساب دەکرێ، حەز دەکەم ڕوون کردنەوەیەکی بدەم کە باس لە مەسەلەی تەسویە و باس لە مەسەلەی لەوەڕگا دەکرێ، هەموو دێیەك سنووری ئیداری خۆی هەیە، هەموو موقاتەعەیەك کە تەوزیع کراوە لە هەرێمی کوردستان دا لە یەکەوە بۆ 400 و بۆ 2000 و بۆ چەند هەموو موقاتەعەیەك و هەموو رەقەمێك حدودی ئیداری خۆی هەیە، هیچ ڕێگریەك نیە بۆ لەوەڕگا و بۆ غاباتەکان و کە ناونراوە لەوەڕگا، ئەو قسەیەی بەڕێز د.حسن باسی کرد ئەوە مەنتقێکی زۆر گرنگە کە حەقە سوودی لێ وەربگرین، مەسەلەی کە دەڵێین ئەمە هی حکومیە و لەوەڕگا عامە، کە وتت عامە و کە وتت موقاتەعەی 1 لەوەڕگاکەی ئەمەیە و غاباتەکەی ئەمەیە و ئیتر ئەو مەنتقەیە لەو حدودی ئیداری خۆیا لێی موستەفید دەبێ، هیچ ڕێگریەك نیە بەناوی وەزارەتی زراعەوە بێ و بەناوی وەزارەتی مالیەوە بێ، هیچ ڕێگریەك نیە ئەمە مەسەلەی تەوزیعێکی ئیداری و بەڕاستی یاساییە کە ئەوە هیچ ڕێگریەك نیە و هیچ کەسێك ناتوانێ ڕێ لە لەوەڕگاو لە غابات بگرێ، ئەمە خاڵێکیان، دوو/ کە لەم یاسایە باس لە هەندێ ئیستسنا بکرێ بۆ دارستانەکانی گۆڕستانەکان و باخەکانی ناو شار و ئەم شتانە، ئەمە یاسای دارستانە، هیچ پەیوەندیەکی بەناو شار و بە باخ و بە گۆڕستانەکانەوە نیە و ئەمە یاسای غاباتە، دوو/ باس لەوە کرا کە ئەو دارستانانەی ناو شارەکان بکرێ بە ناوی ئەمیری و یان دەسکاری نەکرێ، بۆ زانیاری بەڕێزتان هەرچی مەشروعی غابات لەم هەرێمە کرابێ پێش ئەوەی دەست پێ بکرێ، زەوی مافی کوژاندنەوەی دەکرێ، زەوی ئەمیری بێ ئەوە ئیتفا دەکرێ، هی خەڵك بێ پارەی دەردێتێ، یەعنی هەر یەك بەشێوەیەك کە ئیتفا کرا، یەعنی حەقی خەڵکی تیا دەکوژێت، بەڵام ئەمەی کە مەسەلەن تەجاوز دەکرێتە سەری یان ئەوە بە غەیرە قانونی ئەمەیان شتێکی ترە، بەڵام لەڕووی یاساییەوە هەموو پرۆژەیەکی دارستان کە بکرێ دەبێ لە پێشەوە، ئیتفای حقوقی خەڵکی تیا بکرێ و نەمێنێ، یەعنی حەقی کەسی تیا نەمێنێ ئینجا دەکرێ بە پرۆژە، دوو/ باسی شتێ کرا کە مەسەلەی ئەوەی بۆ بکرێ بەناوی وەزارەتی کشتوکاڵەوە، ئەوە تەنزیمە، یەعنی وەزارەتی کشتوکاڵ تەنزیمی دەکات بە پێی ئەو حدودی ئیداریەی لەدێکان داهەیە، مەسەلەن مەنتیقەی سلێمانی دوو هەزار و شەش سەد و ئەوەندە موقاتەعەی ئیداری هەیە، یەعنی موقاتەعەی زراعی هەیە کە هەچ کەسە و حدودی ئیداری خۆی هەیە، کە دەڵێین وەزارەتی زراعە دەبێ وەزارەتی زراعە ناتوانێ رێ لە کەس بگرێ و بەس تەنزیمی ئەو حدودە ئیداریە دەکات بۆ ئەوەی هەرکەسە شوێنی رەعی خۆی بزانێ و شوێنی قەدەغەی خۆی بزانێ، کەس تەجاوز نەکاتە سەر ئەو حدودە ئیداریەی کە هەیە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە (جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

ڕاستی مەوزوعی ئیستسناکان چەند ئەندامێك داوایان کردو پێشنیاریان کردبوو، بۆیە پێویستە وەکو نوقتەیەکی خۆیان لە کۆبوونەوەکانی تر و لە دانیشتنەکانی تر بخرێتە دەنگ، بەڵێ کاك اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵڵا من نوقتە نیزامیەكەم لەسەر قسەكانی كاك جلالە، ئەو باس لەوە دەكات كە هەموو ئەرازیانەی كە بەناوی خەڵك بوونە و حكومەت ویستی تاپۆی بكات لەسەری، بەڵێ ڕاستە كێشەمان نیە لەسەر ئەوە، بەڵام ئەوناوچانەی كە تەسویە و تاپۆ نەیگرتووەتەوە، موڵكەكان لە باب و باپیرانەوە بۆیان ماوەتەوە و ئێستا حكومەت بە كەیفی خۆی دەچێت غاباتی تیا دروست دەكات و ئێمە خۆمان زەویمان هەیە و حكومەت غاباتی تیا دروست كردووە، بەر لەوەی لەسەر من تاپۆ بكرێ، نە تەعویز وەردەگری و نە قەرەبوو دەكرێیەوە و غاباتیشی لەسەر دروست دەكرێ، ئەوە كێشە دروست دەكات لەسەری مەسەلەن ئەو شوێنانەی تەسویە و تاپۆ نەیگرتووەتەوە، بەهۆی بوونی شۆڕش و بەردەوامی شۆڕش لەو ناوچانە ناكرێ ئەوان لەسەر حكومەت تاپۆ بكرێن، بابێ تەسویە و تاپۆ بكرێ لەسەر خەڵكەكەی دوایی ئەگەر حكومەت پێویستی پێ بوو دەتوانێ بۆ خۆی بێ و هیچ كێشەیەك نیە و قەرەبوو بكرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە (جێگری سەرۆكی پەرلەمان):**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز سیروان بابان (وەزیری كشتوكاڵ و سەرچاوەكانی ئاو):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە حەتمەن دەمانەوێ لەوەڕگا وەكو لەوەڕگا بمێنێتەوە، یەعنی ئەوە هەمووومان موتەفقین لەسەری و ئەوە ئەركی سەرشانی وەزارەتی ئێمەیە، كە فەقەرەكە بەو شێوەیە هاتووە بەڕاستی بۆ حیمایەتی حەقی عامە، من تێ دەگەم كە عورف هەیە و وەكو من تێی دەگەم فەرق لە مابەینی عورف و مابەینی قانون هەیە، ئێستا بە قانون هەموو لەوەڕگاكان موڵكی وەزارەتی مالیەیە، لە كوردستان لە عیراقیش بە پێی قانونی ژمارە 2 ی 1983، جا ئەگەر سبەینێ بێین لەسەر لەوەڕگایەكە مەشروعێكی وەبەرهێنان دروست بكەین، ئەوە لەوەڕگاكەمان لە دەست دەچێ، ئەگەر لەژێر باڵی وەزارەت بێ ئەوە حەقی عامە و دەتوانین دیفاعی لێ بكەین، ئەوە خاڵی یەكەم، خاڵی دووەم/ دارودارستانی ناو شار ناچێتە ناو تەعریفی غابەوە بەو شێوەیەی كە نووسراوە، خاڵی سێیەم وەكو برادەران باسیان كرد، غابات زۆر زۆر موهیمە بۆ هەم دیسانەوە مەسەلەكە حەقی عامە، عالەكان پێمان دەڵێن كە ئێمە هەر شەخسێك پێویستی بە 2000 م چوارگۆشە سەوزی هەیە، بۆ ئەوەی ئۆكسجینی بۆ دروست بكات، لەناو شارەكان ئەوەمان نیە، بەرۆاژنە و حەفتانە دەبینین كە ئەم عاصفە خۆڵە كە دێت هەموومان دەخنكێین، ئەگەر غابات و دارستانمان هەبێ لە دەوری شارەكان و ئەوەی ناو شارەكان بمێنێتەوە و نەبڕدرێ، ئەوە كەم دەكاتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە (جێگری سەرۆكی پەرلەمان):**

کاك د.احمد نوقتەی نیزامی هەیە، فەرمووو.

**بەڕێز د.احمد وەرتی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نەقتە نیزامیەکەی منیش هەر لەسەر قسەکانی کاك جلال بوو، ئیزافەتەن لەسەر قسەکانی کاك اسماعیل، باس لە مەسەلەی گۆڕستانەکان و شوێنە پیرۆزەکان کرا کە دەڵێ پەیوەندی بە دارستانەکانەوە نیە، هەندێ گۆڕستان هەیە، بۆ نموونە لەناوچەی ئێمە گۆڕستانەکان زۆر کۆنن و دراستانی گەورەیان لەسەر ڕوواوە، ئەمانە بوونەتە دارستانیش، یەعنی بۆ ئیستسنا کردنیان لەوێ، بۆ ئەوەی ئەو شوێنانە نەگرێتەوە، یەعنی تەنها گۆڕستان نیە، دارستانێکی گەورە لەسەری ڕوواوە و خەڵکەکە دەسکاری نەکردووە، ئیتر بووەتە دارستان، ئەگەر داخلی حوکمەکانی ئەم یاسایە بووبێ کە حکومەت تەسەروفی بکات، سەرەیانی حوکمەکانی یاسایەکە بەسەرا بێ، ئەمە بۆیە گوتمان با ئیستسنا بکرێ و زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە (جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك جلال فەرمووو.

**بەڕێز جلال علی عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دارستانی گۆڕستانەکان هی ئەوقافن و لەسەر ئەوقاف تەملیك کراوە و ئەوقافیش تەسەروفی پێوە دەکات، نەك گۆڕستانەکان، هەندێ ناوچە هەیە کە ئەوقاف غاباتی هەیە، بەڵێ غاباتی ئەوقاف هەیە و ئەوە لێرە باس نەکراوە، دێتە سەر باس کردنی، ئەبێ هی ئەوقافە، لەبەرئەوە هیچ کێشەیەك نیە.

**بەڕێز حسن محمد سورە (جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك عمر فەرمووو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر بڕگەی 4 کەباس لە تەسجیل کردنی ئەو ئەرزی غابە و مەرعایانە دەکات کە هەتا ئێستا تەسویەی بۆ نەکراوە لەلایەن وەزارەتی زراعەوە، قەسد لەوەیە کە ئەو زەویانەی کە وەختی خۆی شۆڕشی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان لیجانی تەسویەی نەگەیشتووەتێ، تەسویە حیکمەتەکەی لە چیایە؟ تەسویەی حیکمەتی لەوەیە بوونی حەقی موڵکیەتەکەی بۆ دەوڵەت تەحدید دەکرێ، بەڵام ئەو کەسەی کە لە سەریەتی و لە باوباپیریەوە بۆی ماوەتەوە لێی ناسەندرێتەوە، بەو ئەوترێ موتەسەریف، بەڵام حەقی ڕەقەبە لە قانون دا کە ئەمە قانونی تەسجیلی عەقاریە و قانونی ئیسلاحی زراعی و قانونەکانی تر تەحدیدیان کردووە موڵکیەتی زەویەکان هەتا ئەگەر تەسویەشی بۆ نەکرێ بە حوکمی قانون عام هەموو زەویەك کە تەسجیلیش نەکرابێ هی دەوڵەتە، بەڵام ئەو کەسەی کە لە سەریەتی بەکاری دەهێنێ بۆ هەر سەبەبێك بێ پێی دەوترێ موتەسەریف و لێشی ناسەندرێتەوە حوکمی حوکمی مالیکە، حەقی هەیە

تەسەروفی پێوە بکات بە بەیع بە فرۆشتن و بە کڕین و بە ڕەهن کردن و بەهەموو جۆرە بەکارهاتنێکی تر، بەڵام تەنها حیکمەتەکە لە تەسویە ئەوەیە کە بۆ ئیدارە کردن و دەرهێنانی سورەت قەید یاخود سەنەدی تەسویە بۆ ئەوەی ئەو زەویە بە بێ سەنەد نەمێنێتەوە و موڵکیەتی یان زراعە دەبێ یان بەلەدیە دەبێ یان مالی دەبێ، بەڵام موتەسەریف ئەو کەسەیە کە لەسەری بەکاری دەهێنێ، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە (جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك کاروان فەرموو.

**بەڕێز  کاروان صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵا من حەز دەکەم ڕاستیەك هەیە هەموو برادەران لێی ئاگادار بن، یەعنی ئێستا ئەگەر ئەو دارستان و پاوەن و باخ و باخاتەی لە کوردستان هەیە، ئەگەر موڵکی حکومەت بێ ساحیبەتی یەك دار ناکات، چونکە کاتێ لەو داهاتانە ئاگر دەکەوێتەوە ئەو گوندانە هەر کەسێ لە سنووری گوندەکەی خۆی هەڵمەتی کوژانەوەی ئاگرەکە دەکات، خۆ حکومەت هیلی کۆپتەری نیە بچێ ئاگرەکە بکوژێنێتەوە، ئەگەر ئەو موڵکە لە دەستی جوتیار دەربێنن بە دڵنیایەوە پێتان دەڵێم خاوەنی یەك دار نابین لە کوردستان، چونکە ئێستا جوتیار خاوەنی پاوەن و دارستانی خۆی دەکات، پێشم وانیە کە ئەو یاسایە ئەگەر دەریش بچێت، بتەوێ دارستان و پاوەن لە دەستی جوتیار دەربهێنی ئەو یاسایە بتوانی جێ بەجێ بکرێ، ڕەنگە هەندێ شوێنی گشتی هەیە بکرێ، بەڵام ناتوانی پاوەن لە دەستی جوتیار دەربهێنی، چونکە سەد ساڵە لە باب و باپیریەوە تازە لەگەڵ کاك حسین باسمان کرد بە عورف بۆی بەجێ ماوە تۆ دەتوانی بە یاسایەك پاوەنەکان تاپۆ بکەی لەسەر جوتیارەکە و شوێنە گشتیەکان و لەوەڕگاکانیش موڵکی عامە بێ و خزمەتی هەموو لایەك دەکات، ئەگینا خۆ تاوەکو ئێستا ئەو دارستانانە جوتیار پاراستوویەتی، خۆ حکومەت نەی پاراستووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە (جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

جەنابی وەزیر قسەیەکت هەیە بۆ ماددەی 4؟ فەرموو.

**بەڕێز سیروان بابان/ وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نەخێر هیچ قسەیەکم نییە، سوپاس.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**الفصل الاول**

**اجراءات حماية الغابات**

المادة رابعة:

تعتبر غابات الاقليم وطنية وان انشاءها وتوسيعها واقامة المرافق فيها تعد من المصالح ذات النفع العام ولايجوز التصرف فى هذه الغابات سواء اكانت مسجلة باسم الوزارة أم غير مسجلة من قبل اية جهة كانت الا وفقا للقانون، ومن قبل ذلك على وجه الخصوص:

اولا/ لايجوز نقل ملكية اراضى الغابات لاى شخص أو جهة الا فى حالة الضرورة القصوى وبقرار من مجلس الوزراء.

ثانيا/ لايجوز القيام بأى من التصروفات والنشاطات الاتية الا بموافقة الوزير:

1/ انشاء أو تبديل أو اى حق عيني اخر غير حق الملكية على اراضى الغابات مشروطة بعدم الاضرار بالغطاء النباتى.

2/ تأجير اراضى الغابات.

3/ اقامة منشأت عامة أو خاصة داخل اراضى الغابات بشكل مؤقت أو دائمى.

4/ زرع اراضى الغابات والاراضى الواقعة داخلها أو استغلالها لغير الاغراض الغابية.

5/ تشذيب أو تقليم الاشجار والشجيرات الغاباتية والنباتية البرية أو قطع الاغصان أو اية احزاء منها بما يؤدى الى الاضرار بها أو تشويهها.

6/ قطع اى من الاشجار الغاباتية.

7/ اصطحاب الالات والوسائل الخاصة بالقطع والنقل داخل الغابة.

8- رعي الاخلاف الجديدة الناشئة.

9- اقامة سد او حاجز على نهر او جدول يمر بالغابة او تبديل جريانه.

10- انشاء المقالع و نقل الصخور او الاحجار من داخل مناطق الغابات او القيام بالحفريات فيها.

ثالثاً: تسري الاحكام الواردة في البندين (اولاً و ثانياً) من هذه المادة على المشاتل ايضاً.

**بەڕێز حسن محمد سوره/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بە کوردیەکەی.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن على:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**دەروازەی دووەم**

**ڕێ و شوێنی پاراستنی دارستان و ڕێکخستنی لایەنەکانی سوود لێ وەرگرتنی**

**بەشی یەکەم**

**ڕێ و شوێنی پاراستنی دارستان**

ماددەی (4):

دارستانەکانی هەرێم نیشتمانین و دامەزراندن و فراوان کردن و دامەزراندنی پرۆژە لەناویاندا لە بەرژەوەندی و سوودی گشتیدا دەبێت، و نابێ ڕەفتار بە و دارستانەناوە بکرێت، جا چ بە ناوی وەزارەت تۆمار کرابێ یان نا، لەلایەن هەر لایەنێکەوە بێت، تەنها بەپێی یاسا دەبێت لە نموونەی ئەوانە بە تایبەتی:

یەکەم: نابێ مولکایەتیی زەویی دارستان بۆ هیچ کەس و لایەنێك بگوازرێتەوە تەنیا لە حاڵەتی زۆر پێویستدا نەبێت بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران.

دووەم: نابێ هیچ هەڵسوکەوت و ئەم چالاکیانەی خوارەوە ئەنجام بدرێت تەنها بە ڕەزامەندی وەزیر دەبێت:

1-دامەزراندن یان گۆڕین یان گواستنەوەی هەر مافێکی تایبەتی دیکە، بەتها مافی موڵکایەتی نەبێت، لەسەر زەوی دارستانی (مەرجدارە بە زیان نەگەیاندن بە رووپۆشی ڕووەکی).

2- بە کرێ دانی زەوی دارستان.

3- دامەزراندنی دەزگای گشتی یان تایبەت لەناو زەوی دارستان بەشێوەی کاتی یان هەمیشەیی.

4- چاندنی زەوی دارستان و ئەو زەویانەی دەکەونە ناویەوە یان بەکارهێنانی بۆ مەبەستی تر دوور لە دارستان.

5- بڕینەوە یان هەڵپاچینی دارو درەختی دارستان و رووەکی کێوی یان بڕینی لقەکان یان هەر بەشێکی دیکە کە دەبێتە هۆی زیان گەیاندن یان شێواندنیان.

6- بڕینی هەر دارێکی دارستان.

7- هێنانی ئامێر و کەرەستەی تایبەت بە بڕین و گواستنەوەیان لە ناو دارستان.

8- لەوەڕاندن لەسەر چڵ و پۆپی تازە سەوز بوو.

9- دامەزراندنی بەنداو یان بەربەست لەسەر ئەو رووبارو جۆگانەی بە دارستاندا تێدەپەڕن یان گۆڕینی ڕێڕەوەکانیان.

10- دامەزراندنی پرۆژەی هەڵکەندنی بەرد و گواستنەوەی تاشە بەرد یان بەرد لەناو ناوچەکانی دارستانەوە یان هەڵسان بە هەڵکەندنی زەوییەکەی.

سێیەم: حوکمەکانی هەردوو بڕگەی (یەکەم) و(دووەم)ی ئەم ماددەیە لە نەمامگەکانیشدا کاریان پێ دەکرێت.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەم ماددەیان ڕاستی روحی قانونەکەیە، لیژنەکان ڕەئی خۆتان، ئێستا لیژنەی کشتوکاڵ فەرموو.

**بەڕێز زکیە سید صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەروازەی دووەم:

لیژنەکەمان پێشنیار دەکات، کە بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە (ڕێ و شوێنی پاراستنی دارستان و ڕێکخستنی لە لایەنەکانی سوودمەند) بە نیسبەت بەشی یەکەم: ڕێ و شوێنی پاراستنی دارستان، دیسان پێشەکیەکە بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە: (دارستانەکانی هەرێم سامانێکی نەتەوەیی و نیشتمانینە)، بە نیسبەت جۆری دووەم: زۆربەی ئەندامانی لیژنە تێبینیان نیە، بەلاّم پێشنیارێك هەیە کە موافەقەی بەڕێز سەرۆکی هەرێمی لەگەڵ دابێت، بە نیسبەت خاڵی یەکەم و دووەم و سێیەم و چوارەم تێبینی نیە، بەنیسبەت خاڵی پێنجەم سووك کردن و هەڵپاچینی دارو درەخت بەوشێوەیە دابڕێژرێتەوە، بەنیسیەت شەش و حەفت و هەشت و نۆ تێبینی نیە، بەنیسبەت دە: دامەزراندنی پرۆژەی، بەوشێوەیە دابڕێژرێتەوە: دامەزراندنی پرۆژەی بەردهەڵکەندن و دەرهێنان و گواستنەوە لە ناوچە دارستانیەوە یان هەڵکەندنی زەویەکەی، دیسان لیژنەکەمان پێشنیار دەکات خاڵێکی تر زیاد بکرێتەوە، ببێتە خاڵی یازدە لەکاتی وەرگرتنی موافەقاتی یاسایی و کارپێکراو بۆ دروست کردنی پرۆژەیەك لە ناوچە دارستانیەکان، پێویستە لەسەر لایەنی تایبەتمەند لە (30٪)ی دارو درەختەکەی بهێنێتەوە بە لایەنی کەمەوە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی تەندروستی و ژینگە فەرموو.

**بەڕێز تارا عبدالرزاق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش دەربارەی ماددەی چوارەم، دوو تێبینیمان هەیە، یەکەمیان: بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە: نابێت موڵکایەتی زەویی و دارستان بۆ هیچ کەس و لایەنێك بگوازرێتەوە، مەگەر بۆ پرۆژەیەکی ستراتیجی ئەوتۆ بێت، کە نەتوانرێت جێگایەکی لەبارتری بۆ بدۆزرێتەوە، لەو حاڵەتە دا تەنها بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران دەبێت، دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی سەرۆکایەتی هەرێم، کە بەزمانی عەرەبیش (لا يجوز نقل ملكية اراضي الغابات لأي شخص او جهة ما لم يكن المشروع استراتيجي يتعذر ايجاد موقع اخر اكثر ملائمة لتنفيذه في هذه الحالة يكون بقرار من مجلس الوزراء بعد موافقة رئاسة اقليم كوردستان)و، دووەمیان: بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە: نابێت هیچ هەڵسوکەوت و ئەو چالاکیانەی خوارەوە ئەنجام بدرێت، تەنها لە چوارچێوەی دەسەلاّتێکی سنووورداری مەرجدار، بەکارکردن لە چوارچێوەی بەرژەوەندی گشتی و زیان نەگەیاندن بە دارستان و بە ڕەزامەندی وەزیر دەبێت، کە بە زمانی عەرەبیەکەی (لايجوز القيام بأي من التصرفات والنشاطات الاتية الا ضمن الصلاحيات المحدودة مشروطة بالعمل ضمن اطار المصلحة العامة وعدم الاضرار بالغابات الا بموافقة الوزير).

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی چوارەم:**

**پێشەکی ماددەکە وشەی سامانی وەتەنی زیاد بکرێت، وشەی سامان لەدوای وشەی هەرێم، سەبارەت بەبڕگەی یەکەم: ئێمەش پێشنیار دەکەین کەوا ئەو بڕگەیە دابڕێژرێتەوە: کە (حالة الضرورة القصوى) واتە حاڵەتی زۆر پێویست لابدرێت، لەبەرئەوەی ئەو دەستەواژانە تەفسیر بکرێت، مەجالی ئەوەی هەبێت کە زەوی دارستان بگوازرێتەوە، مولکیەتەکەی بگوازرێتەوە بۆ کەسێك یان لایەنێك، بۆیە ئێمەش پێشنیار دەکەین، کەوا تەنها بۆ پلانی ستراتیجی و، ئەو پرۆژەیە تەنها لەو شوێنە ئەنجام دەدرێت، واتە شوێنێکی تر نیە پرۆژەکەی تێدا ئەنجام بدرێت، ناتوانرێت بگوازرێتەوە و، بڕیارەکەی ئەنجومەنی وەزیرانیش پاساوی تێدا بێت، واتە هۆکارەکانی کەوا نەقلی مولکیەت دەکرێت لەناو بڕیارەکە دیاری بکرێت، سەبارەت بە بڕگەی دووەم: ئێمە دوو تێبینیمان هەیە خاڵی سێ و هەشتەم پێویستان بە داڕشتنەوە (اقامة منشات عامة) ئەوە بکرێتە شوێنی خزمەتگوزاری (مرافق الخدمية)، وە بڕگەی هەشتەمیش واتە لەو شوێنانەی کە نەمامی تازەی لێ چێنراوە، لەو شوێنانە بەو شێوەیە دابڕێژرێتەوە خاڵی هەشتەم، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێز وەزیری کشتوکاڵ فەرموو.**

**بەڕێز سیروان بابان/ وەزیری کشتوکاڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**زۆر سوپاس، لە ژێر ماددەی دوو، چوارەم: (زرع اراضي الغابات والاراضي الواقعة داخلها او استغلالها، لغير الاغراض الغابية)، (لغير الاغراض الغابية) لاببەین، چونکە هەر خۆی بە تەبیعەت ناکرێت، پاش دە کە دە تەواو دەبێت یازدە ئیزافە بکەین، کە سەبەبەکەش ئەوەیە ئێستا توێژینەوە پێمان دەڵێت گەورەترین خەتەر لەسەر غابات دوو شتە، یەکێك پێیان دەڵێن (fragmentation) کە بچووك دەکرێتەوە بە حەدێك کە ئیتر ناتوانێت بژێت یەکەم، دووەمیش کە عەزل دەبێتن ئیتر ئەو ئاژەڵانەی لەناوی دەژین، مەمەڕاتیان نیە ناتوانن بێن و بڕۆن، لەبەرئەوە پێشنیار دەکەم پاش دە، یازدە ئیزافە بکرێت کە بڵێت (القيام بأي نشاط قد يؤدي الى تفتيت الغابات الى مجاميع منعزلة غير مستديمة)، حەز دەکەم (ثالثا)یش ئیزافە بکەین کە دەڵێت (لايجوز قطع اشجار الغابات الا للضرورة القصوى وتنفيذ المشاريع الاستراتجية في الطرق وعندها يجب التعويض العادل من خلال تمثيل مشروع غابات يحدد خصائصه من قبل المديرية)، باسی خەصائیصی گشتی دەکەین لەناو دوو قەوسە (مساحه، عدد الاشجار، نوع الاشجار)، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**ئێستا ئەو بەڕێزانەی دەیانەوێت قسە لەسەر ئەو ماددە بکەن، ئەو بەڕێزانە ناویان نووسراوە (شەونم خان- کاك فاضل- لانە خان- کاك دلێر- ئاهەنگ خان- کاك عبدالرحمن- کاك صباح- سیوەیل خان- کاك حمە سعید- ئاشتی خان- کوێستان خان- کاك دڵشاد- پەیمان خان- کاك ئارام- سمیرە خان- شلێر خان) کەسی تر نیە؟ شەونم خان فەرموو.**

**بەڕێز شەونم محمد غریب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

به نیسبەت ماددەی چوارەوە، بڕگەی یەکەم (لا يجوز نقل ملكية اراضي الغابات لأي شخص) ڕام لەگەڵ ڕایەکەی لیژنەی یاسایی دایە، کە پێویستە تەحدیدی ئەو هەدەفانە بکرێت، کە نەقلی مولکیەی غابات دەکرێت، هەدەفەکان چیە؟ ئەو (ضرورة القصوى) دەبێت لابرێت، چونکە دەتوانرێت ئەگەر لانەبرێت، یاخود ئەهدافەکان تەحدید نەکرێت، بتوانێت بە ئەنواع ڕێگا ئەو (ضرورة القصوى)یە بەکاربهێنرێت، بۆ ئەغرازی تایبەت و کە ببێت بە زەرەر بۆ غابات، بەنیسبەت دووەم، بڕگەی چوار لێرەدا (زرع اراضي الغابات داخلها او استغلالها لغير الاغراض الغابية) ئەلێرەدا لەدوای ئەو بڕگەیە دەمەوێت دوو بڕگەی تر ئیزافە بکرێت، یەکێك لەوانە (استخدام المواد الكيمياوية كالمبيدات والاسمدة الكيمياوية مالم تتأكد من مصدرها واثارها السلبية على الحياة البرية والحياة الغابية) ئەوە پێویستە بە ئاگاداری وەزیر ئەو ئیشە بکرێت، هیچ کەسێك بۆی نەبێت مەوادی کیمیاوی لە غاباتدا بەکار بهێنێت، ئەگەر وەزیر ئاگادار نەبێت، بڕگەیەکی تر (اجراء التجارب العلمية المتعلقة بالنواحي الوراثية والجينية مالم تتأكد من الاهداف المسموح بها وفق الاداء العامة والخاصة للحياة البرية)، چونکە ئەگەر ئەو تەجوربە جینیانە یان ئەو تەجوربانە بکرێت لە غابات دا و، وەزارەت ئاگادار نەبێت لەوانەیە زەرەرێکی گەورە بە غابات بگەیەنێت، هەروەها حاڵەتی تایبەت دروست دەبێت، کە ئەو نەبات و درەختانەی لەناو غاباتەکە دا هەیە لە کیس بچێت، جگە لەوە بڕگەی (10): (انشاء المقالع و نقل الصخور والتربة) چونکە توربەی غاباتیش نابێت بگوێزرێتەوە لە جێگایەکەوە بۆ جێگایەکی ترو، هەروەها (انشاء المقالع ونقل الصخور والتربة والاحجار من داخل مناطق الغابات او القيام بالحفريات للاغراض الخاصة بنفع الغابة)، یەعنی ئەو توربە و بەرد و شتانە نەگوێزرێتەوە، ئەگەر بۆ سوودی غابە نەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك فاضل فەرموو.

**بەڕێز فاضل محمد قادر (بەشارەتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیارێکم هەیە لە ماددەی چوار، پێشنیار دەکەم کە باشتر وایە خاڵێك بۆ بڕگەی دووەمی ماددەی چوار زیاد بکرێت، ئەویش گرفتێکە لەو چەند ساڵەی یان با بڵێین بە دەرکردنی پرۆژەی سەرف کردنی سولفەی خانووبەرە، ئەوە بەڕاستی بریارێکی باش بوو، بەڵام گرفتێك هەیە پێویستە وەزارەت یان حکومەت چارەسەری ئەو گرفتە بکات، لە گوندەکان شوێنی نیشتەجێبوونی قەدیم کراوە بە باغ، شوێنی لەوەڕگای ئاژەڵی ماڵی کراوە بە شوێنی نیشتەجێبوون، ئەمەش گرفتێکی گەورەی لە گوندەکان دروست کردووە، بەڕاستیەکەی پێویستە حکومەت مولزەم بێت و، وەزارەت مولزەم بێت بە چارەسەرکردنی ئەو گرفتە، چونکە ئەوە کێشەی گەورەی لە گوندەکان دروست کردووە، شوێنی نیشتەجێبوونی باغە، شوێنی لەوەڕگای

ئاژەڵی ماڵی بووە بە شوێنی نیشتەجێبوون، ئەوە پێویستی بە چارەسەرکردن هەیە لەسەر ئەو تەسمیمەی کە لە سولفەی خانووبەرە وەزارەتی شارەوانی پێ دادەچێت، مەفروزە ئەوەش چارەسەر بکرێت، لەناو سیاغەی ئەم پرۆژەیە دا و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لانا خان فەرموو.

**بەڕێز لانا احمد چەلەبی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبیعی پشتگیری لە ڕەئی لیژنەی یاسایی دەکەم، بە نیسبەت ماددەی چوارەم لە زمنی ئەوەلەن (في حالة الضرورة القصوى) ئەوە نەمێنێتن، بەڕاستی ئەوە چونکە مەتاتییە، یەعنی مەجالی ئیجتیهاداتی زۆر لەناو دەبێتن، بەنیسبەت هەر لە ماددەی چوارەم خاڵی دووەم کە دەڵێت( لا يجوز القيام باي من التصرفات والنشاطات الاتية الا بموافقة الوزير)، هەروەها پشتگیری لە ڕەئی شەونم خان دەکەم، کە ئیستخدامی مەوادی کیمیاوی کە موبیدات و هۆرمۆنات و ئەسمیدەی کیمیاوی تەئکید بکرێتەوە، لە مەسدەرەکەی کە ئاساری سلبی نەبێت لەسەر حەیاتی بەڕی و غابات، بەس لەگەڵ ئەوەش ئیزافەکم هەیە بە نەزەر ئیعتیبار وەربگیرێتن، بەکارهێنانی موبیدات بۆئەوەی موکافەحەی حەشەراتی زاڕە بکرێتن بەڕاستی، چونکە ئەگەر بنۆڕین بەنیسبەت فەسڵی دووەم لە زمنی (الاهداف) لە ماددەی دووەم، لە رابعاً ئەو غاباتانە، یەعنی یەك لەو ئامانجانەیە کە وەکی مەناتقی سیاحی و تەرفیهی بەکاردێتن، مەسەلەن زۆرجار دەبینی بۆ نموونە لە شەقلاوەی حەز دەکەی لەو باخچانە دابنیشی، جێگایەکی بەڕاستی تەرفیهیە، سیاحیە، بەس لەبەر پێشکەی حەوانەوەت نیە، یەعنی مەسەلەن حەز دەکەین وەکی وڵاتانی دەرەوە مەسەلەن دەبینی پڕ غاباتە و سیاحەتە، بەس هیچ پێشکە و شتێکی وانیە، یەعنی تەئسیر لەسەر ناحیەی سیاحە بکرێت، بۆیە ئەوەی بەکاربهێنین موبیدات و شتی وەها، زەرەر نەدات بە غابات و بەو باخچانە، بەس لە هەمان کاتیش ئەو حەشەراتانە دەوری نەمێنێتن و، بۆئەوەی ئیستفادەی لێ بکەین لە ڕووی سیاحی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دلێر فەرموو.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت ماددەی چوار، من لە بڕگەی یەکەمدا لەگەڵ ئەو برادەرانەم کە ئەو (ضرورة القصوى)یە لا ببرێت، لەبەرئەوەی شتێکی بەتەواوەتی بەبێ تۆ دەتوانرێت زۆر دەستکاری بکرێت، من پێم باشە بەو شێوەیە دابڕێژرێتەوە زیاتر لەو بڕگەیە(نابێ مولکایەتی زەویی دارستان بۆ هیچ کەس و لایەنێك بگوازرێتەوە تەنیا ئەگەر بەمەبەستی دروستکردنی پرۆژەی ستراتیجی گشتی بێت، ببێتە گەشەی زیاتری جووڵەی گەشتیاری و ئابووری لە هەرێمی کوردستاندا)، خاڵێکی تریش هەر لەگەڵ ئەوە دەڵێ (لەکاتی

گواستنەوەی ئەو مولکیەتەش دا وا باشترە بەشێوەی پشك بێت لەلایەن وەزارەتی کشتوکاڵ و کەرتی تایبەت کە دروست دەکرێت) و، خاڵێکی تر هەر لەگەڵ ئەوە پێم باشترە ئەو پرۆژە ستراتیجانە زیاتر وەزارەتی کشتوکاڵ لەگەڵ دەستەی وەبەرهێنان دا پێکەوە دایبرێژنەوە، ئێمە کە ئەمەمان هین کرد، کەواتە پێویستە هەر وەزارەتی کشتوکاڵ لەگەڵ دەستەی وەبەرهێنان دا ڕێنمایی پێویست و گشتی دەربکات، سەبارەت بەو بڕگەیە بۆئەوەی (ضرورة القصوی) نەبێتە هۆی ئەوەی زیاتر بەرژەوەندیە شەخسیەکان زاڵ بن بەسەر بەرژەوەندی گشتی دا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاهەنگ خان فەرموو.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف رووف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جەنابت کە ئاماژەت پێکرد وتت ئەو بڕگەیە یان ئەو ماددانە روحی قانونەکەیە، فعلەن روحێتی، ئەوەی من مولاحەزەم کردیە هەمووی (لایجوز) ئەی (یجوز ویجب) لە کوێیە؟ (یجوز ویجب) ئایا من پرسیارێك لە بەڕێز وەزیری زراعە دەکەم، ئایا ئەو هەموو (لایجوزانە) ئیحتیاجی بە هیچ سندووقێك نیە؟ هاوکاری تێدا بێت ئەو سندووقە کە دروست بکرێت لەو قانونە ، ببێتە دەعمێکی مالی بۆئەوەی ئەو غاباتانە پەرەی پێ بدەن، لە ساڵی (1891) لە ئەمەریکا کە ویستیان غاباتی پەرە پێ بدەن، لە نەسریەی وەزارەتی خارجیەی ئەمەریکی سندووقێك داندرا لەگەڵ مەسحی جیۆلۆجی لەگەڵ غابات ئەرازیەکەیان کڕیەوە، تەڵەبەی جامیعەیان هێنا ئەوەی کە ئیشی نەبوو، وتیان وەرن دار بچێنن یان ئەو تەڵەبەی کە تەخەروج دەکات، ئەو بەروبوومی ئەو دارانەیان فرۆشتەوە ناو شار، کە بووە ئیقتیصادێك ئەو سندووقە ئایا جەنابت بە پێویستی نازانی کە دروست بکرێت؟ یەك لە (یجب)کانی ئەو قانونە بێت، بۆئەوەی روحی ئەو قانونە بپارێزین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عبدالرحمن فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن حسین ابابکر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی من پێشەکی پشتگیری قسەکانی جەنابی وەزیر دەکەم، کە وتی هەولێر تۆزو خۆڵێکی زۆری هەیە، دارستانی زۆر دەوێت لە دەوروبەری بچێنی، بەڵام پرسیاری لێ دەکەم بۆ تا ئێستا داری نەچاندیە، غاباتی دروست نەکردیە لە دەوروبەری هەولێر و سەوز بکاتن؟، چ پرۆژەیەکی هەیە؟، چ بەرنامەیەکی هەیە کە ئەوە دروست بکات و جێبەجێی بکات؟ ئەمە زۆر پێویستەو زۆر گرینگە و زۆر زەرورەتە دەبێت بیکات، سەبارەت بە ماددەی چوارەم لە بڕگەی دووەم: یەکەم کە دەڵێت دامەزراندن یان گۆڕین، ئەمن کە قسە دەکەم لەسەر ئەو غاباتەی ئێستا هەیە، یەعنی ئێستا یاسایەك هەیە کە غابات بەڕێوە ببات دەڵێن غابات

ئێستا هەیە، گۆڕین مەسەلەن ئێستا بە دێیەکان، یەعنی گوندەکانی ئێمە دەڵێین ئەوە غاباتە، نابێت چڵی ببڕی و دار ببڕی، لەسەر ئەوە قسە دەکەن کە گۆڕین، کەسێك ئەرزێکی هەیە دەیەوێت ئەو دارە ببڕێت باهەیڤی لە جێگای بچینی بادام مەسەلەن، یان بیکاتە فستق یان بیکاتە گێلاس، ئەو غاباتە ئێستا دەڵێت پۆلیس لەوێیە، مەمنوعە تۆ ببڕیت، ناهێڵێت، کە بشبڕێت هەڵبەتە پۆلیس دەیگرن، مەخسەدم لێرە ئەوەیە کە ئەو گۆڕینە بۆ ئەمە هەیە بۆچی ناهێڵێت ئەو زەویەی خۆی بەکاربهێنێت؟ بیکاتە باوی لەجیاتی دارێکی وشك و رەق تیا بێت یان بیکاتە فستق یان بیکاتە گێلاس، ئەمە بەڕای من زۆر گرینگە ئەم گۆڕینە ئەگەر لەسەر ئەو غاباتەی ئێستا هەیە، ئەمە بەیانی حکومەت غابات دروست بکات و بچێنێت و، دروست بیکات بەکاربهێنێت ئەمە هیچ ئەمە گلەییم لەسەر ئەوە نەیە، قسەم لەسەر ئەوە نیە، بەڵام لەسەر ئەوەی ئێستا هەیە کە جێبەجێ دەکەن، کە تەتبیق دەکەن لە کوردستان و لە شوێنەکانی شاخ، سەبارەت بە پێنجەم هەم بڕگەی دووەم: کە دەڵێت بڕینەوە یان هەڵپاچینی دار هەر لەسەر ئێستا، ئەگەر تۆ ئەو دارانە هەڵپاچی هەر وشك دەبێت، هەر تێك دەچێت دوو، سێ، چوار ساڵ یەعنی وشك دەبێت و پیر دەبێت و دەکەوێت، بە کەڵکی هیچ نامێنێت، نەك داری ئێمە ئێستا ئەو دارە نیە کە غاباتی باسی لێدەکەین، داری غابات تایبەتی خۆی هەیە، ناوی خۆی خاسی هەیە، بەرز دەبێت و دەبێتە غاباتێکی جوان، رێك و پێك لە دونیا و لە عالەم دەچینن، بەڵام ئێمە ئەو غاباتەی ئێستا هەیە لە شاخ دارێکی وشکە، دارێکی بەڕووە، دارێکی مازیە ئەو غاباتە نیە کە ئێمە دەڵێین با هەڵپاچینی نەکەن، ئەمن لەسەر ئێستا قسە دەکەم نە بەیانی زراعە دروست ببێت، غاباتێکی دروست بکەن ئەوە هیچ ئەوە تایبەتمەندی خۆی هەیە و، ئەوە زۆر تەواوە و رێك و پێکە لەسەری، بەڵام ئێستا ئەم دارە بۆ هەڵناپاچی، بۆچی نەیبڕی؟، بۆ جوانی نەکات؟، بۆ چەقی لێ نەبات؟ بۆ دانەڕیتە هەڵکەوێ و سەرکەوێ تراشێکی بچووکە لە ئەرزە؟، ئەمە مەخسەدم لێرەیە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك صباح فەرمووو.

**بەڕێز صباح بیت الله شکری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت ماددەی چوارەم لە سەرەتا کە دەڵێت (تعتبر غابات الاقليم وطنية)، منیش لەگەڵ ئەو ڕەئیەم کە ئەمە ئیزافە بکرێت(تعتبر غابات الاقليم ثروة قومية و وطنية)، بە نیسبەت ئەوەلەن من تەئیدی ڕای لیژنەی ژینگە و تەندروستی دەکەم، کە بە حەقیقەت سیاغەکی باشیان دووبارە داڕشتووە بۆ ئەو بابەتە، من تەئیدیان دەکەم، ثانیاً: لە بڕگەی سێیەم: (اقامة منشات عامة) بە ڕەئی من بکرێت بە(اقامة مرافق الخدمية)، تەئیدی لیژنەی یاساییش دەکەم، کە ئەوانیش ئەو دەورەیان هەیە و، هەروەها خاڵی یازدەم ئیزافە بکرێت بەم شێوەیە (عند حصول الموافقة القانونية لانشاء مشروع في الغابات يجب على الجهة المختصة الابقاء على 40٪ من الاشجار والشجيرات كحد ادنى) ئاخیر قسەم تەئیدی هەر دوو پێشنیاری

جەنابی وەزیر دەکەم، بەڵام حەق بە جەنابی وەزیرە لەکاتی ڕەوانەکردنی ئەو پرۆژە یاسا لە حکومەت، ئەم دوو پێشنیارەی جەنابی وەزیر لەناو ئەو پرۆژە یاسا دا موناقەشەمان لەسەر کرد، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سیوەیل خان فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ماددەی چوار منیش پێم باشە سامانێکی نیشتمانیە، دەبێت وشەی سامانی بۆ زیاد بکرێت، بێینە سەر خاڵی یەکەم: نابێت مولْکداری زەوی دارستان، با بڵێین لە حاڵەتی زۆر پێویست بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران ئەوە یەکەم، لە دووەمیش هاتووە هیچ چالاکیەك نەکرێتن ئیلا بە ڕەزامەندی وەزیر، لە خاڵی سێیەم و دووەمیش دا هاتووە دامەزراندنی دەزگای گشتی یان تایبەت لەناو زەوی دارستان، بەشێوەیەکی کاتی یان هەمیشەیی نابێت ئیلا بە ڕەزامەندی وەزیر، جاری وا هەیە مەبەستم ئەو وەزیرە نیە، چونکە ئەوە یاسایە بۆ چەندین ساڵ دەڕواتن، لەوانەیە ئەو کاتی ببێتە مەزاجی، مەزاجی وەزیری دەبێت لە بۆ لایەنێك موافەقەی دەکات، ڕەزامەند دەبێت لە بۆ با بڵێین چالاکیەك، لە بۆ لایەنێکی دیکە با بڵێین دەبێتە مەزاجی، دوایی وابزانم ئەو خاڵانە ئەوەی یەکەم و دووەم کە هاتیە لەگەڵ خاڵی سێیەمی دووەم، هەمووی خاڵن دژ بەیەك دەبێت، لەلایەك دەڵێت ئەنجومەنی وەزیران بیگوازتەوە، لەلایەکی تر دەڵێت چالاکیەکان دەبێت بە ڕەزامەندی وەزیری بێتن و، دواییش وا تەسەور دەکەم مەزاجی دەبێتن، ئەو کاتە فەرق و جیاوازی لێ پەیدا دەبێتن، کێشەش پەیدا دەبێتن، بە نیسبەت خاڵی شەشەمیش وا تەسەور دەکەم زیادە، لە خاڵی شەشەم نووسرایە بڕینی هەر دارێکی دارستان واتە لە خاڵی پێنجەم: هاتیە بڕینەوە یان هەڵپاچینی دارو درەختی دارستان، خاڵی شەشەم پێم زیادە، بە نیسبەت خاڵی با بڵێین سێیەم بڕگەی سێیەم حوکمەکانی هەردوو بڕگە لەسەر مەشتەلەکان، باشە مەشتەل پەیوەندی زۆر بە دارستانەوە نیە، ڕاستە لەوانەیە مەشتەلەك هەبێت لەناو دارستان، کە ئەمە یاسایەکەمان بۆ دارستان دەرهێنا واتە مەشتەلەکەش دەگرێتەوە، وا تەسەور دەکەم تەحسیل حاسلە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك حەمە سعید فەرموو.

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەکو جەنابت ئاماژەت پێکرد، ئەم ماددەیە گرینگە و ڕوحی یاساکەیە و، ناوی پاراستنی دارستانە، بەڵام بەداخەوە پێم وایە هەندێك ئیستسنای تیایە، ئەو ئیستسنایانە دارستان ناپارێزن، یەعنی ئیستسناکان وا دەکەن کە دارستان نەپارێزرێت، بۆیە لە ئەوەڵەن پێم باشە ئیستسناکە نەمێنێت (لایجوز نقل ملكية اراضي الغابات لاي شخص او جهة) (الی)ـەکە تا ئاخیر نەمێنێت ئەوە خاڵی یەکەم، خاڵی دووەم: بڕگەی (ثانیاً)

بكرێت به دوو برِگه، ثانیاً: (لایجوز القیام بأي من التصروفات و النشاطات الاتیة) به موتلەقی، ئەویش خاڵی یەك و دوو و سێ و چوار و نۆ بێت، ئەو پێنج خاڵە پێم وایە پێویست ناكات به هیچ شێوەیەك تەسەروفی تیا بكرێت (لایجوز القیام بأي من التصروفات والنشاطات الاتیة)، دووەم برِگەی یەعنی ثانیا كە بۆ ثالثا (لایجوز القیام بأي من التصروفات والنشاطات الاتیة الا بموافقة الوزیر) ئەمیش ئەو خالاًنە بێت خاڵی (پێنج و شەش و حەوت و هەشت و نۆ)، ئەو خالاًنە بێت بە موافەقەی وەزیر، ما باقیەكەی نابێت هیچ تەسەروفێكی تیا بكرێت، ئەو كاتە زنجیرەی (ثالثا) دەبێت بە (رابعا)، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

ئاشتی خان فەرموو.

**بەڕێز ئاشتی عزیز صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بەم ماددەیە ناونیشانەكە خۆی كە باس لە حیمایە دەكات، ناكرێت لە حیمایەكردنی دارستاندا ئاماژە بە ئاگر كەوتنەوە نەكرێت، یەعنی هیچ برِگەیەكی تیا نیە و، یەكێك لە زیانەكان كە بەر غاباتی هەرێمی كوردستان كەوتووە لە ساڵانی ڕابردووە، یەكێك لە كێشەكان ئەوەیە كە موستەهدەف بووبێت یان بەهۆی بێ بایەخیەوە بووبێت ئاگركەوتنەوە ڕووی داوە و، یەكێكی تر بەڕاستی لە هۆكارەكان ئەوەیە كە ژمارەیەكی زۆر لە دەغڵی جوتیاران نزیكی غاباتەكانە لە هەرێمی كوردستان، یان گوندەكان نزیكن لە غاباتەكان، بۆیە لێرەوە من بە زەروریەتی دەزانم كە برِگەیەك هەبێت ئاماژە بەوە بكات كە پاراستنی دارستان لە ئاگركەوتنەوە، ئەو كەسەی كە دەیەوێت پووش و پەڵاش لەدوای دەغڵەكەی دەسووتێنێت، پێویستە رووخسەتێك وەر بگرێت، ئەم رووخسەتە لەلایەن پەیوەندیدار بێت و، لە زۆربەی وڵاتان دا زۆر جار سەقفی زەمەنی دانراوە، بۆ نموونە لە (1)ی تەمووزەوە تاوەكو (31)ی تشرینی یەكەم حەزرە كە هیچ جۆرێك سووتاندن یان پووش سووتاندن لەو ناوچانە ڕوو بدات، بۆیە ئێمە وەكو شێوازێكی پاراستنی غاباتەكان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

كوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز كوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من تێبینیم لەسەر برِگەی یەكەمە، دیارە دارستان موڵكی گشتیە و، ئێمە ئەو كێشەی كە هەمانە وەك جەنابی وەزیر باسی كرد لە كەمی دارستانە و، دارستانیش پێویست ناكات بە هیچ شێوەیەك بگوێزێتەوە بۆ هیچ كەس و لایەنێك، بەتایبەتی كە لێرە نووسراوە لە حاڵەتی زۆر پێویست، كە ئەوە دەستەواژەیەكی زۆر لاستیكیە و، دەكرێت زۆر خراپ بەكار بهێنرێت، وەك ئەو نموونەی هاوڕێم شلێر خان باسی كرد، كە ئێستا بەشێك لە شاخی قەیوان دراوە بە پرۆژەیەك كە (400) داری تیا لەناو دەچێت، بۆیە بە ڕای من

پێویستە بڕگەکە هەر لاببرێت، بەڵام ئەگەر بە دەنگدان لا نەبردراو مایەوە، ئەو گۆڕانکارییەی بەسەر دابێت کە لیژنەی تەندروستی پێشنیاریان کردووە، بەڵام لەجیاتی موافەقەتی سەرۆکی هەرێم، موافەقەتی پەرلەمان بێت، لەبەر پاراستنی دارستانەکان، بڕگەی دووەمیش کە دەڵێت تەنها بە ڕەزامەندی وەزیر بێت، من پێشنیار دەکەم کە بکرێت بە ڕەزامەندی وەزارەت نەك وەزیر و، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دڵشاد فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد حسین قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەندێك خاڵ هاوکارانم باسیان کرد، بەس من زۆر ناچمە سەر خاڵەکان، من لەسەر بڕگەی شەش (قطع اي من الاشجار الغاباتية)، تەبعەن ئەمە قەتعیە، بەڵام بەبڕوای من بڕینی داری غاباتی زۆرجار بیانی بیئی هەیە، زۆرجار بڕینی دار سوودمەندترە لەوەی بمێنێتەوە کە دارێك نەخۆش بێت، لەبەر ئەوە زۆر قەتعیە، پێم باشە ئەوە ورد بکرێتەوە، بۆ نموونە لە هەندێك یاسای بڵێین یاسای غاباتی وڵاتانی تر، دارەکانی تەحدید کردووە کە نابێت ببڕێتەوە بۆ نموونە داری سنەوبەر نابێت ببڕێتەوە، لەبەر ئیجرائاتی مەسەلەن داری سنەوبەری جەبەلی و لیسان، یەعنی کۆمەڵێك دەوڵەت هەیە تەحدیدی کردووە، بڕینەوەکەی لە مەقابل دا هەندێك یاسای تریش هەیە، لە مەقابلی بڕینەوە شتی بەدیلی تەحدید کردووە، کەسێك ئەگەر بۆ نموونە کۆمەڵێك دار ببڕێت، لە مەقابلەکەی دەبێت مەساحەیەکی ئەوەندە بکات بە دار کە پێویستی کرد لەو بڕیانە، من ڕەئیم وایە لە بڕگەی شەشەم (قطع اي من الاشجار الغاباتية) زۆر قەتعیە، دەکرێت وردبوونەوەی تیا بکرێت و، ئەسبابی هەبێت لە چ کاتێك دا دار ببڕێتەوە بە موافەقەی کێ بێت و، بۆچی بێت و مەقابلەکەی چی بێت؟ بۆیە پێم وایە ئەو بڕگەیە زۆر قەتعیە دەکرێت ورد بکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

پەیمان خان فەرموو.

**بەڕێز پەیمان عبدالکریم عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینی من لەسەر ئەوەیە، کە وەکو هاوکارانم فەرموویان پێش ئێستا، کە خاڵی یەکەم کە دەڵێت (نابێ موڵکایەتی زەویی دارستان بۆ هیچ کەس و لایەنێك بگوازرێتەوە)، ئەوە تەنها بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران، ئەوە لێرانە ڕاست هاتووە، لە خاڵی دووەم: دەڵێت ئەو چالاکیانە ئەنجام نادرێتن تەنها بە ڕەزامەندی وەزیر نەبێت، تەبعەن وەزیر وەکو با بڵێین شتێکی ئەو هەڵسوکەوتانەی بەرامبەر بە دارستان دەکرێت، دەکرێ ڕۆژێك لە ڕۆژان مەزاجی بێت، بۆیە پێشنیار ئەکەم کە ئەنجومەنێك هەبێت لە وەزارەت کە کاری ئەو دارستانانە ڕایی بکات، بۆیە لەگەڵ ئەوە نیم کە تەنها وەزیر ئەو شتەی پێ بسپێردرێت، لەگەڵ ڕێزم، تاوەکو توانایەکی زیاتری هەبێت ئەو ئەنجومەنە کار بکات، ئەوە خاڵی یەکەم، خاڵێکی تر، لەو

یاسایە، یان لەو ماددەیە باسی ئەوە نەکرایە کە بە چ شێوەیەك ئەو نابێ، نابێیانە جێ بەجێ بکرێت، ئەو (لا یجوز)انە کو جێ بەجێ بکرێت؟ ئەو دەزگایە هەیە، بەلاّم کێیە تێدا ئیش ئەکات؟ ئەو ڕێکارە یاسایانە چۆنە؟ ئەو دەستەیە کێیە کە ئیشی تێدا دەکات؟ تەبعەن لێرانە بەرفراوانی هەیە ئەو قسەیە، دەبێ هەوڵ بدەین ئەو کەسانە زیاد بکەین کە هۆشیاری کشتوکاڵیان هەیە، لە قوتابخانە، لە پەیمانگا، لێرانە هیچ ئیشارەتی بۆ نەکراوە، ئەو دەزگایە کێ هەڵی دەسووڕێنێ؟ بەڕاستی پرسی دارستان پرسێکی گەورەیە، وەکو بڵێی سامانێکی نیشتیمانیە، ناکرێ هەر کەسێك بۆخۆی تەصەروف بکات، ئێمە بەهەر شوێنێك کە بەو شوێنانە تێدەپەڕین هیچ ئیشارەیەك نیە کە پێت بڵێ ئەو ڕێگایە مەحزورە، یان دارستانە، هیچ شتی وامان نیە، و ئەو کەسانەی کە ئەو کارانە ئەنجام دەدەن ئەوەش ئیشارەتی پێ نەکرایە، کەسانی پسپۆر، چۆن مامۆستا پسپۆرە بۆ دەرس وتنەوە، ئەوەی سەرپەرشتی دارستان ئەکات ئەبێ پسپۆر بێت، (نان بۆ نانەوە، گۆشت بۆ قەساب) یەعنی بەڕاستی لێرە ئیشارەتی پێ نەکرایە، تێبینی سێیەمم، خاڵی شەشەم نووسرایە بڕینی هەر دارێکی دارستان، لە خاڵی حەوتەم ئەڵێ، هێنانی ئامێری تایبەت بۆ بڕین بۆ ناو دارستان، لێرە دەکرێ لە خاڵی شەشەم بڕینی هەر دارێکی دارستان تەنها بە شێوەیەکی مۆڵەت پێدراو، کەسانی مۆڵەت پێدراو ئەو دارانە ببڕنەوە، چونکە تۆ ئامێریش دەهێنی لە خاڵی حەوتەم بۆ بڕینەوەی دارەکان، دەبێ هۆیەك هەبێت بۆ بڕینەوەی دارەکان، بۆیە ئیقتیراحیش دەکەم کە ئەگەر لە حاڵەتێك ئەو دارە وەکو کاك (دڵشاد) فەرمووی، ئەگەر پێویستی بە بڕینەوەش هەبوو چی بکرێ؟ ئێستا (فلاح)ەکان ئەو ڕێکارە پیادە دەکەن، کە دارێك کرمێ دەبێت، یان خراپ دەبێت، دارێکی تر لە هەمان شوێن دەچینن تاکو ئەو بۆشاییە دروست نەکات، کە بەرز دەبێ و بڵند دەبێ ئینجا دارە کۆنەکە دەبڕێتەوە، یەعنی بەو شێوەیە بێت، ئەوە ئیشارەتی پێ نەکرایە، و زۆر پشتگیری ئەوە دەکەم کە بەنداو و جۆگە دروست بکرێت، بۆ ئەوەی ئاو بچێت بۆ ئەو دراستانانە، هەم بۆ جوانکرکردنی شێوەکانیان، هەم بۆ سوود وەرگرتن لێیان، چونکە دەزانین کە چەند ساڵێکە کەوتینە وشکە ساڵی، کە لەوانەیە یاریدەدەر نەبێ بۆ سەوز بوونی ئەو دارستانە، خاڵێکی تریشم ئەوەیە، تەبعەن ئێمە سەردانی ئەو ناوچانەمان کردووە، ناوچەکانی دەوروبەری هەولێر، بەڕاستی هەر دارستانە و تێل بەند کرایە، یەعنی لێرە دەبێ ئەو ئەنجومەنە هەستی بەو شتە کردبێ، تێل بەند کراوە و خەڵکیش ڕۆژانە گلەیەکانیان بەرز دەکەنەوە، کە ئەو تێل بەند کردنە هی دارستانەکان یانیش مۆڵکن، خەڵك ناتوانێ وەکو لەوەرگا بەکاری بێنێ، خەڵك سوودی لێ وەرگرێ، بەرەکەی بخوا ئەگەر داری بە بەری تێدابێت، ئەوانە هەمووی کێشەنە، دەبێ ئیزافە بکرێتن، ئەنجومەنی وەزیران هەستێ بە چارەسەر کردنی ئەو کێشانە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو سەمیرە خان.

**بەڕێز سەمیرە عبدالله اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی جەنابی وەزیـر ئەکـەم، و دەست خۆشـی لـە لیژنـەکانی مـەعنی ئەکـەم، پشـتگیریش لـە لیژنـەی کشتوکاڵ ئەکەم، بەتایبەتی ماددەی (4) بڕگەی (2)ەم، کـە موافەقـەی بـەڕێز سـەرۆکی هـەرێم زیـاد بکرێـت، چونکە سەرۆکی هەرێم دەستەڵاتەکی تەنفیزیە، و هەروەها قسەکانی من برادەران کردیان، کـاك (صـباح بیـت الله) کردی، نامەوێ دووبارەی بکەمەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو شلێر خان.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت ئەوەی کە ئەڵێ (الی موافقه الوزیر) تەئجیلی ئەرازی غابات، ئەگەر لیژنەی یاسایی پێی بـاش بێـت یەکسەر ئەو دەستەڵاتە ڕەهایەی نەبێت، حەسەب قانون بیع و ایجار اموال الدوله، ڕەقەم (32)ی ساڵی 1986 ی بۆ زیاد بکەن، چونکە بەڕاستی ئەو ناتوانێ یەکسەر خۆی تەئجیلی بکـات، دوای ئـەوە پشـتگیری لـە لیژنـەی کشتوکاڵ ئەکەم، بۆچی تەحدیدی نەکەین لە دۆنمێك کە لـە (40) درەخـت کـەمتر نەمێنێتـەوە، یـەعنی ئـەو کەسەی کە مەشروعێکی تێدا بکات، موحافەزەی درەختەکان بکات، دوای ئەوە فەقەرەی چوارەم زیـاد بکرێـت، من لە بڕگەی یەکەمیش باسم کرد، وابزانم کاك (جلال) مولاحەزەکەی منی بە هەند وەرگرت، ئەگەر بێت لـە یەکێك لە ئیجرائاتی حمایەی غابات، (انشاء خطوط نار عبرة تخطیط مساحات مـن الاراضـي الـتي تـزال عنها النباتات لمنع انتشار الحرائق) سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو د. سیروان.

**بەڕێز د.سیروان بابان-وەزیری کشتوکاڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەکو هەموو لایەك ئەزانێت ئەم قانونە کە هاتۆتە ئێرە ساڵی 2007، لـەناو قانونەکـەش کـە باسـی وەزیـر ئـەکات، باسـی مـەوقیع ئـەکات، باسـی شـەخص ناکـات، ئەمـە ڕوون کردنەوەیەکـە، خـاڵێکی تـر، کـە لـەناو قانونەکەش کە ئەڵێ وەزیر کە ئەڵێ بە تەنفیز ئەبێ بە تەعلیمات بێت بۆ ئەوەی تەنفیز بکرێت، جـا لـەو مەرحەلەوە بە لیژنە ئەکرێت، ڕوون کردنەوەیـەکی تـر، وەکـو مـن تێبگـەم، سـەندوقێك هەیـە پێـی ئـەڵێن سندوقی بیئە، کە هەرچی غەرامات هەیە ئەچێتە ناوی، دروست کردنی غابـات بەشـێکە لـەوە، کـە ئێمـەش لیژنەیەکمان هەیە کە تەمسیلی ئێمە ئەکات لەوێ، لە لایەن (گرین داڵت)ەکەوە کـەوا دارسـتان دەورویشـت بۆ ئەوەی تۆز و خۆڵ کەم بکاتـەوە، لـەناو ماسـتەر پلانـدا هەیـە، بـە پـانی (3) بـۆ (4) کیلۆمـەترە کـە بـە دەورویشتی هەولێر ئەڕوات، وەکو من تێبگەم ئەوە مەسئولیەتی شارەوانیە، بەڵام ئێمە هاوکاریـان ئەکـەین،

یەکێ لە برادەران وتی کە من باسم کردووە کە خۆم چیم بۆی کردووە؟ بەڕاستی من داوای لێبوردن ئەکەم کە بە شەش مانگ غابەم پێ دروست نەکرا، سوپاس

**بەڕێز حسن محمد سورە-جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر بۆ ڕاست کرنەووە، جەنابی وەزیر گوتی لە ساڵی 2007 ەوە، بەڵام بە نووسراوی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (2254) لە 2011/9/15 ئەم پرۆژە یاسایە پێشکەش بە پەرلەمان کراوە.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەندێك مولاحەزات کە باسی مەوادی کیمیایی و ئەوانە کرا، ئەوە لە ماددەکانی دواوە باس کراوە، دوو، مەسەلەی سندوقی هاوکاری وەکو جەنابی وەزیر ڕوونی کردەووە، مەسەلەی حەرائیق، ماددەیەکی خاصمان هەیە، و باسیشمان کردووە لە حەرائیقدا ئێمە داوای زیاد کردنی ماددەیەکمان کردووە لە لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری، بۆ مەسەلەی دابین کردنی پێداویستیەکانی حەریق کوژاندنەوە، یەعنی ئیلزامی حکومەتمان کردووە لەو ماددە، مادام پۆلیسی غابات هەیە، مادام کرێکاری غابات هەیە، ئەبێت پێداویستیشیان بۆ جێ بەجێ بکات، یەکێ لەوانە مەسەلەی خەتی ئاگرە و مەسەلەی ئەبراجە کە جیهازی پەیوەندی پێشکەوتووی تێدا بێت، بۆ ئەوەی بزانرێت لە کوێوە غابات هەیە، لە کوێوە حەریق هەیە، ئەوەمان جێ بەجێ کردووە، مەسەلەی حەرائیقیش بە ماددەیەکی تایبەت هاتووە، بەڕاستی پێشنیار ئەکات کە پەیمان خان باسی کرد، سەقافەی غابات، پێویستە گرنگی غابات لە مەراحیلەکانی دیراسە بیکەین بە ماددەیەك ئەوە، من ئیقتیراحم بۆ لیژنەی یاسایش کرد کە مەسەلەی ئیهتیمام بە غابات و سەقافەی غابات و مەسەلەی سەوزایی هەر لە بیدایەتی پۆلەکانی سەرەتایی تێدا بێت، تا جامیعە، و داواش بکرێت کە بەشێکی تایبەت بۆ دارستان بکرێتەوە لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان و، سوپاس.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف رؤوف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ویستم لە سندوق ناڵێم ئەو سندوقەی کە غەرامەی دێتە سەرێ، هەر وەکی جەنابت وتت ئەوە روحە، نیزامەکی موئەسەساتی ئەو سندوقەی کە دەیەوێ غاباتی پێ دامەزرێت، سندوقەکە دەبێ لە لایەن وەزارەت، ئەسحابی هیوایەت، خێرخواز، ئەوەی کە تەیر و توال بەخێو ئەکات، ئەوەی کە مونەزەماتی دەولیە، سندوقی نەقدی دەوەلی عالەمی، ئەوەی کە خۆیان پارەی دەبەخشنە ئەو سندوقە، ئەو سندوقە وا دادەمەزرێ کە مەبلەغەکی وای هەبێت کە ئیحتیاجی بە بودجەی یەك ملیار و دوو ملیار و چەند فلسەکی غەرامەی نەبێ کە دێتە ناو ئەو سندوقەی، زۆر سوپاس

**بەڕێز حسن محمد سورە-جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بۆ ماددەیەکی تر.

ماددەی پێنجەم:

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الخامسة:

(الغابات المحمية وهي مساحات الغابات او الاراضي الواقعة داخل الغابات و تكون مخصصة لاغراض خاصة كالمحافظة على بعض انواع الاشجار والحيوانات و الطيور والصخور او المواقع الاثرية او المناظر الطبيعية ولايجوز دخول اي شخص فيها) ويكون انشاء وتحديد هذه المحميات بقرار من الوزير يحدد فيه:

اولا:اسم الغابة المحمية والهدف من انشاءها.

ثانيا:موقعها وحدودها ومساحتها.

ثالثا:تنظيم كيفية الدخول والخروج وتنظيم ادارتها.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی پێنج:

(دارستانی پارێزراو بریتین لە ڕووبەرەکانی دارستان، یان ئەو زەویانەی کەوتوونەتە ناو دارستان، بۆ مەبەستی تایبەتی تەرخان کراون، وەکو پاراستنی هەندێ جۆری دار و ئاژەڵ و باڵندە و بەرد و یان شوێنەواری دێرین و دیمەنە سروشتیەکان، و نابێ کەس بچێتە ناویانەوە، دامەزراندن و دەست نیشان کردنی ئەو پارێزراوانە بە بڕیاری وەزیر ئەبێت کە ئەمانە دیاری ئەکات:

یەکەم:ناوی دارستانی پارێزراو و ئامانجی دامەزراندنی.

دوو:شوێن و سنوور و ڕووبەرەکەی.

سێیەم: ڕێکخستنی چۆنیەتی چوونە ناوەوە و هاتنە دەرەوە و بەڕێوەبردنی.

**بەڕێز زکیە صالح عبدالخالق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مە هیچ تێبینیەکمان نیە ل سەر ئەم ماددە.

**بەڕێز تارا عبدالرزاق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش هیچ تێبینیەکمان نیە لەسەر ئەو ماددەیە، سوپاس

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە ماددەکە ئەکەین، تەنها یەك تێبینیمان هەیە، ڕستەیەك لە کۆتایی پێشەکی ماددەکەدا هەیە، کە هیچ کەسێك بۆی نیە بچێتە ناو ئەو جۆرە دراستانە، ئەو بڕگەیە زیادە و پێویست ناکات.

**بەڕێز حسن محمد سورە-جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

له سەرەتاش جەنابی وەزیر داوای کرد کە قسە بکات لەبەر ئەوەی ئەم یاسایە لە مێژە پێشکەش کراوە، و جەنابیشی ئاگای لە ئەصلی پرۆژەکە نەبووە پێشتر، بۆیە ئەگەر ئیزافەیەکی هەبێت ئێستا قسە بکات، دوایش ڕێی پێدەدەین بۆ ئەوەی زیاتر قسە بکات، کێ تێبینی هەیە؟ (امیر گۆگە، فاضل بەشارەتی، کاوە محمد امین)

**بەڕێز امیر گوگە یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشەکی پشتگیری لیژنا یاسایی دکەم چونکە ل دوماهی د بێژیت (لایجوز دخول ای شخص فیها)، هەروەسا د خالێن سێ (تنظیم کیفیة الدخول و الخروج و تنظیم ادارتها)، ئەڤە ل ڤێرێ هاتیە چارەسەر کرن، ئان کو ئەڤ ڕێزە ل ڤێرێ (لایجوز دخول ای شخص) چونکە پێویست ناکات، ل خالا سێ هاتیە چارەسەر کرن، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە-جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك فاضل.

**بەڕێز فاضل محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی (5) باسی ئەو شتانە ئەکات کە دەبێ پارێزراوبن، بەتایبەت تەرخان کراو، وەکو پاراستنی هەندێ جۆری دار و ئاژەڵ و باڵندە و بەرد و یان شوێنەواری دێرین و دیمەنی سروشتی نابێت کەس بچێتە ناویەوە، ئێستا دیاردەیەك هەیە لە شاری هەڵەبجە، کە بە داخەوە چونکە ئاسەوارێك یان شوێنێکی سروشتی جوان کە خوای گەورە بەخشی بێتی بە ناوچەیەك نابێت لێی بسەنیەوە، کۆچی پێ بکرێت بۆ ناوچەیەکی تر، ئێستا بۆ ماوەی ساڵێکە من چەند جارێك پرسیارم کردووە، عەلا ئەساس بە ناوی ئەمریکیەکانەوە ئەم باسە ئەکەن، ئاسەواری سنووری هەڵەبجە دەگوازرێتەوە و نازانم بۆ کوێی دەبەن، چونکە هەتا ئێستاش ئەوەی کە هەمووومان دەیزانین مۆزەخانەیەکی مەرکەزی نیە لە کوردستان کەوا دەوڵەمەند بکرێ بە ئاسەوارە دێرینەکان، لەبەر ئەوە دەبێ هەر ناوچەیەك تایبەتمەندی خۆی هەبێت، و هەر ناوچەیەك ماڤی خۆیەتی پارێزگاری لە سروشتی و لە شوێنە دێرینەکانی بکرێ، بۆیە داواکارم حکومەت، و وەزارەتە پەیوەدنیدارەکان ڕێگری هەبێ لەم بەرنامەیەی کە ئێستا بە تایبەت لە هەڵەبجە دەستی دراوەتێ و بە بەردەوام شوێنە دێرینەکان دەردێ و ئەبرێ بۆ جێگایەکی تر، سوپاس.

**بەڕێز د.حسن محمد سورە-جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك کاوە.

**بەڕێز کاوە محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـن هـەمان تێبـینی کـاك (امـیر)م هـەبوو، بـەڵام ئـەوەی کـە لیژنـەی یاسـایش باسـیان کـردن ئـەو برگـەی ئەخیر(لایجوز دخول) تەناقوز ئەکات لەگەڵ برگەی سێیەمی ماددەکـە، (تنظـیم کیفیـة الخـروج والـدخول)، ئەگەر لاشی نەبەی دەتوانی بڵێی (لایجوز دخول ای شـخص فیهـا الی بـترخـیص و بـاذن مـن الجهـة المسؤلة او الجهة المعنیة)، ئەوەش دەبێ ئیزافەی بکەی ئەگەر بمێنێتەوە، زور سوپاس

**بەڕێز د.سیروان بابان-وەزیری کشتوکاڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر مەبەست لە مەحمیەکان لە هەموو جیهان هەر ئەوەیە، مەسەلەن زۆر نەوعی باڵندە هەیـە لـە کـاتێکی تایبەت دا هێلکە ئەکەن، لەبەر ئەوە لە هەموو جیهان ئەو ماوەیە دایئەخەن بۆ ئـەوەی خەڵکەکـە نەچـێتە ناوی، مەبەستی مەحمی ئەوەیە، سوپاس

ماددەی شەشەم:

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة السادسة:

اولا- للوزير انشاء مناطق وقائية في الاراضي الاميرية و اراضي الامـلاك الخاصـة والـتي تكـون جـرداء معرضـة لتعرية التربة بسبب الجريان السطحي للماء، او في الاراضي الغاباتية الاخرى وذلك من اجل:

1-تثبيت التربة على الجبال والمنحدرات التي تزيد نسبة الميل عن 50٪.

2-حماية الاراضي من اجتياح الانهار والسيول.

3-حفظ الينابيع ومصادر و مجاري المياه.

4-حفظ منظر طبيعي تابع لمركز اصطياف او الطرق الرئيسية العامة.

ثانيا- يمنع اصحاب الاراضي الخاصة من الاستثمار الغير الملائم للاهداف الوقائية.

ثالثا- للوزير الغاء قرار انشاء مناطق الوقاية عند زوال الاسباب الداعية لانشاءها.

**بەڕێز تارا عبدالرزاق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

ماددەی شەشەم:

یەکەم- بۆ وەزیر هەیە ناوچەی خۆ پاراسـتن دابمـەزرێنێ لـەناو زەوی مـیری یـان زەوی مـوڵکی تایبـەت کـە ڕووتەنن و ڕووبەڕووی داماڵینی خاکەکە بوونەتەوە بەهۆی تێپەڕبوونی ڕێڕەوە ئاویەکان تیایدا، یان لـەناو زەویە دارستانیەکانی تر، و لە پێناو:

1-جێگیرکردن و مانەوەی خاك و خۆڵ لەسەر شاخ و لێوارەکان کە ڕێژەی لاریی لە 50٪ زیارترە.

2-پاراستنی زەوی لە تەوژمی ڕووبار و باران.

3-پاراستنی کانی و سەرچاوەکان و ئاوڕێژەکان.

4-پاراستنی دیمەنی سروشتی ناوەندە گەشت و گوزاریەکان و یان ڕێگا سەرەکیە گشتیەکان.

دووەم- خاوەنی زەوی تایبەت لە وەبەرهێنان قەدەغە دەکرێت کە لەگەڵ هۆکارەکانی خۆپاراستن نەگونجێت.

سێیەم- وەزیر بۆی هەیە بڕیاری دامەزراندنی ناوچەکانی خۆپارێزی هەڵبوەشێنێتەوە ئەگەر هۆکارەکانی دامەزراندنیان نەما.

**بەڕێز زکیە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مە تێبینیمان نیە ل سەر ئەم ماددەیە.

**بەڕێز تارا عبدالرزاق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش هیچ تێبینیەکمان نیە.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری ماددەکە دەکەین و تێبینیمان نیە.

**بەڕێز د.سیروان بابان-وەزیری کشتوکاڵ وسەرچاوەکانی ئاو**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەنها تێبینیم ئەوەیە ڕێژەی سلۆپەکە کە 50٪ یە نازانم لەسەر چ ئەساسێك دانراوە؟ چونکە زۆربەی جار کە من دەیبینم لە 45٪ و 40٪ ە، ئەگەر بیکەینە 45٪ باشە.

**بەڕێز د.حسن محمد-جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە؟ (ئاهەنگ عارف، سالار محمود)

**بەڕێز ئاهەنگ عارف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جەنابی وەزیر لەسەر مەیلی سلۆپەکەی تەعلیقەکی هەیە، بەڵێ ڕاست دەکات، ئەگەر لێرە هەیئەتەکی مەسحی جیۆلۆجی هەبا ئێستا ئەو دەیتوانی لۆمان ڕوون بکاتەوە و جوابیش داتەوە، چونکە غابات وەحدەیەکی بەتەنێ نیە یەك کەس بتوانی قرار و قانونی بۆ دانێت، غابات یەکەم ئیحتیاجی بە مەسحی جیۆلۆجی و پلانەك هەیە، ئیحتیاجی بەو ئاوەی هەیە کە مەصدەری ئاوەکەی لە لای خۆمان نیە، موحتەمەلە لە دەولەتەکی تر، لۆیە ئەگەر مەسحی جیۆلۆجی لێرەبا موحتەمەلە ئەوان پرۆژەکەیان دەوڵەمەندتر ئەکرد، سوپاس

**بەڕێز سالار محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**من تەنیا تێبینیم لەسەر ئەو صەلاحەتیە هەیە کە لەم ماددەیە دراوە بە جەنابی وەزیر بۆ ئەو مەهامانە، کە ناوچەی خۆ پاراستن دابمەزرێنێ، ئێمە لە ئامانجەکاندا و لە خاڵی یەکەم دا ناوی وەزارەت پێش وەزیر هاتووە، بێگومان وەزارەت گرنترە لە وەزیر، و پێئەچێت وەزیریش بۆ ئەم یاسایە ئیختیصاصی لە بابێکی تر هەبێت و لەم بابە نەبێ، بۆیە وەزارەتیش ڕاوێژکاری هەیە، بەڕێوەبەرایەتی گشتی هەیە، ستاف هەیە، ئەتوانێ لە ڕێگەی ئەنجومەنێکەوە ئەم مەسەلەیە یەك لایی بکرێتەوە، بۆ ئەوەی تاکە کەس تەحەکوم بەم بابەتەوە نەکات، هەرچەندە وەزیر هەم جێگەی متمانەیە و هەم جێگەی تەقدیریشە، بەلاّم بۆ مەسەلەیەکی ئەم بابەتەو بۆ ئەم ماددە و ماددەکانی تریش هەست ئەکەم داڕێژەرانی پرۆژەکە تەرکیزیان لەسەر وەزیر هەبووە، لە کاتێکدا وەزارەت گرنگترە، سوپاس**

**ماددەی حەوتەم:**

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**الفصل الثاني**

**الانتفاع من الغابات**

**المادة السابعة:**

**اولا: الاشخاص الساكنين داخل اراضي الغابات او بجوارها او استثناءا من احكام المادة (4) من هذا القانون الانتفاع بما لايتجاوز احتياجاتهم الشخصية من الغابات شريطة عدم الاضرار بها وذلك من خلال:**

**1-الانتفاع من جميع الاخشاب اليابسة والاخشاب اللازمة لصنع الالات والادوات الزراعية بعد الاذن بذلك.**

**2-رعي المواشي باستثناء الماعز.**

**ثانيا:-للمدير العام ان يصدر مجانا اجازات ياذن بها للاشخاص المشمولين بالبند (اولا) من هذه المواد او افراد القبائل برعي مواشيهم في الغابات المجاورة لهم بشرط التقيد بتعليمات تصدر لهذا الغرض.**

**بەڕێز تارا عبدالرزاق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی حەوتەم:**

**یەکەم: ئەو کەسانەی کە لەناو زەویەکانی دارستان یان لە تەنیشتیان نیشتەجێن بەدەر لە حوکمەکانی ماددەی (4) ی ئەم یاسایە دەتوانن سوودمەند بن لە دارستان، کە لە پێویستی خۆیان زیاتر نەبێت، بە مەرجێك زیانی پێ نەگەیەنن، ئەمەش لە ڕێگەی:**

**1-سوود وەرگرتن لە هەموو دارە وشکەکان و ئەو دارانەی پێویستن بۆ دروست کردنی ئامراز و ئامێری کشتوکاڵی دوای مۆڵەت وەرگرتن.**

**2-لەوەڕاندنی ماڵات جگە لە بزن.**

دووەم- بۆ بەڕێوەبەری گشتی هەیە مۆڵەتی خۆڕایی دەربکات بۆ ئەو کەسانەی بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە دەیان گرێتەوە هەروەها بۆ تاکەکانی ئەم هۆزانە کە ماڵاتیان لە دارستانەکانی تەنیشتیان بلەوەڕێنن، بە مەرجێك پابەند بن بەو ڕێنمایانەی بۆ ئەم مەبەستە دەردەچن.

**بەڕێز زکیە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنسبەت یەکەم، لیژنە پێشنیار دەکات بەم شێوەیە دابڕێژریتەوە:

1-سوود وەرگرتن لە گشت دار و کۆتەرە وشکەکان کە بەکاردێت لە پشەسازیە خۆجێییەکان.

2-لەوەڕاندنی ماڵات باشتر وایە بە ژمارەی بزن کەم بکرێتەوە، بە نیسبەت خاڵی دووەمیش تێبینیمان نیە.

**بەڕێز تارا عبدالرزاق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هیچ تێبینیمان نیە.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیمان نیە.

**بەڕێز د.سیروان بابان-وەزیری کشتوکاڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەکو من لێی تێئەگەم ئێستا چەند کێشەیەکمان هەیە لە چەند فەترەیەکین هاوکاری کێشەی ئەوەش ئەوەیە کە لە هەرێمەوە ژمارەیەکی زۆ مەڕ دێت، وەکو پێم وتراوە دەوری (2) ملیۆنە، لەبەر ئەوە حەزئەکەم شتێك ئیزافە بکەین وەکو دووەم، کە وابێ:

2-لایسمح للوافدین الی الاقلیم من اصحاب المواشي دخول حیواناتهم لغرض الرعي الا بموافقة وزراة الزراعة و لفترة محددة) جا ئەگەر ئەم پێشنیارە قبوڵ کرا لە سێیەم ئەبێ دووەمی بۆ ئیزافە بکەین، سوپاس

**بەڕێز حسن محمد سورە-جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە؟ (ئاهەنگ عارف، عبدالرحمن حسین، سالار محمود، د.احمد وەرتی، امیر گوگە، سەردار رشید، شلێر محمد نجیب)

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەنها تێبینیم لەسەر خاڵی (2) لە بڕگەی یەکەم لە ماددەی (7) هەیە، لەوەڕاندنی ماڵات جگە لە بزن، یەعنی حیکمەت چیە تەنها بزن جیاکراوەتەوە؟ ئێ خۆ بزن و مەر یەك حوکمیان هەیە.

**بەڕێز امیر گوگە یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبعەن ئەو تێبینیەیە تایبەتی خەلکێ گوندا دزانـن بـەرێز جـەنابی سـەرۆکی پەرلـەمان، یـەعنی دائیمـەن بزن پتر مقاوەمێ جەوێ یەعنی یێ بەفر و تشتان هەمی خەلکێ گوندا پتر بزن بخێو دکەتن، چونکە پـتر مقاوەمێ دکەتن، ئەڤە ئێك، یێ دووێ پشتگیری رایێ جەنابێ وەزیرێت دکەم، کو ئەو مەڕ دێنە خـارێ بـۆ کوردستانێ بێتە تەنزیم کرن، برێکا موافەقە، ئەگەر نەبت ئەو فەقەرە بێتە ئیزافە کرن، و سوپاس

**بەرێز سەردار رشید- بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ڕاستیدا لەم ماددەیە دوو حاڵەت هاتووە کە یەکیان بە ڕەهایی مۆڵـەت دراوە کـە بچێ دار ببڕێتـەوە لـەو دارستانانەدا، بەڵام ئێمە حەقیقەتەن لە غابات لەوانەیـە جـەنابی کـاك (حسـین) باشـتر بزانـێ، جەیشـێکی گەورە و گران لە فەرمانبەر و لە ئیدارە و لەوانەمان هەیە، با سەرپەرشتی ئەوانە بکەن، بۆ ئـەوەی خـەڵك چ گرنتیـەك هەیـە لـەو حاڵەتـە کـە ئـەوە داری تـەڕ و ئـەوە وشـکە بەیەکـەوە نایـان بڕێتـەوە؟ دووەم ئـەو حاڵەتەی برادەران باسیان کرد، لە ڕاستی دا شوانێکی فەقیر چوزانێ ئـەو مـەڕە یـان بزنـە؟ لـە وڵاتـی ئێمـە مەڕ و بزن هەمووی بە یەکەوە هین ئەکرێ، یان قەدەغە بکرێ هەردووکی، یان بەڕاستی ئەو حاڵەتە بڵێـی با مەڕەکە لەو لاوە بلەوەرێ و بزنەکە لەو لاوە، بەڕاستی ئەوە لە یاسادا شتێکی هین نیە،سوپاس

**بەرێز شلێر محمد نجیب:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت بڕگەی یەکەم لە ماددەی حەوتەم، کـە ئـەڵێ (الانتفـاع مـن جمیـع الاخشـاب الیابسـە والاخشـاب اللازمە لصنع الالات والادوات الزراعیە)، بەڕەئی من باسی هـین نـەکراوە، عەمەلیـەی تـەحتیت کـە خۆمـان ئەزانین بەس ئەوەیە مەنعی (الی عملیە تحتت غیر القانونی) چونکە بتەوێ و نەتەوێ ئەوە هـەر خـەلوزی خۆی دروست ئەکات، لەبەر ئەوە بە پێی یاسا ئەو کارەی بۆ دا بڕێژرێت، سوپاس

**بەرێز ئاهەنگ عارف**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

100٪ تەئیـدی جـەنابی وەزیـر ئەکـەم، بـۆ زیـاد کـردی ئـەو فەقەرەیـە، چـونکە ئێمـە بـە چـاوی خۆمـان دیتیتمان وەختی خۆی لە گەرمیان لە ساڵەکانی .......

**بەڕێز حسن محمد سورە / جێگری سەرۆکی پەرلەمان.**

فەرموو ئاهەنگ خان.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف رؤوف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە 1998 هەتا 2003 ئەوەی بکوژ و ئەنفالی گەرمیان بوون، مـەڕ و ماڵاتیـان لـەوێ بـەخێو دەکـرا، ئـاوای ئێـران دەکـران، تیجـارەتی پێـدەکرا، 100٪ لەگـەڵ جـەنابی وەزیـرم بـۆ زیـادکردنی ئـەو فەقەرەیـە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سوره / جێگری سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێز كاك عبدالرحمن فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن حسين ابابكر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕاستی سەبارەت بەماددەی حەوتەم، بڕگەی یەكەم، یەكەم كەدەڵێ ( بۆی هەیە دارە وشكەكان بەكاربێنێ و لەئاخیریش دەڵێ دوای مۆڵەت وەرگرتن) كەسێك لە دێیەك، لە شاخێك، بیست كیلۆمەتر لەناو مەحافەزە یان قەزا یان ناحیە دوورە، بچێ دارێك، دەسكە دارێك ببڕێ بۆتەڤرێ یان بۆ هەرشتەك ببڕێ بێت مۆڵەتی وەربگرێ ئینجا ئەو دەسكە دارە ئەوەندە درێژە ببڕێ؟ توخوا ئەوە تشتێكی زۆر ناماقولە و نایاساییە و نارێك و پێكە و ناگونجێ لەگەڵ خەڵكی ئێمە، لەگەڵ كوردستان، لەگەڵ ئەو شتەی كە لەناو ئێمەی كوردا هەیە، ئەمە هەر ناگونجێ، ئەمە ناكرێ، ئەمە زۆر تەواوە داری وشك بەكار بێنێ، داری تەڕ بەكار نەینێ، بەڵام ئەو دەسكە دارە ببڕێ بۆ زراعەت بەكاری بێنێ، بەبێ مۆڵەت بێ، من زۆرم پێباشە ئەو مۆڵەتە لەوێ نەمێنێ، دوای ئەمەش ئەوەی كە دەڵێ نابێ یەعنی ئەوەی تر كە ئەڵێ بزن مەسەلەن بڕگەی دووەم كەئەڵێ مەڕ و ماڵات لەوەڕێنێ، بزن نەبێ، ئەگەر باسی غاباتی حكومەت دەكات، كە حكومەت تازە بچینێت تەواوە، من لەگەڵم، هیچ حەیوانێك نەچێتە ناوی، بەڵام ئەگەر باسی ئەو غاباتەی ئێستا هەمانە ئەی چ بخوا بزن؟ هەر دار دەخوا، هەر چڵی دەخوا، خۆ هەرگیا ناخوا، زۆر كەم بزن گیا دەخوا، هەموو چڵێ ئەخوا، ئەمە هەر ناكرێ، ئەمەش لابدرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سوره / جێگری سەرۆكی پەرلەمان.**

كاك سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەڕستیدا من ڕام وایە ماددەی حەوتەم هەر بڕگەی دووەم لابدرێ، لەبەر دوو سەبەب، یەكەكیان: ئەو تەرجەمە كردنە لوغەوییەی كە مەواشی كردووە بە ماڵات، ئێمە لەزمانی كوردی بۆ مەواشی مەڕو ماڵات دەوترێ، ئەو مەڕو بۆ لادراوە؟ لەكاتێكدا مەڕ و ماڵات تەنیا وشەیەكە، وشەیەكی لێكدراوە مەڕەكەی لێبكەیتەوە ماڵاتەكە مانایەك نابەخشێ، من تەسەوڕم وایە ماڵات لە ئەموالەوە هاتووە لەزمانی عەرەبیدا، تەسەوڕم وایە لە تەرجەمە كردنەكەدا دیقەت نییە، ئەگەر لەماددەكانی پێشوودا هەستدەكەم بەو شێوەیە ڕۆیشتووە، ئێمە دەنگمان لەسەر وشەیەك داوە كە وشەكە نازانین ماناكەی چییە، واتە دەنگمان لەسەر وشەیەكی بێ مانا داوە بۆ مەسەلەیەك كە مانا بگەیەنێ، بۆیە هیوادارم لەماددەی حەوتەم ئەوە چارەسەر بكرێ، ئەگەر لەماددەكانی پێشوودا نەهاتبێ، ئیتر قسەی لەسەر نەكراوە بۆ ئەوەی كە ئەمە واتا نابەخشێ

لە ڕاستیدا، بۆیە دەبێ تەرکیزی بکرێتە سەر، ئەگەر دەمینێتەوە مەڕ و ماڵات ئیزافە بکرێ، کە وتت مەڕو ماڵات ئەو جیاکارییە ناگەیەنێ کە برادەران باسی بزنیان کرد لەڕاستیدا کە ئەمەش خۆی مەسەلەیەکی شازە، لە کوردەواریدا نوکتە هەیە، بەڵام ئێرە جێگای نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە / جێگری سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز د. سیروان بابان / وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

شتێکە دەربارەی بزن دوو ئەگەر بیگۆڕین بەشێوەیەك بڵێ (راعي المواشي باستثناء الماعز في الغابات الناشئة والغابات التي تتعرض للحرائق)، چونکە کێشەکە بەراستی لەوێدایە، بزنەکەیە کە غاباتەکە تازە دەبێتن نەمامەکە هەمووی دەخۆن، ئەگەر ئاگریش بێتن کە سەر لەنوێ تازە دەبێتەوە مەجالی نادەن بۆ ئەوەی پەرە بەخۆی بدا، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە / جێگری سەرۆکی پەرلەمان.**

فەرموو کاك جلال.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

عەفوو زۆر باسی بزن کرا، بەڕاستی ئێمە دەوڵەتە دراوسێکانمان (ئێران، تورکیا) ئەوانەی کە غاباتیان هەیە، بەڕاستی خاوەنی غاباتن ئەصڵەن هەر قەدەغەیان کردووە، بزن کێشەیەکی هەیە شێوەی ددانی بزن گۆپکە دەخوا، ئەو گۆپکەیەی کەلقی لێدروست دەبێ و لقەکە ئەبێتە دار، کێشە ئەوەیە ئەو ددانی وایە کە گۆپکەکە دەخوا، لەبەر ئەوە کەم کردنەوەی بزن ڕاستە لای ئێمە شاخ و کێوە ئەبێ هەبێ، بەڵام کەم کردنەوەی شتێکی خراپ نییە، چونکە هەمووومان ئاگادارین ئێستا لە زۆر شوێن و دێهاتی هەرێمی کوردستان جاران پەنجا ساڵ لەمەو پێش یەك مەڕی تێدا نەبووە، ئێستا (500) مەڕی تێدایە و بزنیشی تێدایە، ئێمە گوتوو مانە کەم کردنەوەی لەبەر ئەوەی بزن بەدارا هەڵبگەڕێ دوومەتر، سێ مەتر، دانی وادروست بووە کە گۆپکە دەخوا کە نایەڵێ لقەکان دروست بێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە / جێگری سەرۆکی پەرلەمان.**

فەرموو بۆ ماددەی هەشت.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة (8):

**اولا: يخصص وزير المالية بناءا على طلب من وزير الزراعة و الموارد المائية المساحات المروية المطلوبة من الاراضي الاميرية لاغراض التشجير و انشاء الغابات و توسيعها في المناطق التي لا تنمو فيها الاشجار بصورة طبيعية.**

**ثانيا: لوزير الزراعة و الموارد المائية القيام بتشجير المساحات الجانبية لجداول الري و احواض السدود و جوانب الطرق العامة خارج حدود البلديات وغيرها بالتنسيق مع الجهات ذات العلاقة.**

**بەڕێز حسن محمد سورە / جێگری سەرۆکی پەرلەمان.**

فەرموو بەکوردییەکەی

**بەڕێز عمر عبدالرحمن.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (8):

یەکەم: وەزیری دارایی لەسەر داوای وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو رووبەری پێویست لە زەوی میری بەراو تەرخان دەکات بەمەبەستی دار چاندن و دامەزراندنی دارستان و فراوانکردنیان لەو ناوچانەی بەشێوەی سروشتی داریان لێناڕوێ.

دووەم: وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو بۆی هەیە رووبەرەکانی تەنیشت جۆگەکانی ئاو و ئاودێری و حەوزی بەنداوەکان و تەنیشتەکانی ڕێگا گشتییەکان لەدەرەوەی سنووری شارەوانییەکان و هی تر بەدار بچێنێ بەهەماهەنگی لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار.

**بەڕێز حسن محمد سورە / جێگری سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنەی کشتوکاڵ ڕەئیتان، فەرموو.

**بەڕێز زکیە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هیچ تێبینیمان نییە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە / جێگری سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنەی تەندروستی و ژینگە، فەرموو.

**بەڕێز تارا عبدالرزاق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە هیچ تێبینیەکمان نییە لەسەری، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە / جێگری سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنەی یاسایی، فەرموو.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشتگیری ماددەكە دەكەین و تێبینیمان نییە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە / جێگری سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێز جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز د. سیروان بابان / وەزیری كشتوكاڵ و سەرچاوەكانی ئاو**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، هەر ئیزافەیەك لەژێر (دووەم) تەشجیرەكە بۆ كێ بێت؟ (القيام بتشجير) ئیزافە بۆ بكرێ ( المناطق المعرضة للتصحر والتعرية والفيضانات) لەپاشان (المساحات الجانبية)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە / جێگری سەرۆكی پەرلەمان.**

كێ دەیەوێ قسە بكات؟ تكایە دەستی بەرز بكاتەوە، ئەو بەڕێزانەی قسە لەسەر ئەو ماددە دەكەن، ناویان نووسیوە ( ئاهەنگ خان، شلێر خان، كاك سەردار، كاك سالار، شەونم خان، تارا خان، كاك فرمان، بەیان خان)، فەرموو ئاهەنگ خان.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف رؤوف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من دوو تێبینیم هەیە، بەنیسبەت ماددەی ( 1 و 2)، دەڵێ (يخصص وزير المالية) فەقەرەیەكی بۆ زیاد بكرێ بڵێ (بتعاون مع هيئة المسح الجيولوجي)، چونكە ئەو زەوییانەی كەسەر بەوەزارەتی مالییە دەبن زۆرجار بۆ هەر ئەسبابێك بی دەچێتە لای وەزارەتی مالییە لەسەر قانونەكانی ئیستیملاك پێشتر كە لە سەردەمی كاتی ڕژێمی بەعس بوو، بۆیە هەیئەی مەسحی جیۆلۆجی زۆر زۆر بەسوود دەبێ، لەوەزارەت مالییەش لەوەزارەتی زراعەش كە تەعاونێكی لەگەڵ وەزیری مالییەی بكات بۆ ئەو فەقەرەیە، فەقەرەی دووەم لێرە دەڵێ (: لوزير الزراعة و الموارد المائية القيام بتشجير المساحات) ئەوە با هەر لەگەڵ وەزیری ئیعمار پێشتر باسمان كرد، ئێستا وەزارەتی ئەعمال ئەركی سەرشانییەتی كە دەستی هەبی لە تەشجیری ڕێگا و بان و سەد و ئەو غاباتەی كە دەكەوێتە ناو ئەو ڕێگا و بانانە، ئەگەر تەماشای ئیتیحادی ئەورووپی بكەی، مەشروعەكیان هەیە( نیو ڕۆد كۆنسترەكشن كۆنسێت) (2n nn 2c nr2c) ئەوە هەتا فەقەرەیەكی هەیە لەشەشەمین فەقەرەی دەڵێ (سمارت ئان سێفتی) ئەو ڕێگایەی كە تۆ تەشجیری دەكەی وەزارەتی ئەعمار دەبی پێوەرەكەی موحەرەماتەكەی لەگەڵ وەزیری زراعە بە تەعاون ئەوەی بكا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە / جێگری سەرۆكی پەرلەمان.**

شلێر خان فەرموو.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەر بەنیسبەت ئەوەی کە ئەڵێ (جوانب الطرق العامة خارج حدود البلديات) ئێمە یاسایەکمان هەر لەم پەرلەمانە دەرکرد کەیاسای (طرق العامة)یە، ئەوە ڕێگا گشتییەکان ئەو تەشجیرە ئەبێ بە تەنسیق بێ لەبەر ئەوە کە ئەڵێ ( جهات ذات العلاقة) من تەسەوڕ دەکەم هەر وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە بێ، لەبەر ئەوەی زیان بە جادەکە نەگەیەنێ و لەمەحەرەماتی ئەو جادەیە بێ بەپێی ئەو قانونە کە لەپەرلەمان دەرچووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە / جێگری سەرۆکی پەرلەمان.**

کاک سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار رشید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس، قسەکەی من کرا.

**بەڕێز حسن محمد سورە / جێگری سەرۆکی پەرلەمان.**

کاک سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا من پرسیارێکم هەیە، ناوهێنانی وەزیری دارایی لەبڕگەی یەکەمی ماددەی هەشتەمدا بۆ ئەو پرسە بۆ؟ خاڵی دووەمیش کە باسی لایەنی پەیوەندیدار دەکا دەبێ دیاری بکرێ لەڕاستیدا، من تەسەوڕم وایە ئەم دوو خاڵە وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار لێی مەعنییە وەکو ئەوەی شلێر خانیش ئاماژەی پێکرد، بەهەمان شێوە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە بەتایبەتی ئەوانەی دەکەونە دەرەوەی سنووری شارەوانی بەحوکمی فراوان بوونی شارەکان، بەحوکمی کۆمەڵێك هۆکاری تر ئێستاکە زۆر مەهام تێکەڵ دەبێ لەنێوان وەزارەتی کشتوکاڵ و وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزارا لەتەرخانکردنی زەوی بۆ نیشتەجێ بوون، بۆ گەشت و گوزار، بۆ زۆر بواری تر، من تەسەوڕم وایە لەم بوارەشدا وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار کۆمەڵێك ئەرك و مەهامی دەکەوێتە ئەستۆ بە تەحدید ناوی وەزارەتی شارەوانی بهێندرێ بۆ هەماهەنگی و تەواوکردنی ئەو مەبدەئە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە / جێگری سەرۆکی پەرلەمان.**

شەونم خان فەرموو.

**بەڕێز شەونم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا لەماددەی هەشت، بڕگەی یەکەم پشتگیری تەواو لەقسەکانی ئاهەنگ خان دەکەم، بەنیسبەت ئەوەی (بالتعاون مع هيئة المسح الجيولوجي) هەمان ڕام هەیە منیش، لەکۆتایی ئەو بڕگەشدا پێویستەکە کەدەڵێ(بناءا على طلب من وزير الزراعة و الموارد المائية المساحات المروية المطلوبة من الاراضي الاميرية

لاغراض التشجير و انشاء الغابات و توسيعها في المناطق التي لا تنمو فيها الاشجار بصورة طبيعية)، ئەوەش ئیزافە بکرێ (وکذالك لاغراض المناطق المحمیة)، واتە مەحمییاتی تەبیعی کە ئەوەش هەر زەرووری لەوبڕگەیە دابێ، بەنیسبەت دووەمیشەوە پشتگیری لە قسەکانی شلێر خان و کاك سالار دەکەم، بێگومان تێکەڵ بوونێکی تەواو هەیە لە ئیشەکانی وەزارەتی زراعە لەگەڵ وەزارەتی شارەوانی و ئاوەدانکردنەوە، بەتایبەتی لەو ڕێگایانەی کە بەناو غاباتەکاندا دەڕۆن، لەبەر ئەوە پێویستە لێرەدا دەسنیشان بکرێ ئەو بڕگەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە / جێگری سەرۆکی پەرلەمان.**

فەرموو تارا خان.

**بەڕێز تارا ئەسعدی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی من وجودی وەزارەتی مالییە لە هەر پڕۆژەیەك کە هەریەکە بەئیختیساسی خۆی، بۆنموونە ئەمە هی وەزارەتی زراعەیە، با وەزیری زراعە خۆی شتەکان دەستنیشان بکات، تەتبیق کردنەکە با لەلایەن وەزیری مالییەوە بێ، نەك ئەو تەختیتیش بکات و ئیشی شارەوانیش و هی زراعەش، سەر بەمالییە، لەوە دەچێت لەفەقەرەی یەکەم وادابنرێ کە ئەو بڕیار دەدات چەند دابنرێ بۆ تەشجیر، بۆ بڵێین زراعەتکردنی ئەو شوێنانەی کە دەتواندرێ غابات و شتی تێدا بکرێ، بەڵکو ئەمە بەس بە تەعاون بێ لەگەڵ یەکتری نەك ئەوە بکرێت، دووەمیشی (لوزیر الزراعة) دیسانەوە دەیڵێمەوە وەزیری زراعە بەتەعاون لەگەڵ وەزیری وەزارەتی تەختیت و شارەوانی کارەکان لەگەڵ یەکتر دەکرێ، بۆئەوەی حدودی بەلەدییە بڵێین ڕەچاو بکرێ بۆ هەر شتێك کە دەچێندرێت، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە / جێگری سەرۆکی پەرلەمان.**

کاك فرمان فەرموو.

**بەڕێز فرمان عزالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە مەبەستمان لێرە ئێمە کە باس لە پاوەن و زەویەکانی میری دەکەین، یەعنی وردە وردە بەرەو تەسك بوونەوە دەڕۆن، لەبەر ئەوەی ئەو گرێبەستە کشتوکاڵییەی کە لەگەڵ جووتیارێکی دیاریکراو کراوە، (30) دۆنمی لە بۆ دیاریکراوە، ڕەنگە هەموو ئەو گرد و شاخ و تەپۆڵکەی لە دەوروبەری زەوییەکە هەیە دووبارە دەیکێڵێتەوە، ئێمە لەکوێ دارستان بڕوێنین؟ یەعنی وردە وردە ئەو زەوییە ئەمیریانەی ئێستا ئێمە لەم پرۆژە یاسایە لەداهاتوودا بەتەماین بیچێنین، بەڕاستی مەجالی تێدا نامینێت، لەبەر ئەوەی جووتیارەکە

بۆی دیاریکراوە چ دۆنمەکە، لەدوای (30) دۆنمەکەی ئەو دەوروبەرەکەی خۆی هەر هەمووی دەکێڵێ دەیکاتە زەوی کشتوکاڵی، یەعنی وردە وردە زەوییەکەی خۆی فراوان دەکا لەسەر بنەمای نەمانی پاوان، هەروەها دارستان، کەواتە لێرە بەڕاستی دەبێ جێگای بکرێتەوە ئەو زەوییە، جووتیارەکە کە گرێبەستی لەگەڵ کراوە بەهیچ شێوەیەك دەست درێژی نەکاتە ئەو زەوییانەی کە دەوروبەری زەوییەکەی ئەون، چونکە لێرە ناتوانین ئێمە دارستان بچێنین، هەروەها لەوەرگاش کەمدەبێتەوە بۆ درامەتی گیانلەبەری لەکوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە / جێگری سەرۆکی پەرلەمان.**

بەیان خان فەرموو.

**بەڕێز بەیان احمد کۆچەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبعەن دەست پێکێ ئەز پشتەڤانیا بۆچوونا کاك سالاری دکەم، هەروەسا ب قەناعەتا من چاندنا دارا کو بەحس ل هاتیە کرن، ئەڤرۆکە هەرێما کوردستانێ پێدڤیە هەڵمەتەکا نیشتمانی هەبیتن ژ بۆ چاندنێ، لوما ئەز پشنیارێ برگەیەك دکەم ئەم زێدەبکەین ئەم ڤی ماددێ ژ شێڤەیا خوارێ (اصدار مرسوم هەرێمی للاحتفال بيوم وطني لحماية البيئة والتشجير)، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە / جێگری سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز د. سیروان بابان / وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ناوی وەزیری مالییە دێت، لەبەر ئەوەی بەڕاستی ئەوان خاوەن زەوین، ئەوان زەوییەکە تەخسیس دەکەن، ئەمە یەکەم، دووەم حەزدەکەم شتێکی تریش ئیزافە بکەین هەر لەگەڵ فەقەرەی دووەم پاش فەیزانات (احواض السدود والانهار)یش بخەینە سەری، چونکە ئەوە هاوکار دەبێت بۆ (احواض السدود والانهار)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە / جێگری سەرۆکی پەرلەمان.**

هیوادارین لەکاتی سیاغەکردنەوەی هەموو ئەو بەڕێزانەی کە تێبینیان لەسەرە، ئامادەی کۆبوونەوەکە بن، فەرموو بۆ ماددەی نۆ.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة (9):

تعمل الوزارة على تشجيع انشاء و انماء وتطوير الغابات و مشاتل الغابات الخاصة و ذلك من خلال:

اولا: تخصيص اراض غير مكسوة بالغابات وفق القوانين والتعليمات.

ثانيا: تقديم الخبرة الفنية و الشتلات و البذور و المعونات الاخرى.

ثالثا: تقديم القروض الميسرة لهذا الغرض.

**بەڕێز حسن محمد سوره / جێگری سەرۆكی پەرلەمان**

كوردییەكەشی.

**بەڕێز تارا عبدالرزاق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی نۆیەم:

وەزارەت كاردەكات بۆ هاندان و دامەزراندن و پەرەپێدان و گەشەسەندنی دارستان و نەمامگەكان دارستان، دارستانی تایبەت لەڕێگای:

یەكەم: تەرخانكردنی ئەو زەوییانەی بەدارستان دانەپۆشراون بەپێی یاسا و ڕێنمایی.

دووەم: پێشكەش كردنی شارەزایی تەكنیكی و نەمام و تۆو هاوكاری دیكە.

سێیەم: پێشكەش كردنی قەرزی پێویست بۆ ئەم مەبەستە.

**بەڕێز حسن محمد سوره / جێگری سەرۆكی پەرلەمان**

ڕەئی لیژنەكان سەبارەت بەم ماددەیە، سەرەتا لیژنەی كشتوكاڵ، فەرموو.

**بەڕێز زكیه صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە تێبینیمان نییە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سوره / جێگری سەرۆكی پەرلەمان**

لیژنەی تەندروستی و ژینگە، فەرموو.

**بەڕێز تارا عبدالرزاق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمەش هیچ تێبینیەكمان نییە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سوره / جێگری سەرۆكی پەرلەمان**

لیژنەی یاسایی، فەرموو.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشتگیری ماددەكە دەكەین، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سوره / جێگری سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێز جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز د. سیروان بابان / وەزیری كشتوكاڵ و سەرچاوەكانی ئاو:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش هیچ تێبینیم نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە / جێگری سەرۆكی پەرلەمان**

فەرموو ناسك خان.

**بەڕێز ناسك توفیق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو ماددەی نۆیەمە باس لە تەشجیع كردن دەكا بۆ پێگەیاندن و ئینماء و تەتویری غابات، من وا بۆی دەچم ماددەی دەیەم، فەقەرەی دووەمیش هەربەشێكە لە ئەو، باس لەوە دەكا تەوزیعی شەتڵ و ئەوە بەسەر بەلەدیات و مونەزەماتدا هەست دەكەم ئەمەش هۆكارێكە بۆ تەشجیع، كەواتە ئەگەر فەقەرەی دووەمی ماددەی دەیەم، ببێتە چوارەم لەم فەقەرانە جوانتر دەردەچێ بۆ شێوازی یاساییەكەش، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە / جێگری سەرۆكی پەرلەمان**

بەفرین خان فەرموو.

**بەڕێز بەفرین حسین خەلیفە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

.لەبڕگەی دووەم كەباس لە پێشكەش كردنی شارەزایی تەكنیكی و نەمام و تۆو هاوكاری دیكە دەكا لەلایەن وەزارەتەوە، من پێم باشە مادام شارەزایی تەكنیكی پێشكەش دەكرێ لەلایەن وەزارەتەوە خولی مەشق و ڕاهێنانیش بۆ خاوەن نەمامگەكان و دارستانی تایبەت زۆر زەرووره لەڕاستیدا، لەبەر ئەوە لە وڵاتان ئەوانەی كە كشتوكاڵ دەكەن زۆر بەیان موهەندیسی زراعین، بەڵام ئەوانەی لای خۆمان شارەزاییەكی ئەو تۆیان نییە، ئەو خولی مەشقەیان بۆ بكرێتەوە شتێكی زۆر باشە، مادام نەمام و تۆ دابەش دەكرێ واباشترە پەین و مەسەلەن مەوادی دژە نەخۆشی و ئەوانەش بە هەمان شێوە دابین بكرێت، سێیەم كەدەڵێ (پێشكەش كردنی قەرزی پێویست بۆ ئەم مەبەستە) نازانم ئەو پرسیارە لەو لیژنە بەڕێزانە دەكەم قەرزی كشتوكاڵی ناتوانن ئەوانە وەری بگرن؟ یەعنی سوودمەند بن لەقەرزی كشتوكاڵی بۆ ئەو پرۆژانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە / جێگری سەرۆكی پەرلەمان**

كاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار رشید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی نۆ، بڕگەی سێ (پێشکەش کردنی قەرزی پێویست بۆ ئەم مەبەستە) لەڕاستیدا قەرزی کشتوکاڵی هەیە، بەڵام بۆ غابات، کە غابات خۆی سەرپەرشتی ئەو وەزعە دەکات، ئایا ئەکرێ قەرز بدات بەخەڵکی دیکە؟ پارە بدات بەخەڵکی دیکە؟ تکایە ئەمە روون بکەنەوە، چونکە دەبێتە یاسا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە / جێگری سەرۆکی پەرلەمان.**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز د. سیروان بابان / وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قەرزەکە بۆ مەشتەلە وەکو ئەمن لێی تێبگەم؟ سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە / جێگری سەرۆکی پەرلەمان**

فەرموو بۆ ماددەی دە.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة (10):

اولا: للوزير تحديد ايام التشجير خلال السنة.

ثانيا: للمدير العام توزيع شتلات الغابات مجانا على البلديات والمنظمات و دوائر الدولة و الاهالي للقيام بحملات غرس و تشجير وطنية.

**بەڕێز حسن محمد سورە / جێگری سەرۆکی پەرلەمان**

بەکوردییەکەی.

**بەڕێز تارا عبدالرزاق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی دەیەم:

یەکەم: وەزیر بۆی هەیە رۆژانی دارچاندن لەساڵدا دیاری بکات.

دووەم: بۆ بەڕێوەبەری گشتی هەیە نەمامی دارستان بەخۆڕایی دابەش بکات بەسەر شارەوانییەکان و ڕێکخراوەکان و فەرمانگەکانی دەوڵەت و هاووڵاتیان بە مەبەستی بەشداری کردنیان لە هەڵمەتی نیشتیمانی چاندنی نەمام.

**بەڕێز حسن محمد سورە / جێگری سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنەی کشتوکاڵ ڕەئیتان، فەرموو.

**بەڕێز زکیە سید صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنەکەمان پێشنیار دەکا بەم شێوەیە دابڕێژێتەوە ماددەی دە:

یەکەم: وەزیر بۆی هەیە وەرز و ڕۆژی دارچاندن دیاری بکات لە ساڵدا، لێرەدا وەرزیش ئیزافە بکرێت.

دووەم: بۆ بەڕێوەبەری گشتی هەیە نەمام بەخۆڕایی دابەش بکات بە شارەوانییەکان و ڕێکخراوەکان و فەرمانگەکانی دەوڵەت، هەستان بەهەڵمەتی دارچاندن لە بۆنە نیشتیمانی و میللیەکاندا، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە / جێگری سەرۆکی پەرلەمان**

لیژنەی تەندروستی و ژینگە، فەرموو.

**بەڕێز تارا عبدالرزاق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە تێبینیمان هەیە لە خاڵی یەکەم (وەزیر بۆی هەیە وەرز و ڕۆژی دارچاندن دیاری بکات لە ساڵدا) کە پشتگیری لیژنەی کشتوکاڵ دەکەین، بۆ ئەو باسە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە / جێگری سەرۆکی پەرلەمان**

لیژنەی یاسایی، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەك لیژنەی یاسایی تێبینیمان لەسەر کۆتایی بڕگەی دووەم هەیە، (دوائر الدولة) بکرێ بە (دوائر الاقلیم)، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە / جێگری سەرۆکی پەرلەمان.**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز د. سیروان بابان / وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هیچ تێبینیم نییە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە / جێگری سەرۆکی پەرلەمان**

کێ دەیەوێ قسە بکا؟ ئەو بەڕێزانە ناویان نووسراوە دەیانەوێ قسە بکەن (ئاهەنگ خان، کاك محمد، سمیرە خان، سیوەیل خان، کاك امیر، مامۆستا فرمان)، فەرموو ئاهەنگ خان.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیار دەکەم لە بڕگەی دوو، فەقەرەیەکی بۆ ئیزافە بکرێ (خاصة طلبة الجامعة) یان خەریج بێ یان ئەوەی دەوامی جامیعەی دەکا، ئەو شێوازەی لە جامیعەی بلکەند هەیە لەتورکیا، هەر خەریجەك، هەر تەڵەبەك، کە داخیلی ئەو جامیعەیەی دەبی یان تەخەروج دەکا لەدارستانەکانی وێندەر دارەکی دەچێنێ، بەرهەمەکەی دەبینێ، ئەو چەند ساڵی کە دەخوێنێ لەو جامیعەی ئاگای لەو دارە دەبێ، کەتەخەروجیش دەکا دەبینێ دارەکە گەیشتۆتە چ قۆناغێك، بەراوردی دەکاتەوە لەگەڵ ئاستی عیلمی خۆی و دەرچوونی لەو

جامیعەیە، جۆرە روحیەتێکی دەداتێ کە ئەوە زۆر مهیمە، دارستانیش پێش دەکەوێ، لۆیە ئەمن پێشنیار دەکەم خاصەتەن تەڵەبەی جامیعەی بچێتە ناوی بۆ ئەوەی بەرهەمەکەی خۆشیان ببینن لەڕوانی دارستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە / جێگری سەرۆکی پەرلەمان**

کاك محمد فەرموو.

**بەڕێز محمد احمد شارەزووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سەرەتا پشتگیری پێشنیارەکەی لیژنەی یاسای دەکەم (دوائر الدولة) بکرێ بە ( دوائر الاقليم).

دوو/ لە یاساکە دوای فەرمانگەکانی دەوڵەت هاووڵاتیانیشی گوتووە، بەڵام ڕاپۆرتی لیژنە هاووڵاتی تێدا دووبارە نەکراوەتەوە بۆیە من داوام وایە کە فەرمانگەکانی هەرێم و هاووڵاتیانیشی بۆ ئیزافە بکرێت لە ڕاپۆرتەکەی لیژنەی کشتوکاڵدا، چونکە هاووڵاتیانی تێدا دیاری نەکردووە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە / جێگری سەرۆکی پەرلەمان**

فەرموو سمیرە خان.

**بەڕێز سمیرە عبدالله.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەڵێ بۆی هەیە وەزیر رۆژەك دیاری بکا، من نالێم بۆی هەیە، دەڵێم پێویستە، یەعنی بۆی هەیە دیاریشی نەکا مادام وایە، بەڵام پێویستە دیاری بکات، هەروەها دەڵێ بۆی هەیە بەڕێوەبەرایەتی گشتی نەمام، نا ئەویش پێویستە تەوزیع بکا، چونکە زۆر زەوی هەیە مەتروکە تائێستا من ئامادە نیمە مەسەلەن خەڵکەك دەڵێ من ئامادە نیمە بچم بکڕم ئەم دارەیە گرانە، نرخەکەشی گرانە، پێشنیاریش دەکەم هەرمنداڵێك لەدایك دەبێ بەیان ویلادەی نەدەنێ هەتا نەمامێك یان دارێك دەچێنێ، ئەوجا بیدەنێ، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە / جێگری سەرۆکی پەرلەمان**

سیوەیل خان فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ئەومادەیە خاڵی دووەم، نازانم نووسرایە بۆ بەڕێوەبەری گشتی هەیە، بەڕێوەبەری گشتی جاری وایە لەقەزاو ناحییەکان نییە، دائیرەی زراعە هەیە، لە دائیرەی زراعەی قەزاو ناحییەکان دارستانیشی لێیە، نموونەمان هەیە مەسەلەن ئێستا لەشاری کۆیە ئەمە هەمانە لەهەیبەت سوڵتانی دار و نەمام زۆر دەچێندرێ، یەعنی پێویست دەکا ڕەزامەندنی بەڕێوەبەری گشتی لەهەولێرێ وەربگرێت و ئینجا نەمام دابەش بکاتن؟ ئەگەر بکرێتە دائیرەی زراعەی باشترە، بەنیسبەت تەڵەبەی جامیعات تەبعەن تەڵەبەی

جامیعەی ئەو ساڵ ئاگادارم کۆلیژی کشتوکاڵ نەمامێکی زۆریان چاند، هەموو ساڵێ دەچێنن ئەوساڵ یەعنی فەرزبوو لەسەر هەرتەڵەبەکی چەند دارەکی بچێنێت و دوای ئەمە بەرهەمەکەی لەدوای دابەش بکرێتە سەر هاووڵاتیان و دائیرەکانی تر، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە / جێگری سەرۆکی پەرلەمان**

کاك امیر فەرموو.

**بەڕێز امیر گوگە یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز پێشنیار دکەم ڤی سیغەتێ ئێك و دوو بهێتە دارشتن ( للوزراء للوزیر اصدار التعلیمات اللازیمة لتحدید ایام التشجیر والقیام بحملات الغرس والتشجیر في الاقلیم) ئەوە هەموو واتاکەی تەواو دەداتن، تەواو دبتن، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە / جێگری سەرۆکی پەرلەمان**

فەرموو مامۆستا فرمان.

**بەڕێز فرمان عزالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر ئێمە مەبەستمانە لەیاسایەکە هەرجێی بکەینەوە نەمام چاندن بێ و دابەشکردنی هەر بەخۆڕایی بێ، بەڕاستی تاوەکو ئێستا لەکوردستاندا بەمەلاین نەمام دابەشکرایە، ئەو نەمامانەی کە دابەشکرایە لەکوردستاندا چاندرا، ئەگەر ئاوبدرابایە و چاودێری بکرابایە ئێستا کوردستان خۆی لەخۆیدا بەڕاستی دارستان بوو، لەبەر ئەوەی ئێمە گوێمان لێدەبێ لەڕاگەیاندنەکان لە بۆنەیەکی دیاری کراو ملیۆن نەمام چێندرا، لەبۆنەیەکی دیاری کراوی تردا دوو ملیۆن نەمام چێندرا، نازانم ئەو نەمامانە چییان لێهاتووە؟ بەڕاستی دەچێندرێ و پارە و پوولێکی لەسامانی گشتی لێ سەرف دەکرێ، پاشان ئاو نادرێ و ئیتر نەمامەکە وشك دەبێت و جێگای نابێتەوە، ئەگەر ئەو یاسایە دیسان نەمام ئەوە دابەشی دەکات و دیسان لەسامانی گشتی نەمامی پێدەکڕێ یان لەنەمامگەی وەزارەتی کشتوکاڵی دابەشدەکات، بەڕاستی ئەویش هەرسامانی گشتییە، بەڕاستی هەر نەکرێ باشترە، لەبەر ئەوەی دەزانیین دارستانەکان بەودارستانانەوە دەچێ کە هەتاوەکو ئێستا یەك دارمان نییە کەلەموناسەبەکان چاندیتیان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە / جێگری سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز د. سیروان بابان / وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو زانیارەی من هەمە لەلیژنەی بەدواداچوون هەیە بۆ دارستانەکان ئەوانەی دەچێنن، تائێستا نیسبەی نەجاحی 70٪ بەرەو سەرەوەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سوره / جێگری سەرۆکی پەرلەمان**

فەرموو کاك جلال.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵا ئێمە کەباسی ئەو نەمام دابەشکردنە دەکەین، بەڕاستی لە بۆنە نیشتیمانییەکاندا مەسەلەن ڕۆژی چاندن لە $4/21$ لەو بۆنەیانەدا بۆیان هەیە یان کەدیاری بکرێ چ ڕۆژێ بۆئەوەی هەموو کەس بچێ داری تێدا بچێنێ،دیاری کراوە بۆ کەیە؟ ئەگەرنا بەڕاستی نەمامێ ئەگەر دینارەکی تێبچێ بۆ شەتڵ بۆ شەتڵ ڕواندن دە دیناری دەوێ، یەعنی بۆ موتابەعەی کەبیڕوێنی موتابەعەی بکەی دە دیناری دەوێ، لەبەر ئەوە قسەکەی مامۆستا فرمان زۆر ڕاستە دارێك کەدەڕوێندرێ دەبێ موتابەعە بکرێ و ئاو بدرێ، ئەوە ئیشی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوە، بەڵام ئەو تەوزیحە کە بۆی هەیە جەنابی وەزیر سەلاحییەت دەدا بە بەڕێوەبەری گشتی و بەڕێوەبەری گشتیش سەلاحییەت دەدا بەمەسئول مەشتەلەکان لە هەموو قەزا و ناحییەکان کە لەو بۆنەیەدا بەخۆڕایی دابەشی بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سوره / جێگری سەرۆکی پەرلەمان**

فەرموو بۆ ماددەی یانزدە.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**الفصل الثالث**

**استثمار الغابات**

**المادة $(11)$:**

**تحدد بضوابط يصدرها الوزير مجالات وشروط استثمار الغابات بما لا يتعارض و المحافظة على طبيعة هذه الغابات وما فيها من الاشجار و النباتات الاخرى و الحيوانات، مع اخذ واقع الحال بنظر الاعتبار.**

**بەڕێز حسن محمد سوره / جێگری سەرۆکی پەرلەمان**

کوردییەکەی.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەشی سێیەم**

**وەبەرهێنانی دارستان.**

ماددەی $(11)$: وەزیر ڕێنمایی دەردەکات بۆ ڕێکخستنی بوارو مەرجەکانی وەبەرهێنانی دارستان کە ناکۆك نەبێت لەگەڵ پارێزگاری کردن لە سروشتی دارستانەکان و ئەو دارو ئاژەڵ و ڕووەکانەی دیکە تێیدان بەشێوەیەك کە واقیعی حاڵ لەبەرچاو بگیرێ.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی کشتوکاڵ ڕەئیتان.

**بەڕێز زکیە سید صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە هیچ تێبینیمان نییە لەسەر ئەو ماددەیە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی تەندروستی و ژینگە ڕەئیتان.

**بەڕێز تارا عبدالرزاق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش هیچ تێبینیەکمان نییە لەسەر ئەو ماددەیە.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی ڕەئیتان.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەك لیژنەی یاسایی تەئیدی ماددەکە دەکەین و هیچ تێبینیەکمان لەسەری نییە.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز جەنابی وەزیر.

**بەڕێز د.سیروان بابان/ وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر لە دێری دووەم کە دەڵێت (المحافظة علی طبیعة هذه الغابات وتطویرها)ی بۆ ئیزافە بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

چ بەڕێزێك قسەی لەسەر ئەم ماددەیە هەیە؟ بەڕێزان (دکتۆر ئەحمەد، کاك خورشید، گەشە خان)، فەرموو کاك ئەحمەد.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مەبەست لێرە لە کۆتایی ماددەکە کە دەڵێت بەشێوەیەك کە واقیعی حاڵ لەبەرچاو بگیرێ، واقیعی حاڵ چیە؟ یەعنی دەبێت تۆ روونی بکەیتەوە کە واقیعی حاڵ چیە، تۆ لێرە دەتەوێ ئەمە ڕێك بخەیت، تەبعەن لێرە پێویستت کردووە لەسەر وەزیر کە ڕێنمایی دەربکات بۆ ڕێکخستنی بوارو مەرجەکانی وەبەرهێنانی دارستان کە ناکۆك نەبێت لەگەڵ پارێزگاری کردن لە سروشتی دارستانەکان و ئەو دارو ئاژەڵ و ڕووەکانەی

دیكە تێیدان بەشێوەیەك كە واقیعی حاڵ لەبەرچاو بگیرێ، جەنابی وەزیر روونی بكاتەوە كە واقیعی حاڵ چیە؟ چونكە تۆ دەتەوێت لێرە رێكی بخەیت، كە رێنمایی دەردەكەیت رەنگە واقیعی حاڵەكە لەگەڵ رێنماییەكە بگونجێت، یان دەبێت رێنماییەكە لەگەڵ واقیعی حاڵەكە بگونجێنین، دەبێت روونی بكاتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز كاك خورشید فەرموو.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەكەم سیاغەكە بەو شێوەیە بێت (تحدد بضوابط يقترحها الوزير ويتم المصادقة عليها من قبل مجلس الوزراء)، ئیزافەی مەجلیسی وزەرا زۆر موهیمە، چونكە لەوانەیە ئەگەر جەنابی وەزیر بە تەنیا لەو مەجالە بێت، فشار بخرێتە سەری بۆ ئەوەی بەكارهێنانی غابات هەندێك مەبەستی ئەوەیە، لەبەر ئەوەی من پێشنیار دەكەم وەزیر ئیقتیراحات دروست دەكات ئەنجومەنی وەزیران موصادەقەی لەسەر بكات لە بابەتی ئیستیسمار، تەنها وەزیر نەبێت لە مەسەلەكە، بۆ ئەوەی شوێنی غابات بەكار نەیەت بۆ غەرەزێكی تر، یەعنی بەو سیغەیە بێت (تحدد بضوابط يقترحها الوزير ويتم المصادقة عليها من قبل مجلس الوزراء)، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز گەشە خان فەرموو.

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە زەوابتەكان بۆ نەهێشتنی رۆتین، من پێم باشە مودیر عامەكانیش لە شارەكاندا بتوانن بەپێی ئەو سەلاحیەتەی كە وەزیر دەیانداتێ، سەلاحیاتی دانانی زەوابتیان هەبێت بۆ مۆڵەت، هیچ ماددەیە لەم فەسڵەدا دیاری نەكراوە بۆ دانان، یان تەحدید كردنی شوێنی تایبەت بۆ سائیح، لەبەر ئەوە پێویستە ماددەیەك ئیزافە بكەین كە لە ئیستسماردا شوێن دابنرێت بۆ زائیرو سائیح، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز جەنابی وەزیر.

**بەڕێز د.سیروان بابان/ وەزیری كشتوكاڵ و سەرچاوەكانی ئاو:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، تێگەیشتنەكەی من بۆ واقیعی حاڵ بە نەزەری ئیعتیبار بەم شێوەیە، چونكە ماددەكە باسی دوو شت دەكات موحافەزەو تەتویریش، ئەگەر ئیزافەمان كرد، چەند حاڵەتێكی بیئی هەیە ئێستا لە تەئسیراتی مەناخیەوە، وەكو باسمان كرد غابات لە ژێر زەختێكی زۆر زۆرە، چونكە مەناخ دەگۆڕێت، كە

مەناخ گۆڕا هەمموو نەباتێك، غاباتیش وایە لە زورفێكدا دەژی پێی دەڵێن (باوەند ریكۆندیشنز) ( Bawnd reconditions)، كەواتە لەناو ئەو زورفەدا لە دەرەجەی حەرارە ئەوەندە بۆ ئەوەندە، لە رتوبە لە ئەوەندە بۆ ئەوەندە، بیئە گۆڕانكاری بەسەردا دێت، هەندێك جار ناتوانین موحافەزە بكەین لەسەری ئەوە وەزعێكە، وەزعەكەی تریش، لەوانەوەیە موحدەداتی جیۆلۆجی بێت، كە نەتوانین تەتویری پێ بكەین، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، بۆ ماددەی دوازدە.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة (12):یسمح لاصحاب الغابات الخاصة وفق الشروط والمعاییر الفنیة التي تحددها الوزارة باستثمار غاباتهم بالتقلیم او تبدیل اشجارهم الغاباتیة باشجار مثمرة شریطة حصولهم علی رخصة من الوزارة ودفع الرسوم المقررة.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەكوردیەكەی تكایە.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (12):

رێگە بە خاوەن دارستانی تایبەت دەدرێ بەپێی مەرج پێوەرەكانی تەكنیكی كە وەزارەت دیاری دەكات، كە وەبەرهێنان لە دارستانەكانیان بكەن بە هەڵپاچین، یان داری دارستانەكانیان بە داری بەردار بگۆڕن بە مەرجێ مۆڵەت لە وەزارەت وەربگرن و، یان رەسمی یاسایی بدەن.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی كشتوكاڵ رەئیتان.

**بەڕێز زكیە سید صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لیژنەكەمان پێشنیار دەكات بەم شێوەیە دابرێژرێتەوە:

(رێگە بە خاوەن دارستانی تایبەت دەدرێ بەپێی ئەو مەرج و پێوەرە هونەریانەی وەزارەت دیاری دەكات، بە وەبەرهێنانی دارستانەكانیان بكەن بە هەڵپاچین و سووك كردنی، یان گۆڕینی داری دارستانەكان بە دارو درەختی بەرداری گونجاو بەو مەرجەی مۆڵەتی یاسایی لە وەزارەت وەربگرن).

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی تەندروستی و ژینگە رەئیتان.

**بەڕێز تارا عبدالرزاق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هیچ تێبینیەکمان نییە.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی ڕەئیتان.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیمان نییەو پشتگیری ماددەکە دەکەین.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز جەنابی وەزیر.

**بەڕێز د.سیروان بابان/ وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هیچ تێبینیم نییە.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، کێ قسەی لەسەر ئەم ماددەیە هەیە؟ ئەم بەڕێزانە دەیانەوێت قسە بکەن، (کاک سەردار، کاک عبدالرحمن، بەفرین خان، کاک سەرهەنگ)، فەرموو کاک سەردار.

**بەڕێز سەردار رشید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا جەنابی وەزیرو جەنابی کاک حسینیش دەزانن لە کوردستاندا تاکو ئێستا دارستانی تایبەت نییە، باغ هەیە، باغیش ناچێتە ئەو چوارچێوەیە، یەعنی ئەوە حاڵەتێکە، بەس لە لادێی خۆمانمدا لەوانەیە جوتیارێك دەڵێت ئەوە قەدەغەی منەو ناهێڵم کەسی تێ بچێت، یەعنی ئەو حاڵەتە هەیە، لەبەر ئەوە ئەگەر شتێك نەبێت چۆن لە یاسا ڕێنمایی بۆ دەردەچێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك عبدالرحمن فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن حسین ابابکر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی دوازدە لە ئاخیردا کە دەڵێت (بە هەڵپاچین، یان داری دارستانەکانیان بە داری بەردار بگۆڕن بە مەرجێ مۆڵەت لە وەزارەت وەربگرن و، یان ڕەسمی یاسایی بدەن)، ئەمە دەبێتە ئیشکال، مەسەلەن گوندێك دەیەوێت زەویەکە بگۆڕێت بە شتێکی تر، کەی بگاتە وەزارەت؟ یەعنی مانگێکی پێ دەچێت، لەوانەیە ئەمری وەزارەت نەگاتێ، بەڵام کام لە دائیرە نزیکە، لە دائیرەی زراعە نزیکە ئاگاداری بکاتەوە، نەك بڵێت مۆڵەت وەربگرێت، یەعنی بڵێ ئاگاداری دائیرە بکرێتەوە بڵێت کە ئەم زەویە وا دەگۆڕم

بەم شێوەیە، من پێموایە بەس ئاگادار کردنەوەی دائیرەی زراعە بێت، نەك مۆڵەت وەرگرتن لە وەزارەت، ئەمە ئیشکالیەتێکی زۆر گەورەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز بەفرین خان فەرموو.

**بەڕێز بەفرین حسین خەلیفە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وابزانم هیچ مەعقولیەتێکی تێدا نییە باخەوانێك، یان خاوەن دارستانێکی تایبەت بۆ هەڵپاچینی باخەکەی خۆی بچێت مۆڵەت لە وەزارەت بخوازێت، یەعنی زۆر جار کە گوندێکی دوورە دەستە هەتا مۆڵەتێکی هەڵپاچین وەردەگرێت لە وەزارەت، لەوانەیە وەرزی هەڵپاچین بەسەر بچێت، ئێمە دەزانین ئەوەش وەرزی تایبەتی خۆی هەیە، ڕەسمی یاسایی بۆچی بدات، وەك کاك عبدالرحمن فەرمووی مەسەلەن کاك دائیرە لە خۆی نزیکە لە خۆیەوە دەتوانێت لەوە مۆڵەت وەربگرێت، بەلاّم بۆ مەرج و پێوەرە تەکنیەکان زۆر ئاساییە وەزارەت، بەلاّم بۆ هەڵپاچین ئەمە شتێکە یەعنی مەعقول نییە تۆ بۆ هەڵپاچینی باخەکەی خۆت پێویست بەوە هەبێت مۆڵەت لە وەزارەت بخوازیت، من داوا دەکەم ئەم ماددەیە هەڵبگیرێت و زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك سەرهەنگ فەرموو.

**بەڕێز سەرهەنگ فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، من تەقریبەن ماددەکە هەر بە زیادە دەزانم لە ئەساسدا، بەلاّم ئەگەر بمێنێتەوە، قەرار بێت بمێنێتەوە مەسەلەی وەزارەت، بۆ وەزارەت؟ یەعنی وەزارەت ڕەنگە ڕۆتینەکە زیاتر بکات، ڕەنگە هاوولاّتیەکە درەنگ بگاتە وەزارەت، وەکو ئەوەی کە برادەرانم باسیان کرد، دەکرێت فەرمانگەیەکی سەر بە وەزارەتی زراعە بێت، بێینە سەر کوردیەکە کە لەبەردەستی من دایە، دەڵێت (یان وەزارەت ئاگاردار بکاتەوە و، یان ڕەسمی یاسایی بدەن)، یان یەعنی یەکێك لەمانە ئیختیار بکات، بە کەیفی خۆی، ئەمە دەبێت یەکلایی بکرێتەوە، ئینجا بۆ ڕەسم بدات؟ یەعنی کابرا بۆ ڕەسم بدات لە ئەساسدا؟ سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز جەنابی وەزیر.

**بەڕێز د.سیروان بابان/ وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێگەیشتنەکەی من ئەوەیە ئێستا غاباتی خاص هەیە، غاباتی سپیدارو ئەمانە لە دهۆك، بەو شێوەیەی کە کۆمەڵگای ئێمەش دەڕوا، یەعنی هەمووومان تەوەقوع دەکەین کەوا غاباتی خاص دروست دەبێت، دەبێت تەنزیمی بکەین بە قانون، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز كاك جەلال فەرموو.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بێجگە لە سپیندارو ئەوانە لە زۆر مەناتیقی غابات هەیە هەندێك ناوچە تاپۆیان هەیە، یەعنی تاپۆی ئەرزی غاباتە، بەلاْم تاپۆیە بەناوی بنەماڵەیەكەوە، یان بەناوی یەكێكەوە، بەلاْم كەمە، تەبیعی لیژنەكەی ئێمە لیژنەی كشتوكاڵ ئیقتیراحمان كردووە مەسەلەی روسومەكەمان لێ لابردووە، بەلاْم مۆڵەت وەرگرتن لە هەموو هۆبەیەك، لە هەموو مودیریەتێك، لە قەزاو ناحیەكاندا بەشێكی تیایە كە بەشی دارستان و لەوەڕگایە، ئەو سەلاحیەتەی كە دەدرێت بە مودیر عام، كە دەدرێت بە مودیری غابات، مودیری غاباتیش دەداتە ئەو هۆبانە، بە دەردی ئەو برادەرانە گوتیان كابرایەك بۆ لقێك بچێتە وەزارەت و پارەی دە لق دەدات بە سەیارە، بەلاْم بۆی هەیە ئەو فەرمانبەرەی كە لەوێیە لەگەڵیدا بچێت دارەكە دەبڕێتەوەو ئاگای لێ بێت، شتێكی ئاسانكارییەو رسومیشمان نەهێشتووە، بەس مۆڵەتمان گوتووە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان كۆتایی بە دانیشتنی ئەمڕۆمان دەهێنین تا بەیانی سەعات (11) بەخواتان دەسپێرین، خواتان لەگەڵ.

**فرست احمد عبدالله**
**سكرتێری پەرلەمانی**
**كوردستان – عێراق**

**د.حسن محمد سورە**
**جێگری سەرۆكی پەرلەمانی**
**كوردستان - عێراق**

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (5)**

**چوار شەممە رێکەوتی 19\9\2012**

**خولی سێیەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (5)

## چوار شەممە رێكەوتی 2012/9/19

كاتـژمێر (11)ی پـێش نیـوەڕۆی رۆژی چوارشـەممە رێكـەوتی 2012/9/19 پەرلـەمانی كوردسـتان - عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز د. حسن محمد سورە جێگری سەرۆك و، بەڕێز فرست أحمد عبـدالله سـكرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (5)ی خولی سێیەم, ساڵی (2012) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی ماددە (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی ژمارەی (5)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کات (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی 2012/9/19 دا بەم شێوەیە بێت:

1- بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسای پاراستنی دارستان لە هەرێمی کوردستان.

2- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پێشنیاری یاسای سندوقی هاوکاری کردنی نەخۆشەکانی شێرپەنجەو نەخۆشی قورس.

کۆبوونەوەی دووەم لەکاتژمێر (4) ی پاش نیوەڕۆ.

1- ئامادەبوونی بەڕێز وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار، بۆ بەرچاوخستنی ئاستی جێبەجێ کردنی بەرنامەی حکومەت لە بواری شارەوانیەکان و گەشت و گوزار و وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی ئەندامانی پەرلەمان.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان.

دانیشتنەکەمان دەست پێ دەکەین، سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستانی عیراق، خولی سێیەمی هەڵبژاردن ساڵی چوارەم، خولی گرێدانی یەکەم، ژمارەی دانیشتن (5) ڕۆژی دانیشتن 2012/9/19.

بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمەکانی برگە (1)ی ماددەی (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار کراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستانی عیراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (5) ی ئایاسی خولی سێیەمی هەڵبژاردن ڕۆژی چوارشەممەی ڕێکەوتی 2012/9/19 بەم شێوەیە بێ:

کۆبوونەوەی یەکەم لەکاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆ.

3- بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسای پاراستنی دارستان لە هەرێمی کوردستان.

4- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پێشنیاری یاسای سندوقی هاوکاری کردنی نەخۆشەکانی شێرپەنجەو نەخۆشی قورس.

کۆبوونەوەی دووەم لەکاتژمێر (4) ی پاش نیوەڕۆ.

2- ئامادەبوونی بەڕێز وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار، بۆ بەرچاوخستنی ئاستی جێبەجێ کردنی بەرنامەی حکومەت لە بواری شارەوانیەکان و گەشت و گوزار و وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی ئەندامانی پەرلەمان.

ئێستاش ناوی ئەندامانی پەرلەمان لەدانیشتنی ژمارە (4) ی ئاسایی لە 2012/9/18 کە مۆڵەت بوون یان ئامادەنەبوون دەخوێنینەوە:

1- اسماعیل سعید مۆڵەت
2- ئاواز عبدالواحد مۆڵەت
3- برهان رشید مۆڵەت
4- پێشەوا توفیق مۆڵەت
5- سالم تۆما مۆڵەت
6- سەمیر سلیم مۆڵەت
7- شڤان احمد مۆڵەت
8- شێردڵ تحسین مۆڵەت
9- صبیحە احمد مۆڵەت
10-عمر حمدامین مۆڵەت
11-عمر صدیق مۆڵەت
12-گوڵێزار قادر مۆڵەت
13-لیلی امیر ئامادەنەبوو
14-نەسرین جمال مۆڵەت
15-نیشتیمان مرشید مۆڵەت
16-هاژە سلیمان مۆڵەت

داوا لە لیژنەکانی پەیوەندیدار دەکەین بۆ خاڵی یەکەمی بەرنامەی کار، بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پڕۆژە یاسای پاراستنی دارستان لە هەرێمی کوردستان ئامادەبن، تکایە بفەرموون بۆ ماددەی 13 لە ئەسلی پڕۆژەکە بە کوردی و عەرەبی بخوێننەوە.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة 13:

اولاً: يحق لمالكي الاراضي الزراعية او المشجرة بأشجار مثمرة والنابتة على بعض الاشجار الغاباتية بكثافة تقل عن عشرة بالمائه قطع ونقل وتفحيم هذه النباتات بموجب اجازة يحصل عليها اصحابها من دائرة الغابات في المنطقة بعد اجراء الكشف على الموقع.

**ثانياً: تخضع اشجار الغابات في الحدائق المنزلية وكذلك مصدات الرياح في حالة القطع الى رخصة مجانية.**

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ماددەی سێزدە:**

**یەكەم: خاوەن زەوی كشتوكاڵی یان ئەوەی زەویەكی بەرداری بەردار چاندووە، هەندێك داری دارستانی لەسەر ڕواوە بە چڕی یەك كەمترە لە 10٪ مافی هەیە ئەم ڕووەكانە ببڕێتەوەو بیكات بە خەڵوز و بیگوازێتەوە بەپێی مۆڵەتێك كەخاوەنەكانیان لە فەرمانگەكانی دارستانی ناوچەكە وەری دەگرن، دوای ئەوەی شوێنەكە دەپشكندرێت.**

**دووەم: لە حاڵەتی داوا كردن بۆ بڕینەوەی داری دارستان لە باخچەكانی ناو ماڵ، هەروەها داری بەربەستی با، دەبێ بە ڕەزامەندی بێ، بەلاّم بە مۆڵەتی خۆڕایی.**

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

**لیژنەی كشتوكاڵ ڕەئیتان لەسەر ئەو ماددەیە.**

**بەڕێز زكیە سید صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ئێمە هیچ تێبینیەكمان نیە.**

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

**لیژنەی تەندروستی و ژینگە فەرموون.**

**بەڕێز تارا عبدالرزاق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**لیژنەكەی ئێمەش تێبینی نیە لەسەر ئەو ماددەیە.**

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

**لیژنەی یاسایی فەرموون.**

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**پشتگیری ماددەكە دەكەین.**

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەخێرهاتنی جەنابی وەزیری كشتوكاڵ دەكەین، ئێستا بەڕێزتان ڕەئیت هەیە لەسەر ئەو ماددەیە.؟**

**بەڕێزد. سیروان بابان/ وەزیری كشتوكاڵ و سەرچاوەكانی ئاو:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوەی حەز دەکەین تۆزێك گۆڕانکاری تیا بکەین، چونکە ئێستا بەو شێوەیەی کە نووسراوە ئەگەر بیخوێنیتەوە نازانی قەتع و تەفحیمەکە بۆ غاباتەکەیە، یان بۆ أشجار موثمیرەکەیە، لە دێری دووەم، پاش لە 10٪کە بڵێین (قطع ونقل وتفحيم الاشجار المثمرة وتقليم الاشجار الغاباتية) ئینجا پاش ئەوە ئیستیمرار دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا کێ لە ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان دەیەوێ قسە لەسەر ئەم ماددەیە بکات؟، قادر حسن، نەژاد عزیز، سالار محمود، فاضل، فەرمان عزالدین، شلێر خان، ئەم بەڕێزانە دەیانەوێ قسە لەسەر ئەم ماددەیە بکەن، بەڵێ کاك قادر فەرموو.

**بەڕێز قادر حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەنها مولاحەزەی من لەسەر بڕگەی (2) لە ماددەی (13) تەسەور دەکەم ڕوون نیە، کەدەڵێ لەحاڵەتی داواکردنی بڕینەوەی داری دارستان لە باخچەکانی ناو ماڵ، هەروەها داری بەربەستی با، من پێم خۆشە ئەمە وازحتر بێ، داری دارستان لەناو باخچەی ناو ماڵ، یەعنی ئەمە تەوزیحێك هەبێ باشترە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك نەژاد فەرموو.

**بەڕێز نەژاد عزالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیاز دەکەم لەم ماددەیە ئەوەلەن لابرێت، لەبەر ئەوەی بەهۆی ئەو وێرانیانەی کە تووشی ئەوە بووە، ئێمە پێویستیمان بە مەناتقی بابڵێین سەوزایی زیاترە، لەبەر ئەوە پێموایە ئەوە لابرێت لەو ماددەیە بەس ئەوەی دووەم بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ڕاستی من ئەم ماددەیە بە پێویست نازانم، چونکە هەرێمی ئێمە هەرێمێکی نەوتیە لە ڕاستی، بۆ سەرچاوەی سووتەمەنی و بۆ هەندێ پێویستی تر، ئەوەی پەیوەندی بە دابین کردنی خەڵوزەوە هەیە، بە شێوازی تر دابین بکرێ، وەکو چۆن ئێستا هەرێمەکەی ئێمە خۆشبەختانە لە بچووکترین شت بۆ گەورەترین شت، لە دەرەوە ئەهێندرێت لە هەرێمی کوردستان بەرهەم ناهێندرێت، هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی تەسەحور بۆتەوە، ئەو وشکە ساڵیە وای کردووە دارو دارستان و سەوزایی زۆر زۆر کەم ببێتەوە، بۆیە تەسەورم وایە ئەمە دەرفەتێك ئەبەخشێت بۆ کەم بوونی دارو دارستان، ئەوەشی پەیوەندی

بە بڕگەی دووەم هەیە، تەداخولە لە شەئنی مالّان بەڕاستی، خالّێکی تر ئاماژە پێ دەکەم، ئەگەر ئەم یاسایە یان یاساکان لە هەرێمی کوردستان، ناوچەکانی کێشە لەسەر ئەگرێتەوە یان نا؟، ئەمە قسەیەکە بۆ داهاتوو لەوانەیە کەڵکی هەبێ، لە هەرێمی کوردستان ئێمە قەزایەکمان هەیە ناوی قەزای خانەقینە، تاکە شارە بەشێك لە گەڕەکەکانی دارستان بەینی داوە، واتە لەناو شارەکە چەندین غابات هەیە، لەنێوان گەڕەکەکان باخ سنوورەکەی جیا کردۆتەوە، بە حوکمی ئەوەی بەشێك لەو ناوچانە ئێستا بۆتە ناوچەی تیجاری، بەهۆ بێ یان بێ هۆ بە مەبەستی تایبەت ئەو دارانە ئەسووتێندرێت بە بیانووی ئەوەی ئەکرێت بە خەڵوز و حاڵەتی تر، ئەمە کاریگەری ڕاستەوخۆی کردۆتە سەر شێواندنی ئەو سروشتە جوانەی کە ئەو شارە هەیەتی، هەروەها تەحەسرو کەم بوونەوەی ئاو و زۆر بابەتی تر، ئەمەش هەر بۆ پرۆتۆکۆل ئەو قسەیەم کرد، زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك فاضل فەرموو.

**بەڕێز فاضل محمد قادر((بەشارەتی)):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی لە ماددەی 13 من پێموایە زۆر بە سادەیی باسی خەڵوز کردنەکە، مافی بەهەر کەسێکی ئاسایی داوە بۆ خەڵوز کردن، پێموایە ئەمە پێویستی بە شێوازێکی تر هەیە، لە مەسەلەی خەڵوز کردن یان ماف پێدانی خەڵوز چۆن دەکرێ، چونکە خەڵوز یەکێکە لە سەرمایە گەورەکان، بۆیە هیوادارم ئەو ماددەیە بەشێوەیەکی تر دابڕێژرێتەوە، خاڵێکی تر هەر لەم ماددەیە، باسی دارستان یان ئەوەی کە لە 10٪ داری لە ناو دارستانەکەی ڕوواوە مافی هەیە بیبڕێت و بە خەڵوزی بکات، من یەك پێشنیارم هەیە لەسەر ئەم ماددەیە، لە زۆربەی وڵاتانی دونیا و لە هەرێمی کوردستانیش ئەوە دەست دراوەتێ کە سەرمایەکی زۆر سەرف دەکرێت بۆ مەسەلەی دارچاندن و بە سەوز بوونی وڵات، بەڵام لە هەرێمی کوردستان خەڵکانێکی زۆر بەتایبەتی جوتیاران لەسەر ئەرکی خۆیان داریان ڕواندووە و باخیان کردووە، یەعنی ئەمە لە چەند لایەنێکەوە ئیجابیاتی تیایە، هەم وڵاتی بەدارستان کردووە، هەم بەرووبومی میوەهات لە هەرێمی کوردستان بەدەست دێت، بۆیە من پێشنیار دەکەم حکومەت بەشێك لە ئەرکی ئەو جوتیارانە لە مەسەلەی دار چاندن و باخ کردن بگرێتە ئەستۆی خۆی، بۆ زیاد کردنی هاوکاری جوتیاران و زیاد کردنی بەرووبووم لەهەرێمی کوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز مامۆستا فەرمان.

**بەڕێز فەرمان عزالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە گرنگ لەدەرچوونی یاسا، لەوە گرنگ تر ئەوەیە لە جێبەجێ کردنەکەی، بەڕاستی لە فەقەرەی یەکەم داواکاری بۆ بڕینەوەی دارستان لە باخچەی ناو ماڵان، ئەوە هەر لە ئێستاوە کەس ئیلتیزام پێ ناکات بەڕاستی، تۆ لە باخچەی ماڵەکەی خۆت دارێك دەبڕیەوە بچی مۆڵەتی لێ وەربگری، ئەوە بۆ شتی زۆر گەورەتر مۆڵەت وەرناگیرێ، بۆ بڕینەوەی دارێك لە باخچەی ماڵان هەر وەرناگیرێ، ئەوە خاڵی یەکەم، خاڵی دووەم، دەبێ لێرە سزایەکیش هەبێ، مۆڵەتی بەخۆڕایی ڕاستە، دەبێ سزایەکیش هەبێ لەکاتی بڕینەوەی دارەکان، چونکە ئێمە دەمانەوێ کوردستان بڕوێنین و بەدار تەشجیری بکەین، بەلأم ئەگەر هیچ سزایەك نەبێ لەکاتی بڕینەوەی دارەکە، ئیتر هەر کەسێك دار لە ڕاستی خۆی دەبڕێتەوە، بەڕاستی ئیلتیزامی پێ ناکەن، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

خۆی ڕاستە پێویستە سزا هەبێ، بەلأم دیارە لە ئەحکامی خیتامیە، بەڕێز شلێر خان، فەرموو.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ماددەی 13 لە بڕگەی یەکەم (یحق لمالك وحائز الاراضی الزراعیة) بۆ ئەوەی سبەی هەم دیسان کێشەی مولکیەت بۆ ئەو کەسانە دروست نەبێتەوە، چونکە ئەمە ماددەیەکی باشە ئەتوانرێ بەپێی یاسا جێبەجێ بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز جەنابی وەزیر تێبینیت هەیە لەسەر ئەوە؟، فەرموو.

**بەڕێزد. سیروان بابان/ وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، هەر بۆ ئەوە بڵێین کەوا شێوەی دروست کردنی خەڵوز لە ژێر ماددەی (18) دێت، لەوێ تەعامولی لەگەڵ کراوە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا بۆ ماددەیەکی تر، ماددەی 14.

**بەڕێز جلال علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة 14:

اولاً: لایجوز للمستثمر ان ینقل منتجات غابات الاقلیم المرخص له بأستثمارها من موقع الترکیز او مستودع الخزن الا باجازة نقل تصدر من مدیریة الغابات في المحافظة او المنطقة یحدد فیها کمیة المنتجات المنقولة و انواعهاو اوصافها و الطرق الواجب سلوکها عند النقل.

ثانياً: يمنع نقل منتجات الغابات مهما كان نوعها ومنشأها خارج حدود الغابات في الفترة بين غياب الشمس و شروقها.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بە کوردیەکەی بخوێننەوە.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی چواردە:

یەکەم: نابێ وەبەرهێن بەرهەمی دارستانەکانی هەرێم کە ڕێگەی پێدراوە بە وەبەرهێنان لە شوێنی خۆی یان لە کۆگاوە بگوازرێتەوە، تەنها بە مۆڵەت نەبێ کە لە بەڕێوەبەرایەتی دارستان و پاوانی پارێزگا یان ناوچەکە وەردەگیرێ، بڕی بەرهەمی گوازراوەو جۆر و چەشن و ڕێگاکانی گواستنەوەی تیادا دەست نیشان دەکرێ.

دووەم: ڕێگە نادرێ بە گواستنەوەی بەرهەمی دارستان، جۆرو سەرچاوەکەی هەرچیەك بێ بۆ دەرەوەی سنووری دارستان لە ماوەی نێوان خۆرئاوا بوو و تاوەکو خۆرهەلاَت.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی کشتوکاڵ ڕەئیتان.

**بەڕێز زکیە سید صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ماددەی چواردە، یەکەم هیچ تێبینیەکمان نیە، بەلاَم بەنیسبەتی دووەمەکەی پێمان باشە بەو شێوەیە دابڕێژرێ( بڕینەوەی دارو درەختی ناو باخچەی ماڵان هەروەها دارەکانی بەربەستی با ملکەچ ئەبێ بەمۆڵەتی یاسایی بێ بەرامبەر).

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەمە تێبینیتان بوو لەسەر ماددەی (14)، لیژنەی تەندروستی و ژینگە فەرموون.

**بەڕێز تارا عبدالرزاق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تێبینیمان نیە لەسەر ئەو ماددەیە.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی فەرموون.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە تەنها لە دەقە عەرەبیەکە دەستەواژەیەك بەکارهاتووە، (غیاب الشمس) بکرێتە (غروب الشمس) واتە دەقە عەرەبی و کوردیەکە وەکو یەکی لێبێت، لە کوردیەکە بەڕاستی هاتووە، بەلاّم لە عەرەبیەکە بە غیاب هاتووە.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو، بزانین کێ قسەی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟، بشیر خلیل، بێریڤان سەرهەنگ، عبدالسلام مصطفی، فاضل بەشارەتی، کەسی تر قسەی هەیە؟، بەڵێ کاك د.بشیر فەرموو.

**بەڕێز د.بشیر خلیل حداد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ماددەی (14) ئەمە شتێکی باشە کە هەموو ئەو چالاکیانەی کە لەناو مەزرەعەکەدا ئەنجام دەدرێت، لە نەقل کردنی بەرو بووم و ئەوانە بە ئیجازەی دائیرەی زراعەی مەنتیقەکە بێ، بەلاّم لە خالّی ئەوەلەن من تێناگەم کە دەڵێ( من موقع الترکیز) یان ( من موقع التخزین) یان (من موقع الاستثمار) یان ( من موقع الغابة) وشەی تەرکیزەکە ئەگەر بگۆڕێت بە شێوەیەکی مەفهوم تر باشترە، لە (ثانیا دەڵێ(یمنع نقل منتجات الغابات مهما كان نوعها ومنشأها خارج حدود الغابات في الفترة بين غياب الشمس يان غروب الشمس وشروقها) جوتیار بە دزی شتەکان نەقل نەکات، بەبێ ئیجازە، بەبێ ئیزن نەقل نەکات، پێویست ناکات (غیاب الشمس شروق) دابنێین، (یمنع نقل ای ثمرات) یان (منتجات الغابات بدون اذن) بەبێ ئیزن مەمنوعە جا ئەگەر بە ڕۆژ بێ یان بەشەو بێ، لەوانەیە ئەو ئیجازەکەی خۆی هەیە، ئیزنی هەیە کە ئەو مەوادە نەقل بکات، جا کەیفی خۆیەتی بەشەو نەقل دەکات مانع نیە، بۆیە من لێرە لەجیاتی (غیاب الشمس) یان (شروقها) بڵێین (بدون اذن)، سوپاس.

**بەڕێز حسین محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بێریڤان خان فەرموو.

**بەڕێز بێریڤان سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەماددەی 14 بەشی یەکەم، کە دەڵێ نابێ وەبەرهێن بەرهەمی دارستانەکەی کە ڕێگەی پێ دراوە، وەبەرهێن یان لە شوێنی خۆی لە کۆگا بگوازێتەوە، من لەگەڵ ئەوەنیم ئەوە زیادە، چونکە وەبەرهێن پێشتر مۆڵەتی وەرگرتووە، بۆ دیسان مۆڵەت وەربگرێتەوە، یەعنی بۆ وەبەرهێن ناخۆشە هەرجارەی جولاّنەوەیەك بکات دیسان مۆڵەت وەربگرێتەوە، کە ئەو هەست بە بەرپرسیارێتی خۆی دەکات، مۆڵەتی وەرگرتووە جارێك، ئێمە نابێ سنووری ئازادیەکەی تەسك بکەینەوە، هەر داوای مۆڵەتی لێ بکەین چەندین جار، کە جارەك وبەرهێن مۆڵەتی وەرگرت ئەو بەسە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرکی پەرلەمان:**

کاك عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من داوا دەکەم یەکێك بۆ من ئەو ماددەیە شەرح بکات، مانای چیە؟، موبەریری چیە؟، یەك، ئەگەر ئەو ئیجازە ڕوخسەتی پێ درابێ ئیستیسماری ئەو غابە بکات، ڕوخسەتەکە لەهەر جێگایەك پیشان ئەدات و تەواو، دوو، چۆنە ئەو مونتەجاتی غابات؟، پێم نالێن؟، ڕاستە مەنتیقەی ئێمە بەڕووی هەیە، مازی هەیە، باسی ئەوانەیە، من چۆن بزانم کەمیە چەندە؟، نەوعی چەندە؟، ئەوسافی چەندە؟، لە چ ڕێگایەك ئەیبەم؟، ئەم بیروقراتیە ڕێگا گرتنە چیە؟، مونتەجاتی غابەی تۆ ڕێگات پێی داوە ئیستیسماری بکات، واتە لە وەرگرتنی ئیجازە بەتۆی گوتووە، ئەم غابەیە ئەمەی تێدایە من ئەمەی لێ ئەچێنم، بەرهەمی ئەمە ئەبێ، تەعلیماتت هەیە بە چۆنیەتی مەعامەلە کردن، تێناگەم غەرەزەکە چیە؟، تێم بگەیەنن، دووەمیان، خێرە شەو و ڕۆژ؟، یەعنی بۆ ئیلا (بین غیاب الشمس وشروقها) بۆیە دەڵێم ڕەجاتان لێ دەکەم تێم بگەیەنن، ئەگینا من ئەڵێم ماددەکە زیادە، هیچ موبەرر نیە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك فاضل فەرموو.

**بەڕێز فاضل محمد قادر((بەشارەتی)):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشەکی پێشنیار دەکەم ئەو دووبڕگەیە لەهەردوو ماددەکە بکرێت بە یەك، چونکە یەك مەفهوم ئەدات، دووەم، باسی ئەوەی کە کەس گوایە مافی ئەوەی نیە بەروبووم لە دارستان بباتە دەرەوە بەبێ مۆڵەت، دیارە هەموومان دەزانین بەروبوومی دارستانە کێویەکان زۆر زۆرن، سامانێکی یەکجار زۆرە لە هەرێمی کوردستان، بەلاَم من پێشنیار دەکەم چونکە ئەمە بەڕاستی ئەگەر ئەمە بچێتە بواری عەمەلەوە، دڵنیا بوون و تەئمیناتێکی باش بە جوتیار و بە خەڵکی کاسب کار ئەدات لە کوردستان، کە تاوەکو ئێستا نیە، لەوێ کە نووسراوە بەشێوەیەکی عەمەلی ئەم دڵنیابوونە بۆ جوتیار نییە، کە جوتیار دڵنیابێ لەسەر دارستانەکەی، لەناو باخەکەی بەروبوومەکەی لێ وەردەگیرێ، بۆیە هیوادارم ئەم بڕیارە بچێتە بواری عەمەلەوە، جوتیار لە کوردستان دڵنیا بکرێ کە بەروبوومەکەی بەخەسار ناچێ و بە قیمەتێك کە جوتیاری تێدا مەغدور نەبێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

پەیمان خان فەرموو.

**بەڕێز پەیمان عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری تەواوی قسەکانی کاك عبدالسلام دەکەم، بەڕاستی ئەو ماددەیە زیادە، بەڕاستی سنووردار کردنی هەموو ئازادیەکانە، وێڕای ئەوەی کە تەرجەمەکەشی لە عەرەبی (غیاب الشمس) (غیاب الشمس) چیە؟، علی اقل (غروب الشمس)، بەلاّم ئەمە هیچ مانای نیە، یەعنی زۆرجار هەیە ئەوانی بەروبوومی دارستان کۆ دەکەنەوە، کاتەکەی فێنکە ئەوکاتە دەچن بەروبوومەکە کۆ دەکەنەوە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕاستی ئەو ماددەیە ڕوونکردنەوەی دەوێ، ئەگەر مەبەست ئیجرائەکە بێ، کەس نیە لەو فەترەیە بۆ مەوزوعی ئیجازات و تەدقیق، ئەوە شتێکی ترە.

**بەڕێزد. سیروان بابان/ وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێگەیشتنەکەی من ئەوەیە زۆربەی زۆری موخالەفات بە شەو ئەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ کاك جلال فەرموو.

**بەڕێز جلال علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەگەڵ ڕێزم، خۆی ماددەکە ئەگەر لەگەڵ کۆن لێکی بدەیتەوە، لەگەڵ یاسای ژمارە (7)ی ساڵی 1955 کە ئێستا قرنی 21ـە، بەلاّم لەکاتی خۆی و ئێستاش کۆمەڵێك مونتەجات هەیە، کە لە غابات براوە و ئیستیفادەی لێ کراوە، ئەوانە بەڕوو و مازی و جەوت و کەتیرە و سرێش، بنێشت، قەزوان، هەندێ شتی تریش کە لێرە ناوی نابرێ، کاتی خۆی کە براوە تیجارەتیان پێ کردووە، خەڵکی خوارووی عیراق هاتوون بۆ ئێرە، بە پارەیەکی هەرزان کڕیویانە، بەلاّم کاتێ کە خاوەن قایاغەکانی ئێمە، کە ئەڵێین قەیاغە، خاوەن قایاغەکانی ئێمە پێیان زانیوە لێرەوە خۆیان بردوویانە، مەسەلەن جەوت براوە بۆ خۆش کردنی پێستە لە موسل، مازو براوە بۆ مەسەلەی فلاّن، مەلحەم براوە، ئەمە تەنزیم کراوە بۆ ئەوەی خاوەن قایاغەکان بتوانن خۆیان بیبەن، ئەگەر خۆمان پێویستیمان پێی بوو، نەبرێت بەرەو خوار، تەنزیم بکرێ، بۆ تەنزیمی ئەو مونتەجاتەیە کە لە غاباتەکانی ئێمە بە تەبیعی هەیە، من لەگەڵ ئەو ڕەئەشام خۆم شەخسی، ئەگەر نەشبێ موهیم نیە، بەلاّم بوونی خراپ نیە، ئەتوانی هەندێ شتی پێ تەنزیم بکەی، کاتی خۆی ئێمە پێویستیمان بە سپی دار بووە، بۆ خانوو دروست کردن، لەبەر ئەوەی لە موسل و لە تکریت و لە فلاّن سپی دار کەم بووە، خەڵك بە قاچاغ بردوویەتی، لەبەر ئەوە کاتی خۆی ئەبوایە بە وەرەقە تاوەکو خۆمان پێویستیمان بوایە بەوانمان نەدابایە، ئێستا زروفەکە گۆڕاوە، بەلاّم ئەو مونتەجاتە عەینەن مونتەجاتە، لە سناعە بەکاردێت، لەوانەیە ڕۆژێك لە ڕۆژان خۆمان پێویستیمان پێی بێ، پێویستیمان بە تەنزیم کردن بێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز كاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەم ماددەیە كە لەدوو بڕگە پێكهاتووە، بڕگەی یەكەمیان وەكو بەڕێز كاك عبدالسلام باسی لەسەر كرد، ئەگەر موستەسمیر هەقی دراوەتێ بە ئیجازەو بە روخسەت بتوانێ ئیستیسمار بكات، ناكرێ لە لایەكی ترەوە مەنعی مونتەجاتەكەی لێ بكەی، كە ئینتاجی لەوێ ئەكات، ئیشی لەسەر ئەكات، ئیستیسماری كردووە و پارەی تیا سەرف كردووە، ئەكرێ ئەو تەحدیدی كەمیەی نەقل، تەحدیدی كەمیەی كۆ كردنەوە، تەحدیدی كەمیەی تەسەروف كردن، ئەوە لە تەعلیماتێك لە وەزارەت یاخود بە ئەنزیمەی، كە لە مەجلسی وزەرا دەرئەكرێت باسی لەسەر بكرێت، بەنیسبەتی فەقەرەی دووەوە، كە باس لەمەنعی نەقلی مونتەجات ئەكات، لە سەریشەوە هەر باسی ئەوەی كردۆتەوە، هەر بەكەلیمەی مەنع هاتووە، بەلاٌم لێرە كە باس لە غروبی شەمس و شروقی شەمس دەكات، مەسەلەی غروبی شەمس و شروقی شەمس بۆ زەرفێكی موشەدەدە، بۆ ئەو تاوانانەی كە لە ژێر سایەی تاریكایی و هەڵهاتنی ڕووناكی بەدزیەوە ئەكرێت، بۆیە زەرفێكی موشەدەد لە قانونی عقوبات بۆ ئەمە دانراوە، بەڕەئی من ئەم ماددەیە ئیلغا بكرێت، باقی بە تەعلیمات ئەكرێت باس لەوە بكرێت كە موستەسمیر چۆن ئیستیسمار ئەكات، چ كەمیەتێك، چ مەوزوعێك، چۆن خەزن كردن ئەكات، چۆن تەجمیع كردنی بۆ ئەكرێت؟، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا پێشنیاری ئیلغا كردنەكە بۆ كۆبوونەوەی ئاینده، بۆ كاتی دەنگدان، كاك جلال فەرموو.

**بەڕێز جلال علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو تێبینیانەی بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ئێمە هەمووی ئەنووسین و كە لیژنەكە كۆ ئەبینەوە، سێ لیژنەكە، هەمووی باس ئەكرێت و ئەكرێتە ڕەئی، ئەگەر ڕەئی جیاوازیش هەبوو.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ ئێمەش هەر مەبەستی ئەوەمانە، ئێستا بۆ ماددەیەكی تر ماددەی 15.

**بەڕێز جلال علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

المادة (15):

اولاً: للمدير العام او من يخوله حجز منتجات الغابة والادوات و وسائط النقل والاحتفاظ بها لحين صدور حكم المحكمة بشأن التصرف بها اذا كان لديه ما يحمله على الاعتقاد بأنها تستعمل في احداث الاضرار بالغابة أو استغلالها او الانتفاع بها خلافاً لاحكام هذا القانون.

ثانياً: لموظفى الغابات المخولين و شرطة الغابات ان يدخلوا أي مكان يكون عدا دور السكن في الوحدات الادارية التى لايوجد فيها قاض للبحث عن منتوجات الغابة يشتبه بوجودها على ان يصطحبوا معهم احد اعضاء الضبط القضائى.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لە کوردیەکەش فەرموون.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (15):

یەکەم: بۆ بەڕێوەبەری گشتی یا ئەوەی ڕێگەی پێ دەدات بۆی هەیە دەست بگرێ بەسەر بەرهەمەکانی دارستان و ئامێری هۆیەکانی گواستنەوە و پارێزگاری کردنیان تاوەکو ئەو کاتەی حوکمی دادگا دەردەچێ سەبارەت بە هەڵسوکەوت پێ کردنیان، ئەگەر بڕوایەکی وای بۆ دروست بوو کە بۆ زیان گەیاندن بەدارستان و سوود لێ وەرگرتن بەکاردێن، بە پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

دووەم: فەرمانبەرانی دارستانی ڕێگە پێدراو و پۆلیسی دارستان دەتوانن بچنە هەر شوێنێك بێجگە لەخانووی نیشتەجێ لەو یەکە کارگێڕیانەی کە دادوەری تیادا نیە، بەمەبەستی گەڕان بەدوای بەرهەمەکانی دارستان، کە گومان لە بوونی دەکرێ، بە مەرجێ ئەندامێکی بەرزەفت کردنی دادوەری لەگەڵ خۆیان بەرن.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی کشتوکاڵی ڕەئیتان لەسەر ئەو ماددەیە.

**بەڕێز زکیە سید صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیمان نیە.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی تەندروستی و ژینگە فەرموون.

**بەڕێز تارا عبدالرزاق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیمان نیە لەسەر ئەو ماددەیە.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی فەرموون.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری ماددەکە دەکەین و تێبینیمان نیە.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر هیچ ڕوونکردنەوەیەکت هەیە؟.

**بەڕێزد. سیروان بابان/ وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو:**

لەژێر ثانياً، پێشنیار دەکەین کە پاش ئەوەی کە ئەڵێت (ای مکان) ئەمە لابرێت، (عدا دور السكن في الوحدات الادارية التى لايوجد فيها قاض) جوملەکەش تەواو بێ (يشتبه بوجودها) کەواتە بەم شێوەیە ئەخوێندرێتەوە، (لموظفى الغابات المخولين و شرطة الغابات ان يدخلوا أي مكان للبحث عن منتوجات الغابة يشتبه بوجودها) زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگی سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا ئەندامانی پەرلەمان چ بەڕێزێك قسەی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە؟، پێش ئەوەی ناوەکان بنووسم کاك سەرهەنگ فەرموو.

**بەڕێز سەرهەنگ فرج:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ ئەوەی موناقەشەکان یەعنی ڕێڕەوێکی تەواو وەربگرێت یەعنی، هەندێك ماددە هەیە ئیختیساسیە، ئەم پرۆژەیەش حکومەت ناردوویەتی، وەزارەتیش لێرەیە، بۆیە هەندێ ماددە هەیە پێویستی بەوەیە کە زۆر بە تەواوی ڕوون بکرێتەوە لە لایەن حکومەتەوە، بۆ ئەوەی ئەندامانی بەڕێز بزانن لەسەر چی دەنگ ئەدرێت؟، لەسەر چی موناقەشە ئەکرێت یان ناکرێت؟، هەندێك ماددە هەیە پێویستی بە تەوزیح هەیە، ئەم ماددەیەو ئەو دوانەی پێشوو تر پێویستی بە تەوزیحی تەواو هەیە لەناو وەزارەتەوە، ئەم یاسایە حکومەت ناردوویەتی ئەبێ ئێمە بزانین موناقەشەی چی ئەکەین؟، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمەش هەر لەسەرەتا داوامان لە وەزیر کرد ڕوون کردنەوە لەسەر ماددەکە بدات، ئەگەر لەکاتی موناقەشەش کەسێك زیاتر ڕوونکردنەوەی دەوێت هەر دەتوانێت، لەڕێگەی نووسراوێك بۆمان رەوانە بکات، ئەم بەڕێزانە دەیانەوێ قسە بکەن، د.عمر، هاژە خان، گوڵێزار خان، کاك عبدالسلام، کاك فاضل، کاك نەژاد، کەسی تر قسەی هەیە؟ بەڵێ کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز د.عمر نورەدینی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە بڕگەی 1 ئاماژە بەوە کراوە کە بەڕێوبەری گشتی ئەگەر لەو بڕوایە دابوو هەندێك ئامێر و ئەوانە بەکاردەهێندرێن کە زیانی هەیە، دەڵێ ئەگەر لەو بڕوایە دابوو، بۆیە بەڕەئی من ئەوەی کە دەڵێ ئەگەر لەو بڕوایە دابوو دەربڕینێکی ورد و ئامانج پێکی یاساییانە نیە، هەوڵ بدەین بیگۆڕین بەوەی کە دڵنیا بوو لەوەی کە زیانی هەیە، دڵنیا بوو لەوەی کە زیان بەخشە ئەوجا ئەو ئامرازانە دەستی بەسەر دادەگیرێ تا حوکمی مەحکەمەی بۆ دەردەچێت، بەڵام بڵێی لەو بڕوایە دابوو لە ڕاستی دا دەربڕینێکی پلاستیکی و مەتاتی ئەوتۆیە کە ڕەنگە بەشێوازی تر بەکاربهێندرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە (جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

هاژە خان فەرموو.

**بەڕێز هاژە سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی (اولا/ للمدیر العام أو من یخولە) بەڕاستی من پێموایە یەعنی ئەو دەسەڵاتە نەدرێت بە شەخسی مدیری عام یان ئەوەی کە تەخویلی دەکات، هەر بنووسرێ (للجهات المعنیە) یەعنی ئەوان ئەو دەسەڵاتەیان هەبێ کە ئەو حجزە بکەن لەسەر مونتەجاتی غابە، دەربارەی دووەم کە دەڵێ (لموظفی الغابات المخولین وشرطة الغابات ان یدخل أی مکان) یەعنی بەڕاستی ئەوە لێرە زۆر بە موتڵەقی هاتووە، من پێموایە ئەوە ئیلغا بکرێ، چونکە ئەوە دەست درێژی کردنە، ئێمە دەتوانین لەو ئەحکامانەی کۆتایی، یاخود ئەحکامە سزاییەکان بتوانین لەوێ ئەو شتانە هەمووی تەحدید بکەین کاتێ کەسێك سەرپێچی دەکات، ئەو شتانە تەحدید بکرێ، بەڵام من پێموایە ئەو بڕگەیە لێرە زیادە، دەبێ ئیلغا بکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە (جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

گوڵێزار خان فەرموو.

**بەڕێز گولیزار قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەبارەی بڕگەی 2 لە ماددەی 15 کە دەڵێ فەرمانبەرانی دارستانی ڕێگەپێدراو و پۆلیسی دارستان دەتوانن بچنە هەر شوێنێك بێجگە لە خانووی نیشتەجێ و لەو یەکە کارگێڕیانەی دادوەری تێدایە، ئەی ئەگەر دادوەری تێدا بوو چۆن دەتوانین بچینە ئەو دارستانانە و تیایدا بگەڕێین؟ سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە (جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام بەرواری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هیوادارم لیژنەی یاسایی و یاسازانان ئەو شکەی لای من دروست بووە دروستی بکەن، تێبینیەکەم بزانن ڕاستە یان نا؟، مدیر عام وەکوکاك عمر باسی کرد، مدیر عام موەزەفێکی مەدەنیە، ئەگەر شکی کرد، ئەگەر شتێك بە چ حەقێك بە پێی قانونی مەدەنی و دەستوور و مافی مرۆڤ دەتوانێ حجز لەسەر شتەکان بکات؟، من نازانم لەناو دائیرەکەی خۆی ئەگەر ئەو حەقەی هەبێ، بەڵام لە دەرەوە غابات و شت من بڕوا ناکەم لە وجودی شورتەی غابات باش بیت ئێمە سەڵاحیەت بدەینە مدیریش ئەوەڵەن و بدەینە موەزەفینی غابات لە دووەم، بچینە سەر داخلی ئەو ببین، یەعنی مەخزەنە یان چیە؟، تەسەور دەکەم ئەم دەسەڵاتانە تێکەڵ کردنێکی ئەوە لە بەینی موهیمەی ئیداری ئەمانەی لە دائیرەی غابات ئیش دەکەن و ئەوانەی لە بەینی موهیمە سەرفەکەی شورتە یان مەحاکم و ئەوانەی تەنفیزی قانون دەکەن، بۆیە تەسەور دەکەم ئەگەر ئیعادەی سیاغە بکەن و وردتر بن، چونکە مدیر عامم نەدیوە بتوانێ بچێ حجز بکات و موەزەفی غابە بێ و موزەفی تەربیە بێت بچێت مەخزەن و ئەو بکات و من تەسەور دەکەم وردەکاری پێ دەوێ، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە (جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك فاضل فەرموو.

**بەڕێز فاضل بەشارەتی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس من قسەکانم کرا لەلایەن ئەو بەڕێزانەوە.

**بەڕێز حسن محمد سورە (جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك نەژاد فەرموو.

**بەڕێز نەژاد عزیز سورمێ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت ماددەکە دووەم لەگەڵ ماددەی 16 نەفسی شتە تەقریبەن، لەبەرئەوە من پێشنیار دەکەم یان ئەو ماددەی 16یە هەڵبگیردرێ یان ئەوەتا ئەوەی تر دەستکاری بکرێت، بە نیسبەتی قسەکەی کاك عبدالسلام من تەئیدی دەکەم بە حەقیقەت، دەبێ بڵێ (ئیشعاری جیهاتی مەعنی بکرێت)، کە شورتەی غاباتن زیاتر بۆ ئەوەی ئیجرائاتی زیاتر لازمە وەربگیردرێ لە حاڵەتی سەرپێچی، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە (جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

بەڕێز جەنابی وەزیر؟ فەرموو.

**بەڕێز د.سیروان بابان (وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قانونی 75ی ساڵی 1955 دوو بەشەو لە دوو بڕگەیە، کە چۆن تەنفیز دەکرێ، دەڵێ (للمدیر العام أو من یخوله حجز) کەواتە مدیر عامەکە حجزی دەکات، بڕگەی 2 دەڵێ (لموظفی الغابات أن یدخل ای مکان فی المحلات التی لا یکون فیها حاکم عدا دور السکن لبحث المنتوجات الغابیة یجتب بوجودها علی ان یصطحبوا

معهم رئيس المخفر أو مفوض أو ضابط الشرطة والمختار وشخصين من سكان المحلة التى يرى تفتشها ويضبط الناتج)، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە (جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

دەربارەی ئەوەی کەوا لێرە دروستی دەکەن، تەبعەن ڕێگای پێ نەدراوە، جەنابت وتت لاببرێ، ئەمان حەسانەیان هەیە چۆن و لەسەر چ ئەساسێ، جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز د.سیروان بابان (وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەکو من تێی دەگەم ئەوە لێرە پێشنیار دەکەین و دوایی دەچێتەوە بۆ لای لیژنەکان ئەوان سیاغەی دەکەن، نازانم چی لاببرێ تێ نەگەیشتم؟.

**بەڕێز حسن محمد سورە (جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

کاک عبدالسلام نوقتەی نیزامی هەیە فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام بەرواری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نوقتە نیزامیەکەم لەسەر ئەوەیە بۆ تەبریر کردنی بوونی ماددەیەك من بەڕەوای نازانم دەلیلەکەمان ماددەیەك بێ لە یاسایەك کە ئێمە بەدڵمان نەبووە و دەمانەوێ یاسایەکی تر لە باتی بێنین، یەعنی ببورە ڕێزم هەیە بۆ جەنابی وەزیر، بەڵام تەنها سەبەب بۆ بوونی ئەم ماددەیە ئەوە بێت، چونکە لە یاسایە کۆنەکە هەبوو، بە حەقیقەت ئەوە موبەرر نیە، چونکە ئەسڵەن بۆ یاسای تازە دەردەکەین؟، چونکە یاسای ترمان ناوێ، ئەمانەوێ تەفسیری بزانم نە لە قانونی کۆن هەبوو، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە (جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

تەسەور دەکەم قسەی وەزیر تەنها بۆ تەوزیح بوو، ئەگەر جەنابیشت قسەیەکی ترت هەیە جەنابی وەزیر؟ فەرموو.

**بەڕێز د.سیروان بابان (وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، من قانونی نیم، بەس من لەو باوەڕەم ئەوانەی ئەمەیان نووسی بوو، قانونی بوون، هەر مەبەستەکە ئەوە بوو بۆ ئەوەی بڵێین کە قانونە و بەو شێوەیە کراوە، ڕاستە بە دڵمان نیە و دەمانەوێ بیگۆڕین، بەڵام قانونیە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە (جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

کاک جلال قسەت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز جلال علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خۆ ئەو تەخویلە کە دراوە تەنها بۆ ڕاگرتنیەتی تا حوکمی مەحکەمە دەردەچێ، یەعنی هیچ سەلاحیەتێکی قەزائی و سەلاحیەتێکی ئەوەی نیە، (للمدیر العام أو من یخوله حجز منتجات الغابة والادوات و وسائط النقل والاحتفاظ بها لحین صدور حکم المحکمة) یەعنی لە دائیرەکەی خۆی مەسەلەن بۆ میسال لۆریەك خەلوز لە پۆلیسی غابات و یان موەزەفێکی غابات دەیگرێ کە بە موخالفی کراوە، دەیهێنێتە دائیرە دای دەنێ تا حوکمی مەحکەمە دەردەچێ، تەنها ئەوەیە، هیچی دیکە نیە.

**بەڕێز حسن محمد سورە (جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك عبدالسلام دیارە جەنابت داوای تەوزیحت کرد، ئەمانە هەمووی تەوزیحە، د.ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە 2 تەفریبەن پێویستی بە ڕوونکردنەوە هەیە، یەکیان ئەوەیە عادەتەن، (عدا دور السکن) پێویستە لابرێ، ئێمە لە لیژنەی یاسایی بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ ئەوە نینە حورمەی مەساکن هەیە بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ ئەوەی نینە کە ئەو ئیستسنایە لابرێ بە قەراری، ئەگەر لەکاتی نەبوونی دادوەر بە بێ قەراری قازی ناکرێ تەفتیشی ئەو شوێنە بکرێ، سەبارەت بە بەڕێوەبەری گشتی، ڕاستە بەڕێوەبەری گشتی ئەو دەسەلاتەی نیە، بەلام کە ئەو دەقە ئەگەر دەنگی هێنا، ئەو دەقە دەبێتە ئەساسێك بۆ ئەوەی کە ئەتو بە دەقێکی یاسا ئەو دەسەلاتەت دا بە بەڕێوەبەری گشتی کە ئەو کارە ئەنجام بدات، بێ بوونی ئەو دەقە ئەو دەسەلاتەی نیە، بەلام بە دەقێکی یاسا ئەگەر دەنگی هێنا و دەسەلاتت دا بە بەڕێوەبەری گشتی بۆ ئەوەی ئەو ئەرکەی پێ ڕابسپێردرایە جێ بەجێ ی بکات، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە (جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك عمر دەستت بەرز کردبووەوە، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەوزیحەکە نیوەی د.ڕۆژان باسی لەسەر کرد، منیش باس لە کێشەکە لەسەر بەڕێوەبەری گشتی بوو بۆ شەرعیەت پێدانی ئەو سەلاحیەتە، ئەو سەلاحیەتەش موئەقەتە، هەتاوەکو قەراری دادگای تیا دەردەچێ، قەراری دادگا دەرچوو، ئەوە موخالفی یاسایە و ئەوە بە گوێرەی یاسا ئیجرائاتی لەگەڵ دەکرێت، ئەگەر نا دەدرێتە دەست ساحێبەکەی، فەرزیش کراوە کە بەڕێوەبەری گشتی دەبێ پارێزگاری لەو ماددانە بکات کە دەستی بەسەردا دەگیرێ، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە (جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

بۆ ماددەیەکی تر، فەرموو.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة 16:

لموظفي الغابات المخولين وشرطة الغابات صلاحية التحفظ، دون أمر تحريري على اى شخص يشتبه بانه ارتكب مخالفة منصوص عليها فى هذا القانون.

**بەڕێز حسن محمد سوره (جێگری سەرۆكی پەرلەمان):**

كاك عمر بە كوردیەكەی فەرمووو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی 16: فەرمانبەرانی دارستانی ڕێگەپێدراو و پۆلیسی دارستان دەسەڵاتی دەستگیركردنیان هەیە بە بێ فەرمانی نووسراو بەرامبەر هەر كەسێك كە گومانی لێ دەكرێ سەرپێچیەكی كردبێ بەرامبەر بە دەقەكانی هاتوو لەم یاسایەدا.

**بەڕێز حسن محمد سوره (جێگری سەرۆكی پەرلەمان):**

لیژنەی كشتوكاڵ ڕەئیتان؟ فەرمووو.

**بەڕێز زكیە سید صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هیچ تێبینیەكمان نیە.

**بەڕێز حسن محمد سوره (جێگری سەرۆكی پەرلەمان):**

لیژنەی تەندروستی و ژینگە ڕەئیتان؟ فەرمووو.

**بەڕێز تارا عبدالرزاق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تێبینیمان نیە لەسەر ئەو ماددەیە.

**بەڕێز حسن محمد سوره (جێگری سەرۆكی پەرلەمان):**

د.ڕۆژان فەرمووو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لە لیژنەی یاسایی پێشنیاری هەڵوەشاندنەوە و ئیلغای ئەو ماددەیە دەكەین، لەبەرئەوەی پێچەوانەی دەستوور و یاسا كارپێكراوەكانە لە هەرێمی كوردستان.

**بەڕێز حسن محمد سوره (جێگری سەرۆكی پەرلەمان):**

جەنابی وەزیر؟ فەرمووو.

**بەڕێز د.سیروان بابان (وەزیری كشتوكاڵ و سەرچاوەكانی ئاو):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش پشتگیری لە پێشنیارەکەی لیژنەی قانونی دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە (جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

ئەندامانی بەڕێز کێ قسەی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە؟ ئەو بەڕێزانە قسەیان هەیە، د.احمد وەرتی، کاك حمە سعید، بەفرین خان، کاك د.بشیر، بێریڤان خان، پەیمان خان، کاك سەرهەنگ، سیوەیل خان، کاك عبدالرحمن، کاك فاضل، هاژە خان، بەڵێ د.احمد فەرموو.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم وەرتی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لێرە دووپاتی پشتگیری لە ڕەئی لیژنەکەمان لیژنەی یاسایی دەکەمەوە بۆ لابردنی ئەو ماددەیە، ئێمە لە ماددەی 5 ڕەخنەمان لەسەر ئەوە هەبوو کەوا حجز کردنی بەرهەمەکان و دەست بەسەراگرتنی بەرهەمی دارستان و ئامێر و هۆیەکانی گواستنەوە ڕەخنەی لەسەر هەبوو، لێرە هاتووە دەسەڵاتی دەستگیر کردنی داوا نەك تەنها بە پۆلیسی دارستان، دەسەڵاتی داوە بە فەرمانبەرانی دارستانیش، ئەوە بەڕاستی دەکرێ فەرمانبەری دارستان خەڵك دەستگیر بکات؟ ئەمە لەلایەك، لەلایەکی ترەوە، لە عەرەبیەکە لە (لموظفی الغابات المخولین وشرطة الغابات صلاحیة التحفظ) ئایا تەحەفوز بە مەعنای دەستگیرکردن دێت، من پێم وانیە مانای دەستگیر کردن بێ، مانای سەرنج دانە لەو کەسانە یان ڕاپۆرت نووسین کە ئەو کەسە موخالەفەی کردووە، لە حاڵەتی تاوان کردنیش دا کەسێك دەستگیر ناکرێ بە بێ ئەمری دادوەر، چۆن کەسێك لە موخالەفەی دارستان دا ئیللا لە حاڵەتی ئەنجامدانی تاوانی مەشهودە دا نەبێ، کەس دەستگیر ناکرێ، بۆیە لەڕاستی دا ئەم ماددەیە ئیلغا بکرێتەوە، پێچەوانەی یاسا و دەستوورە و زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە (جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك حەمە سعید فەرموو.

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەم ماددەیە دەکەوینە نێوان دوو بابەتی دژ بە یەکەوە، بابەتێکیان پێچەوانەی دەستوور و یاسا و مافی مرۆڤە کە ئەگەر خەڵك بگرین، بابەتێکی دیکەیان ئێمە دەمانەوێ دارستان بپارێزین و دەمانەوێ کە ئەمە یاسایە و یاساش جێ بەجێ بکرێ، چۆن پارێزگاری لە دارستان دەکەین و چۆن ئەم یاسایە جێ بەجێ دەکەین؟، بۆیە من پێموایە ئەگەر هەندێ گۆڕانکاری لە ماددەکە بکرێ، ئیحتماله تەوازونێك لە بەینی ئەو دوو بابەتە دژ بە یەکە دروست ببێ، یەکەمیان فەرمانبەری دارستانی ڕێگە پێدراو نەهێڵدرێ هەر پۆلیس بێت، دوایی ماوەی ڕاگرتنەکە بۆ ماوەیەك بێ لە هەفتەیەك زیاتر نەبێ، یەعنی تەوقیف بێ، دواتر بڵێین لە زووترین کاتدا کە لە ماوەی هەفتەیەك دۆسیەکە بنێردرێ بۆ نزیکترین دادگا بۆ ئەوەی دادگا بڕیاری یەکلاکەرەوە بدات لە مەسەلەکە، ئەمە وامان لێ دەکات تەوقیفەکە ببێ و پارێزگاری لە دارستان و

پارێزگاری لەم یاسایە بکەین، چونکە خەڵکانێك هەن سەرپێچی ئەمە یاسایە دەکەن و زیان دەگەیەنن بە دارستانەکان، ئینجا هیچ ئیجرائاتێ نەکرێ بەرامبەریان ئەی چی و چۆن یاسایەکە بچەسپێنین و چۆن پارێزگاری لە دارستان بکەین؟، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە (جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

بەفرین خان فەرموو.

**بەڕێز بەفرین حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵا من نازانم بە چ حەقێك بە بێ فەرمانی نووسراو، بە بێ فەرمانی دادوەر، یەعنی پۆلیسی دارستان تا ڕادەیەك بەڵام فەرمانبەری ڕێگەپێدراوی دارستان چ مافێکی هەیە کە خەڵکی دەستگیر بکات و ئەویش بە گومان، کە ئەگەر گومان لەو شتە کرا، یەعنی تۆ دەتوانی سوپایەك لە خەڵکی دەسگیر بکەی لەبەرئەوەی گومانت لێی هەیە و دواتر ئەزیەت و ئازاریان دەدەیت و هیچ شتێکیان لەسەر نیە، مادام بابەتەکە لەسەر بەرووبوومی دارستانە لە ماددەی 15 ئەو کێشەیە چارەسەر کراوە، یەعنی تۆ دەتوانی ئەو شوێنانە بپشکنی کە گومانی بوونی بەرهەمی لێ دەکرێ، بۆیە ئەم ماددەیە زیادەیە و پێچەوانەی یاساشە و پێویستە ئیلغا بکرێتەوە، پشتگیری لە رای لیژنەکان دەکەم زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە (جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

د.بشیر فەرموو.

**بەڕێز د.بشیر خلیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەرئەوەی لەو ماددەیەدا پێدانی دەسەڵاتێکی دادوەری هەیە بە فەرمانبەرێکی مەدەنی ئەمە وەکو لیژنەی یاسایش ئاماژەیان پێیدا بە پێچەوانەی دەستوور و یاساکانە، بۆیە من پشتگیری لە ڕای لیژنەی یاسایی دەکەم بە نەهێشتنی ئەو ماددەیە، بەڵام ئەگەر ماددەکە هەر ماوە، لە فەرەزەن دەنگی بۆ نەدرا، ئەوا من پێشنیاری ئەوە دەکەم کە ئەم فەرمانی دەستگیر کردنە بە فەرمانبەری بەڕێوەبەری ناحیە بێ، لەبەرئەوەی هەتا ئێستا قائیمقامەکانیش ئەو دەسەڵاتەیان نەماوە لەبەر بوونی دادگا، تەنها بەڕێوەبەری ناحیەکان هەیە، دەکرێ بە دەسەڵاتی ئەو بێ و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە (جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

بێریڤان خان فەرموو.

**بەڕێز بێریڤان سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی 16 کە دەڵێ فەرمانبەرانی دارستان ڕێگەپێدراو و پۆلیسی دارستان دەسەڵاتی دەستگیر کردنی ئەو کەسە هەیە کە گومانی لەسەرە و سەرپێچی کردووە، من بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ ئەوە نیمە دەستگیر کردنی خەڵك کە گومانی لەسەر بێ، دەتوانین بڵێین لێکۆڵینەوەی لەگەڵ بکرێ، ناڵێین ئەوەی سەرپێچی کردووە و ئازاد بێ، بەڵام دەبێ بانگ بکرێ و لێکۆڵینەوەی لەگەڵ بکرێت، بە هیچ شێوەیەك نابێ دەستگیر بکرێ کە گومانی لەسەر بێ، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە (جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

پەیمان خان فەرموو.

**بەڕێز پەیمان عزالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم ماددەیە لەڕاستی دا دوو لایەنی هەیە، یەعنی ئەگەر ئاواهی بە تەنها کە ئیشیباە بکرێ لەوەی کە موخالەفەیەکی ئەنجام داوە و حەق بدرێت چ بە پۆلیس و چ بە مووەزەفی غاباتیش، لەهەردوو حاڵەتەکە ئەمە پیچەوانەی هەم وەکو د.ڕۆژان وتی دەستوور و یاسا کارپێکراوەکانە، هەم دژی بنەماکانی مافی مرۆڤیشە، بەڵام ئەگەر لە دیوێکی دیکەوە بۆ ئەوەی زەمانەتی ئەوە بکەین بە نموونە کەسێك لە کاتی قەدەغەکردنی ڕاودا و خەریکی ڕاوکردنەو یاخود خەریکی بڕینەوەی دارێکە، ڕەنگە ئەو پۆلیسی غاباتە دوایی قسەکەی وەرنەگیرێ، ئەمە بۆ ئەوەی زەمانەتی تاوانی بینراو بکەین کە جەرائیمی مەشهودەیە و وەلەو خۆی لە قانون دا هەیە، بەڵام بۆ زەمانەتی زیاتری ئەو سەڵاحیەتە تەحدید بکرێ جارێکی تر بۆ پۆلیسی غابات کە لە کاتی بینینی تاوانی بینراو دا نە کە ئەوەی کە ئیشتیباە بکرێ لەوەی کە موخالەفەیەکی ئەنجام داوە، بەڵام کە بە موتەلەبەسی دەیگرێ، ئەو کاتە حەقی ئەوەی هەبێ کە ئەمە لە هەموو یاساکانیش دا ڕێپێدراوە و جەرائیمی مەشهودە چیە و ئەعزائی زەبتی قەزائی بێ یاخود هاووڵاتیەکی ئیعتیادی بێ دەتوانێ ئەو کەسە دەسگیر بکات، بۆ ئەوەی هەم زەمانەتی ئەوە بکەین کە بە نەسێکی سەریح ئەو حەقەیان بدرێتێ و هەم ئینتهاکیش نەبێ بۆ بنەماکانی مافی مرۆڤ و دەستوور، ئەو ماددەیە وەکو ئێستا نەمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە (جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك سەرهەنگ فەرموو.

**بەڕێز سەرهەنگ فرج:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتیوانی ئەو پێشنیازە دەکەم کە ئەو ماددەیە لاببرێ، هیچ زەرورەتێکی نیە ئەو ماددەیە، فەرمانبەر نابێ ئەو حەقەی هەبێ، پۆلیسیش ئەعزای زەبتی قەزائین لە حاڵەتێك بینینی جەریمەی مەشهودە ئەوان یاسا هەیە، تەعلیمات هەیە، دەتوانن بە ئیشی خۆیان هەڵسن و هەر شتێك هەبوو زەبتی بکەن، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە (جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

سیوەیل خان فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەتی ئەو ماددەیە منیش هاوڕام لەگەڵ لیژنەی یاسایی و هاوکارانم کە ئەو ماددەیە لابربردرێ، لەبەرئەوەی هەر مەعقول نیە فەرمانبەری دارستان بچێ خەڵك دەسگیر بکات، ئێمە دەڵێین پاراستنی دارستان، بەڵام وابزانم لە دارستان تێ دەپەڕی و، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە (جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك عبدالرحمن فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش لەگەڵ ڕای لیژنەی یاساییمە کە ئەو ماددەیە هەر لابدرێ، چونکە سەرپێچی یاسایە، کە دەڵێ گومانی لێ بێ، کەسێ لەناو غاباتێك دەڕوا، هەروا پیاسە دەکات، چەقۆیەکی بە دەست بێ یان داسێکی لە دەستی بێ دەڵێ  والله ئەوە گومانم هەیە، یەعنی هەر شتێکی بە دەست بێ کە مشارێك بێ دەڵێ وەڵڵا دەبڕێ، یەعنی ئەمە ناکرێ بە گومان شت بکرێ، قانونی پێشوی پشتاوپشتی عیراق هەر بە گومان شت لەگەڵ ئێمەی کردووە، (اشتبهنا بانك مهرب، اشتبهنا بأنك مخرب) ئەمە ناکرێ بە گومان ئێمە شت لەگەڵ یاسا بکەین، یاسا یاسایە و بەچاو ببینێ و بە کردەوە دەیکات، ئەوجا شت لەسەری دەکات و بە یاسا لەگەڵی بکات، نەك بە گیران وبە دەست گرتن و بە سجن، سوپاس

**بەڕێز حسن محمد سورە (جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك فاضل فەرموو.

**بەڕێز فاضل بەشارەتی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەکەم ئەگەر ئەم ماددەیە بمێنێ گۆڕانکاری بەسەر ناوەڕۆکی نووسینەکەی دابێت و فراوانیس بکرێ، چونکە بەڕاستی ئەوەی من تێگەیشتووم دارستان تەنها یەك نەوع نیە، لە هەموو دنیا و یاسای تایبەتی خۆشی هەیە، من هیوادارم ئەم یاسایەش ببێتە یاسایەکی فراوان بۆ دارستان لە هەرێمی کوردستان، چونکە دارستان هەیە و شوێنی گەشتوگوزاریە هەموو کەس ئازادە تیایدا و چۆن گەشتوگوزاری تێدا دەکات و فەرمانبەری تایبەت بەخۆی هەیە، بۆیە بەڕاستی لێرە نووسینێك هاتووە بیگرێ و ئەوە بە

حەقیقەت یەعنی پێم سەیرە لە ناو یاسایەك دا كە باس لە دارستان دەكرێ، دارستان یەكێكە لە شوێنە گەشتیاریەكان بۆ هاوولاتی، دارستانیش هەیە شوێن و جێگای زیندەوەرانە، یەعنی گیانلەبەرانی تر، پڵنگ و شێر و بەراز وئەوانەیە و هەر بۆ خۆی خەڵك ناتوانێ تێی بچێ، شوێنی دارستانیش هەیە و شوێنی بەروبوومە، یەعنی بەرووبومەكان دەتوانن بەشێوەیەكی تر لەناو یاسایەكەدا فراوان بكرێ پارێزگاری لێ بكرێ و شوێنی گیانلەوەرانیش پارێزراو بێ و شوێنی گەشتیارانیش بۆ هاوولاتیان ئازاد بێ، نەك لێرە بگیرێ و فەرمانبەر بۆی هەیە بیگرێ و بیبا و ئەوانە، من پێشنیار دەكەم ئەگەر ئەم یاسایەش بمێنێ ئەو دەقانە بگۆڕێ و فراوان بكرێ بەو خالانەی كە من ئیشارەتی پێ دەدەم و زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە (جێگری سەرۆكی پەرلەمان):**

هاژە خان فەرموو.

**بەڕێز هاژە سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش هەر پشتگیری لە ڕای لیژنەی یاسایی دەكەم بە ئیلغا كردنی ماددەكە و بزەبت ئەو موبەررەی كە ئەوان هێناویانەتەوە بۆ ئیلغا كردنی لەگەڵ ئەو موبەررەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە (جێگری سەرۆكی پەرلەمان):**

كاك جلال فەرموو.

**بەڕێز جلال علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەگەر خوشك و برایان ڕێم بدەن، دیارە یەكێ لە دیاری ترین پێشكەوتنەكانی دارستان لە هەموو ولاتەكان نزیكترین ولات ئێران و توركیایە، فەرمانبەری دارستان سەلاحیاتی حاكمی هەیە، ئەگەر بتەوێ دارستان بمێنێ من نالێم سەلاحیاتی حاكم، ئێمە با وەكو ئەوان نەبین، لە خوێندنەوە و سەیر كردن دا لەو ولاتانەی بینیم لە كەنەدا و لە ئەمریكا و لە هەموو ئەوروپا غابات چ دەسەلاتێكی هەیە و موزەفی غابات چ دەسەلاتێكی هەیە، دوای ئەمە ئەو وردەكاریە لەوانەیە ئەم بەڕێزانەی دانیشتوون زۆربەیان لەو وردەكاریە ئیشیان نەكردووە، من موەزەفی غاباتم لە چوارتا، یەك عارەبانە تراكتۆری داری تەڕ دەبینم گیراوە، كابرا دەیهێنێ و من لەوێم ناتوانم بڵێم كاكی خۆم (زەبتێ زەبت) لێرە بە تا من دەچم پۆلیس دەهێنم و مەحكەمە دەهێنم و بتگرن، یەعنی ئەمە چ گوناهێكە ئەگەر موەزەفێ نەتوانێ زەبتی موخالەفەیەكی قانونی بكات، ئەوترێ سیاحیە و علاقەی سیاحەتی چیە موەزەف، ئەو دەڵێ بە (منصوص علیها بأنة ارتكب مخالفة منصوص علیها فی هذا القانون) داری بڕی، ئەی باشە ئەگەر سبەینێ موەزەفێكی غابات لە غاباتەكەی قۆپیە مەسئولە، من دەچم بە تفەنگێكەوە حەیوان دەكوژم، پێم نەڵێ كاكی خۆم لێرە بە یان زەبتی بكات و بڵێ ناوت چیە و ئەوە چیە؟ گرتن لە دەسەلاتی موەزەف نیە، بەلام موزەفی غابات لە هەموو شوێنێ قەدر و بەڕاستی مەكانەی خۆی هەیە و دەسەلاتی خۆی هەیە، ئێمەش خاوەنی غاباتی

تەبیعین، ئەمانەوێ ئاوەدانی بکەینەوە و دەمانەوێ وێرانی نەکەین و دەمانەوێ گیانلەبەرە کێویەکانمان بمێنێ، دەمانەوێ بەڕاستی باڵندە کێویەکانمان بمێنێ، بەڕاستی مەسەلەی زەبت بکرێ، یەعنی من ناڵێم گرتن، بەڵام زەبت کردن ئەوە چۆن یاساییەکان جێ دەکەنەوە، من دژی ئەو پێشنیارەم کە دەڵێ ئەمە ئیلغا بکرێت و ئەمە شتێکی گرنگە و روحی یاسایەکەیە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە (جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

دیارە زۆربەی ئەندامان موخاوفیان لەسەر ئەوەیە کە ئەو مادده بە خراپ بەکاربێت، ئێستا بەڕێز سکرتێری پەرلەمان تەوزیحی زیاتر دەدات، فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد (سکرتێری پەرلەمان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر ئەو فعلەی موخالەفی قانون جنحە بێ یان جینایەت بێ، هەر هاووڵاتیەك کە جەریمەیەکی وا لە پێش چاوی بوو حەقی هەیە، کابرا موجریمەکە بگرێ، ئیعتبار دەکرێ یەك لە ئەعزائی زەبتی قەزائی، هەر کە تەماشای ئەو ماددەیە بکەین موخالەفەیە، موخالەفە ختورەتی تێدا نیە، جەسامەتیش بەو شکلە نیە کو کابرا ڕابکات، چونکە ئەسڵەن موخالەفەیە، بە ڕەئی من ئەوە نەمێنێ باشترە، چونکە ئیحتمالاتی زۆر هەیە بە خراپە بەکاربێت، خاسەتەن، ئەساسەکە موجەڕەد شوبهەی یەکێك بکات، یەعنی لەسەر ئەساسی شك، موجەڕەد یەکێك لەبەر غاباتەکە تێپەڕ بێت دەتوانێ تەحەفوزی لەسەربکا، تەحەفوزیش مەعنای ئەوەیە دەست بەسەر بکرێ، دەست بەسەریش زۆر لە غابات دووری مەراکزینە و نەواحی ئەقزیەنە، مەسافەیەکی زۆر دوور بێت، مابەینی مەوقعەکە، حاکمی مەنتقە، ئەو وەختە ئیحتمال هەیە یەك هەفتە لەلای ئەو موەزەفە بمێنێت، ئەوە مەعنای ئەوەیە حجزە یان تەوقیفە لە قانون، ڕەئی منیش لەگەڵ برادەران لەغو بکرێت، چونکە ئەسڵەن ئەو موەزەفە حەقی هەیە مەعلومات لێ وەربگرێ، تۆ ئیقامەی دەعوا لەسەر بکە لە مەحکەمە، کو ئەوە دەست بەسەری بکات؟، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە (جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك جلال فەرموو.

**بەڕێز جلال علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێ باشە دەوری ئەو موەزەفی غاباتە چیە؟، من لە جەنابی سکرتێری پەرلەمان دەپرسم، من بەرپرسی غاباتی قۆپی قەرەداغم، پیاوێك دەگرم حەیوانێکی کوشتووە، دەیبینم، پیاوێك دەگرم تراکتۆرێ داری تەڕی بڕیوە و دەڵێ تۆ هەر بە هیچ نازانم و دەشی بەم، مخالەفەیە، ڕاستە موخالەفەیە، بەڵام دەوری چیە ئەم موەزەفە چیە کە ئەو موخالەفەیە بگرێ نەیەڵێ دار ببڕدرێ، نەیەڵێ حەیوان بکوژرێ، نەوێرێ، ئەی دەوری موەزەفی غابات چیە؟.

**بەڕێز حسن محمد سورە (جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

**كاك جلال تكايه وەڵامی كەس نەدەینەوە، چونكە ئەوە ڕەئیە، هەریەكە ڕەئی خۆی پێویستە كە بیدات، كاك جلال فەرموو.**

**بەڕێز جلال علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**من موعاناتی موەزەفێكی بەسیتی غاباتەوە دەگێڕمەوە، نازریم كردووە، موزەفی غاباتم كردووە و مەسئول مەشروعیم كردووە و مەسئولی مەشتەلیم كردووە، موعاناتی ئەو كەسانەی كە لە غابات ئیش دەكەن، بە فعلی بینیومە، ئەو كەسانەی كە ئەو داواكاریانەیان هەیە ئەو فعلە ئیشیان نەكردبێ، ئەو بەڕێزانەی كاك حسین و فلان و فلان ئیشیان كردووە، زانیم وەزعەكە چۆنە، ئەوە قسەی دڵمانە و مەبدەئمانە، لەبەرئەوە دیفاعی لێ دەكەم و بۆ جواب دانەوەشم داوای لێ بوردن دەكەم.**

**بەڕێز حسن محمد سورە (جێگری سەرۆكی پەرلەمان):**

**دیارە ئیلغا كردنی ئەو ماددەیە بەو مانایە نایەت كە ڕێگا بگرین لە موەزەفی غابات و واجبەكانی تری خۆی ئەنجام بدات، سكرتێری پەرلەمان تەوزیح دەدات فەرموو.**

**بەڕێز فرست احمد (سكرتێری پەرلەمان):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**من غایەتم ئەوە نیە وەڵامی مامۆستا جلال بدەم بەس بۆ ڕوونكردنەوە، ئیحتمال هەیە كە كەلیمەی (یشتبه بانه ارتكب مخالفة) تێیدا نەبا منیش ڕەئیەكی ترم هەبا، بەس تەماشا دەكەین ماددە ئەسڵەن لەسەر ئیشتباهە نە لەسەر ئەوەیە كو موەزەفی غابات حاڵەتێكی موخالەفە یان جەریمەیەك لە پێش چاوی خۆی دیت بێت، ئەو دەست غەڵەتە بە موزەفی غاباتی داوە ئەگەر هاتو موجەرەد ئیشتباهی لە یەكێك كرد، ئێ باشە دەست بەسەر كردنی ئەو شەخسە ئیحتیمال هەیە بۆ چەند ڕۆژێك بێت، چۆن دەبێت و چ عەدالەتێكی تێدایە؟ من لەسەر ئیشتیباە كەسێك بگرم كە موخالەفەیە ئەسڵەن نە جونحەیە نە جینایەتە، ئەو دەسەڵاتە بە موزەفی غابات بدەم، ئەگەر وا داڕشتبا ئەو ماددەیە كو بەخۆی بەچاوی خۆی موخالەفەی دیت بایە، موشكلە نەبوو، ئیحتمال هەیە منیش لەگەڵ ئەو ماددەیە بام، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز حسن محمد سورە (جێگری سەرۆكی پەرلەمان):**

**بۆ ماددەیەكی تر، پێش ئەوەی ئەو ماددەیە بخوێندرێتەوە، تێبینیەك بۆ ئەندامانی پەرلەمان، دوێنێ ڕاپۆرتێك لەسەر ئەوە بلاوكرایەوە كە ئەندامانی پەرلەمان كە هۆڵەكە بەجێ دەهێڵن ناگەڕێنەوە بۆ ناو هۆڵ، بۆیە داوا لە ئەندامانی پەرلەمان دەكەین كە ئەوەی كە ئیجازەی دائیمی ویست دەبێ بە تەحریری تەقدیمی ئیجازە بكات، ئەگەر نا وەختێك ئیجازە وەردەگرێ بۆ ماوەیەكی كورت بچێتە دەرەوە، دەبێ زووتر بگەڕێتەوە، زۆر سوپاس، فەرموو.**

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة 17:

للوزير ان يعين ببيان يصدره مراكز خاصة تكون محلات لجلب منتجات الغابات وعرضها للبيع.

**بەڕێز حسن محمد سورە (جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی 17

وەزیر بۆی هەیە بە پێی بەیاننامەیەك کە دەری دەکات شوێنی تایبەت دەست نیشان بکات تاکو ببێتە شوێنی هێنانی بەرهەمی دارستان و فرۆشتنیان.

**بەڕێز حسن محمد سورە (جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

لیژنەی کشتوکاڵ ڕەئیتان؟ امینە خان فەرموو.

**بەڕێز امینە زکری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینمان نیە.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی تەندروستی و ژینگە فەرموو.

**بەڕێز تارا عبدالرزاق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیمان نیە لەسەری، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری ماددەکە دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەندامانی پەرلەمان کێ قسەی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە؟ دوو بەڕێز (سیوەیل خان- شلێر خان- ئەڤین خان) بوون بەسێ، بەڵێ فەرموو سیوەیل خان.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ئەو ماددەیە نووسرایە وەزیر بۆی هەیە بەپێی بەیاننامەیەك کە دەری دەکات، بەیاننامە وابزانم ناکرێتن وەزیر دەری بکات، ئەگەر فەرمانێك بێت یان نووسراوێك بێت پێم باشترە، واتە بەیاننامەکە بگۆڕێت بە وشەکی ترو، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

شلێر خان فەرموو.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی (17) باسی ئەوە دەکات کە ئەو (منتجات عرضها للبیع)، ئێمە ئەگەر باسی ئەوە بکەین کە ئەو دەسەلاّتە بدرێت بە وەزیر، بەپێی قانونی رەقەم (32)ی ساڵی (86) و، لە یاساکەی عیراق دا هاتووە دەڵێت ئەوە ئیستسناء بکرێت، ئەو مەنتوجاتەی کە (سریعة التلف) وابزانم ئەوە وای لێ بکرێت باشترە، بۆئەوەی بەپێی یاسا بێت، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەڤین خان فەرموو.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من مولاحەزەکەم تەنها داڕشتنەوەی ماددەکەیە، کە بەدیدی من ئەگەر بکرێت (للوزیر صلاحیة انشاء مراکز خاصة لحفظ وتخزین منتجات الغابات وبیعها)، چونکە لێرە ئەگەر سەیری بکەین (محلات لجلب منتجات) وەکو شلێر خانیش باسی کرد، هەندێك مەنتوجات هەیە کە ماوەکەی بە زوو زوو تەلەف دەبێت، پێویست بەوە دەکات کە جێگاکە صالح بێت بۆ خەزنیشی، بۆیە وابزانم ئەوانەش ڕێکاری خۆی پێویستە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر هیچ تێبینیت هەیە؟ فەرموو بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز جلال علی عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**الباب الثالث**

**المحظورات**

المادة (18) يمنع منعاً باتاً صنع الفحم في الغابات الحكومية و الخاصة الا بموجب ترخيص خاص يصدر من الوزارة.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

كوردیەكەشی فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**وەرزی سێیەم**

**قەدەغەكان**

ماددەی (18): ڕێگە نادرێت بە دروست كردنی خەڵوز لەدارستانەكانی حكومەت و تایبەت بە هەموو شێوەیەك تەنها بە مۆڵەتێكی تایبەت نەبێ كە لە وەزارەت دەردەچێت.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی كشتوكاڵ فەرموو.

**بەڕێز زكیە سید صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشتگیری ماددەكە دەكەین، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی تەندروستی و ژینگە، فەرموو.

**بەڕێز تارا عبدالرزاق محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تێبینیمان نیە لەسەری، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمەش هیچ تێبینیمان نیە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر هیچ تێبینیتان نیە؟ فەرموو.

**بەڕێز د. سیروان بابان/ وەزیری كشتوكاڵ و سەرچاوەی ئاو:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، تەنها تێبینی ئەوەیە کە ئەوە دەڵێ (يمنع منعاً باتاً) دوایی کە قانونەکە دەخوێنیتەوە، عقوبەیەك نیە بۆ ئەو سلوکە، لەبەرئەوە پێشنیارەکەی من ئەوەیە کە بۆ ماددەی (27) کە لە سەفحەی (10)یە، هەر بڵێین رابعاً (وكل من خالف احكام المادة 18) کە ئەوەیە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە؟ کاك فاضل نوقتەی نیزامیت هەیە، فەرموو.

**بەڕێز فاضل محمد قادر (بەشارەتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەکو پێشنیارێك کە عەرزی دەکەم، پێشنیارەکەم تەحدید بکرێت، ئەندامی پەرلەمان بۆ چەندێك دەچێتە دەرەوە، بەڕاستی ئەوەی دوێنێ ئێوارە کە پیشانی دا دیمەنێکی زۆر ناشرین بوو، عەیبیشە بەبڕوای من، دوو: بەڕاستی حەق نیە لە چوار، پێنج ئەندامی پەرلەمان زیاتر بچێتە دەرەوە، یەعنی با مۆڵەتەکان تەحدید بکرێت بەجارێ، چی ئەندامی پەرلەمان دەچێتە دەرەوە بڕۆیت ئێستا لەژوورەکاندا دەمەتەقێ و چایی خواردنەوە، ڕاستیەکەی من بە شتێکی ناشرینی دەزانم، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

هەرچەندە نوقتە نیزامیەکە لە دەرەوەی بەرنامەی کارە، منیش ئەو تێبینیەم دا، کە ئەندامانی پەرلەمان ئەوەی کە تا دوایی ڕۆیشتوو نەگەڕایەوە، بەڕاستی بە غایب حیسابە، چونکە داوای ئیجازەی تەحریری نەکردووە، بۆیە داوا لە ئەندامانی پەرلەمان دەکەین جارێکی تر ئەوەی کە دەچێتە دەرەوە بە زوویی بگەڕێتەوە، کێ قسەی هەیە لەسەر ماددەی (18)؟ ئەو بەڕێزانە قسەیان هەیە (کاك عبدالرحمن- کاك قادر- شلێر خان- شەونم خان- مامۆستا عمر عبدالعزیز) کاك عبدالرحمن فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن حسين ابابكر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی من ئەو ماددەیە دەیبینم پێچەوانەی ماددەی (13)یە کە دەڵێت: مافی هەیە ئەو کەسە کە دارەکان ببڕێت، دارستان ببڕێت بیکاتە خەڵووز، بە مۆڵەتی فەرمانگەیەکی حکومەت، نزیکترین فەرمانگە مەسەلەن، لێرە دەڵێت نابێت ببڕێت دەبێ بە فەرمانی وەزیر بێ، یەعنی لە وەزارەت مۆڵەت وەربگرێت، لێرە بە فەرمانگەی حکومەت نزیکترین فەرمانگە، لێرە بە ئەمری وەزارەت، من پێم وایە ئەمەش بکرێت بە ئەمری فەرمانگە باشترە، یەعنی مۆڵەت لە فەرمانگە وەربگرێت لە نزیکترین جێگا باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك قادر فەرموو.

**بەڕێز قادر احمد سمايل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەو ماددەیە مەبەستی ئەوەیە بەهیچ شێوەیەك بەبێ مۆڵەت خەڵووز دروست کردن نەکرێت، بۆیە بە پێویستی نازانم لێرە ئاماژە بە دارستانەکانی حکومەت و تایبەت بکات، چونکە تاکو ئێستا بە شێوەیەکی دەقیق تەسنیف و جیا نەکراوەتەوە، کامەی دارستانی حکومەتە کامەی تایبەتە؟ لێرە مەجال دێڵێتەوە بۆ خەڵکێك، مادام مەبەستی ئێمە لێرە ئەوەیە بە هیچ شێوەیەك خەڵووز دروست کردن بەبێ مۆڵەت نەکرێ، ئەمەی لێ جیا بکرێتەوە، تەنها بوترێت ڕێگا نادرێت بە دروست کردنی خەڵووز لە دارستانەکان بە هەموو شێوەیەك، تەنها بە مۆڵەتێکی تایبەت نەبێت کە لە وەزارەت دەردەچێت، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

شلێر خان فەرموو.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کاك عبدالرحمن دەیڵێت، فیعلەن لە ماددەی (13) دائیرەی غابات و لێرە وەزیر، بەس ئێمە کاتی خۆشی باسم کرد لە ماددەی چوارده، هەر ئەو حیمایە بکرێت بە فەقەرەیەك لەوانەی کە (الا بموافقە الوزیر)، بەڵام ئەوەبێت ئیشکالێك دروست دەکات لەگەڵ ماددەی (13)، ئەگەر لیژنەکان بەڕێزیان حەلی بکەن، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

شەونم خان فەرموو.

**بەڕێز شەونم محمد غریب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا لەو ماددەیە کە باسی خەڵووز دروست کردن هاتووە، پێویستە مەوسمێکی تایبەت هەبێت بۆ خەڵووز دروست کردن، لەوکاتانەدا بە موافەقەیەکی ڕسمی لە وەزیرەوە بێت، دەسەڵاتەکان دابەزێنێت بۆ قایمقام و مودیر ناحیەکان، چونکە لەڕاستیدا ئەگەر بڕۆیتە لادێیەکانی کوردستان، هەتاکو فەترەی هاوین دەڕوات هەر کەس بۆخۆی لە شاخەکاندا دار دەبڕێت و خەڵووز دروست دەکات، پۆلیسی دارستانیش دەسەڵاتی نیە بەسەری، من دەگەڕێمەوە بۆ قسەکەی کە کاك جلال کردی، پێویستە پۆلیسی دارستان دەسەڵاتێکی تەواوی بدرێتێ، ئەگەر ئەو حاڵەتانەی بینی ئەوها بە ئیشتیباه نا، ئەگەر حاڵەتەکەی بە فیعلی بینی، ئەو حاڵەتە دەبێتە هۆی دەستگیرکردنی ئەو کەسە، بۆئەوەی دروستکردنی خەڵووز قەدەغە بکرێت، بەڕاستی یەکێك لە کێشەکانی تا ئێستاش لە دێهاتەکان ماوە، غاباتەکان ئەوەشی کە دروست بووەتەوە و نموی کردووەتەوە دەسووتێنرێتەوە جارێکی تر، دروست کردنی خەڵووزە لەناو شاخەکانەوە، لە مەنتیقە دوورە دەستەکاندا، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالعزيز بهاءالدين:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەم ماددەیە من پێم زیادە، چونكە ئێمە وەكو جەنابی وەزیریش باسی كرد لە ماددەی (27)، باسی عقوبە بە وازیحی ئەویش دەگرێتەوە، ( كل من قام بقطع اي من الاشجار الغاباتية) ئیتر (لغرض تفحيم) بێت بۆ هەرچی بێت، لەبەرئەوە ئەو ماددەیە هەر زیادە لێرەدا ، عیبارەتەكەشی بەڕاستی سیاغەكەی قانونی نیە (يمنع منعاً باتاً) ئەو جۆرە شتانە، عادەتەن یان دەبێت عقوبە دیاری بكەین، یان ئەگەر بەم شێوەیە بێت پێویست ناكات، چونكە لە ماددەی (27) عقوبە دیاریكراوە بۆ بڕینی دار و ئەوانە، ئەوە هەمووی دەگرێتەوە ئیتر بۆ تەفحیمە بۆ هەرچیە، ماددەكە زیادە لێرە، چونكە ماددەی عقوبە لە ماددەی (27) بە تەفصیل تێدایەتی، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر ڕوونكردنەوەیەكی ترت هەیە؟ فەرموو بۆ ماددەیەكی تر، ڕوونكردنەوەت هەیە؟ كاك جلال ڕوونكردنەوەی هەیە لەسەر ماددەی پێشوو.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مەسەلەی خەڵووز كردن تەنیا بۆ پێداویستی خۆمان مەترسی نیە، بەڵام ئێمە ئێستاو جارانیش لە خواروو و ناوەڕاستی عیراقیش ئیعتیماد دەكەین لەسەر خەڵووز و، ئەگەر بۆ پێداویستی خۆمان بێت لەوانەیە هەر دارە وشكەكان و دارە كۆتەرەكان پێویست بێت، ماوەیەكی زۆر تیجارەت بووە، بە قاچاغ براوە، ئێستا ئەگەر بەڕاستی یاسایەكی رادیع نەبێت بۆ ئەو مەسەلەیە، من لەگەڵ مولاحەزەتەكانی خوشك و برایانی ئەندام پەرلەمانم لەسەر ماددەكە، كە مەسەلەن حكومی و خاصە جیانەكرێتەوە، یان (منعاً باتاً) یان تەناقوز هەیە لەگەڵ (13) ئەوەی ئەو خوشك و برایانە وتیان، بەڵام مەسەلەی مەنع كردنی خەڵووز شتێكی ئەساسیە بۆ پاراستنی دارستانەكانمان، چونكە بۆ ناوخۆمان نیە بۆ دەرەوەی خۆمانە و، ئیستفادەی لێدەكرێت و تیجارەتی پێ دەكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

تێبینەكەی بەڕێزان لەسەر (منعاً باتاً)، لەسەر ئەوە كە ئەم لێرە بەوشێوەیە هاتووە، لە ئاخیردا هیچ عقوبەیەكی بۆ دانەنراوە، ئەم تێبینیانە بە نەزەر ئیعتیبار وەربگیرێت، فەرموون بۆ ماددەی (19).

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة (19): لايجوز اخراج الاصول الوراثية النباتية والحيوانية من مناطق الغابات الا بتصريح مسبق من الوزير و تصدر التعليمات اللازمة بالاصول المسموحة من الوزارة.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بە کوردیەکەی فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نابێ بنەچەی بۆماوەیی ڕووەك و ئاژەڵی، لە ناوچەکانی دارستان بهێنرێتە دەرەوە، تەنها بە ڕێگە پێدانی پێشتری وەزیر نەبێت، ڕێنمایی پێویستیش بە بنەچەی ڕێگە پێدراو لە وەزارەتەوە دەردەچێت.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی کشتوکاڵ ڕەئیتان، فەرموو.

**بەڕێز زکیە سید صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیمان نیە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی تەندروستی و ژینگە فەرموو.

**بەڕێز تارا عبدالرزاق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیمان نیە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش هیچ تێبینیمان لەسەر ماددەکە نیە و، پشتگیری لێ دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز جەنابی وەزیر ڕوونکردنەوەیەکت نیە؟ بەڕێز ئەندامانی پەرلەمان کێ قسەی هەیە لەسەر ماددەی (19)؟ ئەو بەڕێزانە (دڵشاد حسین- عمر نورەدینی)، فەرموو کاك دڵشاد.

**بەڕێز دڵشاد حسین قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو ماددەیە لە مەحزوراتە (لایجوز) زۆر کەمە، چونکە زۆر شتی تر هەیە کە دەبێت لە غابات و دارستان دا نەکرێت، ئەگەر بێین سەیری بکەین ئیخراجی ئصولی وراسی و نەباتی و حەیوانی، ئەمە تەسریحی

ناوێت هەر نابێت ئەمە، یەعنی خۆی دەبێت نەبێت، بەبێ تەسریح و تەسهیل نابێت ئەمە بێت، چونکە ئەوە دەبێتە هۆی پووکانەوەی غابات، کۆمەڵێك شتی تر هەیە دەبێت تەفصیلی بدرێتێ، چونکە بۆئەوەی قانون ئەگەر تەفاصیلی هەبوو تەئویل ناکرێت لە داهاتوو، مەسەلەن بۆ نموونە ناکرێت ئەو کەسانە ئیستفادە لە غاباتی دەوڵەت دەکەن، بۆ شتی تر بەکاری بهێنن لەوەی کە دەوڵەت ئیزنی پێدا، هەر بە عەرەبی ناکرێت (غرس الاشجار، انشاء الابنية) لە غاباتا بەکرێ گێراوەکانی دەوڵەت بکرێت، ئەگەر لە حاڵەتێك کە کرا دەگەڕێتەوە بۆ موڵکی دەوڵەت، ناکرێت مەسەلەن بۆنموونە کارگە لەسەر مونتەجاتی غابات ئەوانەی کە ماددەی ئەولەویە دروست دەکەن بکرێت، زائیدەن ناشکرێت بەرد و لم و مەعادن و خۆڵ و مەسەلەن ئەسمیدەی تەبیعی لە غاباتەکان دەر بکرێت، بۆیە من ڕام وایە ئەم (لایجوز) بکرێتە چەند بڕگەیەك، ئەم بڕگانەی بۆ زیاد بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دکتۆر عمر فەرموو.

**بەڕێز د. عمر حمدامين خدر (نورەدينی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێموایە هەوڵ بدەین کە دووبارە ماددەکە دابڕێژینەوە، بەشێوەیەك بێت کە ڕوونتر بێت، چونکە دەڵێت (الا بتصريح مسبق من الوزير)، یەعنی تەسریح لەو بابەتەدا لەڕاستی دا بڵێین بە ئەمرێك لە وەزیرەوە، بە فەرمانێك لە وەزیرەوە، کە دەرچووبێت باشترە، هەروەها کە دەڵێت ئەو تەعلیماتەی کە لەلایەن وەزارەتەوە، بەو حاڵەتانەی کە ڕێگای پێ دەدات دەردەچێت، بەڕەئی من ماددەکە ئەوها دابڕێژینەوە بڵێین (ئەمە نابێت تەنها بەپێی ئەو تەعلیماتە پێویستیەی کە ڕێگای پێ دەدات لەلایەن وەزارەتەوە دەرچووەو، بە فەرمانێك لەلایەن وەزیرە، واتە تۆ دەبێت تەعلیماتێکت هەبێت لەلایەن وەزیرەوە، بۆ ڕێکخستنی ئەم حاڵەتە دەرچوو بێت، لەژێر ڕۆشنایی ئەو تەعلیماتەدا وەزیر ئەمرێك دەردەکات نەك بە پێچەوانەوە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز د. سیروان بابان/ وەزیری کشتوکاڵ سەرچاوەکانی ئاو:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، من لەگەڵ ئەوەدام لەوانەیە (لایجوز) زۆر بە قوەت نەبێت ئەوە یەك، دووەم: چەند حاڵەتێك دەبینم کەوا پێویستی بێت ئەوە بکرێتە دەرەوە، کە ئیخراج بکرێت، یەکێك لەوانە بۆ توێژینەوە و بۆ باحیسات، قوتابی خۆمان، کوڕ و کچی خۆمان زۆر چووینە بۆ تواناسازی، کە دکتۆرا دەخوێنێت دەمانەوێت بێن لەسەر هەرێمی خۆمان بخوێنن، لەوانەیە پێویستیان بە نەمازج و شتی وا هەبێت، لەبەرئەوە ئەو شتە تەنزیم دەکات، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك جلال بەس وەڵامدانەوە نەبێت، فەرموو.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

عەفوو ئەوە ڕوونكردنەوەیە، من لەگەڵ مولاحەزەتەكان و قسەكانی بەڕێز وەزیری كشتوكاڵم، بەڵام بۆ نموونە كە باسی ئسوڵ و ئەوانە دەكرێت، ئێستا من چەند ساڵێك بەڕێوەبەری گشتی بووم، چەند هەوڵمان داوە بۆ فستق لێرە قەزوانەكانمان بكەین بە فستق، ئسوڵی نەباتیش شتی وا بێنین هی نێر ومێ، چونكە فستق نێر و مێی هەیە، بە هەموو توانایەكمانەوە هیچ یاسایەك نە لە توركیا نە لە ئێران ڕێگا نادات ئسوڵی فستقی نێرو مێ بێتە دەرەوە، چونكە یەكەم خۆی ئیستفادەی لێدەكات، لەبەر ئەوە من لەگەڵ دارشتنەوەم بەوەی كە سەلاحیەت بدرێت بە وەزیر، هەندێك ئسوڵ هەیە لای ئێمە، ئێستا دار هەیە لای ئێمە مەلحەمی پێ دەڵێن، لەوانەیە لە زۆر شوێنی تر ناوەكانی جیا بێت، بردنە دەرەوەی ئەمە غەڵەتە، چونكە بەس لە كوردستان هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ ئەو ڕوونكردنەوانە، ئێستا دەچین بۆ ماددەیەكی تر ماددەی (20)، فەرموو.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة (20):

اولاً: يصدر الوزير تعليمات حول انتاج شتلات الغابات و تصادر الشتلات المنتجة لاغراض تجارية دون ترخيص و يغلق محل انتاج هذه الشتلات.

ثانياً: لايسمح بادخال شتلات الغابات غير المستوفية لشروط وضوابط الصحة النباتيه والقوانين المرعيه الى داخل الاقليم.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەكوردیەكەی فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (20):

یەكەم: وەزیر ڕێنمایی دەردەكات سەبارەت بە بەرهەمهێنانی نەمامی دارستان و دەست دەگیرێت بەسەر نەمامی بەرهەمهێنراو بۆ مەبەستی بازرگانی و بەبێ مۆڵەت و شوێنی بەرهەمهێنانی نەمامەكانیش دادەخرێن.

دووەم: ڕێگا نادرێت بە هێنانی نەمامی دارستان، كە مەرجی هونەری و پاراستنی رووەكی تێدا نەبێت، بەپێی یاسا كارپێكراوەكان بۆ ناو هەرێم.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی كشتوكاڵ فەرموو.

**بەڕێز زکیە سید صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیمان نیە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی تەندروستی و ژینگە فەرموو.

**بەڕێز تارا عبدالرزاق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیمان نیە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە تەئیدی ماددەکە دەکەین و، هیچ تێبینیەکمان نیە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز د.سیروان بابان/ وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، من لێرە و لە ماددەکانی تریش هەر دەڵێت (یصدر الوزیر)، یەعنی بەڕاستی ئێستا لە هەموو عالەم دا قەرار دانان، شێوەی قەرار دانان بەڕێك وپێکی، یەعنی (دیسژمێکی) بەشێوەیەکی ترە، یەعنی من خۆم شەخسیەن زۆر مورتاحم ئەگەر هەر بڵێ (وزارە)، نازانم لەلایەن قانونیەوە چۆنە؟ ئەوە یەك، دووەم: سیغەی گۆڕینی ئەمە پاش (شتلات الغابات) هەر بە عەرەبیەکەی لەجیاتی بڵێ (تصادر) بڵێت (ومصادرة الشتلات المنتجة)، لە خەتی دووەمیش بڵێت کە دەڵێت (لاغراض تجارية دون ترخيص) بۆی ئیزافە بکرێت (وغلق محلات بيع وانتاج هذه الشتلات)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لەڕاستی ئەگەر وەزیریش بێت، ئەمرەکە هەر وەزیر دەریدەکات، ئەندامانی پەرلەمان کێ قسەی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ 3 بەڕێز (پەیمان خان- بێریڤان خان- ئەڤین خان)، بەڵێ فەرموو پەیمان خان.

**بەڕێز پەیمان عبدالکریم عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بێگومان ئەو قسەیە زۆر ڕاستە (يصدر الوزير تعليمات حول انتاج)، تەبعەن لە وەزارەتی کشتوکاڵ دەبێت دەزگایەکی، بەڕێوەبەرێکی گشتی هەبێت بۆ چاودێری کردنی دارستان یان بەشی دارستان، دەبێت لەوێ ئەو

ڕێنماییانە دەربچێت، ئیتر ئەنجومەنی وەزارەت ڕەئی کۆتایی لەسەر دەدات، یەعنی لەوانەیە وەزیر کاتی نەبێت ناوی ئەو شەتڵ و دارو درەختانە هەمووی یەکە بەیەکە دەست نیشان بکات، یەعنی ئسلوبەکە جوان دانەڕێژرایتەوە و، بەهەمان شێوە (تصادر) (مصادرة)یە، بڵێین ئەو شتانەی کە غەیر قانونینە دێنە ژوورەوە، ئەوە دەبێت دەستی بەسەر دابگیرێت، ئایا نەخۆشی تێدایە؟ ئایا بۆ ئاوو هەوای ئێمە مەسەلەن زەرەرمەندە بۆ دارەکانی تر؟ سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بێریڤان خان فەرموو.

**بەڕێز بێریڤان اسماعیل سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ئەو ماددەیە و، هەروەها پرۆژە یاساکە، زۆر باسی وەبەرهێنانی بازرگانی و کشتوکاڵی دەکات، ئەمە لەبیرمان دەچێ کە وەبەرهێنانی پیشەسازی زۆر گرینگە بۆ دارستان، وەزیر کە ڕێنمایی دەردەکات بۆ وەبەرهێنانی، بۆ مەبەستی بازرگانی بەتایبەتی بۆ نەمام، بەلاَم بۆ پیشەسازیش دەبی ڕێنمایی دەربکات، چونکە زۆر لە دارەکان لە دارستان دەبڕێنەوە بۆ سوود وەرگرتن، بۆ ناردن بۆ کارگەکان، بۆ پیشەسازی داوا دەکەم لە ئامانجەکانیش تێیدانیە، دائیمەن پیشەسازی لەبیر دەکەین، چونکە کە خۆمان بڵێین دارستان سامانێکی نەتەوەییە یان نیشتمانیە، مەعنای سەروەتە، بۆیە دەبێت ڕێنمایی هەبێت بۆ ئەو دارستانانەی یان ئەو دارانەی کە کۆن دەبن و گەورە دەبن، داری تر لەجێگای دەچێنرێت سوودی لێ وەربگرین هەر بۆ کارگەکانی خۆمان بۆ ناو هەرێم بەکاری بهێنین، ئەگەر وەزیری بەڕێز ڕێنمایی دەربکات بۆ ئەوانەش، کە ئەو دارانەی سوودی لێ وەردەگیرێت، بۆ مەبەستی پیشەسازی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەڤین خان فەرموو.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من مولاحەزەکم لەسەر خاڵی یەکەم هەیە، کە سەیری خاڵی یەکەم دەکەین بەم موتلەقیە هاتووە، کە دەڵێت وەزیر تەعلیمات دەردەکات بۆئەوەی (حول انتاج شتلات الغابات و تصادر الشتلات المنتجة لاغراض تجارية)، بەم موتلەقیە کە هاتووە وابزانم ئێمە هەندێك کارەکەی لەسەر وەزارەت و لەسەر وەزیریش تۆزێك ئاڵۆزی تێدەخات، ئەگەر بێت و ئێمە هەمووی ببڕین، چونکە هەموومان دەزانین ئێستا دەبینین ئەوە لە کوردستان دا دارێکی زۆر ساڵانە لە لوبنان لە تورکیا و لە ئێرانیش دەکڕین، کە جەزرە وەسەتیەکان و باغەکان یاخود با بڵێین حەدائیقەکانی کوردستان، ئەو دارانە دەکڕدرێت دێت، ئێمەش دەتوانین سبەی ( من الممکن) هەندێك نەوعی دار هەبێت، کە پێویست بکات لێرەوە بڕوات بۆ دەرەوە یاخود بفرۆشرێت، بەدەر لەو مەبەستەی کە بەڕێز کاك جلال ئێستا تەوزیحیان کرد لەسەر فستق و ئەو شتانە، نەوعیەت

هەیە دەبێت ئیحتیفازی پێوە بکەین، بەڵام نەوعیەتیش هەیە دەتوانین تیجارەتی پێوە بکەین، بۆیە بەوشێوەیەی کە لە یاساکە هاتووە، کاتێك تەعلیمات دەردەکرێت، تەعلیماتەکە ناتوانێت هیچ سەلاحیاتێك بدات بۆ فرۆشتنی هیچ دارێکی تیجاری، بۆیە ئەگەر بێت و خاڵی یەکەم بەس بکرێت (یصدر الوزیر تعلیمات حول انتاج شتلات الغابات)، ئیتر ئەو تەعلیماتە خۆ تەحدیدی دەکات چی دەکات؟ چی ناکات؟ وەزارەت بڕیار دەدات، هەندێك شت هەیە ئەوان دەزانن زیاتر فەنییەن تەنزیمی بکەن، با لێرەدا ئێمە ئەو تەقیدەی لەسەر دانەنێین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموون بۆ ماددەی (21).

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة (21):یمنع الاعتداء على الاراضي الغاباتیة بطرح الانقاض و النفایات و المخلفات الصلبة او السائلة او المشعة او ایة مواد ملوثة للبیئة او ضارة بها.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەکوردیەکەی فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (21): نابێت دەست درێژی بکرێتە سەر زەوییەکانی دارستان بە فڕێدانی پاشماوەو پاشەڕۆی ڕەق یان شل یان تیشکدەر یان هەر ماددەیەکی ژینگە پیسکەر یان زیان لێدەر.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی کشتوکاڵ ڕەئیتان، فەرموو.

**بەڕێز زکیە سید صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنەکەمان پێشنیار دەکات کە بەم شێوەیە دابڕێژرێت (نابێت دەست درێژی لە بەکارهێنانی زەوی دارستان بکرێت بە فڕێدانی پاشماوەو پاشەڕۆی ڕەق و شل و تیشکدەر یان هەر ماددەیەکی تری زەرەرمەند)، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی تەندروستی و ژینگە فەرموو.

**بەڕێز تارا عبدالرزاق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیمان نیە لەسەری، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پشتگیری ماددەکە دەکەین، تەنها یەك تێبینیمان هەیە لەسەر وشەی (اعتداء) لە عەرەبیەکەی بگۆڕدرێت بۆ(تجاوز)، کوردیەکەش لە (دەست درێژی) بکرێتە (زێدەڕۆیی)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ جەنابی وەزیر ڕوونکردنەوەیەکت نیە؟ ئەندامانی پەرلەمان بەڕێزان کێ قسەی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە؟، ئەو بەڕێزانە قسەیان هەیە ( ئاهەنگ خان- کاك محمد- سیوەیل خان- کاك امیر- تارا خان)، فەرموو ئاهەنگ خان.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف رووٴف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو ماددەیە ماددەیەکی زۆر باشە، بەڵام ئەگەر فەقەرەیەکی بۆ زیاد بکرێت مونشەئاتی سناعیشی لێنەکرێت، لە (مقتربات الاراضي الغاباتية)، چونکە ئێستا زۆر مەعاملی چیمەنتۆ هەیە، هەر تۆزەکەی غاباتەکان و داری هەموو دەفەوتێنێت، دەبێت ئەوەشی بۆ زیاد بکەن (عدم انشاء المشاريع الصناعية الاستراتجية)، چونکە غاباتەکەش ئەوەندەی سناعاتی ستراتیجی موهیمە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك محمد شارەزووری فەرموو.

**بەڕێز محمد احمد علی (شارەزووری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەو ماددەیە کە تۆ دەڵێیت نابێت دەست درێژی بکرێتە سەری، ئێمە هەمووومان دەشزانین و دەبینین کە دەست درێژی زۆر دەکرێتە سەر ناوچەی دارستانەکان و، بەتایبەتی هی سەیرانگاکان ئەو کەسانەی کە خۆڵ و خاشاك و ئەوانە فڕێ دەدەن، بۆیە من پێشنیار دەکەم لە ماددەی (27) ئەمە کە یەکێك کردی پێویستی بە سزاو عیقاب هەیە، ماددەی (27) باسی سزاکان دەکات، من پێشنیاردەکەم ئەم ماددەیە بکرێتە بڕگەیەك لە ماددەی (27) و سزایەکی بۆ دیاری بکرێت، ئەگینا بەوەی نابێت، هەموومان دەزانین نابێت، بەڵام ئەگەر یەکێك کردی سزاکەی چیە؟ بۆیە من پێشنیاردەکەم ئەم ماددەیە بگوێزرێتەوە بۆ ماددەی (27) و، بە بڕگەیەك لە ماددەی (27) سزاکەی بۆ دیاری بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سیوەیل خان فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ئەو ماددەیە عەرەبیەکەی ئەگەر یان (یمنع الاعتداء) بکرێتە (التجاوز)، یانیش ئەگەر سیاغەکەی بگۆڕین بەوشێوەیەی کە بڵێین (یمنع بطرح الانقاض والنفایات و المخلفات الصلبة او السائلة او المشعة او اية مواد ملوثة للبيئة او ضارة على الاراضي الغاباتية)، (الاعتداء) لابدەین، لە کوردیەکەش تەبعەن دەست درێژی بۆ خۆت دەزانی دەست درێژی بۆ سەر چیە؟، بۆ سەر زەوی نیە یان زیادەڕۆییە یان بەهەمان شێوەی عەرەبیەکەی ئەگەر سیاغەکە بگۆڕدرێت پێم باشە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاک امیر فەرموو.

**بەڕێز امیر گوگە یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ژی پشتگیری ڕای کاک محمد دەکەم، هەروەسا سیاغەی (یمنع الاعتداء) ببێتە (یمنع طرح الانقاض و النفايات و المخلفات الصلبة او السائلة او المشعة او اية مواد ملوثة للبيئة او ضارة بها على الاراضي الغابات)، سوپاس،

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز تارا خان فەرموو.

**بەڕێز تارا تحسین ئەسعەدی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی ئەو فەقەرەیە، کە بە فەقەرەیەکی گرینگ دادەنرێت، لەبەرئەوەی ئەو ئیعتیدائەی کە لە لیژنەی یاسایش وتیان کە بگۆڕێت، ئەصڵەن بەڕای من (اعتداء) کە دەکرێت ئەگەر لەسەر ئەو شوێنانە بکرێت کە تۆ ئەو پیسیانەی بۆ فڕێ دەدەی، ئەو ئەنقازانەی لێ ببێت ئەوە جۆرێکە لە دەست درێژکردن، جۆرێکە لە ئیعتیدا لەسەر ئەو حەقەی کە نابێت ببێت، لەو ئەرزانەی کە زراعەتی لەناوەو زەرەرمەند دەبێت پێی، هەتا ئەگەر بێت و بڕینەوەی داریش کە یەکێك بێت لە ئیقتراحەکانی کە جۆرێکە لە ئیعتیدا لەسەر ئەو غاباتانە، تۆ بەبێ هیچ رووخسەتێك ئەو دارانە ببڕێتەوە، ئێمە دەزانین چەندەها جار، چەند ساڵمان دەوێ هەتاکو ئەو دارانە دێتە ئەوەی کە درێژ دەبێتەوە دەبێتە غابات، دێت ئەیبڕی ئەوە جۆرێکە لە ئیعتیدا کە دەکرێت لەسەر غابات، جگە لەوەش هەندێك مەواد هەیە کە دەڵێت (المشع و الملوث للبیئة)، مەسەلەن پیساتی هەیە وەکو جۆری دەرمان یان هەتا پاتری ئەو ماددە پیسانەی کە لە ناوی هەیە، ئایا چۆن دەست نیشان دەکرێت؟ ئەوە لەلایەن شارەوانیشەوە دەبێت شێوەیەك لە هەماهەنگی هەبێت، بۆئەوەی ئەو ئیعتیدائە لەسەر ئەو مەنتیقانە نەکرێت، کە لەناو ئەو یاسایە دا هاتووە، کە زەرەرێکی زۆر زۆری هەیە، هەروەکو کیمیاویەکانی کە بەکاردەهێنرێت بۆ مرۆڤ، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا بۆ ماددەیەکی تر، ماددەی (22).

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

يمنع رعي الحيوانات في المواقع الاتية الا بعد الحصول على موافقة الوزارة:

اولاً: المواقع الغابية و التي جرى فيها حريق.

ثانياً: المواقع التى تقل اعمار الاشجار الطبيعية او المزروعة فيها عن عشر سنوات.

ثالثاً: المساحات الغاباتية المقطوعة اشجارها كلياً.

رابعاً: الغابات المحمية الواردة في المادة (الخامسة) من هذا القانون.

خامساً: المناطق الوقائية الواردة في المادة (السادسة) من هذا القانون.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بە کوردیەکەی فەرموو.

**بەڕێز تارا عبدالرزاق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (22): لەوەڕاندنی ماڵات لەو شوێنانەی دادێن قەدەغەیە بە ڕەزامەندی وەزارەت نەبێت.

یەکەم: شوێنەکانی دارستان کە ئاگریان لێ کەوتبێتەوە.

دووەم: ئەو شوێنانەی کە تەمەنی داری سروشتی یان چاندراو لە (10) ساڵ کەمترە.

سێیەم: ڕووبەری ئەو دارستانانەی بەیەکجاری دارەکانیان بڕاونەتەوە.

چوارەم: دارستانی پارێزراو کە لە ماددەی پێنجەمی ئەو یاسایەدا هاتووە.

پێنجەم: ناوچەکانی خۆپاراستن کە لە ماددەی شەشی ئەو یاسایەدا هاتووە.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی کشتوکاڵ ڕەئیتان چیە لەسەر ئەو ماددە؟

**بەڕێز زکیە سید صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە تێبینیمان نیە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی تەندروستی و ژینگە فەرموو.

**بەڕێز تارا عبدالرزاق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیمان نیە لەسەری، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری ماددەکە دەکەین و، تێبینیمان نیە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز د.سیروان بابان/ وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەژێر ئەوەلەن کە دەڵێت (المواقع الغابیە والتی جری فیها حریق)، حەز دەکەم بۆی ئیزافە بکەین (ولفترة محددة وحسب انواع الاشجار)، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو بەڕێزانەی قسەیان لەسەر ئەو ماددەیە هەیە، بەس کاك دڵشاد فەرموو، ببوورە کاك سالاریش قسەی هەیە.

**بەڕێز دڵشاد حسین قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم ماددە، مادام مەنع دەکرێت کە حەیوانات بلەوەڕێت لەو شوێنانە، پێویستی بە حصولی موافەقەی وەزارەت نیە لە داهاتوودا دەبێت مەنع بکرێت، چونکە ئەم مەنع کردنە ئەسبابی هەیە، بڕگەی یەکەم شوێنی غابات ئەوانەی کە حەریقی تێدا ڕوو دەدات، ئەبێ دیاری بکرێت کە بۆ مودەی چەند نابێت لەوەڕی تێدا بکرێت؟ یەعنی ئەبێ دیاری بکرێت، (10) ساڵە، (5) ساڵە ئەبێ دیاری بکرێت، لە بڕگەی (3)ش مەساحەی غاباتی بڕاوە، ئەمیش ئەبێ تەحدید بکرێ کە تا چەند ساڵ بۆی هەیە لەوەڕی تێدا بکرێت، بۆ نموونە زۆرینەی یاساکان لە نێوان (10) ساڵ تا (7) ساڵە، ئەبێ هەردووکی تەحدید بکرێ، و ئەبێ لەسەرەوەش (الی بعد موافقە وزراە) لابرێت، چونکە ئەمە نابێ هەبێ، ئەبێ مەنع بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك سالار.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەم ماددەیە لە ڕاستی دا تێڕوانینەکەم کاك (دڵشاد) باسی کرد، بەڵام من تێبینیم ئەوەیە چۆن هەرسێ لیژنەی مەعنی تێبینیان لەسەر ئەم ماددەیە نیە لە کاتێکدا ئەو حاڵەتە ببەسترێتەوە بە

ڕەزامەندی وەزارەتەوە؟ ئەم ڕۆتینە بۆ؟ یەعنی بگاتە ئەو ئاستە ڕۆتین بە پێی یاسا ئێمە ئیقراری بکەین و تەرح بکرێ بێ ئەوەی تێبینی لەسەر هەبێت، خەڵك لە گوندێکی دوورە دەست و کوێرە دێیەك ئاژەڵی خۆی بلەوەڕێنێ، بەڵام بە پێی پرەنسیپە یاساییەکان پێشێلکاری یاسا بکات ئەمە بۆ؟ سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د. ڕۆژان.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو دەستەڵاتەی کە درایتە وەزیر لەبەر ئەوەی ئیستیسنائەن دوای ڕەزامەندی وەزیر بەس تەنها لە حاڵەتەك بوو بەس لە غابات، لەو مەواقیعانەی کە لەماددەکان دیاری کرایە، واتە هەموو حاڵەتەك ئیستیسنا نەکرایە، وەزیریش ئەگەر بە پێویستی نەزانێ ئەو ڕەزامەندیە نادات، واتە ئەسلەکە مەنعە، ئیستیسنائەن ڕێگەی پێدرایە، لەو شوێنانە تەنها.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز د.سیروان بابان-وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی ئەو نوقتەیەی کە برادەران باسیان کرد (فترە محددە) ئەوە ڕاستە، لە زۆر جێگا ئەڵێن (5) ساڵ بێ، یان (10) ساڵ بێ، ئێمە وتمان (لفترە محددە و حسب الاشجار)، لەبەر ئەوەی دارەکان هەیانە (3) ساڵ، (4) ساڵ ئەبا تاکو خۆی دروست ئەکات، سنەوبەر و بەڕوو (10) ئەبات تاکو خۆی دروست ئەکات، بۆیە وتمان (حسب الاشجار)، سوپاس

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (23): (تحدد مدة الرعي في الغابات التي يسمح للرعي فيها بثمانية اشهر اعتبارا من بداية شهر تموز الى نهاية شهر شباط في السنة التي تليها ولايجوز لاصحاب الاجازات الرعي خارج هذه المدة)

**بەڕێز تارا عبدالرزاق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (23): (ماوەی لەوەڕاندن لەو دارستانانەی ڕێگەیان پێ دەدرێت بۆ لەوەڕاندن هەشت مانگ دیاری دەکرێت لە سەرەتای مانگی تەموز تا کۆتایی مانگی شوباتی ساڵی داهاتوو، ڕێگە بە خاوەن مۆڵەتەکان نادرێت لە دەرەوەی ماوەی دیاری کراو لەوەڕاندن بکەن).

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو زکیە خان.

**بەڕێز زکیە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیمان نیە.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، تارا خان فەرموو.

**بەڕێز تارا عبدالرزاق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیمان نیە.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د. ڕۆژان.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش پشتگیری دەکەین و تێبینیمان نیە.

**بەڕێز د.سیروان بابان-وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی حەزئەکەین تۆزێك تەبسیتی بکەین نووسینەکەی، ئەوەی نووسراوە ، پێشنیار ئەکەین ئێمە، پاش (تحدد مدە الرعی فی الغابات)ی بۆی ئیزافە بکەین (حسب المواسم والمناطق المختلفة بالتنسیق مع الادارة المحلیة) و باقیەکەی لا بدەین، سوپاس

**بەڕێز حسن محمد سورە-جێگری سەرۆکی پەرلەمان.**

کێ تێبینی هەیە؟ (محمد احمد، قادر حسن، عبدالسلام)

**بەڕێز محمد احمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری ئەو پێشنیارەی جەنابی وەزیر ئەکەم، ئەگەر ئێمە خەڵکی ئەم وڵاتەین و دیارە مەبەستی لەوەڕاندنی مەڕو ماڵاتیش زیاتر ئەو ڕەوەندانەیە کە ئەچنە کوێستانەکان، کەس هەیە لە ئەو کوێستانەی قەندیل و لەو شوێنانەی کە بینیومانە مانگی یازدە بتوانێ بژی؟ کە تۆ ڕێگەی پێ بدەی؟ من پێشنیار ئەکەم یەعنی ئەو مودەیە لە مانگی (4)ەوە بێت بە مانگی (9) ئەو پەڕی مانگی (10)، (11) و

(1) و (2) کەس ناژی لەوێ  ناتوانن ئەو ڕەوەندانە حەیوان لەوێ بەخێو بکەن، بۆیە من پشتگیری تەواوی ئەو پێشنیارەی جەنابی وەزیر ئەکەم کە (حسب المواسم) بێت، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك قادر فەرموو.

**بەڕێز قادر حسن:**

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

تەقریبەن هاوکارم کاك (محمد) مەبەستەکەی وتم، پێویستە جیا بکرێتەوە، مەناتیقی کوردستان هەمووی وەکو یەك نیە، لە ڕووی کەش و هەواوە پێویستە ئێستیسنائی دابنرێت، هەندێك شوێن گەرمە، هەندێك ساردە، بۆیە ئەگەر تەوزیحێکی باشتر بدرێت و مەناتیقەکان جیا بکەینەوە بۆ ئەوەی هەموو شوێنێك وەکو یەك نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صدیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی تێبینیەکەم هەر لەو ئیتارەیە، بەلاَم من پێشنیار ئەکەم بۆ چارەسەر کردنی ئەو وەزعە، مەبەست لەو بڕگەیە ئەوەیە لە وەرزێك یان لە کاتێکی موحەدەد لەبەر هۆیەك نابێ ڕەعی بکرێت، پێشنیار ئەکەم صیاغەی ئەو ماددەیە بەو شێوە بێت کە بڵێ لەو فەترەیە تا ئەو فەترەیە، یان بۆ ئەو مەبەستە، یەعنی لەو وەختەی کە تۆ ناتەوێ ئاژەڵ بچیتە ناوی، ئەو فەترەیە دیاری بکە، لەباتی ئەوەی تر، چونکە فیعلەن لە زۆربەی زۆری جێگا شاخاویەکانی کوردستان کە لە مانگی (10) و (11) دەرناچن، بۆیە پێشنیار ئەکەم ئەو ماوەیە تەحدید بکرێ ئەوەی ناتەوێ، یان ئەتەوێ مەنعی بکەی.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك فەرمان فەرموو.

**بەڕێز فەرمان عزالدین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە لە ئەنجامی وشکە ساڵی دا ئەوە ڕووی دا لە کوردستان کۆمەڵێك لە دانیشتوانی عەرەب لە ناوچەی دەوروبەری شاری تکریت و قەراج و کەندێناوە ڕوویان لە کوردستان کرد، بەڕاستی ئەوە زۆربەی زۆری قەزای مێرگەسۆری گرتەوە، ئەو گوند و دێهاتانەی دەوروبەری قەزای مێرگەسۆر نەك هەر دارستانەکان بەڵکو ئەو ڕەز و باخانەی هەشی بوو هەمووی بنی هات، لەبەر ئەوەی هیچ بەربەستەك لەبەر دەمیان نەبوو کە ئەوانە  هاتنە ناوچەکە، پێویستە ئەوەش دەست نیشان بکرێت، لەکاتی ڕوودانی هەر ڕووداوێکی وەکو وشکە ساڵی کوردستان، لەبەر ئەوەی شوێنە جوگرافیەکەی دیارە ئیستیعابی چەند دەکات لە مەڕ و

مـالأت، بەهـەزاران مـەڕ و مـالأت لـە خـوار و ناوەڕاسـتی عێراقـەوە کـە دێـت بـۆ هـەرێمی کوردسـتان، ڕەز و باخەکانمان نەك هەر دارستانەکانمان، بەڵکو ڕەز و باخەکانیشمان لـەبن هـات، بنـە دارمێوەکانیـان دەرهێنـا، دەتوانم ناوی زۆر شوێن بڵێم بنە دارمێوەکانیان هەموو دەرهێنا، و سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز د.سیروان بابان-وەزیری کشتوکاڵ وسەرچاوەکانی ئاو:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوە زۆر زۆر ڕاستە، منیش پشتگیری ئەوە دەکەم، بۆیە دوێنی لەژێر فەصلی دووەم دا ماددەیەکمان ئیزافە کرد لە ژێر ماددەی (7)، کە وتمان (لايسمح للوافدين الى الاقليم من اصحاب المواشى دخول حيواناتهم لغرض الرعي الا بموافقة وزارة الزراعة و لفترة محددة)، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بۆ ماددەیەکی تر تکایە.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**الباب الرابع**

**الوقايه من الحرائق و مكافحتها**

**الفصل الاول**

**الوقايه من الحرائق**

المادە (24):

اولا: يحظر حمل النار او اضـرامها خـارج المساكن و الابنيـة ضـمن حـدود غابـات الاقلـيم و في خارجهـا ضـمن مسافة 200 متر من حدودها.

ثانيا: لا يسمح باستعمال النـار في الخـيم و الـورش والمصـانع والانشـاءات المؤقتـة الواقعـة داخـل غابـات الاقلـيم او علـى مسافة اقل من 200 متر من حدودها الا لاجل الطهي و التدفئة وفي هذة الحالة تؤخذ التدابير اللازمة.

ثالثا: لا يجوز انشاء اي مؤسسة صناعية او منشاة تستعمل النار، او انشاء مسـتودع المـواد المشعة، او بنـاء بيـت للسكن داخل غابات الاقليم او على مسافة اقل من 500 متر من كل حـد مـن حـدود الغابـات بـدون الحصـول على اجازة من الوزارة.

رابعا: لا يجوز لاي شخص اضرام النار في غابات الاقليم او على مقربة تقل عن 300 متر منها الا باجـازة مـن الجهة المسؤولة عن حماية الغابة.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

## دەروازەی چوارەم

## خۆپاراستن لە ئاگر کەوتنەوە و ڕێگەگرتنی

## بەش یەکەم

## خۆپارستن لە ئاگر کەوتنەوە

ماددەی (24):

یەکەم: هەڵکردنی ئاگر و کردنەوەی لە دەرەوەی خانوو و بیناکانی لە نێوان سنووری دارستانەکانی هەرێم و لەدەرەوەیان دا قەدەغەیە لە دووری 200 مەتر لە سنوورەکەیەوە.

دووەم: ڕێگە نادرێت ئاگر بەکار بهێنرێت لەناو چادر و وەرشە و کارگە و دامەزراوە کاتیەکان کە دەکەونە ناو دارستانەکانی هەرێم، یان لە دووری کەمتر لە 200 مەتر لە سنوورەکەی تەنها بۆ مەبەستی چێشت لێنان، و خۆ گەرم کردنەووە نەبێ لەو حاڵەتەشدا ڕێوشوێنی پێویست دەگیرێتە بەر.

سێیەم: نابێ هیچ دەزگایەکی پیشەسازی یان دامەزراوەیەك کە ئاگر بەکار بێنی دابمەزرێ، یان دامەزراندنی کۆگا بۆ ماددەی تیشکاوەر، یان دروست کردنی خانوو بۆ نیشتەجێ بوون لەناو دارستانەکانی هەرێم، یان بە دوورییەك کەمتر نەبێت لە 500 مەتر لە هەر سنوورێکی دارستانەکاندا بەبێ بەدەست هێنانی مۆڵەتی وەزارەت.

چوارەم: بۆ هیچ کەس نیە ئاگر لە دارستانەکانی هەرێم بەربدات، یان لە نزیکیەك کەمتر بێت لە 300 مەتر ئاگر بکاتەوە تەنها بە مۆڵەتی لایەنی بەرپرسی پاراستنی دارستان نەبێت.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو زکیە خان.

**بەڕێز زکیە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیمان نیە.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

تارا خان فەرموو.

**بەڕێز تارا عبدالرزاق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیمان نیە لەسەری.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

د. ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەن.**

ئێمە پشتگیری لە ماددەکە ئەکەین، و داوای زیاد کردنـی بڕگەیـەك ئەکـەین بەریزبەنـدی بڕگـەی پێنجـەم سەبارەت بە قەدەغەکردنی ڕاکێشانی هێڵی کارەبای پالأپەستۆی بەرز لە دارستانەکان، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەرێز د.سیروان بابان-وەزیری کشتوکال و سەرچاوەکانی ئاو:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ژێر سێیەم (لا يجوز انشاء اي مؤسسة)، حەزئەکەم صەناعەکە لا بدەین، چونکە هەر موئەسەسەیەکی تر بێتن، (او مؤسسة تستعمل النار)، ئەمە یەکەم، لە ژێر سێیەم، هـەمان خـەتی دووەم، (او بنـاء بيـت للسـكن)، حەزئەکەم ئەگەر پێمان بکرێت بڵێین چـەند مـەتر مورەبـەع ئەگـەر موهەندیسـمان هەیـە لێـرە، یـەعنی حەجمەکە چەندی مەعقولە؟ فەرق هەیە لە نێوان (بەیت و ڤێلا)، بـۆ ئـەو ئیزافـەش حەزئەکـەم پێنجـەم ئیزافە بکەین کـە بڵێـت (علـى الـوزارة تسـهيل و انشـاء خطـوط النـار بعـرض ان لا يقـل عـن متريـن)، ئەمـە خامیسەن، و شەشـەمیش بڵـێ (للـوزير او مـن يخولـه الاسـتعانة باليـات دوائـر الدولـة لغـرض اتخـاذ التـدابير الوقائية اللازمة خلال موسم الحريق)، سوپاس

**بەرێز حسن محمد سورە-جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە لەسەر ئەم مـاددە؟ (شـەونم محمـد، عبـدالرحمن حسـين، شـوان كـريم، شـلێر محمـد، بـەيان احمد، بەفرين، پەيام احمد، كوێستان محمد)

دانیشـتنی ئـەمڕۆ کۆتـایی پـێ دێـنین، ئێـوارە سـەعات (4) دادەنیشـینەوە، ئـەم بەرێزانـەی کـە ناویشـیان نووسیوە بۆ کاتێکی تر ئاگاداریان دەکەینەوە......

**دانیشتنی دووەم**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەردەوام دەبین لەسەر تەواو کردنی کۆبوونەوەی بەیانی، ئەویش خاڵێکە ئامادە بوونی بەڕێز وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار بۆ بەرچاوخستنی ئاستی جێ بەجێ کردنی بەرنامەی حکومەت لە بواری شارەوانیەکان و گەشتوگوزارو وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی ئەندامانی پەرلەمان، بۆیە بەخێرهاتنی جەنابی وەزیرو رێکخەری نێوان پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەفدە یاوەرەکەی دەکەین، بەڵام سەرۆکایەتی پەرلەمان بە چاکی زانی دانیشتنی ئەم پاش نیوەڕۆیە تەئجیل بکات بۆ هەفتەی داهاتوو، تا هەفتەی داهاتوو ئاگادارتان دەکەینەوە، بەخواتان دەسپێرین زۆر سوپاس.

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **د.حسن محمد سوره** | **د. ارسلان بایز اسماعیل** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (6)**

**دوو شەممە رێکەوتی 24\9\2012**

**خولی سێیەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلى دانيشتنى ژماره (6)

# دوو شەممە ڕێکەوتی 2012/9/24

کاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی 2012/9/24 پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی د.ارسلان بایز اسماعیل سەرۆکی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز د. حسن محمد سورە جێگری سەرۆك و، بەڕێز فرست أحمد عبداللە سکرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (6)ی خولی سێیەم, ساڵی (2012) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی ماددە (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی ژمارەی (6)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کات (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دوو شەممە ڕێکەوتی 2012/9/24 دا بەم شێوەیە بێت:

1-بەردەوام بوون لەسەر خستنە ڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسای پاراستنی دارستان لە هەرێمی کوردستان.

2-خستنە ڕوو گفتوگۆکردنی یاسای پێشنیاری سندوقی هاوکاری کردنی نەخۆشیەکانی شێرپەنجە و نەخۆشی قورس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنی ئەمڕۆمان دەست پێ دەکەین، پەرلەمانی کوردستان، خولی سێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی چوارەم، خولی گرێدانی یەکەم، ژمارەی دانیشتن (6)، ڕۆژی دانیشتن 2012/9/24، بەرنامەی کار، بە پێی حوکمەکانی بڕگە یەکی ماددە (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە یەکی هەموار کراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (6)ی ئاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کات 11 ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دوو شەممە، ڕێکەوتی 2012/9/24 بەم شێوەیە بێت:

1-بەردەوام بوون لەسەر خستنە ڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسای پاراستنی دارستان لە هەرێمی کوردستان.

2-خستنە ڕوو گفتوگۆکردنی یاسای پێشنیاری سندوقی هاوکاری کردنی نەخۆشیەکانی شێرپەنجە و نەخۆشی قورس.

ئێستا دەچینە سەر خاڵی یەکەمن ئەویش بەردەوام بوون لەسەر خستنە ڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسای پاراستنی دارستان لە هەرێمی کوردستان، داوا لە لیژنە تایبەتمەندەکان ئەکەین بۆ ئەم پرۆژە یاسایە بفەرموون بۆ سەر سەکۆی لیژنەکان، ئێستاش بەرێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان ناوی ئەو پەرلەمانتارە بەرێزانە ئەخوێنێتەوە کە مۆڵەتیان هەیە یان ئەمادە نەبوون، با بفەرموێ:

**بەڕێز حسن محمد سورە-جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ناوی ئەو ئەندامانەی لە دانیشتنی ژمارە (5)ی ئاسایی لە 2012/9/19 مۆڵەت پێدراون یان ئامادە نەبوون:

1-اسماعیل سعید محمد-مۆڵەت

2-اسماعیل محمود-مۆڵەت

3-ئاواز عبدالواحد-مۆڵەت

4-برهان رشید-مۆڵەت

5-ژیان عمر شریف-مۆڵەت

6-سالم تۆما-مۆڵەت

7-سمیر سلیم-مۆڵەت

8-سمیرە عبداللە-مۆڵەت

9-شڤان احمد-مۆڵەت

1-شێرزاد عبدالحافظ-مۆڵەت

11-شۆرش مجید حسین-مۆڵەت

12-شێردڵ تحسین مۆڵەت

13-صباح بیت اللە-مۆڵەت

14-صبیحە احمد-مۆڵەت

15-عبداللە محمود محمد-مۆڵەت

16-کاوە محمد امین-مۆڵەت

17-ناسك توفیق-مۆڵەت

18-نەسرین جمال-مۆڵەت

19-نیشتیمان مرشد-مۆڵەت

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

بەخێرهاتنی وەزیری کشتوکاڵ و ڕێکخەری نێوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و پەرلەمان و وەفدی یاوەریان ئەکەین، بەخێربێن، دیارە گفتوگۆکان گەشتوونەتە ماددەی (24)، ژمارەیەك ناو نووسراون بۆ ئەوەی قسە بکەن، فەرموو شەونم خان.

**بەڕێز شەونم محمد غریب:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ڕاستی دا ئەم بڕگەیە باس لەوە ئەکات کە کردنەوەی ئاگر لە دارستانەکاندا قەدەغەیە، بەڵام ئەبێ ئەوەمان بیرنەچێت کە پێویستە جێگایەکی تایبەت لەناو دارستان دا هەبێت، مەسافەیەکی تایبەت هەبێ بۆ ئاگر کردنەوە، بۆ ئەوەی هەرکەس نەچێت لە جێگایەك ئاگر بکاتەوە، بۆ نموونە مەسافەی چەند هەزار مەتر مورەبەعێك لە ناوەراستی دارستانێکدا بمێنێتەوە ، تەرتیب بکرێ، جێگای دانیشتن و مەقەلە و شتی لێ دابنرێت، بۆ ئەوەی هەرکەسێك چوو بۆ ئەو غاباتە سوودی لێ وەربگرێ، هەروەها بڕگەیەکی تریش هەیە پێویستە لە حاڵەتێك ئەگەر ئاگر کرایەوە و ئەو جێگایە سووتێنرا لە لایەن یەکێکەوە، پێویستە وەزارەتی کشتوکاڵ ئەو کەسە غەرامە بکات، دوایش چاك بکرێتەوە، سوپاس.

**بەرێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عبدالرحمن.

**بەرێز عبدالرحمن حسین ابابکر:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی سەبارەت بە ماددەی (24) کە باس لە ئاگر کردنەوە ئەکات لەناو غابات، ئێمە کە ئەچینە دەرەوە لە وەرزی بەهار ئەچینە ناو دارستان، ئەوە نووسیتی 200 مەتر دوور لە دارستان، کە دەچیە ناو دارستان لەوانەیە 2 مەتر دووربێ، بەڵام حکومەت ئەبێ ڕێوشوێنی تایبەت بگرێتە بەر، یان وەزارەتی کشتوکاڵ بۆ ئەوەی دارستان نەسووتێ، ئەگەر خەڵك نەچێتە ناو دراستان و ئاگر نەکاتەوە ئەدی بۆ کوێ بڕوا؟ کوردستان خۆشە بەو سەفرە و بەو خەڵکە، کە قەدەغەمان کرد بچن بۆ کوێ؟ خوشی خەڵك ئەوەیە بچنە ناو دارستان و چایەکە لەسەر ئاگر بکەن، ئەگەر هەر بە غاز بوو غازەکە لە گەل خو ببەنە ئەوێ، با دەرنەچن باشترە، خۆشی ئەوەیە چایەکە بەدار بکەن، ئەمە وا ئەکا خەڵك نەتوانێ دەربچێ، یەعنی پۆلیسەك ڕێگەی لێ بگرێ، وەرە تۆ بۆچی چوویتە ناو ئەو باغە و ناو دارستان، بەڕاستی ئەمە ژیان ناخۆش و بەرتەسك ئەکات، بەنیسبەت بڕگەی سێیەم کە دەڵێت 500 مەتر بۆ دروست کردنی پرۆژەیەکی پیشەسازی دووربێت لە غابات، من پێم وایە ئەو 500 مەترە کەمە، لە 1000 کێمتر نەبێ، ئەگەر وەکو مەسەلەن چیمەنتۆ بێ، هەندێکیش هەیە لە 500 کێمتر بی، چونکە جوانی ئەداتە ئەو غاباتە، ئەگەر لە 500 یش کێمتر بێ هیچ موشکیلە نابێ، یەعنی ئەبێ بە پێی گونجاوی ئەڤ پرۆژە ئێمە ئەبێ تەرخان بکەین، سوپاس.

**بەرێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك شوان.

**بەرێز شوان عبدالکریم جلال:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت  چوارەم لە ماددەی (24) من زۆر وازح نیە لە لام، ئەو ئاگرە چیە کە بە ئیجازە ئەکرێتەوە؟ ئەوەی کە ناکرێتەوە کامەیە؟ ئاگری بچووك هەیە، ئاگر هەیە بۆ چا لێنانە، بۆ خۆ گەرم کردنەوەیە، ئەوە لەناو دارستاندا ئەبێ، ئەو ئاگرەی کە ناکرێتەوە کامەیە؟ داواکارم لە لیژنەی پەیوەندیدار ئەو ڕوون کاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو شلێر خان.

**بەڕێز شلێر محی الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی (24) بڕگەی سێ کە ئەڵێ (بناء بیت للسکن)، بەڕێز وەزیریش فەرمووی، ئێمە لەو یاسایە جێی بکەینەوە؟ یەعنی تەحدید بکرێ، یاخود خۆیان بە ڕێنمایی هینی ئەکەن؟ چونکە کە باسی غابات ئەکرێ مەفروزە ئەو (بیت للسکن)ە ئەبێ ڕووبەرێکی تایبەت بێ، وەکو خۆم لەو بوارە ئیشم کردووە، زیاتر لە 100 مەتر مەجال نەدرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بەیان خان.

**بەڕێز بەیان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

چونکی بابەتەکە بەحسێ پارستنێ ل ئاگرێدا د ناڤ دارستانێ ل بەر هەندێ پێشنیارا زێدەکرنا بڕگەهێدی دکەم بی شێوێ هەنێ، (التبلیغ عن الحرائق وجرائم الغابات من قبل المواطنین)، پێتڤیا ئەڤەژی کو بابەتەکی ئیحتیاتی ئەڤ هەستە و ئەڤ هۆشیاریە ل دیڤ هاوولاتیان هەبیتن کو ئاگاهداریێ بکەن، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو پەیام خان.

**بەڕێز پەیام احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیار ئەکەم دوو فەقەرە زیاد بکرێ لە ماددەی خۆپاراستن لە ئاگر کەوتنەوە، لەم چوار فەقەرەیە باسی ئەو ئەکات کە نابێ هاوولاتی  هەندێ شت بکات، بەڵام پێویستە لەسەر وەزارەتی کشتوکاڵ ئاگر بڕ بکات بۆ ئەو ناوچانە، بۆ نموونە لەسەر شاخەکان، ئێمە ئەبینین کە لە شاخەکان ئاگرێکی زۆر ئەکەوێتەوە، ئەگەر وەزارەتی کشتوکال پێشوەخت ئاگر بڕ دروست بکات، ئەو شاخە تەقسیم ئەکرێ بە پانایی چوار مەتر، لەسەرەوەی شاخەکە تا بنەوە، بۆ ئەوەی کە ئاگریش کەوتەوە ڕێگە بگرێ لەو ئاگرە، زیاتر تەشەنە نەکات، دوو، لەسەر وەزارەتی کشتوکال و وەزارتی ناوخۆ  لەگەڵ شارەوانی پێویستە هێما دابنێن لەو شوێنانە، کە ئەوەندە مەتر نابێ ئاگر بکرێتەوە، ئەوەندە مەتر نابێ نزیکی دارستان ببین ئەبێ بە ڕێنمایی

و هێما دابنرێت، دواتر ئەبێ ڕاگەیاندن دەورێکی باڵای هەبێت، بۆ ئەوەی زیاتر خەڵك ئاگادار بکاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کوێستان خان.

**بەڕێز کوێستان محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیم لەسەر بڕگەی چوارە، کە ئەڵێ بۆ هیچ کەس نیە ئاگر لە دارستانەکانی هەرێم بەربدات، لە ئاخیردا دەڵێ تەنها بە مۆڵەتی پاراستنی دارستان نەبێت، ئایا ئەبێ بە مۆڵەت ئاگر لە دارستان بەربدرێت؟ پێم وایە ئەڵێ نزیکی 300 مەتر یان بەس بۆ ئەمەیانە؟ ناکرێ ئەوە بۆ هەردووکیان بێت، یەعنی بۆ هیچ کەسێك نابێت ئاگر لە دارستان بەربدات، بەبێ مۆڵەت، بە مۆڵەتیش، ئەبێ جیا بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو ئاهەنگ خان.

**بەڕێز ئاهەرنگ عارف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من جوابەکم هەیە بۆ بەڕێز وەزیر کە پرسی نسبەی دروست کردنی خانووبەرە، پێنج وڵات هەیە لە دونیا کە غاباتیان زۆرە و ڕێنمایی غابات و ئینتاجی غاباتیان زۆرە و مەوادەکانیان دەفرۆشن، (کەنەدا، بەرازیل، صین، روسیا، ئەمریکا)، ئەگەر بێی تەحدید بکەی کە چەند مەتر مورەبەع بێ ئەوە مواسەفاتی فەنییە، و ئەو مواسەفاتانە ئێستا لە دونیا بە (پێرسەنت) ڕەچاو دەکرێ، غاباتەکە چیە؟ نیسبەتی داری چیە؟ پێرسەنتەکەی چەندە؟ و دەبێ ڕێنمایەك دەربچێ لە وەزارەتەکە کە کۆدی غابات هەبێ، و تەعلیماتی مەواد، لە کۆدی غاباتیش پێنج فەقەرە هەیە لە ژێر ئەو فەقەرانە کە بە ناوی( م6ت) نیزامی مەتری، چونکە کە دارەکان دەبڕێتەوە بە نیزامی مەتر دەبڕێتەوە، ئەوە کاتی خۆی بۆ کۆدی غابات دەریان چوواند، بزات ئەو مەوادانە دەبێ بە گوێرەی مەتر بێ، هەتا لە بینا دروست کردن و شێوازی دروست کردنی بینا لە غابات و نیسبەتب چەندە ئەساسەکەی؟ حەفر کەن یان نا، مەجاری چۆن بکەن؟ (م، سکس، تی) کە 2005 دەرچوو زۆر وڵات ڕەچاوی کرد، ئەو ساڵی بایی 100 بلیۆن ئیشیان هەبوو لەسەر غابات، 60 ملیۆن دۆلار ڕەچاو کرا لە پرۆژەکە، تشتێکی تر هەیە بە ناوی (ئەمەریکەن وود کۆنسڵ)، شتەکی تر هەیە بە ناوی (بڵدینگ کۆد) ئەوانە هەموو ڕێنمایی بینا لە ناو غاباتی تێدایە، دەتوانین ئیمە بە گوێرەی غاباتەکانی خۆمان تەعلیمات دەربێنین، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك جلال.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مەسەلەی ئاگر بڕ ئێمە بڕگەیەکمان زیاد کردووە لە لیژنەی کشتوکال و ئاودێری، ئەتوانین لەو بڕگەیە جێگەی بکەینەوە، بەلاّم زۆر ئەستەمە لە دارستانە تەبیعیەکاندا، مەکائین ناچێتە ئەوێ، بەلاّم ئەبێ بکرێتە نەریتێك و جێگەی بکرێتەوە ڕاستە، مەسەلەی ئاگر کردنەوە لە (داخل غابات) هاتووە، چونکە ئاگر کردنەوە لە ناو غابات قەدەغەیە، ئەگەرنا ئاگربەردان لە غابات نابێ، بۆ مەسەلەی مەساحاتی خانووش کە بەڕێز وەزیری کشتوکال ئاماژەی پێدا، ئێمە ناتوانین لە یاساکە جێی بکەینەوە، بەلاّم ئەتوانین بۆی تەحدید بکەین بە تەعلیمات کە لە حدودی مەسافەی 100 مەتر بۆ 120 مەتر، ئەوە هینەکانی ئێمە بوو، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د. ڕۆژان.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لەوە دەکەین ماددەکە دابڕێژرێتەوە دوای وەرگرتنی تێبینی ئەندامان و ئەو بڕگەیەی کە لیژنەی یاسایی پێشنیاری کردووە زیاد بکرێ بە ڕیزبەندی بڕگەی پێنجەم.

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز جلال علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**الفصل الثاني**

**مكافحة الحرائق**

**المادة (25):**

**اولا: عند نشوب حريق في الغابة، فان لموظفي الغابات الاستعانة بكل شخص في المناطق القريبة من الغابة من اجل اطفاء الحريق، كما ان لهم الاستعانة بالدوائر الاخرى لاستعمال ما لديهم من الالات والادوات لاخماد الحريق.**

**ثانيا: للوزير او السلطة الادارية او مدير الغابات عند نشوب الحريق في الغابات ان يقرر وضع اليد على ما يلزم من الالات او المواد و وسائط النقل لاستعمالها في اعمال المكافحة شريطة تعويض مالكيها بعدئذ.**

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

## بەشی دووەم

## ڕێگە لێگرتنی ئاگر كەوتنەوە

**ماددەی (24):**

**یەكـەم: لـەكاتی ئـاگر كەوتنـەوە لـە دارسـتان دا فەرمانبـەرانی دارسـتان بۆیـان هەیـە داوای هاوكـاری لـە هەركەسێك بكەن لە ناوچەكانی نزیك دارستانەكە بە مەبەستی كوژاندنـەوەی ئاگرەكە، هـەروەها دەتـوانن داوای هاوكاری بكەن لە فەرمانگەكانی تر بۆ بەكارهێنانی هـەر ئـامێر و ئـامرازێكی كوژاندنـەوەی ئـاگر كـە لایان دەست دەكەوێ.**

**دووەم: وەزیر یان دەستەلاّتی كارگێڕی یان بەڕێوەبەری دارستان بۆیان هەیە لـە كـاتی كەوتنـەوەی ئـاگر لـە دارسـتان دا بڕیـار بـدەن دەسـت بگـرن بەسـەر ئـەوەی پێویسـت بـێ لـە ئـامراز و كـەل و پـەل هۆیـەكانی گواستنەوە تاكو لە كاری ڕێگە گرتندا بەكاری بێنن، بە مەرجێ دواتر قەرەبووی خاوەنەكانیان بكەنەوە.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**فەرموو د. رۆژان.**

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**پشتگیری ماددەكە ئەكەین، پێشـنیاری زیـاد كردنـی بڕگەیـەك ئەكـەین، بـە ڕیزبەنـدی بڕگـەی یەكـەم زیـاد بكرێ و بڕگەكانی 2/1 بكرێتـە 3/2 ، و ئـەو بڕگەیـەی كـە پێشـنیاری زیـاد كردنـی ئەكـەین بـەو شـێوەیە (وەزارەت دەبێ كەل و پەل و پێداویستی میكانیكی بۆ بەرەنگار بوونەوە و كوژاندنەوەی ئاگر دابین بكات و قولەی چاودێری ئاگر لەو شوێنانەدا دروست بكات كە دارستانەكە تێیدا زۆر چڕە).**

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**سوپاس، فەرموو زكیەخان.**

**بەڕێز زكیە صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**سەبارەت بڕگەی یەكەم و دووەم هیچ تێبینیمان نیە، بە نیسبەت سێیەم لیژنە پێشنیار ئەكات بەم شێوەیە بێـت( لەسـەر وەزارەت و لایەنـە پەیوەندیدارەكانـە بـە فەراهـەم كردنـی پێداویسـتی ئـاگر كوژاندنـەوەی میكانیكی یا دەستی لەگەل پێداویستیەكانی تر بۆ ئاگر كوژاندنەوە، هەروەها دروست كردنـی پەیـژەی ئـاگر گوژاندنەوە چاودێری ئاگر كوژاندنەوە لەو ناوچانەی دارستانەكانی بەرزە یان مام ناوەندیە. سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو تارا خان.

**بەڕێز تارا عبدالرزاق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری ئەکەین.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز د. سیروان بابان-وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**کەل و پەل بۆ ئاگر لە سەر وەزارەتی ناوخۆیە، بەو شێوەیە ئیتیفاق کراوە، دووەم، حەزئەکەین بڕگەیەك ئیزافە بکەین بە دووەم، (عند نشوب الحرائق في الغابە نتيجە وجوب ابراج الاتصالات او عمود الكهرباء او بسبب اي مشروع كان يلزم الجهة المسؤلة بتعويض الضرر الذي يحدد من قبل مديرية العامة)**

**بەڕێز د.ارسلان بایز_سەرۆکی پەرلەمان:**

**کێ تێبینی هەیە؟ (ئاشتی عزیز، کوێستان محمد، بەشیر خلیل، ئارام قادر، احمد وەرتی، عمر عبدالعزیز، حمە سعید حمە علی، جمال طاهر، تارا ئەسعەدی، پەیام احمد، کاوە محمد امین، صباح بیت اللە، قادر احمد، فاضل بشارتی)**

**بەڕێز ئاشتی عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**سەبارەت بەم بڕگەیە لە سێ فەقەرە پێك هاتووە وەکو ناوەڕۆك، بە بڕوای من هەرسێکی زیادەیە، یان بەدیلن ئەو پێشنیازەی لیژنەی یاسایی بۆ دابنرێت، یان بڕگەکە ئیلغا بکرێ، چونکە بەشێك لەو بڕگەیەی کە ئاماژە ئەکرێ بەوەی کە لە کاتی ئاگر کەوتنەوە کۆمەڵێك ڕێوشوێن بگیرێتە بەر ئەمە بەشێکە لە وەصفی وەزیفی ئەو فەرمانبەرانە خۆیان، واتا دیارە کە ئەبێ چی بکەن لەکاتی کارەساتی ئاوا، خاڵێکی تریش ئاماژە بەوە کراوە کە بە پێی یاسا بۆیان هەیە داوای هاوکاری بکەن لە خەڵکێکی نزیك یان شوێنێك کە نزیك بێت لەو ئاگرە، ئایا لەو کاتەدا کە تەصریحە قانونیەکە دەرئەهێنن لە ناو ماڵێك بێ کە لە ناو دارستاندا بێت، پێی ئەڵێن ئیستینادەن لەسەر ئەم قانونە پێویستە تۆ بێیتە دەرەوە و ئاگرمان لەگەڵدا بکوژێنیتەوە؟ یەعنی تەصریح پشاندان لە ناو قانوندا شتێکی زۆر مەحاڵە بتوانرێ عەمەلیەن ئیشی پێ بکرێت، و خاڵی سێیەم کە دەڵێ لە کاتی نەبوونی ئالیەتی پێویست ئەتوانرێ دەست بگیرێ بەسەر هەر ئالیەتێك کە پێویست بێ بۆ کۆنتڕۆڵی ئاگر، ئەمەش نەفەسێکی صوغرەی هەیە، بە زۆرە ملێ و بەزۆر کار پێکردنی بەرامبەر هەیە، نەفەسێکی جوان نیە، و ئەمە لە ڕژێمی پێشوودا بەکار ئەهێنرا، بۆیە پێشنیاز ئەکەم لە کاتی مانەوەی ئەو بڕگەیە بڕگەی لیژنەی یاسایی بەکار بێ، سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کوێستان خان.

**بەڕێز کوێستان محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش داوا کارم ئەو ماددەی کە لە لایەن حکومەت هاتووە ئیلغا بکرێ، ماددەکە بکرێ بەو بڕگەیەی کە لیژنەی یاسایی پێشنیاری کردووە، چونکە یەکەم، ئەوە تەعلیماتە، هیچ پێویست ناکا لە یاسا بنووسی ئەگەر پێویستت بە هاوکاری بوو داوا بکەی، کەس ڕێی نەگرتووە لە وەزارەتی کشتوکاڵ ئەگەر پێویستی بەهاوکاری بوو لە یاسادا جێی بکرێتەوە، داوا لە هەرکەس و فەرمانگەیەك بکات ئەبێ هاوکاری بکات، دووەم، بەداخەوە تەجروبەیەکی تاڵ هەیە زۆر جار وەزارەتەکان، حکومەت، لایەنەکان، دەستیان بەسەر موڵکی خەڵك دا گرتووە و دوایش قەرەبوو نەکراوەتەوە، زۆریشن ئەو کەس و کۆمپانیایانەی کە بەدەست ئەوە دەناڵێنن، بۆیە بە ڕەئی من ئەو دوو بڕگەیە زیادەیە، بەدیلی ئەو دوو بڕگەیە ئەو بڕگەی لیژنەی یاسایی بێ کە حکومەت خۆی پێویستە ئامراز و کەل و پەلی هەبێ بۆ کواژندنەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د. بەشیر.

**بەڕێز د. بەشیر خلیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت ماددەی (25) پشتگیری لە بۆچوونی لیژنەی یاسایی ئەکەم کە فەقەرەیەك ئیزافە بکرێ لە بارەی دابین کردنی کەل و پەلی کوژاندنەوە لە لایەن وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوەوە، من لێرە شتێکی تریش ئیزافە ئەکەم هەر لە هەمان فەقەرەدا باس بکرێ، ئەویش دابین کردنی بنکەی ئاگر کوژاندنەوە،لە هەر شوێنێکی کە غاباتی لێیە، یان لە نێوان دوو غابات، لە زمنی پۆلیسی دارستان، ئەوجا سەربە وەزارەتی کشتوکاڵە یان ناوخۆ گرنگ نیە، گرنگ ئەوەی لەگەڵ بوونی بنکەیەك بۆ پۆلیسی دارستان بنکەیەکیش بۆ ئاگر کوژاندنەوە هەبێت، خاڵی دووەم لە ثانیا: (للوزیر او السلطة الاداریة او مدیر الغابات عند نشوب الحریق في الغابات ان یقرر وضع الید)، وشەی (وضع الید) نارێکە، دەکرێ لە شوێنی ئەوە بڵێین (لهم استخدام هذه الالات عند الضرورة) ئەگەر بۆخۆی ئالەتەکەی نەبوو یان بەردەست نەبوو، ئالەتێکی تر لە شوێنیکی تر هەبوو بەکاری بێنێ، خاڵی سێیەم، سەیر ئەکەین فەصلەکە هەر بەناوی موکافەحەیە، موکافەحەی حەریق، یەك لە ڕێگاکانی موکافەحەش ئیعلام و ڕاگەیاندنە، بۆیە من پشتگیری لە ڕایەکەی پەیام خان ئەکەم کە گرنگی بە ڕاگەیاندن بدرێ، بەکاربن بە تایبەتی لە کاتی دروێنەی دانەوێڵە، یان لە کاتی سەیرانی خەڵك، ڕاگەیاندن یەکێ بێ لە هۆکارەکانی موکافەحە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك ئارام.

**بەڕێز ایوب نعمت (ئارام):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مـن پێشـنیار ئەكـەم كـە بڕگەیـەك زیـاد بكـرێ، ئـەویش قـەرەبوو كرنـەوەی ئـەو جوتیارانـەی كـە دارسـتانەكانیان، یـاخود بێستانەكانیان دەسـووتێ، بـەلاَم بـێ تەقصـیری خۆیـان، چـونكە بـۆ جوتیـار هـیچ بڕگەیەك و ماددەیەكی تێدا نیە لەم یاسایە، لەكاتێكدا سـالآنە ئـەم كێشـەیە هەیـە، قـەرەبووش ناكرێنـەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك احمد.

**بەڕێز احمد ابراهیم(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشتگیری لە پێشنیاری لیژنەی یاسایی ئەكـەم، كـە بەڕێوەبەرایـەتی ئـاگر كوژاندنـەوە لـە ناوچـەكە هـەموو كەل و پەلێكی ئاگر كوژاندنـەوە ئامادە بكەن، وەك ئامێری ئاگر كوژاندنەوە، یان سەیارەی ئاگر كوژاندنەوە، بۆ ئەوەی لەو حاڵە ڕزگار بین كە ئەڵێ فەرمانبەرانی دارستان، یان بەڕێوەبـەری دارسـتان بـۆی هەیـە داوای هاوكاری بكات، یان بڕگەی دووەم ئەڵێ دەتوانن داوای هاوكاری بكەن لە فەرمانگەكانی تـر بۆ بـەكار هێنـانی هەر ئامرازێكی كوژاندنەوە، من پێم وایە بكرێتە ئیلزامـی، واتـە هـەر فەرمانگەیـەكی نزیـك بـەو ناوچـەیە پێویستە بەهانایەوە بچن، نەك بۆیان هەیە داوای هاوكاری لێ بكەن، و سەبارەت بە فەقەرەی دووەمیش لـە ڕاستی دا منیش پشتگیری لە ڕای هاوكارانم ئەكەم كە ئەمە بە جۆرێك لە صوغرە دێتە بەرچاو، ئینجا بـە شێوەیەكی عمومیش هاتووە، ئەڵێ (بۆیان هەیە دەست بگرن بەسـەر ئـەوەی پێویسـت بـێ)، نەشـوتراوە كـە زۆر زۆر پێویست بێ ئینجا بەكاری بێنن، دواتر قەرەبووی خاوەنەكانیان بكەنەوە، چۆن ئەخەملێنرێت ئەم قەرەبووە؟ چ لایەنێك ئەم قـەرەبووە تەقـدیر ئـەكات؟ لـە زۆر ناوچـەی كوردسـتان هەیـە ئـاگر كەوتۆتـەوە، هاوولاَتیـان خۆیـان ئاگرەكـەیان كوژاندۆتـەوە، گلەیشـیان لـەوە هـەبووە دامودەزگـای حكومـەت بـە هانایـان نەچوونە، لێـرە پێچـەوانە بۆتـەوە، حكومـەت داوا لـە هاووڵاتی ئـەكات، بۆیـە پێویسـتە ئـەو ماددەیـە بـەو شێوەیە دابڕێژرێتـەوە كـە حكومـەت ئیلـزام بكـرێ هـەم كـەل و پـەلی پێویست، و ئامێرەكانی كوژاندنـەوە ئامادە بكات، و بە شێوەیەكی زۆرە ملـێش داوا نـەكرێ لـە هاوولاَتیـان بـۆ داگیر كردنـی كـەل و پەلـەكانیان، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك عمر.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من قسەکانم کران بەڵام بە تەعبیرێکی تر قسەکانم ئەکەم، چونکە لە بڕگەی تریشدا ئاماژەمان کرد بەو موفتەرەحە، زۆرێك لەو فەقەرانەی کە ڕابردن بە ڕاستی تەعلیمات و ڕێکارن، حەق وابوو بەجێ بهێڵرێ بۆ وەزارەتی کشتوکاڵ، حدودی (36) مادده هەیە لەم یاسایە بە ڕەئی من 10، 15 ماددەیان بەڕاستی زیادەن، هەموو ئەوانەی کە باسی قەدەغە ئەکات ئەکرێ بخرێتە ماددەی 26 ەوە کە باس لە عقوبەکان ئەکات، یەعنی بڵێ ئەوەی ئەوە ئەکات ئەوە عقوبەیەتی، ئەم ماددەیەش بە شێکە لەو ڕێنوێنیانە، و ئیلزامیشی نەکردووە وەکو کاك (احمد) باسی کرد، تۆ ئەڵێی بۆی هەیە کارمەندەکە وا بکات، ئەی ئەگەر نەیکرد؟ قانون ئەبێ عقوبات دانێ، ئەڵێ بۆی هەیە کە ئیستیعانە بکات بە هاووڵاتیان، ئەگەر نەیکرد؟ یاساکە حەسمی ئەو بابەتەی نەکردووە، لەبەر ئەوە ئەبێ ئەو عیباراتە کە ئەڵێ (عند نشوب حریق في الغابة فان علی موظفي) ، ئەبێ وای لێ بکرێ، نەك ئەوەی تر، و لە بڕگەی دووش (للوزیر او السلطة الاداریة) یان بکرێ (علی الوزیر) بۆ ئەوەی ئیلزامێکی تێدا بێ، هەرچەند من لەگەڵ ئەوەم کە ئەو دوو بڕگەیە لابچێ، چونکە تەعلیماتە، هیچ پێویست ناکا لەناو یاساکە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك حەمە سعید.

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە داخەوە لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوو دارستان و لەوەڕگاو هەندێك کێڵگەی جوتیاران بە بەروبوومی دانەوێڵە تووشی سووتان بوو، بۆیە پێم باشە لە بڕگەیەك لیژنەی یاسایی و لیژنەی کشتوکاڵ باسی لەوەرگاو باسی کێڵگەی دانەوێڵەش بکات، یەعنی باسی دارستان کراوە وە باسی قەرەبووی جوتیاریشی تێدا بکرێ، ئەو جوتیارانەی کە بەروبوومەکانیان دەسووتێ قەرەبوو بکرێنەوە، خاڵەکی تر لێرە باسی سووتانەکەی دەکات، بەس باسی ئەو کەسەی شەخصەکە یان هەر جیهەتێك بێ هۆکاری ئاگرکەوتنەوەکە باسی عقوبەدانەوەکە نەکراوە باسی عقوبەی ئەو کەسە بکرێ، ئەگەر لەماددەی تردا باس نەکراوە، خاڵێکی تریش منیش پشتگیری ئەو ڕایە دەکەم کە هۆشیاری ڕاگەیاندنەکان بۆ هۆشیارکردنەوەی هاووڵاتیان و هۆشیارکردنەوەی هەموو لایەك بۆ ئەوەی ئاگادار بن لە نزیکی ئاگرکەوتنەوە لە نزیکی دارستان و کێڵگەو لەوەرگاکان ئاگر نەکەنەوە، خاڵێکی تر بەڕاستی ئەوە زۆر گرنگە وەزارەت، حکومەت خۆی دەبێ لە نزیکی هەر لەوەرگایەك یان هەر دارستانێك یان هەر کێڵگەیەکی جوتیاری لە شوێنێکە، دەتوانم بڵێم بنکەیەکی سەر بە وەزارەتی کشتوکاڵ بێ، بنکەیەکی ئاگر کوژانەوەو ئەو هۆکار و پێویستیانەی ئاگر کوژانەوەی تێدا دابین کرابێ، حکومەت خۆی دابینی بکات نەك لەکەسێکی تر بێ، باشە لە حاڵەتێ ئەوەش کافی نەبوو

ئیستیعانه به خەڵکی تر بکات باشه، بەڵام خۆی بنکەیەك لەلایەن وەزارەتەوە بۆ کوژانەوەی ئاگری دارستان و کێڵگەکان و ئەو هاوشێوەکانی بێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز فەرمووکاك جمال

**بەڕێز جمال طاهرابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

من مولاحەزەم تەنها ئەوەیە لە خاڵی دووەم دەڵێت (للوزیراو للسلطة الاداریة او مدیر الغابات) پێشەکی للوزیر یەعنی کەس دەست نیشان کردیە دواتر(مدیر الغابات) لە نێوان دا (السلطة الاداریة) یە، ئەگەر مەبەستیان قائیمقامە، موحافزە، مودیر ناحیەیە، پێم باشە یان ئەوەی متەداولە لای ئێمە (رئیس وحده الاداریه)یە بۆیە دەبینم باشترە بڵێین (للوزیر) او (رئیس الوحده الاداریه)یە او (مدیر الغابات) ئەگەر مەبەستیان قائیمقامە، موحافزە، مودیر ناحیە بێ، چونکە لێرە بڕیاردان (وضع الید)ە بۆیە دەبێت ئەو کەسە دەست نیشان بکرێت وەك بۆ وەزیر دەست نیشان کرا بۆ (مدیر الغابات)یش بکرێ. سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز فەرمووتارا خان

**بەڕێز تارا تحسین ئەسعەدی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

بەڕاستی ئەمە وەکو لە موکافەحەی حەرائیقە من وا بەباشی دەزانم ئەم دوو فەقەرەیە یەکەمیان بەو شکلە بێت ( علی الوزارة توفیر جمیع المستلزمات االلازمة للاطفاء لكي یقوم موظفی الغابات اثناء الحرائق استعمال كل ما یملكون من ادات والات موجوده من اجل اطفاء الحرائق وعند الضرورة وعدم الاكتفاء الاستعانة بالدوائر الاخرى لاستعمال ما لدیهم لأخماد الحریق) ئەوە کافیە بۆ ئەوەی مەعناکەی هەردوو لایەنەکە دەگرێتەوە کە وەزارەت مولزەمە کە هەیبێ، بەڕاستی چەند داتامان هەیە چەندیان سەیاراتی ئیتفاء ئێمە زۆر جار دەبینین ئەو هەموو حەریقانە کە دەبێت لە ڕەزو لە باخاتەکانمان، خەڵکەکان زیاتر دەکوژێننەوە لەوەی کە سەیاراتەکان هەتا ئەگات عەدەدی ئەو سەیارانە یان ئەو کەلوپەلانەی کە دائەنرێ بۆ ئاگر کوژینەوە مەفروزە زیاتر ببێ، وەزارەت خۆی مولزەمە ئەوانە هەمووی تەوفیر بکا، نەك لە خاڵی دووەم هاتووە دەڵێ( وضع الید علی ما یلزم من الات) نازانم هەر ئوسلوبەکە سەیرە ئەوە ئیشی وەزارەتە ئالەتی خۆی تەوفیر بکا عەدەدەکەی زیاد بکات تەوعیەی خەڵك زیاد بکات، کە ئەگەر پێویست بوو لە حاڵەتێ بەشی نەکرد، بێت ئیستیعانە بکات وە تەعویزیان بکاتەوە لەو شتانەی کە بە کاری هێناوە بەو ئیقتیراحەی کە من بەیەك خاڵ بە عەرەبی خوێندمەوە هەردووکی دەگرێتەوە بەو شێوەیە وە لە کوردیەکەش بەڕاستی لە ماددەی دووەم بە هەڵە شتێك نووسراوە کە بەمەرجێ نووسراوە ئەگەر چاکرێتەوە بە کوردیەکە باشە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز فەرموو پەیام خان.

**بەڕێز پەیام احمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

پشتگیری ئەو پێشنیارەی لیژنەی یاسایی دەكەم، چونكە ئەو دوو خاڵە تەحصیلێ حاصلە یەعنی ئەگەر بمێنێتەوە، بەڵام ئەگەر هەر هات و مایەوە ئەو پێشنیارەی تارا خان زۆر جوان بوو ئەو فەقەرەی كە خوێندیەوە شتەكانی لە خۆی كۆكردەوە، دەكرێ ئیزافەی ئەوەش بكرێ كاتێك كە ئاگرەكە ڕوودەدا كە سەیتەرە ناكەوێتە سەرێ ئەو موەزەفە یان ئەو بەرپرسە لەو ناوچەیە بێ دەتوانێ ئەو دارستانەی لە تەنیشتیەوە كاك جلال چاكتر دەزانێ ئەو دارستانەی تەنیشتی ئیستیعانە بكات بیبڕێت بۆ ئەوەی ئەو دارستانە بسووتێنی ئەو تەخویلە بكرێ، كە بتوانێ ئەو ئیجرائاتە بكات پارچەكەی تر دابڕێت و بیسووتێنی بۆ ئەوەی لەو كێشەیە رزگاری بێ، چونكە لەو كاتەیە ئیتر ئاگرەكە تەشەنە ناكات بۆ دارستانەكانی تر، بەڵام دەكرێ ئەبێ دوای ئەوە تەعویز بدرێ، چونكە ئەو قەرەبووە زۆر گرنگە، هەروەها ماددەی دوو ئەو (وضع الید)ە بەڕاستی برادەران زۆر باسیان كرد، دەكرێ ئەو موصتەلەحە شتێكی تری بۆ بدۆزنەوە، سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز فەرموو ماموستا كاوە.

**بەڕێز كاوە محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش هەر تێبینیم كردیە بەڕاستی مەسەلەی ڕاگەیاندن وشیار كردنەوە لێرە وجودی نیە، زۆر پێویستە لەبەر ئەوەی مەسەلەی ئاگر كەوتنەوە لە غابات مەسەلەیەكی زۆر گەورەیە، پێویستی بە وشیاركردنەوەو دەوری ڕاگەیاندنیش هەیە ئێمە بتوانین نووسرا (باب الرابع) ئەگەر لەبابی چوارەم فەصڵی یەكەم و دووەم نەبێ دەتوانین ئێمە مەسەلەی ڕاگەیاندن هەر لەو بابە بكەینەوە بێ ئەوەی فەصلی یەكەم و دووەمی تێدا بێیتن، چونكە ڕاگەیاندن لێرە دەوری خۆی هەیە، هەروەها لە ماددەی (25) فەقەرەی دووەم جگە لەو تێبینیانەی هاوكاران باسیان كرد (وضع الید علی ما یلزم)لێرە تۆزێك بە نادیاری باس دەكرێ،(وضع الید علی ما یلزم من الالات والمواد ووسائل النقل الغیر الحكومیة) ئەگەر ئیشارەتی پێ بدرێ لەبەر ئەوەی ئەهلیە هی خەڵكی مەدەنیە الغیر حكومیە بێتن (لأستعمال في اعمال المكافحة شریطة تعویض مالكها بعدئذ) ئیشارەتی پێ بدرێ پێم باشترە، زۆر سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز فەرموو كاك صباح.

**بەڕێز صباح بیت الله شکری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی (25) فەقەرەی (1) لە ئاخیری جوملە کە دەڵێ (بالدوائر الاخری لأستعمال ما لدیهم من الالات والادوات ) پێشنیار دەکەم ئەوەش ئیزافە بکرێتن (وکذلك وسائل الاعلام، لاعلام المواطنین بالمساهمة في إخماد الحریق) دیسان پشتگیری لە لیژنەی کشتوکال و ئاودێری دەکەم بۆ زیاد کردنی فەقەرەی سێیەم لەم ماددەیە، سوپاس،**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێز فەرمووو کاك قادر.**

**بەڕێز قادر احمد سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەشی دووەم ماددەی (25) ڕێك ڕێگەگرتنە لە ئاگرکەوتنەوە ئێمە ئەگەر تەماشای سروشتی هەرێمی کوردستان بکەین، هەرێمی کوردسان ناوچەیەکی زۆری دارستان شاخاویە، ئەو کەل و پەلانەی ئێستا لە هەرێمی کوردستان هەن بۆ کوژانەوەی ئاگر لە دارستانەکان هەرگیز ناتوانێ حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕێگری بکات لە کوژانەوەی دارستان، ئەو دارستانانەی ئێمە ناوچە شاخاویەکان هیچ ڕێگایەکیان نیە بۆ بەکارهێنانی ئەو کەل و پەلەی ئێستا سەیارە هەیە، بۆیە من پێشنیار دەکەم یەکەمیان فەرمانگەی تایبەت بە کوژانەوەی ئاگری دارستان دابنرێ، وەسیلەکانی کوژانەوەی ئاگری دارستان بە پێی سروشتی هەرێمی کوردستان دابین بکرێ، ئێمە لە هەرێمی کوردستان ئێستا چەند هەزار پۆلیسێك بەناوی پۆلیسی ئاگر کوژانەوەمان هەبێ، لە هەموو قەزاو نا حیەیەکیش هەمانە وەیەکێك لە ئیشەکانی پێیان ڕاسپاردراوە ئەوەیە کە ئاگری دارستان بکوژێننەوە، بەڵام لە ناوچەیەك لە بەینی ناحیەی گاپیلۆن حەتتا قەزای دوکان سێ شەو و ڕۆژ پار ئاگر هەبوو کەس نەیکوژاندەووە، کەواتە ئەو پۆلیسە ناتوانێ ئەو مەهامی ئاگر کوژانەوەیە دابین بکا، وەسیلەی ئاگر کوژانەوەی ناوچە شاخاویەکان، ئێمە خۆش بەختانە لە هەرێمی کوردستان ئەمڕۆ دوو فڕۆکەخانەمان هەیە، وە فڕۆکەخانەی باشن دەتوانین بە وەسیلەی خێرا بە دابین کردنی کۆپتەر یان تەیارەی ئاگر کوژانەوە وەکو لە وڵاتان پیشان دەدرێ لە جیاتی سەرف کردنی پارە بەناوی پۆلیس و شێوازی تری پۆلیسەوە لەو دوو فڕۆکەخانەیە ئیستیفادە وەربگرین وەسیلەی سەردەمیانەی کوژانەوەی ئاگر لە ناوچە شاخاویەکان دابین کەی، سوپاس،**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێز فەرمووو کاك فاضل.**

**بەڕێز فاضل محمد قادر(بەشارەتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ماددەی (25) بەڕاستی من وای دەخوێنمەوە تەقریبەن حکومەت مەسئولیەتی لە سەر خۆی لابردووە لەم ماددەیە بۆ مەسەلەی کۆنترۆڵ کردنی ئاگر، برای بەڕێزم کاك قادر ئیشارەتی دا یەك دوو لەو بڕگانە هەمووومان دەزانین وەسیلەی ئاگر کوژانەوە لە زۆربەی وڵاتانی دونیا لە شوێنە عاسیەکان بەهۆی تەیارەوە کۆنترۆڵ دەکرێ، ئێمە تا ئێستا ئەو وەسیلەمان نیە وە لەزۆربەی ناوچەکانی کوردستان لەو ناوچانەی کە زۆر شاخاوی و دارستانن کە ئاگر ئەکەوێتەوە بەڕاستی ئەو ئاگرە ئەڕوا تا ئەو شوێنەی خۆی کۆتایی دێ کۆنترۆڵ نەکراوە، نەکوژاوەتەوە، بۆیە من پێشنیار دەکەم هەتا ئەو کاتەی کە وەسیلەی کۆنترۆڵ کردنی ئاگر لە کوردستان پەیدا دەبێ یان ئەو جادانەی بەهۆی حەربی ئێران و عێراقەوە دروست کراوە نۆژەن بکرێتەوە بۆ ئەوەی زووتر فریای سەر شاخەکان بکەون بۆ کۆنترۆڵ کردنی ئاگرەکان، یان لە سەر شاخەکان وەسائیلی ئاگر کوژانەوەو کۆنترۆڵ کردنی ئاگر دروست بکرێ لە ئاوو وەسیلەی ئاگر کوژانەوە، بۆیە بەڕاستی ئەگەر بەم شکلە بڕوا، چونکە ساڵانە عەدەدەکی زۆر چەندین هەزار دۆنم دارستان و پوش وپەڵاش لە کوردستان دەسووتی و کونترۆڵ ناکرێ، ئەگەر بەم شکلە بڕوا بەڕاستی ئێمە زۆربەی دارستانی چیاکان لە دەست دەدەین کە دارستانەکانیش سامانێکی نیشتیمانی و نەتەوەیین پێویستە پارێزگاری لێ بکرێ، چونکە جوانیەکی باش بە وڵاتەکەمان دەبەخشێ، باشتر وایە ڕێ و شوێنی جدی لەبەر بگیرێ، مادام بەڕاستیەکەی ئەو ماددەیەیە زۆر بە باش دەزانم کە داڕێژراوە، چونکە ئەگەر کەسێك کۆخێکی هەبێ لە شوێنێکە بۆ گەشتیاری خۆی، ئەوا کوا وەسیلەی ئاگر کوژانەوەی هەیە، ئەگەر حکومەت بۆ خۆی دابینی نەکا بۆ کۆنترۆڵ کردنی ئاگرەکان ئەگەر وابێ ئێمە زۆربەی دارستانەکان لەدەست دەدەین، سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

وەڵلا ڕەئیەك هەیە دەڵێ بابی دوو (اجرائات حماية الغابات) ئەو دوو بڕگەیە ناچنە ئەوی، بۆ ئەوی نەقل بکرێن بۆ ئەوە (وقاية من الحرائق ومكافحة الحرائق) ئایا بچێتە بابی دوو(اجرائات حماية الغابات) باشتر نیە، بەهەر حاڵ، بەڕێز فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێزسیروان بابان /کشتوکاڵ وسەرچاوەکانی ئاو**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

کێشەیەك هەیە ئێمە ئەمانەوێ بە قانون تەنزیمی بکەین بەشێوەیەکی واقیعی بیکەین، واقیعەکە پێمان دەڵی ئێستا لە کوردستان، چوار ملیۆن و نیو دۆنم غاباتمان هەیە، ئەو جێگایانەی لێین شاخاوین و سەختن، یەعنی بەڕاستی بە واقیعیەت وەزارەت ئیمکانیەتی نیە کەوا بنکەی ئاگر لەوێ دانێ ئەمە یەك. دووەم: لە زۆربەی جێگاکان کە بنکەی ئاگر لەناو شاخەکانە سەیارەو  شت ناگاتە ئەوێ ئەوە پرنسپڵەکەیە، لەبەر ئەوەی من لێی تێبگەم لە 2007 داڕێژراوە، دانراوە، بەڵام لە فکرەکەی تێدەگەم داوا لە هاووڵاتیان دەکەین کەوا هاوکاری بکەن لەبەر ئەوەی تۆ باسی حەقی عام دەکەی ئەمە یەك پرنسیپڵ، دووەم برادەران باسی

ئەحكاميان كرد، ئەحكام لە ژێر ماددەی دوای ئەوە دێت كە پێنج ئەحكام دەڵێ ئەگەر ئەوە نەكرا چی ئەكرێتن؟ برادەران داوای ئیعلامیان كرد كە شتێكی زۆر زۆر باشە، بەڵام نایێتە ئێرە، چونكە ئیعلام ئێمە باسی موكافەحە دەكەین لێرە، چونكە ئاگرەكە دروست بووە، چۆن تەعامولی لەگەڵ دەكەی، ئیعلام دەبێ بچێتە پێشەوە كە ویقایەیە ئەبێ بچیە ژێرەوە، سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز فەرموو لیژنەی یاسایی.

**بەڕێزد. ڕۆژان عبدالقادر احمد: (لیژنەی یاسایی)**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

دوای وەرگرتنی تێبینی ئەندامان لەلایەن هەردوو لیژنە و دواتر ماددەكە دادەڕێژینەوە بەشێوەیەك كە ئەو كارانەی قەدەغەیە هەموو هەوڵدەدەین لە یەك ماددە كۆی بكەینەوە بۆ نموونە هەندێكی پەرش و بڵاوە، هەندێكی لە ماددە(4) باس كرایە، هەندێكی لە ماددە (20)و(22)و(24)و لە دوای ماددە بیستەكە، ئەوانە هەموو هەوڵ دەدەینەوە ئەوانەی كە قەدەغەیە ناكرێ ئەو كارانە بكرێن لە یەك ماددە بەچەند بڕگەیەك كۆی دەكەینەوە ئەوە تێبینی منە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز فەرموو لیژنەی كشتوكاڵ.

**بەڕێز جلال علی عبدالله: (لیژنەی كشتوكاڵ)**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

پێشنیارەكەی ئێمە كە زیاد بكرێ نووسیومانە (على الوزارة توفير أدوات ومستلزمات مكافحة الحرائق الميكانيكية واليدوية) یەعنی ئەمە مەعنایەكی شمولیە كە میكانیكی فڕۆكەش دەگرێتەوە، بلدۆزەریش دەگرێتەوە، سەیارەش دەگرێتەوە، حەریق لەگەڵ یەدەوی مەسەلەن باس لەوە كرا چەندین پۆلیسی غابات هەیە، ئەگەر سەیر كەین كە ئاگر دەبێ لقێ لە دارێ ئەكەنەوە، یەعنی كە ئێمە دەڵێین تەوفیری مەوادی لازمە دەبێ جلیان بۆ پەیدا بكرێ كە نەسووتێ، خاكەنازیان بۆ پەیدا بكرێ، پێڵاویان بۆ پەیدا بكرێ چەند حەریق بۆ خەڵك مەسائیلی غازیان بۆ پەیدا بكرێ، یەعنی ئەمانە هەمووی وەسائیلە، بەڵام بە عام وتوومانە لە مەسەلەی ماددەی یەكەمیش (الاستعانە) پەنا بردنە بەر خەڵك، یەعنی زۆر نیە من (استعانە) بەیەكێك دەكەم، یەعنی پەنای بۆ دەبەم كاكە وەرە یارمەتیم بدە، ئەو مەسەلەی (وضع الید) ە ڕاستە لە یاسا كۆنەكە دایە ئەگەر بكرێ بە (استخدام) شتێكی زۆر چاكە ئەوەی كە وترا (رئيس الوحدة الادارية وعندة الضرورة) ئەوە شتێكی گرنگە كە بتوانێ (استخدام)ی بكا، بەڵام ئەوەش (استعانة)یە ئەو ماددەیەی كە ئێمە پێشنیارمان كردووە لیژنەی یاسایی پشتگیری كردووین، ئەوە عامە شمولی هەموو شتەكان دەكا وەئەشكرێ لە ماددەی یەكەم دەكات كە دەڵێ (الاستعانة بالدوائر الاخرى لاستعمال المادي من الالات والادوات

لاخماد الحريق وكذلك الاستعانة بوسائل الاعلام، الرسمية والغير الرسمية) دەتوانین ئەوەش ئیزافە بکەین کە (استعانە) بەوان بکرێ، مەسەلەی هیماش گرنگە، ڕاست دەکا ئیشارەتی پێ بدرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز فەرمووو لیژنەی ژینگە.

**بەڕێز تارا عبدالرزاق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پشتگیری لە ماددەکە دەکەین و هەروەها پشتگیری لەو بڕگەیەش دەکەین کە لیژنەی کشتوکاڵ پێشنیاری زیاد کردنی کردووە، سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمووون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

الباب الخامس/ الاحكام الجزائية/ المادة(26) اولا: كل من خالف حكماً من احكام الفقرات (1، 2، 3، 4، 5، 6، 7، 8) من البند. ثانيا: من المادة (4) من هذا القانون يعاقب بالحبس مدة لا تزيد على سنة او بغرامة لا تزيد على ثلاثة ملايين دينار.

ثانياً: كل من خالف حكماً من احكام الفقرتين(ط، ي) من الفقرة (ثانياً) من المادة (4) من هذا القانون يعاقب بالحبس مدة لا تزيد على سنتين او بغرامة لا تقل على خمسة ملايين دينار و لا تزيد على عشرة ملايين دينار او بكلتا العقوبتين معاً.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بە کوردیەکەی.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەروازەی پێنجەم حوکمەکانی سزادان ماددەی (26) یەکەم: هەر کەسێك سەرپێچی حوکمێك لە حوکمەکانی بڕگەکانی (1، 2، 3، 4، 5، 6، 7، 8) لە بەندی دووەم لە ماددەی (4) لەم یاسایە دا بکات سزا دەدرێ بە بەندکردن کە لە ساڵێ زیاتر نەبێ یان غەرامەیەك کە لە سێ ملیۆن دینار زیاتر نەبێ،

دووەم: هەر کەسێ سەرپێچی بکات لە حوکمەکانی هەردوو بڕگەی (9، 10) لە بڕگەی دووەم ماددەیەی چوار لەم یاسایەدا سزا دەدرێ بە بەند کردن لە دوو ساڵ زیاتر نەبێ یان بە غەرامەیەك کە لە پێنج ملیۆن دینار کەمتر نەبێ وە لە دە ملیۆن زیاتر نەبێ یاخود هەردوو سزا بە یەکەوە،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز فەرمووو لیژنەی یاسایی.

**بەڕێزد. ڕۆژان عبدالقادر احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

ئێمە لە لیژنەی یاسایی داوای داڕشتنەوەی ماددەكەمان كردووە، ماددەكە بەو شێوەیە، بڕگەی یەكەم سزای گرتن لە سێ مانگ كەمتر نەبێ وە لە ساڵێك زیاتر نەبێ یان بە بژاردن، واتە غەرامە كە لە (250) هەزار دینار كەمتر نەبێ وە لە سێ ملیۆن دینار زیاتر نەبێ ئەو سزایە دەسەپێ بە سەر هەركەسێك كە سەر پێچی حوكمەكانی بڕگەكانی (1، 2، 3، 4، 5، 6، 7، 8) بڕگەی دووەمی ماددەی چوارەمی ئەم یاسایە دەكات.

دووەم: سزای گرتن لە ساڵێك كەمتر نەبێ وە لە دوو ساڵ زیاتر نەبێ یان بە بژاردن لە پێنج ملیۆن دینار كەمتر نەبێ و لە (10) ملیۆن دینار زیاتر نەبێ یان بە هەردوو سزاكە هەركەسێك سزا دەدرێ كە سەرپێچی لە بڕگەكانی (9، 10)ی بڕگەی دووەمی ماددەی (4) ی ئەو یاسایە كرد.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز لیژنەی كشتوكاڵ.

**بەڕێز زكیە سید صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

ئێمە تێبینیمان لەسەر ئەوە نیە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز  لیژنەی ژینگە.

**بەڕێزتاراعبدالرزاق محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

ئێمەش تێبینیمان نیە لە سەر ماددەكە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێزد. سیروان بابان/ وەزیری كشتوكاڵ و سەرچاوەكانی ئاو.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

لە ژیر اولا: لە ناو قەوسەكە پێشنیار دەكەین كەوا (11) ئیزافە بكرێ پاش (8) یانزە شتێك بوو كە باسمان كرد لێرە باسی  فڕاك مە یتەیشن غابەی كرد كە چووە ژێر ئەوە لە ژێر دووەمیش (ط، ي) یەكە نیە وەكو خوێندیانەوە، بەڕاستی خۆی (9، 10) یە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**کێ تێبینی هەیە؟ ( عبدالرحمن حسین ابابکر، فاضل محمد بەشارەتی، شەونم محمد غریب، سەردار رشید محمد، پێشەوا توفیق مغدید، ڤیان عبدالرحیم عبدالله، بێریڤان اسماعیل سەرهەنگ، ئەڤین عمر احمد، گولێزار قادر اسماعیل) ئەم بەڕێزانە ناویان نووسراوە، بەڕێز فەرموو کاک عبدالرحمن.**

**بەڕێز عبدالرحمن حسین ابابکر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

**سەبارەت بە ماددەی (26) لەم یاسایەدا باس لە سزاکانی دەکا من پێم وایە ئەمە باشترین ماددەیە هەر کە بڵێین ئەگەر ئەم ماددەیە حیفازو پاراستنی لە سەر دارستان دەکا، یەعنی زۆر موهیم و گرنگە لەناو ئەم یاسایەدا، بەڵام کە دێی سەیری دەکەی ئێمە هەموو جارێ پەنا دەبەینە بەر سجن، فلان کەس وای کرد بیبەینە سجن، فلان کەس وای کرد، وای لێ بکەن ئەمە بەڕاستی بە ڕەئی من سجن لێرە نەمێنێ، غەرامە زۆر شتێکی باشە، بەڵام غەرامە بەو شێوەیە نەبێ کە بڵێ لە سێ ملیۆن کەمتر نەبێ، با ملیۆن و نیوێك بێ، قەی چی ئەکا با شتەکە تۆزێ کەم بێ، ئاسانی بکەین لەبەر خەڵکەکە، ئێمە ڕقمان لە خەڵکی خۆمان هەیە، ئەگەر هەموو دوژمنی ئەم خەڵکەینە قەیناکە با بڵێین (20) ملیۆن بێ، با هەر چووینە ئەوێ سەری لێ بدەی، ئەمە ناکرێ بەو شێوە بی، یەعنی بەو شێوەیە ئێمە ڕەق بین لەگەڵ ئەم خەڵکە با هێواش هێواش لەگەڵ بچین و خەڵکەکە ئیعلانی بۆ بکەین و قتعە لێ بدەین و حکومەت هەڵسێ بە قتعە لێدان لە ناو غاباتەکە لە جێیەکا کە بڵێ ئەوە قەدەغەیە نابێ لەمیە بکرێ، لەمیە وابێ، هەر یەکسەر بچین بۆ سجنەکە و سجنی بکەین و غەرامەیەکی سێ، چوار ملیۆنی لەم خەڵکە وەربگرین ، یەعنی بەڕاستی بە ڕەئی من شتێکی نەگونجاوە لەگەڵ ئێمە کەلەگەڵ میللەتی خۆمان هەڵس و کەوت بکەین من پێم وایە بە ملیۆن و نیوێك باشترە، سجنیش تێدا نەمێنێ، چونکە سەبارەت بەم برگانەی کە دەڵێین لە برگەی یەکەم کە دەڵێ دامەزراندن یان گۆڕین من جاری تریش قسەم کرد گۆڕین مەسەلەن غاباتەك هەیە، من زەویەکم هەیە شاخە داری تێدایە، دار مازی و بەڕووی تێدایە، من دەمەوێ ئەم دار بەڕوو و مازیە ببڕم گێلاس و باوی لێدەدەم، ئەرێ باشە بە من بڵێ چۆن ئەو دارە بڕی کردتە غاباتێکی تر یەعنی ئەمە شتێکی باشترە لەوەی ئەو دارە لەوێ بێ ئەوەش هەر غاباتە و هەر جوانی و سەوزایی دەدا، سەبارەت بە برگەی دووەم کە دەڵێ پێنج ملیۆن هەر دیسان من دەڵێم لەگەڵ ئەو پێنج ملیۆنەش نیمە با تۆزی تەخفیف تر بێ، قەینا، چونکە کە دەست پێ دەکا دەچێت ئەو بەنداوە دروست دەکات یان ڕێڕەوی جۆگەکە دەگۆڕێ، خەڵك دەبینێ یەکسەر دەچێتە سەر حکومەت دەڵێ برا وا مەکە، ئەوە سزاکەیە فەرموو تۆ وادەکەی، وا بکە، بەڵام کە کردی کردیە عیمارە، بەرزی کردەوە سێ، چوار مانگ ئەو حکومەتە لە کوێ بوو؟ ئەو پۆلیسە لە کوێ بوو؟ ئەی نەیبینی؟ یەعنی مەخسەدم لێرە کە دەست پێ دەکا ئەو پۆلیسە یان ئەو فەرمانگەیە بچێتە سەری بڵێ کاکە ئەوە نابێ، ئەوە غەڵەتە، غەڵەتت کرد، فەرموو ئەوە سزاکەیە ملیۆن و نیوێك یان دوو ملیۆن دیناری لێ وەربگرێت جەزایەکە (500) هەزار بێ، یەعنی شتێکی کەم بێ، گونجاو بێ لەگەڵ خەڵکی ئێمە، لەگەڵ ئێمە کە خۆمان ئێمە لە ژێر زوڵمێك هاتووینە لە ژێر تەحەدایەك هاتووینەدەر، هەموو جارێ بۆ**

خۆمان ڕاکەین بچینە سەر ئەو زوڵمە لە خەڵکی خۆمان بکەین، بە هەر شێوەیەك بێ، دەبێ ئێمە هێواش هێواش بچینە سەرێ، خەڵکەکە فێر بکەین، سەقافەتیان فێر بکەین، بیگۆڕین، یەعنی شتەکە فێری نیزامێك و فێری پەروەردەیەکی پێشکەوتوو بکەین، نەك بەسزاو بە دارو بە لێدان خەڵکەکە پەروەردە بکەین، و ئیتر ڕاستی بکەین بەوە قەت ڕاست نابێ میللەت، سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز فەرموو کاك فاضل بەشارە تی.

**بەڕێز فاضل محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

وەڵلا تەقریبەن پێشنیارەکانم وەکو (کاك عبدالرحمان)ە، بەڵام بەشێوازی تر من دەری دەبڕم لەم یاسایە زۆر باسی سزادان دەکا، هەرچەند سزا لە هەموو دونیای ئەوروپا زۆر بەکاردێ، چونکە سزادان بەشێکە لە هەڵوێستە کردنی هەرکەسێك بەرامبەر هەر غەڵەت و کەم و کوڕیەك کە دەیەوێ ئەنجامی بدات، بەڵام من لێرە یەك پێشنیار دەکەم بۆ حکومەت و بۆ وەزارەتی پەیوەندار لە جیاتی ئەوەی کە ئێمە لە هەموو بڕگەو ماددەکان پەنا بۆ سزا ببەین، مەسەلەی دارستان یەکێکە لەسروشتە زۆر جوانەکان بۆ هەر میللەتێك و بۆ هەر وڵاتێك کە جەوێکی زۆر جوان و لە بار دەبەخشێ بەو وڵاتە، من پێشنیار دەکەم وەزارەت زیاتر هەڵسێ بە ڕۆشنبیرکردنی خەڵك بۆ هەر تاکێکی کوردستان کە خۆی بە خاوەنی دارستانەکە بزانێ، یەعنی ئەگەر خەڵکی ئێمە سزاش بدرێ، بەڵام تاکی کورد خۆی بە خاوەنی ئەم دارستانە و ئینتیمای خۆشەویستی و بۆ ئەم وڵاتەو بۆ ئەم نیشتیمانە نەبێ، بەڕاستی پێم وایە هەر سزادان چارەسەری هەموو گرفتەکان ناکات بۆیە خۆشەویست کردنی دارستان و نیشتیمان لەلای خەڵك گەورەترە لەو سزایەی کە لە ناو ئەم یاسایەیە، هەرچەند من مەبەستەکەم ئەوە نیە سزا نەمێنێ، سزا ئەبێ هەبێ، بەڵام ڕۆشنبیرکردنی خەڵك و خۆشەویستی خەڵك بۆ ئینتیمای بۆ نیشتیمان پێم وایە لە سزایەکە گەورەترە، سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز فەرموو شەونم خان.

**بەڕێز شەونم محمد غریب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

لە ڕاستیدا ڕەنگە من ڕام جیاواز بێ لەگەڵ هاورێکانم، چونکە هەموو دەزانین کە دارستان واتە بەشێك لە ژیانی ئێمە ئەگەر دارستانەکان نەبێ و ژینگە پاك و تەمیز نەبێت بێگومان ئەو ئاو و هەوایە و کەشەی کە ئێمەی تێدا دەژین ناتوانین ژیانێکی تەندروست ببەین بەڕێوە، لەبەر ئەوە زۆر پێویستە گرنگیەکی تەواو بدرێ بە دارستان وە ئیجرائاتی زۆر قانونی بکرێ لەگەڵ ئەو کەسانەی کە دەست درێژی دەکەنە سەر دارستان لە بڕگەی یەکەمی یاساکەدا ئەوەی دەیبینم کە باس کراوە (یعاقب بالحبس) ساڵێك یان سێ ملیۆن دینار بەڕاستی ئەگەر موقارەنە لەگەڵ ئەوە بکەی کە خەڵك ساڵێك سجن کرێ یان سێ ملیۆنی دینار بدات،

به تەئكید سێ ملیۆن دینارەكە هەڵدەبژێرێ، لەبەر ئەوە لە مەحاكمیش دائیمەن وایە لە صالحی موتتەهەم سووك ترین غەرامە هەڵدەبژێری، ئیلا ئەگەر قەزیەكە تاوان بێ لای ئێمە هێشتان نەبووە بە عادەت دارستان بە تاوان حیساب كرێ، یان ئەو پێشنیارەی لیژنەی یاسایی موددەكان وەك ئەوەی ئەوان باسیان كرد دەستكاری بكرێ، بەڵام من لەگەڵ پارەیا نیم ئەو پارەیە مەفروزە زیاد كرێ بە موقابیلی ئەو موددەیە بێ كە سجن نەكرێ، پارە بێ، بۆ ئەوەی ئەو كابرایە هەست بەوە بكات كە جارێكی دیكە ئەو غەڵەتە تیكرار نەكاتەوە، لە بڕگەی دووەم دیسان هەمان مادده هەیە دوو ساڵ غەرامە یان پێنج ملیۆن دینار خەڵك دووساڵ لە سجن بێ موقارەنە دەكەی بە پێنج ملیۆن دینار، لەبەر ئەوە دەبێ تەنسیق هەبێ لە بەینی غەرامە و سجنەكە عەلەل ئەقەل بۆ ئەوەی سووكترینیان كە غەرامەكەیە هەڵبژێرێ وە پشتگیری لەو قسەیەی كاك فازل دەكەم بەڕاستی تاكو ئێستا هیچ تاكێكی ئێمە زۆر كەم كەس هەیە كە زانیاری تەواوی هەبێ لە سەر گرنگی دارستانەكان و بۆ چی باشە بۆ چی گرنگە؟ لەبەر ئەوە ڕاگەیاندنی وەزارەتی زراعە پێم باشە هەر بكرێ بە بڕگەیەك لەو ماددەیە بۆ ئەوەی مولزەم بێ وەزارەتی زراعە بۆ ئەوەی ڕاگەیاندنێكی كارا دەست پێ بكات لەو بوارەیە بۆ ڕۆشنكردنەوەی بیر و بۆچوونی خەڵك لە سەر دارستانەكان بەتایبەتی لە مەرحەلەی ئیبتیدائیە یان لە ڕەوزەكانە پێویستە لە ئێستاوە جیلەكانی كوردستان لە سەر ئەوە گەورە بكرێن كە دەبێ پارێزگاری دارستانەكان بكەن، چونكە دارستانەكان مانای هەناسە دانیان، مانای ژیانیان وە ئەگەر ئێمە بەو شێوەیە كار بكەین لە سەرەتاوە دەست پێ بكەین ئەجیالێكی زۆر نزیكی داهاتوو و ڕۆشەنبیریەكی تەواوی دەبێ لە سەر دارستانەكان و، سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز كاك سەردار.

**بەڕێز سەردار رشید محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو سەرپێچیانەی كە لە بڕگەكانی (5، 6، 7) ماددەی (4)ی ئەم یاسایە هاتوون كە خۆی لە بڕینەوەی پەل و پۆی دارەكان وە بڕینەوەی تەواوی دارەكان، جا نازانم تەحدید نەكراوە چەند دارێكە یان هەموو غاباتەكەیە، وە لە لەوەڕاندنی مەڕ و ماڵات و تێكردنی مەڕ و ماڵاتەن بۆ ئەو دارستانانە، كە پێم وایە ئەم سێ بڕگەیە هەرسێكی ئیبادەی دارستانەكە دەكات، دیارە ئەو زیانانەی كە بە دارستانەكە دەكەوێ لە خیلالی ئەم سێ بڕگەیە وە دەستنیشانی كردووە ماددەی (4) من پێم وایە زیانێكی زۆر قورس بەو دارستانانە دەگەیەنن، من هاوڕام بەڕاستی لەگەڵ خوشكی بەڕێزم شەونم خان كە ئەو عقوبەیە عقوبەیەكی بەڕاستی سووكە، چونكە ئەگەر كەسێك بیەوێ بەڕائەی دارستان ببڕێتن سێ ملیون عقوبەی بدرێ لەوانەیە بایی دوو ملیۆن دینار خەڵوز بكا ئەشێ ئەو كاتەی خەڵوزەی دێتە بازاڕ، لە كوێوە دێت بە ئارەزووی خۆی دەیكات، بۆ ئەوەی پارێزگاری تەواو لەو دارستانانە بكەین بەڕاستی حەقە ئەو عقوبەیە زیاد بكرێ، چونكە ژینگەیەكی تەواو و تەندروست بەڕاستی پەیوەستە بە زۆری دارستان وەگەشە كردنی

دارستانەکان وەك ئەوەی لە هەموو وڵاتانی دونیا موتەبەعە وە لە هەموو وڵاتانی پێشکەوتوو پەیڕەوی لێ دەکەن، بۆیە من هیوادارم چاوێك بە عقوبەی هەرسێ بڕگەی(5، 6، 7) بخشێنێتەوە، سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك پیشەوا.

**بەڕێز پێشەوا توفیق مغدید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

بەنیسبەت ماددەی (26) من پێشنیار دەکەم سزای بەندکردن هەر نەمێنێ بە تەنها سزای غەرامە هەبێ بەنیسبەت هەردوو بڕگەی یەکەم و دووەمەوە و ئەو دەسەڵاتەش دەسەڵاتی غەرامە کردن وەزارەتی کشتوکاڵ بە هاوکاری لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ بیدات بە لێپرسراوی پۆلیسی دارستان لە یەکە ئیداریەکان بەو پێیەی کە ئەوان لایەنی تایبەتمەندن کە ئاگرێك دەکەوێتەوە یان دارستانێك لە ئەستۆی ئەوانە پاراستنی دارستان، بۆیە من پێشنیار دەکەم بەم شێوەیە بێ بەنیسبەت خاڵی چوارەمیشەوە ئەوەی لە بڕگەکە دا هاتووە من پێم وایە کاتێك کە ئەو یاسایە بکرێت، جێبەجێکردنی ئەم بڕگەیە بڕگەی چوار کە باس لەوە دەکات، چاندنی زەوی دارستان یان ئەو زەویانەی دەکەونە ناویەوە یان بەکارهێنانی بۆ مەبەستی تری لە دارستان لە کاتی جێبەجێکردنی ئەم یاسایە بەسەر ئەم بڕگەیە دا کیشەی زۆر دروست دەبێ یاخود ناتوانێ بە شێوەیەکە جدی جێبەجێ بکرێ، بۆ نموونە من ڕەنگە بەڕێز کاك حسین بەو پێیەی کە بەڕێوەبەری گشتی دارستان و باغداریە ئاگاداری ئەوە بێ، ئێستا لە کوردستان گرنگی زۆر دەدرێ بە دارستانی دەستکرد ڕەنگە ڕووبەرێکی فراوان هەبێ بکرێ بە دارستان، جەنابی ئاگادارە سێ ساڵ لەمەو پێش دارستانێك دروستکرا کە لە ناو ئەو دارستانە کۆمەڵێك زەوی جوتیار کەوتە ناو سنووری دارستانەکە تا ئەو لەحزەیەش زەویەکان وەکو خۆیان ماوەتەوە، جوتیار دەیچێنێ، بەکاری دەهێنێ، ئایا لەکاتی جێ بەجێ کردنی ئەو یاسایە بۆ نموونە ئەگەر گریمان وەزارەتی کشتوکاڵ مۆڵەتی نەدا بەوجوتیارانە کە ڕەنگە ژمارەیان لە (50) جوتیار زیاتر بێ، بۆ ئەوەی کە زەوییەکانیان بەکار بهێنن یان بیچێنن یاخود خۆی جوتیار بڕوای بەوە نەبوو کە بێ لەوەزارەتی کشتوکاڵ مۆڵەت وەربگرێ، من دەپرسم جێ بەجێکردنی ئەو یاسایە چۆن جێ بەجێدەکرێ بەسەر ئەوانە؟ بۆیە من پێم وایە بڕگەی چوار لابدرێ لەسزای غەرامەکردن لەو ماددەیەی کە هاتووە بەو شێوەیەی کە باسمکرد، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ڤیان خان فەرموو.

**بەڕێز ڤیان عبدالرحیم عبدلله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ماددەی (26) منیش پشتگیری هەمان بۆچوون دەکەم کە بەندکردنی تێدا نەبێت بەشێوەیەك، بەڵام پێویستە لەکاتی سەپاندنی غەرامەکە بەسەر هەرکەسێکدا کە هەر پێشێلکارییەك دەکا بەرامبەر بەم

یاسایە یاخود بەدارستان پێویستە غەرامەکە بەشێوەیەك بێ کە جارێکی دیکە نەتوانێت دووبارەی بکاتەوە، واتە غەرامەکە بەهەر شێوازێك بێ دەتوانێ زیاتر بکرێت، دەستەڵاتەکەش وەکو کاك پێشەوا ئاماژەی پێدا بکەوێتە دەستی پۆلیسی دارستان، ئەمەش زیاتر بۆکار ئاسانی کردنە بەتایبەتی لەقەزا و ناحییەکان ئەمەش بەهەماهەنگی لەنێوان وەزارەتی کشتوکاڵ و وەزارەتی ناوەخۆ، چونکە تۆ ناکرێت پۆلیسی دارستان لەکاتی ڕوودانی شتەکەدا بەکۆمەڵێك ڕۆتین دابڕوات تاوەکو ئەوکاتەی دەگاتە ئەو کەسەی ئەتوانم بڵێم زیانی گەیاندووە بەدارستانەکە، تۆ نەتوانی لەکاتی پێویستدا سزاکەی بەسەر دابسەپێنی بەتایبەت ئەو غەرامەی کەدیاری دەکرێت، من لەگەڵ ئەوەم غەرامەکە زیاد بکرێت لەهەردوو حاڵەتەکەدا، بەڵام لەکاتی دروستکردنی بەنداو یاخود هەر پرۆژەیەك لەو شوێنەی کەشیاوە بۆ دارستان یاخود دارستانە، دەکرێت نەوترێت کە پێویستە لە (5) ملیۆن تا (6) ملیۆن یەعنی هەروەکو ئەوە دیاری بکرێت کە ئێستا لێرەدا بەپێی ئەو بڕگەیە لە ماددەی (26)، بڕگەی دووەم نووسراوە لە(10) ملیۆن زیاتر نەبێت، ئەمە نەکرێت، ڕێك بڵێت پێویستە غەرامەکە بۆ نموونە (15) ملیۆن بێ ئەگەر لەکاتی دروستکردنی بەنداو بێت یاخود هەر پڕۆژەیەك بێت، لەهەمان کاتدا ئەو پڕۆژەیەش کە گەیاندرابێتە هەرشوێنەك پێویستە بەهەمان کەس هەڵبوەشێندرێتەوە، چونکە ئەوەی ئێمە تێبینی دەکەین لەسەیارە بار هەڵگرەکاندا ئەمە نموونەیەکە دەیهێنمەوە، کەدەچنە سەر قەپانی کێشان ئەڵێ ئەگەر تۆ زیاد لەپێویستی خۆت بارەکە هەڵبگری پێویستە غەرامە بکرێی، غەرامەکە دەکرێ، بەڵام ئەو بارە زیادەیەی کەهەڵیگرتووە لێی کەم ناکرێتەوە، یەعنی ئەوە وەکو ئەوە وایە غەرامەکەش نەکەی باشترە، لەهەمان کاتدا پێویستە هەمان مەبدەء بەسەر ئەمەش جێ بەجێنەکرێت، تۆ بێی غەرامەکە بکەی، بەڵام ئەو پڕۆژەی کەدروستکراوە هەڵی نەوەشێنیتەوە، پێویستە تۆ پڕۆژەکە هەڵبوەشێنیتەوە و دواتریش غەرامەکە بسەپێنی بەسەریدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بێریڤان خان فەرموو.

**بەڕێز بێریڤان اسماعیل سەرهەنگ.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ئەوەم کە هەرکەسێك سەرپێچی یاسا بکات بەرامبەر بەدارستان سزا بدرێت، بەڵام سزاکان جیاوازن، لێرە خەتابارەکانیش جیاوازن، لەبڕگەی (1 – 8) چەند جۆرە جیاوازییەك هەیە، چەند غەڵەت هەیە، چۆن دەبێ هەموویان وەکو یەك تەماشا بکرێن؟ بەتایبەتی بڕگەی (6 و 7) کەدەڵێ (بڕینی هەر دارێکی دارستان) یەعنی هەردارێك ببڕی ساڵێك دەگیرێی یانیش ئەگەر هێنانی ئامێر و کەرەستەی تایبەت بەبڕین و گواستنەوە یەعنی ئەگەر مشارێکیشت پێ بێ، مشاریش بڕینەوەیە، لەناو دارستان بیت ساڵێك حکوم دەدرێی، چۆن دەبێ وەکو ئەوە بێت؟ نابێ سزای بەندکردنی تێدابێ بەتایبەتی هەر لەو دوو بڕگەیە، بۆیە داوا دەکەم بڕگەکان جیابکرێتەوە، چونکە زۆر کەس هەیە حکوم دەدرێ بە پێی ئەو یاسایە، ئەو پڕۆژەیە ئەگەر وابێ لەسەر دار بڕینەك، ئەمە دەتوانین پێشنیاری سزادان غەرامەیە، بەغەرامەدان

دەتوانین چارەسەری بکەین یانیش پێشنیار بۆ ئەو کەسەی کەدارێك دەبڕێتەوە پێی بڵێی لەجیاتی ئەو دارەی بڕیتەوە دەبێت پێنج دار تر بچێنیەوە هەتا ئەو ساڵێك لە سجن دەبێ ئەو پێنج دارە گەورە دەبێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەڤین خان فەرموو.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو ماددەیە هەڵبەتە من پشتگیری ڕەئییەکەی لیژنەی یاسایی دەکەم، چونکە بەڕاستی حیکمەت لەدانانی ئەو ئەحکامە جەزاییانە بۆ ئەوە نییە سزای خەڵك بدرێ یاخود خەڵك تەنها بەند بکرێت و غەرامە بکرێ، هەموومان ئێستا کۆکین لەسەر ئەوەی کە چەند گرینگە دارستان، چەند دار نەبڕین گرینگە، چەند ژینگەی ئێمە پاك دەکاتەوە، کە ئێمە بەم یاسایە پاراستن لە دارستان بکەین، وابزانم ئەو ماددەیە خۆی ڕوحی یاساکەیە، چونکە ئەو هەموو ماددانەی پێشوو تر کە دارێژراوەتەوە و کەدادەڕێژێتەوە لەپاشی ماددەی (26) خۆی ئەبێ بە ئینشائی ئەگەر ئەم ئەحکامە جەزاییانە نەبێ، ئینجا بۆیە من لەگەڵ لیژنەی یاساییم کەوا سزایەکان کە دانراوە، سەقفەکانی بۆ دابندرێ لە چەندەوە بۆ چەند، چونکە لێرەدا هەموومان دەزانین ئەو کاتە دادوەر کەکاتێك غەرامە یاخود سزاکان دەسەپێنێ دیارە دەست والا دەبێ دەتوانێ تەقدیری حاڵەتەکان بکا بۆ دانانی جۆری سزاکان، هەروەها پێشنیار دەکەم لەماددەی (27)دا فەقەرەی یەکەم ئەتوانێ ببرێتە دووەم، لەبەر ئەوەی ئەگەر بێت و ئێمە سەیری حوکمی دووەم بکەین ئەو سزا توندەی کە دانراوە، من بۆیە پێشکەوتم سەرۆکی پەرلەمان، چونکە ئێمە ئێستا لە داڕشتنەوەی ماددەی (26)ین، بۆیە پێشنیار دەکەم کەوا (اشجار معمرة) یاخود (نادرة) ئەوەی کەباس دەکرێ لە ماددەی (27) لە دووەمی (26) دابندرێ، چونکە (اشجار معمرة ، اشجاری نادرة ، نباتات بري طبيعي) ئەوانەی موهەدەدن بۆ ئەم قەرارە بەڕاستی زۆر گرینگە ئێمە پاراستنی تەشدید بکەین، بۆیە ئەگەر لەخاڵی دووەم دا جێگەی بکرێتەوە ئەو جۆرە دارانە بەمن زۆر زۆر گرنگترە کەوا لەوێ دانراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

گوڵێزار خان فەرموو.

**بەڕێز گوڵێزار قادر اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینی من لەسەر بڕگەی یەکەمە لەماددەی (26) کە هەرکەسێك سەرپێچی حوکمێك لەبڕگەکانی (1، 2، 3، 4، 5، 6، 7، 8) بکات، لەبەندی دووەمی ماددەی (4) ئەم سزایەی بۆ دانـدراوە، ئایا حوکمی هەریەکە لەو خاڵانە وەکو یەکە؟ بۆنموونە خاڵی (6) دەڵێ بڕینی هەر دارێکی دارستان لەگەڵ خاڵێ (3) وەکو یەك دەبێت سزاکەی کەدەڵێت (دامەزراندنی دەزگا گشتی یان تایبەت لەناو زەوی دارستان)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی كشتوكاڵ و ئاودێری فەرموو.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە تێبینیمان نییە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە وەكو لیژنەی یاسایی لەسەر ئەم بابەی كە تایبەتە بە عقوباتی ئەو كەسانەی كەلێرە باسی لەسەر كراوە، پێمان باشە روون كردنەوەیەك بدەین هەر بۆ بەرچاو روونی هەموو ئەو ئەندامە بەڕێزانەو بۆ پشتگیری یاساكە و بەهێزكردنی یاساكە، ئەم یاسایە كە لەماددەی (26) دەست پێدەكا بە عقوبات بۆ ماددەی (32) بەواتا (6) ماددە لەم ماددانە عقوبەی حەپس و غەرامەی تێدایە، هەندێكی ئەڵێ بە حەپس ئەو بەغەرامە، هەندێكی دەڵێ بەحەپس و وەغەرامە، بەڵام تێكەڵاوییەك هەیە لە جۆری عقوبەكاندا، هەروەها تێكەڵاوییەك هەیە لە جۆری تاوانەكاندا كە ئەكرێ هەر لەخودی ئەو یاسایە خۆیدا، بۆنموونە لەماددەی (26) كە ئەڵێ ئەمانەی موخالەفەی ئەحكامەكانی فەقەرەی (1، 2، 3، 4، 5، 6، 7، 8)ی ماددەی چوار فەقەرە دوو بكا، ئەگەر بێین سەیری فەقەرە سێی بڕگە دووی ماددە چوار بكەین كە باس لە ئیقامەی مونشەئاتی گشتی و تایبەتی لەناو غاباتدا دەكا لێرە عقوبەكەی هێناوە بە حەپس یان بەغەرامە، حەپس بەگوێرەی قانونی عقوبات لە (24) سەعاتەوە دەست پێدەكات بۆ (5) ساڵ، واتە ئەمە سەڵاحیەتێكی تەقدیرییە دەدرێتە دەست دەستەڵاتی دادگا لە (24) سەعاتدا حوكمی بدا هەتا (5) ساڵ، یان بە غەرامەیەك كە لە (3) ملیۆن دینار زیاتر نەبێت، ئەگەر بێین ئێمە حیسابی ئەو غەرامەیە و عقوبەیە بكەین بەرامبەر بەو تاوانەی كە ئەو كەسە كردوویەتی مەنشەئات و مونشەئاتێكی گشتی یان تایبەتی دادەنێ، بە (3) ملیۆن دینار ئەم كابرایە ڕزگاری دەبێ، مونشائاتەكەشی قائیمە لەناو غاباتەكە، ئەمە تەناقوزێكە لەپاراستنی غاباتەكە، كەواتە ئێمە نەمان توانی غاباتەكە بپارێزین، تەنیا ئیكتیفائمان كرد بە (3) ملیۆن دینار و كابراش بەردەوام دەبێ و غاباتەكە ئیستیغلال دەكا، ئەمە لەلایەك، لەلایەكی دیكە ئەگەر ئێمە بێینە سەر ماددەكانی دواتر كە ئێستا هەرچەند جێگای ئەوە نییە كەمن باسی لەسەر بكەم، بەڵام من بۆ چاو روونی باسی لەسەر دەكەم، بێینە سەر ماددەی (28) لەفەقەرە چوارەكەدا باس لەوە دەكا كە ئەو كەسەی ئینتاجەكانی ئەو غاباتانەی كە براون یەعنی واتە دزراون تەسەڕوفی پێوە بكا عقوبەكەی بۆ داناوە بە تەنیا غەرامەیەك كە لە (500) هەزار زیاتر نەبێ یان (3) مانگ حەپس، بەڵام

لەکاتێـدا ئەگـەر بێینـە سـەر قـانونی عقوبـات جەریمـەی حیـازەی ئـەموالی مەسـروقە بـەگوێرەی مـاددەی (461)ی عقوبەکان دەچێتە سجن، لێرە بۆیە من پێم باشە ئەو بەرچاو روونییـە بخەینـە بـەردەم هـەموو ئەندامە بەڕێزەکان، هەروەها ماددەکانی تر کەیەك بـەدوای یـەك دادێ هـەتا مـاددەی (32)، ئەگـەر بێت و ئەو عقوبانە لێرە ئاوا بەم شـێوەیەی ئێستا بمینێتـەوە، ئێمـە ئاوهـا قسـەی لەسـەر بکـەین لـەکاتی تـەتبیق کردندا لەناو دادگاکاندا بەگوێرەی قانونی ئوسولی مەحاکەماتی جەزائی (الاصلح للمـتهم) بەکاردەهێنـدرێ، (الاصـلح) بەکاردەهێنـدرێت، عقوبـەکانی خەفیفـە، بـەڵام وەرە سـەیری بکـە لـەناو قـانونی عقوبـاتی ئەصڵییەکەدا خۆی قانونی عقوباتە ماددەکانی (477) بۆ (482) عقوبـەکانی زۆر لـەم عقوبەیـە بـەقوەت ترە، لەکاتێکـدا ئـەو یاسـایە لەسـاڵی 1969 دانـدراوە، بـەواتا نابێـت ئـەم یاسایەی کـە ئێمـە دەری دەکـەین ئەگەر دەمانەوێ پارێزگاری لـەغابات و لـە ژینگـەی کوردسـتان بکـەین نـابێ عقوباتـەکانی کـەمتر بـێ کەلـە ئەصڵی قانونە عامەکە داندراوە، لەبەر ئەوە من پێم وایە ئەم بەڕێزانە ئەمە بەنەزەری ئێعتیبار وەربگـرن لەیاساکاندا، ئەگەر وازیشی لێبهێندرێ بۆ لیژنەی یاسـایی دابڕێژێتـەوە بەشـێوەیەکی باشـتر، مـن پـێم وایـە ڕەنگە یاسایەکە بە قوەتربێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی ژینگە و تەندروستی فەرموو.

**بەڕێز تارا عبدالرزاق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پشتگیری لەماددەکە دەکەین و بە پێویستیشی دەزانین کە بمینێتەوە بۆ پاراستنی دارستان، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز د. سیروان بابان / وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبعەن ئێمە پشتگیری لەماددەکـە دەکـەین، بـەس دیـارە تێکەڵاوییـەك هەیـە لەعقوباتەکانـدا، لەبـەر ئـەوە ئەگەر حەز دەکەن، ئەگەر دەرفەتمان بدەنێ لەگەڵ لیژنەی قانونی دانیشین بۆ ئەوەی وەك ئەڵێ جەریمە و عیقابەکە لەگەڵ یەکتری بڕۆن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة (27): یعاقب بالحبس مدة لاتزید علی (6) اشهر او بغرامة لاتقل عن ملیوني دینار:**

اولا: كل من قام بقطع اي من الاشجار الغاباتية المعمرة او النادرة و النباتات البرية و الطبيعية المهددة بالانقراض او قام با لاعتداء عليها باي شكل من الاشكال.

ثانيا: كل من تسبب في نشوب حريق في الغابات و الاراضي الغاباتية و المحميات و المناطق الوقائية و المراعى نتيجة الاهمال او التقصير.

ثالثا: كل من حاول زراعة او استغلال اراضي الغابات المحروقة.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەکوردییەکەی.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی(27):

سزادان بەبەندکردن لە (6) مانگ زیاتر نەبێ یان بەغەرامەیەك کە لە (2) ملیۆن کەمتر نەبێ:

یەکەم: هەرکەسێك هەڵبستێت بەبڕینەوەی هەرداریکی دارستانی بەتەمەن یان دەگمەن، ڕوەکی کێوی و سروشتی کە هەڕەشەی لەناوچوونیان لەسەرە یان بەهەر شێوەیەك بێت دەست درێژیان بکاتە سەر.

دووەم: هەرکەسێك بووە هۆی ئاگرکەوتنەوە لەدارستانەکان و زەوییەکانی دارستان، پارێزراوەکان و ناوچەکانی پارێزراو و لەوەڕگاکان لەئەنجامی کەمتەرخەمی و پشتگوێخستن.

سێیەم هەرکەسێك هەوڵیدا زەوی دارستانە سووتاوەکان دابچێنێ یان بەکاری بهێنێ.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسای فەرموو.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەلیژنەی یاسای پێشنیاری ئەوە دەکەین کە ماددەکە دابڕێژێتەوە بەشێوەیەك کە سزایەکە حەدی ئەدنا و ئەعلای تێدابێ، ئێستا تەنها لەپڕۆژەکە بەم شێوەیە هاتووە کە لە (6) مانگ زیاتر نەبێ ماوەی گرتنەکە، ئێمە پێشنیار دەکەین کە سزای گرتن ماوەی لە(3) ماگ کەمتر نەبێ و لە ساڵێك زیاتر نەبێ، یان بە بژاردن کە کەمترنەبێ لە (2) ملیۆن دینار بەسەر هەرکەسێکدا دەسەپێت:

یەکەم: درەختێکی دارستانە بەتەمەنەکان یان دار لقەکانی بڕییەوە یان رووەکە کێوی و سروشتییەکان ئەوانەی لەبەردەم هەڕەشەی لەناوچووندان یان زێدەڕۆی کردنە سەریان بەهەر شێوەیەك لەشێوەکان.

دووەم: هەرکەسێك ببێتە مایەی ئاگر کەوتنەوە لەدارستانەکان و زەوییە دارستانەکان و دارستانە پارێزراوەکان و شوێنەکانی خۆ پارێزی و پاوان لەئەنجامی کەمتەرخەمی و پشتگوێخستن ناچاردەکرێ کە قەرەبووی ئەو زانیانەش بکاتەوە کە روویانداوە بەگوێرەی یاسا کار پێکراوەکان، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی كشتوكاڵ و ئاودێری فەرموو.

**بەڕێز زكیە صالح عبدالخالق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە تێبینیمان نییە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی ژینگە و تەندروستی فەرموو.

**بەڕێز تارا عبدالرزاق محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لیژنە پێشنیاری ئەوەی كردووە سزادانەكە توونـدتر بكرێت، ماوەی بەندكردنەكەی زیاد بكرێت یان پێ ژماردنەكەی زیاد بكرێت یان هەردووكیان زیاد بكرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز د. سیروان بابان / وەزیری كشتوكاڵ و سەرچاوەكانی ئاو:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

داوا دەكەین كەوا چوارەمی بۆ ئیزافە بكرێت بڵێ(كل من خالف احكام المادة (18))، مادده (18) لە مەحزوراتە، بەڵام عقوبە نەهاتووە بۆ ئەو سلوكە ئەمە یەك.

دووەم: ئێمەش لەگەڵ ئەوەین كە لەگەڵ لیژنەی قانونی ئیش بكەین بۆ ئەوەی عقوبە و جەریمەكە لەگەڵ یەكتر بڕۆن، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ تێبینی هەیە؟ تكایە دەست بەرزبكاتەوە ( ناسك خان، شەونم خان، كاك سەردار، شلێر خان، گەشە خان، تارا خان، كاك كاوە، ئاهەنگ خان، كاك عبدالرحمن، كوێستان خان)، فەرموو ناسك خان.

**بەڕێز ناسك توفیق عبدالكریم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە تەقریبەن وەڵامی پرسیارێكم وەرگرت كە لام روون نەبوو لەلایەن كاك عمرەوە ئەویش ئەوەیە بابەتی یاسای عقوبات مادام عقوبەكەی بەقوەتترە عادەتەن تۆ كەیاسایەكی تایبەت دەردەكەی بۆ بابەتێك، لەبەرچی دەریدەكەی؟ لەبەر گرینگییەكەی، نەقسێك هەیە لەشوێنێكی تر ئەتەوێ بەوە پڕی بكەیتەوە، جامن پێم وایە بۆئەوەی رزگارمان بێ لەوە دەبێ وەكو خۆیان وتیانە دووبارە دایبڕێژنەوە، ئەبێ ماددەیەك هەبێ بڵێ ئەگەر عقوبەیەكی ئەشەدتر لەیاسایەكی تردا هەبێ ئەو ڕەچاو بكرێ، ئەمەمان كردووە لەهەندێ یاساكانی تردا، ئەمە خاڵێك، خاڵێكی تر هەر عەینەن شت دەڵێم ئەم عقوبانەی كەلێرە داندراوە

**لەم ماددەی (27)دا ئەهوەنترە لەعقوبەکانی ماددەکەی پێشووتر لەگەڵ ئەوەی جەریمەکە قورسترە، مەسەلەن بۆنموونە وەکو یەك، دوو هاوڕێی تریش ئیشارەتیان پێدا مەوزوعی ئیستیحابی ئالەتێك، یەعنی ئەوەی کە ئالەتێکت پێبێت بۆناو غابات کەمترە لەوەی کە( کل من قام بقطع) یەعنی مەعقول نییە ئەوەی کە قەتع دەکا غەرامەکە و عقوبەکەی کەمتربێ لەوەی کە ئالەتەکەی بەدەستەوەیە، یەعنی ئەو قەتعی کردووە، بەڵام عقوبەتەکەی ئەو (6) مانگە، بەڵام ئەو ساڵێکە، لەبەر ئەوە زیاتر نەبێ لەساڵێ ئەم زیاتر نەبێ لەشەش مانگ، بۆیە داڕشتنەوەی جۆری عقوبەکە و جۆری جەریمەکە پێم وایە پێویستی پێیەتی ماددەکانی (26 و 27 و28) جارێکی تر سیاغەی بکرێتەوە، کەهەست دەکەم تەنافوزێك هەیە لەنێوان جۆری تاوانەکە و عقوبەکە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**شەونم خان فەرموو.**

**بەڕێز شەونم محمد غریب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەنیسبەت ماددەی (27) لەڕاستیدا پشتگیری لەهاوڕێم ناسك خان دەکەم، لەسەر ئەو باباتە کە قسەی کرد، پێویستە میقداری غەرامەکان زیاد بکرێت، ئەگەر لەپێشتردا زیاتر بووە ئێستا کەم نەکرێتەوە، لەبەر گرینگی غابات، ئەو پێشنیارەش کەلیژنەی یاسایی کردی بەڕاستی پارەکە کەمە، ئەگەر مەقارەنەی بکەین ئێمە بەدوو ساڵەکەوە، ئەگەر ئەوەی لیژنەی یاسایی قەراری لەسەر دەداو دەنگی هێنا، پێویستە پارەکەش زیاد بکرێ لەو حاڵەتەدا، چونکە (2)ملیۆن دینار بەڕاستی موقابیلی ئەوە نییە کەخەڵك سجن بکرێت، لێرەدا بڕگەیەکی تر هەیە کە خەڵوز کردن، عقوبەی خەڵوز کردنیش مەفروزە بخرێتە ئێرەوە، بخرێتە ئەم بڕگەیەوە ئەو کەسەی کە خەڵوز دەکا عقوبەی بۆ دابندرێ، هەروەها ئیزافەی بڕگەیەك بکرێ لێرەدا جگە لەوەی کە ئاگر کەوتنەوە یەکێکە لەو کێشانەی لەم بڕگەیەدا دەستنیشان کراوە، هەندێ لە هاووڵاتیان ئەوانەی کەمیوان و سەردانی ئەو ناوچانە دەکەن زۆرجار مەوادی زەرەر مەند دەکەنە ناو غاباتەکانەوە بۆنموونە نەوت یاخود مەوادی کیمیاوی، ئەو شتانەی کەزەرەر بە درەخت و غاباتەکان دەگەیەنن، ئەمە دەبێتەهۆی مردنی درەختەکان و لەناوچوونی ئەو مەنتیقەیەی کە درەختەکانی تێدا دەژی، ڕەنگە جارێکی تریش درەخت نەتوانێ تێدا بژێتەوە، لەبەر ئەوە پێم باشە ئەگەر ئەمەش بەبڕگەیەك عقوبەیەکی بۆ دابندرێت و ئیزافە بکرێت لەم بڕگەیە، سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**کاك سەردار فەرموو.**

**بەڕێز سەردار رشید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا من مولاحەزەیەك كە هەم بێت ئەوەیە كەئەڵێ (هەركەسێ هەستێ بەبڕینەوەی هەرداریك یان سووتاندنی دارستانێك)، من پرسیارەكەم ئەوەیە ئایا كەسێك دارستانێك بە كاملی بسووتێنێ عقوبەكەی (2) ملیۆنە؟ لەماددەی سێیەمدا دەڵێ هەركەسێ هەوڵی چاندنەوەیدا ئەویش هەمان عقوبە بیگرێتەوە، جا باشە یەكێك هەوڵی چاندنەوەیدا حەقە موكافەئە بكرێ نەك غەرامە بكرێ، بەڕاستی حەقە ئەوەش جیا بكرێتەوە، عقوبە و غەرامە چۆن لە دوو بڕگەدا تێكەڵ دەكرێ؟ یەكێكیان غاباتەكەی سووتاندووە، یەكیشیان چاندیتیەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

شلێر خان فەرموو.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش لەگەڵ لیژنەی قانونی هەمان ڕام هەیە، كەبەڕاستی ئەو عقوبەیە هەر لەسەر قانونی عقوبات بڕوا، بەڵام ئەوەی (ثالثا: كل من حاول زراعة او استغلال اراضي الغابات المحروقة) تەبعەن ئەو كەسەی كە ئەیسووتێنێ دوایی سیفەتی غاباتی نامێنێ ئەیكا بەزراعەتی ئاسایی ئەوە هەر شتێكە بەئەنقەست دەیكەن، دوای ئەوە فەقەرەیەك ئەگەر بتوانن بڵێ (كل من قام با لاعتداء المتكرر على اراضي الغابات و المراعي و تغير صیفة الاستخدام الى استخدامات اخرى مثل الزراعة والبناء) ئەمە شتێكە كە مستەمر ڕۆژانە تیكرار دەبێتەوە، لەبەر ئەوە فەقەرەیەكی وابێ باشترە بۆئەوەی ڕەدعێ بۆ ئەوخەڵكانەی كە سیفەتەكەی دەگۆڕن هی غابات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

گەشە خان فەرموو.

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەگشتی من لەگەڵ ئەوەدامە كە بڕگەی سزایەكان زۆر تێكەڵی و پێكەڵی هەیە، تەسنیف نەبووە، جیاوازی لە عقوبەیەكدا لەكاتێكدا لە بڕگەكانی ماددەی (4) كە بێریڤان خان باسی كرد كە بەس تەنها ئالەتێكی بەدەستەوە بێت كەسەیر دەكەی عقوبەكەی دادوەر بۆی هەیە تا دوو ساڵ حەپسی بكا، لەماددەی (29)دا باسی ئەوە دەكا كە بەقەست حریق دەكات ساڵێكە حەپسەكەی، من پشتیوانی قسەكەی كاك عمر دەكەم كەلیژنەی یاسایی هەستێتەوە بەداڕشتنەوەی ئەو مادده سزایانە كە جۆرێك لەدادپەروەری بەدی بێنێ، لەم ماددەیە لەماددەی (27)یش من پێموایە كە ڕادیع نییە ئەم ماددەیە لەكاتێكدا كە باسی غەرامەی (2) ملیۆن دینار دەكرێ كە لەبڕگەی یەكەم باسی ئەوە دەكا كە هەركەسێ هەڵبستێ بەبڕینی دارێك یاخود سەبەب بێ بۆ حریق یەعنی جیاوازی نەكراوە لەبەینی ئایا دارێكە یان دەیان و سەدان هەزار دارە كە دەبڕێتەوە، لەبەر ئەوە من پێشنیار دەكەم لەكاتی داڕشتنەوەی سزاكاندا نیسبە یاخود بڕە دارەكە دیاری

بكرێت، ناكرێت یەكێك هەمان عقوبەی هەبێت كە دارێك ببڕێ لەگەڵ ئەوەی دەیان و سەدان هەزار دار ببڕێ یان بسووتێنێ، پێموایە كە ئەبێ ئەوە تەسنیف بكرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

تارا خان فەرموو.

**بەڕێز تارا تحسین ئەسعدی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕاستی ئەم ماددەیە گرینگە لەبەر ئەوەی بایەخدانێكی تەواو دەدا بە سەوز كردن یا بە ئاگالێبوون لەژینگە هی ئەو مەنتیقانەیە كە ئێمە دەمانەوێت و هەدەفمانە لەناو دەرچوونی ورێكخستنی بەقانون، كەدارێك (معمر) ئەبێ چەند ساڵ بێ، وەكو چۆن یەكێك بكوژێت بەخێبرەوە، بە سەرسپی بوون بەخێبرەیەك ئاوایە كەدارێك لێبكەیتەوە، بەڕاستی سزادان بۆ ئەو خەڵكانەی كەوا بەبێ سەبەب ئەم دارە دەبڕنەوە ئەصڵەن بەڕای من ئەو دارانە خەتی تێدایە هەر خەتێكیان تەمەنێكی ئەو دارەیە، چەند خەت لەناو دارەكە بێ عومری ئەو دارەیە مەفروزە لەلایەنی یاساییەوە حیساب بكرێ بۆ ئەو دارانەی كەئەبڕێتەوە دوای ئەوەندە ساڵە داندراوە بۆ پاكی ژینگە و بۆجوان كردنی ئەو مەنتیقەیە، لەبەر ئەوە زۆر مەنتیقە هەیە لەكوردستاندا ئەگەر مولاحەزە بكەن مەنتیقەی لای قەرەداغ و ئەوانە، ئەوانەی كە لەوێن ئەبینن سەوزاییەكیان زیاترە لەبەرئەوەی هەم لەڕاوكردندا، هەم لەبڕینی داردا، هەمووی سزای هەیە، سزابوون مانای ئەزیەتدانی خەڵك نییە، بەپێچەوانەوە دانانی قانونێكە بۆئەوەی ئێمە ئەو وڵاتە چۆن والێبكەین كە جارێكی تر، جارهەبووە لەسەر دارێك پیاوێك كوژراوە، با ئەوەی ئێمە كوشتنی تێدا نەبێ، با ئەوەی ئێمە سزای تێدا هەبێ، رێكخستن بەقانون بێ، سێیەم شتم لەخاڵی سێیەمدا ئەڵێ (كل من حاول زراعة او استغلال اراضي الغابات )، فەرقی هەیە لەگەڵ ( كل من تسبب في حريق)، تۆ سەبەبی حەریق واتە كردوویەتی، لەبەر ئەوە سزاكەی فەرقی هەیە لەگەڵ مەحاوەلە، تۆ مەحاوەلەت كردووە، ئایا كردوویەتی یان نەیكردووە، مەفروزە ئەوە جارێكی تر لیژنەی یاسایی بەسەریدا بڕۆنەوە، پشتگیری تەواویشم بۆ ئەو خاڵەی شلێرخانە كە دەبێت بەڕاستی ئەوانەی كە ئیستیغلال دەكرێ لادەبرێت، غاباتەكەو شتی تر بەكار دەهێندرێت مەفروزە ئەوە سزای تێدا هەبێت، پشتگیری جەنابی وەزیریش دەكەم كە ئەڵێ هەركەسێ موخالەفەی كرد لە هی (18) دیسانەوە داخل بكرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

مامۆستا كاوە فەرموو.

**بەڕێز كاوە محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پشتگیری لیژنەی یاسایی دەکەم کە ئیشارەت بە کەم کردنەوەی سزای زیندان دەکات لە (6) مانگ بۆ (3) مانگ، بەڵام غەرامەکە ماوەتەوە، باشە، بەڵام پێم باشە ئەو بڕگەی دووەم کە ئیزافەیان کردووە، ئیزافەکە نەکرێتن ئەوەی لیژنەی قانونی کردوویەتی بەڕاستی لێرە هەست دەکەی تۆزێك ئەو درێژ کردنەوەی جوملەی ئاخیری تۆزێك ئەوەی قانونیەکەی بەرتەسك دەکاتن، ئەگەر وەکو خۆی عەرەبییەکەی تەرجەمە بکرێتەوە هیچ عەیبێکی نییە، هەروەها پشتگیری ئەو پێشنیارەش دەکەم کە لیژنەی یاسایی و لیژنەی کشتوکاڵ تەخویل بکرێن بۆ رێکخستنەوەی ئەو بڕگە و ماددانەی کە پەیوەندییان بە موخالەفات و عقوبات هەیە، تەخوبل بکرێن چۆن پاش و پێشەکان رێکدەخەنەوە لەماددەکاندا، بەڕاستی ئەوە زۆر پێویستە، چونکە تێکەڵ و پێکەڵییەك هەیە هەتا هەندێ ماددە لەدواتریش دێتن هەندێجار دووبارە کراوەتەوە لەسەر موخالەفات و عقوبات، هەروەها پشتگیری ئەو ڕایەش دەکەم کەجەنابی وەزیر پێشنیاری کرد ماددەی (18) بێتەوە ئێرە کە موخالەفەیە، چۆن ئەو عقوبە شمولی بکا؟ هەروەها ماددەی (21) ئەگەر تەماشای بکەین بەهەمان شێوە لەو موخالەفاتانەیە کە لێرە ئەو عقوبانە شمولی دەکاتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاهەنگ خان فەرموو.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف رؤوف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو ماددەیە کە دەڵێ (کل من قام بقطع)، بەڕەئی من بڵێین (کل من قام بمخالفة لوائع)، چونکە ئەو بەشەرە کە ئەو دارەی دەبڕی چوزانێ مەمنوعە، یا بەنیسبەت غاباتی خاص باس بکەین، ئایا ئێمە هەتا ئێستا هیچ مەسحەکی جیۆلۆجی یان هیچ لائیحەك یان هیچ وێب سایتێك یان هیچ رێنماییەك دەدەینە ئەوکەسانە هەتا فەلاحی بەسیت بڵێین کاکە ئەو دارە نادیرە یان ئەودارەی مەبڕنەوە یان ئەو دارەی کە موهیمە، هەتاوەکو ئێستا شتی وامان نەبووە، مەوسوعاتیشمان نییە، هەتاوەکو ئێستا ئەوەمان نییە لەناو شارەکان، کە ئیجازەی بینا دەدەرێ ئەو هەموو کوتەلی کۆنکریتییە دەدرێ بڵێ لەئازادی بیری ئیرتیوازی لە (172) مەتری ئەو دارەی پێویستە بۆی بچێندرێ، لە شۆرش (72) مەترە ئاو ئەو دارەی پێویستە بۆ بچێندرێ، لە حی عەسکەری نەترات هەیە نابێ ئەو دارانەی لۆ بچێندرێ، چونکە کەڕەگەکەی گەیشتێ ئەم لاعەکە دەیخوا هەتاوەکو ئێستا ئێمە هیچ لائیحەکمان نییە دەری بینێین بۆ خەڵکەکەی بڵێین ئەو دارە مهیمە، ئەوە باشە یان ئەوەی مەچینن؟ بەڕای من بڵێ (وفق المسوحات و وفق اللوائع) لە وێب سایتەکانیش بۆ فەلاحی بەسیتیش رێنمایی بدرێتێ کە ئەوانە دوایی دەبێتن موراقەبەی تەکنەلۆجیمان هەبێتن لەسەر غاباتەکان، یەکێك دێ بەشێوەیەك دارێکی دەبڕی، نابێ بیدەینە دەست حکومێکی کە یەکێکی دی، پۆلیسەکی دی غابات لەوێیە دەڵێ دەبڕۆ کاکە ئەو جارە بڕیت قەیناکە، خۆ ئێمە دەبێ بەخۆمان

موراقەبەی یەعنی وەسائیلی تەکنەلۆجی موهیم هەیە دەبێ ئێمە ڕەچاوی بکەین هەتا میللەتەکە فێربێ کە ئەو شتە موهیمە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاک عبدالرحمن.

**بەڕێز عبدالرحمن حسین ابابکر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەماددەی (27) من پێم وایە تەناقوز هەیە لەگەڵ ماددەی (26)، هەر لێرە دەڵێ شەش مانگ سزابدرێ هەرکەسێك دارێك ببڕێ، بەڵام لەماددەی (26) لەبڕگەی (6) گۆتیتی ساڵێك سزابدرێت، بەڵام لێرە (6) مانگە، ئایا ئەو (6) مانگە جێ بەجێدەکا یان ساڵێك؟ دوای ئەمە ئەم ماددەیە هەموو هەیە لەناو یاساکە، ئەم ماددە لەپێش ئێستا هەیە مەسەلەن بۆ ئاگر ماددەیەکی تایبەت هەیە، هی سێیەمیش هەمووی لەناوی هەیە، ئەم ماددەیە هەر زیادە، بەڕای من هەرنەبێ، بەڵام سەبارەت بەوەی کە ئێمە دەڵێین کەسێك لەناو غاباتدا خانوو بکا سزابدرێ بەغەرامە و ئەوانە، مانای ئەوە نییە کە ئەو خانووە لەوێ بمێنێ و غەرامەکە ئێمە پێویستمانە بەپارە لێمان وەربگرن، نا مانای ئەوەیە کەغەرامەمان کرد، سزاماندا ئەو خانووەش بڕوخێنێ، ئاسەواریشی لێ نەهێڵێ، ئەوە غاباتەکە پارێزراوە، ئەوە غەرامەکەیە، یان کەسێك کەبڵێین ڕێڕەوی جێیەکە بگۆڕین یان شتێك، ئێمە غەرامەی دەکەین ناڵێین کە ئەو جێگایە لەوێ بمینێ و یان ئەو عیمارە لەوێ بمێنێ، ئەبێ بیڕووخێنێ، مانای ئەوەیە سزاکە، سزاکەی لەسەر سەپاند مانای ئەوەیە کە جێیەکەش وەکو خۆی لێبێتەوە، بگەڕێتەوە ئەسەری خۆی پێش وەخت، یان کەباسی مامۆستا عمر ڕێزم هەیە جەواب نییە، بەڵام هەر بۆ قسەیە، وەکی باسی یاسای عقوباتمان کرد، یاسای عقوبات پێش (40) ساڵ هاتووە، ئەو وەختە و ئەو زەمانە عەسرێکی تر بوو یەعنی زەمانێکی تر بوو، ئێستا عەسرەکە گۆڕاوە و پێشکەوتووتر بووە، ئێمە بەڕەئی من پێویستیمان هەر لەئێستاوە بەدانانی یاسایەکی تایبەت بۆ هەرێمی کوردستان هەیە، یاسای عقوبات بێ، یاسای مەدەنی بێ، هەر یاسایەك بێ، یانیش هەمواربکرێتەوە ئەو یاسایە، ئەویاسایە عێراق دایناوە، ئێمە لێرە هەرێمێکی تایبەتین، هەرێمێکی سەربەخۆین، ڕاستە سەر بەعێراقین، بەڵام ئەگەر ئێمە بچین ئەو بڕگە و ماددانە هەمووی لەسەر خۆمان جێ بەجێبکەین هەر زۆر شتمان ناشەرعی دەبێ، هەر لەوانەیە ئێمەش لێرە ناشەرعی بین، لێرە ئێمە لەو پەرلەمانە ناشەریعی بین، بەڵام ئێمە دەبێ بەخۆمان لەناو هەرێمی خۆمان شتێکی تایبەت دروست بکەین، شتێکی تازە دروست بکەین و بە گونجێ لەگەڵ خەڵکی خۆمان و لەگەڵ ئەم عەسرەی ئێمەی تێدا دەژین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من یەکەم تێبینیم لەسەر برگەی یەکەمە کەدەڵێ هەرکەسێك رووەکی سروشتی و کێوی هەڵکەنێ یان بەکاری بێنێ، دیارە کۆمەڵێ خێزانی هەژار هەیە ژیانیان لەسەر ئەو رووەکە کێوی و سروشتیانانەیە بەتایبەتی لەبەهاراندا، ئەوانە هەموو خەڵکی هەژارن، بەدڵنیاییەوە ناتوانن ئەو غەرامەیە بدەن، بۆیە من ترسم هەیە هەموو ژنە فەقیرەکانی بەردەمی بەلەدییەکەی سلێمانی ساڵی یەکەم لەسجن بن، ئەگەر حکومەتیش وا وەڵامی من دەداتەوە بڵێ هەڕەشەی ئەوانەی لەناوچوونیان لەسەرە من دڵنیام کە حکومەت خۆی مەسحێکی نییە بۆئەوەی کام رووەکانەن کە ترسی لەناوچوونیان هەیە و بڵاویشی نەکردۆتەوە تا ئەو ژنانە بزانن کام رووەکانەن کە نابێ هەڵی بکەنێ و کامەیە کە ئەبێ بیفرۆشێ، بۆیە ئەمە بەڕاستی پێویستە لابدرێ ئەم رووەکی کێوی و سروشتیانە، برگەی سێیەمیش من لەگەڵ لابردنی دام لەبەر ئەوەی ئەوە یەکەم هەوڵە جارێ نەی چاندووە، دووەم ئەگەر بشی چێنێت کارێکی خراپی نەکردووە، نەك خراپی نەکردووە، چۆن ئەبێ عقوبەکەی وەکو ئەوە بێ کە دارێکی سووتاندووە؟ وەکو هاوڕێکانم باسییان کرد، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی کاك فرسەت چەند تێبینییەکی هەیە با بفەرموێ.

**بەڕێز فرسەت احمد عبدالله / سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەئییدی ڕەئی برادەران دەکەم کو پێداچوونەوەیەك هەبێتن بۆ ئەو مادده جەزائییانە هەموویان، چونکە جۆرە تەوازنێك پێویستە بۆیان، دوو ڕەئیم ئەوەیە جەڕائیمی موخالەفە و جونحە بکەینە غەرامە بەتەنیا حەپسی تێدانەبێتن، خاڵی سێیەمم ئەوەیە مەجالێکی باشی ئەوە بۆ عقوباتی بەدیل، لەجیاتی یەکێك من حەپسی بکەم یان غەرامەی لێوەربگرم ئیلزامی بکەم (10) دار بچێنێت یان خزمەتی مەشتەلەکی غابات بکات بۆماوەی (20) یان (15) رۆژ، ئەگەر ئەوە لیژنەی قانونی ئەوە بەنەزەری ئیعتیبار وەربگرێت، چونکە ئێستا ئیتیجاهەکە لە عالەم ئەوەیە، بەرەو عقوباتی بەدیل دەچن زیاتر، وەك بەرەو حەبس و سجن، فەقەرەی 3 لە ماددەی 27، بەڕەئی من محاوەلە یان نیەتی خۆی دیاری دەکات، یان هەوڵیداوە چەند شتێك ئامادە بکات، بۆ نموونە: مەڕی کڕیوە ئەوە ئیعتیبار دەکرێت کە ئەعمالی تەحزیری بووە بۆ کارێك، لە قانونی عقوبات موحاسەبەی لەسەر ناکرێت، یەعنی یەکێك بچێت مەڕ و مەڕ بیلێك بکرێت، ئەگەر بێت و کڕینی ئەوە مەمنووع بێت، موحاسەبە لەسەر ئەوە دەکەن، لەسەر ئەوە نایکەن کەنیەتی هەبووە کە ناوچەیەك یان زەوییەکی سووتاو جارێکی تر بچێنێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل(سەرۆکی پەرلەمان):**

سوپاس، جەنابی وەزیر، فەرموو.

**بەڕێز د. سیروان بابان ( وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر قسە کرا لەسەر خاڵی سێیەم( كل من حاول زراعة او استغلال اراضي الغابات المحروقة). وەکو من لێی تێبگەم، سەبەبەکەی ئێمە ئەوەیە هەموومان دەزانین کە ساڵانە بەهەزاران دۆنم غابات دەسووتێندرێت، هەندێکی بەقەسد دەسووتێندرێت، هەندێکی بێ قەسد، ئەوەی کە بەقەسد دەیسووتێنێت ئەیەوێت سوودی لێ ببینێت، کەس لەوێ نیە بڵێت تۆ ئەمەت سووتاند، بەڵام ئەم کەسە ئەیەوێت سوود لەم ناوچەیە ببینێت، ئەمە ڕێگرە لەو کەسانەی کە بەقەسدی ئەیسووتێنن و دوایش دێن دەیکەنە کشتوکاڵ، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل(سەرۆکی پەرلەمان):**

سوپاس، کاك فرسەت قسەی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مەبەستم ئەوە بوو کە کەلیمەی (حاول) ببێت بە (بدء) یان (من شرع)چونکە وشەی (محاولە)جەریمەی نیە لەیاسادا، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل(سەرۆکی پەرلەمان):**

سوپاس، لیژنەی کشتوکاڵ، فەرموو.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت خاڵی سێیەم دیارە هەر لەکۆنەوە ئەو خێڵانەی کە ڕەویان کردووە، یان حەیوانیان هەبووە، کە گەرمیان وکوێستانیان کردووە ئەوە زراعەی موتەنەقیلە هەبووە، مەسەلەن چووەتە شوێنێك بۆ ئەوەی ناوچەیەك بکات بە کشتوکاڵ سووتاندوویەتی یان بڕیویەتیەوە، ئینجا ئەمە هەر ماوە، بۆیە ئەو کەسەی کە دەیسووتێنێت یان ئەیبڕێتەوە محاوەلە دەکات بیکات بە کشتوکاڵ یان بیکات بە پەچە، بۆیە ئەو خاڵە گرنگە کە هەبێت، دووەم: بەنیسبەت ئەوەی کە دەڵێت (النباتات البرية والطبيعية المهددة بالانقراظ)ئەوانە نیە کە لەبازاڕ دەفرۆشرێت، گیاکان ساڵانە تۆو ئەکات، نموونەیەك باس کرا ئەمڕۆ لەدانیشتنی هاوبەشی لیژنەی کشتوکاڵ و یاسایی و ژینگە، کە لەهەندێ ناوچە خەڵك فێر بوون کە نەباتی ڕێواس بە ڕەگەوە هەڵدەکەنن، کە ئەمە لای ئێمە موتەبەع نیە، بۆیە ئەوە ڕێگە لەوە ناگرێت خەڵك بچێت گیا بکات، چونکە ئەو گیایانەی کە تۆو ئەکەن، بە بڕینەوەو کۆتایی نایەت، بەس هەندێ گیا هەیە کە دانسقەیە یان پێویستە هەڵ دەکێشرێت بەقەسد یان بەبێ قەسد زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل(سەرۆکی پەرلەمان):**

سوپاس، کوێستان خان، فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**من قسەکەم لەسەر ئەوەیە ئایا وەزارەت خۆی مەسحێکی کردووە کە ئەو ڕووەکە دەگمەنانە کامانەن کە خەریکە لەناو ئەچن؟، وە ئایا ئەمە پۆلیسی دارستانەکە دەزانیت کامەیە کە ئەچێت ئەم ژنانە ئەگرێت؟، ئەم ژنانەش خۆیان دەزانن ئەو ڕووەکانە کامانەن؟، من ئەترسم پۆلسی دارستان لەبەر ئەوەی کە ژن ئەچێت کنگریش هەڵدەکەنێت بیگرێت، بۆیە ئەمە پێویستی بەدیراسە هەیە، دەبێت مەسح بکرێت، من دڵنیام کە ئەم مەسحە نەکراوە، من بۆ خۆم نازانم کام ڕووەکانەن کە خەریکە لەناو دەچێت، سوپاس.**

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل(سەرۆکی پەرلەمان):**

**سوپاس، لیژنەی ژینگە، فەرموو.**

**بەڕێز د. تارا عبدالرزاق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئێمە هیچ تێبینیمان نیە، سوپاس.**

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل(سەرۆکی پەرلەمان):**

**لیژنەی یاسایی، فەرموون.**

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**سەبارەت بەوەی کە ئایا تەعاروز هەیە لەنێوان ماددەی( 26 و 27 )هیچ تەعاروزێك نیە لەنێوان ئەو دوو ماددەیە، ڕاستە سزاکان پێویستی بە داڕشتنەوە هەیە، لەبەر ئەوەی ئێمە دەقێکمان هەیە (لاجریمة ولا عقوبة الا بنص)پێویستە هەموو سزاکان و تاوانەکان بەدەقی یاسایی باس بکرێت و دەقێك هەبێت لەسەری، بەڵام تەعاروز نیە لەبەر ئەوەی ئەو خاڵەی کە لە 26 هاتووە باس لە بڕگەی 6ی ماددەی 4 دەکات، ئەوە باس لە بڕینی هەموو دارێك دەکات بە موتڵەقی هاتووە، هەموو دارێك دەگرێتەوە، بەڵام ئەوەی کە لەماددەی 27 هاتووە تەنها باس لەو دارانە دەکات کە هەڕەشەی نەمانیان لەسەرە، یان ئەوەتا دارە بەتەمەنەکانن، کە ئەوەش پێویستە لەلایەن وەزارەتی کشتوکاڵ وپسپۆڕەکانەوە دیاری بکرێت، باس لەوەش کرا کە لەڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی سزاکان کەم کراوەتەوە، بەڕێزان ئەگەر بەدیقەت سەیری ڕاپۆرتەکە بکەن، سزاکە کەم نەکراوەتەوە لە پێشەکی ماددەکە باس لەوە کراوە کە لە 6 مانگ زیاتر نەبێت سزای گرتن، ئێمە ئەو 6 مانگەمان کردووە بە 1 ساڵ وە بەو شێوەیە حاڵەتەکان کە لەماددەکەدا هاتووە دەیانگرێتەوە، واتە سزاکە لە ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی توند تر کراوە، نەك کەمکرابێتەوە، خاڵی سێیەمیش کە کێشەی لەسەرە، (کل من حاول) وەك سکرتێری پەرلەمان ڕوونی کردەوە، پێویستە دابڕێژرێتەوە، مەبەست لەوە نیە کە ناتێگەیشتنێك هەبوو لە بڕگەکە، کە بەچ شێوەیەك ئیستیغلال دەکرێتەوە، دووبارە دارستان دروست دەکرێتەوە، نەخێر ئەوە زەوییەکە ئیستیغلال دەکرێت بۆ نموونە زەوییەکە دەچێندرێت یان دەکرێت بە شینایی، ئەوە بە شێوەیەك ئیستیغلال دەکرێت، بۆ مەبەستی**

دارستان نیه، چونکە دارستانەکە نەماوە، پشتگیری لەو پێشنیارە دەکەین کەسەرەتا لەلایەن بێریڤان خان کرا، وەك سزایەك چ ئەو کەسەی کە دارێك دەبڕێتەوە بەرامبەر بەوە جگە لە سزاکانی ناو یاساکە کە فەرز کراوە، داوای لێ بکرێت و لەسەری فەرز بکرێت کە چەند نەمامێك بچێنێتەوە و خزمەتیشی بکات، ئەوەش هاندانێکەو ڕێژەی سەوزایی زیاد دەکات، ئەویش یەك لە مەبەستەکانی دانانی یاساکەیە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل(سەرۆکی پەرلەمان):**

سوپاس، کاك عومەر، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکەم: من هەر بۆ دووبارەکردنەوەی وتەکانی پێشووم، جەنابی سکرتێری پەرلەمانیش موداخەلەی لەسەر کرد، بەتەئکید پێویستە تاوانەکانی جونحەو موخالەفە سزاکانیان جیابکرێتەوە لەتاوانە گەورەکان، دووەم: بەنیسبەت بڕگەی سێیەم(هەوڵدان) وەك کاك فرسەت باسی کرد شەرت نیە (محاوەلە)کردن بێت، بەڵکو بابی دووەمیەتی پێی دەوترێت(شروع) چونکە شروع لە یاسادا عقوبەی هەیە، (شروع بدء بتنفیذ) بەواتا هەوڵدانەکە بکرێت بە شروع، کە کرا بە شورع بەواتا هەوڵ دەدات بۆ تەنفیز کردنی ئەوەی کە دەیەوێت، لێرەدا شروع لە یاسای عقوباتی عێراقیدا سزای خۆی بۆ دانراوە، پێویستە ئەمیش سزای خۆی بۆ دابندرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل(سەرۆکی پەرلەمان):**

سوپاس، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة (28):

یعاقب بالحبس مدة لاتزید علی (3) اشهر او بغرامة لاتقل عن خمسمائة الف دینار کل من :

اولاً: خالف احکام المادة(21) من هذا القانون ویلزم بإزالة المواد التي قام بالقائها علی نفقته.

ثانیاً: قام بتمدید خطوط الماء او الکهرباء او الهاتف او فتح المجاري او القنوات او الطرق او الشوارع في الاراضي الغاباتیة دون موافقة مسبقة من الوزیر و یلزم بأزالة الاعتداء علی نفقته بالآضافة الی الزامه بالتعویض المناسب.

ثالثا: امتنع بدون عذر، عن تقدیم المساعدة في اطفاء حریق نشب في غابة او رفض المساعدة.

رابعاً: اشتری او تسلم نتاج غابة وهو یعلم او کان لدیه ما یحمنه علی العلم بأن نتاج الغابة هذا مأخوذ خلافاً لاحکام هذا القانون.

خامساً: تضبط معه مولد غاباتیة دون الحصول علی ترخیص بالنقل وتکون هذه العقوبة عن کل وحدة من المنتجات المنقولة مع مصادرة هذة المنتجات.

سادساً: قام بحرق الاشجار والشجيرات الغاباتية او النباتية البرية او تجريدها من قشورها او اوراقها او تشويهها بأي صورة.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل(سەرۆکی پەرلەمان):**

تكایە بە كوردیش بیخوێننەوە.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (28):

سزا دەدرێت بە بەندكردن بە ماوەیەك كە لە (3)مانگ زیاتر نەبێت و یان غەرامەیەك كە لە پێنج سەد هەزار كەمتر نەبێت، هەر كەسێك كە :

یەكەم: سەرپێچی بكات لە حوكمەكانی ماددەی (21)ی ئەم یاسایە ناچاریش دەكرێت بەلابردنی ئەو كەرەستانەی فرێدراون لەسەر حسابی خۆی.

دووەم: تۆڕی ئاو یان كارەبا یان تەلەفۆن رابكێشێ یان جۆگە لەو ڕێڕەو یان ڕێگا یان شەقام لەنێو زەوی دارستاندا بكاتەوە بەبێ ڕەزامەندی پێشووی وەزیر ناچاریش دەكرێت ئەم زێدەڕۆییە لەسەر حسابی خۆی لاببات وێڕای ناچاركردنی بە قەرەبوویەكی گونجاو.

سێیەم: ڕازی نەبوو بەبێ هۆ یارمەتی پێشكەش بكات لە كوژاندنەوەی ئاگرێك كە لەدارستان بەربووبێ یان ڕەتی كردەوە یارمەتی بدات.

چوارەم: بەرهەرمی دارستان بكڕێ یان وەرگرێ كەدەزانێ یان زانیاری لابێ كە ئەم بەرهەمەی دارستان وەگیراوە بەسەرپێچی كردن لە حوكمەكانی ئەم یاسایەدا.

پێنجەم: كەرەستەی دارستانی لابگیرێ بەبێ وەرگرتنی ڕەزامەندی گواستنەوە ئەم سزایەش دەسەپێندرێ بەسەر هەر یەكەیەك لەو بەرهەمە گوێزراوانە، لەگەڵ دەست بەسەرداگرتنی بەرهەمەكان.

شەشەم: هەڵسێت بەسووتاندنی دارو درەختی دارستان یان ڕووەكی كێوی یان توێكڵ و گەڵاكانیان لێ بكاتەوە یان بەهەر شێوەیەك بیشێوێنێ.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل(سەرۆکی پەرلەمان):**

فەرموو بۆ ڕاپۆرتی لیژنەی ژینگە.

**بەڕێز د. تارا عبدالرزاق محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەماددەی 28 تێبینیمان لەسەر برگەی دووەم هەیە، كەهاتووە (قەرەبووی گونجاو) بەچی دیاری بكرێت؟، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل(سەرۆکی پەرلەمان):**

سوپاس، لیژنەی یاسایی، فەرموون.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە تەنها تێبینیمان لەسەر پێشەكی ماددەكە هەیە كە باس لە سزاكە دەكات، ئەویش بەشێوەیەك دابڕێژرێتەوە كە ڕێژەی نزمی و بەرزیەكەش دیاری بكرێت، سزاكەی گرتن لەمانگێك كەمتر نەبێت و لە 3 مانگیش كەمتر نەبێت، غەرامەكەش هەروەكو خۆی لە 500 هەزار دینار كەمتر نەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل(سەرۆكی پەرلەمان):**

جەنابی وەزیر، فەرموو.

**بەڕێز د. سیروان بابان(وەزیری كشتوكاڵ و سەرچاوەكانی ئاو):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەژێر أولاً كە دەڵێت(خالف احكام المادة(21)) كە تەجاوزە لەسەر غابات، ئەگەر (21) بخوێنینەوە تەجاوزەكە چەند شێوەیەكە، بۆیە دەبێت ئەحكامەكەش بەو شێوەیە بێت، بۆیە ئێمە پێشنیار دەكەین بۆی ئیزافە بكرێت، پاش ئەوەی كە دەڵێت (ویلزم بإزالة المواد التي قام بالقائها على نفقته، إزالة التلوث و ارجاع الغابة الى بیئتە الطبیعیة) لەژێر خاڵی رابعاً محتەواكەی باشە، بەڵام ئەبێت بەشێوەی تر دابڕێژرێتەوە، ئینتەیشنی تێدایە كە دەڵێت(كل من یعلم ) نازانم چۆن بزانین كە زانیویەتی یان نەیزانیوە، بۆیە داوا لەبراو خوشكانی یاسایی دەكەم كە بەشێوەیەكی تر دایبڕێژنەوە بەس با محتەواكەی هەر بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل(سەرۆكی پەرلەمان):**

كێ تێبینی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە، ناوتان دەنووسم، ئەم بەڕێزانە دەیانەوێت قسە بكەن( كوێستان خان، كاك پێشەوا، كاك عبدالرحمن، ئاهەنگ خان، كاك دلێر، كاك محمد شارەزووری، سیوەیل خان، كاك شوان، كاك فازڵ بەشارەتی، دكتۆر صباح، كاك قادر احمد، تارا خان، كاك ئارام، دكتۆر احمد) كوێستان خان، فەرموو.

**بەڕێز كوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من سێ تێبینیم هەیە، تێبینی یەكەم: لەسەر بڕگەی یەكەم، ماددەی (21) باسی ئەو كەسانە دەكات كە پاشەڕۆی ڕەق و شل لەدارستانەكان بەجێ دەهێڵن، لەگەڵ تیشك هاوەر، ئەگەر سەیر بكەین ئەوە دوو شتی زۆر جیاوازە، خەڵكێك دەچێت بۆ سەیران پاشەڕۆیەك بەجێ دەهێڵێت، ئەوی تریان ماددەیەكە تیش

هاوەرە، کەزیانی بۆ ژینگەو ئینسان هەمووی هەیە، ناکرێت ئەمە هەمووی بەیەك پێوەر حوکم بدرێت، کەسێك دەچێت بۆ سەیران پاشەڕۆیەك بەجێ دەهێڵێت، ئەکرێت سێ مانگ بکرێتە سجنەوە، بۆیە دەبێت ئەمە جیا بکرێتەوە، من پێم وایە ئەوەی کە پاشەڕۆ بەجێ دەهێڵێت، سەیران کەرە هیچ پێویست بە عقوبەیەکی وا ناکات، بڕگەی سێیەم: کەسێك کە خۆی دەستی نیە لەسووتاندنی دارستاندا، ناکرێت تۆ ئیجباری بکەیت بەزۆر بێت لەگەڵتدا بیکوژێنێتەوە، ئەکرێت داوای لێ بکەیت بەس کە ڕازی نیە، چۆن ئەبێت سێ مانگ حوکمی بدەیت یان پێنج سەد هەزار غەرامەی بکەیت، ئەمە بەڕاستی بەزۆر بێگاری کردنە بەخەڵك، بڕگەی چوارەم: من لەگەڵ ئەوەدام کە لابرێت بۆیە سێیەم و چوارەم لەگەڵ ئەوەدام کە ئیلغا بکرێن، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل(سەرۆکی پەرلەمان):**

سوپاس، کاك پێشەوا، فەرموو.

**بەڕێز پێشەوا توفیق مغدید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینی من ئەگەر سەیری ئەم ماددەیە بکەین، لەگەڵ دوو ماددەکەی پێش خۆی، هەر وەکو لیژنەی یاسایی باسی کرد، نایەکسانیەکی زۆر هەیە، لەڕووی سزای بەند کردن و غەرامەکەوە، بۆ نموونە، ئەگەر لەماددەی (26) هەر وەك ئەوەی کە پێشتریش ئاماژەم پێکرد، مەسەلەن زەوی دارستان هەیە بۆ مەبەستێکی تری جگە لە دارستان، بۆ نموونە واقعێك هەیە هەموومان هەستی پێ دەکەین، زۆر ئاهەنگی بووك گواستنەوە هەیە لەدەرەوەی هۆڵەکان ئەکرێت، لەناو زەوی دارستان دەکرێت بێ ئەوەی مۆڵەت لەوەزارەتی کشتوکاڵ وەربگیرێت، ئەگەر بەپێی ئەم ماددەیە بێت مۆڵەتی وەرنەگرتبێت، بوك وزاواو ئەوانەی کەبەشدارن لە ئاهەنگەکەدا ئەبێت بە سزای بەندکردن لەساڵێك زیاتر نەبێت یان غەرامەیەك کە لە 3 ملیۆن دینار زیاتر نەبێت، حوکم دەدرێن، بەڵام بەپێی ماددەی (28) بڕگەی یەکەم: بۆ نموونە ئەگەر ئەوەی کە پاشماوەی شل یان ڕەق فڕێ دەداتە سەر زەوی دارستان یان کشتوکاڵی بەگشتی، ئێستا ئێمە دەبینین لەکوردستان کۆمپانیایەکی زۆر هەیە کە لەبواری نەوت کاردەکەن، هەم لەزەوی دارستان هەم لەزەوی کشتوکاڵیش من دڵنیام ئەم کۆمپانیایانە، ئەگەر هەمووشیان نەبێت بەشێکی زۆریان بەبێ ڕەزامەندی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو دەگەڕێن بەدوای دەرهێنانی نەوت، ئەمەش وادەکات کە کۆمەڵێك پاشماوەی شل و ڕەق بکەوێت لەسەر زەوییەکان، بۆیە ئەگەر بەپێی ئەم یاسایە بێت ئەوەی پێشتریان عقوبەکەی زۆرترە چ غەرامەکە چ بەند کردنەکە، خاڵی دووەمیان هی ماددەی (28) باس لە ڕاکێشانی ئاو و کارەباو کۆمەڵێك شتی تر دەکات، بۆ نموونە ئەگەر وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە هەروەکو ئەوەی کە لە هەیبەسوڵتان هەیە، دارستانێك هەیە مێژووەکەی کۆنە، بۆ نموونە کۆمەڵێك داری بەتەمەن کەوتوونەتە بەر ڕێگاکەی، ئایا ئەم یاسایە، ئەگەر چی مۆڵەت لەوەزارەت وەرگیراوەی یان هەماهەنگی هەبووە بۆ دروست کردنی ڕێگاکە یان نا، ئەم یاسایە جارێکی تر بەسەر ئەوانیش جێبەجێ دەکرێت یان ئەوان بەدەرن لەم یاسایە، خاڵێکی تر،

ئەوەیە کە وەزارەتی کارەبا کاتێك کەستوونێکی پاڵەپەستۆی بەرزی کارەبا بەناو دارستانێك یان زەوییەك دەبات، بەبێ پرسی وەزارەتی کشتوکاڵ، ئەگەر ئەمە حوکمەکەی بێت ئەوە بەڕاستی ناعەدالەتیەکی زۆری تێدایە، بەرامبەر بە دوو ماددەکەی پێشووی خۆی، خاڵی سێیەم: ئەوەی کە کاتێك کەسێك داوای یارمەتی لێدەکەی کە ئاگر بکوژێنێتەوە، لەگەڵ فەرمانبەرانی دارستان، یان پۆلیسی دارستان، بەڕاستی ئەوە زیادەیە، بۆیە من پێشنیار دەکەم کە لابدرێت، رێك وەکو ئەوە وایە فەرمانبەرانی دارستان وپۆلیسی دارستانیش داوای هاوکاری لە هاووڵاتیەك بکەن، پێی بڵێن ئاگرێك کەوتووەتەوە وەرە لەگەڵمان، دەچین ئەو ئاگرە دەکوژێنینەوە، ئەگەر لەوێ شتێکت لێهات لەئاگر کوژاندنەوەکەدا یان سووتایت یان مردیت، ئەوە خوێنی خۆت لەسەر خۆت، هیچ شتێك ناکرێت لەلایەن ئێمەوە، بەڵام ئەگەر نەهاتی ئەوە یان دەبێت 3 مانگ سجن بکرێیت یان دەبێت زیاتر لە 500 هەزار دینار غەرامە بدەیت، کە بەڕاستی ئەمە بەشتێکی نەگونجاوی دادەنێم، بۆیە پێشنیار دەکەم کە هەر لاببرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل(سەرۆکی پەرلەمان):**

سوپاس، کاك عبدالرحمن، فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن حسین ابابکر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەماددەی (28) بڕگەی یەکەم: کە دەڵێت ئەوەی پاشماوەی فڕێداوەتە ئەوێ دەبێت خۆی هەڵی بگرێت و خۆی پاکی بکاتەوە، غەرامەشی بۆ دابنێت، بەڵام مەسەلەن جێگایەك هەیە هەندێ کەس دەچنە ئەوێ و دوایش لەوێ ئەو پاشماوەیە فڕێ دەدەنە ئەوێ، هەندێکی تر دەچنە ئەوێ ئەو پاشماوە لەوێیە تازە پۆلیس دەیبینێ و دەڵێ ئەم پاشماوەیە هی کێیە، یان بەسەر ئەویدا بسەپێنێت یان بەسەر کەسێکی تری بسەپێنێت، ئەمە چۆن یەکلایی دەکرێتەوە، چۆن دەزانن هی کێیە تا سزای بدەین، بەڕای من ئەوە ناڕوونی تێدایە، بەنیسبەت بڕگەی دووەم: کە دەڵێت کارەبا یان تۆڕی ئاو یان تەلەفۆن ڕابکێشێت یان جۆگە، ئەوە باسی کەسە تەبعەن، لەناو غاباتێك ڕای بکێشێت، ئەگەر پێش وەخت ئیجازەی لە جەنابی وەزیر وەرنەگرتبێت، ئەمە بەڕاستی شتێکی باش نیە، چۆن شەخص بتوانێت ئیجازە لە وەزیر وەربگرێت، تەلەفۆن ڕابکێشێت، جۆگە ڕابکێشێت، غابات هی عامە، ئەگەر بۆ کەس نەبێت ئەوە بۆ کەسی تریش نابێت، ئەگەر بۆ کەسێك هەبێت ئەوە بۆ هەموو دەبێت، ئەمڕۆ بەبێ مۆڵەت ئەوە ناکرێت، یەعنی قەتعیەن ئەوە نابێت بە مۆڵەت و بەبێ مۆڵەتیش، ناکرێت لەوێ جۆگەلە یان تەلەفۆن ڕابکێشێت، ئەگەر شەخصی بێت مەگەر هی حکومی بێت، چونکە غابات هی حکومەتە، دەبێت حکومەت تەسەڕوفی تێدا بکات، نابێت شەخص تەسەڕوفی تێدا بکات، ئەوە دەبێت لابدرێت بەمۆڵەتی وەزیر وبەبێ مۆڵەتی وەزیرش ئەوە هەر نابێت، بەنیسبەت بڕگەی سێیەم: منیش پشتگیری قسەکانی کاك پێشەوا دەکەم، کەدەڵێت(داوای لەکەسێك کرد کەبێت ئاگر بکوژێنێتەوە، ئەگەر نەچوو سزای بدرێت، ئەو کەسە ئازادە بەکەیفی خۆیەتی بێت یان نا، خۆ تۆ ناتوانیت ئیجباری بکەیت و تەعەدای لێ بکەیت، ئەگەر نەیەیت غەرامەت دەکەم یان

سزات دەدەم، ئەمە لەهیچ یاسایەکی دونیادا نیە، لەهیچ عورفێکی دونیاشدا نەبووە، ئەو کەسە ئازادە، ئەگەر ناخی نەتەوەیی بوو، شتێکی لەدڵ بوو کە بچێت بیکوژێنێتەوە وەك خۆی وەك شتێك کە خۆی بە بەرپرس بزانێت ئەوە تەواوە، ئەگەر نا ناکرێت تۆ عقوبەی بدەیت، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل(سەرۆکی پەرلەمان):**

سوپاس، ئاهەنگ خان، فەرموو.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف رؤوف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (28) هەمووی (یعاقب)ی تێدایە، من پێشنیار دەکەم کە فەقەرەیەك زیاد بکرێت، کە موکافەئەی ئەو کەسانە بکرێت کە فەلاحێکی بەسیتە، بۆ لەوەڕاندن غاباتێکی گوێز پارێزگاری لێ دەکات، دوو سێ داری نایاب دڵی نایەت بیبڕێتەوە زۆر زۆر پێویستی بە بەرهەمەکەیەتی، بچین لێی بکڕینەوە ملیۆنێکی بدەینێ کە بڵێین پارێزگاری لێ بکە،ساڵێکی تر دێینەوە بزانین کە پەرەی پێداوە یان نا؟، بۆیە موکافەئە زۆر گرنگە لەم فەقەرەیەدا هەبێت کە بتوانین موکافەئەی ئەو کەسانە بکەین کە پارێزگاری لەو غاباتانە دەکەن، بەتایبەتی لەو ناوچانەی کوردستان کە نزیکی غاباتن، وەك شارباژێر، باسنێ، من زۆر فەلاحم دیوە خۆیان پارێزگاری لە هەندێ داری نایاب دەکەن، بۆیە ئیقتراح دەکەم کە شتێك زیاد بکرێت لەم فەقەرەیە بڵێین ( موکافەئەی ئەو کەسانە بکرێت کە پارێزگاری لەهەر دارێکی نایاب دەکەن) سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل(سەرۆکی پەرلەمان):**

سوپاس، کاك دلێر فەرموو.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشەکی من تەئیدی ئاهەنگ خان دەکەم، کە دەڵێت پێویستە موکافەئەش دابندرێت، چونکە ئەگەر دانەندرێت وای لێ دێت کە گرنگی بەدارستان نادات، وە خۆشی بە خاوەنی نازانێت، لەبڕگەی یەکەم، کە دەڵێت (سەرپێچی بکات لە حوکمەکانی ماددەی (21)ی ئەم یاسایە ناچاریش دەکرێت بەلابردنی ئەو کەرەستانەی فڕێدراون لەسەر حسابی خۆی)، لێرەدا ئەو شتانەی کە فڕێ دەدەرێت، ئەمە مەتاتی دەبێت، کەیەکێك دەچێتە سەیران ئەگەر شتێکی بەسیتیش فڕێ بدات ڕەق بێت یان شل، دەبێتە هۆی ئەوەی کە سزا بدرێت، پێویستە وای لێ بکرێت بڵێین فڕێدانی ماددەی شل یان ڕەق یان تیشکدەر بەتایبەتی زیان بەدارستان بگەیەنێت، نەك شتێکی تر کە ئێستا شتت فڕێدا، ببێتە هۆی ئەوەی کە بەمەتاتی هەموو کەس حوکم بدرێت، بەنیسبەت برگەی چوارەم: بەرهەمی دارستان بکڕێت یان وەری بگرێت کە دەزانێت یان زانیاری لابێت کە ئەم بەرهەمە دارستانیە وەرگیراوە بە سەرپێچی حوکمەکانی ئەم یاسایە، باشە گۆیژ دەکڕێت، بەڕوو ئەکڕێت، مازوو ئەکڕێت، ئەمە بەرهەمی دارستانە، ئەبێت بیشیکرێت، یەعنی زۆر شت

هەیە کە دەورو تەئسیری هەیە لە ڕووی  ئابووری وڵاتەوە، لە ئابووری کشتوکاڵیەوە، ئەمەیان بەم شێوەیە هەم دیسان سزا دەدەرێت، یاخود ئەمەیان دەبێت هان بدرێت، موکافەئەی ئەم جوتیارە بکرێت کە ئەم شتانە لێ دەکاتەوەو ئەیفرۆشێت، لە بڕگەی شەشەم: ئەڵێت (هەستێت بەسووتاندنی دارو درەختی دارستان، یان ڕووەکی کێوی، ڕووەکی کێوی لێرەدا مەتاتی دەبێت، باشە کۆمەڵێك شت هەیە لەووڵاتی ئێمە کەپێی دەڵێن خواردنی کوردەواری وەکو کنگر، وەکو دومەڵان، ئەمەش ڕووەکی کێوییە، لەکاتێکدا کە کنگر هەڵدەکەنێت یان دوومەڵان هەڵدەکەنێت، ئەمەشیان پۆلیسی دارستان بیگیرێت و سزای بدات بڵێت بۆ هێناوتە، یەعنی ئەمانە شتەکان پێویستە بەشێوەیەك بێت کە موکافەئەی تێدا بێت، بەووردتر بیری لێ بکرێتەوە، بەم عمومیە سزای تێدا نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل(سەرۆکی پەرلەمان):**

سوپاس، کاك محمد شارەزووری، فەرموو.

**بەڕێز محمد احمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سەرەتا پێشنیارێکم هەیە بۆ لیژنەی یاسایی، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئەگەر سەیری ئەم یاسایە بکەین لە ماددەی (26 تا دواین ماددە) هەمووی سزایە، یەعنی ئەگەر بێیتە سەر مەحاکم وئەوەی کە تەتبیقی ئەم یاسایە دەکات، بەڕاستی لە سزاکاندا تێکەڵ و پێکەڵیەکی تێدایە، بۆیە من پێشنیار دەکەم، ئەتواندرێت ئەم چەند ماددەیە لەیەك ماددەدا جێگا بکرێتەوە، بە سێ بڕگە، بڕگەیەك تایبەت بێت بە سووتان، بڕگەیەك تایبەت بێت بەوەی کە ئاژەڵ بەخێو دەکرێت، ئەوی تریشیان بۆ دارستان، ئەوەی کە دەیبڕێت یان بەرووبومەکەی هەڵدەگرێت، من پێشنیاری ئەوە دەکەم، ئەوە ئاسانتر دەبێت، ئەگەر ئەوە نەکرا لەماددەی (28) باسی تۆڕی ئاوو کارەبا دەکات، ئێمە یەك شتمان لەبیر نەچێت، ئەم کوردستانە زۆربەی شاخ و داخەکانی داپۆشراوە بە مین، ئێستا دەزگای من کە ئەو شوێنانە پاك دەکاتەوە بەڕاستی هەر ئەسەری دارو درەختی تێدا ناهێڵێت، ئەی ئایا تەنسیقێك هەیە لەنێوان وەزارەتی کشتوکاڵ و دەزگای مین بۆ ئەو مینانەی کە پێویستە لابرێت، بەڵام لەهەمان کاتدا سەیری ئەو شوێنانە بکەین هیچ درەختێکی تێدا نیە لەبەر ئەوەی مەجبورە لای بەرێت، ئەوەش خۆ دەبێت تەنسیق هەبێت لەنیوان وەزارەتی کشتوکاڵ وئەو دەزگایەدا، بۆ ئەو کارە، لەسەر بڕگەی سێیەم من هاوڕام لەگەڵ کاك پێشەوا، بەڕاستی کابرایەك کەڕازی نەبوو بچێت ئاگر بکوژێنێتەوە تۆ بەچ حەقێك دێیت عقوبەی دەدەیت، ئەگەر مرد لەو ئاگر کوژاندنەوەدا تۆ چی دەکەیت؟، منیش پێشنیار دەکەم کە ئەوە لابرێت، لەبڕگەی چوارەم و پێنجەم: شتەکە مەتاتیە لائیحەیەك نیە بۆ ئەو بەروبوومانەی کە ئەم یاسایە قاچاغی دەکات لەو کەسانەی کە دەیکرێت یان دەیفرۆشێت، یان دەیگوازێتەوە، خۆ پێویستە وەزارەتی کشتوکاڵ لائیحەیەکی هەبێت کە ئەو بەروبوومانەی قەدەغەن، ئەو کەسەی کە لای دەگیرێت سزا دەدرێت و غەرامە دەکرێت، خۆ دەبێت لائیحەیەکی لا هەبێت کەچ قەدەغەیەو چی قەدەغە نیە؟، ئەگەر وابێت بەپێی ئەم یاسایە بێت، کەس

ناتوانێت هیچ بەروبوومێکی کێوی بکڕێت، هەتا ترێ و هەناریش دەگرێتەوە، ئەگەر تۆ بێیتە سەر ئەوە موشەریع یان حاکم ئەبێت قسەی لەسەر بکات و بڵێت ترێش قەدەغەیە، بەتایبەتی ترێی ڕەزی دەیمی کە دەکرێت، بۆیە من پێشنیاری ئەوە دەکەم کە ئەم دوو بڕگەیە جارێکی تر لیژنەی یاسایی پێیدا بچێتەوەو لە یەك ماددەدا جێگای بکاتەوە، یان وەزارەتی کشتوکاڵ لائیحەیەك دروست بکات بۆ ئەو بەروبوومانەی کە قەدەغەیە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل(سەرۆکی پەرلەمان):**

سوپاس، ئەو تێبینیانە بنووسە لیژنە داوای دەکەن، سیوەیل خان، فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هاوڕام لەگەڵ کاك محمد شارەزووری، لەسەرەتاوە دەبوو لەماددەی 25 قسەمان بکردایە، کە ئەو ماددانە زۆرن لە ماددەی 25 و 26 تاکو 33 هەمووی هەر سزایە، سزکانیش هەمووی تێکەڵە، واتە سزای گەورەو بچووك هەمووی وەك یەکە، وەك ئەوەی هەر کەسێك کە سەرپێچی کرد سەرپێچیەکەی گەورە بێت یان بچووك، هەمووی بەیەك شێوە سزا دەدەرێت، ئەگەر بکرێت ئەو ماددانە بکرێت بە دوو ماددەو بڕگە بە بڕگە دابەزێت و هەر سەرپێچیەك لەو ماددانە دیارە کۆبکرێتەوە لەیەك ماددە یان یەك بڕگە، ئەوە باشترە، ئەگەر نەشکرا، بەنیسبەت بڕگەی سێیەم و چوارەم ئەوە هەر زیادە لابرێت، وەك دەڵێت، ئەگەر هەر کەسێك هاوکاری نەکرد لە کوژاندنەوەی ئاگرەکە دەبێت سزا بدرێت، ئەی ئەگەر هاوکاری کرد و خۆی سووتا؟، ئەوە حەقی وایە حکومەت سزا بدرێت، حکومەتیش کێ سزای دەدات ئەگەر کابرا سوتاو مرد؟، بەنیسبەت چوارەم بەرهەمی دارستان بکڕدرێت یان وەربگرێت، هەر کەسێك بەرهەمی دارستانی کڕی یان وەری گرت، ئەوە دیاری کردووە هەرچەندە پێم وایە لابرێت باشترە، بەڵام لەکێی دەکڕیت؟، نابێت فرۆشیار دیار بێت، نابێت ئەو کەسەی دەیکڕێت بزانێت کێیە؟، ئەوەی دەیفرۆشێت کە دەزانێت قەدەغەیە سەرپێچی دەکات، نەك ئەوەی کە دەیکڕێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل(سەرۆکی پەرلەمان):**

سوپاس، کاك شوان، فەرموو.

**بەڕێز شوان عبدالکریم جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵا من لە ماددەی (28) دوو تێبینیم هەیە، یەکەم: پشتگیری لە هەموو هاوکارەکانم دەکەم کە لەسەر خاڵی سێیەم قسەیان کرد، بەڕاستی هەر شتێك ئیجباری و ئیکراهی تێدا بێت، دژی مافی مرۆڤە، بۆیە دەبێت ئەو بەڕێزانە چاوێکی پێدا بخشێننەوە، بەشێوازێکی تر جێگای بکەنەوە، تێبینی دووەم: ئێمە لەپێناسەکاندا لە حەوتەم کە پێناسەی غابات دەکەین، باسی ئاژەڵی کێوی تێدایە، بەڕاستی لە عقوباتەکاندا هیچ باسی ئاژەڵی کێوی تێدا نیە؟، هەر باسی دار و نەمامی تایبەت ئەوانەیە باسی ئاژەڵەکانی تێدا نیە، یەعنی ئەوەی کە ئەو

ئاژەڵانە دەهێنێتە دەرەوە لە دارستان بێچووی بێت یان هێلکەکەی بێت هەر شتێکی بێت و مامەڵەی پێوە دەکەن، سزای ئەوانە چیە؟، لەگەڵ ئەوەی کە ئێمە لە پێناسەی دارستاندا باسی ئاژەڵی کێوی و تەیرو تیورمان کردووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل(سەرۆکی پەرلەمان):**

سوپاس، کاك فازڵ فەرموو.

**بەڕێز فاضل محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، قسەکانی من کران.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل(سەرۆکی پەرلەمان):**

سوپاس، دکتۆر صباح، فەرموو.

**بەڕێز د. صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (28) بۆ ئەو بۆچوونانەی کە پێشکەش کران، یەکەم: بەڕاستی دەبوایە ئێمە زووتر تەئکیدمان لێ بکردایەتەوە، من لە ئەحکامی عیقابیدا لایەنگری ئەوەم کە یاسا بچێتە ناو جزئیات و وردەکارییەوە، چ لەدەستنیشانکردنی تاوان، چ لە دەستنیشانکردنی سزاکان، لەسزاکانیش دەبێت حەدی کەم و زۆری دیاری بکرێت، بۆ ئەوەی سوڵتەی تەقدیری قازی مەراوەحە بکات لەنێوان حەدی کەم و زۆری، بەپێی حەجمی تاوانەکە، دووەم: ئەوەی کە لەم ماددەیەدا بەرچاو دەکەوێت، تاوانی گەورەو بچووك وەك یەك حسابیان بۆ کراوە لە سزادا، بۆ نموونە لەماددەی (21) باس لەوە دەکات کە یەکێك پاشەڕۆ بەجێ بهێڵێت لە دارستان، لەگەڵ کەسێکدا کەمەوادی تیشکدەر بەجێ بهێڵێت، یان دایبنێت، ئێستا مەوادی تیشکدەر سابت بووە کە زەرەرو زیانێکی زۆر گەورەی هەیە، یەعنی نەك بۆ ئێستا بەڵکو بۆ داهاتووش، بەڵکو بۆ ژینگەو بۆ ژیانیش، تەنانەت مەوادی تیشکدەر زۆر خەتەرناکیش هەیە کە ئێستا خەڵك بەدەستیەوە دەناڵێنێت، بۆیە دەبێت چارەسەری ئەوە بکرێت، سزای زۆر توووند دابندرێت بۆ ئەو مەوزوعە، بۆ بەکار هێنانی مەوادی تیشکدەر، سێیەم: لە بڕگەی سێیەم کە باسی (ثالثا: امتنع بدون عذر) من تەئیدی ئەم بڕگەیە دەکەم، چونکە ئیمتیناع لەواجیب بەبێ عوزر، لەڕاستیدا حسابی تاوانی بۆ دەکرێت، شەرعەن وقانونەن، ئەگەر من بتوانم کارێك بکەم و ئەنجامی نەدەم، بەڵام بەبێ هیچ عوزرێك ئەوە حەقە موحاسەبە بکرێم، بەتایبەتی ئێمە باسی سامانێکی نەتەوەیی دەکەین، باسی سامانی دارستان دەکەین، بۆیە من پاساوێك نابینم بۆ لابردنی ئەو خاڵە، بەنیسبەت خاڵی چوارەم کە دەڵێت(رابعاً: اشترى او تسلم نتاج غابة وهو يعلم او كان لديه ما يحمنه على العلم بأن نتاج الغابة هذا مأخوذ خلافاً لاحكام هذا القانون.) یەعنی مەوزوع مەوزوعی ئەوەیە کەسێك، ئەگەر نەزانێت کارێکی وابکات ئەوە حسابی عوزری بۆ کراوە، بەڵام لەڕووی یاساییەوە ( الجهل بالقانون لايعد عذراً) یەعنی لێرەدا ئەو (وهو يعلم)نابینم بۆی، ئەمێنێتەوە سەر ئەوەی کە تەنزیمی ئەم ماددەیە چۆن

بكرێت، لەڕاستیدا من هەست دەکەم لەپێشدا کە باسی تاوانەکان کراوە، جوانتر وابوو لەپاڵ هەر تاوانێکدا سزاکەشی بۆ دابندرایە یاخود تاوانەکان بە تەحدید دیاری کرابان و، زۆر بە جوزئیاتێکی زیاترەوە و، سزاکانیش (حد اکثر)ـەکەی بۆ دیاری بکرێت، (حد الاقل)ـەکەشی بۆ دیاری بکرێت، نوقتەیەکی زۆر گرینگ هەیە لەم مەوزوعەدا، کە ڕەنگە بمان باتە ناو بابەتە نێودەوڵەتیەکانەوە، ناوچە سنووریەکانمان زۆرجار دارستانەکانمان دەبێت بە نیشانە، زەرەرو زیانێکی زۆرمان لێ دەکەوێت، دەکرێت ئێمە لایەنی پەیوەندیدار مولزەم بکەین بەوەی بەدواداچوون بکات، بۆ قەرەبووکردنەوەی زیانی ئەو دارستانانەی، کە لە ئەنجامی بۆمبارانی دەرەوە تووش دەبن، یان دروست دەبن، بەشێوەیەك کە لەگەڵ یاسا نێودەوڵەتیەکان دا بگونجێت و، ئەرکێکیش بخاتە سەر حکومەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان، لە ئەنجامدا ئێمە بتوانین سوودێك بگەیەنین بەو کەسانەی زەرەرو زیانیان لێ کەوتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك قادر فەرموو.

**بەڕێز قادر حسن قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەسەر ماددەی دووەم و سێیەم قسەم هەیە، ئەگەر تەماشای ڕاکێشانی هێڵەکانی کارەبا بکەین لە کوردستاندا، زۆرترین زیان لە دارستانی غاباتەکان دەدەن، چونکە ڕاکێشانی ئەو ڕێگایەی کە دەچێت تاوەرێکی گەورەی کارەبا دەچێنێت، لەسەر ئەساسی دیزایین نیە، بەگوێرەی پێویستی و ئارەزووی ئەو کۆمپانیایە، کە چەند دەگاتە ئەو شوێنەی خۆی، بۆیە ئەگەر تەماشای هێڵێکی کارەبا بکەین لە ناوچەیەکی دارستان دەرچووە، بچین تەماشای بکەین، دەبینین چەند دارو دارستان تێك دراوە، بۆیە ئەوە بۆخۆی زیانێکی هەیە، وەك هاوکارێکم باسی کرد، ناکرێت تەنها ئەوە لەسەر ئەساسی وەزیر ئەو بڕیارە بدات، لەکاتێکدا ڕەنگە وەزیر لەناو دائیرەکەی خۆیدا بێت و، کەمتر مەعلوماتی لەسەر ئەو شوێن و جوگرافیای ئەو شوێنە هەبێت، هی سێیەمیان وەك کاك پێشەوا باسی کرد، باسی لە سزادانی ئەو کەسانە کراوە، کە هاوکاری ناکەن لە کوژانەوەی دارستان، سزا بیانگرێتەوە، من پێموایە سزا نەیانگرێتەوە، بەڵکو ئەوانەی هاوکاری دەکەن پاداشت بکرێن، پاداشت دیاری بکرێت بۆ هاووڵاتیەك، کە لە گوندێك ئاگر دەکەوێتەوە، پاداشت بکرێت بۆ هەر کەسێك کە بەشداری لە کوژاندنەوەی دەکات، دەکرێت وەکو ماددەکانی تر بڵێین لە 25 هەزار کەمتر نەبێت، لە 50 هەزار زیاتر نەبێت، هاووڵاتیەك کە کاتێك دەبینێت پاداشت دەکرێت، ڕەنگە زیاتر ئارەزووی کوژانەوەی ئاگرەکە و هاوکاری کردنی هەبێت، لە کوردستان خەڵوز بەکاردەهێنرێت، بەڕاستی ناکرێ خەڵوزیش لە وڵاتانی دەرەوە هاوردە بکەین، بۆیە دەکرێت ڕێگا بگرین لە چەند جۆرێك لە دار بۆ خەڵوز، دار بەڕوو، دارە بەن، مازوو، ئەمانە کە لە ناوچە دارستانەکان زۆر گرینگن، بەلام ناکرێت بتوانین ڕێگا بگرین لە باغێکی ئەسپیندار، کە هەر بە سێ ساڵ، چوار ساڵ جارێك ئەو باغە پێ دەگات و، ڕێگای لێ بگیرێت، کە ببڕدرێتەوە و بەکاربهێنرێت بۆ خەڵوز، بۆیە من پێموایە دەبێت لەو یاسایەدا دار

بەڕوو، دارە بەن و، مازوو ئەوانە قەتعییەن ڕێگای لێ بگیرێت، چ وەکو دار بەکاربهێنرێ، چ وەکو خەڵوز، بەلأم لە ئەسپیندار دا ڕێگای پێ بدرێتن، بۆیە من ئەو مولاحەزانەم هەیە ڕێگا لە بڕینی دار بەڕوو، دارە بەن و، مازوو بگیرێت، کە زۆرترین دارستانی هەرێمی کوردستان پێك دەهێنن، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تارا خان فەرمووو.

**بەڕێز تارا تحسین ئەسعەدی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی لەو ژمارانە لە سێ و لە شەش مولاحەزەم هەیە، لە شەش ئەوەی کە دیسانەوە سووتاندنی دارەکانە، کە لە هی پێشووش باسی حەریق دەکات، بەلأم دوو جۆرە سزای بۆ داندراوە، لێرە سزای 3 مانگ و 500 هەزارە، لە هی پێشتر 6 مانگ و 2 ملیۆنە، ئەوە یەکخستنی سووتاندنی غاباتەکان بێت، دووەم شت گۆڕینی سێیەم لەجیاتی ئەوەی (اذا امتنأ عقاب) بکرێت، هەروەکو هاوکارانم وتیان وا داڕێژرێتەوە، هیوادارم لیژنەکان وەریبگرن بە ئیزنی بەڕێزتان و سەرۆکایەتی، (یشجع و یکافأ کل من قدم مساعدة في اطفاء حریق نشبت بغابة) ئەوە ئەگەر ئێمە ئیمانمان بە عقوباتی بەدیل هەیە، کە بەڕێز سکرتێری پەرلەمانیش لێرە ئیقتراحی کرد، بێریڤان خانیش و لیژنەی یاسایش بەرگریان لێکرد، ئێمە ئەگەر بێت و وەکو عقوباتی بەدیلە هەوڵبدەین لەگەڵ سزاکانماندا عقوبەی بەدیلە، کە بۆ خزمەت کردنی زیاتر بێت، لە دوو فەقەرە یەکەمیان: ئەوەی کە لە خۆیەوە موساعەدەیەك دەکات، بۆکوژاندنەوەی دارستانێك کە سووتانی تیایە، دووەم: لە حاڵەتێك کە پیساتیەکی کرد لە شوێنێك کە لە ماددە (21) باس دەکات، لە سەیرانێك دا پیساتیەکەی بەجێ هێشت خۆی هات هەمووی کۆکردەوە، لەو دوو حاڵەتە وەکو موکافەئەتێك بکرێت بۆ ئەو کەسانە، ئیتر وای لێبێت خەڵك فێر بێت لەگەڵ سزا موکافەئەش هەیە، کە ئیشێکی باش دەکەین هەرچەندە واجبی هاووڵاتیە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ئارام فەرمووو.

**بەڕێز ایوب نعمت (ئارام):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، قسەکانم کرا.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆر احمد فەرمووو.

**بەڕێز د. احمد ابراهیم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو سزایەی کە لێرە دانراوە، کە لە سێ مانگ زیاتر نەبێت بەند کردن و، هەر غەرامەیەك لە 500 هەزار کەمتر نەبێت، ئەگەر بەراوردی بکەین لەگەڵ 3 مانگەکە کە بەندکردنە 500 هەزار زۆر کەمە، چونکە لە ماددەی (27)دا سزادانەکە کە لە شەش مانگ زیاتر نەبوو، غەرامەیەك کە لە 2 ملیۆن کەمتر نەبوو، واتە یەك ملیۆن بەرامبەر (3) مانگ، لێرە 500 هەزار بەرامبەر (3) مانگەکە دانراوە، یەعنی لایەنی کەم لێرەش بکرێت بە 1 ملیۆن و، سەبارەت بە بڕگەی سێیەم: ڕازی نەبوونی هاووڵاتی بەبێ هۆ، یارمەتی پێشکەش بکات لە کوژاندنەوەی ئاگرێك کە لە دارستان بەربووبێت، یان ڕەتی کردەوە یارمەتی بدات، ئەمە بەڕاستی لە پێشەوەش کە باسمان کرد، کە دەڵێت نابێت بە زۆر بسەپێنرێت بە سەر هاووڵاتی دا، بەڵام ئایا لە حاڵەتێکدا ئەگەر کارمەندی ئاگرکوژێنەوە، یان ئەو فەرمانگە، ئەو کارمەندانەی کە مولزەمن بە پاراستنی دارستان و ئاگر کوژاندنەوە ئەوان کەمتەرخەمیان کرد؟ لێرەدا هیچ سزایەك بۆ ئەو کەسانە دانەنراوە کە کەمتەرخەمی دەکەن و، لە ماددەکانی دوایش هیچ سزایەك بۆ ئەوانە دانەنراوە، پێموایە لێرەدا شوێنی خۆیەتی، کە کارمەندانی ئاگرکوژێنەوە یان ئەوانەی کە موکەلەفن بە پاراستنی دارستان، ئەگەر کەمتەرخەمیان کرد، ئەوان سزایان بۆ دابنرێت، لە بڕگەی چوارەم و پێنجەم کە باسی ئەو بەرهەمانە دەکا، کەرەستەی دارستان، لەڕاستیدا من لێرە پێموایە ئەو سزایە لێرە نابێت بەو شێوەیە بێت، لە سێ مانگ بەند کردن و هەروەها 500 هەزار دینار، چونکە ئەگەر ئەو بەرهەمە دارستانە، جارێ بەڕاستی ئایا گەڵاو پووش و پەڵاش و ئەوانەی کە زیان بە دارستان ناگەیەنن، ئەگەر گواستڕانەوە کە کاك قادر ئاماژەی پێدا، ئایا لەو حاڵەتە دا دەبێت ئەو سزایە هەر بسەپێنن بەسەری دا؟، یان دەبێت لێرە جیا بکرێتەوە، ئەو بەرهەمانە چین، کە لە دارستان دەیکرێت یان وەری دەگرێت؟ ئەو کەرەستانەی کە لای بگیرێت بەبێ وەرگرتنی ڕەزامەندی گواستنەوە، من پێموایە لێرە بە غەرامەیەك کە بەقەدەر دوو بەرامبەری ئەو بەرهەمە، یان ئەو کەرەستەی دارستانە بێت، کە لای دەگیرێت سزا بدرێت، جگە لە بەندکردنەکە، یەعنی لێرە غەرامەکە دوو بەرامبەری ئەوە بکرێتەوە، کە ئەو کەرەستانەی لا دەگیرێت، ئەگەر کەرەستەکانی بردوو، کەرەستەکان 500 هەزار دینار غەرامە کرا، ئایا ئەو غەرامەیە بەرامبەر بەو کەرەستەو بەو بەرهەمەیە کە ئەو بردوویەتی؟ یان دەبێت غەرامەیەکی لێ بسەنرێت، دوو بەرامبەری ئەو کەرەستە یان ئەو بەرهەمە بێت کە بردوویەتی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر، لیژنەی تەندروستی و کشتوکاڵ فەرموو:

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبعەن من هەندێك ڕوونکردنەوەم هەیە، ئەو پاشەڕۆیەی کە لە سەیران و لە گەشتەکان، ئەوانە ڕۆژانە پاك دەکرێتەوە هەمووی دەیبینین، یەعنی ئەمە کە باس دەکرێت یەکێك مەعمەلی بلۆکی هەیە، یان مەعمەلی بەردی هەیە، یان مەعمەلی ئاسنی هەیە بچێت بە گەلابە فرێی بدات، ئەوانە موخالەفەیە، ئەگینا

ئەوانەی کە دەچن بۆ سەیران رۆژانە، سەدان کرێکار دەگیرێت بە کرێ و پارەی دەدرێتێ بۆئەوەی کۆبکاتەوە، بۆ کێشەیە هیچ دروست ناکات بۆ ئەو مەسەلەیە، مەسەلەی ئەو کەسەی کە هاوکاری ناکات، تەبیعی ئەوە شەرحە وە قانونن برایان باسیان کرد، یەعنی مەعقول نیە من لەپاڵ غاباتێك دام، دەسووتێ چەند مۆزەفێك یان چەند پۆلیسێك لەوێ ئیش دەکەن، پێم بڵێن کاکە تەنەکەیەك ئاوم بدێ نەمداتێ، یەعنی ئەوە ئەو کەسە ڕاستە بۆی هەیە، بەلاّم خۆ کە داوای موکافەئە دەکەین بۆ ئەو کەسەی کە یارمەتی دەدات، دەبێت لێپرسینەوەیەك هەبێت بۆ ئەو کەسەی بەقەست یان بڵێت نەخێر یارمەتیت نادەم، ئەوە من بۆ یاسا دەیهێڵمەوە، مەسەلەی بەڕاستی ئەوەی کە مەسەلەن یەکێك گوێزی پێ بێت، یان فلاّنی پێ بێت یان بگیرێت، ئەوە پێدا دەچینەوە بە تەنسیق لەگەڵ بەڕێز وەزارەت و، ئەوەش دەخەینە ئەو ماددانەوە مەسەلەی حەیوانی کێوی و باڵندەی کێوی و ئەوانەش پێویستە بەڕاستی، مەسەلەن دەلەك نەماوە لە کوردستان دا، لەبەرئەوەی پێستەکەی پارە دەکات، ئەوانە کەرتێیەشکە پێی دادەچینەوە و ئیزافەی دەکەین، شتێکی تر باسکرا مەسەلەی ئصوڵ و هەندێك شت کە عقوبەی هەیە، ئەوەش هەر بەڕاستی تەعمیمێکی تێدا دەبێت، نەختێك وردەکاری تێدا بکرێت پێدا بچێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی تێبینیتان هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نەخێر هیچ تێبینیمان نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی ژینگە تێبینیتان هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز تارا عبدالرزاق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیمان نیە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة (29)

اولاً: يعاقب بالحبس مدة لا تقل عن سنة وبغرامة لا تقل عن خمسة ملايين دينار، كل من:

1- اضرم النار بقصد احداث حريق في الغابات والاراضي الغاباتية والمحميات والمناطق الوقائية و المراعي.

2- تكون العقوبة سجناً وتضاعف الغرامة المنصوص عليها في الفقرة (1) من البند (اولاً) من هذه المادة اذا كان القصد من احداث الحريق الاضرار بالاقتصاد الوطني.

ثانياً: يعاقب بالحبس مدة لا تقل عن سنة وبغرامة لاتقل عن مليوني دينار ولا تزيد على عشرة ملايين دينار كل من خالف احكام المادة (19) من هذا القانون مع مصادرة ما يضبط معه.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو بە كوردیەكەی.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (29)

یەكەم: سزا دەدرێت بە بەندكردن بەلای كەمەوە بۆماوەی (1) ساڵ و، غەرامەیەك كە لە پێنج ملیۆن دینار كەمتر نەبێت، بۆ هەر كەسێك كە:

1- ئاگركەوتنەوەی بە ئەنقەست لە دارستان و زەوییەكانی دارستان و پارێزراون لە ناوچەكانی خۆپاراستن و، لەوەرگەكان بكاتەوە.

2- سزاكە دەكرێتە زیندانی و غەرامەكە دوو هێند دەبێت كە لە بڕگەی یەكی بەندی یەكەمی ئەم ماددەیە دا هاتووە، ئەگەر ئەو كەسە مەبەستی لەم ئاگركردنەوەیە زیان گەیاندن بێت بە ئابووری نیشتمان.

دووەم: سزا دەدرێت بە بەندكردن بە ماوەیەك كەمتر نەبێت لە ساڵێك و غەرامەیەك لە (2) ملیۆن دینار كەمتر نەبێت و لە (10) ملیۆن دینار زیاتر نەبێت هەركەسێك سەرپێچی بكات لە حكومەكانی ماددەی (19)ی ئەم یاسایە لەگەڵ دەست بەسەر داگرتنی هەرشتێك كە لای بێت.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی كشتوكاڵ فەرموو.

**بەڕێز زكیە سید صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشتگیری ماددەكە وەك خۆی دەكەین.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە هەمان تێبینیمان هەیە سەبارەت بە ماددەكانی كە باس لە سزاكان دەكەن، كە پێویستی بە داڕشتنەوە هەیە، جۆری سزاكە بەپێی جۆری تاوانەكە دابڕێژرێتەوە، لەبەر ئەوەی هەندێك ماددە دووبارەی تێدایە،

بۆنموونە سووتاندن ئەوە زیاتر لە یەك مادده سزای لە بۆ داندرایە، پێویستە ئەوانە هەمووی دووبارە پێداچوونەوەی لە بۆ بکرێت و دابڕێژرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی تەندروستی و ژینگە، فەرموو.

**بەڕێز تارا عبدالرزاق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیمان نیە لەسەر ماددەکە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز د. سیروان بابان/ وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری پێشنیارەکەی لیژنەی قانونی دەکەین.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە؟ تەنها یەك کەس، کاك صباح فەرموو.

**بەڕێز صباح بیت الله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (29) ئەوەلەن فەقەرەی یەك کە دەڵێت (اضرم النار بقصد احداث حريق في الغابات)، کە غەرامەی بۆ داناوە (و بغرامة لا تقل عن خمسة ملايين دينار) من پێشنیار دەکەم کە لە 10 ملیۆن دینار کەمتر نەبێت، چونکە بە قەسدەکە نووسیوە (اضرم النار بقصد)، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة (30): كل من رعي حيواناً او اطلقه في غابات الاقليم، خلافاً لاحكام هذا القانون يعاقب بالحبس مدة لا تزيد على شهر و بغرامة لا تزيد عن خمسة الاف دينار عن كل راس من الغنم او البقرة و عشرة الاف دينار عن كل راس من الماعز و الخيل و البغال و الحمير و غيرها.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بە کوردیەکەی فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (30): هەركەسێك ئاژەڵێ بلەوەڕێنێت یان بەڕەلا بكات لە دارستانەكانی هەرێم بەسەرپێچی بڕگەكانی ئەم یاسایە سزا دەدرێت بە بەندكردن كە زیاتر نەبێت لە مانگێك یان بە غەرامەیەك لە 5 هەزار دینار زیاتر نەبێت بەرامبەر هەر سەر مەڕێك یان مانگایەك و 10 هەزار دیناریش بەرامبەر هەر سەر بزن و ئەسپ و ئێستر و گوێ درێژ و هی دیكە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هیچ تێبینیمان نیە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی كشتوكاڵ فەرموو.

**بەڕێز زكیە سید صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تێبینیمان نیە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی تەندروستی و ژینگە فەرموو.

**بەڕێز تارا عبدالرزاق محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تێبینیمان نیە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر؟ كێ تێبینی هەیە؟ ئەم بەڕێزانە ناویان نووسراوە (كاك قادر احمد- كاك فاضل- مامۆستا فرمان- كاك عبدالرحمن- كاك پێشەوا) فەرموو كاك قادر.

**بەڕێز قادر احمد سمایل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەگەر لە وەزارەتی زراعە یان هەر وەزارەتێكی تر، كە مەعلوماتی لابێت ئامارێك وەربگرین، بە دڵنیاییەوە كوردستان لە مەڕو بزن و حەیواناتی تر، لە نیو ملیۆن بەرەو سەرەوە زیاتر دەكرێت هەبێت لە كوردستان دا، من نازانم ئەو ئاژەڵانە لە كوێ دەلەوەڕێنن؟ كابرای ئاژەڵدار لە كوێ هەڵسوكەوت بكات؟ لەكاتێكدا مەڕە، بزنە هەر شتێكی ترە، لە هیچ یەكێك لەو دارستانانە بۆی نیە بیلەوەڕێنێت، چۆن ئیدامە بە ژیانی

حەیوان و بەرهەمی حەیوانداری دەدەین لە کوردستاندا؟ بۆیە پێموایە ئەو یاسایە لە واقیعی ژیانی کوردەواری ئێمە دا ناگونجێت، هەر پێشنیار دەکەم لابرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك فاضل فەرموو.

**بەڕێز فاضل محمد قادر(بەشارەتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە حەقیقەت من پێشنیار دەکەم ماددەی (30) هەر نەمێنێت لەم یاسایە، چونکە باس لە سزادانی ئەو کەسانە دەکات کە ئاژەڵ لەناو دارستانەکان بلەوەڕێنن، لەڕاستیدا دارستان ئەگەر بەپێی ڕێنمایی هەبێت، من نالێم نەبێت، ڕێنمایی هەبێت، بەس لە حەقیقەت دا دارستان شوێنی لەوەڕاندنی ئاژەڵە، بەتایبەتی گوندەکان (لادێیەکان) کە لە شوێنە شاخاوییەکانن، ئەگەر ئاژەڵ و مالیاتی نەچێتە ناو دارستان و لەوەڕگاکان، ئەی لەکوێ بلەوەڕێت؟ کە کاك قادر ئیشارەتێکی کورتی پێدا، بۆیە بەڕاستی ئەو ماددەیە من بە دژی بەرژەوەندی یان بە خیلافی خواستی خەڵکی دەزانم لە گوندەکان بەتایبەتی، بۆیە من پێشنیار دەکەم ئەم ماددەیە لەم یاسایە دا نەمێنێت، چونکە بە حەقیقەت ئەوە ڕێگریەك لە لەوەڕاندنی ئاژەڵ و مالیاتی مالی دەکات، بەتایبەتی بۆ گوندەکان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا فرمان فەرموو.

**بەڕێز فرمان عزالدین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە لەم یاسایەدا وەزارەت یاخود پرۆژە یاسایەکە بەگشتی، تەنها پارێزگاری لە بەرژەوەندی گشتی دەکات، ئەو بەرژەوەندی گشتیش بە مانای وەزارەتی تاوانەکان و دارستانەکان، بەڵام ئێمە ئەوەمان لەبیر نەچێت، ئێستا لە کوردستان دیارە ڕاوکردنی گیانلەبەرە کێویەکان قەدەغەیە، بەتایبەتی لە هەندێك ناوچە، بۆ نموونە دەهێنم لە جەلسەی ڕابردووش باسم کرد، لە ناوچەی مێرگەسۆر، بەڕاستی گیانلەبەری کێوی بەڕادەیەك زیاد بووە، کە  گوندنشینەکان ناتوانن باغەکانی میوەجاتی خۆیان بەرهەم بهێنن، لەبەرئەوەی زۆر بە ڕێك و پێکی دەچێتە ناو ئەو باغانە، هەموو میوەجاتەکە زۆربەی زۆری میوەکانیان لە کۆڵکەوە دەرهێنایینە، لە ڕەگەوە دەریان هێناوە، باشە کێ پارێزگاری لە بەرژەوەندی ئەوانە دەکات؟ ئەی نابێت پارێزگاری لە بەرژەوەندی گوندنیشەکانیش بکرێت، کە ڕەزو باغەکان بەشێوەیەك لەبەر زۆر بوونی گیانلەبەرە کێویەکان بەرنەدرێن، بەڕاستی پرسیارەکە لێرە لە وەزارەتی کشتوکاڵە، یان جێگایەکی پارێزراو بۆ ئەو گیانلەبەرە کێویانە دابین بکات، کە دەست درێژی نەکەنە سەر باغ و باغات و میوەجاتی گوندەکان،

یاخود ئەگەر بەو شێوەیە بێت وردە وردە دانیشتوانی گوندەکان بەڕاستی کەم دەبنەوە، لەبەرئەوەی دانیشتوانی گوند چ بەرهەمێکی هەیە؟ چ بەرژەوەندیەکی هەیە؟ تەنها ئەوەی کە پەیوەندە بە میوەجاتەوە هەیە، ئەگەر بەوشێوەیە بڕواتن، بەڕاستی ئەو پرسیارەش لە جەنابی وەزیر دەکرێ، تا چ هەنگاوێکیان نایە؟ بۆئەوەی بەربەری ئەو گیانلەبەرە کێویان بگرن، بۆئەوەی باغ و باغاتی میوەجاتی کوردستان پارێزراو بێت و، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عبدالرحمن فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن حسین ابابکر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی من ئەگەر بێم پێشەکی سەیری چەند ماددەیەك لەو پڕۆژەیە بکەم، من نازانم مەقسەدی موشەریعەکە چیە؟ لە داڕشتنی ئەو پڕۆژەیە، بەڕاستی یەعنی مەقسەدەکەی تێناگەم، یەعنی دوو بڕگەیە و دوو ماددە کە سەیر دەکەم هەر دژی بەرژەوەندی خەڵکی کوردستانە، هەر بە دژی ژیانەوەی لە ناو کوردستانە، یەعنی زۆر بڕگە و ماددەی وا هاتووە، من پێشەکی پشتگیری قسەکانی کاك فاضل دەکەم، هەر ئەو ماددەیە هەڵگرێت لەناو، هەرنەمێنێت، هەر ڕەت بکرێت، چونکە لەبەر چی؟ لەبەر ئەوە ئەگەر ئەو ماددەیە بمێنێت مانای وایە کە گوند نەمێنێت، کە گوند نشین نەمێنێت لە کوردستان، ئەی بە ئاژەڵ دەژی؟ ئەی بە کەر دەژی؟، ئەی بە ئێستر دەژی؟، ئەی ئەسپ دەژی؟، ئەی بەچی بژین؟ کە ئەسپ و ئێستر و گا نەما، مەڕ نەما، لە کوێ بیلەوەڕێنن؟ یەعنی لە ئاسمان، لەکوێ؟ ئەی هەر لەسەر ئەم ئەرزەیە، ئەگەر باسی دارستانە با حکومەت هەستێت بە سیاج کردنی دارستانەکە، سیما دابڕێژرێت لە دەوری ئەو دارستانەی کە حکومەت زەرعی دەکات یان دەچێنێت، نەك دارستانێك کە خۆی لە خۆیەوە هەیە و هی خەڵکە و هی ئەم میللەتەیە، بە هەزارەها ساڵە ئەو خەڵکە لەسەری ژیاوە، بە مەڕو ماڵآت خۆی بەخێو کردیە، خۆی ژیاندیە گەیاندیتیە ئەو ئاستە، ئەگەر ئەم شاخە نەبووایە، ئەم چیایە، ئەم دارە نەبووایە، ئەو میللەتە هەر نەدەما، یەعنی هەر دەفەوتا، بەڵام ئەو دارە و ئەو دارستانەیە پاراستیە هەتا ئێستاکە، ئێستاش لێیان مەحروم بکەین، لێی ببڕینەوە بۆ کوێ بڕوات؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك پێشەوا فەرموو.

**بەڕێز پێشەوا توفیق مغدید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە منیش هاوڕام لەگەڵ ئەوەی کە ئەم ماددەیە ئیلغا بکرێتەوە، چونکە بەو پێیەی ئێمە لە ڕابردوودا یاسایەکی لەو جۆرەمان نەبووە، لەگەڵ ئەوەی کە نەشمان بووە، حاڵی کەرتی ئاژەڵداری وردە وردە بەرەو

خراپ بوون دەڕوات، هەروەها تا ڕادەیەکیش ئەم ماددەیە پێچەوانەیە لەگەڵ ئەوەی کە زیاتر ئێمە هەنگاو بنێین بۆ ئاوەدان کردنەوەی گوندەکان و، برەو دان بە کەرتی ئاژەڵداری و، ئەگەر پێشنیارەکەش سەری نەگرت بۆ ئیلغا کردنەوەی ماددەکە، من داوا دەکەم ئەم ماددەیەش ئالۆزیەکی تێدایە، چونکە جیاوازی نەکردووە لەنێوان کەسێك کە شوانە و، بە عەمدی ئاژەڵەکەی دەبات بۆ ناو دارستانێك، بۆئەوەی بلەوەڕێ لەگەڵ کەسێك کە ئاژەڵەکەی بەڕەلا کردووە، بەبێ ئەوەی کە نیەتێکی هەبێت، ئێمە ئێستا دەزانین لە کوردستان لە بارو دۆخێك داین، ڕەنگە بەهۆی ئەوەی کە بارودۆخی خەڵك بەرەوە باشی دەڕوات، ئێستا شوان و گاوان دەست ناکەوێت لە گوندەکان، بۆیە زۆربەی ئاژەڵەکان بەڕەلان، بۆیە من پێشنیار دەکەم ئەگەر دەنگی نەهێنا ئیلغا بکرێتەوە، جیاوازیەك بکرێت لەنێوان ئەوەی کە کەسێك بە عەمدی ئاژەڵەکان دەلەوەڕێنێ، یان کەسێك کە بە عەمدی نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز د. سیروان بابان/ وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس، هەروەکو تەوزیعێك ئەمە عیلاقەی بە ماددەی (23) هەیە، لەوەو پێش باسمان کرد، کە دەڵێت (تحدد مدة الرعي في الغابات حسب المواسم والمناطق المختلفة بالتنسيق مع الادارة المحلية) ئەمە عیلاقەی بە ئەوەوە هەیە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی کشتوکاڵ فەرموو.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە تێبینیمان نیە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تێبینیان نیە، فەرموو بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة (31):

اولاً: كل من انتج شتلات الغابات لاغراض تجارية دون ترخيص يعاقب بغرامة قدرها مائتان وخمسون ديناراً للشتلة الواحدة مع مصادرة الشتلات وغلق المحل.

ثانياً: كل من ادخل شتلات غير مستوفية للضوابط الفنية وتدابير الصحة او اتجر بها او عرضها للبيع يعاقب بغرامة قدرها الف دينار للشتلة الواحدة وتصادر الشتلات.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەكوردیەكەی فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (31)

یەكەم: هەركەسێك نەمامی دارستان بۆ مەبەستی بازرگانی بەرهەم بهێنێت بەبێ مۆڵەت سزا دەدرێت بە غەرامەی 250 دینار بەرامبەر هەر نەمامێك لەگەڵ دەست بەسەر داگرتنی نەمامەكان و داخستنی شوێنەكان.

دووەم: هەر كەسێك نەمامی دوور لە مەرجی تەكنیكی و ڕێ و شوێنی دروستی بهێنێتە ناوەوە یان بازرگانی پێوە بكات یان نمایشی بكات بۆ فرۆشتن سزادەدرێت بە غەرامەی 1000 دینار بۆ هەر نەمامێك و نەمامەكانیش دەستیان بەسەر دادەگیرێت.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشتگیری ماددەكە دەكین و تێبینیمان نیە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی كشتوكاڵ فەرموو.

**بەڕێز زكیە سید صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشتگیری ماددەكە دەكەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی تەندروستی و ژینگە فەرموو.

**بەڕێز تارا عبدالرزاق محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشنیاری زیادكردنی بڕگەیەك دەكەین، لەژێر بڕگەی دووەم یان بە بڕگەیەكی جیاواز، كە بەم شێوەیە بێت (ڕووەكەكانی ماددەی هۆشبەر بەپێی یاسای نەهێشتنی مادده هۆشبەرەكان مامەڵەیان لەگەڵ دەكرێت)، بە عەرەبی ( نباتات مخدرة تسری علیها قانون مكافحة المواد المخدرة).

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ تێبینی هەیە؟ تەنها یەك كەس، فەرموو ئاهەنگ خان.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف رووف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تێبینیم تەنها لەسەر یەك شت هەیە، لە سیاغەی قانونی دەبێت بکرێتە (لاغراض تجارية شتلات خارج الاقليم او داخل)، چونکە وەختی خۆی بەخۆت دەزانی بەهیوایەت، مەسەلەن شەتلی گوڵی قونسل، کچە قونسولێك لە بەغدایە هینای هاتە سلێمانی، شوکری خان لە بەغدایە هینایە سلێمانی، ئێستا بەناوی ئەوە، (لاغراض تجارية شتلات خارج الاقليم او داخل)، شتێکی زۆر بەمانایە، ئێستا لە جەزیرەی هاوای هەندێك گوڵ هەیە لێناگەڕێن لە مەتار نیهائیەن بێتە دەرێ، چونکە بۆ ئەغرازی تیجارەت و، بۆ ئەغرازی پەرەپێدانی خۆیانە، کە لە مەنتیقەکە بمێنێتەوە، ئینجا سیاغەی فەقەرەکەی (خارج الاقليم او داخلها او خارج العراق) زۆر موهیمە ئەوە زیاد بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة (32)

اولاً: اذا نجم عن احدى الجرائم المنصوص عليها في المواد السابقة من هذا القانون حرق او اتلاف شجرة اواكثر يعاقب الجاني فضلاً عن العقوبات السابقة بغرامة تتراوح بين 25 الف ومليون دينار عن كل شجرة تبعاً لنوعها وعمرها.

ثانياً: اذا نجم عن احدى الجرائم المنصوص عليها في المواد السابقة من هذا القانون حرق او اتلاف المراعي يعاقب الجاني، فضلاً عن العقوبات السابقة بغرامة تتراوح بين 25 الف و 100 الف دينار عن كل دونم تبعاً لنوع المرعى واهميته.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بە کوردیەکەی فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (32)

یەکەم: ئەگەر لە ئەنجامی تاوانێکی بە دەق هاتوو لە ماددەکانی پێشووی ئەم یاسایە و، درەختێك بسووتێنرێت یان بفەوتێنرێت ئەوە کەتنکەر سزا دەدرێت و، وێرای سزاکانی پێشوو بە غەرامەیەك لە نێوان 25 هەزار دینار تا 1 ملیۆنێك دینار بەرامبەر هەر درەختێك بەپێی جۆرەکەی و تەمەنەکەی.

دووەم: ئەگەر لە ئەنجامی تاوانێکی بە دەق هاتوو لە ماددەکانی پێشووی ئەم یاسایە و، لەوەرگاکان بسووتان یان تێکچوون کەتنکەر سزا دەدرێت و، لەپاڵ سزاکانی پێشوو بە غەرامەیەك لە نێوان 25 هەزار دینار تا 100 هەزار دینار بەرامبەر هەر دۆنمێك بەپێی جۆری لەوەرگا و گرینگیەکەی.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە تێبینیمان لەسەر ماددەکە نیە، تەنها ئەوەیە یەکخستن و پێداچوونەوەی هەموو سزاکانی لەناو یاسایەکەدا هاتووە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی کشتوکاڵ فەرموو.

**بەڕێز زکیە سید صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیمان نیە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی تەندروستی و ژینگە فەرموو.

**بەڕێز تارا عبدالرزاق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیمان نیە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر، کێ تێبینی هەیە؟ کەس قسەی نیە؟، فەرموو بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة (33): يعامل واضع اليد على اي جزء من مساحة ارض غابات الاقليم معاملة الغاصب حسب القوانين المرعية.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بە کوردیەکەی فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی (33): دەست بەسەر داگرتن بەسەر هەربەشێکی ڕووبەری زەوی دارستانەکانی هەرێمی کوردستان، مامەڵەی داگیرکەری لەگەڵ دادەکرێت بەپێی یاسای پیادەکراو.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**لیژنەی یاسایی فەرموو.**

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**تێبینیمان نیە، سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**لیژنەی کشتوکاڵ فەرموو.**

**بەڕێز زکیە سید صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئێمە پێشنیاز دەکەین بەو شێوەیە دابڕێژرێتەوە (مەعامەلەی زەویکەر بۆ زەوی دارستانی میری ملکەچ بۆ یاسای کارپێکراوەکان).**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**لیژنەی تەندروستی و ژینگە فەرموو.**

**بەڕێز تارا عبدالرزاق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**تێبینیمان نیە، سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**جەنابی وەزیر، کێ تێبینی هەیە؟ فەرموو شەونم خان.**

**بەڕێز شەونم محمد غریب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**لەڕاستیدا ئەم بڕگەیە دوا بڕگەیە، ئیتر ئیلتیزامات دەست پێ دەکات، دوای ئەوە لەسەر حکومەت و وەزیرە جێبەجێی ئەم قانونە بکات، بەڵام لەم قانونە دا ئەوەی دەست نیشان کرا، بەس ختوتی عامی مەوزوعەکان بوو، بەڕاستی هەندێك بڕگە هەیە، پێویستە بکرێت وەکو فەرز باس بکرێت، بکرێت بە قانون هەرچەندە سولبی ئیشەکانی، لەناو ئیشەکانی وەزارەتی زراعە خۆیەتی، بەڵام پێم باشە من ئەگەر بکرێت لە دوای ئەو بڕگەیە ئیشارەتی پێ بدرێت، بکرێت بە بڕگەیەکی تر، یەکێك لەو بابەتانە ئەو غاباتانەی کە ئەمرن لە**

کوردستان دا، زۆربەی ئەو غاباتانەی کە دەمرن لە کوردستان دا، لەبەرئەوەیە لە تەمەنێکی زوو دا دەمرن، لەبەرئەوەیە خدماتی زراعی باشی بۆ تەقدیم ناکرێت، وەکو کێلان، ئەسمیدەی کیمیاوی، هەروەها ڕێی تەکمیلی، چونکە زۆر لە غاباتەکان هەر کاتێك ئاو کەم بێت، هەر ساڵێك کە ئاو کەم بێت، پێویستە ئاو بدرێن ئەو غاباتانە، ئەوەش لە ئیشەکانی وەزارەتی زراعەیە، دەبێت لێرەدا بەڕەئی من ئەو بڕگەیە ئیزافە بکرێت، هەروەها بلاوبوونەوەی نەخۆشی، چونکە ئێستا زۆربەی غاباتەکانی کوردستان لە شارەکان دا تووشی نەخۆشی بووە، چونکە ژمارەیەکی زۆر لەو غاباتانەی هەتا کە لەناو شارەکاندا هەیە، چەند ساڵێك لەمەو پێشیش ئەو غاباتانە دروست بووە، تووشی نەخۆشی بووە و خەریکە بەرەو کۆتایی هاتن دەچێت و، نیسبەی سەوزی لە شارەکان و لە دەشت و دەر کەم دەبێتەوە، جگە لەوە بڕگەیەکی تر، پێم باشە ئیزافەی بکرێت کە زۆر تەشدیدی لەسەر نەکرا، ئیعادە کردنی تەشدید، یەعنی کە جێگایەك دەبڕێ، وەکو بڕگەیەکی قانونی لەم یاسایە ئیلزام بێت، کە دەبێت ئەو جێگایە جارێکی تر درەختی تیا بڕوێنرێتەوە، ئیستیفادە لە تەکنەلۆجیا و تەکنیکی تازە بکرێت، هەروەها ئەو خیبراتە عالەمیانەی کە لە دەرەوە هەیە بهێنرێتە ناوەو، بۆئەوەی پارێزگاری لەو غاباتانە بکرێت، کە سووتێنراوە جارێکی تر بە ڕێگایەکی تازە دروست بکرێت، بڕگەیەکی تر کە پێم باشە ئەویش ئیزافە بکرێت، ختوتی مەتەڕیە، یەعنی لێرە دا ئەو غاباتانەی کە هەیە ختوتی مەتەری هەرچەند لە پێشەوە وەکو قسە باسکرا، بەلام نەکراوە لەو بڕگەیە، بۆنموونە لە مەنتیقەیەك دا غاباتێك هەیە، لە کوردستاندا ئەگەر سەیری مەنتیقەکانی کوردستان بکەین پێشتر مەسەلەن داری سنوبەر هەبووە لە کوردستان، داری سنوبەر ئێستا وای لێهاتووە هەمووی خەریکە وشك دەبێت، لەبەر ئەوەی نیسبەی ئاو دابەزیووە، ئاوی ژێر زەوی دابەزیوە، لەبەر ئەوە دار سنوبەرەکان بەرەو وشك بوون دەچن، لەبەر ئەوە پێویستە وەزارەتی زراعە بە زووترین کات بیر لەوە بکاتەوە چ درەختێك بۆ ئەو بیئەیە بەکار دێت و بێت بیری بکاتەوە، تاکو ئەو غاباتانەی کە وشك دەبن درەختی تر لە جێگای بڕوێت، هەروەها لەم قانونەدا ئیشارەت بەوە نەدراوە کە وەزارەتی زراعە پێویستە تەنسیقی تەواوی هەبێت لەگەڵ ڕێکخراوە عالەمیەکاندا، بۆ ئەوەی ئیستیفادە لە خیبرەکان بکات، وەکو ڕێکخراوی فاو و (ASC)، (CIFR) کە ئەمانە ڕێکخراوی عالەمین و هەر ئامادەشن خزمەت و هاوکاری بکەن بە هەر هاووڵاتیەك بیەوێت دارستانەکانی باش بکات، ئێمە دەتوانین لەم لایەنەوە سوودێکی باش وەربگرین.

بڕگەیەکی تر، ئەم هەموو ئیلتیزاماتەی لەم قانونە دروست کراوە، ئێمە قسەمان لەسەر کرد ئیشارەت نەدراوە بە مەصدەری مالی، پارە، کە چۆن دابین دەکرێت بۆ ئەم شتە؟ راستە وەزارەتی زراعە ساڵانە لەم پەرلەمانە بڕێك بودجە لە حکومەتەوە دێتەوە پەرلەمان و موصادەقەی بۆ دەکرێت، بەلام ئایا ئەو پارەیەی بۆ وەزارەتی زراعە دانراوە ئەوەندە بەشی ئەوە دەکات کە خزمەتی ئەم غاباتانە بکەن؟ لەبەر ئەوە پێم باشە بە بڕگەیەکی تایبەت بە بڕێك پارەی تایبەت بۆ غابات و حەیواناتی بەڕی لێرەدا تەشخیص بکرێت و ئیشی لەسەر بکرێت ساڵانە لە پەرلەماندا موافەقەی لەسەر بکرێت، جگە لەو میزانیەی کە بۆ وەزارەتی زراعە دادەنرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دیارە ماددەکانی (34 و 35 و 36) پرۆتۆکۆلین، بۆیە دەچینە سەر ئەسبابی موجیبە، فەرموون لیژنەی یاسایی، کاك عەونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیارەکەی جەنابت پێچەوانەی یاسایە، نابێت، دەبێت هەر ماددە بە ماددە موناقەشەی لەسەر بکرێت و گفتوگۆی لەسەر بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ماددەی (34) بخوێننەوە فەرموون.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة (34): على الوزير اصدار التعليمات اللازمة لتنفيذ هذا القانون.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەکوردیەکەشی تکایە.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**دەروازەی شەشەم**

**حوکمەکانی کۆتایی**

ماددەی (34):

لەسەر وەزیرە رێنمایی پێویست بۆ جێ بەجێ کردنی ئەم یاسایە دەربکات.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە؟ کەس تێبینی نییە، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة (35):

يوقف العمل بقانون الغابات العراقي رقم (75) لسنة 1955.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەکوردیەکەشی تکایە.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (35): کار کردن بە یاسای دارستان ژمارە (75)ی ساڵی 1955 رادەگیرێت.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە؟ فەرمووو کاك عەونی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری لە راو بۆچوونی لیژنەی یاسایی دەکەم سەبارەت بە ئیلغا کردنی ئەم ماددەیە، چونکە ئەگەر تێبینی ئەوە بکەین ئەو ماددەیە باسی قانونی ژمارە (75)ی ساڵی 1955ی عێراقی دەکات، پەرلەمانی کوردستان چەند رۆژە گفتوگۆ لەسەر یاسایەکی تایبەت بە دارستان لە هەرێمی کوردستان دەکات، واتا ئەگەر ئەو ماددەیە بمێنێتەوە بنەمای یاساکە بەشێوەیەکی تر دەگۆڕدرێت دەبێت بەپێی دەستووری عێراقی، بەپێی ماددەی 121ی دەستووری هەمیشەیی عێراق موناقەشەکە بەشێوەیەکی تر بێت، کەوا یاسای پاراستنی ژمارە (75)ی ساڵی 1955 گفتوگۆی لەسەر دەکرێت بە هەموار کردنی جێ بەجێ کردنی یاساکە، یان چەند ماددەیەك لە یاساکە، بۆیە پێشنیار دەکەم ئەو ماددەیە وەکو لیژنەی یاسایی کە داوایان کردووە هەڵبوەشێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك دڵشاد فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد حسین قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەمان رەئیم هەیە، دەکرێت بەشێوەیەکی تر دابڕێژرێتەوە کە کار بە هیچ یاسایەکی تر نەکرێت پێچەوانەی ئەم یاسایە بێت، لەجیاتی ئەم یاسایە، چونکە بەڕاستی ئەوە لە عێراقیش ئەو ماددەیە یاساییە هەڵوەشاوەتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنەی یاسایی پێشنیاری ئەوەی کردووە ئەو پێشنیارەی کاك عەونی ئێستا باسی کرد ئەوە پێشنیاری لیژنەی یاساییە، بەس ئەگەر دەرفەتم بدەیتێ من رەئیەکی ترم هەیە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئیجازەی دەدەنێ لە جێگای خۆی قسە بکات، یان بچێتە خوارەوە؟ فەرموو لە شوێنی خۆت قسە بکە.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، راستە ئەو یاسایەی کە لە پرۆژەکە هاتووەو ئاماژەی پێ کراوە بە یاسای ژمارە (30)ی ساڵی 2009 رەت کراوەتەوە لە عێراق، بەڵام یاسای ژمارە (30)ی ساڵی 2009 لە کوردستان کاری پێ نەکراوە، لەبەر ئەوەی پەرلەمانی کوردستان سوڵتەی ئینفازی نەداوەتێ، یەعنی بە دەقێکی یاسا هەڵوەشاتەوەو ئیلغا کراوەتەوە، کە ئەو یاسایە لە کوردستان کاری پێ ناکرێت، لەبەر ئەوەی ئینفازمان نەکردووە لە پەرلەمانی کوردستان، تا ئێستا یاسای ساڵی 1955 کاری پێ دەکرێت لە هەرێمی کوردستان، بۆیە من پێشنیار دەکەم کەوا ئەو ماددەیە هەڵوەشانەوەی یاساکەو ئیلغا کردنەکەی وەکو دەقێك لەناو یاساکەدا هەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة (36):

ینفذ هذا القانون اعتباراً من تاریخ نشره في الجریدة الرسمیة.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەکوردیەکەشی تکایە.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (36):

ئەم یاسایە لە رۆژی بلاّو کردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی جێ بەجێ دەکرێت.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە؟ فەرموو کاك پێشەوا.

**بەڕێز پێشەوا توفیق مغدید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێش ئەوەی دەنگ لەسەر ئەو ماددەیە بدرێت، یاخود قسە لەسەر ئەوە بکرێت، من پێشنیار دەکەم ماددەیەك لە پێش ئەوە ئیزافە بکرێت وەکو ئەوەی کە لە زۆربەی یاساکان هاتووە (پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان)، چونکە بەشێکی ئەم یاسایە جێ بەجێ کردنی پەیوەندی بە وەزارەتی ناوخۆوە هەیە، بۆیە پێشنیار دەکەم پێش ئەم ماددەیە، ئەو ماددەی کە باسم کرد ئیزافە بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی پێشنیاری زیاد کردنی دوو ماددەمان کردووە، ماددەیەکیان بەو شێوەیە بێت کە (کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێك ناکرێت پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت)، ماددەیەکی تریش (لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکانە حوکمەکانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بکەن)، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموون بۆ ئەسبابی موجیبە.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**الاسباب الموجبة**

لقد اصبح واضحاً بان قانون الغابات العراقي ذي الرقم (75) لسنة 1955 الذي مضى على صدوره اكثر من نصف قرن قد اصبح لا يلائم متطلبات حماية الغابات والظروف السائدة في الوقت الحاضر، وبما ان ادارة وصيانة وحماية وتحسين الغابات وزيادة مساحتها قد اصبح في الوقت الحاضر في العالم كله وفي العراق واقليم كوردستان – العراق من ضروريات الحياة لما له تأثيرات ايجابية لا تحصى بالرغم من كون قسم من هذه التأثيرات او الواجبات الغاباتية لا يمكن قياسها او تقييمها بسهولة، فان اصدار تشريع جديد يلائم الظروف الراهنة والسياسة الغاباتية التي يجب ان تتبع قد اصبح من الامور الملحة ومن اجل ذلك فقد شرع هذا القانون.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە بە کوردیەکەشی.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**هۆی دەرچوون**

دارستانی سروشتی لە هەرێمی کوردستان ڕووبەرێکی بەرفراوانی هەیەو ڕێژەی 97٪ی دارستانی عێراق پێك دێنێت، بەهۆی ئەوەی ڕۆژانە ئەم سامانە نەتەوەییە دەکەوێتە بەر بڕینەوەو فەوتاندن بە هۆکاری جۆراو جۆر و لەبەر ئەوەی یاسا دارستانی عێراق ژمارە (75)ی ساڵی 1955 زیاتر لە نیو سەدە دارێژراوە، بڕگەو ماددەکانی ئەم یاسایە لەگەڵ پێداویستیەکانی پاراستنی دارستان و هەلومەرجی ئێستادا ناگونجێ، لەبەر ئەوەی بەڕێوەبردن و پاراستن و نوژەن کردنەوەی دارستان و زیاد کردنی ڕووبەرەکەی لە جیهان بەگشتی و لە عێراق و هەرێمی کوردستان – عێراق بۆتە پێداویستیەکانی ژیان کە کاریگەری ئەرێنی هەیە

**و به ئەژمار نایەت، سەرەڕای ئەوەی کە بەشێك لەو کاریگەریانە، یان ئەرکەکانی دارستان نـاتوانرێ بـەپێی پێویست بەڕێوە ببردرێت، یان بە ئاسانی هەڵسەنگێنرێن، بۆیە دەرکردنی یاسایەکی تازە کە بگونجێ لەگەڵ هەموو مەرجی ئێستاو سیاسەتی دارستان کە پێویستە، لەبەر ئەوە ئەم یاسایە دەرچووە.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**لیژنەی یاسایی.**

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئێمە هۆیەکانی دەرچوواندنی یاساکەمان بەشێوەیەکی تر داڕشتۆتەوە:**

**ئـەو یاسـایانەی کـە لـە هـەرێمی کوردسـتاندا بـەرکارن سـەبارەت بـە دارسـتانەکان لەگـەڵ پێویسـتیەکانی پاراستنی دارستاندا نـاگونجێن و بـە مەبەسـتی ڕێکخسـتنی ئیـداری و پاراسـتن و پارێزگـاری و چـاك کردنـی دارستانەکان و زیاد کردنی ڕووبەری سەوزایی و بەرشـداری کـردن لـە چـاك کردنـی ژینگـەو بەدەسـتهێنانی شوێنی گەشتیاریی و خۆشگوزەران کە لە کاتی ئێستادا بۆتە پێویستیەکانی ژیان و بۆ خۆ گونجانـدن لەگـەڵ بارودۆخ و سیاسەتی دارستان کە پێویستە پەیڕەو بکرێ بۆ پاراستنی دارستانەکان وەکو سامانی نەتەوەیی و نیشتمانی پارێزگاری لەو جۆرە سروشتیە گونجاوەکانی لەگەڵ ژینگەی ئێمە دەگونجێت و مانـەوەی بنچـینە بۆماوەییەکان لە کوردستاندا، ئەم یاسایە دەرچوێندرا.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**لیژنەی کشتوکاڵ فەرموو.**

**بەڕێز زکیە سید صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئێمە تەنیا لە عەرەبیەکەی (ذي الرقم) ببێتە (المرقمة) بەس ئەو تێبینیەمان هەیە.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**لیژنەی تەندروستی و ژینگە فەرموو.**

**بەڕێز تارا عبدالرزاق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئێمە تێبینیمان نییە لەسەری.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**جەنابی وەزیر.**

**بەڕێز د.سیروان بابان/ وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئێمەش تێبینیمان نییە.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە؟ ئەم بەڕێزانە ناویان نووسراوە، (عمر عبدالعزیز، کاك دڵشاد، بێریڤان خان، تارا خان، بەیان خان، شەونم خان، کاك حەمە شارەزووری)، فەرموو مامۆستا.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەو ئیعتیبارەی ئەم یاسایە هەموار کردن نییە، ئەمە یاسایە، موشەڕیعی هەرێم یاسا دادەنێت بۆ غابات، من وا دەبینم پێویست ناکات ئەو دێڕەی لە ئەسبابی موجیبە باس کراوە بەو شێوەیە باسی قانونی غاباتی عێراقی بکەین، بەتایبەتی ئەگەر ماددەی (35) هاتینە سەر ئەوەی کە لای ببەین، وەکو وابزانم پێشنیاری بەڕێزتان لیژنەکە هەر لەوێوە دەست پێ بکات (وبما ان ادارة وصیانة وحمایة وتحسین........) ئیتر پێویست ناکات ئاماژە بکرێت بە یاسای عێراقی، چونکە ئێمە هەمواری یاسای عێراقیمان نەکردووە، ئێمە یاسایەکی نوێمان بۆ غابات داناوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك دڵشاد.

**بەڕێز دڵشاد حسین قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ئەسباب موجیبە، تەبعەن کوردیەکەو عەرەبیەکە جیاوازی هەیە، ئەوە یەکەم وازیحە.

دوو/ بە بڕوای من، بە تێگەیشتنی من هۆی دەرچوونەکە بێت، ئەهداف ئەم یاسایە روون بکاتەوە لە هۆی دەرچوونەکە، من پشتگیری لیژنەی یاسایی دەکەم بەو سیغەیەی کە کردوویانە ئەهدافەکانی تیا رەنگی داوەتەوە، بەڵام ئەم سیاغە دوورو درێژەو باس کردنی، مادام ئەمە لە شوێنێکدا هاتووە قانونی غاباتی عێراقی ژمارە (75)ی ساڵی 1955 باس کراوە لە ئەسباب موجیبە پێویست ناکات ئەوە باس بکرێتەوە، بۆ ئەوەی یاساکە سەربەخۆییەکی خۆی هەبێت، وەك یاسایەك لە پەرلەمانی کوردستان دەردەچێت و ئەسباب موجیبەکە هەروەك لیژنەی یاسایی رەنگدانەوەی هەموو ئامانجەکان بێت کە تیایەتی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بێریڤان خان فەرموو.

**بەڕێز بێریڤان اسماعیل سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری لە لیژنەی یاسایی دەکەم بە زیاد کردنی وشەی ژینگە، چونکە دارستان هۆیەکی گرنگە بۆ خاوێن کردنەوەی ژینگەو تەندروستییەکی باش بۆ هاووڵاتیانی هەرێم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، تارا خان فەرموو.

**بەڕێز تارا تحسين ئەسعەدی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من وا به عەرەبی صیاغەم کردۆتەوە (لاجل حماية وتحسين وادارة وصيانة الغابات وزيادة المساحات الخضراء واثر الحفاظ عليها لما لها تأثيرات ايجابية للبيئة والواجبات الغابية من استفادة لا يمكن قياسها او تقييمها ولكونها ثروة قومية يجب الحفاظ عليها وكذلك لاجل اصدار تشريع جديد ملائم للظروف الراهنة وللسياسة الغاباتية التي تتلائم مع اقليم كوردستان وبسبب عدم ملائمة قانون الغابات المرقم (75) لسنة 1955 مع متطلبات حماية الغابات والظروف الحاضرة لذا شرع هذا القانون)، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەیان خان فەرموو.

**بەڕێز بەیان احمد کۆچەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبعەن من پشتگیری لە لیژنەی یاسایی دەکەم، صیاغەکەیان جوانە، بەڵام دەبێت ئاماژە بەوە بکات (مكافحة التصحر) ئیزافەی بۆ بکات، چونکە ئەوە فەیرانێکە دەبێت لەناو یاساکەدا هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، شەونم خان فەرموو.

**بەڕێز شەونم محمد غريب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا منیش ڕەئیم وەك هاوڕێکانمە، پێویست ناکات ئێمە باسی قانونی ژمارە (75)ی ساڵی 1955 بکەین، (الذي صدر اكثر من نصف قرن لا يلائم متطلبات حماية الغابات)، پێم باشە لێرە دەست پێ بکرێت (بما ان ادارة الغابات وصيانتها وحماية وتحسين الغابات) لێرە ئیزافەی (وحماية برية) بۆ ئەو فەقەرەیە بکرێت (وزيادة مساحتها قد اصبح في الوقت الحاضر في العالم وفي كوردستان)، ئەو عێراقەش لەوێ زیادەیە (من ضروريات الحياة لما له تأثيرات ايجابية في النواحي الاجتماعية والاقتصادية والبيئية بالرغم من كون قسم من هذه التأثيرات والواجبات الغاباتية لايمكن قياسها او تقييمها بسهولة، فان اصدار تشريع جديد بالاستفادة من التشريعات العالمية والدولية)ی بۆ ئیزافە بکرێت، (يلائم الظروف الراهنة، الظروف الحالية) دەتوانین بڵێین لەوێ، پاشان دەتوانین تەواوی بکرێت و، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك حەمە شارەزووری فەرموو.

**بەڕێز محمد احمد علی(شارەزووری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر سەیری ئەم هۆی دەرچوونە بکەین، تەنها باسی پاراستنی دەکات، پاراستنی دارستان لە هەرێمی کوردستاندا، بەڵام ئێمە لەیاساکە ئەگەر بچیتە ناوەڕۆکی یاساکە باسی مەڕو ماڵاتی کێوی تیایە، ئەگەر بچیتە ناوەڕۆکی یاساکە باسی دارستانی تایبەتی تیایە، بۆیە من پێشنیار دەکەم ئەوەی کە لە ئەسبابی موجیبە باسی مەڕو ماڵاتی کێوی تیا بێت، چونکە یاساکە باسی کردووە، هەم پاراستن و فراوان کردنی سەوزایی تیا بێت، چونکە لە یاساکەش ئاماژەی بەوە داوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، لیژنەی کشتوکاڵ تێبینیتان هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیمان نییە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، گفتوگۆیەکان تەواو بوون، جەنابی وەزیر فەرمووو.

**بەڕێز د.سیروان بابان/ وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، یەکێك لە کێشە گەورەکانی جیهان ئێستا تەغەیری مەناخییە، سەبەبەکەی ئەوەیە کە کاربۆنێکی زۆر هەیە لە هەوا، ئێستا بەڕێگای توێژینەوە زۆر هەوڵ دەدەن کەوا کاربۆنەکە کەم بکەنەوە، یەکێك لەو ڕێگایانەی کەوا سەرکەوتوون لە دروست کردنی غاباتا، کەوا کاربۆنەکە لەناو دارەکە خەزن بکرێت، ئەگەر باسی ئەوە بکەن لەناو قانونەکە خراپ نییە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەم جۆرە گفتوگۆیەکان تەواو بوون، حەتمەن لیژنە مەعنیەکان پێویستیان بە فەترەیەکی زەمنی هەیە، بۆ ئەوەی صیاغەی بکەنەوە، بۆیە دانیشتنی ئەمڕۆمان کۆتایی پێ دەهێنین، بەیانی سەعات (11)ی پێش نیوەڕۆ بۆ پرۆژە یاسا تازەکەی تەندروستی و پاراستنی، یان پشتیوانی کردنی نەخۆشی قورس و نەخۆشی شێرپەنجە، جەنابی وەزیری تەندورستیش ئامادە دەبێت، تا بەیانی سەعات (11) بەخواتان دەسپێرین هەربژین.

**فرست احمد عبدالله**
**سكرتێری پەرلەمانی**
**كوردستان – عێراق**

**د.حسن محمد سوره**
**جێگری سەرۆكی پەرلەمانی**
**كوردستان – عێراق**

**د. ارسلان بایز اسماعیل**
**سەرۆكی پەرلەمانی**
**كوردستان - عێراق**

# پەرلەمانی كوردستان - عێراق

**پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (7)**

**سێ شەممە رێكەوتی 25\9\2012**

**خولی سێیەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (7)

## سێ شەممە رێکەوتی 2012/9/25

کاتـژمێر (11)ی پـێش نیـوەڕۆی رۆژی سـێ شـەممە رێکـەوتی 2012/9/25 پەرلـەمانی کوردسـتان - عێراق بە سەرۆکایەتی د.ارسلان بایز اسماعیل سەرۆکی پەرلەمان و، بـە ئامـادەبوونی بـەڕێز د. حسن محمد سورە جێگـری سـەرۆك و، بـەڕێز فرسـت أحمـد عبـدالله سـکرتێری پەرلـەمان, دانیشـتنی ژمـارە (7)ی خـولی سێیەم, ساڵی (2012) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی برگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی نـاوخۆی ژمـارە (1)ی هـەموارکراوی سـاڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق, دەستەی سـەرۆکایەتی پەرلـەمان بڕیـاری درا دانیشـتنی ژمـارەی (7)ی خـولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کات (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی سێ شەممە رێکەوتی 2012/9/25 دا بەم شێوەیە بێت:

1- خسـتنەڕوو و گفتوگۆکردنی پێشـنیاری یاسـای سـندووقی هاوکـاری کردنـی نەخۆشـیەکانی شـێرپەنجەو نەخۆشی قورس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، دانیشـتنی ئـەمڕۆمان دەسـت پـێ دەکـەین، پەرلـەمانی کوردسـتان، خـولی سـێیەمی هەڵبـژاردن، سـاڵی چـوارەم، خـولی گرێـدانی یەکـەم، ژمـارەی دانیشـتن (7)، ڕۆژی دانیشـتن 2012/9/25، بەرنامەی کار:

بـە پێـی حوکمـەکانی برگـە یـەکی مـادده (20) لـە پـەیڕەوی نـاوخۆی ژمـارە (1)ی هـەموار کـراوی سـاڵی 1992ی پەرلـەمانی کوردسـتان - عێـراق، دەسـتەی سـەرۆکایەتی پەرلـەمان بڕیاریـدا بەرنامـەی کـاری دانیشتنی ژمـارە (7)ی ئاسـایی خـولی سـێیەمی هەڵبـژاردن لـە کاتـژمێر (11)ی پـێش نیـوەڕۆی ڕۆژی سـێ شەممە، ڕێکەوتی 2012/9/25 بەم شێوەیە بێت:

1- خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای سندووقی هاوکاری کردنی نەخۆشیەکانی شێرپەنجەو نەخۆشی قورس.

ئێستاش بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان ناوی ئەو پەرلەمانتارە بەڕێزانە دەخوێنێتەوە کە مۆڵەتیان هەیە، یان ئەمادە نەبوون، با بفەرموێ:

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ناوی ئەو ئەندامانەی لە دانیشتنی ژمارە (6)ی ئاسایی لە 2012/9/24 مۆڵەت پێدراون، یان ئامادە نەبوون:

1- ئارام شاهین داود/ مۆڵەت. 2- احمد سلیمان عبداللە(بلال)/ مۆڵەت. 3- اسماعیل سعید محمد/ مۆڵەت 4- برهان رشید حسن/ ئامادە نەبووە. 5-بەفرین حسین خەلیفە/ ئیفاد. 6- پەیمان عزالدین عبدالرحمن/ ئیفاد. 7- حازم تحسین محمد/ مۆڵەت. 8- دانا سعید سۆفی/ مۆڵەت. 9- سالار محمود مراد/ ئیفاد. 10- سالم تۆما کاکۆ/ مۆڵەت. 11- سمیر سلیم امین بەگ/ مۆڵەت. 12- سۆزان شهاب نوری/ ئیفاد. 13- سۆزان یوسف خۆشابە/ ئیفاد.14- سەرگوڵ رضا حسن/ ئیفاد. 15- شلێر محی الدین/ ئیفاد. 16-شڤان احمد عبدالقادر/ مۆڵەت. 17- صبیحە احمد مصطفی/ مۆڵەت. 18- عدنان عثمان محمد/ مۆڵەت. 19- عمر حمدامین خدر/ ئیفاد. 20- گۆران ئازاد محمد/ ئامادە نەبووە، بەڵام بە شەفەوی مۆڵەتی وەرگرتووە. 21- نەسرین جمال مصطفی / مۆڵەت. 22- هاژە سلیمان مصطفی/ ئیفاد.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستاش دێینە سەر بەرنامەی کار/ خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای سندووقی هاوکاری کردنی نەخۆشیەکانی شێرپەنجەو نەخۆشی قورس.

داوا لە لیژنەکانی یاسایی و تەندروستی و دارایی دەکەین بفەرموون بۆ سەر مەنصە، بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری تەندروستی و ڕێکخەری نێوان پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەفدی یاوەریان دەکەین، بەخێر بێن، فەرموون لیژنەی یاسایی یاساکە بە کوردی و عەرەبی بخوێننەوە.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

راپۆرتی لیژنەی یاسایی سەبارەت بە پرۆژە یاسای سندووقی هاوکاری کردنی تووشبووانی نەخۆشی شێرپەنجەو چەند نەخۆشیەکی تر، نەخۆشیە درێژخایەنەکانی پێ دەگوترێت، راپۆرتەکەمان بە زمانی عەرەبی ئامادەیە.

**الى/ رئاسة برلمان كوردستان – العراق**

**م/ تقرير حول مقترح قانون (صندوق اعانة مرضى السرطان وذوي الامراض المستعصية)**

عقدت لجنة الشؤون القانونية بحضور ممثلي وزارة الصحة في الاقليم بتاريخ 30/ گەلاوێژ/ 2712ي كوردي المصادف ليوم 2012/9/20 ميلادي لدراسة مقترح قانون (صندوق اعانة مرضى السرطان وذوي الامراض المستعصية) المقدم من قبل العدد القانوني لاعضاء البرلمان والمحال الى لجنتنا واللجان المعنية بعد القراءة الاولى له في البرلمان بجلسته الاعتيادية المرقمة (12) في 2010/11/8، بعد المناقشة والمداولة نقترح صياغة المشروع......

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

دكتۆره رۆژان ئەگەر ئەسڵی پرۆژەكە بخوێنینەوە، ئێستا با لیژنەی تەندروستی ئەسڵی پرۆژەكە بخوێنێتەوە بە كوردی و بە عەرەبی ئەگەر هەیانە، فەرموون.

**بەڕێز جهان اسماعيل بنيامين:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**مقترح قانون صندوق اعانة مرضى السرطان وذوي الامراض المستعصية**

المادة الاولى:

يأسس صندوق يسمى (صندوق...) تكون له الشخصية المعنوية، ويتمتع بالاستقلال المالي والاداري ويرتبط بوزارة الصحة ويشار اليه في ما بعد بكلمة (الصندوق).

المادة الثانية:

يهدف الصندوق الى تحقيق الاتي:

يختص الصندوق بالتنسيق مع الجهات المعنية بتوفير افضل طرق العلاج لمواطني كوردستان الذين يعانون من حالات مرض السرطان او الامراض المستعصية ولا يتوفر لها علاج لدى المؤسسات الصحية التابعة لوزارة الصحة وتستلزم دعماً مركزاً لها بتوفير مستلزمات العلاج من ادوية واجهزة طبية ومراكز متخصصة بالعلاج داخل الاقليم او خارجه.

المادة الثالثة:

يكون للصندوق في سبيل مباشرة اختصاصاته المنصوص عليها في هذا القانون القيام بالاتي:

اولاً: انشاء وتأسيس المراكز المتخصصة بمعالجة امراض السرطان والامراض المستعصية والاشراف عليها.

ثانياً: تملك وحيازة الاموال الثابتة والمنقولة والتصرف بها وفق القوانين النافذة.

ثالثاً: التعاقد مع الجهات ذات العلاقة بتحقيق اهداف الصندوق من مراكز الطبية و كوادر وشركات وطنية او اجنبية.

رابعاً: حق الحصول على ما يحتاجه من بيانات واحصاءات وبحوث ودراسات تكون لازمة لتحقيق اهدافه واغراضه من الجهات المعنية.

**خامساً: له الحق التقاضي فيما له او عليه من حقوق والتزامات.**

**المادة الرابعة:**

**تتكون الموارد المالية للصندوق من:**

**اولاً: ما تمنحه حكومة الاقليم من منح لدعم الصندوق سنوياً.**

**ثانياً: مستحقات الصندوق من تخصيصات وزارة الصحة.**

**ثالثاً: الايرادات المتأتية من فرض الرسوم الاتية:**

**نسبة (5٪) من الرسوم التي تستوفى من المواد والمنتوجات الضارة للصحة المنتجة محلياً والمستوردة، (التبغ، الكحول، السيارات، المصانع، المصافي، التدخين).**

**رابعاً: نسبة (50٪) من الغرامات المستوفاه بموجب قانون مكافحة التدخين.**

**خامساً: نسبة (50٪) من الغرامات التي تفرض بموجب قوانين البيئة النافذة.**

**سادساً: نسبة (25٪) من الغرامات التي تفرض بموجب قانون الرقابة الصحية.**

**سابعاً: نسبة (50٪) من الغرامات التي تفرضها المحاكم او الهيئات المختصة بالجودة والسلامة على المتاجرين بالمواد والاغذية التي لا تتوفر فيها مواصفات السلامة الصحية.**

**ثامناً: التبرعات والهبات الداخلية والخارجية.**

**تاسعاً: ربح النشاطات التي يقوم بها الصندوق.**

**المادة الخامسة:**

**يتولى ادارة الصندوق مجلس امناء يصدر بتشكيله وتحديد رئيسه وتعيين اعضائه وتحديد مدة عضويتهم ومكافئتهم بمرسوم (قرار من رئيس مجلس الوزراء) ولمجلس امناء الصندوق ان يشكل من بين اعضائه او غيرهم من ذوي الخبرة والاختصاص لجاناً للقيام بالمهام التي يحددها.**

**المادة السادسة:**

**يختص مجلس الامناء بادارة شؤونه ورسم السياسة العامة التي يسير عليها واقرار الخطط التي تحكم سير العمل به، ويتخذ مجلس الامناء ما يراه لازماً لتحقيق الاغراض التي انشأ من اجلها طبقاً لاحكام هذا القانون او الانظمة او اللوائح او القرارات الصادرة تنفيذاً له، وله على الاخص:**

**1- وضع اللوائح الداخلية المنظمة للشؤون المالية والادارية والفنية للهيئة، وتعين العاملين بالصندوق وترفياتهم ونقلهم وتحديد رواتبهم ومكافأتهم ومساءلتهم تأديبياً وكل ما يتعلق بشؤونهم الوظيفية ورفعها الى الوزير للنظر في اعتمادها.**

**2- اعتماد مشروع الميزانية السنوية للصندوق والحساب الختامي.**

**3- النظر في التقارير الدورية التي تقدم عن سير العمل بالصندوق وعن نظامه المالي.**

**4- وضع المعايير والاشتراطات اللازمة لتحديد وترشيح واختيار المستفيدين من خدماته وذلك عن طريق ادارات واجهزة ولجان فنية متخصصة يشكلها مجلس الامناء من ذوي الخبرة والاختصاص.**

5- وضـع خطـط تطـوير وتنميـة اسـتثمارات ومـوارد الصـندوق، وللمجلـس ان يفـوض رئيسـه او الـرئيس التنفيذي للصندوق في بعض اختصاصاته.

المادة السابعة:

يجتمع مجلس امناء الصندوق اربع مرات في السنة، وكلما دعت الحاجة لذلك بدعوة من الرئيس او نائبه ولايكون انعقاد المجلس صحيحاً الا بحضور اغلبية الاعضاء على ان يكون من بينهم الرئيس او نائبه وتصدر قرارات المجلس بأغلبية اصوات الحاضرين وعند التساوي يرجح الجانب الذي منه الرئيس، وللمجلس ان يدعو لحضور جلساته الرئيس التنفيذي للصندوق ومن يرى الاستعانة بخبرتهم دون ان يكون لهم صوت معدود، وتدون مناقشات المجلس وقراراته في سجل يعد لهذا الغرض.

المادة الثامنة:

على مجلس الامناء ان يعرض على وزير الصحة تقارير دورية عن نشاط الصندوق وسير العمل به وما تم انجازه وتحديد معوقات الاداء وما تم اعتماده من حلول لتقاريرها. ويتولى الوزير متابعة مدى التزام الصندوق بأحكام هذا القانون وبتوجيه الاقليم في مجال عمل الصندوق ومدى قيامه بتحقيق اهدافه بكفاءة وفاعلية في حدود الاعتمادات المالية المتاحة، واذا تبين للوزير وجود ما يتعارض من اعمال الصندوق وقراراته مع احكام هذا القانون او عدم تحقيق الصندوق لاهدافه بكفاءة وفاعلية، كان له الاعتراض على ذلك واخطار مجلس الامناء بما يراه في هذا الشأن فأذا اصر المجلس على رأيه او لم يجب على اعتراض الوزير خلال اسبوعين من تاريخ استلامه للاعتراض، يعرض الوزير الامر على مجلس الوزراء ليتخذ قراراً في موضوع اعتراض الوزير خلال عشرين يوماً من تاريخ رفع الامر اليه.

المادة التاسعة:

يكون للصندوق رئيس تنفيذي يعين بقرار من مجلس امنائه لمدة ثلاث سنوات قابلة لتجديد لمرتين متتاليتين ويختص الرئيس التنفيذي للصندوق بتصريف اموره ومباشرة اختصاصاته وتنفيذ قرارات ملجس الامناء في حدود احكام هذا القانون والقوانين والانظمة ذات العلاقة ويخضع في ذلك لرقابته واشرافه.

المادة العاشرة:

في حالة خلو منصب الرئيس التنفيذي لاي سبب من الاسباب يعيين من يحل محله بذات الاداة والكيفية المشار اليها في المادة السابقة، ويباشر احد اعضاء مجلس الامناء او اي شخص مؤهل لذلك يختاره المجلس مهام وصلاحيات الرئيس التنفيذي بصفة مؤقتة لحين تعين رئيس تنفيذي جديد.

المادة الحادية عشرة:

يحدد مجلس امناء الصندوق ما يستحقه الرئيس التنفيذي من اجر بما في ذلك العلاوات والمزايا المالية او العينية الاخرى.

المادة الثانية عشرة:

للرئيس التنفيذي ان يستقيل من منصبه بموجب طلب كتابي يقدمه الى مجلس امناء الصندوق وذلك قبل التاريخ المحدد للاستقالة بثلاث اشهر على الاقل، ويصدر بقبول الاستقالة قرار من مجلس الامناء.

المادة الثالثة عشرة:

أ- يجوز بقرار من مجلس امناء الصندوق بأغلبية اصوات الحاضرين اعفاء الرئيس التنفيذي من منصبه بسبب اخلاله بممارسة اختصاصاته او سوء سلوكه او عدم الكفاءة في انجاز مهامه او الاخلال بالامانة او عدم مقدرته على القيام بواجبات وظيفته لاسباب صحية.

ب- يمنح الرئيس التنفيذي قبل اعفائه من منصبه فرصة للدفاع عن نفسه امام مجلس الامناء ويستمر الرئيس التنفيذي في ممارسة اختصاصاته حتى تاريخ الاعفاء مالم يقرر مجلس الامناء خلاف ذلك.

المادة الرابعة عشرة:

يصدر وزير الصحة القرارات اللازمة لتنفيذ احكام هذا القانون خلال ستة اشهر من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية.

المادة الخامسة عشرة:

على الوزراء كل فيما يخصه تنفيذ احكام هذا القانون ويعمل به اعتباراً من اليوم التالي لتاريخ نشره في الجريدة الرسمية.

**الاسباب الموجبة**

1- تمثل مسألة العلاج والاستشفاء بالنسبة للكثير من الحالات المرضية والمستعصية والصعبة والطارئة ظاهرة مقلقة بالنسبة للمواطنين كوردستان في السنوات الاخيرة بالتزامن مع ازدياد المرض وتدني الاوضاع المعيشية للمواطني، مما حدى بالعديد من ابناء الاقليم وعوائلهم الى طلب المساعدة والانتظار سنين طويلة الامر الذي تسبب في تداعيات وكوارث اجتماعية وترافق ذلك مع شحة موارد الاقليم وميزانيات وزارة الصحة وعدم قدرتها على دعم برامج العلاج والاستشفاء.

2- يرمي هذا المشروع بقانون الى سد حاجة مجتمعية باتت ضاغظة ومقلقة للمواطنين الذين ابتلاهم الله بامراض مستعصية وطارئة او نادرة مما يدفعهم لطلب العلاج خارج حدود الاقليم حيث تتضاعف الكلفة وتتعذر مصادر التمويل.

3- الاستفادة من التجارب العالمية المتعددة في برامج العلاج والاستشفاء عن طريق التعاون مع هيئات ومراكز طبية عالمية متخصصة وتخضع برامجها وتوجهاتها المستقبلية لكثير من الدراسة المستمرة.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بە کوردیەکەش تکایە.

**بەڕێز بێریڤان اسماعیل سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێستا پرۆژە یاسای سندووقی هاوکاری کردنی نەخۆشیەکانی شێرپەنجەو نەخۆشی قورس بە زمانی کوردی دەخوێنمەوە:

**پێشنیاری یاسای سندووقی هاوکاری کردنی نەخۆشیەکانی شێرپەنجەو نەخۆشی قورس**

**ماددەی یەکەم:**

سندووقێك دادەمەزرێت بەناوی (سندووقی..........)و کەسایەتییەکی مەعنەوی دەبێت و لە رووی دارایی و بەڕێوەبردنەوە سەربەخۆیەو بە وەزارەتی تەندروستیەوە گرێ دەدرێت، پاشان بە وشەی (سندووق) ئاماژەی پێ دەکرێت.

**ماددەی دووەم:**

ئامانجی سندووق بەدیهێنانی ئەمانەیە:

سندووق بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار تایبەتمەندە بە دابین کردنی چارەسەر بۆ هاووڵاتیانی کوردستان، ئەوانەی حاڵەتی نەخۆشی شێرپەنجە، یان نەخۆشی قورسیان هەیەو چارەسەر کردنیان لە دەزگاکانی تەندروستی سەر بە وەزارەتی تەندروستی دەست ناکەوێت و دەخوازێ پشتگیرییەکی چڕ بکرێن بە دابین کردنی پێویستیەکانی چارەسەر کردن لە دەرمان و ئامێری پزیشکی و بنکەی پسپۆر بە چارەسەر کردنی لە ناوەوە، یان دەرەوەی کوردستان.

**ماددەی سێیەم:**

بۆ ئەوەی سندووق لەو پسپۆڕییانەی لەم یاسایەدا هاتوون دەست بەکار بێت، دەبێ ئەم کارانە بکات:

یەکەم/ دروست کردن و دامەزراندنی بنکەی تەندروستی پسپۆر لە چارەسەر کردنی نەخۆشی شێرپەنجەو نەخۆشی قورس و سەرپەرشتی کردنیان.

دووەم/ خاوەنداری و حیازە کردنی سامانی نەگواستەو گواستە بەکار بردنیان بەپێی یاساکانی کار پێ کراو.

سێیەم/ گرێبەست کردن لەگەڵ لایەنانی پەیوەندیدار بۆ جێ بەجێ کردنی ئامانجەکانی سندووق، وەك بنکەی تەندروستی و کادیرو کۆمپانیای نیشتمانی و بیانی.

چوارەم/ مافی وەدەستهێنانی ئەو داتاو ئامارو توێژینەوەو لێکۆڵینەوانەی پێویستی پێیانە بۆ جێ بەجێ کردنی ئامانج و مەبەستەکانی لە لایەنانی پەیوەندیدار.

پێنجەم/ سەبارەت بەو ماف و ئەرکانەی لەسەرێتی، یان هی خۆیەتی، مافی پەنا بردنە بەر دادگای هەیە.

**ماددەی چوارەم:**

داهاتی دارایی سندووق لەمانە پێك دێت:

یەکەم/ ئەو بەخشینانەی کە حکومەتی هەرێم بۆ پشتگیری کردنی سندووق دەیاندات.

دووەم/ بەشە مافی سندووق لە پارەی تەرخان کراوی وەزارەتی تەندروستی.

سێیەم/ ئەو داهاتەی لە سەپاندنی ئەم رەسمانەی دادێن دێنە دەست:

**ڕێـژەی (5٪)ی ئـەو ڕەسمانـەی لـە کەلوپـەل و بـەروبوومی زیـان بـەخش بـە تەنـدروسـتی کـە وەردەگیرێـن، ئەوانەی بەرهـەمی نـاوخۆن، یـان هـاوردە کـراون وەکـو (تـووتن، ئۆتۆمبیـل، کارگـە، پالأوگـە، جگەرەکێشـان، ئەلکهوول).**

**چوارەم/ ڕێژەی (50٪) لەو غەرامەیەی بەپێی یاسای بەرەنگاربوونەوەی جگەرەکێشان وەردەگیرێت.**

**پێنجەم/ ڕێژەی (50٪) لەو غەرامەیەی بەپێی یاساکانی کار پێکراو دەسەپێندرێن.**

**شەشەم/ ڕێژەی (25٪) لەو غەرامەیەی بەپێی یاسای چاودێری تەندروستی دەسەپێندرێن.**

**حەوتەم/ ڕێژەی (50٪) لەو غەرامانەی دادگا، یان دەستەی تایبەتمەند بەباشی و سـەلامەتی دەیسـەپێنێتە سەر ئەوانەی بازرگانی بە کەلوپەل و خۆراکێك دەکەن، کە مەرجەکانی سەلامەتی تەندروستی تێدا نییە.**

**هەشتەم/ کۆمەك و دیاریی ناوخۆ و دەرەوە.**

**نۆیەم/ قازانجی ئەو چالاکیانەی سندووق دەیانکات.**

**ماددەی پێنجەم:**

**ئەنجومەنێك ئەمینداریێتی سـندووق بـەڕێوە دەبـات بـۆ پێکهێنـان و دیـاری کردنـی سـەرۆك و دامەزرانـدنی ئەندامانی و دیاری کردنی ماوەی ئەندامێتی و ڕێزانەکانیان بە مەرسومی بڕیارێك لە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەردەچێت، ئەنجومەنی ئەمینداریێتی بۆی هەیە لەنێوان ئەندامـەکانی خۆیـدا، یـان لـە کەسـانی دیکەی خاوەن شارەزایی و پسپۆری لیژنە دروست بکات بۆ بەجێ گەیاندنی ئەو ئەرکانەی دیارییان دەکات.**

**ماددەی شەشەم:**

**ئەنجومەنی ئەمینداریێتی تایبەت دەبێت بـە بـەڕێوەبردنی کارەکانی و نەخشەکێشانی سیاسـەتی گشـتی کـە لەسـەری دەڕوات و بڕیـاردانی ئـەو پلانانـەی کـە بەڕێوەچـوونی کـاری تێـدا کـۆنترۆڵ دەکـات، ئەنجومـەنی ئەمینداریێتی بڕیاری پێویست دەگرێتەبەر بۆ جێ بـەجێ کردنـی ئـەو خواسـتانەی لـە پێناویـدا دامـەزراوە بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە، یان ئەو ڕێنمایی و جاڕنامەو بڕیارانەی بۆ جێ بـەجێ کردنـی دەرچـوون و بەتایبەتی ئەویش بۆی هەیە:**

**1- دانانی لائیحەی ناوخۆیی بۆ ڕێکخستنی کاروباری دزی و لێپرسینەوەو بەڕێوەبردن و هونـەریی دەسـتەو دامەزراندنی کارمەندانی سندووق و تەرقیەو گواستنەوەو دەست نیشـان کردنـی مووچـەو پاداشـت کـردن و لێپرسینەوەی سەر زەنشتی و هەر شتێك پەیوەندیی بەکارو باری وەزیفەیانەوە هەبێت و بەرزکردنـەوەیان بۆ وەزیر.**

**2- دانانی پرۆژەی بودجەی سالأنەی سندووق و حیسابی کۆتایی.**

**3- سەیر کردنی ئەو ڕاپۆرتە خولییانەی کە سەبارەت بە چۆنێتی بەڕێوە چوونی کـاری سـندووق و یاسـای دارایی سندووقن.**

4- دانـانی پێـوەرو مـەرجی پێویسـت بـۆ دەسـت نیشـان کـردن و پـاڵاوتن و هەڵبـژاردنی سـوومەندان لـە خزمەتگوزارییەکانی، ئەمەش لـە ڕێگای بـەڕێوەبردن و دەسـتەو لیژنـەی هونـەریی پسـپۆڕەوە دەبێـت، کـە ئەنجومەنی ئەمینداریێتی لە کەسانی شارەزاو پسپۆر پێك دێنێت.

5- دانانی پلانی پڕ پەرەپێدان و گەشە پێ کردنی وەبەرهێنان و سەرچاوەکانی داهاتی سندووق.

**ماددەی حەوتەم:**

ئەنجومـەنی ئەمینـداریێتی سـاڵێ چـوار جـار کـۆ دەبێتـەوە، یـان هـەر کاتێـك پێویسـتی وای خواسـت بـە داخوازییەك لە سەرۆك، یان جێگری سەرۆکەوە، کۆبوونەوەی ئەنجومەن بە راست نازانرێت بەبێ زۆرینەی ئەندامانی، کە دەبێت یەکێك لە سەرۆك، یـان جێگرەکـەی لەنێوانـدا بێـت و بڕیارەکـان بەزۆرینـەی دەنگـی ئامادە بـووان دەبێـت، لـەکاتی یەکسانی دەنگەکانـدا ئـەو لایەنـەی سـەرۆکی تێدایـە بـە هەنـد وەردەگیرێـت، ئەنجومەن بۆی هەیە بۆ دانیشتەکان بانگهێشتی سەرۆکی جێ بەجێکاری سندووق و هەر کەسێك کە شارەزا بێت بکات بۆ سوود وەرگرتن لە شارەزاییان بێ ئەوەی دەنگیان هەژمار بکرێت.

**ماددەی هەشتەم:**

لەسەر ئەنجومەنی ئەمینداریێتیە راپۆرتە خولییەکانی بخاتە بەردەم وەزیر، کە لەسەر چالاکی سـندووق و بەڕێوەچـوونی کـارو ئەوانـەی ئەنجامـدراون و دەسـت نیشـان کردنـی بەربەسـتەکانی بـەڕێوەبردن و ئـەو رێوشوێنانەی گرتوونیە بەر بۆ چارەسەر کردن لە راپۆرتەکەیدا، وەزیر بە دواداچوونی سـندووقی لەسـەرە کە تا چەند پابەندی حوکمەکانی ئەم یاسایەیەو ئاراستە کردنی هەرێم لە بواری کاری سندووقداو تا چەند توانیوێتی ئامانجەکانی بەشێوەیەکی تواناکارو کاریگەر جێ بـەجێ بکـات، لـە سـنووری ئـەو داراییـەی رێـی پێـدراوەو لەبەردەسـتدایە، گـەر وەزیـر بـۆی دەرکـەوت هاودژییـەك لـەکارو بڕیارەکـانی سـندووق لەگـەڵ حوکمـەکانی ئـەم یاسـایەدا هەیـە، یـان سـندووق ئامانجـەکانی بەشـێوەیەکی بـەتواناو کاریگـەر جـێ بـەجێ نەکردووە، بۆی هەیە رەزامەنـدی لەسـەر نـەدات و ئەنجومـەنی ئەمینـداریێتی ئاگـادار بکاتـەوە بـەو جـۆرەی بەباشی دەزانێ، گەر هاتو ئەنجومەن سوور بوو لەسەر رای خۆی و وەڵامی رەزامەندی نەبوونەکەی وەزیری لە ماوەی دوو هەفتەدا نەدایەوە، ئەوە وەزیر بابەتەکە بەرز دەکاتەوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران بۆ وەرگرتنی بڕیار لەسەر رازی نەبوونەکەی وەزیـر، لـە مـاوەی بیسـت رۆژدا لـە بـەرواری ئـەو رۆژەی راپۆرتەکـەی تێـدا بەرز کراوەتەوە.

**ماددەی نۆیەم:**

سندووق سەرۆکێکی جێ بەجێکاری دەبێت بە بڕیارێك لە ئەنجومەنی ئەمینداریيـەوە بـۆ مـاوەی سـێ سـاڵ دەست نیشان دەکرێت، دەکرێ بۆ دوو جار لەسەر یەك ماوەکەی نوێ بکرێتەوەو کارو ئەرکی سـەرۆکی جـێ بەجێکاری سندووق بەڕێوەبردنی کارەکانی و دەستبەکار بوونی پسپۆڕێتی و جێ بەجێ کردنی بڕیارەکـانی ئەنجومـەنی ئەمینداریێتیـە، لـە سـنووری حوکمـەکانی ئـەم یاسـایەو یاسـاو رێسـا پەیوەندیـدارەکان لـە ژێـر چاودێری و سەرپەرشتی کردنیدا دەبێت.

**ماددەی دەیەم:**

**لە حاڵەتی بەتاڵ بوونی پۆستی سەرۆکی جێ بەجێکار بە هەر هۆیەك بێت کەسێك لە شوێنی دادەنرێت بە هەمان بەڕێوەبردن و چۆنێتی ئاماژە پێکراو لە ماددەی حەوتەمدا.**

**ماددەی یازدەم:**

**ئەنجومەنی ئەمینداریێتی سندووق مافە کرێی سەرۆکی جێ بەجێکار لەگەڵ سەرمووچەو جیاوەکی دارایی و عەینیەکان دەست نیشان دەکات.**

**ماددەی دوازدەم:**

**سەرۆکی جێ بەجێکار دەتوانێ داوای دەست لەکار هەڵگرتن بکات بەپێی داخوازییەکی نووسراو پێشکەش بە ئەنجومەنی ئەمینداریێتی بکات بەلایەنی کەم بە سێ مانگ بەر لە بەرواری دەست نیشان کردنی رۆژی دەست لەکار هەڵگرتنەکە، رەزامەندی کردن لەسەر دەست لەکار هەڵگرتنەکەش بە بڕیارێك دەبێت کە لە لایەن ئەنجومەنی ئەمینداریێتیەوە دەردەچێت.**

**ماددەی سیازدەیەم:**

**أ- دەکرێ بە بڕیارێکی ئەنجومەنی ئەمینداریێتی سندووق بەزۆرینەی دەنگی ئامادەبووان سەرۆکی جێ بەجێکار لە پۆستەکەی لابرێت بەهۆی خراپ بەکارهێنانی پسپۆریی، یان بەدڕەوشتی، یان بێ توانایی لە جێ بەجێ کردن، یان نا ئەمینی لە کارەکەیدا، یان بەهۆی باری تەندروستییەوە نەتوانێت کارو ئەرکەکانی وەزیفەکەی جێ بەجێ بکات.**

**ب- پێش دەرکردنی سەرۆکی جێ بەجێکار لە پۆستەکەی فرسەتێکی دەدرێتێ بۆ بەرگری کردن لەخۆی لەبەردەم ئەنجومەنی ئەمینداریێتیدا، سەرۆکی جێ بەجێکار بەردەوام دەبێت لە هەڵسووڕاندنی کارەکانیدا تا بەرواری لابردنەکەی، گەر هاتو ئەنجومەنی ئەمینداریێتی بڕیاری پێچەوانەی ئەوەی نەبوو.**

**ماددەی چواردەم:**

**وەزیری تەندروستی بڕیاری پێویست دەردەچوێنێ بۆ جێ بەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە، لە ماوەی شەش مانگداو لە بەرواری بڵاو کردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمیدا.**

**ماددەی پازدەیەم:**

**لەسەر وەزیرەکانە (هەر کەس بەپێی ئەوەی پەیوەندیی پێوەیەتی) حوکمەکانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بکات و لە رۆژی دوایی بەرواری بڵاوکردنەوەیدا لە رۆژنامەی فەرمی ئەوە کاری پێ دەکرێت.**

## هۆی دەرچوون

**1- بابەتی چارەسەر کردن و چاك بوونەوە سەبارەت بە زۆرێك لە حاڵەتی نەخۆشی سەخت و قورس و کوتوپڕ، دیاردەیەکی پڕ دڵەڕاوکەیە بۆ هاووڵاتیانی کوردستان، بەتایبەتی لەم ساڵانەی دواییداو بە هاوشان لەگەڵ زیاد بوونی نەخۆشیەکان و نزمی باری گوزەرانی هاووڵاتیان وای کرد کە ژمارەیەکی زۆر لە رۆڵەکانی هەرێم و خانەوادەکانیان داوای یارمەتی بکەن و ساڵانێکی دوورو درێژ چاوەڕان بن، ئەمەش بووە**

هۆی کاردانەوەو کارەساتی کۆمەڵایەتی، لەگەڵ ئەوەشدا کەمی سەرچاوەکانی هەرێم لە بودجەی وەزارەتی تەندروستی و توانا نەبوونی لە پشتگیری کردنی پرۆگرامەکانی چارەسەر کردن و چاك بوونەوە.

2- ئەم پرۆژەیە دەخوازێ بە یاسایەك پێویستیەکی کۆمەڵگەیی پڕ بکاتەوە، کە بۆتە فشارێك و دڵەڕاوکە بۆ ئەو هاووڵاتیانەی کە پەروەردگار دووچاری نەخۆشی سەخت و کوتوپڕو دەگمەنی کردوون، کە وایان لێ دەکات داوای چارەسەر کردن بکەن لە دەرەوەی هەرێم، کە تێچووی دووقاتە و سەرچاوەکانی تەمویلیش بەردەست نییە.

3- سوود وەرگرتن لە تاقیکردنەوەکانی جیهانی هەمە جۆر، لە پرۆگرامەکانی چارەسەر کردن و چاك بوونەوە لە رێگای هاوکاری کردن لەگەڵ دەستەو ناوەندە پزیشکییە جیهانییەکانی پسپۆری کە پرۆگرام و رێنماییەکانیان بۆ پاشەڕۆژ لە ژێر توێژینەوەی بەردەوامدان.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی تەندروستی فەرموون.

**بەڕێز هاوڕاز شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی بەخشندەو میهرەبان.

راپۆرتی لیژنەی تەندروستی.

**بۆ/ سەرۆکایەتی پەرلەمان کوردستان – عێراق**

**بابەت/ راپۆرتی لیژنە**

لیژنەی کاروباری تەندروستی و ژینگە لە رۆژی سێ شەممە رێکەوتی 2011/4/26 کۆبووەوە بۆ ئامادە کردنی راپۆرتی لیژنە بۆ پرۆژە یاسای (سندووقی کۆمەك بۆ شێرپەنجەداران و نەخۆشیە گرانەکان)، کە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پێشنیار کراوەو لە دانیشتنی ژمارە (12)ی ئاسایی رۆژی دوو شەممە رێکەوتی 2010/11/8 لە پەرلەمانی کوردستان خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە، ئەمەی خوارەوە رای ئێمەیە:

أ- پرۆژە یاسای پێشنیار کراوی ناوبراو بە تەواوی دەگونجێت لەگەڵ حوکمەکانی دەستوور بەتایبەتی ماددەی (31) لە دەستوور، واتا لە هەردوو رووی دەستووری و یاسایی گونجاوە.

ب- پرۆژە یاسای پێشنیار کراوی ناوبراو داهاتێکی مالی زیاتر دابین دەکات بۆ چارەسەر کردنی نەخۆش، بە رێگای بەخشین و هاوکاری، هەروەها لە رێگای وەبەرهێنانی موڵك وماڵی سندووقەکە.

ج- پرۆژە یاسای پێشنیار کراوی ناوبراو دەرگا دەکاتەوە لەسەر دەستەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و بازرگانان و ......هتد بۆ بەشداری کردن لە پارەدار کردنی سندووقەکە لە رێگای بەخشینەوە.

د- پـرۆژە یاسای پێشنیار کـراوی نـاوبراو شـەفافانە کارەکانی بـەڕێوە دەبات، بۆیـە متمانـەی نەخۆشـەکان بەهێز دەکات لە ڕێگای دامەزراندنی ئەنجومـەنی ئەمینـدارێتی و دانـانی مـەرجی پێویسـت بـۆ هەڵبـژاردنی ئەو نەخۆشانەی کە کەڵك لەو پارە وەردەگرن لە ڕێگای دەزگاو لیژنە هونەریە پسپۆریەکانەوە.

هـ- ئەم پرۆژەیە لەلایەن گشت ئەنـدامانی لیژنەکەمانـەوە پێشـنیار کـراوەو لـەکاتی خۆیـدا دیراسـە کـراوەو هـەموولا واژوویـان کـردووەو پێشکەشـی سـەرۆکایەتی پەرلـەمان کـراوە، دوای ئـەوەی لەلایـەن پەرلـەمانی کوردستان لـە ڕێکـەوتی 2010/11/8 خوێندنـەوەی یەکـەمی بـۆ کـرا، جارێکی تـر لەلایـەن سـەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان – عێراق وێنەیەك لە دەقی پـرۆژە یاساکە ئاراسـتەی لیژنـەمان کرایـەوە بـۆ دیراسـە کردن، لیژنەکەمان لە کۆبوونەوەی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی (2010/12/28) کە لە کۆنووسمـان ژمـارە (23) لـە ڕێکـەوتی 2010/12/28 کـە لـە کۆنووسمـان ژمـارە 23 ی 2010/12/30 ئامـاژەی پێکـراوە دیراسەی وردی بۆ پرۆژەکە کردووە و هەموو ماددەکانی پرۆژەکەی پەسەند کردووە، بەڵام بڕیارمان وابوو کـە لەگـەڵ لیژنـەی دارایـی و کاروبـاری ئـابووری و لیژنـەی کاروبـاری یاسـایی ڕاپـۆرتی هاوبـەش بنووسـین، ئێستاشی لەگەڵ دابێ لە هەفتەی ڕابردوو داوامان لە لیژنەی یاسایی کرد و داواشمان لە لیژنەی دارایی کـرد بە تایبەتی لیژنەی یاسایی سێ جار داوامـان لێ کـردن بـۆ ئـەوەی کۆبوونـەوەی هاوبـەش بکـەین و ڕاپـۆرتی هاوبـەشمان هـەبێ، بـەڵام نـەکرا و سـەربەخۆیانە بـوو، ئـەوە بـۆ مـەعلوماتی جـەنابتان، لـە کۆبوونـەوەی ئەمڕۆش دا لیژنەکەمان جارێکی تر دیراسەی وردی پرۆژە یاسایەکەی کردووە و بە تێکڕای دەنـگ هـەموو ئەنـدامان پرۆژەکـەیان پەسـەند کـردووە و بـەهۆکارە پێویستەکانیشـی وەکـو خـۆی پەسـەند کـراوە، بۆیـە ئاڕاسـتەی سـەرۆکایەتی پەرلـەمانی کوردسـتانی عیراقـی دەکـەین، بـۆ ئـەوەی بفـەرموون بـە بیـنین و خستنەڕووی پرۆژە ئەسڵیەکە و ڕای لیژنەی کاروباری تەندروستی و ژینگـە لەسـەری، بـۆ پەرلـەمان و بـۆ گفتوگۆ کردن وڕای ئەندامان لەسەری، بۆیە ئاڕاستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستانی عیراقـی دەکـەین ئـەم پـرۆژە یاسـایە بـۆ ئـەوەی بفـەرموون بـە بیـنین و خسـتنەڕووی پـرۆژە ئەسـڵیەکە و ڕای لیژنەکـەمان لیژنەی کاروباری تەندروستی و ژینگە لەسەری بۆ پەرلەمان و بۆ گفتوگۆ کردن و ڕای ئەندامان لەسەری.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا لیژنەی یاسایی بیخوێننەوە ماددە بە ماددە، لیژنەی دارایی فەرموون.

**بەڕێز د.ئاراس حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی ئەو یاسایە تکا لە بەڕێزتان دەکەین کەوا ڕێمان پێ بدەن وەکو لیژنەی دارایی ڕوونکردنەوە بدەین، چونکە لە ڕاپۆرتی لیژنەی تەندروستی و ژینگە هات بوو کە داوامان لێ کراوە لەگەڵیان ڕاپۆرتی هاوبەش بنووسین، ئەو پرۆژە یاسایە لە کاتی خۆی دا بە نووسراوی بەڕێوبەرایەتی کاروباری پەرلەمان (ك.851 لە 2010/11/10 ) ئاڕاستەی لیژنەکەمان کراوە، لیژنەکەمان بە کۆ نووسی ژمارە 42 لە 2010/11/30 یەعنی لە پاش 20 ڕۆژ لە گەیشتنی ئەو نووسراوەی بەڕێوبەرایەتی کاروباری پەرلەمان

کۆنووسی ئامادە کردووە، وە لەو کۆنووسە داوامان کردووە کە لەبەرئەوەی ئیلتزامێکی ماددی و دارایی و هونەری دروست دەکات ئەو پڕۆژەیە داوامان کردووە کە ڕای حکومەت بزانین چیە لەو بارەیەوە، دواتر داوامان لێ کرایەوە لە کۆبوونەوەیەك دا کە ئەو پڕۆژانەی کەوا ئامادە نەکراوە، ئامادە بکرێت، ئێمە کۆنووسی دووەممان پێی کرد، کۆنووسی ژمارە 154 لە 2011/11/22 و جەنابیشتان دەقی کۆنووسەکەتان ناردووە بۆ حکومەت بۆ ئەوەی وەڵاممان بدەنەوە، بەڵام وەڵام هەر نەبوو لە حکومەتەوە بەشێوەیەکی فەرمی، دواتر بەڕێزتان نووسراوێکتان ئاراستە کردین بە ژمارە 586 لە 2012/3/25 سەبارەت بەو پڕۆژە یاسایانەی کە دواکەوتوون دەست بکەین بە ئامادە کردنیان، ئێمە وەڵامی بەڕێزتانمان داوەتەوە لەلایەن لیژنەکەمانەوە بە کۆ نووسی ژمارە 202 لە 2012/4/1 واتە لە 2012/4/1 ئێمە پڕۆژە یاسایەکمان هەیە کە لەلایەن ئێمەوە کۆنووسی لەسەر ئامادە کراوە، لیژنەی تەندروستی و ژینگە داوای لە ئێمە کردووە هەفتەیەك لەمەوپێش بە تەلەفۆن، بەڵام ئێمە لە 2012/4/1 ئامادەمان کردووە، تکا لە بەڕێزتان دەکەم بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ئەگەر ڕێم پێ بدەی دیباجەی کۆنووسەکەش بخوێنینەوە وەکو تەوسیقێك بەرامبەر ئەو پڕۆژە یاسایە ئەگەر ڕێمان پێ بدەن.

پەرلەمانی کوردستانی ـ عیراق

لیژنەی دارایی و ئابووری

کۆنووسی ژمارە 202 ڕێکەوتی 2012/4/4 ئاماژە بە نووسراوی بەڕێوبەرایەتی کاروباری پەرلەمان، ژمارە ك. 586 لە 2012/3/25 سەبارەت بەو پڕۆژە یاسایانەی کە دوای خوێندنەوەی یەکەمیان ئاڕاستەی لیژنەکەمان کراوە و ماوەیەکی زۆری بەسەر داچووە و تا ئێستا ڕای کۆتایی لەسەر نەدراوە لەلایەن لیژنەکەمانەوە، بۆ ئەم مەبەستە لیژنەکەمان 202 ەمین کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی ئەنجام دا لە 2012/4/4 بۆ لیکۆڵینەوە دەربارەی زنجیرە 3 ی نووسراوی سەرەوە کە ئاراستەمان کراوە لەلایەن بەڕێوبەرایەتی کاروباری پەرلەمانەوە، لەسەر پڕۆژە یاسای (صندوق اعانة مرضى السرطان وذوى الامراض المستعصية) کە لەلایەن ژمارەی یاسایی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە، بە نووسراوی بەڕێوبەرایەتی کاروباری پەرلەمان ژمارە ك. 851 لە 2010/11/10 ئاڕاستەی لیژنەکەمان کراوە، لە دانیشتنی ژمارە 2010/8/12 خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە، دوای لێکۆڵینەوە لەم بابەتە بە زۆرینەی دەنگی ئامادەبووانی لیژنەکەمان گەیشتینە ئەم زانیاری و بڕیارانەی خوارەوە:

1/ ئاماژە بە نووسراوی بەڕێوبەرایەتی کاروباری پەرلەمان ژمارە ك.851 لە 2010/11/10 سەبارەت بە پڕۆژە یاسای سندوقی کۆمەك، بەوانەی کە تووشی نەخۆشی شێرپەنجە و نەخۆشیە گرانەکان هاتوون، لیژنەکەمان کۆنووسی ژمارە 154 ی ئاڕاستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کردووە لە 2011/11/22 نووسراومان ژمارە 247 لە 2011/11/23 ئەو زانیاریانەی تێدا ڕوون کردووەتەوە، أ ـ لە کاتی خۆی دا لیژنەکەمان کاری لەسەر کردووە بە کۆنووسی ژمارە 42 لە 2010/11/30 ڕاپۆرتی لەسەر ئامادە کردووە، وەکو بیرۆکە پشتگیریمان لە پڕۆژە یاساکە کردووە، ب ـ پێشنیارمان کردووە لەڕێگەی لیژنەی

تەندروستی پەرلەمانەوە بە هاوبەشی لەگەڵ لیژنەکەمان و میوانداری نوێنەرانی وەزارەتی دارایی و تەندروستی و چەند پزیشکێکی ڕاوێژکار بکات لەو بارەیەوە بە مەبەستی گفتوگۆ کردن و زانینی توانای هەر دوو وەزارەتەکە بەرامبەر بە جێ بەجێ کردنی ئەو پرۆژە یاسایە.

2/ لەژێر ڕۆشنایی کۆبوونەوەی لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمان لەگەڵ بەڕێزان سەرۆك و سکرتێری پەرلەمان لە 2011/11/21 و ئاماژە بە نووسراوی بەڕێوبەرایەتی کاروباری پەرلەمان ژمارە ك.1459 لە 2011/11/21 سەبارەت بە ڕای لیژنەکانی پەرلەمان، بە پرۆژە یاساکان، لیژنەکەمان بۆ جاری دووەم 154 ەمین کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی ئەنجام دا لە بەرواری 2011/11/22 بە نووسراومان ژمارە 247 لە 2011/11/7 دەربارەی ئەو بابەتە لیژنەکەمان لەو کۆنووسە دا ئەو دوو بڕیارەی داوە، ا ـ لیژنە پشتگیری لە پرۆژە یاسایەکە دەکات و پێشنیاری کردووە بە هۆی تایبەتمەندیەتی ئەم بابەتەوە بە لیژنەی تەندروستیەوە کە ڕاپۆرتێکی هاوبەشی سێ لایەنە ئامادە بکرێت لەلایەن لیژنەکانی تەندروستی و یاسایی و دارایی دەربارەی ئەو پرۆژە یاسایە، ب ـ لە هەمان کاتدا لیژنە پێشنیاری کردووە بۆ بەڕێز سەرۆکایەتی پەرلەمان تاکو حکومەتی هەرێم لەو پرۆژە یاسایە ئاگادار بکاتەوە بۆ زانینی توانای دارایی و کارگێڕی دەربارەی جێ بەجێ کردنی ئەم پرۆژە یاسایە لەڕووی واقعیەوە وەڵام دانەوەمان.

3/ بۆ ئەم مەبەستە بۆ جاری دووەم لیژنەکەمان نووسراوێکی ئاڕاستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کردووە بە ژمارە 251 لە 23/11 /2011 بۆ ناردنی پرۆژە یاسایەکە بۆ حکومەتی هەرێم و هەردوو وەزارەتی تەندروستی و دارایی بۆ وەرگرتنی ڕایان.

4/ بەم شێوەیە سەرۆکایەتی پەرلەمان دەقی ڕای لیژنەی دارایی بە نووسراوی ژمارە 247 لە 2011/11/23 سەبارەت بە پرۆژە یاسای ناوبراو ئاراستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کردووە بە نووسراوی سەرۆکایەتی پەرلەمان ژمارە 4 ـ3ـ 2143 لە 2011/12/12 بە مەبەستی دەربڕینی ڕا.

5/ لە هەمان کاتدا سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران فەرمانگەی کاروباری کارگێڕی و دارایی بە نووسراویان ژمارە 14276 لە 2011/12/22 وەزارەتی تەندروستی لێ ئاگادار کردووەتەوە بە مەبەستی وەرگرتنی ڕایان و سەرۆکایەتی پەرلەمان لیژنەی دارایی لێ ئاگادار کردووەتەوە بە نووسراوی ژمارە ك.104 لە 2012./1/4

6/ بۆیە لیژنەکەمان تا ئەم بەروارە چاوەڕوانی وەرگرتنی ڕای حکومەت و هەردوو وەزارەتی تەندروستی و داراییە لەم بارەیەوە.

7/ لەگەڵ ئەوەشدا تاوەکو ئێستا ڕای حکومەت و وەزارەتە پەیوەندارەکان نەگەڕاوەتەوە بۆ لیژنەکەمان، لەهەمان کاتدا کۆبوونەوەی هاوبەش لەنێوان لیژنەکانی تەندروستی و یاسایی و دارایی ئەنجام نەدراوە، بۆ ئامادە کردنی ڕاپۆرتی هاوبەش لیژنەی دارایی بە باشی زانی بە مەبەستی دوانەکەوتنی ئەم پرۆژەیە ڕای خۆی دەربڕێت دەربارەی ماددە یاسایەکانی ئەم پرۆژە یاسایە کە پەیوەندی بە لیژنەی داراییەوە هەیە، بەم شێوەیەی خوارەوە:

یەکەم/ دەربارەی (المادة الاولى) پەسەندە و ناوی پرۆژەکە بەو شێوەیە بێت کە لە پرۆژە یاسایەکەدا هاتووە.

دووەم/ دەربارەی (المادة الثانية) پەسەندە.

سێیەم/ دەربارەی(المادة الثالثة) خاڵەکانی (أولا ـ خامسا) پەسەندە لەگەڵ زیاد کردنی وشەی (تكون لادارة الصندوق).

چوارەم/ دەربارەی (المادة الرابعة) بەم شێوەیەی خوارەوەیە: دەربارەی (أولا) پەسەندە، دەربارەی (ثانيا) پەسەندە، دەربارەی (ثالثا) ڕێژەی 50٪ بکرێت بە ڕێژەی 60٪ ، دەربارەی (رابعا) ڕێژەی 50٪ بکرێت بە ڕێژەی 70٪، دەربارەی (خامسا) ڕێژەی 50٪ بکرێت بە ڕێژەی 80٪، دەربارەی (سادسا) ڕێژەی 25٪ پەسەندە، دەربارەی (سابعا) ڕێژەی 50٪ پەسەندە، دەربارەی (ثامنا) پەسەندە، دەربارەی (تاسعا) پەسەندە، دەربارەی خاڵەکانی کۆنووسەکەمان 5 و 6و 7و 8و 9و 10 و 11 و 12 دەربارەی ماددەکانی 5 و 6و 7 و 8 و 9 و 10 و 11 و 12 و 13 پەسەندە، 14/ دەربارەی (المادة الرابعة عشر) دەستەواژەی (ستة اشهر) بکرێت بە (ثلاثة اشهر)، دەربارەی 15/ (المادة الخامسةعشر) پەسەندە، 16/ دەربارەی (الاسباب الموجبة) پەسەندە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی ماددە بە ماددە بیخوێننەوە بۆ ئەوەی موناقەشەی لەسەر بکەین، کاک فرست فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد (سکرتێری پەرلەمان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

عینوان لەناوی سەندوق دێتە وەرگرتن، لەبەرئەوە نیقاش لەسەر ماددەی یەکەم بێت، چونکە عینوانی سەندوق لە ناوی سەندوقەکە دێتە وەرگرتن، پێویست ناکات ئێمە موناقەشەی عینوانی قانون بکەین پاشی بێین موناقەشەی ماددەی یەکەم بکەین.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هەردووکی دەکەین بە یەکەوە، واتە ماددەی یەکەمیش بخوێننەوە بۆ ئەوەی هەردووکی بەیەکەوە موتەرابتە، فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی یەکەمی ئەسڵی پرۆژەکە:

يأسس صندوق يسمى (بصندوق...)( ئەوە بە پێی ناوەکە کە لەسەر چ ڕێککەوتین ئەو لێرە دەنووسرێ) تكون له الشخصية المعنوية، ويتمتع بالاستقلال المالي والاداري ويرتبط بوزارة الصحة ويشار اليه في ما بعد بكلمة (الصندوق).

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هاوڕاز خان فەرموو.

**بەڕێز هاوڕاز شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی یەکەم:

سندووقێك دادەمەزرێت بەناوی (سندووقی..........)و کەسایەتییەکی مەعنەوی دەبێت و لە ڕووی دارایی و بەڕێوەبردنەوە سەربەخۆیەو بە وەزارەتی تەندروستیەوە گرێ دەدرێت، پاشان بە وشەی (سندووق) ئاماژەی پێ دەکرێت.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا ناوەکان دەخوێنمەوە، ئەگەر یەکێکی تر ویستی قسە بکات دەتوانێ، چونکە ماددەیەکی ترمان ڕەبت کرد بەوەوە، ئاشتی خان، کوێستان خان، کاك کاردۆ، کاك عبدالله، پەیمان خان، د.بشیر، ڤیان خان، بێریڤان خان، ئەڤین خان، تارا خان، هاژە خان، کاك ئارام، کاك خلیل، د.احمد، کاك حمە سعید، گوڵێزار خان، ژیان خان، کاك سالار، سەمیرە خان، شلێر خان، م.کاوە، سیوەیل خان، کاك سەرهەنگ، کاك عبدالله مەلا نوری، شیلان خان، کاك عبدالسلام، کاك قادر، شەونم خان، کاك گۆران، نیشتمان خان، کاك عبدالرحمن، کاك ڕێباز، کاك عمر، بەفرین خان، لیژنەی یاسایی ئێوە هیچ پێشنیارتان هەیە پێش ئەوەی پەرلەمانتاران قسە بکەن؟، فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پێشنیار دەکەین ماددەکە دابڕێژرێتەوە بەو شێوەیە:

یأسس صندوق (چۆن لەسەری ڕێك کەوتین) ولە شخصیة معنویة ویتمتع بالاستقلال المالي والاداري ويرتبط بوزارة الصحة.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی تەندروستی؟

**بەڕێز هاوڕاز شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕای لیژنەی تەندروستی، ماددەی یەکەم سندوقێك دادەمەزرێ بەناوی سندوقی کۆمەك بۆ شێرپەنجەداران ونەخۆشیە گرانەکان و کەسایەتیەکی مەعنەوی دەبێت و لەڕووی دارایی و بەڕێوەبردنەوە سەربەخۆیە و بە وەزارەتی تەندروستیەوە گرێ دەدرێ و پاشان بە وشەی سندوق ئاماژەی پێ دەکرێت.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر هەمان ڕەئی جارانت هەیە؟.

**بەڕێز د.ڕێکەوت حەمە رشید (وەزیری تەندروستی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاشتی خان فەرموو.

**بەڕێز ئاشتی عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ناونیشانی پرۆژەکە پێشنیازی ئەوە دەکەم کە وەکو ئەوەی کە هاتووە لە پرۆژە یاسایەکە (قانون صندوق اعانة مرضى السرطان وذوى الامراض المستعصية) پشتگیریش بۆ ئەم ناونیشانە لە ناوەرۆکی پرۆژەکە کە لە ئامانجەکە داهاتووە، باس لەوە دەکات، بۆ ئەوەی بۆ هاوکاری کردنی نەخۆشەکانی سەرەتان بێ لەبەرئەوەی ئەمانە کۆمەڵێك نەخۆشین کە عیلاجیان نیە و لە موئەسەساتە سحیەکانی هەرێمی کوردستان دەست ناکەوێت و یەکێکی تر لە پاڵپشتەکان ئەوەیە کە جۆری عیلاجەکان عیلاجێکی گرانە، ئەگەر ئەم دوو ئامانجە بخەینە پاڵپشت بۆ سەندوقەکە کەواتە نەخۆشیەکانی تریش لە موئەسەساتە سحیەکانی تری هەرێمی کوردستان دا عیلاجی دەست ناکەوێ، عیلاجەکانیش گرانە، بۆیە ئەمە دەبێتە پاڵپشتێك بۆ ئەوەی کە ئێمە داوا بکەین کە نەخۆشیە گران و موستەعسیەکانی تریش بگرێتەوە، ئەگەر تەبریر بۆ ئەوە بۆ ڕەد کردنەوەی لە دوای ڕوون کردنەوەکەی بەڕێز وەزیری تەندروستی کە دەڵێ لەوانەیە نەخۆشیەکانی تر هۆکارێك بێ کە ببێتە لۆدێکی گەورە و گرانیەك بۆ سەرشانی سندوقەکە، ئێمە دەتوانین بە حاڵەتی تەحدید کردنی جۆرە نەخۆشیە موستەعسیەکان، کۆمەڵێك ئەولەویەت دابنێین بۆ هەندێ نەخۆشی و ناوەکانیان بهێنین، بە حاڵەتێکی تریش دەتوانین چارەسەری ئەم خەمە بکەین، ئەوەیە ئێمە دەرگای هاوکاری کردن بە سندوقەکە، ئەو پانتایە فراوان بکەین، نەك نەخۆشیەکان لێرە تەحدید بکەین کە چووینە سەر برگەی هاوکاری دۆزینەوە بۆ سندوقەکە، لەویا فراوانتری بکەین و ئەو کاتە لۆدێکی گەورە نابێ بۆ سندوقەکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش بە هەمان شێوەی هاوڕێم ئاشتی خان پشتگیری لەوە دەکەم لە ئەسڵی پرۆژەکە، لەڕای یەکەمی لیژنەی یاسایی کە سندوقی نەخۆشی شێرپەنجە و نەخۆشی قورس بێت ناونیشانەکەی، بۆ ماددەی یەکەمیش بەڕای من کە نووسراوە سندوقی نەخۆشی شێرپەنجەداران و نەخۆشیەکان و چەند نەخۆشیەك دەست نیشان بکرێت، چونکە زۆر نەخۆشی هەیە و قورسیش هەیە وەکو ئەوەی کە لیژنەی یاسایی تالاسیما و شەلەلی دەماغ و نەخۆشی دڵیان دەست نیشان کردووە، من پشتگیری ئەو سێ نەخۆشیە و هەروەها نەخۆشی نەزۆکیش دەکەم، جەنابی وەزیر دەزانێ کە ئێستا نەزۆکی زۆر بڵاوە لە هەرێمی کوردستان،

عیلاج کردنی و دروست کردنی منالّی بلوره  پارەیەکی زۆری دەویّ کە زۆر خێزان ناتوانن ئەمە دەستەبەر بکەن و وای لیّ هاتووە کە زۆر خێزان هەڵدەوەشێتەوە، بۆیە پشتگیری ئەوە دەکەم کە ئەو سیّ نەخۆشیە و نەزۆکییشی تێدا بیّ و، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك کاردۆ  فەرموو.

**بەڕێز کاردۆ محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر ناوەکە من پشتیوانی لە ڕای یەکەم دەکەم لەبەرئەوەی پێموایە ئامانج لە دانانی ئەو سندوقە بۆ نەخۆشیەکە کە بارێکی قورسە بەسەر هاوولاّتیان، پێشموایە ئەگەر زانیاریەکەم دروست بێت وەزارەتی تەندروستی 4 نەخۆشی هەیە کە حکومەت ئێستا پارەی بۆ داناوە، یەعنی ئەم کۆمەکە دەتوانیّ هاوکار بیّ بۆ هەم بۆ شێرپەنجە و هەم بۆ ئەو نەخۆشیانەش کە شەلەلی دەماغ و تالاسیما و نەخۆشی دلّ و شێرپەنجەیە، پێموایە ئەگەر ئێمە ئەو تەحدیدە بکەین کۆمەکەکە فراوانتر دەبیّ و یارمەتیەکەش فراوانتر دەبیّ و کۆمەکەکە بۆ هاوولاّتی فراوانتر دەبیّ، یارمەتیەکەش سندوقەکە زیاتر دەبیّ، لەبەرئەوە یاساکەمان دەبێتە یاسایەك کە پانتاییەکی فراوانتر بۆ یارمەتی هاوولاّتیان دەگرێتەوە و کۆمەکێکی زیاتریش بۆ سیستەمەکە دابین دەکات، بۆیە ئێمە پێمان ناکریّ و قورسە ناوە ناوە یاسایەك بۆ نەخۆشیەکی کوشندە دابندریّ یان نەخۆشیەکی قورس دابنێی، ئەو نەخۆشیانەی کە بارن بەسەر هاوولاّتیانەوە و ئیمکانی نیە بۆ ئەو خەڵکە بە تایبەتی کەم دەرامەتن، پێویستە ئەو سندوقە ئەو ئامانجە بپێکیّ و، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عبداللە فەرموو.

**بەڕێز عبداللە محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری لە ڕەئی یەکەم دەکەم، بەلاّم تەبریرێکی جیاوازم هەیە، کە ئەم پرۆژەیە یاسایە دەخوێنینەوە فەلسەفەی تەشریعی ئەم قانونە لە چیەوە هاتووە؟ لەوە هاتووە جۆرە نەخۆشیەك هەیە لە هەرێمی کوردستان ئەم نەخۆشیانە کوشندەن، بەلاّم چارەسەریان لەناوخۆی کوردستان نیە لە دەرەوەی کوردستان هەیە، بە حوکمی پێشکەوتنی بواری تەندروستی بیّ یاخود هەر مەجالێکی دیکە نەخۆشەکە چارەسەری لە کوردستان نیە، لە تەنیشت ئێمە خەڵك هەیە کە ئیمکانیەتی ئەوەی نیە بچێتە دەرەوە ئەم عیلاجە وەربگریّ، چەند تەریقەیەك هەیە لە ڕابردوو دا بینیومانە بۆ ئەم جۆرە گیراوەتە بەر، یەکێك لەوانە کەسایەتیەکی حکومی خەڵکی ناردووەتە دەرەوە، یان ئەوەیە کە خەڵکەکە ئەم کەسە لە تەلەفزیۆن نیشان دراوە و خەڵك خێری پیّ کردووە و پارەی بۆ کۆکراوەتەوە و نێردراوەتە دەرەوەی کوردستان بۆ چارەسەری، یان ئەوەتا کەسەکە بۆ خۆی مالّ و مولّکی هەبوویّ یاخود ئەوەی هەی بوویّ فرۆشتوویەتی

تا عیلاج وەربگرێ لە دەرەوەی کوردستان، لەبەرئەوە ئێمە دێین کە مەشروعێکی لەم بابەتە هەیە و حەلی ئەم مەسەلەیە دەکات و دەبێ ئەم حاڵەتانە هەمووی بخوێنێتەوە، بەڕەئی من مەشروعەکە بکرێ بە دوو بەش، سندوقەکە مەبەستم، ئەولەویەت بدرێ بە سەرەتان، بەشی یەکەم 50٪ ی سندوقەکە بۆ سەرەتان بێ، 50٪ دیکەش بۆ کۆمەڵێك نەخۆشی دابندرێ، ئەم نەخۆشیانە معیاری بۆ دابندرێ لەلایەن وەزارەتی موختەسەوە کە وەزارەتی سحەیە لەگەڵ وەزارەتی دارایی کە وەزارەتی دارایی ئیلتزاماتە مالیەکە دەچێتە سەری، ئەم دوو معیارانە کە دانران بەشێوەیەکی مەعقول کە خارجی سەرەتانیش موستەفید بێ لێی و ئامانجی خۆشی پێ بپێکێ، ئەگەر وا نەکەین بەس سەرەتان بگرێتەوە، من تەسەور دەکەم کۆمەڵێك نەخۆشی زۆر هەیە لە کوردستان دا کە چاوی لەوەیە یاسایەك دەربچێ لەم ڕێگە نا قانونیانەی کە گیراوەتە بەر لە ڕابردوو دا ڕزگاری ببێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پەیمان خان فەرموو.

**بەڕێز پەیمان عزالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستی دا خۆی قسە کردن لەسەر نەخۆشی ڕەنگە ناخۆشترین حاڵەت بێ، کە تۆ جیای بکەیتەوە، یارمەتی جۆرێك نەخۆشی بدەی و یارمەتی جۆرێکی دیکە نەدەی، کە لە ئەسڵدا ئەوەیە کە هاووڵاتی هەر جێگەیەك و هەر وڵاتێك و هەر هەرێمێك یەکێك لە مافەکانی لەسەر ئەو بودجەیەی کە هەیە، کە بەشی ئەویشی تیایە، ئەوەیە کە ژیانی لەڕووی تەندروستیەوە پارێزراو بێ و مەزموون بێ و پێویستی بەوە نەبێ کە خێر و سەدەقە کۆ بکاتەوە، بۆ ئەوەی لەو نەخۆشیە چارەسەر بێ، بەڵام کاتێ کە دێینە سەر دەست نیشان کردنی یاسا ئەوەی کە یاسایەك تایبەت بێ بۆ ئەوەی تۆ حاڵەتێکی بە تەواوەتی پێ کۆنترۆڵ بکەی، لەڕاستی دا من لەبەر خەتورەتی نەخۆشی سەرەتان، لەبەرنەبوونی وەعی تەندروستی بێت یاخود لەبەر مەترسی ئیداری نەخۆشەکە خۆی بێ جۆرێك لە سڵمینەوە و ترس لەبەرامبەر ئەم نەخۆشیە هەیە و بەداخەوە ڕۆژ لەدوای ڕۆژیش نەخۆشی شێرپەنجە لە هەرێمی کوردستاندا زیاتر دەکات، هەر یەکێك لە ئێمە سەردانی نەخۆشخانەکانی تایبەت بە سەرەتانی کردبێ دەزانێ کە ئەوانە لە چ وەزعێکی نەفسی و سحی و ئیقتسادی زۆر زۆر خراپ دان، بۆیە نەخۆشیەکی کوشندەشە، یەعنی نە بە تەنیا خۆی، هەموو ئەندامانی خێزانی ئەو نەخۆشە دەکەوێتە مەترسیەوە لەگەڵیا کە بە بڕوامان ڕاستە هەموو نەخۆشیەك ئەرکی حکومەتە کە چارەسەری بۆ بدۆزێتەوە، بەڵام لەبەرئەوەی کە سەرەتان مەترسیەکی یەکجار گەورە و کوشندەی هەیە، زیاترە لە نەخۆشیەکانی دیکە، دووەم/ لەبەرئەوەی کە نەخۆشی سەرەتان نەبێتە

قوربانی لەبەینی پەرت بوونیاو لە بەینی نەخۆشیەکانی دیکە کە ئێمە لە هەرێمی کوردستان دا لەگەڵ ڕێزم بۆ هەموو لایەك، بەڵام دەزانین زۆرجار سوئی ئیستفادە لە بەرکارهێنانی قانونێك دەکرێ، یەعنی ڕەنگە لەم حاڵەتە دا کە نەخۆشیەکانی تری بخرێتە پاڵ ئەوەندەی نەخۆشیەکانی دیکە لەبەر نزیکیان و لەبەر ناسیاویان و لەبەر هەر ئیعتبارێك بێ، ڕەنگە سوودمەند بن لەمە، ئەوەندە نەخۆشێکی سەرەتان سوودمەند نەبێ، بۆیە من لەگەڵ ئەوەم کە تەئکید لەوە دەکەمەوە ئەرکی حکومەتە بە پرۆژە یاسای تربێ یاخود بەهەر شێوازێکی تر بێ زەمانەتی تەندروستی هەموو تاکێك بکات، بەڵام وەکو یاسا من پشتگیری ڕای دووەمی لیژنەی یاسایی دەکەم کە سندوقەکە بۆ ئەوەی تایبەت بێ بە سەندوقی شێرپەنجە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د.بشیر فەرموو.

**بەڕێز د.بشیر خلیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی لەبەرئەوەی ئێمە لە هەرێمی کوردستان یاسای بیمەی تەندروستیمان نیە پێویست دەکات کە ئەم سەندوقە دابمەزرێ، ئامانجی دامەزراندنی زۆر گەورەیە، بەڕاستی یارمەتی دانێکە بۆ ئەو موعاناتەی کە ئەم نەخۆشیە موستەعسیانە بە تایبەتی شێرپەنجە کە بەدەستیەوە دەناڵێنن، بۆیە من پێم باشە هەر لە ئامانجی سەندوقەکە و ناوی سەندوقەکە زیاتر گرنگی بدرێ بە بە شێرپەنجە، بەڵام ئەوانەی دیکەش لەبیر نەکرێت، ئەگەر ڕێژەیەك و نیوەی بۆ شێرپەنجە بێ و ئەوەی تری بۆ ئەوانی دیکە بێ، دەکرێ ئەوانی دیکەش ئیستفادەی لێ بکەن و سوودی لێ وەربگرێ، لەبەرئەوەی بەڕاستی ئێمە هەتا بۆ خۆمان موعاناتی ئەوەمان نەبێ، هەتا خوانەخواستە خۆمان یان مناڵێکمان تووشی ئەو نەخۆشیە نەبین نازانین ئەمە دەردێکی چەندە کوشندەیە، ئێستا وامان لێ هاتووە لە کوردستان، مرۆڤ کار دەکات و لە بیدایەتی ژیانی وەزیفیەوە پارە کۆدەکاتەوە تا ژیانی تەواو دەبێ ئەمە بایی یەك نەخۆشی و چارەسەری یەك نەخۆشی ناکات، منداڵەکە تووشی یەك نەخۆشی بێ خوانەخواستە بە بێ ئەوەی کە تۆ لە تەمەنت دا هەمووت کۆکردووەتەوە جگە لەوەی کە دەبێ ماڵ و حاڵ و خانووەکەی خۆشی بفرۆشێت و تووشی قەرزوقاریش بێ بۆ ئەوەی ئەم نەخۆشیە چارەسەر بکەین، بۆیە لەگەڵ دانانی ئەم سەندوقە گرنگە کەوا بیمەی تەندروستیش بێتەگۆڕێ، ئەمە خاڵێك، خاڵێکی دیکە ئەوەیە کە بەڕاستی ئەم یاسایە لەگەڵ ئەوەی وتمان ئامانجەکەی زۆر گەورەیە، بەڵام زۆربەی ماددەکانی یاسایەکە زیادن دەکرێ ئەوانە هەمووی ڕێنماییینە، بۆیە یاسایەکی 15 ماددەیی بەڕەئی من بە 4 ماددە و 3 ماددە بێجگە لە ماددە پرۆتۆکۆڵیەکان ئەم یاسایە زۆربەی ماددەکان کە زیادە ئەگەر دیسان چاوپێخشاندن بکەیتەوە بۆ ئەوەی کەم بکرێتەوە، لە لایەکی دیکەوە، کێشەی زمانەوانی بەڕاستی لەم پەرلەمانە تەواو نابێ، یەعنی ئێمە ئەوە سێ ساڵ و قسورە نە کوردیەکەمان تەواوە، نە زمانی عەرەبیەکەمان تەواوە، جاری وا ئەڵێین لەبەر ئەوەی زمانی کوردی زۆر بە چاکیش تەرجەمە نەکراوە با عەرەبیەکە ببێتە ئەساس، ئێستا ئەوەی تەماشای ئەو مەشروعی قانونە

بکات، عەرەبیەکەشی هەر زۆر زۆر شڕە، بەڕاستی هەر زۆر زۆریش وێرانە، یەعنی بۆ نموونـە، جیاوازیـەك نەکراوە لە مابەینی (امراض مستعصیة و امـراض مزمنـة)ئایـا نەخۆشـەکانی درێـژ خایـەن موستەعسـیە؟، نەخێر موستەعسی نیە، بۆیە دەبـێ لـەو تەرجومـەدا یـەکلایی بکرێتـەوە، مەبەسـتمان لـەوە ئایـا ئـەمرازی موزمینەیە، وەکو شەکرەو ئەوانە یان بەس نەخۆشی موستەعسی کە عیلاجەکانی تەواو، ماددەی یـەك مـن پـێم باشـە وەکـو زۆربـەی یاسـاکانی تـر ببێتـە ( يقصد بالتعـابير والمصطلحات الاتيـة المعـاني المبينـة ازاءها لاغرض هذا القانون) وەکو سندوق، ئەمراز موستەعسیە، رەئیس و وەزیر و ئەوانەی تێدا تـەعریف بکـرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ڤیان خان فەرمووو.

**بەڕێز ڤیان عبدالرحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری لەو ڕایە دەکەم کە وەکو ئەسڵی پرۆژەکە بمێنێتەوە، کە تایبەت بێ بە تووشبوانی شێرپەنجە و نەخۆشیە قورسەکان، دیارە ئەمەش لەبەر کۆمەڵێك هۆکار، یەکێك لەوانە ڕاستە ئەوانەی ڕووبەڕووی نەخۆشی شێرپەنجە بوونەتەوە ئەرکێکی قورس کەوتۆتە سەر خانەوادەکانیان، بەتایبەتی ئەگەر لە ڕەوش و گوزەرانێکی کەم دەرامەت بن یاخود نەتوانن لە ئاستی پێویستدا پێداویستیە پزیشکیەکان بۆ ئەو نەخۆشە بەدەست بێنن، من خۆم چووم سەردانی یەکێك لەو نەخۆشخانانەم کردووە، نەخۆشخانەی هیوا لە سلێمانی، یەعنی زۆربەی ئەو هاووڵاتیانەی کە لەوێ ئەوەستن بۆ وەرگرتنی ئەو دەرمانە پزیشکییە بەتایبەتی شێرپەنجە، لەوانەیە تا سەرە ئەگاتە سەر ئەوەی کە لە کۆتاییەکانەوە وەستاوە، نەتوانێ سوودمەند ببێ، دواتر ڕووبەڕووی ئەوە بێ کە بچێ لە بازاڕەکاندا بە پارەیەکی گرانتر ئەو دەرمانە بکرێتەوە، دیارە من کۆمەڵێك هۆکار ئەبینمەوە کە پێویستە نەخۆشیە قورسەکانی تری وەکو شەلەل دەماغ، تالا سیما، نەخۆشی دڵ، هەمان ئەولەویەتیش بدرێ بەم نەخۆشیانە، چونکە نەخۆشی شێرپەنجە ئەگەر لە کۆمەڵێك قۆناغدا کۆتایی بەژیانی بێنێ، بەڵام یەکێکی وەکو شەلەل دەماغ بە درێژایی ژیانی ئەو کەسە تا ئەتوانم بڵێم لە ئاستێکی تەندروستی زۆر ناهەمواردا ژیان دەگوزەرێنێ، ئەی حکومەت چۆن دەتوانێ لایەنی تەندروستی ئەم هاووڵاتیە فەراهەم بکات، لە کاتێکدا ئێمە ڕۆژانە کۆمەڵێك خەڵك لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن دەبینین فلان کەس لەسەر ئەرکی فلان کەس ئەنێردرێتە دەرەوەی وڵات، ئەی ئەوانەی کەناتوانن دەستیان بگاتە هیچ کەسێك چۆن بتواندرێت لە لایەن وەزارەتی تەندروستیەوە ژیانی تەندروستی و ساغ و سەلامەتیان بپارێزرێت، ئێمە لەکاتێکدا تا ئێستا نەمانتوانیوە یاسای بیمەی تەندروستی، یاخود یاسایەکمان هەبێ تایبەت بە پاراستنی مافی نەخۆش، ئەمانەمان نیە، ئەی حکومەت یاخود وەزارەتی تەندروستی لە چ شوێنێکی وەزارەتەکەی خۆیدا جێگە بۆ ئەم نەخۆشیە درێژخایەنانەی تر دەکاتەوە، کە پێشتریش هاوڕێکانم ئاماژەیان پێیدا، ئێمە لەکاتێکدا دەتوانین ڕێگری لەوەش بکەین لە

**بودجەدا کە لە سوودە کۆمەڵایەتیەکاندا لە کۆمەڵێك دامەزراوە، لە کۆمەڵێك وەزارەت کەم بکرێتەوە بخرێتە سەر ئەم سندوقە، ئەمە یەکێکە لە سندوقە باشەکان، من ئەوە پێشنیار دەکەم لە سوودە کۆمەڵایەتیەکانی وەکو ئەنجومەنی وەزیران و زۆربەی وەزارەتەکانی تر، کە ناتوانن وەکو پێویست بیخەنە بواری خزمەت کردنەوە، ببڕدرێت، بەڕێژەیەك ببڕدرێت بخرێتە سەر ئەم سندوقە بۆ وەزارەتی تەندروستی بۆ ئەوەی بتواندرێت ساڵانە لەگەڵ نەخۆشی شێرپەنجە هەمان ئەم نەخۆشیانەی تریش بتواندرێت سوودمەند بن،ئەگەر بەهەرچ ڕێژەیەکیش بێ لەناو وەزارەتی تەندروستیدا، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**تکایە موراعاتی وەقت بکەن، هەر لەسەر ماددەی یەك موناقەشە بکەن، فەرموو بێریڤان خان.**

**بەڕێز بێریڤان سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**من پشتگیری تەواوی ئەو پڕۆژە یاسایە دەکەم بۆ هاوکاری کردنی نەخۆشی شێرپەنجە، لەو سندوقەدا، بۆیە داوا دەکەم ئەو سندوقە تایبەت بێ بە شێرپەنجە، لەبەر چەند هۆیەك، یەعنی کە دەڵێین نەخۆشی قورس، من لەگەڵ ئەوەم هەر نەخۆشێك خزمەتگوزاری تەندروستی پێشکەش بکرێت بە هەموو جۆرەکیەوە، بەڵام شێرپەنجە چارەسەری هەیە ئێستا، ڕاستە ناوەکەی ترسناکە، زۆربەی ئەوانەی کە تووشی شێرپەنجە بووینە گەنجن، مناڵن، ئافرەتن، ئەگەر هاتو ئەو سندوقە تایبەت بێ بە شێرپەنجە بەشی چارەسەرکردنیان دەتوانی ژیانیان دابین بکەی، نەخۆشی قورس چارەسەری نەمایە، بەس پێویستی بە خزمەتگوزاری تەندروستی هەیە، تۆ ناتوانی بەهۆی ئەو سندوقە ئەوە چاك بکەیەوە تاهەتایە، لۆدەکی زۆر دەکەوێتە سەر ئەو سندوقە ئەگەر بۆ نەخۆشی قورس بێ، بۆ نموونە، نەخۆشی شەکرە، ئەگەر هاتو تووشی کۆمپلیکەیشن بوو، موزاعەفات بوو، قاچی بڕیەوە، بەهۆی ئەو سندوقە تۆ ناتوانی دیسان قاچی بۆی بگەڕێنیەوە، بەڵام مانای نیە ئەو نەخۆشیە قورسە عیلاج نەکرێت، خزمەت گوزاری پێشکەش نەکرێ، دەبێ هەردووکیان خزمەتگوزاری پێشکەش بکرێ، ئەوە هۆیەکی تریش ئەوەیە لە وڵاتانی تریش سندوق هەیە تایبەتە بە نەخۆشی شێرپەنجە، ئەمە کە ناوی شێرپەنجە گوێمان لێی دەبێ، وا دەزانین تەواو ئەو کەسە ژیانی دەسرێتەوە، وانیە ئێستا چارەسەر هەیە، تەکنەلۆژیا پێشکەوتووە، ئەگەر ڕۆژێك ئەو سندوقەشمان دەوڵەمەند بوو، پارەیەکی زۆری تێدابوو، دەتوانین چارەسەری بکەین، چ لە ناوەوە بێ چ لە دەرەوەی هەرێم بێ، بۆیە داوا دەکەم ئەو سەندوقە تەنها تایبەت بێ بە شێرپەنجە، سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**پەروین خان فەرموو.**

**بەڕێز پەروین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری لیژنەی تەندروستی و ژینگە دەکەم، کە بکرێت بە سندوقی نەخۆشی شێرپەنجەو نەخۆشیە قورسەکان، ئێمە ئەگەر سەیری نەخۆشی شێرپەنجە بکەین ئەمڕۆ لە کوردستان زۆر زۆر بلاْوە، ئەگەر زیاتر دیقەت بدەینێ دەبینین ئەو نەخۆشیە زیاتر لە مەنتیقە هەژارەکانی ناو خەڵکی هەژار زیاتر بلاْوە لەوەی کە دەوڵەمەندە، نەخۆشی شێرپەنجە ئەگەر لە قۆناغەکانی بیدایەت، سەرەتا فریای بکەوی دەتوانی چارەسەری بکەیت، بەلاْم نەخۆشی ترمان هەیە لەوانە وەکو ، (فقد المناعة المكتسبة) شەلەلی دەماغ و نەخۆشی دڵ، دیارە ئەو نەخۆشیانە بەدرێژایی تەمەنی نەخۆش لەگەڵێتی، پێویستی بە مەسروفات و پارەیەکی زۆر هەیە بۆ چارەسەر کردنی، وەکو دەبیندرێت دیارە ئەو نەخۆشیە لەناو خەڵکە هەژارەکە زیاتر بلاْوە، پێویستی بە پارەیەکی زۆر هەیە، دیارە من لەگەڵ ئەوەم کە لەگەڵ نەخۆشی شێرپەنجە ئەم نەخۆشیانەشی لەگەڵ دەمج بکرێ، بۆ ئەوەی بتواندرێت چارەسەرێکی ئەم نەخۆشیە بکرێ، وەلەو چارەسەری نیە، بەلاْم دەتوانێ لە ڕێگای حکومەتەوە هاوکاریەکی باشی ئەو خەڵکە بکرێ، کە تووشی ئەو نەخۆشیانەبوون، بێگومان (فقد المناعة المكتسبة) یەکێك لەو نەخۆشیانەی کە تووشی خەڵك زۆر دەبێ، ئەمەش چارەسەری بەهیچ شێوەیەك نیە، وەکو ئەوەی کە ئەمەلێك هەیە بۆ ئەوەی کە شێرپەنجە لە قۆناغەکانی سەرەتایی فریای کەوی چارەسەر دەبێ، بەلاْم ئەوانە بەهیچ شێوەیەك چارەسەریان نیە، بۆیە من لەگەڵ ئەوەم ئەو نەخۆشیانەش دەمج بکرێن لەگەڵ نەخۆشی شێرپەنجە، بەلاْم دەکرێ ئەولەویەت زیاتر بە شێرپەنجە بدرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەڤین خان فەرموو.

**بەڕێز ئەڤین عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا ئەگەر بێینە سەر باسی ناوی پڕۆژە یاساکە، من لەگەڵ ئەوەم کەوا (ذوی الامراض المستعصية)ی بۆ زیاد بکرێ، لەبەر ئەوەی ئەزانین مەرج نیە هەموو ئەو نەخۆشیانەی کە (ذوی الامراض المستعصية)یە ئەو نەخۆشیانە بن کەوا عیلاجی نیە، ئەو نەخۆشیانە هەیە کە عیلاجیان هەیەو ئەتواندرێت چارەسەر بکرێ، بەلاْم بەچ شێوەیەك بە ماددەیەکی تایبەتی، ئێمە ماددەیەکی تایبەتی دادەنێین ئەو نەخۆشیانەی کەوا چارەسەری هەیە، کولفەی زۆرە، ئەتوانرێت وەزارەت هەتا تەنانەت ئێستا وابزانم لە بابی مینەحە، هەندێ نەخۆشی هەیە کەوا پارەی بۆ تەخسیس دەکرێ، ئەتواندرێ زۆربەی ئەو ماددانە ئیزافە بکرێ، ئێمە ئەگەر بێین و باسی ئەم سندوقە بکەین، هەموومان ئەزانین مەبەست لە دانانی ئەو مینحانەیە کە دانراوە و خۆی تەخسیس کراوە بۆ ئەو نەخۆشیانە، حکومەت ئێستا چارەسەریشی لەسەر ئەکات، بەم یاسایە ڕێك بخرێت، بۆیە ئەو نەخۆشیانەی کە هەندێکی وەکو باسم کرد عیلاج ئەکرێت، کولفەی زۆرە، ماوەیەکی پێ ئەچێت هەتا چارەسەر دەکرێت، ئەو پارەیەش کە تەخسیس ئەکرێت بەم یاسایە تەنزیم دەکرێت، هەر حاڵەتی نەخۆشی شێرپەنجە، دێمە سەر ماددەی یەکەم، ماددەی یەکەم من پشتگیری ڕەئی لیژنەی یاسایی دەکەم

بەو شێوەیەی کە دایان ڕشتووە، بەڵام بە مەرجێك ببێتە ماددەیەکی تر، ماددەی یەکەم پشتگیری ڕەئی د.بشیر دەکەم، کە ببێتە تەعریفات، چونکە ئێمە لێرە هەندێ شت هەیە، هەندێ زاراوە هەیە کە لە یاساکە هاتۆتەوە، پێویست دەکات تەعریف بکرێتەوە، چونکە هەر لەو مینەحانە کە دائەندرێت، هەر لەو یارمەتی و تەخسیساتانەی کە بۆیان ئەکرێت، بۆیە ئەگەر بکرێت ئێمە ماددەی یەکەم، ماددەیەکی تەعریفی بێ، بۆئەوەی یاساکە زیاتر بتواندرێت بۆ خەڵکی ئەو کەسەی کە ئەیخوێنێتەوە، زیاتر وازح بێت و لێی تێبگات، بەڵام جارێکی تر دووبارەی ئەکەمەوە ماددەیەکی زیاد ئێمە دایبنێین کە ئەمرازی موستەعسیە دیاری بکەین، ئەویش بەپێی ئەو مەرجانەی کەوا وەزارەت یاخود بڵێین بەڕێز وەزیری تەندروستیش هاوڕا بێ لەگەڵ ئێمە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تارا خان فەرموو.

**بەڕێز تارا تحسین ئەسعەدی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی من ئیقتیراحی ئەوەم پێ باشە کە ئەو سەندوقە تەنها بۆ نەخۆشی شێرپەنجە بێ، هۆکارەکانی زۆر لە هاوکارانم باسیان کرد، هەروەکو هاوکارم باسی کرد، ئەو کەسەی کە خۆی تووشی ئەبێ یان کەس و کارێکی نزیکی خۆی، من خۆم یەکێکم لەو کەسانەی کە کەسێکی زۆر نزیکی خۆم تووشی ئەم نەخۆشیە بووە، کە لە ماڵی خۆمایە و ئەزانم چیمان بەسەر دیت کە تەقریبەن 32 ساڵە ئەو نەخۆشیەی هەیە، چی لە بارەی ئەم سەرەتانە چی مەسرەف ئەکرێت و چی ئەکرێت؟، لەبەر ئەوە ئێمە بۆ چوار جار چووینەتە نەخۆشخانەی نانەکەلی لە نزیکەوە نەخۆشەکانی سەرەتانمان دیوە، دیومانە پێداویستیەکانی کە لەناو ئەو خەستەخانەیە کە تاکە شوێنە لە هەرێمی کوردستان، تاکە جیهازێك لەوێ هەیە بۆ کەشفی سەرەتان، مەسرەفێکی زۆری پێویستە ئەو کەسانەی کە تووشی شێرپەنجە ئەبن، ڕەنگە زیاتر دکتۆرەکان باشتر بزانن، 101 نەوع سەرەتان هەیە، هەر یەکەیان بەشێوەیەك عیلاج ئەکرێت، هەر یەکێکی چەند ئێمە وابکەین بە بوونی ئەم سندوقە کە ژینگەیەك و وڵاتێك دروست بکەین کە تووشی شێرپەنجە نەبین، ئەگەر بێتو پارەی باش دابندرێت لە سندوقێك وەکو تەوعیە کردن و ئیش کردن لەسەر ئەوەی ئێمە چۆن ئەو نەخۆشیانە کەم بکەینەوە لە خەڵك، ئینجا ڕۆژانە ئەوەی کە ئەزانین لە ئەنتەرنێتەکان هەیە، کە حەوت ملیار دەرمانی مزەوەر دێتە ناو ئەو شوێنانەی کە بۆ نەخۆشی بڵێین شێرپەنجە بەکاردێت، وڵاتی ئێمەش بەدەر نیە لەوە، چۆن وا بکەین ئەم دەرمانانە بەشێوەیەکی موستەمر عیلاجی بۆ نەخۆشی شێرپەنجە دابنێین، زۆرجار هەیە لێرە ڕاستە عیلاج ئەکرێت، بەڵام لە سەدا چەند نەمانتوانیەوە عیلاج بکەین، بە بوونی ئەم سەندوقە پاڵپشتی تەواوی هاوکارانم ئەکەم، بەڕاستی دوو پڕۆژە دابندرێت ئیتر با تەقدیم بکرێت بۆ نەخۆشیە موستەعسیەکان، یان ئەو نەخۆشیانەی کە درێژخایەنن، ئەتواندرێت ئیشی لەسەر بکرێت، بەڵام هی ئەمجارەمان با بەس شێرپەنجە بێ، تاوەکو بتوانین بە تەواوی تەوعیە، عیلاج کردن بە بەردەوامی و

ئاگالێبوونی لایەنی دەروونی، نەبوونی یا وەراندنی پرچێك لە ئافرەتێك دوای ئەوەی تووشی شێرپەنجە ئەبێ، ئایا ئەمە ئەم لایەنە دەروونیانە چەند دکتۆری پێویستە بۆ ئەوەی جگە لە عیلاجەکە، لایەنی دەرونیشی چاك بکاتەوە، زۆرە ئەو موعاناتانەی کە ئێمە لەگەڵ دکتۆرێکی کە ئیشی کردووە لە شێرپەنجە ساڵەهای ساڵ قسەمان کردووە، پێی دەڵێین کە نەخۆشیەکە قسەمان لەگەڵ دەکات مومکینە نزیکە لە ئێمە لە مردن، زیاتر لە ژیان، بەڵام لەگەڵ ئەوەش کە عیلاج زۆرە، زۆری جۆرەکانی سەرەتان ئێستا عیلاجی هەیە، بە بوونی ئەم هاریکاریانەو تەوعیەی زیاتر، وائەکرێت کە زوو کەشف بکرێت، بتوانین دەست بەسەر ئەو نەخۆشیە کوشندەیە بگرین، بە یارمەتیدانێکی بەسیت، بەو شێوەیەی کە لەناو یاساکەدا هەیە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

من داوای لێبوردن دەکەم، خۆی عینوانەکەیە، ئایا سەرەتان بێ یان نەخۆشیەکانی تریش بێ؟، 11 کەس قسەی کردووە هەموو شەرحیان کردووە، ئەوە سەعات 12:25یە تاوەکو ئێستا ئێمە بەس لە ناوەکەی دەرنەچووین، تکا دەکەم موراعاتی وەقت بکەن، تکا دەکەم شتەکان تیکرار مەکەنەوە، چونکە بەڕاستی ئیشەکان ناڕوا بەم حاڵە، فەرموو هاژە خان.

**بەڕێز هاژە سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ڕاستیدا منیش لەگەڵ ڕای دووەمی لیژنەی یاساییم، کە داوایان کردووە ئەو سندوقە تەنها بۆ شێرپەنجە بێ، چونکە بەڕاستی دوو هۆکاری سەرەکی هەیە، وەکو ئەوانەی هاوکارانم باسیان کرد، من بە کورتی باسیان دەکەم، ئەویش لەبەر ئەوەی زۆر بلاّو بوونەوەی نەخۆشیەکەیە، دووەمیشیان لەبەر ئەوەیە کە هەندێك ڕێکخراوی جیهانی هەیە، تەنها کۆمەك بەو سندوقانە دەکات کە سندوقی شێرپەنجەن، واتە تەنها کۆمەك بەوانە دەکات، بۆیە بەڕاستی لەبەر ئەو دوو هۆکارە من لەگەڵ ئەوەم کەتەنها بۆ نەخۆشیەکانی شێرپەنجە بێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ئارام فەرموو.

**بەڕێز ایوب نعمت (ئارام):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس قسەکانی من کرا.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك خلیل فەرموو.

**بەڕێز خلیل عپمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری لە ڕای دووەمی لیژنەی یاسایی دەکەم، پاساویشم بۆ ئەوە ئەوەیە ئەگەر مەبەست لە پەسەند کردنی ئەم یاسایە بە بارێکدا، ئەمە ڕزگار کردن یاخود هاوکاری کردنی ژیانی نەخۆشێك بێ، ئەوە بە بارەکەی تر بەڕاستی هاوکاری کردنی ئەو خانەوادەی ئەو نەخۆشەیە، لەبەر تێچوونێکی زۆر خانەوادەکەی بە دەستیەوە دەناڵێنن، بۆیە کۆمەڵێك لەم نەخۆشیانەی تر کە هەن، بەڕاستی ئەوە پێویستە بۆ سووك کردنی باری خانەوادەکان، من پێم باشە ئەم نەخۆشیانەش بگرێتەوە، ئەم نەخۆشیانە بەڕاستی لە زگماکەوە لەگەڵ لەدایك بوونەوە لەگەڵ هاوولاَتیاندا هەیە، بە نەتیجەش خانەوادەکە زیاتر پێیەوە هیلاك دەبێ، لەوانەیە هەندێجار نەخۆشی شێرپەنجە زگماکە یان لە قۆناغێکی تەمەن ڕوو ئەدات، بۆیە بەڕاستی دەکرێ ئەم نەخۆشیانە لەبەر ئەوەی بەشێکی زۆری تالاسیمایە، یاخود هەندێ لە مەسەلەی شەلەلی دەماغە، ئەمانە یاخود نەخۆشی دڵە، بەڕاستی لە سەرەتاوە لە زگماکەوە لەگەڵ منداڵێك دێت، بەڕاستی خانەوادەکە چ لە ڕووی ماددی چ لە ڕووی مەعنەویەوە تووشی مەینەتیەکی زۆر دەبێ، بۆیە من پێموایە بەڕاستی دەکرێ ئەو نەخۆشیانەش بگرێتەوە، لەگەڵ ڕای یەکەمی لیژنەی یاساییم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د.احمد فەرمووو.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم ومرتی :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری ڕای یەکەم دەکەم، ئەم پڕۆژە یاسایە کە نەخۆشیەکانی تریش و نەخۆشی سەرەتانیش بگرێتەوە، چونکە لە ئەسڵدا ئەو پڕۆژەیە پێشکەش کراوە، نەخۆشیەکانی سەرەتان و نەخۆشیەکانی تری سەخت هەن بیان گرێتەوە، لە هۆکارەکانی دەرچوونیش باس لەوە ئەکات کە بەهۆی چارەسەر نەبوونی هەندێ لە نەخۆشیەکان کە هاوولاَتیانی هەرێم پێیەوە دەناڵێنن، بۆیە ئەو یاسایە پێشکەش کراوە بۆ ئەوەی خانەوادەکانیان بتوانن بە سوود وەرگرتن لەو سندوقە چارەسەری نەخۆشیەکانیان بکەن، ئەگەر مەسەلەکە ئەوەیە کە پانتایی نەخۆشیە موستەعسیەکان فراوان بکرێ، دەکرێ لێرەدا ئێمە تەحدیدی ئەو نەخۆشیانە بکەین، وەکو تالا سیما وەکو نەخۆشیەکانی شەلەلی دەماغ، نەخۆشیەکانی دڵ و هەروەها گۆڕینی گورچیلە، دەکرێ تەحدیدی ئەو نەخۆشیانە بکەین، کە لێرەدا مەبەستمانە و نەخۆشی موستەعسین، پێموایە هەندێ نەخۆشی بەردەوام و موزمین هەیە کە موستەعسیە، چارەسەری ناکرێ، بۆیە زۆرێك لە هاوولاَتیان ئومێدیان لەسەر یاسایەکی لەو جۆرە هەڵچنیوە، بە تایبەت لەوکاتەوە کە ئەو پڕۆژەیە لە پەرلەمان پێشکەش کراوە، دەنگ و باسی ئەو پڕۆژەیە پەیا بووە، تا ئێستاش یاسایەکمان نیە بۆ تەئمینی سەحی، بیمەی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان، بۆیە بەڕاستی من پشتگیری لەو ڕایە دەکەم کە سندوقەکە بۆ هاوکاری نەخۆشیەکانی شێرپەنجەو نەخۆشیەکانی درێژخایەن بێ، نەخۆشیەکانی

موستەعسی بێ، کە ژیانی مرۆڤ لە هەموو شتێك گرنگترە، بە فیعلیش حکومەت هەندێ نەخۆشی ناردۆتە دەرەوە، بەبێ ئەوەی کە یاسایەك هەبێ، هەندێ نەخۆشی هەیە ئەوانەی کە دڵیان کونە، حکومەت لە ڕابردوودا هەندێ نەخۆشی لەوانە ناردۆتە دەرەوە، ئیتر ئێمە ئەمە بۆچی بە یاسایەك حکومەت پابەند نەکەین کە ئەو نەخۆشیانە چارەسەر بکات، ئەگەر بە یاسابێ، بێگومان ئەوکاتە پارەشی بۆ تەخسیس ئەکرێت، ساڵانە لە زمنی بودجەی وەزارەتی تەندروستی پارەی بۆ دیاری دەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك حەمە سعید فەرموو.

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری ڕای یەکەم دەکەم، واتە ئەم یاسایە نەخۆشیەکانی شێرپەنجەو نەخۆشیەکانی تریش بگرێتەوە، بۆ؟، چونکە ئامانج لە یاساکە جارێ ئەو نەخۆشیانەیە کە گرانن و عیلاجیان قورسە، ئەوە یەك، دوو: ئەو نەخۆشیانەیە کە تەکلیفی زۆریان ئەوێ، سێ: ئەو نەخۆشیانەیە کە لەناوەوە عیلاجی کەمە و یان نیە، یان پێداویستیەکانی چارەسەری نیە، کەواتە ئێمە هەدەفەکەمان بەس نەخۆشیەکی موعەیەن نیە، ڕاستە، هەدەفەکەمان تەکلیف و نەبوونی عیلاجە، بۆیە من پشتگیری ئەوە دەکەم کە نەخۆشی سەرەتان و نەخۆشیە گرانەکان، جەنابت باست لەوە کرد کە ماددەی یەکەمیش لەگەڵیدایە، من پێموایە ماددەی یەکەمیش پێویستە بکرێت بە ماددە...، لە لیژنەی یاسایی ماددەی پێناسەکانە، بۆ نموونە، تەعریفی وەزیر زۆر ناوەکەی هاتووە، تەعریفی سندوقەکە بکات، تەعریفی ئەنجومەنەکە، ئەنجومەنی ئەمینداریێتییەکە بکات، سەرۆکەکەی و ئەوانە تەعریف بکات، نەخۆشیە گرانەکان، من پێموایە نەخۆشیە گرانەکان ئێمە لە خۆمانەوە نەخۆشیەك زیاد نەکەین و نەخۆشیەك کەم بکەینەوە، بەڕێزان پسپۆڕەکان و دکتۆرەکان دەزانن کە ئەم نەخۆشیانە موستەعسین، مەسەلەن من ئەگەر بۆخۆم بڵێم، حەز دەکەم نەزۆکی تیابێ، حەز دەکەم تووشبووانی کیمیاوی تیابێ، حەز دەکەم ئەوانەی تیا بێ، کەواتە نەخۆشیە موستەعسیەکان بەڕێزان دکتۆرەکان ئەزانن، لە کەوانەیەك ئەوانە پێناسە بکرێت لە تەعریفەکە، نەخۆشی سەرەتان و نەخۆشیە گرانەکان چین، ئەوانە پێناسە بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

گوڵیزار خان فەرموو.

**بەڕێز گوڵیزار قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری لەو ڕایە دەکەم کە نەخۆشیە درێژ خایەنەکان بگرێتەوە، لەبەر ئەوەی ئێمە لەو کوردستانە ڕۆژانە دەبینین لەسەر شاشەی تەلەفزیۆن، دەیەها نەخۆش هەیە دەڵێن من پانزە ساڵە لەسەر جێگام، هی وا هەیە دەڵێ من 20 ساڵە لەسەر جێگام، ئایا ئەوانە 20 ساڵ، 15 ساڵە لەسەر جێگان ئەی کوا داهاتیان؟،

کوا پارەیان؟، کێ چارەیان بکات؟، لەبەر ئەوە بەڕاستی کاتێ کە ئەو نەخۆشانە دێننە سەر تەلەفزیۆن و چارەیان نیە، هیچ چارەیەکی تریان، نیە بۆیە هاتوون داوا لە خەڵك دەکەن، ئەگەرنا ئەوەندەی کە ئازاری لاشەیان هەیە، دە ئەوەندەش پێیان ناخۆشە کاتێ کە دێنە سەر تەلەفزیۆن، بۆیە من لەگەڵ ئەوەم کە نەخۆشیە درێژ خایەنەکانیش بگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ژیان خان فەرموو.

**بەڕێز ژیان عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری ئەوە دەکەم کە ئەو سندوقە بۆ نەخۆشی شێرپەنجەو نەخۆشیە گرانەکان بێ، بەلاّم بە مەرجێ نەخۆشی گران و درێژخایەن جیا بکەینەوە، نەخۆشی درێژخایەن بۆ نموونە شەکرەو زەخت و ئەوانە، وابزانم بەڕێز وەزیریش ئاگادارە ئەوانە کارتیان هەیە، ئەو نەخۆشیانە وەرئەگیرێ، بەلاّم هەرچەندە پێویست نیە، پێویستە ڕەچاوی ئەوە بکرێت کە دەرمانی چاك بێت بۆ ئەوانە، بەلاّم کارتیان هەیە، بەلاّم نەخۆشی گران ئەم نەخۆشیانەن کە لە سەرەتان هیچی کەمتر نیە، بەڕێز وەزیر خۆی ئەزانێت ئێستا بە هەزارەها کەس تووشی نەخۆشی و فایرۆسی کەبەدی بووە لە کوردستان، کە ئەمیش عەینەن سەرەتانە خەتەرە، کە ئینشائەڵلاّ کەس تووش نەبێ لەمەو دوا، ئەوانەی کە تووش بوون پانزە ساڵ زیاتر ناژین، کە ئەبێتە هۆی مردنیان، کە چەند خەتەریشەو ئەگوێزرێتەوە بۆ خەڵك و وەکو ئایدز و نەخۆشیەکانی تر ترسناکە، لەبەر ئەوە من ناتوانم بۆیان دیاری بکەم، بەلاّم من وەکو نموونەیەك ئەهێنمەوە بۆیان، بۆ بەڕێزتان و بۆ بەڕێز وەزیر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من وەکو مەبدەئ دەست خۆشی لەو پەرلەمانتارنە دەکەم کە ئەو پڕۆژەیان پێشکەش کردووە، لە تێروانینی ئەندامانی پەرلەمانیش دەرکەوت ئەمە دۆخێکی مەترسیدارە لە ڕاستی، ئەم نەخۆشیە موستەعسیانە لە ئاستێکی بالاّ دان، ئامارەکان لەهەر جێگایەکی کوردستانەوە دەیگری، ئەوەمان پێ ئەڵێن دۆخەکە دۆخێکە پێویستی بەمەیە، سێکتەری ئاوڕدانەوەیەکی زۆر جدی تری لێ بدرێتەوە، بۆیە من ڕام وایە ئەم بابەتە، مادام ئێمە قسە لەسەر ماددەی یەکەمیش دەکەین، ئەمە بکرێتە دەرفەتێك، ئیمکانیەتێکی زیاتری ماددی و مەعنەوی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم مەترسیانە دابنێین، کەواتە نەخۆشی شێرپەنجەو نەخۆشییە مەترسیدارەکانیش ئەم سندوقە بیان گرێتەوە، ئەگەر نا وادەبێ لە داهاتووی نزیکدا پڕۆژەی تر بۆ نەخۆشیە مەترسیەکانی تر، بۆ نەخۆشیەکانی تریش پێشکەش ئەکرێت، ئەوکاتە

پەرلەمان مولزەم ئەبێ کاتێکی زیاتر بۆ ئەو بابەتە تەرخان بکات، ئێمە لەساڵی ڕابردوودا بۆ پەسەند کردنی بودجەی هەرێمی کوردستان، کەمترین سێکتەر، سێکتەری تەندروستی بوو، سەرباری ئەم نەخۆشیانە ئێمە گوژمەمان بۆ تەرخان کرد، ئومێدەوارم لە داهاتووی موناقەشە کردنی بودجەدا هەمووومان هەوڵ بدەین، ئەو کەیسانەی کە پەیوەندی بە بەفیڕۆدان و بەهەدەر دانی هەیە، کەمتر بکرێتەوەو بخرێتە سەر ئەم سێکتەرە، ئەم دانیشتنە ببێتە هۆی ئەوەی کە لە داهاتوو ئەم بابەتەمان بیر بکەوێتەوە، بەدەر لە هەرێمی کوردستان، ئێمە خەڵکی ترمان هەیە لە باکوری کوردستان، ڕۆژئاوا، ناوچەکانی کێشە لەسەر، کۆمەڵێك شوێنی تر، ئێستاکە نە (یۆنسکۆ) وەکو لایەنێکی نێودەوڵەتی، نە نەتەوە یەکگرتووەکان کە مولزەمن ئاوڕ لەو خەڵکانە بدەنەوە، کە شوێنی نیشتەجێ بوونیان بووەتە بوئرەی گەشە کردنی ئەو نەخۆشیە مەترسیدارانە، ئومێد دەکەین ئەمە لە لایەن حکومەتەوە، لەلایەن جیهەتی ترەوە هەڵمەتێك بکرێت بەدەر  لە حکومەت، خەڵکی تریش تەقویەی ئەم سندوقە بکات، ئومێد دەکەم ئەم سندوقە وەکو سندوقەکانی تر هەر بە یاسا نەمێنێتەوە و بچێتە بواری جێبەجێ کردنەوە، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سەمیرە خان فەرموو.

**بەڕێز سەمیرە عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەست خۆشی لە لیژنەکان دەکەم، پشتگیری لە لیژنەی تەندروستی دەکەم، من لەگەڵ ڕەئی یەکەم دامە، هەروەکو برادەرانم هۆکارەکانیان هەموو بە باشی باس کرد، پێویست ناکات منیش هەروەکو ئینشا و بەلاغە دووبارەی بکەمەوە، باسی بکەمەوە، بەڵام ئەوەم دەمەوێ ئیزافە بکەم، تەعریفی سەرەتان لەگەڵ ئەمراز موستەعسیە ئەگەر بخەینە ناوی، هەردووکی پێناسە بکرێ، زیاتر کەم دەرامەتەکان بگرێتەوە، نەوەکو ئەوانەی کە سولفەی زەواج هەموو کەسێکی گرتۆتەوە، یان تۆڕی کۆمەڵایەتی ئەوانەی زۆر دەوڵەمەندیشن ئێستا هەر ناوی خۆیان دەنووسن، بگرێتەوە، پێویستە زانیاری هەبێ لەسەر زیاتر ئەوانەی کەم دەرامەت بگرێتەوە، ئەگەر بڵێین ئەمرازی موستەعسی با نەگرێتەوە، بۆ نەگرێتەوە؟، یەعنی زۆریان هەیە پێویستیان بە عیلاج هەیە لە دەرەوە، وەکو زەرعی خەلایەی جەزعی، هەموو کەسێك دەزانێ لە کوردستان ناکرێ، بەڵام لە دەرەوەی وڵات دەکرێ و چارەسەریشی هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

شلێر خان فەرموو.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ڕەئی لیژنەی یاساییم ڕەئی دووەمم، بەڕاستی هەر با بۆنەخۆشی شێرپەنجە بێ، وەکو سەمیرە خان وتی بۆ خەڵکی کەم دەرامەت، چونکە هەر ئەوانن کە ناتوانن هیچیان نیەو دوایش کەئەچنە ئەو شوێنانەی کە عیلاج دەکرێن، کەم دەرامەتن و کەسیشیان نیە، خۆی بەڕاستی زۆر شت هەیە لەسەر ئەمە ئەبێ بوترێ، بەڵام جەنابت فەرمووت کە دوایی لە ماددەکانی تر، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا کاوە فەرموو.

**بەڕێز کاوە محمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتیگری ئەو ڕایە دەکەم کە سندوقەکە تەنها بۆ نەخۆشیانی شێرپەنجە بێ، لەبەر ئەوەی ئێمە هەموومان ئەزانین ئەم نەخۆشیە نەخۆشیەکی کوشندەیە، تەکلیفێکی زۆر دەخاتە سەر نەخۆشەکەو کەس و کاری نەخۆشەکە، ئەوەی ئێمە ئاگادار بین وەزارەتی تەندروستی بۆ نەخۆشیەکانی تر، هەتا بۆ زۆر نەخۆشی، بەو دواییە بڕیارێکیان دەرکردووە، نیوەی تەکلیفی ئەو نەشتەرگەریانە بدەنەوە کە لە نەخۆشخانە ئەهلیەکانیش چارەسەر دەکرێ، یان پارەیان بۆ دەدات، لەو ڕۆژانە لە دهۆك سەنتەرێکیان کردەوە، بەو ڕێگایە دەتوانی هاوکاری یاخود زیاتر سەنتەرەکانی تر هاوکاری زیاتری ئەو نەخۆشانە بکەن کە تەکلیفی ماددیان زۆر دەکەوێتە سەر، بۆیە من پشتگیری ئەوە دەکەم ئینسان ڕاستە لە ناحیەی عاتفیەوە هەمووومان ئەو هەستە مرۆڤایەتیەمان هەیە، داواکارین پێمان خۆشە کە هاوکاری هەموو نەخۆشێك بکرێت، بەڵام ئەوەی کە ئیمکانە بکرێت، لەبەر ئەوەی فیعلەن نەخۆشی شێرپەنجە تەکلیفێکی زۆر زۆری هەیە، بۆیە من پشتگیری ئەو ڕایە دەکەم کە سندوقەکە تەنها و تەنها بۆ نەخۆشان و تووشبووانی شێرپەنجە بێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەگەر ئێستا ئینتیخابمان بکردبایە بۆ مەوزوعێك، یەعنی هەڵبژاردنمان بکردایە تەصویت، دەبوایە تەئجیلی بکەین، چونکە 42 کەس لە ژورەوەیە، حەز دەکەم بزانن، یەعنی هەقە ئەو خوشك و برا بەڕێزانە کە دەچنە دەرەوە، قەیدی ناکە بۆ 10 دەقەیەك 5 دەقەیەك، بەڵام ناکرێ جاری وا هەیە دە دەقیقە دادەنیشن و دەڕۆن، نیو سەعات دەچنە دەرەوە، سەعاتێك دەچنە دەرەوە، یەعنی ئێمە چی بکەین لەگەڵ ئێوە، ئێوە خوشك و برای ئێمە ن بەڕاستی، هەقە ئێوە موراعاتی ئێمە بکەن، چونکە ئێمە دڵمان نایە هەندێك شت هەیە بەرامبەرتان بیکەین، بەڵام هەق وایە ئێوە خۆتان وەکو پەرلەمانتار موراعاتی ئەو مەسەلەیە بکەن، سیوەیل خان فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من هاوکارانم کردیان پێویست ناکات درێژەی پێ بدەم، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سەرهەنگ فەرموو.

**بەڕێز سەرهەنگ فرج:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتیوانی ڕای یەکەم دەکەم، بەزەروری ئەزانم جگە لە سەرەتان ئەو نەخۆشیانەی تریش کە تەحدید کراوە، ئەکرێ بەڕێز وەزیری تەندروستیش بە هاوکاری لەگەڵ لیجانە موختەسەکان تەحدیدی ئەو نەخۆشیانە بکەن، چونکە بەڕاستی ئەو نەخۆشین و پێویستیان بە هاوکاری هەیە، مەسەلەن شەلەل دەماغ، پێویستی بەوە هەیە عیلاجی تەبیعی بۆ بکرێ، عیلاج تەبیعی ئەگەر کابرا خۆی بیکات ڕۆژی بە 25، 30 هەزار دینار بۆی ئەکەن، چەند سەعات، دوو سەعات، سێ سەعات تەسەور دەکەم، لە سەنتەری شارەکان ڕەنگە سەنتەری عیلاج تەبیعی هەبێ، بەس لە دەرەوەی شار چەند سەنتەری عیلاج تەبیعیمان هەیە؟، خەڵك لە دەرەوەی شار تووشی شەلەل دەماغ بێ، ئەبێ بێت بۆ ناوەوەی شار ئەمە خانەوادەی گیرۆدە ئەبێ، بۆیە زۆر زۆر زەرورە ئەوەی کە دەمج کراوە تۆ زائیدەن من ئیقتیراح دەکەم، مەسەلەن نەخۆشیەکانی کیمیا بارانیشی بێتە سەر، چونکە ئەوە کۆمەڵێك خەڵکی مەحدودن، ئینشائەڵلا ئەم حاڵەتە دووبارە نابێتەوە، بەلاّم کۆمەڵێك کەسمان هەیە لە کوردستان ئێمە، کە تووش بوون بە کیمیاوی پێویستە عیلاج بکرێن، زۆر زۆر گرنگە کە ئێمە جەخت لەسەر ئەوە بکەینەوە، باسی ئەوە کرا کە ڕەنگە ئەمە ئیستیغلال بکرێ، من پێم سەیرە ئەمە چۆن ئیستیغلال دەکرێ، مەسەلەن خەڵك تووشی شەلەل دەماغ بووبێ یەعنی نەبووبێ دێت بڵێت من تووش بووم، تووشی تالاسیما نەبوبێ دێت بڵێ من تووش بووم، یەعنی ئیستیغلال من تێناگەم ئیستیغلالی چی، پشتیوانی ڕای یەکەم دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عبدالله مەلا نوری فەرموو.

**بەڕێز عبدالله مەلا نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە منیش هەروەکو زۆربەی برادەران پشتیوانی ئەو ڕەئیەی یەکەم دەکەم، بەلاّم وەکو لە ڕاپۆرتەکەی بەڕێزان لیژنەی تەندروستی ئاماژەیان بە شتێك دابوو، حەز دەکەم من تۆزێك جەختی لەسەر بکەمەوە، باسی ئەوەیان کردبوو ئەمە هەقێکی دەستووریە پاراستنی گیانی ئینسان، لە دەستووریش بەڕاستی باسی جۆرێك لە نەخۆشی نەکراوە، بەشێوەیەکی عام باس کراوە، هەدەف لە خەرج کردنی بڕێك پارە بۆ پاراستنی تەندروستی ئینسان، لە ڕاستی یەعنی هەرچەندە مردن لای خوایە، بەلاّم ڕێگە ئەگرێت لە مردن، ئیتر ئینسان لەهەر نەخۆشیەکەوە ئەگەری ئەوە هەیە بەرەو مردن بڕوات، بۆیە ئەرکی حکومەتە پارێزگاری لە ژیان و لە تەندروستی ئینسانەکان بکات، ئیتر هەر جۆرە نەخۆشیەك بێ، ئێمە لەبیریشمان نەچێ ئێمە پەیڕەوی ناوخۆ بۆ ڕێکخراوێکی دیاریکراو دانانێین، ئێستا ڕێکخراو هەیە ڕێکخراوی

نێودەوڵەتی، پسپۆری لە بوارێك هەیە، ئێمە یاسا بۆ دەوڵەت و بۆ حكومەت دائەنێین، حكومەتیش بەرپرسیارە بەرامبەر بە تەندروستی ئینسانەكان جا بەهەر شێوەیەك بێ، بۆیە لەم ڕووەوە من لەگەڵ یاساكەم هەموو ئەو نەخۆشیانە بێ، دیارە خەڵكانی پسپۆر ئەزانن، لەبیریشتان نەچێ نوقتەیەكی تر هەیە، یاسایەك بۆ نەخۆشیەكی دیاریكراو دەردەكەین، یاسایەك بۆ نەخۆشی شێرپەنجە دەردەكەین، من زۆر لەگەڵ ئەوەم باشترین هاوكاری ئەو نەخۆشانە بكرێ، بەدیوەكەی تر عەكسەكەی وەربگرە، دەكرێ لە برادەرانی یاسایی لەوان بپرسی، لەدوای دەرچوونی ئەو یاسایە تۆ پشتیوانی هەر جۆرە نەخۆشیەكی ترت كرد نایاسایە، حكومەت ئەتوانێ بڵێ یاسا نیە، ڕەنگە وات پێ بڵێ، بۆیە تۆ لەبەردەم ئەو كۆسپانە دای، بۆیە من بەتەواوی لەگەڵ ئەو یاسایە دام تەواوی نەخۆشیەكانی تر ئەولەویەت چۆنە ئەوە خەڵكی پسپۆر ئەیزانێ، ئێستا ماڵی وا هەیە لەم وڵاتە ڕەنگە كێشەی ئەوەیان هەبێ نەتوانن ڕێ بكەن، دینارێكیش لەماڵەكەیان نیە، ئێ ئەمەش زۆر خەتەرە، ئەبێ ئاوڕی لێ بدەیتەوە ئەگەر پارە هەیە وەكو دەوترێت، من زۆر لەگەڵ ئەو ڕەئیەی ئاشتی خانم، گرفتەكە بەوە چارەسەر ناكرێت كە تۆ نەوعی نەخۆشیەكە دیاری بكەیت، گرفتەكە بەوە چارەسەر دەكرێت، سەرچاوەكانی داهات بۆ سندوقەكە زیاد بكەین، یەعنی وا بكەین زۆرترین پارە بڕواتە ناو ئەم سندوقەوە، كە زۆرترین پارە ڕۆیی ئەوكاتە جەنابی وەزیر و لایەنی پەیوەندیدار دەست كراوە دەبن لەبەردەم چارەسەركردنی هەر جۆرە نەخۆشیەك، بۆیە من تەواو لەگەڵ ئەو ڕەئیەی ئاشتی خانم كە هەوڵی ئەوە بدرێت سەرچاوەكانی داهاتی سندوقەكە زیاتر بكرێت و بۆ هەموو ئەو جۆرە نەخۆشیانە بێت كە برادەران ئاماژەیان پێكرد، زۆر لەگەڵ ئەو ڕەئیەی كوێستان خانیشم كە باسی نەخۆشی نەزۆكی كرد، یەعنی كۆمەڵێك خەڵك هەیە هەر لەساڵی یەكەمی دروست كردنی خێزاندا ڕووبەڕووی كێشەی نەبوونی منداڵ دەبنەوە، لەبەر ئەوەی پارەیان نیە خێزانەكە هەڵدەوەشێتەوە، ڕەنگە ئەمە بەپارە چارەسەر بكرێت، تۆ بتوانیت لەڕێگەی دەفتەرێك دۆلاروە یان 50 تا 60 وەرەقەوە، كێشەی خێزانێك چارەسەر بكەیت بەڕاستی ئەمەش كارێكی گەورەیەو ئەركی حكومەتیشە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

وەڵڵا من پێم وایە ئێستا حكومەت زۆر یارمەتی نەخۆشی دەدات، نازانم، بەڵام ئەگەر جەنابی وەزیر دوایی كە نۆرەی هات و قسەی كرد ئیشارەت بەوە بدات كە حكومەت یارمەتی چ جۆرە نەخۆشیەك دەدات، شیلان خان، فەرموو.

**بەڕێز شیلان عبدالجبار عبدالغنی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕاستی ئەز دگەل ڕەئیا وێ مە كو ئەڤ سندوقە بۆ هاریكاریا ناساغیەت پەنجە شێرو ناساغیەت گران بت، بەس بەشەرتەكی ناساغیە گران ڤێرەیە بێنە دەست نیشان كرن، یەعنی تەحدید بكرێتن چی و چی ناساغی دەگریتن، دەنگی خۆژ ددەمە پاڵ دەنگێ سەمیرە خان وشلێر خان كو ئەڤ هاریكاریا تەنها بۆ خەڵكێت كەم دەرامەت بت، سوپاس.

**د. ارسلان بایز اسماعیل(سەرۆکی پەرلەمان):**

سوپاس، کاك عبدالسلام، فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵا 24 کەس پێش من قسەیان کرد من زۆر بەوردی گوێم لەقسەکان گرت وتم کەسێك ئەو پرسیارەی من ئەکات بۆ ئەوەی من نەیکەم بەداخەوە نەکرا، پرسیارەکەم ئەوەیە، ئەکرێت ئەم ئیشە بکرێت بێ ئەوەی ئەم سندوقە دابمەزرێت یان نا؟، ئەوەیە مەوزوعی من بۆیە لەو ڕووەوە ئەچمە ناو مەوزوعەکە، یەکەم: ئەم یاسایە 15 ماددەیە، 9ی باسی ئەنجومەنەکە ئەکات، 2 یان تەعریفاتە، 1 باسی سەرچاوەی دارایی دەکات، واتە پێشنیار دەکەم کە صیاغەیەك بدۆزنەوە یاسای ئەنجومەنی سندوق، یاساکە بەس باسی سندوق بکات، یاساکە زۆر باس ناکات، لەناوەڕۆکەوە، ئەو سندوقە چ ئیزافەیەك دەکات بێ ئەو سندوقە وەك من دەڵێم ئەکرێت ئەو ئیشانەی کە باس کراوە بکرێن یان نا؟، دووەم: لەماددەی 1 هاتووە دەڵێت ئەمە سەربەخۆیەو مەعنەویەو گرێدراوە بەوەزارەتی تەندروستیەوە، یەعنی چی، سەربەخۆیە یان سەربەخۆ نیە؟، کە دێینە ژوورەوە دەبینین ئەنجومەن بڕیار دەدات و وەزیر بۆی هەیە دژی ڕابوەستێت، ئەوان ئەگەر ئیلحاحیان کرد هەندێ لە ئەنجومەنیش فەرمانبەری وەزارەت بێت، پێم ناڵێن ئەو ئالیەتە چۆن ئەکرێت، 5 تا 6 فەرمانبەری بەپێی ئیقتراحی لیژنەی یاسایی ماڵیان ئاوا بێت من دەمەوێت ئەوە بڵێم کە ئەم یاسایە پێویست نیە، لەجێگایەك دەڵێت لە گرنگی و ئەرکی ئەم سندوقە، ئەوانەی لە وەزارەتی تەندروستی چارەسەریان بۆ ناکرێت، من دەڵێم من ئیمانم نیە کە ئەم سندوقە پێویست بێت، لەماددەی یەکەم کە عینوانە من دەڵێم پێشنیار دەکەم کە ئەمە ڕابگیرێت، دووەمین جارە من ئەوە باس دەکەم، هیوادارم ئەو 9 کەسەی پاش من وا بیر بکەنەوە، ئەم ئیتیجاهە هیچ ئیزافەیەك ناکات، ئەمە هەمووی ئەرکی وەزارەتی تەندروستیە، زۆر پێشنیارێکی باش بوو، پشتگیری لە بەڕێزت دەکەم جەنابی وەزیر، وەك هەندێ خوشك وبراش باسیان کرد حکومەت تەقسیری نەکردووە، ئەگەر ئەو ئەرکەی کە ئێمە دەمانەوێت بەو دڵسۆزیە باسمان کرد، وەرن ئەوە پەرلەمانە، ئەوە لیژنەی تەندروستیە با فشار بخەینە سەر وەزارەت، ئەوەی کە دەمانەوێت یان چاوەڕوانین، ئارەزوومانە سندوقەکە جێبەجێ بکرێت، ئەرکی وەزارەتە بیکات، لەعێراق بیمەی تەندروستی پێ ناوێت، چونکە بەلاشە بەپێی دەستوور کە ئەرکی حکومەتە دابینی بکات، وەرن پەرلەمانتاران خوشك و برایان با زەخت بکەین کە دابین بکرێت، ئەو ئیزدیحامەی کە لە نەخۆشخانە هەیە، مەعقولە بەدانانی سندوقێك ئەو ئیزدیحامە نەمێنێت، ئەو فیکرەی کەباسکرا سەنتەرەکان هەن ئەوە فیکرەی باشە، با داوا بکەین حکومەت بابێکی سەرف یان لە مودیریەتێك یان هەر شتێك لەناو وەزارەت تەخصیصی بکات بزات، کە ئێستاش هەیە، هی قوربانیانی کیمیا باران من خۆم گوێم لەڕاپۆرتەکان بوو، کەڕێژەی چەندیان چارەسەرکراون، بەکورتی من دەڵێم ئەگەر مەجال هەبوو موناقەشە بکەین کە بمێنێت یان نەمێنێت، زیاتر بەڵگەو خاڵم هەیە کە ئەم یاسایە ئەصڵەن پێویست نیە،

ئەصڵەن بۆ ئەو مەبەستەی ئێمە باسمان کرد، ئەم یاسایە هیچ باس ناکات کە ئیزافەی دەکات، تەنها دەڵێت ئەنجومەن دەبێت، بەس باس ناکات کە چۆن هاوکار دەبێت بۆ چارەسەرکرد یان زیاتر ئیزافەیە دەکات، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل(سەرۆکی پەرلەمان):**

سوپاس، کاك قادر فەرموو.

**بەڕێز قادر احمد سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر ئێستا لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن ورد ببینەوە کە باسی نەخۆشیەکانی سەرەتان دەکەن، وە زۆر ئیشارەت بەوە دەدەن کە نەخۆشیەکان بەردەوام لە زیاد بووندان، یەعنی ڕێژەی چارەسەرکردنی نەخۆشیەکان نەبووەتە هۆکاری دابەزینی نەخۆشیەکان لەهەرێمی کوردستان بەپێچەوانەوە لەبەر کەمی چارەسەرکردن ڕێژەکە لەبەرزبوونەوەدایە، بۆیە من پێشنیار دەکەم، سندوقەکە سندوقێکی چارەسەرکردنی نەخۆشی شێر پەنجە بێت، داواش دەکەم نەخۆشیە قورسەکان چین دیاری بکرێت، چونکە ئەمە جۆرێك لە شمولیەتی تێدایە، ئەم نەخۆشیە قورسانە چین؟، لە یاساکەدا دیاری بکرێت بۆ ئەوەی بزانین و بەرچاومان ڕوون بێت، بەڵام جگە لەنەخۆشی شێر پەنجەو نەخۆشیە قورسەکانی تر، کۆمەڵێك نەخۆشی تر هەن لەکوردستاندا، نەخۆشی دەروونی، من ناچمە ئەو بڕوایەی کەڕۆژانە خۆ کوشتن هەیە لەکوردستان، هەم لەناو ژنان، هەم لەناو گەنج، گەنجێك کە لەخوێندنگادا دەرەجەی کەم دێنێت، لە حاڵەتێکدایە کە بڕیاری خۆ کوشتنی خۆی دەدات، ئەم حاڵەتە دەروونیە چیە دروست بووە، ئایا نەخۆشیە، یان حاڵەتێکی فوجائیە قەرار دەدرێت، بۆیە من پێم وایە دەبێت بەپێی پرۆژە یاسایەکی تر، سندوقێکی تر بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشیەکان دابندرێت، واش توتراوە (هاووڵاتی لەش ساغ کۆمەڵگایەکی لەش ساغ دروست دەکات)، بۆیە ئەم حکومەتەی ئێمە بەرپرسیارێتیەکی نیشتمانی ونەتەوەیی لەسەرە کە بەتەنگ چارەسەری نەخۆشەوە بێت لەهەرێمی کوردستان، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، شەونم خان، فەرموو.

**بەڕێز شەونم محمد غریب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەر کوشندەیی نەخۆشی سەرەتا و بڵاوبوونەوەی لە ئێستادا بەشێوەیەکی زۆر فراوان، پشتگیری لە بڕگەی دووەم دەکەم، کەوا سندوقەکە تایبەت بێت بە نەخۆشیەکانی سەرەتان، جگە لەنەخۆشیەکانی تر، بۆ نەخۆشیەکانی تر چارەسەری تر بدۆزرێتەوە یاخود سندوقێکی تریان بۆ دروست بکرێت، هاوڕێکانم قسەو باسیان لەسەر ئەو بابەتە کرد من نامەوێت دووبارەی بکەمەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل(سەرۆکی پەرلەمان):**

سوپاس، كاك گۆران، فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵڵا من سەرەتا پشتگیری ڕەئیەكەی كاك عبدالسلام دەكەم، من لەبەدواداچوون وپرسیارێكیش لە وەزارەتی تەندروستی پێم وایە خۆیان ئەم سندوقانەیان كار كردووە، یەعنی گرفتێك نەبووە، هەبووەو دەعمی ئەم نەخۆشیەش كراوە، بەڵام ئەگەر یاساكە مایەوە من پشتگیری ڕای دووەم دەكەم و هۆكارەكانیش هاوڕێكانم باسیان كرد، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل(سەرۆكی پەرلەمان):**

سوپاس، نیشتمان خان، فەرموو.

**بەڕێز نیشتمان مرشد صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پشتگیری لەڕای دووەم دەكەم، لەبەر ئەوەی سەرەتان زۆر بڵاوە و خەڵكێكی زۆر ئێستا تووشی سەرەتان بوون، پێم باشە، ئەو سندوقە تایبەت بێت بەسەرەتان، بەس شتێكی تریشم هەیە كە ئەركی حكومەتە، وا بكرێت كە یاسایەكی تر دابندرێت بۆ ئەوەی نەخۆشیەكانی تریش بگرێتەوە، چونكە نەخۆشیەكانی تریش یەكجار زۆرن، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل(سەرۆكی پەرلەمان):**

سوپاس، كاك عبدالرحمن، فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن حسین ابابكر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕاستی منیش هەروەك بینیومەو خوێندوومە، پشتگیری لەقسەكانی كاك عبدالسلام دەكەم، بەحەقیقەت بەم سندوقە چارەسەری ئەم نەخۆشیە ناكرێت، جەنابی وەزیر دەتوانێت بەڕێنمایی ئەم كارە بكات و جێبەجێی بكات، چارەسەری بكات، بەهەمان شێوەش ئەو نەخۆشیانەی تریش هاوكاری بكات، ڕاستە ئەمانە نەخۆشی كوشندەن وناخۆشن دەبێت دەعم بكرێن وچارەسەر بكرێن لەلای جەنابی وەزیرەوە، بەڵام بەم سندوقە چارەسەر ناكرێت، من پێم وایە یاسایەكی تایبەت بەسەرەتان دابنێین وبیهێنینە ناو پەرلەمان و قسەی لەسەر بكەین، چونكە نەخۆشخانەكانیشی جیان لەنەخۆشخانەی تر، نەخۆشیەكەشی جیایەو دكتۆرەكانیش جیان، بەڵام بەم سندوقە پێم وایە چارەسەر ناكرێت، بۆیە منیش دەڵێم با ئەم سندوقە ڕابگیرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل(سەرۆكی پەرلەمان):**

سوپاس، دكتۆر ڕێباز، فەرموو.

**بەڕێز د. ڕێباز فتاح محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەناو یاساکە، لەڕاستیدا ئامانجی یاساکە ئەوەیە کە لەڕووی ئابووریەوە لایەنی تەندروستی لەزۆر حاڵەتدا، سیستمە باشەکەی ئەوەیە کە لەڕووە ئابووریەکەیەوە ڕێگە لەوە بگریت کە هاووڵاتی تووش بوو بەنەخۆشی، تووشی کارەساتی ئابووری ببن، لەبەر ئەوەی کە هەندێ نەخۆشی کۆستێکی زۆری هەیە، ئەوەش وا دەکات کاتێك کە ئەم هاووڵاتیە تووشی نەخۆشیەك دەبێت، ئەو پارە زۆرەی کە سەرفی دەکات لەڕووی ئابووریەوە کێشە بۆ ئەم هاووڵاتیە دروست دەکات، وە ناتوانێت بەرگەی ئەم بارە ئابووریە قورسە بگرێت، هەدەفی یاساکەش ئەوەیە کە کاتێك ئەم کەسە تووشی نەخۆشی شێرپەنجە دەبێت یان تووشی نەخۆشیەکی تر دەبێت، ئێمە دەبێت ڕێگا بگرین لەم دارمانە ئابوورییە، ئەگەر لەم لایەنەوە سەیری بکەین، ئەو کاتە ئەو رایە ڕاستە کە سندوقەکە دەبێت نەخۆشی شێرپەنجە بگرێتەوە، ئەو نەخۆشیانەی تریش کە تێچوونێکی ئابووری زۆریان هەیە، ئەم سندوقە ڕێگا بگرێت لەوەی کە ئەم هاووڵاتیانە تووشی ئەم گرفتە ببن، ڕاستە لەوانەیە بیمە بتوانێت ئەم حاڵەتە چارەسەر بکات، لەو وڵاتانەی کە وڵاتی ئیشتراکی نین وچارەسەری تەندروستی بە پارەیە، بەڵام لەو حاڵەتەش تەنانەت لەزۆر وڵاتیش بیمەی تەندروستیش وجودی هەیەو لەپاڵ ئەوەشدا، بەشێکی تر هەیە کە ئەو بەشە ئەرکی ئەوەیە ئەو نەخۆشیانەی کە پارەیەکی تێچوونی زۆری هەیە، هاووڵاتی کە بەشداریشە لە بیمەدا، لەوانەیە بیمەکە ڕێژەیەکی دیاری کراوی بۆ بدات، بەڵام ئەو ڕێژەی تر کە دەمێنێتەوە لەسەر خۆی هەر زۆرە، بۆیە حکومەت ئەو ئەرکە لە ئەستۆی خۆی دەگرێت، ئەگەر لەم لایەنە ئابوورییەوە لەڕووی دارمانە ئابوورییەکەوە سەیری بکەین پێویستە سندوقەکە هەم نەخۆشی شێرپەنجە هەم ئەو نەخۆشیانەش بگرێتەوە کە تێچوونێکی ئابووری زۆریان هەیە، بەڵام ئەوەی کە ئایا ئێمە وەکو پەرلەمان ئەتوانین ئەو نەخۆشیانە دیاری بکەین یان نا؟، ئەوەی کەباسکرا تەعریفی (امراض مستعصية) بکرێت، پێم وایە ئەوە ئیشێکی ئاسان نیە، چونکە زیاتر ئەوە وەزارەتی پەیوەندیدار یاخود کەسی پەیوەندیدار دەزانێت کەچ نەخۆشیەکە کە تێچوونێکی زۆری هەیە، ئەمە ئەگەر ئێمە دەمانەوێت ئەو سیستمە بەڕێوەبردنەی کە ئێستا هەمانە بیگۆڕین و شێوازێکی نوێ پەیڕەو بکەین، بەڵام ئەگەر ئەو سیستمەی کەهەمانە هەر بەو شێوەی ئێستا بمێنێتەوە، ئێمە بمانەوێت نەخۆشی هاووڵاتیان لەسەر بنەمای خێر چارەسەر بکەین، ئەگەر من هاووڵاتیەك بم دەستم بگات بە مودیری دائیرەکە، یان میزاجی مودیری دائیرەکەم لەگەڵ ئەوە بێت کەپارە بۆمن سەرف بکات کە نەخۆشیەکەم چارەسەر بکرێت، ئەوە کێشەی من چارەسەر دەبێت، بەڵام ئەگەر من دەستم بەو نەگات، ئەوە مەجبورم بچمە سەر تەلەفزیۆن کەداوا بکەم خێرم پێ بکەن، لەبەر ئەوە ئەگەر ئێمە بمانەوێت ئەم سیستمە بگۆڕین ئەوە دەبێت لەگەڵ ئەوە بین کە سندوقەکە هەم شێرپەنجەو هەم نەخۆشیەکانی تریش بگرێتەوە، بەڵام ئەگەر لەگەڵ مانەوەی ئەو سیستمە بین هەر بەم شێوەی ئێستا لەسەر بنەمای مەنافعی کۆمەڵایەتی کێشە کۆمەڵایەتیەکان چارەسەر بکەین، ئەو کاتە قسەی لیژنەی یاسایی ڕاست دەبێت و هی جەنابی وەزیریش ڕاست دەبێت، کە لەوانەیە زیادکردنی ئەو

نەخۆشیانەی تر بۆ سندوقەکە ببێتە ئەرکێکی قورس بۆ سندوقەکە، لەبەر ئەوە قسەکەی من ئەوەیە کە دەبێت ئێمە خۆمان یەکلایی بکەینەوە، کەئایا ئەو سیستمە بەڕێوەبردنەی کە هەمانەو دەمانەوێت هەنگاو بنێین بۆگۆڕینی؟، تا سیستمێکی نوێ پەیڕەو بکەین، ئەویش بەو مەرجەی کە ساڵی ڕابردوو بۆ هەر وەزارەتێك، یان بۆ ئەنجومەنی وەزیران مەنافعی کۆمەڵایەتیمان ئەوەندە داناوە، حسابی ئەوەمان کردووە کە بەشێك لە چارەسەری نەخۆشی کارمەندەکانی خۆی یان هاووڵاتیان لەسەر ئەم مەنافعە کۆمەڵایەتیەبێت، ئێستا ئێمە دەبێت ئەوە لابەرین و بیخەینە سەر ئەم سندوقە، ئەوکاتە ئەتوانین ئەرکی چارەسەرکردنی شێرپەنجە و نەخۆشیەکانی تریش بخەینە سەر ئەم سندوقە، بەڵام ئەگەر ئەمە نەکەین و هەر وەك خۆی بمێنێتەوە ئەوە ئەوکاتە ئەو قسەیە ڕاستە کە با ئێمە ئەرکی سندوقەکە قورس نەکەین، هەرچەندە لیژنەی تەندروستی خۆیان لەسەر مەنەصەن و دەتوانن جوابی ئەوە بدەنەوە، کە ئایا ئەو یاسایە پێویستە یان پێویست نیە؟، پرسیارێکی تر کرا کە یەکێك لە کێشەکانی ئەو سەنتەرانەی کە نەخۆشی شێرپەنجە چارەسەر دەکەن ئەوەیە، کە ئەو ڕێکخراوانەی کە لەبواری چارەسەری شێرپەنجە کار دەکەن، یاخود لەبوارەکانی تر مەسەلەن تالاسیمیایە، یاخود هەر شتێکی ترە، ئەگەر بیانەوێت هاوکاری نەخۆشەکانی کوردستان بکەن، هەر لە ئێستاوە وەزارەتی دارایی ڕێگا نادات ئەم خێرە وەر بگیرێت، یەکێك لە بەڕێوەبەری سەنتەرەکان قسەی لەگەڵ من کرد، وتی من بازرگان یان دەوڵەمەندی وا دەناسم دەڵێت من ئامادەم کە 1 ملیۆن دۆلار دیاری پێشکەش بکەم بۆ ئەو نەخۆشانەی کە نەخۆشی شێرپەنجەیان هەیە، بەڵام هیچ ڕێنماییەکی دارایی ڕێگا بەمن نادات کە ئەم دیارییە وەربگرم، بۆیە لەم حاڵەتەدا سندوقەکە گرنگە، لەحاڵەتێکی تریش سندوقەکە گرنگە کە، ئەگەر باوەڕمان بە بەڕێوەبردنێکی لامەرکەزی هەبێت، چونکە وەزارەت لە ئێستادا لەهەموو لایەنەکانەوە لۆدێکی زۆری لەسەرە، ئەگەر ئەنجومەنێکی تایبەت بە شێرپەنجە هەبێت ئەتوانێت بۆ خۆی توێژینەوە لەو بارەیەوە بکات، وە ئەتوانێت کێشەکانی خۆی کە جیاوازە لەکێشەکانی وەزارەتی تەندروستی چارەسەری بۆ بدۆزێتەوە، لە ئامانجەکانیشدا ئەوە دیاری کراوە، کە ئەم سندوقە ئامانجەکانی چییە بۆیە ئەو ئامانجانە زەرورە کاکە ئەو سندوقە دروست بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل / سەرۆکی پەرلەمان:**

لەم خولەی پەرلەمان چوار دکتۆرمان هەبوو، ئێستا سێیانمان ماوە، دکتۆر حەسەن و دکتۆر ڕێباز و دکتۆرە جیهان، دکتۆرە پەریهان ئیستیقالەی کرد ڕۆیشت، پێم وایە تارا عبدالرزاق، بێریڤان خانیش پێم وایە خەریجی کولییەی تەمریزە، ئەوانە داوایان کردووە کە ئەم سندوقە هەبێ، یەعنی ئەو چوار، پێنج دکتۆرەی کە هەمانە ئیختیساسی خۆیانە، ئیشی خۆیانە، ئەوانە داوایان کردووە بەڕاستی لەگەڵ ژمارەیەکی تریش لەپەرلەمانتاران، فەرموو کاك عمر هەورامی.

**بەڕێز عمر صدیق محمد (هەورامی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەروەكو لەسايدی وەزارەتی صەحەی هەرێمی كوردستان هاتووە یەكێك لە ئەركەكان و واجبەكانی ئەو وەزارەتە پێشكەشكردن و دابینكردنی خزمەتگوزارییە بۆ نەخۆش، پاراستنی هاووڵاتیانی كوردستانە لەوەی كە توشی ئەو نەخۆشیانە ببنەوە، بەڵام لەدوای پڕۆسەی ئازادكردنی عێراق، لەدوای ئەو جەنگە چەندین تەقەمەنی هەبووە، هەروەها كرانەوەی بازاڕەكان و سنوورەكانی هەرێمی كوردستان بەدونیای دەرەوە، ئەبینین نەخۆشی شێرپەنجە و هەندێك نەخۆشی تریش بەداخەوە لەهەرێمی كوردستاندا زۆر بوونە، بۆیە من پشتگیری لەوە دەكەم كە سندوقێك هەبێ بۆ هاوكاری كردنی ئەو كەسانەی كە تووشی نەخۆشی شێرپەنجە دەبن، پێشنیاریش دەكەم، پشتگیری ئەو ڕایە دەكەم كە تەنها بۆ هاوكاری كردنی ئەو كەسانە نەبێ كە تووشی ئەم نەخۆشییە دەبن، لەبەرچی؟ لەبەر ئەوەی هەم بارگرانییەكی مالی دەخاتە سەر خێزانەكە هەمیش لەئێستادا لەهەرێمی كوردستاندا كەمترین بنكەی تەندروستیمان هەیە بۆ چارەسەركردنی ئەم جۆرە نەخۆشیانە، بۆیە لەئێستادا ئەگەر ئەم سندوقە تەنها بۆ پاڵپشتی كردن و هاوكاری كردنی ئەو كەسانەبێ كەتووشی ئەو نەخۆشییە دەبن، بۆیە دەكرێ هاوكارییەكی باش بێ بۆ كەمكردنەوەی ئەو قورساییەی كە ئەو كەسەی كەتووش دەبێ یا خێزانەكەی پێوە گیرۆدە دەبن ئەمەلایەنێكی، لایەنێكی تریشی ئەم سندوقە هاوكاردەبێ بۆ ئەوەی كە خەڵكی خێرۆمەند، هەروەها ڕێكخراوە ناحكومییەكانیش كاری هاوبەشی بكەن لەداهاتوودا بۆیە من پشتگیری ئەوە دەكەم كەتەنها بۆ پشتیوانی كردنی ئەو كەسانەبێ كە تووشی نەخۆشی شێرپەنجە دەبن، ئەمە تایبەت بە ناوەكەی، ئەوەی پەیوەندارە بەماددەی یەكەمەوە، لەبەر ئەوەی باسی ماددەی یەكەمیش كرا، من لەبەر ئەوەی وردەكاری یاساكەم خوێندۆتەوە وائەزانم هەندێك وشە هەیە پێویست دەكات پێناسە بكرێ وەكو ئیقلیمی كوردستان، وەزارەتی سەحە، هەروەها سندوقەكە، وەكو چۆن لەیاساكانی تردا ئەمەمان كردووە، چونكە ئەو شتانە دووبارە دەبنەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل / سەرۆكی پەرلەمان:**

بەفرین خان فەرموو.

**بەڕێز بەفرین حسین محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سوپاس بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان قسەكانم كرا.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل / سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز جێگری سەرۆكی پەرلەمان هەندێك تێبینی هەیە، با بفەرمووێ.

**بەڕێز حسن محمد سورە / جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە بەس بۆ بەرچاو روونی بۆ ئەوەی كە موناقەشەی ئەو یاسایە ئاراستەی ڕاست و دروستی خۆی وەربگرێ یەك، دوو تێبینی دەخەمە بەردەمی ئەندامانی پەرلەمان، یەكەكییان ئێمە بەهیچ جۆرێك قسە

لەسەر ئەوە ناکەین، قسە لەسەر جانبی عیلمی و فەنی ئەمرازی موستەعسی بکەین، ئەمە ئیشی ئێمە نییە، ئیشی پسپۆری موختەسە، لەماددەی شەشی بڕگە (4) هاتووە کە ئەو سندوقە ئیستیعانە بەوان دەکا بۆ ئەوەی کە لەهەموو بوارێکی لەم بوارەوە یارمەتی سندوقەکە بداتن کەباس لەوە دەکا (وضع المعايير والاشتراطات اللازمة لتحديد وترشيح واختيار المستفيدين من خدماته وذلك عن طريق ادارات واجهزة ولجان فنية مختصة) کەواتە لێرە پێویست ناکا ئێمە وەکو ئەندامانی پەرلەمان بڵێین کامە نەخۆشی موستەعسییە، کامە موستەعسی نییە؟ لەوێ ئەو بۆمان دیاری دەکا کە چییە، نەخۆشی موستەعسی لەڕوی عیلمییەوە دوور نییە نەخۆشییەکی موزمین بێ، نەخۆشی زەحمەت بێ، ببێتە نەخۆشییەکی موستەعسی، دوور نییە نەخۆشی دڵ بێ، خۆمان تووشی غەڵەتاتی عیلمی نەکەین، نەخۆشی دڵ نەخۆشی ئەمرازی موستەعسی نییە، نەخۆشی ئەمرازی موزمینەیە، نەخۆسی دەماغ نەخۆشی ئەمراز موزمینەیە، بەڵام هەندێ حاڵاتی ئەم نەخۆشیانە دەبێتە نەخۆشی ئەمرازی موستەعسی، سەرەتان بەخۆی لەهەندێ وڵات بۆتە ئەمرازی موزمینە، بەڵام چەند جۆرێکی سەرەتان هەیە هێشتا لەوڵاتان ئەمرازی موستەعسییە، هەروەها سەرەتان دەکرێ لەوڵاتێك بۆ وڵاتێکی تر بەپێی ئیمکانییەتی ئەم وڵاتە نەخۆشییەکان بڵێین ئەمرازی موستەعسییەیان نییە، تۆ باسی ئەوە دەکەی ئەم نەخۆشانەی کە لە هەرێمەکەی تۆ چارەسەر ناکرێ، یاخود بەپێی ئەو حاڵەتانە یاخود ئەو شتانەی کە لەهەرێمی کوردستاندا هەیە لەڕووی ئیداراتی سەحیەوە پێت چارەسەر ناکرێ، کەواتە ئەمانەن ئەمرازی موستەعسی، خۆمان تێکەڵی وشەی ئەمرازی موزمین و ئەمرازی موستەعسی نەکەین، هەدەفێکی ترمان لە یاساکە ئەوە نییە کە ئێمە مەسئولیەتی چارەسەرکردنی ئەم نەخۆشییە لەوەزارەتی تەندروستی بستینینەوە، نەخێر هەر ئی ئەوانە، هەدەفی ئەساسی لەمەوزوعی سندوقەکە هەروەکو خۆی هاتووە، پارەدار کردنە بۆ چارەسەری ئەو نەخۆشیانە، ئەو نەخۆشیانەی چ سەرەتان، چ ئەمرازی موستەعسی، ڕاستیشە وەزارەتی تەندروستی درێغی نەکردووە لەو بوارە، پارەیەکیش لەپەرلەمان لەڕێگای یاسای بودجە کە نزیکی (7) ملیار دینارە تەخسیسکراوە بۆ مەنافیعی کۆمەڵایەتی، دابەش دەکرێ بۆ چەند نەخۆشییەك، وەزارەتی تەندروستی ئەو کارەی کردووە، بەڵام ئێمەش وەکو لیژنەی تەندروستی لەکاتی خۆیدا، وەکو وەزارەتی تەندروستی خۆشیان گلەییان لەوە بوو کە تەنزیم نەکراوە، یەعنی ئەمان دەکەونە ژێر ئیجتیهادات لەمەوزوعی پارەکان چۆن تەوزیعی بکەن بەسەر ئەم نەخۆشانە؟ یاخود هەنێك جار پارەکە وەختێك بۆ نەخۆشەکە سەرف دەکرێت کە مردووە، یەعنی ئەو کاتەی کە پێویستییەتی بۆ نەخۆشێك بۆی سەرف نەکراوە، بۆیە ئێمە لێرە بەپێویستمان زانی بۆ تەنزیم کردنی هەمان ئەو مەبالیغەی کەوا تەدویر دەدرێ بە وەزارەتی تەندروستی ئەمە تەنزیم بکرێ، جگە لەوەش ئەم سندوقە دەستی کراوەبێ، هەندێك مونەزەماتی دەولی هەیە، هەندەك خەڵك هەیە خێرخوازە دەیەوێ دەعم بکا نایەتن دەعمی وەزارەتی سەحەی بکاتن، بەڵام ئەگەر سندوقێك هەبێ بەتەئکید دێ پارەکەی دەخاتە ئەم سندوقە و دەعمی ئەو سندوقە دەکا، ئەو سندوقەش سەرفی دەکا بۆ جەوانیبەکانی تر، بەهیچ جۆرێك لەم قانونە ناوی نەخۆشەکانی ئەمرازی موزمینە نەهاتووە، ئاگاداری

ئەوەبن، نەخۆشی ئەمرازی موزمینە چارەسەری هەیە، بەڵام چارەسەرێکی درێژخایەن، یەعنی تا زۆرجار ئەو کەسە بەدرێژی حەیاتی خۆی پێویستی بەو دەرمانە هەیە و بەکاری دێنێ، بەڵام ناچێتە بابی ئەمرازی موزمینە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل / سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عبدالسلام تۆ پێشنیارێکت کرد دوو، سێ پەرلەمانتاریش تەئیدیان کردی، پێشنیارەکەت بە تەحدید دەتەوێ ڕەفزی ئەم یاسایە بکەی؟ فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ پێشنیارەکەم روونە، ئەوەیە ئەم یاسایە هیچ ئیزافەتێك ناکات، هیچ سوودێك ناگەیەنێتە ئەوانەی تووشی نەخۆشی سەرەتان بوونە، ئەگەر ئێمە ئەوە ڕەد فەعل بێتن لەبەر ئەوەی لە پراکتیکدا نەقس هەیە، ئێمە دەزانین وەکو پەرلەمان وەزارەتی تەندروستی یاسای خۆی هەیە، ئەتوانین لەوێ ئەو ئەنجومەنە هەروەکو دروست بکەین یەکەیەکی ئیدارییە، چیە؟ سەرچاوەکانی دارایی هەمووی دەتوانرێ دابین بکرێ، دەڵێم ئەمانە ئەکرێن بێ دەرچوونی ئەو یاسایەش ئەوەی پێویست بوو ئەوەی باسکرا بکرێتە فەرزێك یان واجبێك بۆ لیژنەی تەندروستی کەوەزارەتی تەندروستی پێی هەڵبستی، بۆیە پێویست نییە ئەم یاسایە هەبێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل / سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عبدالسلام پێشنیاری ئەوە دەکا ئەم پڕۆژە یاسایە ڕەفز بکرێ، دوو کەس یان سێ کەس تەئییدیان کرد، بۆیە ئێمە ئەوە دەخەینە دەنگدانەوە، کێ دەیەوێ ئەم پڕۆژە یاسایە ڕەفز بکرێ؟ تکایە دەست بەرز بکاتەوە، (6) کەس لەگەڵدایە ڕەفز بکرێتەوە، کێ لەگەڵدایە بەردەوام بین لەسەر موناقەشەکردنی؟ ئەوە زۆرینەیە، بەزۆرینەی دەنگ بەردەوام دەبین لەسەر موناقەشەکردنی، ناونیشانەکەی و ماددەی یەکەم پەرلەمانتارە بەڕێزەکان قسەیانکرد، فەرموو لیژنەی تەندروستی، ئەگەر روونکردنەوەیەکتان هەبێتن، تێبینیەکتان هەبێ، فەرموو.

**بەڕێز جیهان اسماعیل بنیامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمن هەر سەرەتا پێم باشە هەموو ئەندامە بەڕێزەکان ئاگاداری ئەوە بن کە ئەم سندوقە بەدیلی وەزیری تەندروستی نییە، یەعنی ئەمە وەزارەتی تەندروستی نییە، وەزارەت ئیشی خۆی دەکا، رووبەرووی هەر نەخۆشییەك بێ، بەڵام ئەم سندوقە زیاتر دەعمی ئەوە دەکات کە نەخۆشی شێرپەنجە کە نەخۆشییەکی زۆر خەتەرە، لەزیاد بوونە، ئێمە وەك هەرێمی کوردستان زۆر پێویستمان بە نەخۆشخانە و بنکەی تایبەت بەم نەخۆشییە هەیە، کە تائێستا ئێمە لەم مستەوای نین کە ئەم بنکانە و نەخۆشخانانەی هەمانە،

هەروەها خیبرات و وابزانم ئەجهیزە، دەرمان کەزۆر گرانە و زۆر قورسە لەسەر نەخۆش، لەبەر ئەوە جارێکی تر تەئکید دەکەم کە ئەم سندوقە بەدیلی وەزارەتی تەندروستی نییە، یەعنی وەزارەتی تەندروستی ئیشی خۆی دەکات بەرامبەر هەموو نەخۆشەکان، من تەئکید لەسەر قسەکانی دکتۆر حسن دەکەم کەئێمە پشتگیری ئەم پرۆژەمان کردووە لەسەرەتاوە کە تەقدیمیشمان کردووە بەهۆی ئەوەی لەماددەی دووەم هەدەفی ئەم سندووقە ئەوەیە کە ئەهمیەت بداتە نەخۆشی شێرپەنجە لەگەڵ ئەم ئەمراز موستعسییە، ئەمراز موستەعسییە ئەگەر ئێمە تەعریفی بکەین (الامراض المستعصية: هي الامراض التي لا تستجيب للعلاجات الدوائية، الطب التقلدي) ئەمە تەعریفەکەیە، بەڵام لەم پرۆژە ئێمە باسی ئەوە دەکەین ئەو ئەمراز موستەعسییە کە عیلاجیان لەناو موئەسەساتی هەرێم نییە، یەعنی پێویستیان بە عیلاجە لەوانە لە دەرەوەی وڵات هەیە، ئەمە ئەم سندووقە دەتوانێت هاوکاری ئەم نەخۆشانە بکات، ئەو نەخۆشانە دەست نیشان دەکرێن بەپێی ئەم لیژنانەی کە ئەو سندووقە دەست نیشانی دەکات، یەعنی لیژنەی موختەس هەیە، خوبەرا هەیە، ئەوان ئەو نەخۆشانە تەشخیس دەکەن، یەعنی دەڵێن ئەوانە پێویستی بە عیلاجی دەرەوەی وڵات هەیە یان نا؟ ئەگەر ئەمرازی موزمینە تەعریف بکەین (هي تلك الامراض التي تدوم طويلا ولا يتم الشفاء منها بشكل كامل وقد تختفي وتعود تلقائياً) یەعنی ئەمانە پێویستیان بە عیلاج هەیە، لەوانە درێژخایەن بێ لەگەڵ نەخۆش دەمێنێ تا مردن، بەڵام عیلاجی هەیە، یەعنی نەخۆش دەتوانێت ژیانی خۆی ئاسایی بەڕێوە ببات، نەخۆشی شێرپەنجە ئەو موشکیلەی هەیە کە لەوڵاتی ئێمە وابزانم تەشخیس کردنی نەخۆشی شێرپەنجە دائیمەن درەنگە، کە نەخۆش دێت گەیشتۆتە قۆناغی موتەقەدیم، یەعنی پێویستی بە تەشخیسی موبەکیر هەیە، وابزانم ئەو سندوقە ئەگەر دەعمی ئەوە بکاتن کە ئەجهیزە و کەوادیری موختەس هەبێت کە ئێمە زوو، زوو تەشخیسی نەخۆشی شێرپەنجە بکەین ئەوەش ختوەکی باشە لە ئەهدافی ئەم سندوقە، ئەوانی تر وابزانم هاوڕاز خانیش تەوزیحاتی تری هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل / سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو هاوڕاز خان.

**بەڕێز هاوراز شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەئکید لەسەر ئەوە دەکەینەوە بەڕاستی دکتۆرە جیهان باسی هەردوو بەشی کرد، هەستم کرد تێکەڵیەك لەقسەی ئەندامانی پەرلەمان هەیە، ئێمە بەس بۆ روونکردنەوە قسە دەکەین، ئەمرازی موزمینە لەگەڵ ئەمرازی موستەعسییە بەڕاستی فەرقێکی زۆریان هەیە ئەوانە، ئێمە تەئکیدمان لەسەر ئەوەیە لەو سندوقە بەڕاستی ئەو نەخۆشانەی کە لەدام و دەزگاکانی سەر بەوەزارەتی تەندروستی چارەسەریان نییە، یەعنی لەوانەیە هەر نەخۆشییەك لەهەرێمی کوردستان چارەسەری هەبێ، بەڵام لەنەخۆشخانەکانی حکومی چارەسەریان نییە، ئەو پارەیە، بەڕاستی ئەوسندوقە کە لەماددەی (6)یشدا لەخاڵی (4) باسی ئەوە

دەکا، خۆمان ئەوەی ناکەین بڵێین ئێمە لێرە ناوەکان دەنووسین، چونکە ئەگەر لێرە ناوەکان بنووسین خۆ دەتوانین ناوەکان بڵێین، بڵێین ئەمرازی موستەعسییە ئەو و ئەو و ئەوەیە، بەڵام لەوانەیە هەندێ ئەمرازی موستەعسی دیکەش هەبێ، هەندێ ئەمرازی دیکەش بچێتە بازنەی ئەمرازی موستەعسییە، هەندێکیشی نەچێتە بازنەی ئەمرازی موستەعسییە، خۆمان تووشی هەڵەیەك دەکەین بەڕاستی ئەگەر تەعریفی ئەمرازی موستەعسییە بکەین، لەبەر ئەوە لەماددەی (6)دا کە لەخاڵی (4) ئەگەر ئەندامانی پەرلەمان خوێندبییانەوە ئەمە شتێکی وازحە کە لیژنەیەکی پسپۆری هونەری هەیە بۆ تەشخیس کردنی ئەوە، سندوقەکش ئێمە پشتگیری لێدەکەین وەکو خۆی هەیە، سەپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل / سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر ئەگەر تێبینییەکت هەیە.

**بەڕێز د. رێکەوت حەمە رشید/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس بۆ ئەو هەموو کۆمێنت و موناقەشانە، من ئەمەوێ هەندێك روونکردنەوە بدەم بەڕاستی، سیستەمی تەندروستی لەهەموو دونیادا تەسلیمی دەکەی هی ئەوەیە تۆ ئێستا لە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا هی ئەوەیە هەڵبژاردنی پێ ببەیتەوە، سستمی تەندروستی سستمێکی گەورەیە، وە ناکرێ مەسەلەن لە سێ ساڵ و چوار ساڵ هەموو کیشە تەندروستیەکان حەل بکەیت، مەبەستم ئەوەیە ئەو صندوقە بڵێین دارێکی سحری نیە بڵێی هەموو نەخۆشیەکان و  هەموو نەخۆشی موستەعسی شێر پەنجە حەل دەکا، وەزارەتی تەندروستی لە رێی مەنافیعی ئیجتیماعی چەند نەخۆشیەکی چارەسەر کراو دەعم دەکا، هەندێ نەخۆشی هەیە چارەسەردەکرێ، مەسەلەن نەخۆشی خوێن، مێشك، دڵ، لەگەڵ نەخۆشی شێر پەنجە ئەمانە بەپێی یاسایەکی وەزارەتی تەندروستی دەعم دەکرێ لە سەد دۆلارەوە تاکو سێ هەزار دۆلار بەپێی قورسی و سووکی حاڵەتەکە، مەسەلەن دەڵێی شەلەل دەماغ، شەلەل دەماغ چارەسەری نیە، بەڵام بەپێی ئەو بودجەیەی کە حکومەت هەیەتی مەسەلەن مووچەیەکی مانگانەی کەم ئەندامانی بۆ بڕاوەتەوە ئەگەر دایکەکەی بۆ نموونە موەزەف بێ تەفەروغی پێ کراوە مووچەی دەدرێتێ، ئەوەو زۆر حاڵەتی تر ئەوەی بۆ کراوە، ئەوەی من دەمەوی لێرە بیڵێم هیچ نیزامێکی تەئمین لە دونیادا هیچ نیزامێکی ئینشورز لە دونیادا کەڤەری هەموو نەخۆشیەك ناکات، بۆ نموونە زۆربەی وڵاتانی دونیا کەڤەری نەزۆکی ناکات لەوانەیە تڕایەڵی یەکەمی بۆی بکا، تڕایەڵی دووەم دەڵی خۆت بڕۆ بیکە، ئێستا لە کوردستان دوو، سێ سەنتەری حکومی هاوبەش هەیە کە بەسعرێکی کەم دەیکات، یەعنی حەتتا وەزارەتی تەندروستی بەو بودجە کەمەی هەیەتی جا با من لێرەش گلەییەکی خۆم بکەم یەعنی ئێستا بە پێی قیاساتی عالەمی دەبێ هەموو نەفەرەك لە عالەم نۆ سەدو نەوەت دۆلاری بدرێتێ ساڵانە، ئەم نیسبەتە بەرز دەبێتەوە لە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بۆ حەوت هەزار دۆلار، نزیکەی دەکاتە هەشت هەزار دۆلار، لە بەریتانیاو ئەوانە کەم دەبێتە وە بۆ پێنج هەزار دۆلار، دێتە خوارەوە دەچێتە میسر و ئوردن و ئەوانە کەم دەبێتەوە، دێتە

کوردستان دەبێتە نزیکەی سەد دۆلار کەمتر، لە سەد دۆلار، ساڵی 2009 و 2010 ئێمە سەد دۆلارەکەشمان نەدراوەتێ، یەعنی ئەگەر ئەمساڵ کە لە پەرلەمان ئەو بودجە تەشغیلیە کەم بۆوە حکومەتیش بودجەی تەشغیلی کەم بۆوە ئەگەر پێرێ و دوێنێ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ئەو سەد ملیارەی نەدایناییەتێ ئێمە پارەمان پێ نەبوو حەبی پاراسیتۆلیش بکڕین، دائیرەمان هەیە ئێستا دائیرەی صحەی هەولێر (12) ملیار دینار تەجاوزە، دائیرەی صحەی سلیمانی (12) ملییار دینار تەجاوزە، لەو بودجەیەی کە بۆی دانراوە هێشتا ساڵ سێ مانگی ماوە، لەبەر ئەوە ناکرێ ئەو هەموو تەکالیفە، ئەو هەموو شتە لەو بودجەیە بکرێ، جا من داوام لەو پەرلەمانتارە بەڕێزانە هەیە کە گلەیی دەکەن لە سستمی تەندروستی و وەزعی نەخۆش بەڕاستی داکۆکیمان لێ بکەن کە بودجەکەمان بۆ زیاد کەن بۆ ئەو بودجەیەی کە هەیە ئێستا ئێمە ناتوانین وەزعەکە وەکو هەموو داواکاریەکان بەڕێوەبەرین، سەبارەت بە خشتەیەکی تر ئێستا وەزارەتی تەندروستی قانونێکی بۆ دانەنراوە کێ چارەسەر بکا، من لەدەرەوەی هەرێم هاتووە هەر دەبێ مەعامەلەی خەڵکی هەرێمی بۆ بکەم، کرێکار لە دەرەوەی هەرێم دێت هەر دەبێ مەعامەلەی خەڵکی هەرێمی بۆ بکەم، بە بەلاش عیلاجی بکەم، ڕاست دەکا ئێستا مەسەلەن یەکێ لە پەرلەمانتارە بەڕێزەکان وابزانم ئاشتی خان بوو وتی چوومەتە خەستەخانەی هیوا لە سەیدەلیەکە دەرمان نەماوە ڕاستە، دەزانی بۆ دەرمان نەماوە؟ چونکە خەستاخانەی هیوا بەس خەستەخانەی سلیمانی نیە، خەستەخانەی هەموو عێراقە 40٪ تا 45٪، نەخۆشەکانی لە دەرەوەی هەرێم دێ، ئێمە وەکو وەزارەتی تەندروستی دەرمانێك دەکڕین، کۆرس هەیە، کۆرسی هێرسێپتین بۆ ئەو ژنانە بەکاردێ کە سەرەتانی مەمکیان هەیە بە بیست هەزار دۆلارە، ئێمە فەرقی نەخۆشەکەی سلیمانی و نەخۆشەکەی خواروی عێراق ناکەین، لەبەر ئەوە دەرمانەکە بەش ناکات، ئێمە وەکو وەزارەتی تەندروستی ئەو یاسایەی کە بیمەی تەندروستی ئێوە ناردووتانە، ئێمە لە مانگی حەوتەوە ناردوومانەتەوە بۆ حکومەت و حکومەت ناردوویەتی، داواتان لێ دەکەین کە یاسای ئینشوراسمان زوو لەم خاڵە بۆ تەواو کەن بۆ ئەوەی خەڵك تەئمین بێ، خەڵك مانگانە(10) هەزار دینار بدا باشترە لەوەی کە نەخۆش کەوت (10) هەزار دۆلار بدات، ئەوە تەواوە، بەڵام لە هەموو دونیا خەڵك هەر پارە دەدا تۆ ئێستا بڕۆ سەیرکە زۆربەی وڵاتانی دونیا مەسەلەن بەریتانیا شانازی بە (N'H'S)ەوە دەکا، شانازی بە نیزامی صحەی خۆی دەکا فیعلەن نیزامیکی موهیمە، بەڵام وەرە سەیری فاتورەی مەعاشەکەی بکا لە 30٪ لێ دەبڕێت بۆ کارەبا، بۆ صحە، بۆ ئاو، بۆ ئەوانە، لە هەموو دونیا نیە صحە هەموو پارەیەك بدات، وە لە هەموو دونیاشە ئیشوڕەسەکی دونیا نیە مەسەلەن هەموو نەخۆشەکان کەڤەر بکا، مەسەلەن تەندروستی ددان لە زۆربەی وڵاتان بە پارەیە، مەسەلەن لە ئەڵمانیا دێتەوەلێرە ددانی عیلاج دەکا، هەندێ نەخۆشی باس کرا کە ئەڵێن ئەوانەش بگرێتەوە بەڵێ وایە بەڵام شەلەل دەماغ چارەسەری نیە، ناتوانم چارەسەری بکەم، بەڵام نەخۆشی سەرەتان هەیە ئەگەر بتوانی کۆستەکی باشی بدەیتێ، دەرمانێکی باشی بدەیتێ دەتوانی چارەسەری بکەی، بنەبڕی بکەی، هەندێ نەخۆشی هەیە هەنگاومان بۆ ناوە، مەسەلەن من مانگی پێشوو موافەقەتی ئەنجومەنی وەزیرانم وەرگرتووە کە (400) نەخۆشی تالاسیما بنێردرێ بۆ چاندنی

مـۆخ، نزیکـەی (24) ملیـۆن دۆلاری تێدەچـێ، موافەقـەتمان بـۆ وەرگرتـووە، هـەروەها کتابمـان داوەتـە سەرۆکایەتی حکومەت کە هەندێ نەخۆشی وەکو نەخۆشی دڵ، وەکو هەندێ نەخۆشـی چاو، وەکـو هەنـدێ نەخۆشی کارەبایی دڵ، کە ئەمانە چارەسەری ناکرێ، بـەڵام زۆر نەخۆشـی هەیـە لێـرە چارەسـەر کـراوە، تـۆ ئەگەر بێی لە 91 ەوە حیساب بکەی تەندروستی بەو بودجەیەوە هەنگاوی باشی نـاوە، هەنـدێ هـەنگاومان ناوە لەو شەش مانگەی دواییـە، مەسـەلەن هەنـدێ شـتمان کـردووە بـۆ خەڵکە فەقیرەکە لەوانـە مەسـەلەن مەوعیدی نەشـتەرگەری کـە مـن کابینـەی حوتـەممان وەرگرتـووە لـە هەنـدێ شـوێن دوو سـاڵ بـووە ئێسـتا مەوعیدی نەشتەرگەری نەماوە، لەبەر ئەوەی قاوشی ئیوارانمان کردۆتەوە، قاوشی ئیوارانەکە بە سوپاسەوە لـە 80٪ ی بودجەکـەی حکومـەت دەیـدا عـەملیات دەکـا لـە 20٪ هاووڵاتیـان دەیـدا، ئەگـەر هاووڵاتیـەك عەمـەلیاتێکی بـۆ بکـرێ بـە (400) هـەزار ( 320) هـەزار دینـاری حکومـەت دەیـدا، ئێسـتا تەقریبـەن لـە زۆربـەی شـوێنەکان مەوعیـددی عـەملیات و ڕاوەسـتان کـەم بۆتـەوە، کلینیکـی ڕاوێـژکاریمان لـە سـلیمانی هاوشێوەی هەولێر و دهۆك کردەوە کـە پزیشـکی پسـپۆڕ، حکومـەت مەعاشـی دەداتـێ موقابـل بـە سـعرێکی ڕەمزی، سەبارەت بەوەی کە ئەولەویەت بدرێ بە سەرەتان، مـن نـاتوانم بڵـێم موسـرم لـە سـەر ڕەئـی خـۆم، بەڵام ئەگەر ئەو صندوقە ئێستا د. ڕێباز شتێکی باشـی بـاس کـرد، خـەڵك هەیـە دەوڵەمەنـدە بـەس نـازانێ پارەکەی ببا بۆ کوێ، مەسەلەن ئەیبا بۆ خەستەخانەی نانەکەلی مودیرەکە دەیخاتە چەکمەجەکەیەوە، هەر نەخۆشێك دوو سەد دۆلاری دەداتێ، ئەمە نابێ، ئەبێ ئەم سیستمە ئەوەی ئێستا دانـراوە ڕێـك بخـرێ هـەر کەسی ئەیەوێ خێر بکا وە ئێمە یەکەم دەوڵەت نین ئەوە دروست بکـەین، بـڕۆین بابچـین لـە ئـوردن هەیـە دوێنـێ موئەسەسـەیەکی گـەورەی ئێرانـی هـاتبوون کـە لـە تەهرانـە کـە زۆربـەی منـداڵانی شـێر پەنجـەی تووشبوو لە ئێـران حـەتتا لـە کوردسـتان، لـە عێـراق، لـە ئەفغانسـتان ئـەوان عیلاجـی دەکـەن، یـەعنی ئـەم فیکرەیە فیکرەیەکی تازە نیە، سوپاس،

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان**

فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

فەرموو کویستان خان.

**بەڕێز کویستان محمد عبدالله:**

**بەڕێزسەرۆکی پەرلەمان.**

دیـارە قسـەکانی دکتـۆر لەسـەر ئـەوەی بودجـەی وەزارەتەکـەی کەمـە بەتـەواوەتی پشـتگیری لـە قسـەکانی دەکەین، بەڵام ئەبێ جەنابی ئەوە بزانێ کە ئێمەش ئەندامانی پەرلەمان هەر لە ڕاپۆرتی لیژنەی داراییەوە هەتتا بەشێکی زۆری ئەندامان قسەیان لەسەر ئـەوە کـردووە کـە بودجەکـەی کەمـەو پێویسـتە زیـاد بکـرێ، بەڵام دواجارە دەنگی نەهێناوە بڵێن چی، سوپاس،

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز فەرموو کاك گۆران.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێزسەرۆکی پەرلەمان.**

بە ڕەئی من دەبێ ئەو ماددەیە عنوانەکەی یەکلا بکرێتەوە، چونکە مەسیری قانونەکە لەسەر ئەوەیە ئایا دەعمەکە چۆن بێ، ئەگەر نەخۆشی سەرەتانی بێ، ئەگەر نا چۆن دەبێ بۆ نەخۆشیەکانی دیکە؟ بۆیە دەبێ ئەمە یەکلا بکەینەوە بۆ ئەوەی ئاڕاستەی موناقەشە کانمان بزانین، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕەئیەکە ئەوەیە کە هەر چۆنێك بێ وەزعەکە ناگۆڕێ، هیچ تەئسیر لە ناوەڕۆکی پڕۆژەکە ناکات فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو شتە عامەکە چییە؟

فەرموو ئاواز خان.

**بەڕێزئاواز عبدالواحد خضر:**

**بەڕێزسەرۆکی پەرلەمان**

بەنیسبەت ئەو قسەیەی کۆیستان خان ڕاستە هەموو لایەك داکۆکیمان لەوەی کرد میزانیەی وەزارەتی تەندروستی زیاد بکرێ، و لەگەڵ ئەوەی دەنگی هێنا، بۆیە ئەو قسەیە با بە هەڵە لەپڕۆتۆکۆڵ نەنووسرێ یان قسەکە ڕەشبکرێتەوە یان ڕاست بکرێتەوە کە دەنگی هێناوە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئیعتیادیە وەڵامی مەدەرەوە، یەعنی شتەکە ئیعتیادیەو ناوی کەسی نەهێناوە، خۆی وەکو شەخصی قسەی کردووە ناوی هیچ کەسی نەهێاوە لە مەسەلەکان تەبیعیە شتەکەش لە مەسلەحەتی عامە فەرموو بۆ ماددەی دووەم،

**بەڕێز هاوڕاز شیخ احمد:**

**بەڕێزسەرۆکی پەرلەمان**

ماددەی دووەم: ئامانجی صندوق وەدی هێنانی ئەمانەیە، صندوق بەهەماهەنگی لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار تایبەتمەندە بۆ دابین کردنی چارەسەر بۆ هاووڵاتیانی کوردستان، ئەوانەی حالەتی نەخۆشی شێر پەنجەو ئەوانەی نەخۆشی قورسیان هەیە، چارەسەر کردنیان لە دەزگاکانی تەندروستی سەر بە وەزارەتی تەندروستی دەست ناکەوێت و دەخوازێ پشتگیریەکی چڕ بکرێن بە دابین کردنی پێویستیەکانی چارەسەر لە دەرمان و ئامێری پزیشکی و بنکەی پسپۆڕ بۆ چارەسەرکردن لەناوەوە یان لە دەرەوەی کوردستان.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو جیهان خان.

**بەڕێز جیهان اسماعیل بنیامین:**

**بەڕێزسەرۆکی پەرلەمان**

المادة الثانية: يهدف الصندوق الى تحقيق الاتي: (يختص الصندوق بالتنسيق مع الجهات المعنية بتوفير أفضل طرق العلاج لمواطني كوردستان الذين يعانون من حالات مرض السرطان او الامراض المستعصية ولا يتوفر لها علاج لدى المؤسسات الصحية التابعة لوزارة الصحة وتستلزم دعماً مركزاً لها بتوفير مستلزمات العلاج من ادوية واجهزة طبية ومراكز متخصصة بالعلاج داخل الاقليم او خارجه)

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی،

**بەڕێز:د. ڕۆژان عبدالقادردزەیی:**

**بەڕێزسەرۆکی پەرلەمان**

ئێمە لە لیژنەی یاسایی دا پێشنیار دەکەین کەوا ماددەکە دابڕێژرێتەوە بەشێوەیەك ئامانجەکانی یاساکە لە خۆ بگرێ، بکرێتە دووخاڵ بەم شێوەیە خاڵی یەکەم: دابین کردنی چارەسەر و باشترین ڕێگا خۆ پاراستن لە نەخۆشیەکان بۆ هاوولاتیانی هەرێمی کوردستان و ئەوانەی تووشبووی نەخۆشی شێر پەنجەن و بەپێی ئەوەی کە دەنگ دەینی، ئایا تەنها لە بۆ نەخۆشی شێر پەنجەیە یان نەخۆشیەکانی تریش دەگرێتەوە؟ ئەوە دواتر دادەڕێژینەوە ماددەکەی، وەهەروەها هاوبەشیەتی لە پاراستنی تەندروستی گشتی و دروست کردنی کۆمەڵێکی تەندروست،

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی فەرموو

**بەڕێز:د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێزسەرۆکی پەرلەمان**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین کە لە پڕۆژە یاساکەدا هاتووە،

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیر

**بەڕێز د. ڕێکەوت حەمە رشید/ وەزیری تەندروستی**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

من یەك مولاحەزەم هەیە ئەوەی (اقليم او خارجه) بكرێ بە (داخل العراق او خارجه)

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە؟ (کاروان صالح، هاژە سلیمان، جلال علی، جمال طاهر، شلێر محمد نجیب، فاضل بەشارەتی، سالار محمود، بیریڤان اسماعیل، سیوەیل عثمان، کوێستان محمد، کاردۆ محمد، ئاشتی عزیز، زکیە سید صالح، حەمە سعید حەمە علی، سمیرە عبدالله، عمر هەورامی) فەرمووکاك کاروان.

**بەڕێز کاروان صالح احمد:**

**بەڕێزسەرۆکی پەرلەمان.**

له سەر ماددەی دووەم، بەڕاستی من پێم وایە ئامانج بەس ئەوە نیە عیلاج بۆ نەخۆشیەکانی شێر پەنجە، ئەگەر دیاری نەکرێ لە ئامانجەکانەکەدا هۆکارەکانی تەشەنەکردنی ئەو نەخۆشیانە لە چەند ساڵی ڕابوردوو وقەلاًچۆکردنی ئەو هۆکارانە، کە پێم وایە بەشێکە لە عیلاج، ئەوەش حەق وایە لەو ئامانجانە دەست نیشان بکرێ، بۆیە بۆ ئەو مەبەستە من حەز دەکەم کۆمەڵێك نموونە بهێنمەوە بۆ جەنابی وەزیر وەهەروەها بۆ بەڕێز پەرلەمانتارانیش ئەگەر سەیری ئاو و ئاوەڕۆ بکەین، سەیری ئاوی خواردنەوە بکەین، بەڕاستی ئاوی خواردنەوەمان پاك نیە، هۆکارێك، سەیری تەپو تۆزو ژینگە پیسی هەرێمەکەمان بکەین، وڵاتەکەمان بکەین، شارەکەمان بکەین، ژینگەیەکی پیسمان هەیە، کە هۆکاری سەرەتانە، سەیری ئەوە بکەین کە نەخۆشخانەکانمان، خودی نەخۆشخانەکانمان خۆیان لە هەموو شوێنێ پیسترن، کە من لەگەڵ بەشێك پەرلەمانتارە بەڕێزەکان سەردانی ئەو شوێنەمان کردووە کە دەرزی کیمیاوی لێدەدەن کە خراپترین، ناشیاوترین شوێنە، ئەوانە هەموو هۆکاری پەرت بوون و تەشەنەکردنی ئەو نەخۆشیەن، ئەگەر سەیری چارەسەرکردنی ئەو کارگانەی کە پاشەڕۆکی کیمیاوی هەیە، وە پاشەڕۆکی نەخوشخانە گشتی و تایبەتیەکان بەڕاستی هۆکارێکن بۆ تەشەنەکردنی ئەو نەخۆشیە، کۆمەڵێك شتی تر هەیە، مەسەلەن نموونەیەکی سادە بهێنینەوە بەکار هێنانەوەی پلاستیك لە درووست کردنی عەلاگەو کیسەی دەست دەیان ساڵە هەمان پلاستیکە دووبارە دەبێتەوە باوڕتان هەبێ هەموومان هەستی پێ دەکەین، کە کاتێك خواردن و گۆشت و میوەجاتی تێدەکەیت کە دەیهێنیتیە ماڵەوە، بۆنێکی یەکجار سەیرو سەمەرەی هەیە، کە پێم وایە لە دەرەوە ئیرشادات هەیە بۆ بەکارهێنانی ئەو جۆرە مەوادانە کە تا ئێستا پێم وا نیە ئەوانە چارەسەر کرابن وە ئەوانە هۆکارێکن لە هۆکارەکانی تەشەنەکردن و بەرفراوان بوونی جۆرەها نەخۆشی سەرەتان کە جۆرێك نیە خۆتان دەزانن جەنابی وەزیر، دەرمانی ئێکسپایەرو خواردنی خەراپ، بەشێکن لە تەشەنەکردن و بەرفراوان بوونی ئەوە، بۆیە من پێشنیار دەکەم لە ئامانجەکان یان ساڵێك ئیزافە بکرێ بۆ ئەوە، بۆ توێژینەوە، بۆ لێکۆڵینەوە، هەڵمەتی قەڵاچۆکردنی هۆکارەکانی بەرفراوان بوون و تەشەنەکردنی نەخۆشی شێر پەنجە، بکرێ بە ئامانج یان لە ماددەیەکی تر بۆی ئیزافە بکرێ، لەبەر ئەوەی بەڕاستی ئەو هۆکارانە تەنها و تەنها ئەوەن، کە سالانە خۆمان دەزانین لە چەند ساڵێکی ڕابوردوو ئەو نەخۆشیانە وردە وردە بەرەو زیادبوون دەڕۆن، هۆکارەکانیش وازحە وەکو باسم کرد دەبێ ئامانج لەوەبێ هۆکاری تەشەنەکردن و بڵاوبوونەوەی ئەو نەخۆشیانە نەمێنێ، وە هۆکارەکانیشی زۆرن، نەخۆشی سەرەتان چەندین جۆرن، هۆکارەکانی دوو بەرامبەر بە ئەوە لە هەرێمی کوردستان هەستی پێ دەکرێ، وە لە لایەن پسپۆڕان و شارەزایان وە لە لایەن پزیشکان ئیشارەی پێ دراوە، بۆیە دەبێ پەیوەستداری وەزارەتی تەندروستی بە تایبەتی ئەو یاسایە کە ئەو صندوقە وەدی دەهێنێ پەیوەستداری هەیە لەگەڵ وەزارەتەکانی تر، لەگەڵ وەزارەتی شارەوانی، لەگەڵ وەزارەتی بازرگانی، لەگەڵ کۆمەڵێك فەرمانگەی تر کە پێم وایە دەبێ لێرەدا

ئیشارەی پێ بدرێ، چونکە ئەو یاسایە تەنها ئەوە نیە بەس چارەسەر بۆ نەخۆشەکە بدۆزیتەوە، هەستیارە و' یاسایەکە دەبێ بە هەموو لایەك هەوڵی بۆ بدەین کە هۆکارەکانیشی ئەو فەرمانگەیە یان ئەو صندوقەیە هۆکارەکانیشی قەڵاچۆبکا، یان توێژینەوەی لەسەر بکا، وە بەشێکی بۆ بکرێتەوە بۆ لێکۆڵینەوەو بەدواداچوونی توێژینەوە لەسەر ئەو پرسە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هاژە خان فەرموو.

**بەڕێز هاژە سلیمان مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەکەم کە ئامانجەکان بەو شێوەیە دابڕێژرێتەوە، ئامانجی ئەو سندووقە هاوکاری کردنی نەخۆشیەکانی تووش بوو، ئەگەر تەنها شێرپەنجە بێت، شێرپەنجە ئەگەر ئەوانی تریش لەگەڵی بێت ئەویش زیاد بکرێت، لەڕێگای دابینکردنی چارەسەر بۆ هەموو هەنگاوەکانی، لە ڕۆژی دەست نیشانکردنی نەخۆشیەکە تا چاك بوونەوە، ئەویش بە دابینکردنی پێداویستیەکان لە دەرمان و ئامێری پزیشکی و بنکەی پسپۆری، لە ناوەوەو دەرەوەی هەرێمی کوردستان، بەڕێزان بەڕاستی مەسەلەی نەخۆشی شێرپەنجە چەند قۆناغێکی هەیە، لەو قۆناغانە یەکەم قۆناغی تەشخیس کردنی نەخۆشیەکەیە، دواتر قۆناغی عیلاجی بلّیی جەراحیەکەیە، دوای ئەوە عیلاجەکە دەست پێدەکات، عیلاجەکەش چەند قۆناغێکی هەیە لەوانە کیمیاوی هەیە، عیلاج هەیە بە کەوی کە لە ڕێگای ئەشیعەوە دەکرێت، ئەوانە هەمووی قۆناغە پێویست بەوە دەکات کە نەخۆش بە هەموو ئەو قۆناغانە تێ دەپەڕێت، بۆیە بەڕاستی پێویست دەکات کە ئامانجی ئەو سندووقە، ئەو هەنگاوانەی هەموو تێدابێت، چونکە لەڕاستیدا من وەکو کەسێك کە موتابەعەی ئەو جۆرە نەخۆشیەم کردووە، سەردانم کردووە بەبەردەوامی و، هەر بۆ زانیاری بەڕێزتان ئەمڕۆ ئێمە وەکو لیژنەی بەرگری لە مافی ئافرەت، سەردانی سەنتەری پشکنینی مەمکمان کرد لە نەخۆشخانەی لەدایك بوون، لەڕاستیدا حاڵەتەکە ئەوەی کە ئەوان باسیان کرد، ڕۆژانە کە ئەوان لە هەفتە وابزانم سێ تا چوار ڕۆژ دادەنیشن، سێ تا چوار نەخۆش تەشخیس کراوە، کە تووش بووە بەو نەخۆشیە، بۆیە بەڕاستی پێویست دەکات کە زۆر زۆر کار لەسەر ئەوە بکرێت، کە مەسەلەی تەشخیس کردنەکە زۆر گرینگە و، لە هەموو وڵاتانی پێشکەتوو لەدوای تەمەنی 40 ساڵی ئەو تەشخیسە، یەعنی ئەوەی نەخۆشیشی نەبێت، ئەوەی هیچ کێشەیەکی نەبێت، دەبێت ئەو پشکنینە بکات، وەکو سەرەتایەك بۆئەوەی کە زوو بە نەخۆشیەکە بزانرێت، چونکە تا زوو بە نەخۆشیەکە بزانرێت، یەعنی ئیحتیمالی چاك بوونەوەی زیاتر دەبێت و، زووتر دەتوانرێت کە چارەسەری بکرێت، بۆیە بەڕاستی زۆر پێویست دەکات کە باس لە قۆناغەکان بکرێت لەناو ئامانجەکاندا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك جمال فەرموو.

**بەڕێز جمال طاهر ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر بێت و سەیری ئەم ماددەیە بکەین، زیاتر تەفاصیلی ڕۆیشتووە ناڤ داو، بڵێین وەسفیە زیاتر، بۆیە هەدەفەکە چەند بتوانن کورتتر لێ بکەین، پێشنیار دەکەم بەم سیغە دابڕێژرێت (یهدف الصندوق الى اعانة مرضى السرطان و رعاية ذوى الامراض المستعصية من مواطني الاقليم و معالجتهم داخل العراق و خارجه) چەند بێت کورتتر بێتن، چونکە (الا تحقيق الاتي) مەعنای وێ چەند فەقەرات بەدوای دێن، بەلام دێین پێنج، شەش دێرێکن و، تەفاصیل ڕۆیشتووە، وەسفی کردیە، بۆیە پێی ناوێت، چونکە (الامراض المستعصية) پێش ئێستا تەعریف دەکرێتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاکا جلال فەرموو.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ڕای لیژنەی یاسایی دام، کە ببێتە دوو بڕگە باشترە هەدەفەکان زیاتر وازیح دەبێت، بەلام ڕوونبکرێتەوە ئەو جیهاتی مەعنی کێیە؟ کە ئەم سندووقە تەنسیقی لەگەڵ دا دەکات، یەعنی بەڕاستی ئەوە بەرفراوانە و دیاریش بکرێت شتێکی باشترە، دوو من پێم باشە بودجەی وەزارەتی تەندروستی، کە لە بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دا لە 12٪ی بودجەی هەموو عیراقە، پێم باشە ئەوە یارمەتی و هاوکاری بۆ هاوولاتیانی دەرەوەی هەرێمی کوردستانیش بێت، لەگەڵ ئەوەی کە بودجەی عیراق لە (88٪)ە ئێمە لە (12٪)ی و، بە قسەکانی بەڕێز وەزیری تەندروستی لە (45٪)ی نەخۆشەکانی خەستەخانەی هیوا لە دەرەوەی هەرێمن، کە وا تێبگەم عەرەبن، چونکە من چەند جارێك سەردانم کردووە، بەلام بۆ ئەو سندووقە پارەی خەڵکی کوردستانە و، هاوکاریە لەم سندووقە بەس تەنیا بۆ هاوولاتیانی ئیقلیم بێت، بۆئەوەی ئەگەر لە عیراق لەم سندووقە نیە، سندووقی هاوکاری نەخۆشی سەرەتان و نەخۆشیەکانی تر، هەوڵ بدرێت لە عیراق ئەم سندووقەش دروست بکرێت، هاوشێوەی ئەو سندووقەی کە لە کوردستان دروست کراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

شلێر خان فەرموو.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من کاك جمال کردی، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك فاضل فەرموو.

**بەڕێز فاضل محمد قادر (بەشارەتی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە ماددەی (2) باسی ئەوە هاتووە، كە دابین كردنی چارەسەر بۆ نەخۆشیانی شێرپەنجە لە هەرێمی كوردستان، بەڕاستی من زۆرم پێ باشە كە ئەمە زیاتر قسەی لەسەر بكرێت، چونكە لە صالح و بەرژەوەندی ئەو نەخۆشیە كوشندەیە، كە لە هەرێمی كوردستان بەشێوەیەكی فراوان تەشەنەی كردووە، كاریگەرییەكی خراپی لەسەر هەتا لایەنی دەروونی خەڵكی كوردستان كردووە و، من پێشنیار دەكەم هەرچەند لەوەش كە باسەكە هات، ئەم سندووقە نەك تەنها بۆ نەخۆشیانی شێرپەنجە، بەڵكو بۆ تێكڕای نەخۆشیە كوشندەكان بێت، چونكە هەندێك نەخۆشی هەیە شێرپەنجە نیە، بەلاّم لە شێرپەنجە زووتر خەڵك دەكوژێت، ئەگەر عیلاجی بۆ نەدۆزرێتەوە، مەسەلەن خەڵك هەیە كێشەی گورچیلەی بۆ دروست دەبێت، یان نەخۆشی دڵی بۆ دروست دەبێت، یان نەخۆشی تالاسیمای هەیە، ئەمانە شێرپەنجە نین، بەلاّم ئەگەر فریای نەكەوین لە شێرپەنجە زووتر خەڵك دەكوژێت، بۆیە سندووقەكە هەموو نەخۆشیە كوشندەكان بە نەخۆشی شێرپەنجەش بگرێتەوە، خاڵێكی تر كە من پێشنیار دەكەم برای بەڕێزم كاك كاروان صالح ئیشارەتی پێدا، بەڕاستی ئەگەر ئێمە بگەڕێین مەسەلەن سەیر بكەین، ئەوەی كە دەبێتە سەبەبی یان ئەسبابی دروست بوونی نەخۆشی شێرپەنجە لە هەرێمی كوردستان هۆكارەكان چین؟ یەعنی بە بڕوای من پێش ئەوەی هەوڵی هێنانی دەرزی و دەرمان و عیلاج بدەین، هەوڵی چارەسەركردن یان ڕێگرتن، لە هۆكارەكانی نەخۆشی شێرپەنجەو باقی نەخۆشیەكانی تر، لە هەرێمی كوردستان بدەین، كە یەكێك لەو هۆكارانەی كە تا ئێستا لە هەرێمی كوردستان خاڵێكی ترسناكە، بەڕاستی هاتنی خۆراكی ماوە بەسەرچووە، كە چەندین خەڵكی تووشی گرفتی گەورە كردووە، كە ئەمە تا ئێستاكە وەكو پێویست بەڕاستیەكەی ڕێگری لێ نەكراوە، هەرچەند هەندێك كات لە كەناڵەكانی ڕاگەیاندن باس لەوە دەكرێت ئەوەندە خۆراكی بەسەرچوو لە فلاّن جێگا و لە فیسار جێگا سووتێنرا، بەلاّم هاوردەكەی ئیجرائات نەكراوە، كە ئەمە دەیان خەڵكی تووشی حاڵەتی نەخۆشی كوشندە كردووە، بۆیە من پێشنیار دەكەم حكومەتی هەرێمی كوردستان و لایەنی پەیوەندیدار، ڕێگری لەم دەردە كوشندەیە بكات كە لە شێرپەنجەكە كوشندەترە، لایەنێكی تر كە من بە پێویستی دەزانم ئیشارەتی پێ بكەم، كە وەزارەتی سەحە بەڕاستی پێویستە بەرنامەی تایبەتی لەسەر شێوەی بەكارهێنانی خۆراك لە هەرێمی كوردستان هەبێت، چونكە بەڕاستی تا ئێستا وەكو پێویست تەوجیهات یان تەوسیە كردنی وەزارەتی سەحە نیە، لەوانەیە هەر ئینسانێك بۆخۆی ڕۆژانە چەندین خۆراكی دژ بەیەك بەكاردەهێنێت، لەبەرئەوەی ڕێنمایی نیە، یەعنی ڕێنمایی وەزارەتی سەحە بۆ هاووڵاتیان لە بەكارهێنانی خۆراك زۆر گرینگە، ئەمانە دەبێت، بەرگری كردن و كەم كردنەوەی نەخۆشیەكان و، لایەنێكی تر مەسەلەی پارێزگاری كردن لە ژینگە لە هەرێمی كوردستان، وەكو ئەوەی كاك كاروان ئیشارەتی پێدا ئێمە بەڕاستی ژینگەكەمان یەكێكە لە هۆكارە گرینگەكان، كە دەبێتە ئەسبابی نەخۆشی شێرپەنجە و چەندین نەخۆشی تر لە هەرێمی كوردستان، ئەمە پێویستە وەزارەتی سەحە

بەرنامەی هەبێت، بە بەردەوام لە كەناڵەكانی ڕاگەیاندن كەوا خەڵك وشیار بكاتەوە، لە خۆپارێزی كردن، لە ژینگەی پیس، لە بەكارهێنانی خۆراكی بەسەرچوو، لە بەكارهێنانی ئاوی خواردنەوە، چونكە زۆرجار لە تەقرير، لە بلاّوكراوەكان، گوێمان لێیە خەڵك لە خواردنی سەوزەوە تووشی گەورەترين، كوشندەترين نەخۆشی بووە، ئەمانە هەمووی هۆكارن بۆ دروست بوونی ئەو نەخۆشیە، پێشنيار دەكەم حكومەتی هەرێمی كوردستان و، وەزارەتی سەحە ڕێنمایی هەبێت بۆ خەڵك، تا هەريەكە وشیاريەكی هەبێت، بۆ بەكارهێنانی خۆراكی ڕۆژانە، نەك تەنها مەسەلەی پەنابردن بۆ بەكارهێنانی خۆراك و دەرمان، چونكە تەنها عيلاج هەر ئەوە نيە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سميرە خان فەرمووو.

**بەڕێز سميرە عبدالله اسماعيل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو ماددەيە پێويستە دابڕێژرێتەوە، زياتريش وردەكاری باسی لێ بكرێت، چونكە تەنها باسی عيلاج و ئەدويە و ئەجهيزەی دەكات، كە لەگەڵ لايەنی پەيوەنديدارەوە ئەوە هەر مەعلوم نيە لە چ لايەكە، وازيح نيە، پێويستە باسی ريعايە بكات، تەقديم ريعايە لە ناحيەی نەفسی، ئيجتماعی توبی، بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا باسی ئيرشادی ئەوەی نەكردووە، دەبێت ئيرشاد و تەوعيە و بەرامجی هەبێت لەو ناوەی دا و، ويقايە (كيفية الكشف المبكر) بەتايبەتی سەرەتانی مەمك لە كوردستان ئێستا باوە، ئەگەر تۆ سەردانی كوليەكان بكەی، يان ئەعداديەكان بكەی هەر تۆزێك سينگی ئافرەتێك بێشێت مەترسی ئەوەی هەيە لە سەرەتان، زۆر دەترسێت دێتەوە ماڵێ باس دەكات لەگەڵ دايكەكەی، ترسی هەيە، بەلاّم ئەگەر تەوعيە هەبێت، بەرنامەج هەبێت، وەسائيلی ئيعلامی هەبێت، ئەگەر تۆ بچيە ئەو بنكەی كە دەڵێن لە ويلادە جەناحەك داندرايە، كۆمەڵێكناميلكە داندراوە، بەلاّم تەوزيع ناكرێت، پێويستە بەسەر قوتابخانەكان تەوزيع بكرێت، ئيرشاد بكرێت، پاراستن هەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك سالار فەرمووو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەڕاستيدا من پرسيارێك ئاراستەی جەنابی وەزير دەكەم، هەر پەيوەستە بەم ماددەيە، چونكە رۆح و هێزی ئەو ياسايە بريتيە لە دابين كردنی دارايی بۆ بەديهێنانی ئامانجی ياساكە، ئێمە لە هەرێمی كوردستان جگە لە بودجەی گشتی هەرێمی كوردستان، پێموايە هەرێم بەشێكە لە عيراق و، عيراق ئێستا دەوڵەتێكی ئيتيحاديە، بودجەی حاكيمەمان هەيە و، لە بودجەی حاكيمە گوژمەيەك تەرخان دەكرێت بۆ سێكتەری تەندروستی، ئايا وەكو ئێستا جەنابيان هەڵگری ئەو بەرپرسياريەتيەن كە لە ڕابردووش دا هەبووە؟ ئايا

ئەو هەماهەنگیە لە دابین کردنی ئەو گوژمەیە و تەرخان کردن لەنێوان حکومەتی ئیتیحادی و هەرێم، یان وەزارەتی تەندروستی عیراق و هەرێم هەیە، چۆنە؟ بۆ ئەم سێکتەرە ئێمە چۆن دەتوانین ئیستفادە لە بەرزکردنەوەی ئاستی ئەو دابین کردنە داراییە بکەین؟، بۆ سێکتەری تەندروستی لە بودجەی حاکیمە، خاڵی دووەم ئەویش پەیوەندی بە دەستەواژەیەکەوە هەیە، کە یەکێك لە بەڕێزەکان ئاماژەی پێکرد، لایەنی پەیوەندیدار، لایەنی پەیوەندیدار لەم خاڵەدا دەبێت ڕوون بکرێتەوە، ئایا لایەنی پەیوەندیدار لەناو حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەناو دامودەزگا دەستوریەکانی هەرێمی کوردستان، یان رێکخراوە نێودەوڵەتیەکان ئەمانە دەگرێتەوە یان نا؟ بۆ نموونە ئەگەر قسە لەسەر دابین کردنی داراییە، خودی پەرلەمانتاران لە بودجەی پارسالاً بەشێك لە مووچەی خۆیان تەرخان کرد بۆ ئەو سێکتەرەی کە زۆر زۆر گرینگە و، بە جیاواز لە پار ساڵ ئێمە ئەوە بۆ وەزارەتی شەهیدان تەرخان کرابوو، ئەمساڵ بۆ وەزارەتی تەندروستی دابین کرا، بۆیە دەبێت لایەنی پەیوەندیدار ڕوون بکرێتەوە، ئایا کێ دەگرێتەوە؟ کێ ناگرێتەوە؟ بۆئەوەی ئامانجەکان دیار بێت، خاڵێکی تر کە من جارێکی تر دەست خۆشی لە داڕێژەرانی پرۆژەکەو ئەندامانی پەرلەمان دەکەم، کە بە نەصی سەریح ناوی کوردستانیان هێناوە، مەسەلەی هەرێم و کێشە قانونیەکەیان بۆ زیندوو نەکردوونەتەوە، ئومێدەوارم لەو بڕگەیەوە بۆ یاساکانی تر ببێتە مەبدەء کە ئێمە کاتێك باسی کوردستان دەکەین، هەوڵ بدرێت خەڵکی ناوچەی کێشە لەسەر سوودمەند بن لە ئیمتیازاتی ماددی و مەعنەوی هەرێمی کوردستان و، هەروەها ئەو کوردستانیانەشی لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان ڕوو دەکەنە ئەم ناوەو، زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بیریڤان خان فەرموو.

**بەڕێز بێریڤان اسماعیل سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ئامانجی سندووقی بەدیهێنانی، من پێشتر داوام کرد ئەو سندووقە تەنها تایبەت بێت بۆ شێرپەنجە (سرطان)، بۆیە لێرەش داوا دەکەم کە نەخۆشی قورس لەو ماددەیە دەربچێت ئەوە یەك، دووەم: بەنیسبەت چەندین ئامانجی تر هەیە بۆ ئەو سندووقە، داوا دەکەم بچێتە ناو ئامانجەکان، ئەویش ئەوەیە هەماهەنگی کردنە لەگەڵ وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی، چونکە تەندروستی زۆر پێویستی هەیە کە هەماهەنگی بکات لەباری کاروباری کۆمەڵایەتی ئەویش چۆن؟ زۆر نەخۆش هەیە لە ئیشە، لە وەزیفەیە، یان لە شوێنێك کرێکارە، لەکاتێکدا تووشی نەخۆشی شێرپەنجە دەبێت، لەکاتی چارەسەر بوون ئیشەکەی لە دەست دەچێ، دەبێت وەزارەتی کاروبار پێی هەڵستێت لەگەڵ هەماهەنگی وەزارەتی تەندروستی، لەو سندووقە بەردەوام بێت بۆ مووچەکەی، هەروەها لەباری کۆمەڵایەتیەوە ئەو کەسەی کە تووشی شێرپەنجە دەبێت، لەکاتی چارەسەرکردن کاردەکاتە سەر خۆی و خێزانەکەیی و زۆر وەزعی خراپە، خۆی ئەرکی وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی هەماهەنگی بکات، بەپێی ئەو سندووقە شوێنی بۆ دیاری بکات، ئەگەر هاتو

بێ شوێن بێت، یان هەمانە زۆر چالاکە لە وەرزش تووشی ئەو نەخۆشیە دەبێت یاریزانە، هیوایەتەکی هەیە، هەموو چالاکیەکانی ڕادەوەستی و ناتوانێ بەشدار بێ لەگەڵ یانەکەی، پێویستە بە پێی ئەو سندوقە هاوکاری بکرێت و بەردەوام بێ، ئامانجێکی تر هەیە ئەویش ڕاگەیاندنە بۆ ڕۆشنبیر کردنەوەی هاووڵاتی بۆ خۆپاراستن لە شێرپەنجە، ڕاگەیاندن دەبێ دەوری هەبێ کە چۆن خەڵك خۆیان بپارێزن لەو نەخۆشیە، چونکە نەخۆشی شێرپەنجە هۆی سەرەکی تائێستا نەبینراوەتەوە، بەڵام ئەو هۆکارانەی یاردەدەرن بۆ شێرپەنجە، بۆ نموونە جگەرە کێشان، کحول، ئەوانە تووش ئەبن، بە پێی ئەو سندوقە هاووڵاتیان هۆشیار بکەینەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو سیوەیل خان.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ئەو ماددەیە منیش هاوڕام لەگەڵ لیژنەی یاسایی کە دەڵێ ئەگەر ناوچە دابڕێنراوەکانیشی بۆ ئیزافە بکرێ باشە، خاڵی سێیەمی ئەو ڕستەی ئەخیری کە لە پرۆژە یاساکە هاتووە ئیزافە بکرێ، ئەویش (ثالثا: توفير المستلزمات الضرورية من الادوية و والاجهزة الطبية ومراكز متخصصة بالعلاج داخل الاقليم وخارجه).

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کوێستان خان.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانم کرا، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاردۆ فەرموو.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لیژنەی یاسایی ئەکەم، پێم باشە ئەو ئیزافەشی تێدا بکرێ، (ئامانج لە یاساکە دانانی سندوقێکە، کە لایەنە ئابووریەکەی ئەبێتە کۆمەکی هاووڵاتیان کە دووچاری ئەم نەخۆشیە بوون، هەرچەندە ئێمە زۆر موناقەشەشمان لەسەر ئامرازی موستەعسیە کرد، بەڵام حەق بوو تەعریفێکمان لابێ، بە قبوڵ کردن موشکیلە نیە، بەڵام تەعریفی ئامرازەکەمان هەبێ، لە ڕووی عیلمیەوە ئیجابی تر بوو، جگە لەوە ئەوەی کە برادەران باسیان کرد کە پەیوەندی هەم بە عیلاجەوە هەیە، هەم بە خۆپارێزیەوە هەیە، پێم وایە

یەکێ لەو خاڵانە پابەند بوون بە کوالێتی کۆنترۆڵ بێت، کە هەموو ئـەو هۆکارانـە ئەگرێتـەوە کـە بـەرێزان باسیان کرد سەبارەت بەوەی کە دەبێتە جۆرێك لە خۆپارێزی لەو نەخۆشیانەی کە هەنە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك ئاشتی.

**بەڕێز ئاشتی عزیز صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی لەم یاسایە جێگەی تێبینیە ئەوەیە ستراتیجیەتی تێدا نیە، ئایا ئەم یاسایە یەکسەر چۆتە سەر کۆکردنـەوەی داهات و تەقدیم کردن، خۆی ئەبێ پێش مەرحەلەی عیلاج، کە یەکێ لە حیکمەتەکانی ئەوەیە مەسەلەی ویقایەیە، بەتایبـەت بـۆ نەخۆشـیەکانی موستەعسـی و سـەڕەتان بریتیـە لـە کەشـف موبـەکیرە، چـونکە ئەبێتـە دەعـم بـۆ سـندوقەکە، سـاڵانە وەکـو بـەرێزت کـە موختەصـی لـە مەجالەکـەدا، سـاڵانە نیسـبەتێك لـە تووشـبوانت هـەبێ بـە نەخۆشی سەڕەتان، جۆرێك لە عیلاجەکە لە کەشفی موبەکیرا لە مەرحەلە یەکدا، نیسـبەتی پـارە تێچـوونی کـەمترە لە مەرحەلەی ئیشعائی، کەواتە چۆن ئەم سـندوقە بـیر لـەوە ناکاتـەوە کـە جۆرێـك لـە بـەردەوامی بـدات بـە خـۆی؟ تەمەنی سندوقەکە درێژبێ، هەر ئەوە نیە ئێمە ساڵانە بـڕی چـەند پـارە بـۆ سـندوقەکە دابنـێین، بـەڵکو بـیر لـەوە بکەینەوە سندوقەکە بەردەوام بێت، شکست نەهێنێ، تەنها دروست کردنی بە بڕوای من غائیبە، پـێش ئـەوەی ئێمـە بچینە سەر عیلاج، ئەبێ ئەم سندوقە ستراتیجیەتێکی هەبێت، چونکە ساڵانە ئێمە نیسبەتێك لە پـارە لـە بودجـەی هەرێمی کوردستان داکۆکی لەسەر ئەکرێ و لە ساڵەکانی ئایندەشدا نیسبـەتێك تەخصـیص بکـرێ بـۆ ئـەم سـندوقە، کەواتە ئەبێ ئەم سندوقە ستراتیجیەتێکی هەبێ بۆ 10 ساڵ، بۆ 20 ساڵ، ئەیەوێ چی بکات؟ لە یاساکەدا نووسراوە ئۆبجێکتیڤـە، واتـە ئامـانجی نزیکـە، ئـەی ئامـانجی درێـژ خایانمـان چـیە؟ لـە میکانیزمـەکانی جـێ بـەجێ کردنـی ئامانجەکەدا کۆمەڵێك میکانیزمی تێدایە کە بـۆ ئامـانجی دوور و درێـژە، ئـەی بـۆ ئامانجـە درێـژەکان چـی ئەکـەین؟ بۆیە ئەبێ لەناو هەدەفەکەدا ڕوون بکرێتەوە، بۆیە من پێشنیاز ئەکەم لـەناو ئامانجەکانـدا بڕگەیـەك ئیزافـە بکـرێ بەناوی (اطلاق ستراتجية وطنية لمكافحة مرض السرطان وذوي الامراض المستعصية)، واتە ئەبێ هـەرێمی کوردسـتان ئیعلانی ستراتیجیەتێك بکات بـۆ قەڵاچـۆکردنی نەخۆشـی سـەرەتان و نەخۆشـیە قورسـەکان، و پێشـنیاز ئەکـەم لـە زمـنی ئەهدافـەکان ئەهمیـەتێکی تـری هـەبێت کـە تـەرکیز بکـات لەسـەر مەسـەلەی تـەئهیل کـردن، باسـی کەشـفی موبەکیر و ویقایەمان کرد، تەئهیل کردنیش ئەوەیە ئایا ئەو نەخۆشانە لەو مەرحەلەدا چۆن ئەچـنە نـاو کۆمـەڵگاو خێزان؟ ئەوەش ئەبێ بەشێك بێت لە ئەهداف ،بۆیە پێشنیاز ئەکەم یەکێ لە ئەهدافـەکانی سـندوقەکە بـریتی بێـت لە (من اهداف صندوق تقديم المساعدة في تطوير وسائل التأهيل للمصابين، ونشر التوعية اللازمة في ذلـك، و التركيـز بصفة خاصة على وسائل الوقاية و اهمية التشخيص المبكر) یەعنی ئەمە ببێ بە جوزئێکی ڕەئیسی بۆ ستراتیجیەکە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو زکیە خان.

**بەڕێز زکیە سید صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

براستی هەڤالیت مـن بـەرێ هەنوکـە بـەحس کـر ئـەڤ ئارمانجـە ڤـێ سـندوقێ هاتیـە کرن،هەرچـەند ئـەڤ ئارمانجە ببیتە یاسایە نەك ڤێ سندوقێ، زۆریا کورت کریتن بابەتەکی ماددی بتنێدا، بابـەتێ مەعنـەوی و بابەتێ تەوعیێ، پێت بیر کری ڤێرێدا، ژبەر هەندێ ئەز هەڤرامە دگەل (ئاشتی) خان کو بەحس کرد پێت ڤیا ستراتیجیەکا دوور و درێژ بهێتە دانان بۆ ڤێ سندوقێ، ژبـەر هەنـدێ ئـەز دگـەل هەنـدێ دامـە کـو ئـەڤ خالە تیا بەحس کرن ببیتە خالا ئێکێ، ژبەر هەندێ ئەگەر ئەم بێین سەح کـەینێ مـاددێ سـێیێ ژ یەکـەما وێ دایێ (دروسـت کـردن و دامەزرانـدنی بنکـەی تەندروسـتی بـۆ چارەسـەر کردنـی نەخۆشـی شـێرپەنجە و نەخۆشی ڤورس)، ئەڤە ببیتە خالا دووێ بەس ب ئەڤ ڕێگاهێ بهێتە دارشتن (دابـین کردنـی نەخۆشـخانەی تایبـەت بـۆ چـاودێری کردنـی نەخۆشـە گرانـەکان و پێشـکەش کردنـی چـاودێری دەروونـی و پزیشـکی و کۆمەلآیەتی بۆ کەم کردنەوەی ئازارەکانی نەخۆش و خێزانەکانیان)، دەگەل هەندێ ژیدا د خـالا سـێیێ ڤـێ ڕەنگی بهێتە دارشتن، یەعنی خالاکا دیش بهێتـە زێـدە کـرن، ئـەڤ خـالا ڤـێ ڕەنگـی بـیتن (بـلاّو کردنـەوەی هۆشیاری پێویست لەسەر نەخۆشی شێرپەنجە و ڕاگەیاندنی هەلّمەتی نیشتیمانی و چۆنیەتی خۆپاراستن و توێژینەوە و دۆزینەوەی هۆکارەکانی نەخۆشی شێرپەنجە و تەشخیصی نەخۆش) لـەکاتی خۆیـدا ئـەوە زۆر پێویسـتە چـونکە ل دیـف وان ئەگـەر نەخۆشـیەت شـێرپەنجەی وەختێـت نزیـك دا بهێتـە تەشـخیص کـرن چارەسەریا وێ ژی دێ زۆریا ب سانایتر دێتن، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو.

**بەڕێز عمر صدیق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەلّ ئەو ڕایەم کە ئامانجەکانی ئەم سندوقە وەکو ئەوەی کە هاتووە لە ناو ڕاپـۆرتی لیژنـەی یاسـایش زۆر بە کورتی بێت، و تەنها بۆ هاوکاری کردنی ئەو نەخۆشانە، و ئەگەر پێویستی کرد بۆ کڕینی ئـامێر بـۆ ئـەو نەخۆشـانە بـێ، بـۆ؟ لەبـەر ئـەوەی ئەصـلەن ئـەوەی کـە پەیوەندیـدارە بـە هۆشـیاری و ویقایـە ئـەوە هەمووی لە ئەهدافی وەزارەت هەیە، و لە ئەهدافی چەند موئەسەسـەیەکی تـر، و چـەند یاسـایەکی تریشـمان هەیە، یاسای پاراستنی بەکاربـەرمان هەیـە، کـە ئـەرکی حکومـەت و موئەسەسـەیە کـە هەلّبسـتن بـەو کـارە، بەلاّم کە لەم یاسایە کە ئەلّێین ئـەبێ سـندوق ئامانجـەکانی چـی بێـت؟ مەبەسـتمان ئەوەیـە پـارەی سـندوق بۆچی خەرج بکرێ؟ من لەگەلّ ئەوە نیم پارەی سندوق بۆ ئەو خرج بکرێ بۆ تەوعیـە و ئەوانـە، چـونکە لە ئەبوابی تر، لە شوێنی تر پارەی بۆ تـەرخان ئـەکرێت، ئـەم پـارەی کـە ئەڕواتـە نـاو سـندوقەوە پێویسـت ئـەکات تـەرخان بکـرێ تـەنها بـۆ ئـەو کەسـانەی کـە تووشـی نەخۆشـی شـێرپەنجە بـوون، و ئـەو ئـامێر و دەرمانانەی کە پێوستن لە هەرێم بێ یان لە دەرەوەی هەرێم، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو.

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بێگومان من لەگەڵ داڕشتنەوەی یاساكەم بەو شێوەیەی كە لیژنەی یاسایی پێشنیاری كردووە، چونكە ئامانجەكانی بە خاڵ نووسیەوە، و ئامانجێكی تر باسی ئامێری پزیشكی و چارەسەر كردن و بنكەی پسپۆری ئەكات، من پێم وایە حەقە باسی ئەوەش بكات بڕی تێچوونی ناردنە دەرەوەی نەخۆش بۆ دەرەوە، دوای هەڵسەنگاندنی ڕاستی بە پێیی ڕاپۆرتی پزیشكی، بۆیە پێویستە یەكێ لە ئامانجەكان ئەوەبێ كە نەخۆش بنێرێتە دەرەوە، خاڵێكی تریش من پێم وایە ئەوەی ماددەی دوو لە لیژنەی یاسایی ( الاسهام في حماية الصحة العامة وخلق مجتمع صحي خالي من الامراض)، سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز جێگری سەرۆكی پەرلەمان تێبینی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**تێبینیم هەیە لەسەر داڕشتنەوەكەی لیژنەی یاسایی، چونكە لیژنەی یاسایی كردوویانە بە ئەهدافی قانون، ئەهدافی قانون تەنها دروست كردنی سندوقەكەیە، ئەوەی ئێمە لێرە مەبەستمانە ئەهدافی تەئسیسی صندوقەكەیە، لەبەر ئەوە گەلەییمان لەوە نیە كە بە خاڵ بێ، ئێمە دوو جانیبمان هەیە، جانیبێكیان بریتیە لە وەزارەتی صەحە و موئەسەساتی صەحی بە كەرتی عمومی و تایبەت، ئەمە ئیش و كاری عیلمی و فەنی ئەكەن، كەس تەداخول لە ئیشی ئەوان ناكات، و تەتەڕوق لەو یاسایە ناكەین بۆ هیچ گۆڕانكاریەك لەو یاسایەی كە لە وەزارەتی تەندروستی هەیە، چ لە ڕووی تەشخیصی، چ لە ڕووی عیلاجی، چ لە ڕووی عیلاجی نەفسی، لەوێ هاتووە وەكو خۆی دەروا، ئەوەی لێرە مەبەستە زیاتر پارەدار كردنی ئەو كەرتەیە، بە هۆی ئەم سندوقەوە، بۆ ئەوەی هاوكاری نەخۆش و وەزارەتی صەحە بكەین، بۆیە هەدەفەكە تەئسیسی سندووقە نەك ئەهدافی قانون دروست كردنی سندووقەكەیە، سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**لیژنەی تەندورستی ئەگەر تێبینیەكتان هەیە، فەرموو.**

**بەڕێز هاوڕاز شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**لە قسەی كاك (عمر هەورامی) فیعلەن ئەو لایەنانەی كە پەیوەندیدارن بە لایەنی وەیقایەوە بەڕاستی بەرنامەی وەزارەتی تەندروستیە، ناكرێ بكرێتە ناو ئەو بابەتە و لە سندوقەكە باسی لێوە بكرێ، پاشان قسەی پەرلەمانتاران ستراتیجیەت دیارە لە ماددەی سێیەم دا ستراتیجیەكان باس كراوە دوور و نزیك، چونكە تۆ ئەبێ بەرنامەت هەبێ بۆ دوور، لە خاڵی سێیەم، چوارەم، پێنجەمیش وازحە، ئەو شتانە باس كراوە پێم وایە، لەسەر جیهاتی مەعنی، من نازانم خاڵ بەندییكی تەواو كراوە لە ماددەی چوارەم، ماددەی یەكەم باس لەوە ئەكات كە ئەم سندوقە پەیوەندی لەگەڵ كێ هەیە؟ پەیوەندی لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی هەیە، ماددەی چوارەمیش باس لەوە ئەكات كە ئەو پارەی**

دێته ناو سندوقەکە لە لایەن کێیەوەیە؟ و کێ دیاری ئەکات؟ جیهاتی مەعنی دیارە کە کۆمەك بۆ سندوقەکە دیاری ئەکەن، یەعنی وەزاحە، هەماهەنگی لە نێوان وەزارەتەکان پێم وایە ئەبێ، یەعنی ئەو وەزارەتانەی کە پەیوەندیدارن بە ڕووە ئینسانیەکە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جەناب وەزیر فەرموو.

**بەڕێز د.ڕێکەوت حەمە رشید/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر هەندێك وەڵام بدەمەوە، سەبارەت بەوەی ئاوی خواردنەوە، هەرێم هەمووی ئاوی پاکی هەیە بۆ خواردنەوە، و ئاوی خواردنەوە ئەگەر ببێتە هۆی کێشە ئەوانەی دکتۆرن لێرە ئەزانن ئەبێتە هۆی سکچوون، ئەبێتە هۆی هەندێك نەخۆشی، نابێتە هۆی بڵاوبوونەوەی سەڕەتان، سەبارەت بەوەی کە نەخۆشخانەکان پیسن، پیس نین، بەڵام هەندێك نەخۆشخانەمان هەیە گونجاو نین، ئەوە خەریکین لە دهۆك نەخۆشخانەیەکی تایبەت بە سەڕەتان دروست ئەکەین، لە سلێمانی دیزاینەکەی خریکە دروست ئەکەین، یەعنی خەریکین، سەبارەت بە دەرمان، مانگی پێشوو گرێبەستمان ئیمزا کردووە لەگەڵ کۆمپانیایەکی بەریتانی بۆ فەحس کردنی دەرمان، سەبارەت بە خواردنی ماوە بەسەر چوو ئەوە لە شوێنەکان بنکەی ئێمەی لێیە، و چاودێری تەندروستی دەستی بەسەردا دەگرین، ئێوەش شاهیدی ئەوەن کە لەم شەش مانگەدا زۆرترین دەرمان و ڕێستورانت و خواردن دەستی بەسەردا گیراوە، بەڵام فیعلەن وایە مەسەلەی کوالێتی موختەبەرەکانمان لەسەر سنوور ئەبێ پێداچوونەوەی پێ بکرێ، خەریکین چەند جیهازێکی پێشکەوتوو بکڕین بۆ سەر سنوورەکان، سەبارەت بە سوئالێکی کاك (سالار) کە ئەڵێ پارەی ئیتیحادی چەندە؟ ئێمە پارەی ئیتیحادی بۆ دەرمان ترلیۆنێك و دوو سەد و شەست ملیار ساڵانە تەرخان دەکرێ، ساڵی 2011 و 2012 ش تەرخان کراوە، لەو ترلیۆن و دوو سەد و شەست ملیارە، دوو سەد و شەست ملیاری هی کوردستانە، بەڵام حکومەتی عێراقی بۆمان دەکڕێ، ئەوەش لەبەر ئەوەیە هێشتان ئێمە ئیمکانیەتی ئەوەمان نیە بتوانین خۆمان ئەو گرێبەستانە بکەین، یەکێ لە کێشەکانیشمان نەبوونی کوالێتی کۆنترۆڵە، کە ئێمە لەو گرێبەستە سەرکەوتوو بین ئەتوانین خۆمان ئەم پارە خەرج بکەین، ئێستا حکومەتی بەغدا لە 50٪ یان لە 60٪ پێداویستیمان بۆ دابین ئەکەن کە مەفروزە لە 100٪ ی پێداویستیمان بۆ دابین بکەن، بۆیە ئەگەر بتوانین ئەو پارەیە بێنینەوە ئەوە دەعمێکی باشە بۆ وەزارەتی تەندروستی، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەندێ پێشنیار کرا پەیوەندی بە دارشتنەوەی ماددەکەیە ڕەچاوی ئەوانەمان کردووە، ڕەچاوی مەهامی وەزارەتی تەندروستیمان کردووە، کە لەماددەی (2) ی وەزارەتی تەندروستی ئاماژەی پێکرایە، سەبارەت بەوەی کە ئەهدافەکە چیە؟ خۆی یاساکە ئەهدافی دامەزراندنی سندوقە، بۆیە ئێمەش پشتگیری لەوە دەکەین کە ببێتە ئامانجەکانی دامەزراندنی سندوق، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو.

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا نصوصی قانونی کە دائەڕێژرێ بە شێوەیەکی موختەصەر دائەڕێژرێ و دوایی ڕێنمایی لەسەر دەرئەکرێ، بە ڕای لیژنەکەمان هەدەفی سندوقەکە هەدەفێکی ویقایی دعمە، لەو حاڵەتە خۆی ئەبێنێتەوە، بە ڕای من ڕێنمایی تر بە جێ بێڵێن بۆ کاری سندووقەکە، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دانیشتنی بەیانی سەعات 10 ی پێش نیوەڕۆیە، بە خواتان دەست پێرین تا بەیانی.

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **د.حسن محمد سوره** | **د. ارسلان بایز اسماعیل** |
| **سكرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆكی پەرلەمانی** | **سەرۆكی پەرلەمانی** |
| **كوردستان – عێراق** | **كوردستان – عێراق** | **كوردستان - عێراق** |

## راست كردنەوە

**لە پێرستی ژمارە (81)ی پرۆتۆكۆلەكان و لە لاپەرە (3)دا بە هەڵە رۆژ و مێژوو و لاپەڕەی پرۆتۆكۆڵەكان تۆمار كراوە و راستەكەی وەك ئەمەی خوارەوەیە:**

1- **پرۆتۆكۆلی دانیشتنی (36) خولی سێیەمی هەڵبژاردن –شەممە** 2012/6/23 **ل** 5

2- **پرۆتۆكۆلی دانیشتنی (37) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – یەك شەممە** 2012/6/24 **ل** 139

3- **پرۆتۆكۆلی دانیشتنی (38) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە** 2012/6/27 **ل** 211